


ئەحمەد کاتب

# گەشەسەندنی بیری سیاسیی شیعە
# لە شوراوە بۆ ویلایەتی فەقیه

بەکوردی کردنی: زێبار عزیزخان مهاجر

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

**گەشەسەندنی**

**بیری سیاسیی شیعە**

**لە شوراوە بۆ ویلایەتی فەقیه**

# گەشەسەندنی بیری سیاسیی شیعە

# لە شوراوە بۆ ویلایەتی فەقیه

نووسینی: ئەحمەد کاتب

بەکوردی کردنی: زێیار عەزیزخان مهاجیر

٢٠٢٢ زاینی

## پێنـــاســـــی کـتێب:

| | |
|---|---|
| نـــــاوی کتێـــــــب : | گەشەسەندنی بیری سیاسیی شیعه لە شوراوە بۆ ویلایەتی فەقیه |
| نووســــــــــینی : | ئەحمەد کاتب |
| وەرگێڕانـــــــــــی : | زێبار عەزیزخان مهاجیر |
| نەخشەســــــازیی : | زێبار عەزیزخان مهاجیر |
| بـــــــــــەرگ : | بەرەکات قورتاس |
| نـۆرە و سـاڵی چـاپ: | یەکەم، ٢٠٢٢ز |
| تـــــــــــــیراژ : | ١٠٠٠ دانه |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپیاردنی ( ٩٠١ ) بۆ ساڵی (٢٠١٣) پێدراوە.

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ناونیشان: دیانا، سۆران، کوردستان. بۆ پەیوەندی کردن:

Karwancenter18@gmail.com ٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ ۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ
أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴾ الأنعام: ١٤٨.

﴿ إِنْ هِىَ إِلَّآ أَسْمَآءٌ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ ۚ
إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهْوَى ٱلْأَنفُسُ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلْهُدَىٰٓ ﴾
النجم: ٢٣.

﴿ وَمَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ ۖ وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغْنِى مِنَ ٱلْحَقِّ
شَيْـًٔا ﴾ النجم: ٢٨.

بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان

## پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ خوای زانا و خاوەن توانا، درووود و سڵاو بڕژێ بەسەر پێغەمبەری خاوەن پەیامی ڕەوا و، بەسەر خانەوادە و یاران و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی جیاکردنەوەی ڕەوا و ناڕەوا.

بیری سیاسی یەکێکە لەو بوارانەی، کە زۆرترین کاریگەری هەیە لە نێو کایەکانی ژیان، ئەو بوارەیە کە هەوێنی تێکڕای بوارەکانی دیکەیە، چونکە ئەوە بیری سیاسییە، کە جۆری سیستەمی حوکمڕانی و ڕژێم و ئەرك و مافەکانی دەسەڵات و هاوڵاتیان دادەڕێژێت، بیری سیاسی باغەی پەروەردە و ئابووری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، هەروەك چۆن هەموو بوارەکانی دیکەش کەم تا زۆر، ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر بیری سیاسی و ڕۆڵیان هەیە لە دروست بوون و گەڵاڵەکردنی بیری نوێی سیاسی.

بیری سیاسی شیعە، وەك بیرێکی زیندوو و چالاك و نوێبووەوە لە نێو موسڵمانادا سەریهەڵدا، ڕاجیاییەکی زۆر هەیە، سەبارەت بە کات و شوێنی سەرهەڵدانی، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم بیرە تەواو جیاوازە لەگەڵ بیری سیاسیی سوننە و تێکڕای ڕەوتەکانی دیکەی موسڵمان، کاریگەریشی هەیە و لە زەمینەی واقیعدا کار دەکات، لە دوایین بەرهەمی خۆیدا ویلایەتی فەقیهی بەرهەم هێناوە و لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا پەیڕەوی دەکات، دەشیەوێت ئەم بیرە وەك فریادەرس پیشانی جیهانی ئیسلامی بدات و لە ڕێی هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامیەوە دەیەوێت بیری سیاسی شیعە و بەتایبەت نموونەی

**ویلایەتی فەقیه بگوازێتەوە بۆ وڵاتانی دراوسێ و جیهانی ئیسلامی.**

**بیری سیاسی شیعە جیاواز لە بیری سیاسی سوننە، هیچ هێڵێکی سووری نییە، بەڵکو داهێنان تیایدا کراوەیە و بە چەندین قۆناغ گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم کتێبەی بەردەستمان زۆر بەشێوەیەکی ورد و بابەتیانە ڕۆشنایی دەخاتە سەر بیری سیاسی شیعە و چۆنیەتی گۆڕان و گەشەکردنی لە شوراوە بۆ ویلایەتی فەقیه [١].**

**جێگای خۆیەتی سوپاسی هەر یەك لە مامۆستا (ڕەقیب ڕەسول ڕۆستایی، ئینعام موحەممەد طاهر، مهاجر موحەممەد طاهر) بکەم، کە ئەرکیان کێشا بە پێداچوونەوە و هەڵەچنینی ئەم کتێبە، داواکارم لە خوای گەورە سەرفرازی هەر دوو دونیایان بکات.**

زێبار عەزیزخان مهاجیر

سۆران

---

**(١) بۆ تەفسیری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم بینیوە لە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین. (وەرگێڕ).**

## بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان

## پێشەکی چاپی شەشەم

بـیری سیاسـیی شـیعە فـرە ڕەنگـی و بۆچـوونی جیـاوازی زۆر مــەزنی بەخۆیـەوە بینی لـە مـاوەی هـەر دوو سـەدەی دووەم و سـێیەمی کۆچـی، لـەلای مێژووناسانی شیعە وەك: نوبختی، سعدی کوڕی عبدالله الأشعری القمی، ئەم فرە بۆچوونییە بـە ڕێژەیـەك زۆر بـوو تـا گەیشـتە حـەفتا دەسـتەو تـاقمی جیـاواز، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کـات گشـت ئـەم دەسـتە و تاقمانـە لەسـەر سـێ تـاقمی سەرەکی وەستان و جێگیر بـوون کـە ئەمانـەن: (زەیدییـەکان، ئیسماعیلییەکان، شـیعەی دوازدە ئیمـامی). ئیمامـەکانی شـیعەی زەیـدی بـۆ مـاوەی سـەدان سـاڵ حوکمڕانی وڵـاتی یەمـەن بـوون تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم کاتێـك شۆڕشـی کۆمـاری بـەرپابوو و بەسـەر حـوکمی ئیمامـەت زاڵ بـوو و لـەناوی بـرد. ئیسماعیلییەکانیش دەوڵەتی فاتیمییـەیان دامەزرانـد کـە بـۆ مـاوەی سـێ سـەدە بـەردەوام بـوو و دواتـر لـە ناوچـوو. سـەبارەت بـە شـیعەی دوازدە ئیمـامی، سەرباری ئەوەی لە مێژوودا کۆمەڵێك دەوڵەت بە ناوی شیعەی دوازدە ئیمامی دامـەزران، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەدەسـت کێشـەیەکی خـود و ناوەخۆییـەوە دەیاننالاّنـد کـە ڕێـی پـێ نـەدەدان بـەوەی دەوڵـەت دابمـەزرێنن تـەنها بـە پێداچوونەوە نەبێت بۆ بیری سیاسییان یاخود بە فرێـدان و فـەرامۆش کردنـی ئەم بیرە سیاسییە نـەبێت بـە تـەواوی. کێشـە و قەیرانەکـە پێشـان و ئێسـتاش خۆی دەبینێتـەوە لـەو مەرجانـەی کـە بـیری ئیمـامی دایناوە بـۆ ئیمـام (واتـە: سـەرۆك) کـە ئەمانـەن: (پـارێزراوی: العصـمة) و (دەق: الـنص) و (ڕەچـەڵەکی عەلەوی حسینی). ئەگەر ئەم بیرەیە نەبووبا ئەوا باوەڕیان نەدەبوو بـە بـوونی

ئەو ئیمامە پارێزراوەی کە لە لایەن خوداوە دەستنیشان کراوەو لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی کۆچی لە دایك بووە، کە بریتییە لە ئیمامی دوازدەم موحەممەدی کوڕی حسنی عسکری، کە لەبارەی ناوبراوەوە وتویانە بە شێوەیەکی نهێنی لە دایك بووەو پاشان بزرو پەنهان بووە دوای ماڵئاوایی عەسکەری باوکی، ئەم پەنهان بوونەشی دوو پەنهان بوونن: پەنهان بوونی بچوك کە حەفتا ساڵی خایاند (٢٦٠ك تا ٣٢٩ك) کە لەم ماوەیەدا پەیوەندی بە چەند نوێنەرێکی تایبەتی دەکرد. پەنهان بوونی گەورە کە لەو کاتەوە دەست پێدەکات تا ئەمڕۆ و دەرکەوتنی لە ئایندەدا، بە پشت بەستن بە بۆچوونی پەنهان بوونی ئیمام، شیعەی ئیمامی وتویانە دروست نییە شیعە شۆڕش بکات و کاری سیاسی ئەنجام بدات و لە پێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی تێبکۆشێت لە (سەردەمی پەنهان بوونی ئیمام)، هەروەها وتویانە پێویستە چاوەڕوانی ئیمامی مەهدی پەنهان بکرێت.

ئەم بیرە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ دواکەوتنی شیعەی دوازدە ئیمامی لە ڕووی سیاسیەوەو پاشەکشە کردنیان لە شانۆی مێژوو. بەڵام مێژووی واقیعی شیعە پابەند نەبووە بەم بیرە بەشێوەیەکی ورد، بەڵکو کۆمەڵێك هەوڵ و تەقلای بەخۆوە بینی بۆ شۆرش کردن و یاخی بوون، هەندێکیان لەم شۆڕشانە سروشت و نەریتی دەرباز بوون و پێداچوونەوەی بیری سیاسی شیعەیان گرتەبەر کە وەك (بیروباوەڕێك) خۆی سەپاند و ڕزگار بوون لێی ئاسان نییە، هەروەك (صەفەوییەکان) لە سەدەی دەیەمی کۆچی ئەم ڕێگەیەیان گرتەبەر، کاتێك بانگەشەی (نوێنەرایەتی تایبەتی) ئیمامی پەنهانیان کرد و بەناوی ئەو حوکمیان کرد. یان هەروەك (شەرعناسە سەرچاوەکان: مەرجەعەکان) بانگەشەی (نوێنەرایەتی گشتی) ئیمامی پەنهانیان کرد، بەڕێوەبردنی کاروباری

شیعەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان، تا تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە)ی گشتی و ڕەها دەکەوت، کە هەڵگرانی تیۆری ناوبراوە پێیان وابوو دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی پێویستە، بەشێوەیەکی نەرێنی چاوەڕوانی ئیمامی مەهدی پەنهان نەکرێت، وەك چۆن شیعە پێشتر کردوویەتی، جا چاوەڕوانیان بە مانایەکی ئەرێنی پێچەوانە ڕاڤە کرد، دەڵێن: چاوەڕوانی بریتییە لە کارکردن و تێکۆشان و ڕێخۆش کردن و ئامادەکاری کردن بۆ دەرکەوتنی ئیمامی پەنهان، ئەمەش بە دامەزراندنی دەوڵەت دەبێت لە سەردەمی (پەنهان بوونی ئیمام)دا.

ئەزموونی ئێرانی (شۆڕش و کۆماری ئیسلامی) بە دیارترین نمونەی تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە)دادەنرێت. سەرباری ئەوەی بیری شیعی کۆنی دوازدە ئیمامی لە ڕووکەشدا پاراستووە، بەڵام لە ڕاستیدا شۆڕشێکی بنەڕەتی لەسەر ئەم بیرە بەرپاکرد، ئەمەش بە فەرامۆش کردنی گرنگترین و پڕ بایەخترین کۆڵەگە و ستوونەکانی بیری ئیمامی کە بریتییە لە: (پارێزراوی: العصمة) و (دەق: النص) و (ڕەچەڵەکی عەلەوی حسینی)، هەروەها ڕێپێدانی بەوەی شەرعناسی دادگەر بە یارمەتی شوراو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە حوکم بکات، کەچی پێشتر هەندێك لە زەیدییەکان و ئەهلی سوننە ئەم بۆچوونەیان هەبوو و لە سەدەی چوارەمی کۆچی، داوایان لە شیعەی دوازدە ئیمامی کرد تا ئەم بۆچوونە پەسەند بکەن، بەڵام شیعەی ناوبراو ڕەتی کردەوەو بەرپەرچیان دانەوە بەوەی پەسەند کردنی ئەمە واتە فەرامۆش کردنی تەواوی مەزهەبی ئیمامی. شیعەی دوازدە ئیمامی لەمەدا ڕاستگۆ بوون، چونکە دەستنیشان کردنی ئیمام لە ڕێگەی شوراەوە سەد لە سەد تەواو پێچەوانەی بیری ئیمامییە کە (پارێزراوی: العصمە) و بوونی (دەق:

النص) بە پێویست دەزانن بۆ ئیمام، چ جای ئەوەی ئیمام لە ڕەچەڵەکی عەلەوی حسینی نەبێت؟.

شیعە هاوچەرخەکان توانیان هەڵسن بەو شۆرشە بیرییە و خۆیان ڕزگار بکەن لە مەرجە سەخت و گرانەکان یاخود ئەستەمەکان، هەروەها ئاوڕدانەوە لە تیۆری ئیمامەتی خوایی بۆ ئەهل و بەیت، بە گواستنەوەی تیۆرەکە بۆ بیروباوەڕێکی مێژوویی ئایینی نا سیاسی، تەنانەت جیاکردنەوەی لە بابەتی حوکم و سیاسەت لەم سەردەمەدا یاخود وتنی ئەوەی حوکمی (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) درێژکراوەی هێڵی ئیمامەتی خواییە و نوێنەرایەتی گشتی ئیمامی مەهەدی پەنهانە.

نەوەیەکی تری شیعە زۆر دوورچووە لە فەرامۆش کردن و وازهێنانی لە بیری ئیمامی، ئەمەش بە پشت بەستن و وەرگرتنی بیری دیموکراسی و بە مەرج دانەنانی شەرعناسین و دادگەری بەپێی زاراوەو تێگەیشتنی تیۆری دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەتی فەقیە، تا یەك بگرن لەگەڵ گشت موسڵمانان یاخود ببنە هاوڵاتییەك لە بەرپاکردنی حوکمی دیموکراسی دادگەر کە ئازادی و یەکسانی بۆ سەرجەم خەڵك فەراهەم بکات.

لەم بارودۆخ و حاڵەدا هیچ شتێك لە زاراوەی شیعەگەری دوازدە ئیمامی نەماوە تەنها چەند ڕێ و ڕەسم و داب و نەریت و نزاو زیارەت و هەندێك بابەتی فیقهی سادە نەبێت کە هیچ جیاوازییەکی گەورەی لە نێوان ئەوان و موسڵمانانی تر دروست نەکردووە. جا ئەگەر لە ئەستۆ گرتنی پاشماوەکانی مێژوویی گرێ و کێشەیەك بێت کە ژیانی شیعەی لێڵ و تاریك کردبێت و پەیوەندیان بەسەرجەم موسڵمانانی تر ناسەقامگیر و ناجێگیر کردبێت، ئەوا لێکۆڵینەوە لە بیری سیاسی شیعی لەسەرەتای پێکهاتنیەوەو سەرنجدانی

چۆنیەتی گەشەسەندنی، ئەو قەیرانانەی وەك گەردەلول تیایدا هەڵبوون، چارەسەرە شۆڕشگێڕییە نوێیەکان کە بەسەریدا زاڵ بوون، ئەمە ئەوە دەستەبەر دەکات کە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنرێن و ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئایا بیری ئیمامی (بیروباوەڕێکی ئاینی نەمرە)، یاخود بیرێکی سیاسی مێژوویيە و لە بارودۆخێکی تایبەت دا لە دایك بووە، هیچ پاساوێکیش نییە بۆ بەردەوام بوونی لەم چەرخ و سەردەمەدا.

ئەم کتێبە هەوڵی داوە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە بکات لەسەر بیری سیاسی شیعی بە هەر سێ قۆناغە سەرەکیەکانییەوە: پەیڕەوکردنی تیۆری شورا لەلایەن بیری شیعی سەرەتاوە، دواتر بڵاوبوونەوەی تیۆری ئیمامەت لە سەدەی دووەمی کۆچی و ڕووبەڕوو بوونەوەی تەحەداکان، هەروەها کۆتاییەکەش ماڵئاوایی کردنی ئیمامی حەسەنی عەسکەری بێ ئەوەی منداڵێکی دیارو ئاشکرای لە پاش بەجێ بمێنێت، ناچاربوونی شیعەی ئیمامی بۆ دانانی گریمانەی بوونی منداڵێك بەبێ بوونی بەڵگەی مێژوویی و شەرعی تەواو، لە دەرەنجامی ئەم تیۆرەدا شیعەی ئیمامی کەوتنە ناو قەیرانی چاوەڕوانی دوورو درێژ کە هەزار ساڵی خایاند! بێ ئەوەی ئەو ئیمامە پەنهان و گریمانەکراوە دەربکەوێت، ئەمەش سەری کێشا بۆ ئەوەی شیعە پەنا بەرێتە بەر داهێنانی تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) و پەیڕەوکردنی بیری دیموکراسی بەشێوەیەکی تەواو.

لە چاپی پێنجەمدا هەڵسام بە پوختە کردنی بەشی یەکەم لەم کتێبە کە پەیوەستە بە تیۆری ئیمامەتی خوایی، بەشی دووەمم زیاتر دەرخست کە پەیوەستە بە لێکۆڵینەوە لە لە دایك بوون و هەبوونی ئیمامی دوازدەمی، بەچاپم گەیاند لەژێر ناونیشانی: ئیمامی مەهدی موحەممەدی کوڕی

حەسەنی عەسکەری ڕاستییەکی مێژووییە؟ یاخود گریمانەیەکی فەلسەفییە؟، دواتر ئەمەم لە ژێر ناونیشانە ڕەسەنەکەی بە چاپ گەیان (گەشەسەندنی بیری سیاسیی شیعە لە شوراوە بۆ ویلایەت فەقیە). مامۆستا نەبیل مروة خاوەنی (مؤسسة الإنتشار العربي) داوای لێکردم کە کتێبەکە بە چاپ بگەیەنرێتەوە بە دانە ڕەسەن و ئەصڵییەکەی سەرەتا کە فراوان بوو، بەڵام من داوای لێبووردنم لێکرد لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە پوختە کراوە دەتوانێت گرینگترین بیرەو بابەتەکانی چاپی سەرەتای کتێبەکە بخاتەڕوو، سەرباری ئەوە من ماوەی ساڵێکە کار دەکەم لەسەر فراوان کردنی بابەتی ئیمامەتی ئالوبەیت و شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی لە هەر دوو سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی. بەڵکو بە ویستی خوا لەم زووانە تەواوی بکەم.

**ئەحمەد کاتب**

لەندەن – ١٩ /٦ / ٢٠٠٨

## بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان

## پێشەکی چاپی پێنجەم

ئایا ئیمامی مەهدی (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) ڕاستییەکی مێژوویە؟ .. یاخود گریمانەیەکی فەلسەفییە؟

ئەم پرسیارە زۆر گرنگ و پڕ بەهایە، پێویستە ئەمڕۆ بخرێتەڕوو لە پێناو پێشکەوتن لە بنیاتنانی ئوممەتی ئیسلامی و نوێکردنەوەو ڕزگار کردن و یەکخستنی.

چ جیاوازییەك هەیە؟... ئەگەر مەهدی ڕاستییەك ... یاخود گریمانەیەك؟ بێت، لە دایك بوو بێت یان لە دایك نەبوو بێت؟ چ شتێك بەلای ئێمەوە لەم ژیانە هاوچەرخەمانەوە گرنگە؟ ئەگەر هاتوو دەرکەوتنی مەهدی شتێکی شاراوەو غەیب و ئایندەیی بێت؟

بەڵام کێ ئەمەی وتوە؟ کێ وتویەتی بابەتی مەهدی (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) شتێکی مێژووییە یاخود ئایندەیی شاراوەیە، نەك بابەتێکی سیاسی بیری هاوچەرخ؟

ڕاستە... بیرەی مەهدیایەتی بەشێوەیەکی گشتی بابەتێکی شاراوەو غەیبی ئایندەیە، مەسەلەی لە دایك بوونی ئیمامی دوازدە (موحەممەدی کوڕی حسنی عەسکەری) مەسەلەیەکی مێژوویی کۆنە، بەڵام باوەڕ بوون بەم ئیمام مەسەلە و بابەتێکی زیندوو و هاوچەرخە دەچێتە چوارچێوەی بیروباوەڕی شیعەی دوازدە ئیمامی، تەنانەت وەك ستوونی بڕ بڕەی پشتیەتی. هەروەك مەسەلەی ئیمام لە کۆن و نوێدا گۆڕەپانی هزری و ئایدۆلۆژی بیری سیاسی کۆن و هاوچەرخی ئەوان پێك دێنێت، تەنانەت ڕۆلێکی گەورە دەگێڕێت لە

پەیوەندییــە نــاوەخۆیی و دەرەکییــەکانیان لەگــەڵ ســەرجەم تاقمــە ئیسـلامییەکانی تـر، دەچـێتە نـاو کرۆکـی یـەکێتی ئیسـلامی و پڕۆسـەی دیموکراسی.

بیرەی مەهدیایەتی تایبـەت نییـە بەگـەلێکی دیاریکراو، تەنانـەت تایبـەت نییـە بـە ئوممـەتێك جگـە لـە ئـەوانی تـر... سـەرجەم گـەلانی سـەر زەوی ئـەم بیرەیـەیان ناسـیووە بـە موسـڵمانان و نـا موسـڵمانانەوە تەنانــەت جگـە لـە یەکتاناســانیش. لەبــەر ئەمــە هــەر گــەلێك دووچــاری ســتەم لێکــردن و چەوساندنەوە ببێت خەون دەبینێت بە داهاتوویەکی باشتر و ئیمامێکی دادگەر مەهدی کە زەوی پڕ بکات لە دادگەری و دادپەروەری دوای ئەوەی پڕ کـراوە لـە ستەم و زۆرداری. ئا لێرەوە موسڵمانان بە گشت دەسـتە و تـاقم و گروپـەکانیان زۆرێـك لـە ئیمامـە مەهدییـەکان و بانگەشـەکارانی مەهدیایـەتیان ناسـی کـە بزوتنەوە جەماوەرییەکانیان بەڕێوەبرد و داوای دادگەریان دەکـرد، هەنـدێکیان سەرکەوتن لە بەدەست هێنانی ئامانجەکانیان لە هەمان کاتـدا هەنـدێکی تریـان سەرکەوتوو نەبوون تیایدا.

بۆیە هەر مەهدییەك سەرگوزەشتە و چیرۆکێکی هەبوو... بـەڵام چیرۆکی ئیمـامی مەهـدی موحەممـەدی کـوڕی حەسـەنی عەسـکەری لەگـەڵ سـەرجەم ئیمامــە مەهدییــەکانی ترجیــاوازە، یــاخود ئەوانــەی لــە مێــژوودا بانگەشــەی مەهدیایەتیان کردووە، ڕەهەندی زۆرو ترسناکی لەخۆ هەڵگرتووە. جا ئیمـامی (بەڵگـە _ حجـة _ی کـوڕی حەسـەن) هیوایـەکی ڕووت نییـە کـە لـە ئاینـدەدا بفرێت و باڵ بگرێت، بەڵکو (ئیمامێکی زیندووەو هەیە، لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی سێیەمی کۆچی لە دایـك بـووە، تـا ئێسـتاش هـەر لـە ژیانـدا مـاوەو لـە ئاینـدەدا دەردەکەوێت). تەنانەت زۆر شتی بیری و سیاسی کەڵەکە بووەو کەڵەکە دەبێت

لەسەر ئەم بیروباوەڕە.

لە شوێنەواری باوەڕ بە هەبوونی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری تاقمی دوازدە ئیمامی دروست بوو، دوای ئەوەی خەریك بوو بیری مەزهەبی ئیمامی بوون دەگەیشتە ڕێگایەکی داخراو، ئەمەشیان بە ماڵئاوایی کردنی ئیمامی عەسکەری بێ ئەوەی ئاماژە بکات بە هەبوونی منداڵێکی دیارو ئاشکرا لە دوای خۆی و تەنانەت بێ ئاماژە کردن بۆ سەرەنجام و ئاکامی ئیمامەت لە دوای خۆی. سەرباری بوونی تاقم و تەیاری تری شیعە کە باوەڕیان بە ڕەچەڵەکی تری ئیمامە عەلەوییەکان هەبوو یاخود باوەڕی بە سیستەمی میرات و شوێنگری نەرم هەبوو کە بە دروستی دەزانی ئیمامەت بگوازرێتەوە بۆ براکان یان کوڕە مامەکان، کەچی تاقم و تەیارێکی گرنگی شیعە باوەڕی وابوو کە پێویستە ئیمامەت بە شێوەیەکی ستوونی بۆ شوێنگرەکەی بگوازرێتەوەو دەستاو دەستی پێ بکرێت، واتە: لە نەوەکاندا و لە نەوەوە بۆ نەوە بۆ هەتا هەتایی و تا ڕۆژی دوایی، بەم پێیە تاقمی ئیمامی ناچار بوو باوەڕ بێنێت بەوەی ئیمامی عەسکەری منداڵێکی بە نهێنی هەیە، دیار نییە، ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی تاقمی دوازدە ئیمامی. ئەگەر ئەو تاقمە لە شیعەکان باوەڕیان نەهێنابا بە لە دایك بوون و هەبوونی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەر) ئەوا تاقم و پێڕی دوازدە ئیمامی دروست نەدەبوون، تەنانەت تیۆری ئیمامەت بە ڕێگایەکی داخراو دەگەیشت، بە لایەنی کەمەوە لەم هێڵەوە لەبارەی کوڕەکانی عەلی و حەسەن و کازم.

کاتێك بیروباوەڕی شیعەی دوازدە ئیمامی پارێزراوی ئیمام و دەق لەسەر هاتنی لەلایەن خودای بێ وێنەوە بەپێویست دادەنێت، باوەڕشیان بەبوونی ئیمامی پارێزراو دیاریکراو هەیە لەلایەن خودای مەزنەوە، کە ئەویش ئیمام

موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەرییە بۆیە ناچاربوون و بەسەریاندا سەپا کە چاوەڕێی ئەو ئیمامە بکەن، بەشدار نەبن لە هیچ چالاکییەکی سیاسی شۆڕشگێڕی، یاخود بەڕێوەبەری حوکمی تەنها لە ژێر ئاڵای ئیمامی چاوەڕوان کراو نەبێت. جا کاتێك پەنهان بوونی ئیمام درێژەی کێشا، بەهەمان شێوە چاوەڕوانی شیعەی دوازدە ئیمامیش بۆ ئیمامی ناوبراو درێژەی کێشا، ئا لەو کاتە شیعە چووە بارو قۆناغی پەنهانی سیاسییەوە، بۆ ماوەیەکی گەلەك زۆر لە شانۆی مێژوو پاشە کشەیان کرد. سەرباری گەشەسەندنە ئەرێنییە سەردەمییەکان کە لە بیری سیاسی ئەواندا ڕوویدا ئەو تا ئێستاش بەشێکیان خۆیان دەگرنەوەو بەشدار نابن لە کاروبارو چالاکی سیاسی و چاوەڕێی دەرکەوتنی ئیمامی پارێزراوی پەنهان دەکەن.

لەم کات و بارودۆخەدا، هەر لە سەرەتای پەنهان بوونی ئیمامەوە، لە ناو ڕیزەکانی شیعەدا چەند بانگەشەیەك یاخود چەند پڕو پاگەندەیەك کران بە ناوی نوێنەرایەتی تایبەت و گشتی ئیمامی مەهدی پەنهان، بانگەشەکاران پڕوپاگەندەی ئەوەشیان کرد کە چاویان پێکەوتووەو ڕێنموونی و ئامۆژگاری و زانیاری و زانستی شەرعییان لێوەرگرتووە. لەو ماوەیەی کە بە پەنهانی بوونی بچوك ناونراوە ئەوا بیست و چوار نوێنەری تایبەت و بانگەشەکاری ئیمام مەهدی دەرکەوتن، ئەم ماوەیەش نزیکەی حەفتا ساڵ درێژ بوو هەر لە کاتی ماڵئاوایی کردنی ئیمامی عەسکەری، هەندێك لە زانایان بانگەشەی ئەوەیان کرد کە پەیام و نامەی تایبەتیان لە ئیمامی مەهدی وەرگرتووە، وەك شێخ موفید لە سەدەی پێنجەمی کۆچی، دواتر تیۆری نوێنەرایەتی گشتی شەرعناسان بەدەرکەوت، واتە: هەر شەرعناسێك نوێنەری ئیمامی مەهدییە، ئەگەرچی ئیمامی مەهدی ناوی لێنەنابێت و بەتایبەت دیاری نەکردبێت.

ئـا لـەم کـەش و هەوایـەدا مەرجەعییـەتی ئـایینی شـیعی دەرکـەوت کـە پیرۆزییەکی زۆر مەزنی دەست خست، جا چ بە هۆی نوێنەرایـەتی تایبـەت یـان گشتی بێت، جا وای لێهات گەورە زانایانی ئاینی لە ناو ڕیزی شیعەکاندا شوێن و جێگەیەکی جیاوازو تایبەتی داگیر بکات کە هیچ شتێك ناگاتـە ئاسـتی تـەنها ئیمامێکی پارێزراو نەبێت.

سـەرباری ڕوودانـی گەشەسـەندنێکی گـەورە لـە بـیری سیاسـیی شـیعە لـە سـەردەمەکانی دواییـدا، حـەز کردنـی زۆرێـك لـە شـەرعناس و ساسـییەکان بـە کۆتـایی هێنـانی هەڵوێسـتی چـاوەڕوانکردنی نـەرێنی دوورو درێـژی ئیمـامی مەهدی پەنهان، هەروەها بڕیاردانیان بە شۆڕش کـردن و دامەزرانـدنی دەوڵـەت لـە (سـەردەمی پـەنهان بـوونی ئیمـام) کەچـی لەگـەڵ هـەموو ئەمانـەدا بـاوەڕ بوونیان بە هەبوونی ئیمامی مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسـەنی عەسـکەری و بەوەی ناوبراو سەرچاوەی شـەرعیەتی و ڕەوایـی دەسـتورە، ئەمـە وای لـەوان کـرد کــە جۆرێــك لــە ڕووکــاری ئــایینی بدەنــە پــاڵ چــاڵاکی و پرۆســە سیاسـییەکەیان، بەمـەش بـێ نیـاز بـن و پێویسـتیان بـە بـە دەسـتهێنانی هـیچ ڕەواییەتێکی جەماوەری و دیموکراسـی نـەبێت، دوای هـەموو ئەمانـە دەسـەڵاتی تەواو و ڕەهای دیکتاتۆری و تاکڕەوی بدەنە خۆیـان، ئـا ئەمەیـە کـە هەڕەشـەی کرد و هەڕەشەش دەکات لەو ئەزموونە سیاسیە هاوچـەرخانەی کـە شـیعە پێـی هەڵدەسـتێت، هـەروەها دەبێتـە کۆسـپ و لەمپـەرێك لـە بـەردەم گەشـە و بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لە کۆمەڵگاکانی شیعەدا.

ئینجا سەرەڕای ئەوەی شیعە لەم ڕۆژانـەدا لـە عێـراق بەشـداریان کـرد لـە پرۆسەی بنیاتنانی سیستەمی دیموکراسی، کەچـی هەنـدێك لـە پیـاوانی ئـایینی بـیرەی هـەبوونی ئیمـامی مەهـدییان قۆسـتەوە تـا بانگەشـەی ئـەوە بکـەن کـە

پەیوەندی تایبەتیان لەگەڵ هەیە، ئەمەش پێگەیەکیان بۆ فەراهەم دەکات کە لە سەرووی دیکتاتۆریەتەوەیە و دوورترین شتە لە دیموکراسی.

لێرەشەوە مەسەلەی هەبوونی ئیمامی دوازدەم موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری چیتر وەك مەسەلەیەکی شاراوەی مێژوویی یاخود ئایندەیی نەمایەوە، بەڵکو بووە لایەنێکی هاوچەرخ و زیندوو و بیری و سیاسی. دواتر زۆرێك لە شتەکان دەکرێت دروست بن ئەگەر هەبوونی ئیمام ڕاستییەکی مێژوویی بێت و جیاوازو نا دروست دەبن ئەگەر بەم شێوەیە نەبوو.

نووسەر (ئەحمەد کاتب) لە دایك بوو و پێگەیشت وەك شیعەیەکی دوازدە ئیمامی، پاشان هەڵسا بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە لە دەرەنجامدا گەیشتە ئەوەی ئەم مەسەلەیە گریمانەیەکی فەلسەفییە نەك ڕاستییەکی مێژوویی. جا ناوبراو (نووسەر مەبەستی خۆیەتی[١]) هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکەی پێش دەساڵ بەر لە ئێستا (لە ساڵی ١٩٩٧) لە چوارچێوەی کتێبی (گەشەسەندنی بیری سیاسیی شیعە لە شوراوە بۆ ویلایەت فەقیە) کە لە پاڵ ئەنجام دانی توێژینەوە لەسەر هەبوونی ئیمامی دوازدەم، ئەوا تاوتوێی تیۆری ئیمامەتی ئالوبەیت و گەشەسەندنی بیری سیاسی شیعەی دەکرد لە سەردەمی پەنهان بوونی ئیمام دا. ئەم کتێبە چەندین جار لە چاپ دراوە، کۆمەڵێ گەردەلولی مشتومڕو دەمەتەقێی بەدوای خۆیدا هێنا کە هێشتانیش ئارام نەبووەتەوە، دەیان کتێب و وتار بۆ بەرپەرچدانەوە نووسران و تاکو ئێستاش مشتومڕەکە هەر بەردەوامە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت

---

(١) وەرگێڕ.

ئەوەیە کە زۆربەی بەرپەرچ و وەڵامەکان ئاراستەی بەشی یەکەمی کتێبەکە کراون کە هەوڵ دەدەن ڕاست و دروستی تیۆری ئیمامەت بسەلمێنێت، بەڵام زۆربەی نووسەران بێ ئاگابوون لە قسەکردن لەسەر کرۆك و جەوهەری کتێبەکە کە خۆی دەبینێتەوە لە بابەتی هەبوونی ئیمامی دوازدەم، ئاواتەخواز بووم کە لێکۆڵەران تواناکانیان کۆگیر بکردبا تەنها لەسەر ئەم بابەتە، ئەمەش بەس بوو و پێویستی نە دەکرد ئەوەندە خۆیان ماندوو بکەن بە چەسپاندنی بابەتی یەکەم، چونکە ئەگەر هەبوونی ئیمامی دوازدەم چەسپێنرا ئەو کاتە بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕاستی و دروستی تیۆری ئیمامەت دەچەسپێنرا، هەروەها ئەگەر چەسپاندنی هەبوونی ئیمام ئەستەم بوو ئەوا ئەو کات ئەستەم دەبێت تیۆری ئیمامەت بچەسپێنرێت بەو وێنەیەی کە ناسراوە لەلایەن شیعەی دوازدە ئیمامی.

لێرەدا هەستم کرد بە پێویست بوونی دەرخستنی کتێبەکە بەشێوەیەکی نوێ و پوختە کردنی بەشی یەکەم و سێیەم و زیاتر زەق کردنەوەو پێداگرتن لەسەر بەشی دووەم لە کتێبی (گەشەسەندنی بیری سیاسی شیعە) کە ناوی (ئیمامی مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری.. ڕاستییەکی مێژوویی؟ یاخود گریمانەیەکی فەلسەفی؟) ئەم بەشەی ناوبراو بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەچاپم گەیاند. بەو هیوایەی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە یارمەتی دەربێت بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژنەوەی بابەتەکە، هەروەها بە ئومێدی گەشەدان بە بیری سیاسیی شیعە بۆ هەنگاو نانی فراوانتر بەرەو دیموکراسیەت و یەکخستنی ئوممەتی ئیسلامی.

**ئەحمەد کاتب**

**لەندەن - ١١ ئازار ٢٠٠٧**

# پوختەی بەشی یەکەم[١]

# تیۆری ئیمامەتی خوایی ئالوبەیت

## شورا تیۆری سیاسیی ئالوبەیتە

ئیمام مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری ژمارەی دوازدەم لە زنجیرەی ئیمامە پارێزراوەکان پێکدێنێت، کە شیعەی دوازدە ئیمامی پێیان وایە لەلایەن خواوە دەستنیشان کراون، ئەوان دەڵێن ئیمامی مەهدی لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی کۆچی لە دایك بووە، بەشێوەیەکی نهێنی، دواتر ناوبراو لە دوای ماڵئاوایی باوکی (ئیمام عەسکەری ساڵی ٢٦٠ك) لە شاری سامەڕا ون بووە.

دوازدە ئیمامی کۆمەڵێکن لە ئیمامییەکان کە لە سەدەی دووەمی کۆچی سەریان هەڵدا لە نێوان چەندین تاقمی شیعەی تر کە دژایەتی دەوڵەتی ئەمەوییەکانیان دەکرد و لە دەوری کۆمەڵێك ئیمامی عەلەوی یاخود فاتیمی کۆببوونەوە. ئیمامییەکان بەم نازناوەیان جیا دەکرانەوە، چونکە پشتیوانی و خۆشەویستی خۆیان بۆ ئالوبەیت لە دۆخی پاڵپشتی سیاسییەوە بەرەو بیروباوەڕێکی ئایینی برد، جا باوەڕیان وابوو کە ئیمامەکان پارێزراو و دەستنیشان کراون لەلایەن خوای بێ وێنەوە. _ بەم پێیە_ شورایان وەك

---

(١) ئەمە پوختەی بەشی یەکەمە لە کتێبی (گەشەسەندنی بیری سیاسی شیعە... لە شوراەوە بۆ ویلایەت فەقیە) هەر کەسێك تێرو تەسەلی بابەتەکەی مەبەستە با بگەڕێتەوە بۆ چاپەکانی پێشووی کتێبەکە.

ڕێگەیەك بۆ هەڵبژاردنی ئیمام ڕەت کردەوە.

ئەم وتە و بیروباوەڕەشیان ئەنجامی کاردانەوەیان بەرامبەر بە زاڵ بوونی دەسەڵاتدارە ئەمەوییەکان بەهێز، دەستاودەست کردنی دەسەڵات لەلای ئەمەوییەکان بە شێوەی پشتاو پشتی، بانگەشە کردنی پارێزراو بوونیان و داواکاریان لە ئوممەت کە بە ڕەهایی گوڕایەڵیان بکەن. ئیمامییەکانیش وەك کاردانەوەیەك وتیان ئالوبەیت شیاوترو مافدارترە لە ئەمەوییەکان بۆ خەلیفایەتی کردن، پێویستە خەلیفایەتی هەر لە نەوەکانی ئالوبەیتدا دەستاو دەستی پێبکرێت. بەڵام ئەم تیۆرە تیۆری خودی ئالوبەیت و تەنانەت گشت شیعەکان نەبوو لەسەدەکانی سەرەتادا.

ئیمامییەکان خاڵی سەرەتای دروستکردنی تیۆرەکەیان لەوەوە دەستپێکرد، کە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب ڕاسپێرراوە لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) و ئەمەش شتێکی چەسپاوەو موسڵمانان ڕاجیا نیین لەسەری[1]. بەڵام ئەمە پەیوەندی هەبوو بە لایەنە سادە و ئاسایی و کەسییەکان و پەیوەندی نەبوو بە سیاسەت و ئیمامەت یاخود خەلافەتی ئایینی[2]. هەروەك لە فەرموودەی (غەدیر)ەوە دەستیان پێکرد، کە لە فەرموودەکەدا هاتووە پێغەمبەر فەرموویەتی: (من كنت مولاه فهذا علي مولاه) واتە: هەر کەسێك من گەورەی ئەو بم، عەلیش گەورەی ئەوە. ئەمە فەرموودەیەکە کە موسڵمانان دان بە ڕاستی و دروستییەکەیدا دەنێن، بەڵام ڕەتی دەکەنەوە کە بەڵگە و ئاماژە بێت بۆ ئیمامەت. ئا لێرەوە هاوەڵانی پێغەمبەر وا لە فەرموودەی (غەدیر)

---

(1) الكليني، الكافي، ٢٣٦/١ عن محمد بن الحسين و علي بن محمد عن سهل بن زياد عن محمد بن وليد الصيرفي عن أبان بن عثمان عن أبي عبدالله عليه السلام.

(2) المفيد، الأمالي، ٢٢٠، المجلس ٢١، والمفيد، الإرشاد ١٨٨.

نەگەیشتن کە واتای دەق و دەستنیشان کردن بێت بۆ خەلیفایەتی، هەر لەبەر ئەمەش ڕێگەی شورایان هەڵبژارد، بەیعەت و پەیمانیان دا بە (ئەبو بەکر _ ڕەزای خوای لێبێت _) وەك خەلیفە و جێنشین لە دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ). خودی ئیمامی عەلی یەکێك بوو لەوانەی بەیعەتی دا بە (ئەبو بەکر و عومەر و عوسمان). تاکو بەیعەتی گشتی لە مزگەوتی پێ نەدرا خەلافەتی وەرنەگرت. کلینی گێڕانەوەیەکی لە ئیمام موحەممەد باقر هێناوە، کە وتویەتی: ئیمامی عەلی بانگەشەی بۆ خۆی نەکرد تا ببێتە خەلیفە، بەڵکو موسڵمانان چ بڕیارێکیان دا ئەویش ئەوەی پەسەند کرد و مەبەستی خۆی دەرنەخست[1]. کاتێك عوسمان کوژرا پشتیوانان و کۆچبەران هاتنە لای ئیمامی عەلی تا بەیعەتی پێبدەن، بەڵام ناوبراو ئەوانی گەڕاندەوەو پێی وتن: (لێم گەڕێن بڕۆن بۆ لای یەکێکی تر جگە لە من، بزانن ئەگەر من وەڵامی داواکەتان بدەمەوە ئەوا بە پێی زانیاری خۆم ئاراستەتان دەکەم، ئەگەر لێشم بگەڕێن و ئەو ئەرکەم بە ملدا نەهێنن ئەوا منیش وەك هەر یەکێك لە ئێوەم، تەنانەت لەوانەیە من لە هەمووتان گوێڕایەڵترو فەرمانبەردارتر بم بۆ ئەو کەسەی ئەم ئەرکەی پێ دەسپێرن، من وەزیر بم بۆ ئێوە باشترە لەوەی ئەمیرتان بم)[1].

گێڕانەوەیەك لە کتێبی سەلیمی کوڕی قیسی هیلالیدا هەیە ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئیمامی عەلی باوەڕی هەبووە بە سیستەمی شوراو مافی ئوممەت لە دەستنیشان کردنی خەلیفەدا، ناوبراو لە نامەیەکیدا دەڵێت: (لە حوکمی خواو حوکمی ئیسلامدا لە دوای مردنی ئیمامەکەیان یاخود کوژرانی پێویستە لەسەر موسڵمانان... هیچ دەست و هەنگاوێك نەهاوێژن و دەست بە هیچ کارێك

---

(1) الكليني، روضة الكافي، ٢٤٦.

**نەکەن تا ئیمامێك بۆ خۆیان دەستنیشان نەکەن کە پاك و زانا و لە خواترس و پارێزگارو شارەزا بێت بە دادوەری و سوننەت)[١].**

**کاتێك ئیمامی عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) بووە حوکمران و دادوەر، ئەوا وەك مرۆڤێکی ئاسایی سەیری خۆی دەکرد نەك پارێزراو، داوای لە موسڵمانان دەکرد بەهەمان شێوە سەیری بکەن،بە موسڵمانانی دەوت: (من لە دەروونی خۆمدا وا ناڕوانم کە لە سەرووی هەڵە کردنەوە بم و ئەمینیش نیم لە هەڵە کردن لە کردەوەکانمدا، مەگەر خودا لە دەست ئەو شتانەی نەفس و دەروونم بمحەسێنێتەوە کە لە من زیاتر دەسەڵاتی بەسەردا هەیە، جا نەکەن پاشگەز ببنەوە لە وتنی ڕاستی یاخود شوراێکی دادگەرانە)[٢].**

**کاتێك عەبدوڕەحمانی کوڕی مولجەم بە خەنجەر لە ئیمامی عەلی دا، موسڵمانان چوونە لای ئیمامی عەلی و داوایان لێکرد کە حەسەنی کوڕی بکاتە شوێنگرەوەو جێنشینی خۆی، بەڵام وتی: نا شتی وا نابێت، ئێمە چووینە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو کاتەی لە سەرەمەرگ دابوو پێمان وت: یەکێك بکە بە شوێنگرەوەو جێنشینی خۆت، بەڵام فەرمووی: نا ئەوە ناکەم، من ترسی ئەوەم هەیە لە دەوری پەرت ببن وەك چۆن نەوەکانی ئیسرائیل لە دەوری هاڕون پەرت بوون، بەڵام ئەگەر خودا خێر لە دڵی ئێوەدا بەدی بکات ئەوا بۆتان دەستنیشان دەکات). هەروەها داوایان لە ئیمامی عەلی کرد ئاماژە بە یەکێك بدات، بەڵام ئەوەی نەکرد، وتویان: ئەی ئیمام گەرتۆش لە دەست بدەین خۆ حەسەنمان لە دەست نەچووە، ئیمامی عەلی لە وەڵامدا وتی: من نە**

---

**(١) الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ٣/٤٥٠.**

**(٢) كتاب سليم بن قيس الهلالي ١٨٢، المجلسي، بحار الأنوار ٨/٥٥٥، (الطبعة الحجرية).**

**(٣) الكليني، روضة الكافي ٢٩٢ و ٢٩٥، المجلسي، بحار الأنوار ٧٤/٣٠٢.**

فەرمانتان پێ دەکەم نە ڕێگریتان لێ دەکەم. ئێوە چاکتر دەڕوانن و دەبیین)[١].

ئەمیری بڕواداران ئیمامی عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) ڕاسپاردەی نووسی بۆ ئیمامی حەسەن و سەرجەم کوڕەکانی، کەچی تیایدا باسی ئیمامەت و خەلافەتی نەکردبوو، ڕاسپاردەکەی ئیمامی عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) کەسی و ڕۆحی و ڕەوشتی بوو[٢].

مێژوونووسان باسیان کردووە: کاتێك ئیمامی عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) ماڵئاوایی کرد، عەبدوڵای کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب چووەدەر بۆ لای خەڵك و وتی: میری بڕواداران ماڵئاوایی کرد، منداڵی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، ئەگەر حەزتان لێیە بەیعەتی پێبدەن ئەوا با یەکێك لە کوڕەکانی بۆ ئەم مەبەستە بێتەدەر، ئەگەر حەزیشتان لێ نییە ئەوا هیچ کەسێك مافی بەسەر کەسی ترەوە نییە، لەم حاڵەتەدا خەڵك گریان و وتیان: بەڵکو با بێتە دەرەوە...[٣].

دوای ئەوەی خەڵك بەیعەتی خەلافەتی بە ئیمامی حەسەن دا، ناوبراو لە خەلافەت هاتە خوار بۆ معاویە، بەو مەرجەی کە معاوییە مرد ئەوا بۆ سیستەمی شورا بگەڕێنەوە، هەروەك لە مەرجەکانی (ئاشتەواییەکە)یدا وت... بۆ معاوییە نییە کە خەلافەت بسپێرێت بە هیچ یەکێك لە دوای خۆی، بەڵکو

---

(١) المرتضى، الشافي ٣/٢٩٥، المرتضى، تثبيت دلائل النبوة ٢١٢/١ و إبن أبي الدنيا، مقتل الإمام أمير المؤمنين ٤٣، المجلسي، بحار الأنوار ج ٧، باب أحاديث تنسب إلى سليم غير موجودة في كتابه.

(٢) المفيد، الإرشاد ١٨٧، والحافظ أبو بكر بن أبي الدنيا، مقتل الإمام أمير المؤمنين ٤١_٤٢، تحقيق مصطفى القزويني، مركز الدراسات والبحوث العلمية، بيروت.

(٣) المسعودي، مروج الذهب ٤٤/٢، إبن كثير، البداية والنهاية ١٣/٨، إبن أبي الحديد، شرح نهج البلاغة ٨/٤، ٢٢/١٦.

دەبێت بە شورا بێت لە نێوان موسڵمانان[1].

ئەگەر خەلافەت بە دەق لەلایەن خودا و دەستنیشان کردن لەلایەن پێغەمبەرەوە بووبا، هەروەك تیۆری ئیمامەکان پێی وایە، ئەوا دروست نەدەبوو بۆ ئیمامی حەسەن لە خەلافەت هاتبایە خوارەوەبۆ هیچ کەسێك لە ژێر کاریگەری هەر بارودۆخێك دا، تەنانەت بۆ ئیمامی حەسەن دروست نەدەبوو کە بەیعەت بدات بە معاویە یاخود دروست نەدەبوو بۆی داوای لە پشتوانانی بکات تا بەیعەت بە معاویە بدەن، هەروەها دروست نەبوو بۆی کە ئیمامی حوسەین فەرامۆش بکات بەڵکو پێویست دەبوو لەسەری کە ئاماژە بە ئیمامی حوسەین بکات وەك جێگرەوەی خۆی... بەڵام ئیمامی حەسەن هیچ شتێك لەمانەی نەکرد و ڕێگەیەکی گرتەبەر کە پابەند بوو بە مافی موسڵمانان لە هەڵبژاردنی خەلیفەکەیان لە ڕێگەی سیستەمی شوراەوە.

جا دەبینین هەمان ئەو بیرە سیاسییە لەلایەن ئیمامی حوسەین هەیە، کاتێك لە ساڵی ٦٠ك دژی یەزیدی کوڕی معاویە دەرچوو، بەشێوەیەك هیچ شوێنەوارێك بەدی ناکرێت بۆ بیرەی (دەق: النص) لەو نامەو پەیامانەی کە بۆ پشتیووانانی لە کوفە دەنارد، ئیمامی حوسەین وەك مافێکی کەسی خۆی داوای خەلافەتی نەدەکرد لەبەرئەوەی (کوڕی ئیمامی عەلییە یاخود لەلایەن خوداوە دەستنیشان کراوە). بۆیە ئیمامی حوسەین هەرگیز بیری لەوە نەکردەوە کە (ئیمامەت) بگوازێتەوە بۆ هیچ یەکێك لە کوڕەکانی، تەنانەت ڕاسپاردەی بۆ کوڕە تاقانەکەشی نەکرد کە بەتەنها لە ژیاندا مایەوە عەلی زەینولعابدین، بەڵکو ڕاسپاردەی بۆ خوشکەکەی یان فاتیمەی کچی کرد، ئەو ڕاسپاردەیەشی

---

(1) المجلسي، بحار الأنوار ٦٥/٤٤، باب: كيفية المصالحة، من تأريخ الإمام الحسن المجتبى.

زۆر سـادە بـوو و پەیوەنـدی بـە لایـەنی تایبەتـەوە هـەبووە، لـەو ڕاسـپاردەیە لەبارەی بابەتی ئیمامەت و خەلافەتنەدواوە[1].

عەلی کوڕی حوسەین سیاسەتی فەرامۆشی و پشت گوێ خست و خۆی لێ بەدوورگرت، ڕەتی کردەوە سەرکردایەتی ئەو شیعانە بکات کە داوایان دەکرد تۆڵەی کوژرانی حوسـەینی بـاوکی بکەنـەوەو خۆیـان ئامـادە دەکـرد بـۆ شـۆڕش، عـەلی زەینولعابـدین بانگەشـەی ئیمامـەتی نـەکرد و خـۆی تـێ هەڵنەقورتانـد، ململانێـی لەگـەڵ موحەممـەدی کـوڕی حەنیفـەی کـوڕە مـامی نـەکرد لەسـەر ئیمامـەت، هـەروەك شـێخ صـدوق دەڵێـت: (عـەلی زەینولعابـدین لـە خـەڵك دوورکـەوتبووەوەو چـاوی بـەهیچ یـەكێك نەكـەوت، جگـە لـە هاوەڵـە هـەرە تایبەتەکانی نەبێت، لەوپەڕی بەندایەتی و خواپەرستیدا بوو، تـەنها زانستێکی کەم لە ناوبراوەوە بڵاو بووەتەوە)[2].

کاتێك موختاری کوڕی عبید سـەقەفی دەسـتی کـرد بـە بزووتنەوەکەی لـە شاری کوفە، نامەیەکی نووسی بۆ عـەلی کـوڕی حوسـەین داوای لێکـرد کـە ئـەوە پەسەنـد بکات کـە مختـار بەیعـەتی بـۆ وەربگرێـت و بانگەشـەی ئیمامـەتی ئـەو بکات و بانگەوازەکەی دەربخات و سـەربخات، بـەڵام عـەلی کـوڕی حوسـەین ڕەتـی کردەوە وەڵامی نامەکە بداتەوەو داواکـەی مختـاری پەسـەند نـەکرد، جا کاتێـك موختار لێی بێ هیوابوو نامەی بۆ موحەممـەدی کـوڕی حەنیفـەی مـامی عـەلی کوڕی حوسین نووسی و هەمان داوای لەویش کرد، موحەممەدی کوڕی حەنیفە ئەم داوایەی مختـاری پەسـەند کـرد، موختـاریش بانگـەوازی بـۆ ئیمامـەتی ئـەو

---

[1] بگـەڕێوە بـۆ: الصـدوق، الإمامـة و التبصـرة مـن الحـيرة ١٩٨، الصـفار، بصـائر الـدرجات ١٤٨ و ١٩٨.

[2] الصدوق، إكمال الدين ٩١.

کرد. موحەممەدی کوڕی حەنیفە بە کردار ڕابەرایەتی شیعەی گرتە دەست و شیعەکانی بەڕێوەبرد، چاودێری بنیاتنانی دەوڵەتی مختاری کوڕی سەقەفی کرد لە کوفە.

ئیمام و پێشەواکانی ئالوبەیت پێیان وابوو کە ئوممەتی ئیسلام مافی هەڵبژاردن و دیاریکردنی گەورەو حوکمڕانی خۆیان هەیە، پێشیان وابوو کارکردن بە شورا زۆر پێویستە، دەست گرتن بەسەر دەسەڵات بە زەبری هێز ئیدانە و شەرمەزار دەکەن. دەکرێت ئەمە لەو فەرموودەیەدا بەدی بکەین کە صدوق دەیگێڕێتەوە لە ئیمامی ڕیزا ئەویش لە کازمی باوکیەوە، ناوبراو لە صادقەوە و ئەویش لە باقری باوکییەوە، ئەویش لە علی کوڕی حوسەین ئەویش لە حوسەینی کوڕی عەلی ئەویش لە باوکییەوە، باوکیشی لە باپیرەیەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەوتی: (هەر کەسێك هات و ویستی کۆمەڵی موسڵمانان پەرت بکات و کاروباری ئوممەت داگیر بکات و حوکم بگرێتە دەست بەبێ شورا ئەوا بیکوژن، چونکە خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ ڕێگەی داوە بە کوشتنی)[1]. دەکرێت لەم فەرموودەیەدا جوانترین دەربڕین ببینین بۆ باوەڕی ئالوبەیت بە سیستەمی شوراو پابەند بوونیان پێیەوە. جا ئەگەر بانگی خەڵکی بکەن بۆ ئەوەی شوێنیان بکەون و ملکەچیان ببن ئەوا بەو پێوەرە ئەمەیان کردووە کە پێیان وابووە ئەوان لە خەڵکانی تر باشتر بوونە و لە پێشترو شیاوترن بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و خەلافەت لە بەرامبەر ئەو حوکمڕانانەی شوێنی قورئان نەدەکەوتن و دادگەرییان بەرپا نەدەکرد و ملکەچی ئایینی ڕاستی نەدەبوون.

---

(١) الصدوق، عيون أخبار الرضا ٢/٦٢.

ئا لێرەوە بە شوێنکەوتنی زاراوەی (لە پێشترو شیاوتر بوون) هەندێك لە نەوەی شیعەکانی سەرەتا، بەتایبەت لە سەدەی یەکەمی کۆچی وتیان: (عەلی شیاوترین کەس بوو بۆ جێگرتنەوە و جێ نیشینایەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لەبەر پلەوپایە و چاکە و پێشینە بوون و زانستەکەی، ناوبراو لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) باشترین کەسە، چاونەترس و بوێرترین و لەخواترس و پارێزگارترین و دونیا بەکەمزانترین کەسە لە ناو خەڵکدا). لەگەڵ ئەمەشدا ئەم نەوەیەی شیعە خەلافەتی ئەبو بەکرو عومەریان بە دروست زانی و پێیان وابوو شیاوی ئەم پلەو پێگەیەن، وتویانە: (عەلی بە ڕەزامەندییەوە کارەکەی بەوان سپارد و بەبێ ناچاری و بەویستی خۆی بەیعەتی بەوان دا، جا ئێمە ڕازیین وەك چۆن موسڵمانان لێی ڕازی بوون و بەیعەتیان پێدا، ئێمەش دەبێت هەر ئەوە بکەین، هیچ یەکێکمان بۆ جگە لەمە نابێت تێبکۆشێت، بە ڕاستی خەلافەتی ئەبوبەکر بووە ڕێنیشاندەرو ڕێ ڕوونکەرەوە، چونکە عەلی ملکەچی بوو و ڕەزامەندی لەسەر نواندوە)[1].

تێڕوانینی نەوەی شیعەی سەرەتا بۆ ئەبو بەکرو عومەر ئەرێنی بوو، بەو چاوە سەیری ئەو دوو ناوبراوەیان نەدەکرد کە ئەو خەلافەتیان داگیر کردبێت کە پێغەمبەر لە دوای خۆی لەسەر بنەمای شورا بۆ موسڵمانانی جێ هێشت و بەدەق کەسی دەستنیشان نەکرد بۆ ئەو پۆستە.

## لە شوراوە بۆ... حوکمی پشتاوپشت

تا سەرتای سەدەی دووەمی کۆچی بیری سیاسیی شیعە تیۆری (دەق:

(1) النوبختي، فرق الشيعة ٢٢، الأشعري القمي، المقالات والفرق ١٨.

النص) یاخود ئیمامەتی خوایی نە دەناسی و ئاشنای نە ببوو، بەشێوەیەك ئیمام موحەممەد باقر مشتومڕو گفتوگۆی لەگەڵ کوڕەکانی عەلی و حوسەین کە (پێشبڕکێکاری بوون) دەکرد بە زانست و بەوەی چەکی پێغەمبەری لەلایە و مافی پشتگرتنی ستەم لێکراوانی هەیە، زۆر لەوە کەمتر گفتوگۆی لەگەڵ ئەوان دەکرد بە دەقێکی ڕاشکاو یان ڕاسپێرانی ڕوون و ئاشکرا. ئیمامی باقر لە بانگەوازی کردن بۆ خۆی پشتی بەست بەوەی کە خۆی لە هەمووان لە پێشترە بۆ ئەوەی تۆڵەی کوژرانی ئیمامی حوسەینی باپیرەی بکاتەوەو ڕابەرایەتی شیعە بکات بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجەکان، بۆیە دەیوت: ﴿وَمَن قُتِلَ مَظۡلُومًا فَقَدۡ جَعَلۡنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلۡطَٰنًا﴾ الإسراء: ٣٣.[١] واتە: (ئەوەش کە مەزلومانە و بێ تاوان دەکوژرێت، ئەوە ئێمە بە ڕاستی ماف و دەسەڵاتمان داوە بە نزیکترین کەسی کە تۆڵەی بۆ بسینێت). کەچی ئیمام زەیدی کوڕی عەلی کە دەکاتە برای ئیمامی باقر لە ئیمامەتییەکەیدا پشتی دەبەست بە جیهاد و تێکۆشان و دەیوت: کەسێك لە ئێمە ئیمام نییە کە لە ماڵی خۆیدا دانیشتبێت پەردەکانی دابداتەوەو پاڵ بداتەوەو جیهاد نەکات، کەسێك لە ئێمە ئیمامە کە سنووری خۆی بپارێزێت و بەوپەڕی تواناوەو بەو شێوەیەی کە شیاوە تێبکۆشێت و جهاد لە پێناوی خوادا بکات، بەرگری لە خەڵکەکەی بکات و قوربانی لە پێناو پیرۆزییەکانی بدات[٢].

ئیمام صادق خۆی وەك ئیمامێك نە دەخستەڕوو کە خوای گەورە گوێڕایەڵی کردنی لەسەر خەڵك پێویست کردبێت، بۆیە وتەی هەندێك لە

---

(١) العیاشي، التفسیر ٢/ ٢٩١.

(٢) الکلیني، الکافي ١/ ٢٥٧ و ٣٠٥.

شیعەکانی کوفەی بە نامۆوو ناپەسەند دانا کاتێك وتبویان: (خوای گەورە گوێڕایەڵ کردنی ئیمام صادقی پێویست کردووە) لە وەڵامی پرسیاری یەکێکدا، ئیمام صادق وتی: من ئەو شتەم لە ئالوبەیتی خۆمم نەبیستووەو نەزانیوە[1].

ئیمام صادق توانی لێهاتوویی و کارامەیی خۆی بۆ ڕابەرایەتی کردنی شیعە لە میانەی ئەو ڕەوشتە بەرزو بڵندو زانستە زۆرو ڕێزو شکۆیەی هەیبوو. لەبەر ئەمە پێویستی بە ڕاسپاردن و ئاماژە بۆ کران نەبوو تا ئەو پێگە مەزنە بە دەست بێنێت کە هەیبوو لە کۆمەڵگە و مێژوودا. هەروەها لە شوێنەوارو کەلەپوری شیعەدا فەرموودەی زۆر نین لەسەر ئەوەی کە دەق لەسەر ئیمامی صادق هەیە یان ئیمامەتی لەلایەن باوکییەوە پێ ڕاسپێرراوە، تەنها چەند گێڕانەوەیەکی زۆر سادە هەن کە باس لە ڕاسپاردن دەکەن[2].

لە دەرەنجامی ئەوەی ئیمامی صادق تایبەتمەندییەکی خوایی تایبەتی نەبوو، شیعەش لەو سەردەمدا نەیانزانی هیچ دەقێکی خوایی هەبێت لەسەر ئیمامەتی ئەو، ئەوا ئیمام زەیدی کوڕی عەلی کە دەکاتە کوڕە مامی صادق هەڵسا بە ڕابەرایەتی کردنی شیعە، لە ساڵی ١٢٢ك شۆڕشی تەقاندەوەو ڕاگەیاند، لە دوای زەید کوڕی عەلی شیعە لە دەوری کوڕەکەی یەحیای کوڕی زەید کۆبوونەوە، ناوبراو وەك باوکی هەڵسا بە شۆڕشێکی تر دژ بە ڕژێمی ئەمەوییەکان لە ساڵی ١٢٥ك.. بە دوو ساڵ دوای شکست هێنانی ئەم دوو شۆڕشە شیعییە ئەوا شۆڕشێکی تری زۆر بەرفراوانی شیعە دەستی پێکرد لە ساڵی ١٢٨ك بە ڕابەرایەتی عەبدوڵای کوڕی معاویەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەعفەری تەییار. ئەم شۆڕشە وەك گەردەلوول جەماوەری شیعەی جوڵاند لە

---

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) الكليني، الكافي ١/٣٠٧، المفيد، الإرشاد ٢٧٢.

سەرجەم شارەکانی عێراق و درێژ بووەوە بۆ ناوچەکانی ماهین و قومس و ئەصفەهان و رەی و فارس، دروشمی شۆڕشەکە بریتیی بوو (بۆ ڕەزامەندی ئالی موحەممەد) ئەمە بانگەوازی تێکڕای ئەو کاتی شیعە بوو، عەبدوڵای کوڕی معاویە شاری ئەصفەهانی کردە ناوەندی بانگەوازو بزوتنەوەو ناوچە و پشتێنەی دەسەڵاتەکەی، نامەی بۆ هاشمییەکان و عەبباسیەکان نارد و بانگی کردن تا لەگەڵی بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی ئەو بەشە وڵاتەی کە لە ژێر دەستی دایە و بەسەریدا زاڵ بن، بەم پێیەش زۆرێکیان وەڵامی داواکەیان داوەو چوونە لای[1].

دوای شکست هێنانی ئەم شۆڕشە شیعە چوون بۆ ئەوەی شوێن ئیمام (موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەنی و کوڕی حەسەنی خاوەن دەروونی پاك "ذي النفس الزكية" بکەون، ناوبراو لە سەرەتای مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٤٥ك لە سەردەمی مەنصوری عەبباسی دەرکەوت[2].

## بەرابیەکانی بیری ئیمامی

لەم سەرو بەندەدا، کۆمەڵێکی بچوك لە زانا کەلامییەکانی شیعە زیادەڕۆچوون لە ئالوبەیتدا، هەندێك لە زانا ناوبراوەکانیان وەك: (هیشامی کوڕی حەکەمی کیندی و هیشامی جەوالیقی و موحەممەدی کوڕی عەلی نعمان_ کە ناوبانگی بە موئمنی تاق دەرکردووە و عەلی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی شوعەیب کوڕی میسمی تمار و حمرانی کوڕی ئەعیون و ئەبو بەصیری

---

(١) الكليني، الكافي ١/٢٤١.

(٢) النوبختي، فرق الشيعة ٦٢، المفيد، الإرشاد، ٢٦٨، الأصفهاني، مقاتل الطالبيين ١٦٧.

موورادی) بانگەشەی ئەوەیان کرد: (ئیمامەت لەلایەن خواوە پێویست کراوە، ئیمامەتیش تەنها لەناو ئال و بەتدایە، پشتاو پشت دەستاو دەستی پێ دەکرێت لە ڕەچەڵەکی حوسەین بە شێوەیەکی ستوونی تا دوارۆژ، ئیمامەت تەنها بە دەق یان ڕاسپاردن یاخود غەیب زانین دەچەسپێت)[1]. ئەمانە ئەم بۆچوونانەیان بەجۆرە نهێنی بوونێك دەپێچا و دەشیان وت کە ئیمامەکان ئەمەیان بە نهێنی بەوان ڕاگەیاندووە، بەپێچەوانەی ئەو قسانەی بە ئاشکرا دەیانکرد، ڕەتکردنەوەی ئەم تیۆرەشیان بە خۆپاراستنیان و توقییە ڕاڤە دەکرد.

## فەلسەفەی پارێزراوی

ئەم زانا کەلامییانە لە دەستپێکی هەنگاوی بنیاتنانی تیۆرەکەیان (ئیمامەت) لە بابەتی پێویست بوونی (پارێزراوی) ئیمام (سەرۆك یان خەلیفە یاخود حوکمڕان) دەستیان پێکرد، ئەمەش بە پشت بەستن بە زاراوەی گوێڕایەڵ بوونی ڕەها بۆ حوکمڕان و کاربەدەست، هەروەها گوایە گوێڕایەڵ بوونی ڕێژەیی دروست نییە[2] بۆ کەسی ئیمام و حوکمڕان. حوکمڕانە ئەمەوییەکانیش کاریان دەکرد لەسەر برەودان بەو زاراوەو جۆرە تێگەیشتنە، داواشیان لە موسڵمانان دەکرد لە چاك و خراپدا بەڕەهایی گوێڕایەڵیان بن، ئەمەش وای کرد کە زانا فەیلەسوفە ئیمامییەکان و زانا کەلامییەکانیان

---

(1) الكليني، الكافي ١٧٤/١، الطبرسي، الإحتجاج ١٤١/٢.

(2) واتە: دەبێت بەڕەهای لە خێرو خراپەدا لە فەرمانی حوکمڕان دەرنەچیت. ئەمەش زۆر سەیرو نامۆیە: چونکە گوێڕایەڵی کەسێك دروست نییە کە فەرمان بە خراپە و تاوان بکات. (وەرگێڕ).

بکەونە ناو گومانی تێکگیران سەبارەت بە پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ خودا کە ئەویش فەرمان بە گوێڕایەڵ بوون دەکات بۆ حوکمڕانان، هەروەك لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴾ النساء: ٥٩. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردارو و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرو حوکمڕانەکان بکەن کە لە خودی خۆتانن). هەروەها پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ حوکمڕانان بەشێوەیەکی ڕەها تەنانەت لە گوناهو تاوانیشدا! جا زانا کەلامییەکانی ئیمامی وتیان پێویستە ئیمام (ئیمامی ڕەها) (لەلایەنی خوداوە پارێزراو بێت) تا فەرمان بە تاوان و خراپە نەکات و موسڵمانانیش نەخاتە ناو کێشەی تێکگیران لە نێوان گوێڕایەڵی خۆی و سەرپێچی خودا، یاخود موسڵمانەکە نەکەوێتە ئەو حاڵەتەی کە ئەگەر بە فەرمانی حوکمڕان بکات تاوان دەکات کەچی تاوان کردن سەرپێچی خودایە و هەر خوداش فەرمانی کردووە موسڵمان گوێڕایەڵی حوکمڕان ببێت[1].

سەرباری کێشەی گوێڕایەڵ بوون و پێویست بوونی ئەوەی حوکمڕان و دەسەڵاتدار پارێزراو بێت، هەندێك لە زانا کەلامییەکانی شیعە بانگەشەی ئەوەیان کرد کە موسڵمانان ناتوانن ڕاستەوخۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ قورئاندا بکەن و سوودی لێ ببینن، بەڵکو وتیان پێویستە ڕاڤەکارێکی قورئانی پیرۆز هەبێت کە زانستەکەی لە خواوە وەرگرتبێت[2]. هەروەها ڕێگەی کۆشش (ئیجتهاد)یان ڕەتکردەوە بۆ بەدەستهێنانی زانستی شەرعی[1]. هەندێك لە زانا ناوبراوەکان بۆچوونیان وابوو کە پێویستە چەند مەرجێکی تریش لە ئیمامدا

(١) الطوسي، التلخيص الشافي ١٩٢/١.
(٢) الكليني، الكافي ١٦٩، المرتضى، الشافي ١/ ١٤_١٥.

بێنەجێ، ئەویش ئەوەیە دەبێت ئیمام باشترین کەس بێت لە ناو موسڵمانان، پێشیان وابوو لەکاتی ئامادە بوونی کەسی باشتر ئەوا ئیمامەتی کەسی باش دروست نییە[١].

پاش دانانان بەوەی ئیمام، ئیمامی ڕەها دەبێت پارێزراوو باشترین کەس بێت، هەروەها بە دروست دانەنانی ئیمامەتی کەسی باش لەکاتی ئامادەبوونی کەسی باشترو کەسی نەزان و ئەو کەسەش کە پارێزراو نییە، بەم پێیە تەنها ڕێگە بۆ ناسینی ئیمام بریتییە لە ڕێنوێنی خوایی، جا بیری ئیمامی هەڵسا بە لادانی شورا وەك ڕێگەیەك بۆ دەستنیشان کردنی ئیمام، تا دەق یاخود ڕاسپاردن یان غەیب زانین جێگای شورا بگرێتەوە، کە ئەم شتانەش جێگای شورایان گرتەوە ئەوا ئەو ئیمامە سەرپشکە کە لەلایەن خوداوە دەستنیشان کراوە جیا دەکرێتەوە لە مرۆڤەکانی تر[٢].

شەریفی مورتەزا دەڵێت: (ئەگەر چەسپا کە ئیمام زاناو شارەزای هەموو حوکمەکانە، ئەو کاتە ئەستەمە ئیمامەت بە دەستنیشان کردن بێت بەڵکو دەبێت دەقی لەسەر هاتبێت و دیاریکرا بێت... هەروەها ئەگەر چەسپا ئیمامی ئێمەیە لە گشت زانست و حوکم و بوارەکانی ئاییندا، ئەو کاتە دەبێت لە هەر هەموومان باشترو پایەدارتر بێت، جا بۆ ئەوەی باشترو پایەدارتر بوونی بچەسپێت پێویستە دەقی لەسەر هەبێت، چونکە ناتوانرێت بە دەستنیشان کردن و هەڵبژاردن باشترین دەستنیشان بکرێت)[٣]. زیاتر دەڵێت: (بزانە

---

١) هەمان سەرچاوە ٢٣٦/١.
٢) هەمان سەرچاوە ١٩٩/١_٢١١.
٣) المفيد، الثقلان ١٦٩.
٤) المرتضى، الشافي ١٧/٢ و ٤٢.

بۆچوونمان لەسەر پێویست بوونی دەق، ئەوەیە پێویستە هەبێت و هیچ شتێك لە بابەتی ئیمامەتدا جێگای دەق ناگرێتەوەو، هەروەك خرایەڕوو، ئەمەش تەنها بەسە بۆ پوچەڵ کردنەوەی دەستنیشان کردن و هەڵبژاردن، چونکە هەر شتێك بەخودی خۆی بوونی دەق پێویست بکات ئەوا دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنیش پوچەڵ دەکاتەوە)[1].

پاش ئەوەی بیری ئیمامی یاسای شوراو هەڵبژاردنی پوچەڵ کردەوە، ئەوا دەچێتە سەر پێویستی هەبوونی دەقێکی خوایی لەسەر ئیمام، چونکە ئەم دەقە تاکە ڕێگەی ناسینی ئیمامە، دواتر بیری ناوبراو ئیمامەت کورت هەڵدێنێت لە ئیمامە پارێزراوەکانی ئالوبەیت، کە ئەمانەن: عەلی کوڕی ئەبو تالیب و حەسەن و حوسەین و ئیمامەکان لە ڕەچەڵەکی حوسەین (ئەوانەی خوای گەورە وەك ڕابەرو سەرکردەی بەندەکانی دیاری کردوون تا دوارۆژ). بەڵام بیری ئیمامی دەستەوەسانە لە ئاست سەلماندن و چەسپاندنی دەق لەسەر ئیمامەتی دوازدە ئیمامەکان، بەتایبەت عەلی کوڕی حوسەین، کە بازنەی پەیوەند نێوان حوسەین و سەرجەم نەوەکانی تا دوارۆژ پێك دێنێت. هەر بۆیە بیرەی ناوبراو پەنای برد بۆ هۆکارو ئامرازی تری جگە لە دەق بۆ چەسپاندنی ئیمامەتی ئیمامەکانی تر، ئەم هۆکارو ئامرازانەش ئەمامەن: ڕاسپاردن (الوصية) و عەقڵ و غەیب زانین (المعاجز) و چەند شتێکی تری هاوشێوەی ئەمانە[2].

---

(١) المرتضى، الشافي ٤/٦.

(٢) المفيد، الإرشاد ٢٧٨_٢٧٩، الحلي، نهج البلاغة ١٦٨.

## کورتهەڵهێنانی ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی حوسەیندا

شیعە سەرەتاییەکان ڕاجیابوون لەبارەی بابەتی درێژ بوونەوەی ئیمامەت لە هەردووماڵی حەسەنی یاخود حوسەینی، هەندێکیان وەك جارودییەکان وتویان: فەرموودەی (دووشتە گرانبەها و دەگمەنەکە: الثقلین[١]) هەردوو ماڵەکە بەگشتی دەگرێتەوە، ئینجا جارودییەکان تیۆرەکەیان بنیاتناوە لەسەر ئەوەی ئیمامەت دروستە بۆ نەوەکانی حەسەن و حوسەین، بە بەڵگەی فەرموودەکە[٢]. هەندێك کەس منداڵەکانی حەسەنی بە باشتر داناوە لە منداڵەکانی حوسەین، تەنانەت بۆچوونیشیان وابووە کە ئیمامی مەهدی چاوەڕوانکراو لە نەوەی حەسەنە. تاقمی سێیەم بێ ئەوەی بەڵگەی ئاشکراو ڕوونیان بەدەست بێت وتیان ئیمامەت کورت هەڵهاتووە لە ڕەچەڵەکی حوسەیندا. هیشامی کوڕی سالمی جەوالیقی بانگەشەی ئەوەی کردووە گوایە پرسیاری لە ئیمام جەعفەری صادق کردووە لەبارەی ئەوەی چۆن ئیمامەت لە نەوەکانی حوسەین بەردەوام بوو لە دوای خۆی و بۆچی لە نەوەکانی حەسەندا بەرپا نەبوو؟... لە وەڵامدا وتی: (خوای گەورە پێی خۆش بوو کە ڕێسا و یاسای موسا و هارون لە حەسەن و حوسەیندا بەردەوام بێت، ئایا نایبینیت کە

---

١) ئیبن ئەسیر لەبارەی وشەی (ثقل)ەوە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (إني تارك فيكم الثقلين كتاب الله وعترتي) واتە: من دوو شتی دەگمەن و گران لە ناوتان بەجێ دەهێڵم: کتێبی خواو و خزمە هەرە نزیکەکانم. بۆیە پێغەمبەر (ﷺ)بە (ثقلین) ناوی بردووە چونکە دەست پێوەگرتنیان و کار پێکردنیان گران و سەختە، هەر شتێکیش مەترسیدارو دەگمەن بێت پێی دەوترێت (ثقل)، بۆیە ئەو ناوەی لێناوە تا پلەو پایە و گەورەییەکەیان دەربخات. سەیری: (النهاية في غريب الحديث والأثر لإبن الأثير تحقيق الشيخ خليل مأمون شيحا، دار المعرفة، ٢٠٠٩م، ١/٢١٣ مادة ثقل). (وەرگێڕ).

٢) المفيد، الثقلان ١٠.

موسا و هارون بەشدارن لە پێغەمبەرایەتی دا وەك چۆن حەسەن و حوسەین بەشدارن لە ئیمامەتدا)[١]. بەڵام هەر بەردەوام شیعە پرسیاریان دەکرد لەبارەی نهێنی کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی حوسەیندا کەچی کوڕو نەوەکانی حەسەن بەکردار ڕابەرایەتی شیعەیان کرد و مەشخەڵی چەندین شۆڕشیان لێرەو لەوێ هەڵکرد[٢]. عەبدوڵای کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەن کورت هەڵهێنانی ئیمامەتی لەماڵی حوسەیندا بە ناپەسەندی دادەنا، بە ڕەخنە گرتنەوە دەیگوت: (چۆن بوو ئیمامەت کورت هەڵهات لە نەوەکانی حوسەیندا و نەوەکانی حەسەن لێی بێ بەش کران، کەچی حەسەن و حوسەین گەورەی گەنجانی بەهەشتن؟! لە پلەو پایەدا وەك یەکن، تەنها ئەوە نەبێت حەسەن چاکەی گەورەتر بوونی بەسەر حوسەیندا هەیە، کەواتە وا پێویست بوو ئیمامەت لە گەورەترەکەدا کورت هەڵبهێنرێت)[٣].

## جێگرتنەوە و پشتاوپشتی ستوونی

سەربارى ئەمە ئیمامییەکان وتیان ئیمامەت لە نەوەکانی حوسەین پشت بە پشت بەشێوەیەکی ستونی تا دوارۆژ بەردەوام دەبێت، لە گەورەوە بۆ گەورە دەبێت، دروست نییە لە براوە بۆ برا یان لە مامەوە بۆ کوڕی مام بگوازرێتەوە[٤]. کلینی و صدوق و موفید و توسی چەندین فەرموودەیان لە

---

١) الصدوق، إكمال الدين ٤١٦.

٢) الصدوق، إكمال الدين ١٢٠.

٣) الصدوق، إكمال الدين ٢١٠.

٤) الصدوق، علي بن بابويه، الإمامة والتبصرة من الحيرة ١٧٧، المفيد، الرسائل العشر، مختصر من الكلام على الزيدية ١٥٧.

ئیمامی صادقەوە گێڕاوەتەوە کە ئاماژە دەکەن بۆ یاسای پشتاو پشت کردنی ئیمامەت و بەردەوام بوونی لە پشت بۆ پشت و نەوەی نەوەکان و بەم شێوەیە بۆ هەتا هەتایی و تا ڕۆژی دوایی[1].

## بەردەوام بوونی ئیمامەت تا ڕۆژی دوایی

پاش لەکارخستنی سیستەمی شورا لەلایەن فەیلەسوفەکانی تیۆری ئیمامەتی خوایی، وەك ڕێگەیەك بۆ هەڵبژاردنی ئیمام، ئەوا پێویست بوو ئەو تیۆرە درێژ بکرێتەوە هەر لە ڕۆژی کۆچی دوایی پێغەمبەری مەزن(ﷺ) تا دوارۆژ، سنووردار نەبێت بە ماوەیەکی دیاریکراو. ئا لێرەوە هیشامی کوڕی حەکەم لە گفتوگۆکەیدا لەگەڵ زیرار وتی: (پێویستە لە گشت سەردەمێکدا یەکێك هەبێت ئەم سیفەتەی "سیفەتی پارێزراوی" تێدا بێت تا کاتی بەرپابوونی دوارۆژ). جا ئەبو بصیر لە ئیمامی باقرەوە گێڕاویەتیەوە: (ئیمامەت لە منداڵەکانی عەلی و فاتیمەدا دەبێت تا بەرپابوونی دوارۆژ)[2]. هەروەها ئیسحاقی کوڕی غالب لە صادقی گێڕاوەتەوە: (... هەر کە ئیمامێك چوو ئەوا ئیمامێکی تر لە دوای خۆی بۆ بوونەوەر دیاری دەکات)[3].

لە ڕاستیدا هیچ لیست و خشتێکی پێش وەختە نەبوو کە ناوی ئەو ئیمامانەی تیادا بێت کە لە ئایندەدا دێن، بەڵکو ئەم کێشەیە بۆ کات

---

(1) الكليني، الكافي ١/٢٨٦، المفيد، الإرشاد ٢٨٩، الصدوق، إكمال الدين ٤١٤، الطوسي، الغيبة ١١٨.

(2) الصدوق، إكمال الدين ٢٢٢.

(3) الكليني، الكافي ١/٢٠٤، الصدوق، إكمال الدين ٢٤٥، الصدوق، عيون أخبار الرضا ١/٢٦١ و ٢/١٣١، العطاردي، مسند الرضا ١٠٨.

بــەجێهێڵرابوو، چــەندین فــەرمووده هــەن کــە دەڵــێن: ئیمامــەکان پێشــتر نەیانــدەزانی کــێ لــە دوای ئــەوان جێگایــان دەگرێتــەوە، بــەڵکو لــە ســاتە کۆتاییەکانی ژیانیان ئەمەیان دەزانی، هەروەك صفار لە صادقەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێــت نــاوبراو وتویــەتی: (ئیمــامی پێشــوو نامرێــت تــا خــودا ئــەوەی پــێ نەناسێنێت کە ڕایدەسپێرێت، ئیمامی دواتـر لـە دوایـین سـاتی ژیـانی ئیمامی پێشتر بە ئیمامەتی خۆی دەزانێت)[1].

بــە لەبەرچــاو گرتنــی ئــەوەی لیســتێکی پێشــوەختە نــەبوو کــە نــاوی ئیمامــەکانی تێــدا بێــت، پێشــتر ئامــادە کرابێــت، بــەم پێیــە دۆســیەی ناســینی شــوناس و پێناســی ئیمــامی نــوێ بــە دۆســیەیەکی گــرنگ دادەنــرێ لەلایــەن ئیمامییەکان. بەردەوام پرسیاریان لە ئیمامەکان دەکرد لـەبارەی خەسڵەتەکانی ئەو ئیمامانەی کە لە ئایندەدا دێن. ئیمامـەکانیش وەڵامیـان دەدانـەوە بـە بـاس کردنی نیشانەکانیان بەبێهێنانی ناوەکانیان، بۆ نمونە ئەم نیشانانەیان بـۆ بـاس دەکرد: ئارامی، ڕێزدارو شکۆمەند، زانست، گەورەیی، ڕاسپاردن[2]. زۆربـەی کـات ئیمامـەکان ئـەو نیشـانانەیان بـەوان دەوت[3]. هـەروەها چـەندین فـەرموودەش هەن ئاماژە بەوە دەدەن کە دەکرێـت شیعە ئیمـام نەناسێت، جـا فـەرموودەکان نەخشە ڕێگا بۆ شیعەکان دادەنێن لەو بارودۆخانەی کە ئـەوان ئیمـام نـا ناسـن، بۆ نمونە: دەست گرتن بە ئیمامی یەکەوە تا ئیمامی دواتر دەردەکەوێت[4].

---

(1) الصفار، بصائر الدرجات ٤٧٣_٤٧٤ و ٤٧٧_٤٧٨.

(2) الصفار، بصائر الدرجات ٤٨٩، إبن بابويه الصدوق، الإمامة والتبصرة من الحيرة ٢٢٦، الكليني، الكافي ١/٢٨٤، الصدوق، الخصال ١١٦.

(3) الصفار، بصائر الدرجات ٢٣٦ و ٢٣٩.

(4) الكليني، الكافي ١/٣٤٢، الصدوق، إكمال الدين ٣٤٨ و ٣٥٠_٣٥١.

کلینی و صدوق و موفید فەرموودەیەکی لە عیسای کوڕی عەبدوڵای عەلەوی عمری گێڕاوەتەوە، ئەویش لە عەبدوڵای کوڕی جەعفەری کوڕی موحەممەدی گێڕاوەتەوە، وتی پێم وت: (بە قوربانت بم: ئەگەر بارودۆخێك هاتە پێش و خودا ئیمامی پێ نەناساندم من دەست بە کێیەوە بگرم و شوێن کێ بکەوم؟ وتی: ئاماژەی کرد بۆ موسا، وتم: ئەگەر موساش ماڵئاوایی کرد شوێن کێ بکەوم؟ وتی: کوڕەکەی موسا، وتی: ئەگەر کوڕەکەی موساش کۆچی دوایی کرد و لەو کاتەدا برایەکی گەورەو کوڕێکی بچوکی مابوو من شوێن کامەیان بکەوم؟.. وتی: شوێن کوڕەکەی، بەم شێوەیە بۆ هەتا هەتا، وتم: ئەگەر نەمناسی و شوێنکەی ئەوم پێ نەزانی چی بکەم؟.. وتی: بڵێ خوایەگیان من پشتیوانی ئەو بەڵگانەت دەکەم کە لە دوای ئیمامی ڕۆیشتوو ماون. ئەم نزایە بەسە بۆت)[1].

## نهێنی بوونی تیۆری ئیمامەت

بێگومان تیۆری ئیمامەتی خوایی لەسەر پارێزراوی و دەق دامەزراوە، پێشتر بڵاو و ناسراو نەبوو لەلایەن ناوەندەکانی شیعە یان لەلایەن خودی ئالوبەیت لە سەدەی یەکەمی کۆچی، تەنانەت ئەم تیۆرە هەر شوێنەواری نەبوو لە شاری مەدینە، بەڵکو تیۆری ناوبراو لە ژێرخاکی شاری کوفە لە سەرەتای سەدەی دووەمچەکەرەی دەکرد، ئەو زانا کەلامییانەی شیعە کە ئەم تیۆرەیان داهێنا بە کۆمەڵێك توقیە و شاردنەوە پێچا بوویان[1]. جا لەبەر ئەوەی ئیمامەکانی ئالوبەیت تیۆری ئیمامەتی خوایی و غەیب زانینیان ڕەت

---

(1) الكليني، الكافي ١/٨٦، الصدوق، إكمال الدين ٣٥٠، المفيد، الإرشاد ٢٨٩.

دەکردەوە، ئەوا زانا کەلامییەکانی شیعە ناوی "خۆپارێزی: توقیە"یان لەم بارودۆخە و ڕەتکردنەوەیە دانا. ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو تێکگیرانە ڕاڤە بکات کە لە ناو قسە و ژیاننامەی ڕوونی ئیمامەکانکە لەسەر شوراو زانستی ئاسایی بنیاتنرابوو لەگەڵ بانگەشەی (ئیمامەتی خوایی کە لەسەر دەق دیاری کران و زانستی غەیبی خوایی دامەزرابوو)، کە ئیمامییەکان ئەمەیان بە نهێنی دەدایە پاڵ ئالوبەیت.

---

() الكليني، روضة الكافي ١٠.

## تیۆری ئیمامەت لە بەردەم ڕووبەڕوو بوونەوەدا

### ڕەخنە گرتن لە تیۆری پارێزراوی

زۆر نەمابوو تیۆری ئیمامەت لە دایك ببێت، کەچی لە بەردەم کۆمەڵێك ڕووبەڕوو بوونەوەو تەحەدا خۆی بینیەوە، کە تیۆرەکەی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت و یەکلاکەرەوە، ئەم تاقیکردنەوەیە سەلماندی کە ئەم تیۆرە نەشیاو و ئەستەمە، چونکە لەلایەك بەهۆی بە مەرج دانانی (پارێزراوی) بۆ ئیمام، کە تەنانەت تیۆرەکە لەسەر ئەو مەرجە دامەزراوە، کە مەرج و بنەمایەکی داهێنراوە، لەلایەن ئالوبەیت و شیعە بەشێوەیەکی گشتی ڕەتکراوەیە، لەبەر ئەوەی فەلسەفەی (پارێزراوی) بنیاترابوو لەسەر گوێڕایەڵ بوونی ڕەها بۆ حوکمڕان، بەڕەوا دانەنانی گوێڕایەڵ بوونی ڕێژەیی، بۆ نمونە: نابێت فەرمانی حوکمڕان ڕەت بکرێتەوە ئەگەر فەرمانی بەتاوان و خراپە کردبەڵکو دەبێت بە گوێی بکرێت، پێویستە ئیمام ڕاست بکرێتەوە کاتێك تاوانی کرد و لە ڕێی لادا. ئا ئەمە ئەو بنەمایە بوو کە ئەمەوییەکانییش کاریان دەکرد لەسەر بڵاوکردنەوەی و داواشیان لە موسڵمانان دەکرد لەسەر ئەم بنەمایە بە شێوەیەکی ڕەها لە خێرو خراپەدا گوێڕایەڵیان بن، ئەمەش وای کرد فەیلەسوفە ئیمامییەکان بکەونە ناو گێژاو و گومانی تێکگیرانی گوێڕایەڵی خودا، کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرمان دەکاتگوێڕایەڵ بوون بۆ حوکمڕانان: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴾النساء: ٥٩. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردارو و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرو حوکمڕانەکان بکەن کە لە خودی خۆتانن). هەروەها پێویستی گوێڕایەڵ بوون

بـە وێنەیـەکی ڕەهـا بـۆ حوکمڕانـان ئەگـەر لـە خراپـە و قەدەغەکراوەکانیشـدا بێت[1].

ئـەوەی جێگـای سـەرەنجە، گوێڕایـەڵی ڕەهـا بـۆ حوکمڕانـان هـەرگیز لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا نەچەسـپاوە، کـە دەکرێـت مانـای گوێڕایـەڵ بـوونی ڕێـژەیی بگەیەنێت، بەڵکو نەریت و عـەقڵ و ئایەتـەکانی تـری قورئـانی پیرۆزیـش هـەر فـەرمان دەکـەن بـە گوێڕایـەڵی ڕێـژەیی و جـەخت دەکەنـەوە لەسـەر بنـەمای: (گوێڕایـەڵی کەسـێك ناکرێـت کـە فـەرمان بـە سەرپێچـی کردنـی خـوا بکـات). هەرچـەندە ئایـەتی (حـوکمڕان و کاربەدەسـتان: أولـي الأمـر) جێبـەجێ دەبـوو لەسەر ئەو حوکمڕان و کاربەدەست و سەرکردانەی پێغەمبـەری خـوا لـە ژیـانی خۆیدا دەستنیشانی دەکردن، ئـەوا موسـڵمانانی سـەرەتا وا تـێ نەدەگەیشـتن کـە ئایەتی ناوبراو مانای گوێڕایەڵ بوونی ڕەهـا بـۆ ئیمـام دەگەیـەنێت لـە چاکە و خراپەدا، جارێك پێغەمبەر کۆمەڵێك لە موسڵمانانی وەکدەسـتەی سـەربازی بـە سـەرۆکایەتی پیاوێـك ڕەوانـەکرد، لـە ناوەڕاسـتی ڕێگاکـە سـەرۆکی دەسـتەی نێردەکە ئاگرێکی هەڵگیرساند و داوای لـە کۆمەڵـە موسـڵمانەکە کـرد بچنـە نـاو ئاگرەکـەوە، بـەڵام کۆمەڵـە موسـڵمانەکە ئـەم فرمانـەیان ڕەتکـردەوە، سـەرۆکی دەسـتەکە داوای لێکـردن فەرمانەکـەی جێبـەجێ بکـەن، بـەڵام موسـڵمانەکان وتیان: ئێمە لەبەر ئاگر هەڵاتین چۆن بچینە ناویەوە. جا موسڵمانانی سـەرەتا لە سنووری نەریت و عەقڵ و شەرعدا لە گوێڕایـەڵ بـوون تێگەیشتبوون، نـەك لــە دەرەوەی ئــەم ســنوورە. جــا موســڵمانەکان گەڕانــەوەو ئــەو کــارەی سـەرکردەکەیان بـە پێغەمبـەر ڕاگەیانـد، پێغەمبـەر هەڵوێسـتە عەقڵانییەکـەی

---

[1] الکراجکي، کنز العرفان ٤٤٩، الطوسي، تلخیص الشافي ١/١٩٢، الحلي، منهاج الکرامـة في إثبـات

کۆمەڵـە موسـڵمانەکەی پەسـەند کـرد و ئاگـاداری کردنـەوە بـەوەی کـە پێـی فەرموون: ئەگەر چووبانە ناو ئاگرەکە ئەوا هەر تیایدا دەمانەوە.

ئەمەش یارمەتی ئەوە دەدات کە دەکرێت تێگەیشتنی ڕێـژەیی هـەبێت بـۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لە سنووری عەقڵ و نەریت و ژیاننامەی پێغەمبەرو شەرعدا، نابێت تێگەیشتنەکەیان تێگەیشتنێکی ڕەهاو بـەردەوام بێـت، تەنانـەت لەو بارودۆخانەش کە تێگەیشتنەکە لەگەڵ حوکمە عەقڵی و شـەرعییەکانی تـر تێکدەگیرێت.

جـا ئەگـەر تێگەیشـتن و گوێڕایـەڵ بـوونی ڕەهـا ڕەتکرانـەوەو بـەڵکو سیسـتەمی ڕێـژەیی چەسپا، ئـەو کاتـە پێویست ناکـات پـارێزراوی بـە مـەرجی ئیمامەت دابنێین، موسڵمانانیش دەتوانن سەرکردەیەك بۆ خۆیان هەڵبژێرن لە سـەر بنچـینەی دادپـەروەری دیـارو ئاشـکراو پارێزگـاری و لێهـاتوویی، تـا سـەرکردەکە ئایینیـان بـۆ جێبـەجێ بکـات و فـەرمانیان پـێ بکـات بـە چاکە و ڕێگریـان لـێ بکـات لـە خراپـە. جا ئەگـەر ئـەم سـەرکردە (ئیمـام)ە لایـدا ئـەوا موسڵمانان مافی سەرپێچی کردن و فـەرمان شـکاندن و لابردنـی سـەرکردەکەیان هەیـە لـە پۆسـتی سـەرکردایەتی (ئیمامـەت)، لـەو بارودۆخەشـدا خـوای گـەورە لەسـەر موسـڵمانانی پێویسـت نـەکردووە گوێڕایـەڵی سـەرکردە لادەرەکـە بـبن. بـەڵام زانـا کەلامییـەکانی ئیمـامی تێگەیشـتنی ڕێـژەییان بـۆ ئایەتەکـە ڕەت کـردەوەو وتیـان تێگەیشـتنەکە دەبێـت ڕەهـایی بێـت، بـەم پێیـەش تیۆرەکـەیان لەسـەر بنچـینەی پـارێزراوی بنیاتنـا، پاشـانیش هەڵسـان بـە تـەنین و چـنینی سەرجەم بۆچوونەکانیان لەسەر بنچینەی ناوبراو[1].

---

الإمامة ٥١، نهج الحق ١٦٤.

(1) الصدوق، إكمال الدين ٣٦٢_٣٦٨، المفيد، شرح العقائد الصدوق ١٠٦، والنكت العقائدية

خودی ئالوبەیت بـە توونـدترین شـێوە تیـۆری (پارێزراویـان) ڕەتکـردەوە، لەبـەردەم جـەماوەردا ڕاشـکاوانە دەریـان بـڕی کـە ئـەوان خـەڵکێکی ئاسـایین و دەکرێت هەڵە بکەن و دەشـکرێت ڕاسـت بپـێکن و پـارێزراویش نـین لـە گونـاهو تاوان، داواشیان لە خـەڵك دەکـرد تـا ڕەخنـەیان لێبگـرن و ڕێنموونیـان بکـەن و هەڵوێستی دژیان هـەبێت لەبەرامبـەر هـەر هەڵەیـەك کـە ئـەنجامی بـدەن، یـان خـوا نـەکات هـەر فـەرمانێك بـە خراپـە بکـەن. مـیری بـڕواداران ئیمـامی عـەلی کوڕی ئـەبو تاڵیـب لـە مزگـەوتی شـاری کوفـەدا وەسـتاو وتـی: قسـە لەگـەڵ مـن مەکـەن وەك ئـەوەی لەگـەڵ سـتەمکارو دەسـەڵاتدارەکان دەیکـەن، وا هەسـتیار مەبن لەگەڵم وەك چۆن هەستیارانە ڕەفتار لەلای کەسانی دەستپێشخەر دەکەن و بە زۆری و ناچاری خۆتان وا دەرمەخەن کە لەگـەڵم تێکـەڵن، وا مـەزانن مـن بە بیستنی ڕاستی دڵگران دەبم، هەرگیز بە دوای بە گەورە گرتنی خۆمـدا نـابم لە شتێکدا شیاوی مـن نـەبێت، چـونکە هـەر کەسـێك دڵگـران بێـت بـە بیسـتنی ڕاسـت و بـەڕوودا خسـتنەڕووی دادگـەری ئـەوا کـارکردن بـە ڕاسـتی و دادگـەری لەسەر ئەو کەسـە زۆر گـران و سـەختتر دەبێـت، دەسـت هـەڵ نـەگرن لـە وتنـی ڕاستی و شورای دروست، من لەو ئاسـتەدا نـیم کـە لـە هەڵـەکردن بـەرزتر بم و دڵنیـاش نـیم لـە کردەوەکانمـدا لـەوەی بـە هەڵـەدا نەچـم، مەگـەر خـودا لـەو شتانەی دەروون و نەفسم بمحەسـێنێتەوە کـە هـەر ئـەو دەسـەڵاتی لـەم زیـاترە بەسەریدا. بێگومـان مـن و ئێـوە بەنـدە و مـوڵکی پـەروەردگارین کـە جگـە لـەو خوایەکی تر نییە ئەو شتانەی ئێمە دەسەڵاتمان بەسـەردا نییـە ئـەو دەسـەڵاتی بەسەردا هەبێت، هەر خـوای گەورەیـە ئێمـە لـە بـارودۆخی پێشـوودا هێناوەتـە

٤٨_٤٩، الحلي، كشف المراد ٣٦٥، المجليسي، بحار الأنوار ٢٩١/١١.

ئـەو بارودۆخـە کـە شـیاومانە، جـا ڕێنـوێنی لـە دوای گـومڕای پێبەخشـین و بەرچاوڕوونی دوای نابینایی بە ئێمەی بەخشی[1].

ئیمـامی صـادق وتویـەتی: (سـوێند بـەخوا ئێمـە تـەنها بەنـدەین و هیچـی تـر... توانـای سـوود و زیـان گەیانـدنمان نییـە، ئەگـەر خـوا بـەزەیی بـە ئێمـەدا هاتووەوە ئەوە لە میهرەبانی خۆیەتی، ئەگەر ئێمەشی سزادا ئەوا بەهۆی تـاوانی ئێمەوەیــە، ســوێند بــەخوا هــیچ بەڵگەیــەکمان لەســەر خــوا نییــە و هــیچ پاکانەیەکی خوایمان پێ نییە، ئێمەش بەهەمان شێوەی کەسانی تـر دەمـرین و لەگۆڕ دەنرێین و پارچە بڵاوەکانی لەشمان کۆدەکرێنەوەو زیندوو دەکرێینەوەو بەرپرسیاریشـین... ئێـوە شـایەت بـن مـن کەسـێکم نـەوەی پێغەمبـەرم و هـیچ پاکانەیەکم لە خواوە پێ نییە، ئەگەر گوێڕایەڵ بووم خـوا بـە مهرەبـانی خـۆی لەگەڵم دەکات، هەروەها ئەگەر سەرپێچیشم کرد ئەوا بـە سـزایەکی زۆر توونـد سزام دەدات)[2].

## قەیرانی گۆڕانی ویستی خوا (البداء)

لــە ڕووێکــی تــرەوە تیــۆری تــازە لــە دایــك بــوو و ســاوای ئیمامــەت لــە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی دووچاری شکستێکی سەخت بووەوە، ئەمەش لـەو کاتـەی (ئیسـماعیلی کـوڕی جەعفـەری صـادق) کۆچـی دوایـی کـرد، پێشـتر ئیمامییــەکان لــە شــاری کوفــە لــە دەوری ئیســماعیل کۆببوونــەوەو لــە بــاوکی ناوبراویان گێڕاوەتەوە: کە وتویەتی لە دوای من ئیسماعیل شوێنگرو خەلیفەی

---

(1) سەیری تەواوی وتارەکە بکە لەمانەدا: روضة الكافي للكليني ٢٩٢_٢٩٣، بحار الأنوار للمجليسي ٣٠٩/٧٤.

(2) الكليني، الكافي، الروضة ٣١٢، الحر العاملي، إثبات الهداة ٧٧٠.

منە، جا هێشتان ئیمامی صادق هەر مابوو کاتێك ئیسماعیل کۆچی دوایی کرد بەمەش دەرکەوت کە دەستنیشان کرانی ئیسماعیل لەلایەن خواوە نەبووە، ئەگەر ناوبراو لەلایەن خواوە دەستنیشان کرابووبا ئەوا نەدەبوو پێش باوکی بمرێت یاخود ئیمام کەسێك ڕادەسپێرێت کە خوا پێی ڕاگەیاندبێت کە نامرێت و دوای ماڵئاوایی ئیمامی پێشوو ئەو دەمێنێت.

دوای ئەم ڕووداوە ئیمامی صادق ڕەتی کردەوە پێناسی ئیمامی دوای خۆی دیاری بکات، جا زورارەی کوڕی ئەعیون کۆچی دوایی کرد بێ ئەوەی پێناسی ئیمامی نوێ بزانێت، ناوبراو یەکێك بوو لە هاوەڵە هەرە گەورەکانی ئیمام باقر و ئیمام جەعفەری صادق، زرارە قورئانی پیرۆزی لەسەر سینگی دانا و وتی: خوایەگیان شایەت بە من شوێن ئەو کەسە دەکەوم کە ئەم قورئانە ئیمامەتەکەی بچەسپێنێت[1]. بەڵام زۆربەی شیعەکان وتیان عەبدوڵای ئەفتەحی کوڕی صادق ئیمامە، بەوپێیەی گەورەترین کوڕی ئیمامی صادق بوو[2]. خەریك بوو یەکدەنگی شیعە بە دەست بێنێت سەرباری ئەوەی دەقێکی ڕوون و ڕاشکاو لەسەر ئیمامەتی عەبدوڵا لەلایەن صادقی باوکییەوە نەهاتبوو[3]. کەچی عەبدوڵا بە چل ڕۆژ دوای ماڵئاوایی باوکی ئەویش کۆچی دوایی کرد، بێ ئەوەی منداڵێك لە دوای خۆی جێبێڵێت و ئیمامەت لە ڕەچەڵەکەکەیدا بەردەوام بێت، ئەمەش قەیرانێکی نوێی لە ناو ڕیزی ئیمامییەکان دروست کرد کە پێیان وابوو ئیمامەت لە خواوەیە، پێویستە

---

(١) الصدوق، إكمال الدين ٧٥_٧٦.

(٢) الكليني، الكافي، الروضة ٣١٢، الحر العاملي، إثبات الهداة ٧٧٠.

(٣) الكليني، الكافي ١/٣٥١_٣٥٢، المفيد، الإرشاد ٢٩١، الصفار، بصائر الدرجات ٢٥٠_٢٥٢، الكشي، الرجال، ترجمة هشام بن سالم.

بەردەوام بێت لە پشت بۆ پێشت و نەوە بۆ نەوە تا ڕۆژی دوایی، ئەم قەیرانە وای کرد ئیمامییەکان بۆ سێ دەستەو تاقم دابەش ببن، تاقمێك كە (موسەوییەکان) بوون پاشگەز بوونەوە لە داننان بە ئیمامەتی عەبدوڵا و ناوی عەبدوڵایان لادا لە لیستی ئیمامەکان. تاقمێکی تر وتیان لە دوای عەبدوڵا ئەوا موسای برای عەبدوڵا ئیمامە، ئەمانە بە (فەتحییەکان) ناسران، ئەمانە پێکهاتبوون لە گەورە هاوەڵانی ئیمامی صادق و پاشماوەی پێشەوا دواییینەکان بوون[1].ئەم تاقمەی دووەم کە بە (فەتحییەکان) ناسران بابەتی پشتاو پشت کردنی ئیمامەت بەستوونیان فڕێدا و پشت گوێیان خست، بە دروستیان دانا دوو برا ببن بە ئیمام ئەگەر ئیمامی پێشتر منداڵی نەبوو.کەچی تاقمی سێیەم زۆر زیادەڕەوی کرد لە بانگەشە کردن بۆ ئەوەی عەبدوڵای ئەفتەح منداڵێکی بە نهێنی هەیە، وەکو توقیە شاردویەتیەوەو ناویشی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵایە و مەهدی چاوەڕوان کراوەو لە یەمەن بزرو ونبوە.

ئەم قەیران و کێشەیە بێ بنەمایی و لاوازی و ناڕوونی تیۆری دەق لەسەر ئیمامەتی دەرخست و ئاشکرای کرد، ئەوەشی دەرخست کە پرۆسەی دەستنیشان کردنی ئیمامەت سەختە یان زۆر سەختە خەڵکەکە ئەو ئیمامە بناسێت کە لەلایەن خواوە دەقی لەسەر هاتووە یاخود زۆر گرانە کۆك بن لەسەر ئیمامەتی یەکێك، دەشکرێت ئەم بۆچوونە بێتە مەیدانەوە کە کەسێك بێ ئەوەی مەرجەکانی ئیمامەتی تێدابێت ببێتە ئیمام و دواتر پاشگەز بوونەوە ڕوودات لە ئیمامەتی ئەو کەسە، وەك: عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح.

---

(١) المفيد، الفصول المختارة ٢٥٣، الإرشاد ٢٨٥ و ٢٩١، الصدوق، الإمامة والتبصرة من الحيرة ٢٠٥، النوبختي، فرق الشيعة ٧٧_٧٨، والأشعري القمي، المقالات والفرق ٨٧.

## بەڵگەی غەیب زانین و دەرئاساکان

لەبەر ئەوەی ئیمام موسای کازم بانگەشەی بۆ خۆی نەدەکرد، هەروەها هیچ دەقێکی تایبەتی لە خواوە یان لە باوکیەوە دەربارەی ئەوەوە نەهاتبوو، ئەوا ئیمامییەکان پەنایان بردە بەر چەکی غەیب زانین (المعاجز) تا بوونی پەیوەندی تایبەت لە نێوان ئاسمان و ئیمامی کازم بسەلمێنن و لەناو هەموو براکانیدا وەك میراتگری شەرعی و تاقەی ئیمامی صادق دەستنیشانی بکەن[1]. کلینی دەڵێت: (ئیمامی کازم دەیزانی کابرا کەی دەمرێت و ئەو هەواڵەشی بە هاوەڵەکانی خۆی ڕادەگەیاند، هەروەها ئەوانی ئاگادار دەکردەوە لە ئایندەکەیان)[1]. بەڵام ئەم (بەڵگە)یە دووچاری کێشە بووەوە، چونکە زۆر سەختە ئەم شتە بۆ هەر کەسێك بچەسپێنیت، بە تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی ئیمامی کازم خۆی نکۆڵی لەو شتانە دەکرد و ڕەتی دەکردەوە کە زانستی غەیبی بزانێت.

هێشتا تیۆری ئیمامەت هەناسەی هەڵنەکێشابوو لە دوای قەیرانی ڕاسپاردنی ئیسماعیل و دەرکەوتنی زانیاری نوێ لەو قەیرانەدا. و قەیرانی عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح وماڵئاویی کردنی بێ ئەوەی منداڵێکی لەپاش بەجێ بمێنێت، پاشان قەیرانی سەلماندنی ئیمامەتی کازم، هێشتان ئەمانە کۆتایی نەهاتبوون ئەوا تیۆری ئیمامەت کەوتە ناو قەیرانێکی تر کە بریتی بوو لە: کۆچی دوایی کردنی ئیمام موسای کازم لە بەندیخانەی هارون ڕەشید لە ساڵی ١٨٣ك بەوێنەیەکی ناڕۆشن، کەچی زۆربەی شیعەکانی (موسەوی) دەیان وت: ئیمام لە بەندیخانە هەڵاتووەو خۆی پەنهان کردووە و نکۆڵیشیان دەکرد لەوەی

---

(1) الكليني، الكافي ١/٢٨٥، المفيد، الإرشاد ٣٠٧.

مردبێـت. بێگومـان مردنــی کـازم بەشـێوەیەك نارۆشـن بـوو کـە پڕۆسـەی مردنەکەی لەلایـەن زۆربـەی منـداڵ و قوتـابی و هاوەڵـەکانی تێکـەڵ و پێکـەڵ ببوو[١]. هۆکاری سـەرەکی وەستانی شـیعەی (موسـەوی) لەسـەر ئیمـامی کـازم و ڕەتکردنەوەی ئیمامەتی ڕیزای کوڕی کازم ئەوەبوو کە گێڕانـەوەی گەلـەك زۆر هەبوون لەسەر مەهدیبوونی ئیمامی کازم و گەڕانەوەی پێش ئەوەی بمرێت[٢].

ئیمامییەکان لـە پڕۆسـەی چەسپاندنی ئیمامـەتی ڕیـزا دەسـتیانگرت بـەو ڕاسپاردن و وەسـیەتەی ئیمـامی کـازم کـە بـۆ نـاوبراوی کردبـوو، بـەڵام شـایەنی ئامـاژە پێدانــە کـە ڕاسـپاردە و وەسـیەتنامەکە زۆر نـا ڕۆشـن بـوو، ڕاشـکاوانە ئاماژەی نـەکردبوو بـە ئیمامـەت، بـە تایبـەت کـازم وەسـیەتنامەکەی ئاراسـتەی گشت منداڵەکانی بە ڕیزاشەوە کردبوو[٤]. لە دەرەنجامی نـا ڕۆشـنی ئـەو دەقـەی گوایە لەبارەی ئیمام ڕیزا هاتووە و لەسەردەمی ڕیزاش تیۆری ئیمامەتی خوایی لــە نــاو ناوەنــدە شـیعیەکان بڵاونــەببووەوە، ئــەوا کۆمــەڵێك لــە ســەرکردە عەلەوییەکانی تر وەك ڕابەری بزوتنەوەی شیعەی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتن وەك: (عەلی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئـەبو تاڵیـب و عەبـدوڵای کـوڕی موسـا و موحەممـەدی کـوڕی ئیبراهیمـی تەباتـەبای کوڕی حەسەنی کـوڕی حەسـەنی کـوڕی عـەلی کـوڕی ئـەبو تاڵیـب). موحەممـەد دیباجی کوڕی ئیمامی صادق خـۆی وەك (مـیری بـاوەڕداران) لـە حجـاز ناسـاند،

---

(١) الكلينى، الكافي ١/٤٨٤.

(٢) الطوسي، الغيبة ٤٧، الكليني، الكافي ج ١، الصدوق، عيون أخبار الرضا ٣٩.

(٣) الطوسي، الغيبة ٢٩_٤٠.

(٤) القرشي، باقر شريف، حياة الإمام موسى بن جعفر ٤١٠_٤١١ (نقلا عن تحفة العالم للسيد جعفر آل بحر العلوم ٢/٨٧).

ناوبراو لە دوای نوێژی هەینی بەیعەتی وەرگرت لەشەش ڕۆژ لە ڕەبیعی دووەمی ساڵی ٢٠٠ك تێپەڕی بوو، هیواشی دەخواست کە خۆی مەهدی بێت... بەڵام هەر زۆر بە پەلە شکستی خوارد و لە خەلافەت هاتە خوارەوەو بەیعەتی دایە مەئمون[١].

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە لە بەسەرهاتی موحەممەد دیباج، بریتییە لە هەڵوێستی (تاڵیبییەکان) و شیعە بەگشتی لە بەرامبەر بزوتنەوەکەی و کۆبوونەوەی خەڵکی بۆ ئەوەی بەیعەتی پێ بدەن، ئەمانە بەڵگەن لەسەر گەورەیی قەبارەی ئەو پشتیوانییەی لە ناوبراو دەکرا لە ئاست ئەو پشتوانیەی کە لە ڕیزای براکەی دەکرا، هەروەها تیۆری ئیمامەتی خوایی کە لە سەر دەق و پارێزراوی دامەزراوە تەنها کۆمەڵێك لە زانا کەلامییەکان بە نهێنی تاوتوێیان دەکرد و زۆربەی شیعە هەر بێ ئاگا بوو لێی.

کاتێك مەئمونی عەبباسی لە ساڵی ٢٠١ك خەلافەتی خستە بەردەم ئیمام عەلی کوڕی موسای ڕیزا، ئەوا مەئمون ئەم کارەی نەکرد بەو پێیەی کە ئیمام عەلی ئیمامی حەوتەمە لە زنجیرەی دوازدە ئیمامەکاندا، بەڵکو ئەم کارەی لە بەر گەورەیی و شکۆداری ئیمام عەلی کرد، مەئمون لە کاتی ململانێی لەگەڵ ئەمینی براکەیدا پەیمانی دابوو خەلافەت بگوازێتەوەو بداتە دەست باشترین کەس لە ئالی ئەبو تاڵیب، پاشان مەئمون ڕایگەیاند: کە عەلی ڕیزا باشترین کەسە لەناو عەلەوییەکاندا[٢]. مەئمون بانگی ئیمامی ڕیزای کرد بۆ ئەوەی خەلافەتی پێبدات، بەڵام ئیمام کاتێك ئەمەی ڕەتکردەوە، ئەوجار مەئمون پێی

---

(١) إبن الأثير، الكامل ٦/١٢١، الأصفهاني، مقاتل الطالبيين ٣٥٣، تأريخ الطبري ٣/٩٨٩.

(٢) الأصفهاني، مقتال الطالبيين ٥٦٣.

وت ببە جێگرم، ئیمامی ڕیزا ئەمەی پەسەند کرد[1].

جا هەر چەندە مێژوونووسان ڕاجیا بن لە شرۆڤەکردنی هەڵوێستی مەئمون، ئەوا کە ئیمامی ڕیزا بەیعەتی پێدا و بە جێ نیشینایەتی و وەرگرتنی خەلافەت لە دوای ئەو ڕازی بوو، ئەمە ئەو ئایدۆلۆژیا و بیرەیە ئاشکرا دەکەن کە خەلافەتی مەئمون شەرعی بووەو ئیمامەتی ڕیزا شتێکی واقیعی بووە، دوور لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی تایبەتی منداڵەکانی عەلی و حوسەین).

ئیمامی ڕیزا لەسەر تیۆری شورا بە ڕاشکاوی دواوەو لە باووباپیرە پاکەکانی فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (هەر کەسێك هات و ویستی کۆمەڵی موسڵمانان پەرت بکات و کاروباری ئوممەت داگیر بکات و حوکم بگرێتە دەست بەبێ شورا ئەوا بیکوژن، چونکە خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ ڕێگەی داوە بە کوشتنی)[2]، ئەم فەرموودەیەش تیۆری ڕاستەقینەی سیاسی ئیمام ڕیزا ئاشکرا دەکات کە هەماهەنگە لەگەڵ هێڵی گشتی ئالوبەیت، هەروەها جەختیش لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە ئوممەت مافی شوراو دەستنیشان کردنی حوکمڕانەکانی هەیە و بانگەشەی کوشتنی ئەو کەسە دەکات کە مافی ئوممەت داگیر و پێشێل بکات بەبێ ویستی ئوممەت...

## فەیرانی منداڵێتی

سەرباری ئەمە ئیمامییەکان هەر دەستیان بەو بیرە زیاد ڕۆچووانەیان

(١) الصدوق، عيون أخبار الرضا ٢٤٦.

(٢) الصدوق، عيون أخبار الرضا ٢/٦٢.

دەگرت کە لەبارەی ئالوبەیت هەیانبوو، بەڵام لە هەر ڕۆژێکی نوێدا توشی شڵەژان و قەیرانێکی تازە دەبوونەوە. کاتێك هەوڵی چەسپاندنی ئیمامەتی ڕیزایان دەدا بەوەی ئیمامەتێکی خوایە بەهۆی ئەوەی گوایە غەیبزانە، ئیمام ڕیزا لە ساڵی ٢٠٣ك لە ناوچەی خوڕاسان مرد، کوڕی ئیمامی ناوبراو کە ناوی موحەممەدی جەواد بوو تەمەنی حەوت ساڵ بوو، ئەمەش بووە هۆی نانەوەی قەیرانێکی نوێ لە ناو ڕیزەکانیاندا، ڕووبەڕوو بوونەوەو تەحەدایەکی گەورەی خستە بەردەم تیۆرەکەیان کە تازە لەدایك بوو و ساواو نهێنی بوو. لەبەر ئەوەی نە دەچووە عەقڵ کە خوای گەورە منداڵێك دابنێت بۆ سەرکردایەتی کردنی موسڵمانان کە بەپێی شەرع ئەرکدار نییە، مافی ڕەفتارکردنی نییە بە پارەو سەروەتە تایبەتەکەی، هەروەك قورئانی پیرۆز دەفەرموویت:﴿ وَٱبۡتَلُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا فَٱدۡفَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡ ﴾النساء: ٦. واتە: (هەتیوان تاقی بکەنەوە هەتا ئەو کاتەی کە وەختی ئەوەیان دێت هاوسەر بگرن، ئەوسا ئەگەر هەستتان کرد ژیرو سالارن، پارەو سامانەکەیان پێ بدەنەوە)، هەڵ و فرسەتی ئەوەی بۆ فەراهەم نەبوو تا لە باوکییەوە فێر ببێت، چونکە باوکی لە شاری مەدینە ئەوی بەجێهێشتبوو لە کاتێکدا تەمەنی چوار ساڵ بوو[١]. ئەمەش سەری کێشا بۆ دابەش بوونی ئیمامییەکان بۆ چەند دەستەو تاقمێك:

أ_ تاقمێك گەڕایەوە بۆ هەمان هەڵوێست کە لەبارەی موسای کازم هەیبوو[٢].

ب_ تاقمێکی تر چوونە لای برای ئیمام ڕیزا کە ئەحمەدی کوڕی موسا بوو،

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة ٨٨، الأشعري القمي، المقالات والفرق ٩٦_٩٨.

(٢) الأشعري القمي، المقالات والفرق ٩٦، المفيد، الفصول المختارة ١١٢_١١٣.

ناوبراو زۆر لە خواترس و زاناو پارێزگار بوو، هەروەك شێخ موفید لە کتێبی (الإرشاد)دا وەسفی کردووە[1]. ئەمانە هەمان ڕێچکەی (فەتحیەکانیان) گرتەبەر، بە وردی پابەند نەبوو بە پشتاو پشت کردنی ئیمامەت بە ستوونی، جەواد کە منداڵێکی بچوك بوو وا سەیریان دەکرد وەك ئەوەی هەر نەبووبێت. تاقمێکی تر لەوانە کۆبوونەوە لە دەوری موحەممەدی کوڕی قاسمی کوڕی عومەری کوڕی عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب، کە لە شاری کوفە دەژیا، بە بەندایەتی زۆرو دونیا بەکەمزانی و پارێزگاری و زانستدار و شەعناس ناسراو بوو، ناوبراو شۆڕشێکی دژی خەلیفە موعتەصیم لە تاڵقان هەڵگیرساند لە ساڵی ٢١٨ك[2].

پ_ تاقمێکی تر باوەڕی بە ئیمامەتی جەواد هێنا، بەڵام ئەم تاقمە شڵەژا لە ئاست وەڵامدانەوەی هەر دوو کێشەی تەمەن و زانست[3].

ئینجا لەبەر ئەوەی ئیمامییەکان پێیان وایە ئیمامەت بە پێغەمبەرایەتی دەچێت، لەلایەن خواوەیە، بەم پێیە لەلای ئیمامییەکان سەخت نەبوو ئەو ئایەتە:﴿ وَءَاتَيْنَهُ ٱلْحُكْمَ صَبِيًّا ﴾مریم: ١٢. واتە: (هەر لە تەمەنی نەوجەوانیدا، توانای جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاستمان پێبەخشی، بە دادوەرییەکی ڕێك و پێك کێشەی خەڵکەکەی چارەسەر دەکرد). بێننەوە وەك شایەت و گەواهیدەر وتویانە خوای گەورە پێغەمبەرایەتی بە یەحیا بەخشی

(١) المفيد، الإرشاد، الفصول المختارة ٢٥٦، النوبختي، فرق الشيعة ٨٨، الأشعري، المقالات والفرق ٩٧.

(٢) الأصفهاني، مقاتل الطالبيين ٥٧٩، تأريخ الطبري ٢٢٣/٧.

(٣) النوبختي، فرق الشيعة ٨٦_٩٠، الأشعري، المقالات والفرق ٩٩.

لەو کاتەی کە منداڵ بوو، هەروەك عیساشی کردە پێغەمبەر هێشتا هەر منداڵ و کۆرپەلەیەکی بچوك بوو، بەم پێیە بۆچی دروست نییە خوای گەورە ئیمامەت بە موحەممەدی جەواد ببەخشێت لەکاتێکدا تەمەنی حەوت ساڵ بوو؟ لە موحەممەدی جەواد گێڕاویانەتەوە کە بەو کەسەی وتوە کە پرسیاری لەبارەی تەمەنی ناوبراو هەبووە: (خوای گەورە سروش و نیگای نارد بۆ داود کە سولەیمان بکاتە جێنشین و جێگیرەوە، کەچی سولەیمان لەو کاتدا منداڵێك بوو مەڕو ماڵاتی دەلەوەڕاند)(١).

سەرباری نەبوون و نەهاتنی هیچ دەقێك یاخود ڕاسپاردە و وەسیەتێك لەلایەن ئیمام ڕیزاوە لەسەر ئیمامەتی موحەممەدی جەواد و ئیمامی جەواد خۆیشی ئەو بانگەشەیەی نەکرد، بەڵام ئیمامییەکان هەر ناچار بوون بڵێن موحەممەدی جەواد ئیمامە تا تیۆرەکەیان لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگار بکەن، بەم پێیەش بۆ سەلماندنی ئیمامەتەکە ناچار بوون پشت ببەستن بە کۆمەڵێك لە چیرۆکە دەرئاساکان و غەیب زانین(١).

کێشەی تەمەن بچوکی ئیمام جارێکی تر دووبارە بووەوە لەگەڵ کوڕی ئیمام جەواد عەلی هادی، جەواد لە هەڕەتی گەشەی تەمەنی دا ماڵئاوایی کرد کە هێشتان بیست و پێنج ساڵی تەواو نەکردبوو و لەو کاتەشدا کوڕەکەی کە ناوی عەلی هادی بوو بچوك بوو حەوت ساڵی تێپەڕ نەکردبوو. هەر بۆیە جەوادی باوکی ئیمام هادی پارەو سامان و خەرجی و تێچوو و کۆیلەکانی بە یەکێك لە هاوەڵانی سپارد کە ناوی عەبدوڵای کوڕی مساور بوو، فەرمانی پێکرد کە لە کاتی پێگەیشتنی هادی ئەم شتانەی بداتەوە دەست. و ئەحمەدی

---

(١) الكليني، الكافي ١/٣٨٢_٣٨٤ و ٤٨٤.

کـوڕی ئـەبو خالیـد خزمـەتکاری ئـەبو جەعفەریشـی وەك شـایەتێك لەسـەر ئەمەدانا[2]. ئەمەش دووبارە شیعەی پاڵنـا بـۆ پرسیار کـردن: ئەگـەر هـادی بـە تێڕوانینی بـاوکی توانـای نـەبێت مـاڵ و سـەروەت و تێچـوو و خـەرجی بـەڕێوە ببات لەبەر بچوکیەکەی، ئەی لەو کاتەدا ئیمام کێیە؟ چۆن منداڵێکی بچوك بە ئـەرکی ئیمامـەت هەڵدەسـتێت؟ ئیمامییـەکان هـیچ بەڵگەیـەکیان نەخستـەڕوو لەسـەر ئیمامـەتی هـادی، تـەنها پڕوپاگەنـدەی شـتی دەرئاسـا و غـەیب زانـین نـەبێت[4].

## جارێکی تر... قەیرانی گۆڕانی ویستی خوا (البداء)

بابەتی ئیمامەت لە زاراوەدا لەلایەن ئالوبـەیت و شیعە، جیـاواز بـوو وەك ئەوەی لەلایەن (ئیمامییەکان) هەبوو کە تـاقمێکی بچـوك و نهێنـی شیعە پێـك دێنن، ئیمامەت لەلای ئەوانە ئاسایی و مرۆیی بوو، کەچـی لـەلای ئیمامییـەکان خوایی بوو. ئالێرەوە هەندێك لە ئیمامەکانی ئالوبەیت هەندێك کات ئاماژەیـان دەکرد بۆ یەکێك لە کـوڕو منداڵـەکانیان یـان پێشبینی ئـەوەیان دەکـرد کـە لـە ڕووی ئاراسـتە و ڕێنـوێنی کـردن شـوێنی بگرێتـەوە، کەچـی ئـەو کـوڕەی کـە پێشبینی لەبارەوە کراوە هەر لە ژیـانی باوکیـدا دەمـرد، بەمـەش ئاماژەیـان بـە کوڕێکی تر دەکـرد بێئـەوەی هـیچ شـڵەژان و ناخۆشـیەك لەمـەدا ببیـنن. بـەڵام مردنی یەکێك لەو کەسانەی کە پاڵێوراو بوون بۆ خەلافەت قـەیرانێکی مـەزنی لـە نـاو ڕیـزی ئیمامییـەکان دروسـت دەکـرد، چـونکە نـاوبراوان پێیـان وابـوو

(1) الصدوق، إبن بابويه، الإمامة والتبصرة من الحيرة ٢٢٢، الكليني، الكافي ١/٢٥٢ و ٤٩٦.
(2) الكليني، الكافي ١/٣٢٥.
(3) الصفار، بصائر الدرجات ٤٦٧، الكليني، الكافي ١/٤٩٨_٤٩٩، ٥٠٢.

ئیمامـەت لەلایـەن خـواوە دیاریـدەکرێت، هـەر لەبـەر ئەمـەش زۆر نـامۆ بـوو لەلایان کە ئیمامی پێشنیارکراو و دیاریکراو هەر لە ژیانی باوکیدا بمرێت(١)، جا ئیمامییەکان پێیان وابوو ئەمە گۆڕانی ویستی خوایـە، ئەمەشـیان بـە (گـۆڕانی ویستی خوا: بداء) دەربری، کەچی زۆر سەخت بـوو لـەلای ئـەوان دان بنـێن بـە دەرکەوتنی شتێکی تر بۆ خودا و گۆڕانی ویستی خودا لە بابەتێکی لـەم جـۆرەدا، چـونکە گـۆڕانی ویسـتی خـودا لـە بابـەتێکی لـەو شـێوەیەدا، دەبێتـە هـۆی دروسـت بوونی گومان و سەغڵەتی لـە دڵ و دەروونـی خەڵکدا لەئاسـت ڕاسـتگۆیی ئیمامـەکان و پاشگەزبوونەوەیە لەوەی دەق لەلایەن خواوە بێت.

ئیمامییەکان مردنی ئیسماعیلی کوڕی جەعفەریان شرۆڤەکرد بە (گۆڕانی ویستی خوا: بداء)، کە ئیمامییەکان ئیسماعیلیان بۆ ئیمامـەت پاڵـاوتبوو، بـەڵام لـە کـاتێکی تـردا هەنـدێك لـە ئیمامـەکان چـیرۆکی پاڵـاوتنی ئیسـماعیلیان لـە بناغەدا ڕەتکردەوە، کەچی هەندێکی تـر نکۆڵیـان کـرد لـە مردنـی و جـەختیان کـردەوە کـە لـە بەرچـاوان ونبـووە. مردنـی ئیسـماعیل بـووە بوومەلەرزەیـەك کۆشکی بیری ئیمامی هەژاند بەمەش بووە هۆی ئەوەی زۆرێك لە ئیمامییـەکان پاشـگەزبینەوە لـەوەی کـە ئیمامـەت لەلایـەن خـواوە دیـاری دەکرێـت. دوای نزیکەی سەد ساڵ چیرۆکێکی تر دووبارە بووەوە، ئەمەش بەوەی ئیمـامی هـادی ڕایگەیانـد کـە کوڕەکـەی خـۆی سـەید موحەممـەد جێگرەوەیـەتی، بـەڵام سـەید موحەممەدیش هەر لە ژیانی باوکیدا کۆچی دوایی کرد، دوای ئەمە عەلی هـادی وەسیەتی بۆ کوڕەکەی تـری کـرد حەسـەنی عەسـکەری کـە دەکاتـە بـرای سـەید موحەممـەد و پێشـی وت: (کـوڕی خـۆم سـوپاس و ستایشـی خـوا بکـە چـونکە

شتێکی لە تۆدا داهێنا کە پێشتر نەتبوو)[1]. وەك چۆن ئیسماعیلییەکان ڕەتیان کردەوە ئیسماعیل مردبێت، بەهەمان شێوە بەشێك لە شیعەکانی ئیمام هادی دانیان نەنا بە مردنی کوڕی ئیمامی هادی سەید موحەممەد و پێیان وابوو هەر لە ژیاندایە بەڵام پەنهانە، هەروەها ڕاگەیاندنی ئیمامی هادی سەبارەت بە مردنی کوڕەکەی وا شرۆڤەیان کرد بەوەی ئەم ڕاگەیاندنە جۆرێکە لە توقیە و داپۆشینی ڕاستی[2].

هەمان بارودۆخ هاتە پێشەوە لەکاتی مردنی عەبدوڵای ئەفتح بێ ئەوەی هیچ منداڵێکی لە پاش بمێنێت، هەروەها لەکاتی مردنی ئیمامی عەسکەری کە بەهەمان شێوە مرد بێ ئەوەی ئاماژە بکات بەبوونی منداڵێك یاخود بێ ئەوەی کەسێك بە ئەرکی ئیمامەت ڕاسپێرێت، ئەمەش بووە بڵاوبوونەوەی کێشە و قەیران و سەرگەردانیەکی زۆر مەزن لەناو ڕیزەکانی ئیمامییەکان، بەم پێیەش ئیمامییەکان بۆ چواردە تاقم دابەش بوون، هەر یەك لەو تاقمانەش ڕایەکی جیاوازی هەبوو.

## گەشەسەندنی تیۆری دوازدە ئیمامی

ئەگەر بە دیدو تێڕوانینێکی پشکنەرانە سەیری مێژووی شیعەکان بکەین لە سەدەی دووەم و سێیەم، دەبینین چەند هاوسۆزو بەجۆش و خرۆش بووینە لەگەڵ گشت ئەو شۆڕشە جیا جیایانەی کە پێشەوایانی ئالوبەیت ڕابەرایەتیان دەکرد، وەك: شۆڕشی ئیمام زەیدو کوڕەکەی یەحیا و کوڕەکەی عیسا، شۆڕشی

---

(١) الكليني، الكافي ١/٣٢٦_٣٢٧، الصفار، بصائر الدرجات ٤٧٣، المفيد، الإرشاد ٣٣٧، الطوسي، الغيبة ١٢٢.

(٢) النوبختي، فرق الشيعة ٩٤.

موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای خاوەن دەروونی پاك و براکەی ئیبراهیم، شۆڕشی حوسەین شەهیدی بۆسە و تەڵە، شۆڕشی موحەممەدی کوڕی قاسم و جگە لەوانەش...، ئەوا دەمانبینی کە سەرجەم شیعە و زۆربەی جەماوەرەکەیان لە دەوری ئالوبەیت کۆدەبوونەوە بێ ئەوەی ئیمامەت لە ڕەچەڵەك و زنجیرەیەکی دیاریکراودا کورت هەڵ بێنن یان باوەڕیان وابێت دەق لەلایەن خواوە هاتووە لەسەر ئیمامەتی یەکێك چ جای بە زنجیرە بوونی ئیمامەت لە منداڵەکانی حەسەن یان حوسەیندا، یاخود بەشێوەیەکی ستوونی پشتاو پشت تا ڕۆژی دوایی، ئەو کاتە دەبینین کە تێکڕای شیعە زۆر دوورن لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) کە بۆچوونی نهێنی هەندێك لە زانا کەلامییەکان بوو و دەیاندا پاڵ ئالوبەیت، کەچی لە ڕاستیدا بە ئاشکرا ئالوبەیت خۆیان بە پاك دەگرت لەم تیۆرە.

ئەگەر بڕوانینە کەلەپوری ئیمامی لە ماوەی سەدەی دووەم و سێیەم دەبینین دەرگای تیۆری ئیمامیەکان کراوەو درێژکراوەیە تا ڕۆژی دوای، کورتیش هەڵنەهاتبوو لە چەند ئیمامێکی دیاریکراو یان تایبەت نەبوو بە کاتێکەوە. ئینجا سەرباری ئەوەی تیۆری ئیمامەت دوای مردنی ئیمام حەسەنی عەسکەری لە ساڵی ٢٦٠ك بە ڕێگەیەکی داخراو گەیشت، بێ ئەوەی منداڵێك بەجێ بهێڵێت تا ئیمامەتی تێدا بەردەوام بێت و بێ ئەوەی یەکێك ڕاسپێرێت یان ئاماژە بکات بۆ یەکێك لە دوای خۆی، ئەوا ئەوانەی باوەڕیان وابوو ئیمام حەسەنی عەسکەری منداڵێکی پەنهان و شاراوەی هەیە، لە سەرەتاوە پێیان وابوو ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی ئەم کوڕەدا بەردەوام دەبێت تا ڕۆژی دوایی، لەو کاتەدا باوەڕیان وا نەبوو کە ئەو منداڵە دوایین ئیمامە و ئیمامەکان تەنها دوازدەن.

لە کەلەپوری شیعەدا دەیان بەڵکو سەدان گێڕانەوە هەن، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئیمامەت تا ڕۆژی دوایی بەردەوام دەبێت، ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە تیۆری ئیمامەت لە سەدەی دووەم و سێیەم لە چەند کەسێکدا دیاری نەکرا بوو. هەر کەسێك سەیری ئەم گێڕانەوە ڕێژنەیی (متواتر)انە[1] بکات کە دەدوێن لەسەر بەردەوام بوونی ئیمامەت تا ڕۆژی دوایی، دەبینێت کە گێڕانەوەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی ئیمامەت: گشتگیرە، ڕەهایە، مەبەستی گشتگیری و ڕەهاییە. واتە: تایبەت کردن و بەند و بار خستنە سەر ڕەت دەکەنەوە. ئەم گێڕانەوانە دەربڕی تیۆری ئیمامەتی خوایین کە هاوسەنگە لەگەڵ تیۆری شورا، کە تا ڕۆژی دوایی درێژ دەبێتەوە، ئەمە لە سەرەتای قۆناغەکانی دروست بوونی ئەم تیۆرەدا بوو بەر لەوەی بگاتە ڕێگەیەکی داخراو.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی تیۆری ئیمامەت لە سەرەتای دروست بوونیدا تا ڕۆژی دوایی درێژ دەبێتەوەو پێشتر تایبەت نەکرابوو بە چەند کەسێکی دیاریکراو، ئەوا تیۆری ناوبراو دەیوت دەق تەنها لەسەر ئیمامی عەلی هاتووە، دەق لەسەر ئیمامەکانی تر دەبێت لە یەکەمەوە بۆ دووەم بێت تا ڕۆژی

---

(١) التواتر، لە زمانەوانیدا بریتیە لە: بەدوای یەکدا هاتن، دەڵێیت: (تواتر المطر) واتە: بارانەکە بەدوای یەکدا دەهاتە خوارەوە، موتەواتر: ناوی کارایە(اسم فاعل) کە لە تەواترەوە هاتووە، بریتیە لەو کەسەی کە بەدواداچوون دەکات.

فەرموودەی موتەواتر لە زاراوەی فەرموودەناسان دا: بریتیە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر کەس فەرمایشتێك بگێڕنەوە بەجۆرێك کە بەهەموو شێوەیەك دوورە لە نەریت و عادەت ئەمانە لەسەر درۆ کۆببنەوەو هەر لەسەرەتای سەندەکە تا کۆتاییەکەیشی پشت ببەستێت بەشتێکی بەرهەست (بەرهەست وەکو بیستن و هاوشێوەکانی). سەیری: (مباحث في علوم الحديث: مناع القطان) بکە. (وەرگێڕ).

دوایی[1]. تیۆری ناوبراو لەسەرەتای دروست بوونیدا هیچ لیستێکی نە دەناسی کە پێشوەختە ئامادەکرا بێت و ناوی ئیمامەکان (دوازدە ئیمامەکانی) تێدا بێت.

تیۆری ئیمامەت لە سەرەتای دروست بوونیدا، دانی دەنا بە نەبوونی هیچ دەقێکی ڕاشکاو لەلایەن هەندێك لە ئیمامەکانەوە لەسەر ئیمامەتی هەندێك ئیمامی تر، تەنها پشتی دەبەست بە وەسیەتنامەی ئاسایی و بە بەڵگەشی دادەنا لەسەر ئیمامەت، جا ئەگەر هیچ وەسیەتنامەیەك لەلایەن باوکی هەندێك لە ئیمامەکان نەبووبا بۆ کوڕەکانیان، وەك ئیمام زەینولعابدین یان ئەگەر وەسیەتنامەکە هاوبەش بووبا لە نێوان هەموو منداڵ و براکان، وەك کوڕەکانی ئیمام کازم، ئەوا تیۆرەکە دەیوت بەڵگەی یەکلاکەرەوەی ئیمامەت بریتییە لە کاری دەرئاسا و غەیب زانین یان گەورەتر بوون یاخود زانست یان لەلا بوونی شمشێری پێغەمبەری خودا. بەڵکو زۆرێك لە گێڕانەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئیمامەکان خۆشیان بە ئیمامەتی خۆیان نەدەزانی یان نەیان دەزانی کێ لە دوای خۆیان دەبێتە ئیمام؟ تەنها لە سەرەمەرگدا نەبێت. سەرباری ئەوەی شیعەکان خۆشیان نەیاندەزانی ئیمام کێیە؟، لە پاش مردنی هەر ئیمامێك ئەوا تووشی وێڵی و سەرگەردانی دەبوون، داواو تکایان لە ئیمامەکان دەکرد کە ئیمامی دوای خۆیان دیاری بکەن و بە ڕوونی ناوی بدەن، تا نەمرن بێ ئەوەی ئەوان بزانن ئیمامی نوێ کامەیە. سەرەڕای ئەمەش زۆر جار دەکەوتنە چاڵی سەرگەردانی و داوی نەزانی[2]. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر

---

(1) الحر العاملي، إثبات الهداة ٢/٧١٧.

(2) بگەڕێوە بۆ: بصائر الدرجات ٤٧٣، الكافي ١/٣٠٩، والإرشاد للمفيد وقرب الإسناد و تفسير العياشي.

درێـژ بوونــەوەی تیـۆری ئیمامــەت تـا ڕۆژی دوایـی، ئەمـەش بـەپێی تێڕوانینـی قۆنــاغی ســەرەتای تیۆرەکــە کورتیــان هەڵنــەهێنا بــوو لــە چــەند کەســێکی دیاریکراودا[1].

## لەدایکبوونی تیۆری دوازدە ئیمامی

بـە لەبەرچـاو گرتنـی ئـەوەی تیـۆری (ئیمامـەتی خـوای) بـە ڕێگایـەکی داخراو گەیشت لە دوای ماڵئاوایی کردنی ئیمام حەسەنی عەسکەری بێ ئـەوەی منـداڵێکی دیـارو ئاشـکرا لـە دوای خـۆی بـەجێ بهێڵێـت، بڵاوبونـەوەی دەنگـۆی ئەوەی ناوبراو منـداڵێکی لـە دوای خـۆی بـەجێ هێشتووەو پەنهانـە و بەرچـاو نییـە و بـۆ ماوەیـەکی درێـژیش دەرناکـەوێت... ئـەوا سـەدەی چـوارەمی کۆچـی تیۆری ئیمامەت گەشەسەندنێکی زۆر بـەخۆوە بـینی کـە بریتییـە لـە داهێنـانی دوازدە ئیمامی، ئەم تیۆرە بەتایبەت لە ڕیزەکانی شیعە (موسەوییەکان)دا هاتـە کایـە، بـە تایبـەتتر لـە بـاڵی توونـدڕەو کـە پابەنـد بـوو بـە یاسـای پشـتاو پشـت کردنـی سـتوونی، هـیچ نـەرمی نوانـدنێکی نـەبوو لەمـەدا، بـاڵی نـاوبراو وتـی لیستێکی پێشوەختە هەیـە کـە نـاوی ئـەو دوازدە ئیمامانـەی تێدایـە و لەلایـەن پێغەمبـەری مەزنــەوە ئامـادەکراوە، کـە ئەمانــەن: عـەلی کـوڕی ئـەبو تاڵیـب، حەسـەن و حوسـەین، عـەلی کـوڕی حوسـەین، موحەممـەدی بـاقر، جەعفـەری صادق، موسـای کـازم، عـەلی ڕیـزا، موحەممـەدی جـەواد، عـەلی هـادی، حەسـەنی عەسـکەری، دواییـنیـان ئیمـامی پـەنهان و مەهـدی چاوەڕوانکراو: موحەممـەدی کوڕی حەسەنی عەسکەرییە.

---

[1] الحر العاملي، إثبات الهداة ٢/ ٧١٤_٧١٥، الصفار، بصائر الدرجات ٤٨٩.

ئامـانج لـە پـاڵ ڕێکخسـتنی ئـەم لیسـتە پـێش وەختـە بـریتی بـوو لـە چەسپاندنی بوونی ئیمامی دوازدەم، کە بوونی ناوبراو ببووە خولگەی گومان و مشتومڕ لە ناو ڕیزەکانی شیعەدا. پشتیشیان بەستووە بە چەند فەرموودەیـەك (فـەرموودەکانی ئـەهلی سوننە) کـە بوخـاری و موسـلیم هێناویانـە لـەبارەوی ڕوودانی ئاشوب و ئاژاوە لە دوای خەلیفە یان میری دوازدەم.

جا بۆ ئەوەی ژمارەی ئیمامـە کانی پێشوو هەماهـەنگ و هاوسـەنگ بێـت لەگـەڵ ئـەو گێڕانەوانـە ئـەوا دوازدە ئیمامییـەکان پـەنایان بـردە بـەر لابردنـی ناوی: ئیمام زەید و ئیمام عەبـدوڵای ئەفتـەح و ئیمـام ئەحمـەدی کوڕی موسا، کەچـی زۆرێـك لـە شـیعەکان پێشـتر دانیـان نـابوو بـە ئیمامـەتی نـاوبراوان، جا ئیمامییـەکان دانیـان نـەنا بـە ئیمامـەتی جەعفـەری کـوڕی عـەلی هـادی و لـە جێگـای نـاوبراودا نـاوی ئیمـام موحەممـەدی کـوڕی حەسـەنی عەسـکەرییان زیادکرد، لیستێکی نوێیـان ئامـادەکرد کـە نۆیـان لـە نـەوەکانی حوسـەین بـوون یەك لە دوای یەك، بانگەشەی ئەوەشیان کرد کە گوایە پێغەمبەر بە دەق نـاوی ئەوانـەی دیـاری کـردووەو پێشـتر ڕایگەیانـدووە، بـۆ سـەلماندنی ئەمـەش دەیـان فەرمودەیان هێنا کە دابویانە پاڵ پێغەمبەرو ئیمامەکانی پێشوو.

کلینی لە سەرەتای سەدەی چوارەم لـە کتـێبی (الكافي) حەڤـدە گێڕانـەوەی هێناوە کە دەدوێن لەسەر (دوازدە ئیمامی) کەچی شێخ صدوق دوای ئـەو کاتـە بە نیـو سـەدە هـات و باسـی سـی و پێـنج ڕیوایـەتی کـرد لـەبارەی بابەتەکە لـە کتێبەکەیدا (إكمال الدين) و خـزاز لـە کۆتـایی سـەدەی چوارەم لـە کتێبەکەیـدا (كفايـة الأثـر في الـنص علـى الأئمـة الإثـني عشـر) گێڕانـەوەکانی تـەواو کـرد و گەیاندییە دوو سەد گێڕانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا تیۆری دوازدە ئیمامی بە ئاسانی لە گوێچکەی شیعەکاندا

جێگیر نەبوو، چونکە هەنـدێك فـەرمووده بڵاو بوونـەوەو تیایانـدا هاتبوو: کـە ژمـارەی ئیمامـەکان سـێزە ئیمـامن. هـەروەك لـە کتـێبی سـەلیمی کـوڕی قیسـی هلالــی و کتــێبی (کــافی) کلــینی دا هــاتووە، بــەهۆی کاریگــەر بــوون بــەم فەرموودانــەوە کۆمــەڵێك دروســت بــوو بــە نــاوی (ســێزدە ئیمــامی) بــە سـەرکردایەتی ئەحمـەدی کـوڕی هیبـەتوڵای کاتـب، کـوڕەزای عوسمـانی کـوڕی سعیدی عمرییە، بە ڕاشکاوی صدوق وتی: (ئێمـە ئـەو گێڕانەوانـە بـە دوور لـە ڕاستی نـازانین و دان دەنـێین بـە بـوونی دوازدە ئیمـام، باوەڕیشمان هەیـە بـەو شتانەی ئیمامی دوازدەهەم هـەواڵی لـەبارەوە دەدات لـە دوای خـۆی). کۆمـەڵێك گێڕانـەوەی هێنـاوە لـەبارەی ئـەوەی کـە دەکرێـت ئیمامـەت لـە دوای مەهـدی نەوەسـتێت و بـەردەوام بێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش گێڕانەوەیـەکی لـە مـیری بڕواداران ئیمامی عەلی هێناوە لەبارەی ناڕوونی دوای هاتنی ئیمـامی مەهـدی و گوایە پێغەمبەری خوا بەڵێنی لە ئیمامی عەلی وەرگرتووە کە جگە لە حەسـەن و حوسـەین بـە کەسـی تـر ڕانەگەیـەنێت، ئیمـامی عـەلی وتویـەتی: (لـە بـارەی بارودۆخی دوای ئیمامی مەهدی پرسیارم لێ مەکـەن، چـونکە خۆشەویستەکەم بـەڵێنی لێ وەرگرتـووم کـە جگـە لـە ڕەچـەڵەك و خانەوادەکـەم بـە کەسـی تـر ڕانەگەیەنم)[1].

---

[1] الصدوق، إکمال الدین ٧٧_٧٨.

# بەشی دووەم

## (ئیمام مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری)

## ڕاستییەکی مێژووییە؟... یان گریمانەیەکی فەلسەفییە؟

### دەستپێك

### سەردەمی سەرگەردانی !

### کۆچی دوایی کردنی ئیمامی عەسکەری

ئیمام (حەسەنی عەسکەری) لە شاری سامەڕا لە ساڵی ٢٦٠ك کۆچی دوایی کرد بێ ئەوەی ڕابگەیەنێت کە منداڵێکی لە پاش بەجێ ماوەو بێ ئەوەی وەسیەت بکات بۆ دایکەکەی کە ناوی (حەدیس) بوو، ئەمە بووە هۆی هەڵگیرسانی قەیرانێکی توند لەناو ڕیزەکانی شیعە ئیمامییە موسەوییەکان، چونکە ناوبراوان پێیان وابوو بەردەوام بوونی ئیمامەتی خوایی تا ڕۆژی دوایی پێویستە. هەروەها جۆرێك لە گومان و وێڵی و سەرگەردانی و ناڕۆشنی و پرسیار دروست بوو لەسەر چارەنووسی ئیمامەت لە دوای حەسەنی عەسکەری، جا لە وەڵامی ئەم پرسیارو گومانانە ئیمامییەکان بوونە چواردە تاقم. هەروەك: (نوبختی) لە (فرق الشیعة) و (سعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری) لە (المقالات والفرق) و (موحەممەدی کوڕی زینب) لە (الغیبة) و (صدوق) لە (إکمال الدین) و (مفید) لە (الإرشاد) و (تووسی) لە (الغیبة) و جگە لەوانەش

ئاماژەیان پێکردووە...

مێژوونووسانی شیعە دەڵێن: جەعفەری کوڕی عەلی، کە دەکاتە برای حەسەنی عەسکەری، ویستی هەموو میرات و پاشماوەی ئیمام حەسەنی عەسکەری بۆ خۆی گلبداتەوە، بەڵام کاتێك هەواڵی کۆچی دوایی ئیمام حەسەنی عەسکەری گەیشتە دایکی کە لە شاری مەدینە بوو، دایکی ناوبراو دەرچوو تا گەیشتە شوێنی (سر من رأى: واتە: شاری سامەڕا[1]) و بانگەشەی ئەوەی کرد کە وەسیەتنامەکە بۆ ئەو کراوە، ئەمەش لەبەردەم دادوەردا چەسپا[2].

مێژوونووسانی شیعە باسی ئەوەش دەکەن: کە کەنیزەکێکی ئیمام عەسکەری کە ناوی (صقیل) بوو پڕوپاگەندەی ئەوەی کرد کە سکپڕە لە ئیمام عەسکەری، هەر بەم هۆیەوە پڕۆسەی دابەشکردنی میرات وەستا. معتەمەدی خەلیفەی عەبباسی کەنیزە (صقیل)ی بردە ماڵی خۆی، بە خێزانەکانی سپارد، جا خێزانەکانی (معتەمەد) و (واسق) و (ئیبن ئەبی شوارب)ی دادوەر ئەم ئەرکەی کەنیزەکەیان لە ئەستۆ گرت بۆ دڵنیا بوونەوە لە سکپڕی و داوێن پاکیەکەی... جا ئەوانەی ئەرکی پاراستن و چاودێری کەنیزەکەیان لە ئەستۆ گرتبوو، بەردەوام لە پاڵی دابوون تا لە کۆتاییدا بۆیان دەرکەوت کە سکپڕیی کەنیزەکەکە درۆیە، بەم پێیەش میراتی حەسەنی عەسکەری لە نێوان دایك و

---

(١) وەرگێڕ.

(٢) الطوسي: الغيبة ١٣٢، الصدوق: إكمال الدين ١/٤٤، المفيد: الإرشاد ٣٤١، النجاشي: الرجال. ترجمة أحمد بن عامر بن سليمان أبي الجعد. الطبري: دلائل الإمامة ٢٢٤، الصدر: الغيبة الصغرى ٣١٥، الصدوق: إكمال الدين ٤٤.

جەعفەری براکەی دا دابەش کرا[1].

## جەعفەری کوڕی عەلی بانگەشەی ئیمامەتی کرد

لەبەر ئەوەی نەریت وابوو، کە ئیمامەت بە ڕاسپاردن و وەسیەت کردنی ئیمامی پێشوو بۆ ئیمامی دواتر بێت، بۆیە برای ئیمام عەسکەری (جەعفەری کوڕی عەلی هادی) کە پێشتر لە ژیانی براکەیدا ململانێی لەگەڵ دەکرد لەسەر ئیمامەت، ئەم هەلە دیارەی قۆستەوە کە براکەی هیچ منداڵێکی لە دوای بەجێ نەمابوو و ئامـاژە و وەسـیەتی بـۆ هـیچ یـەکێك نـەکردبوو، بۆیـە نـاوبراو بانگەشـەی ئیمامـەتی بـۆ خـۆی کـرد، بـە شـیعەکانی وت: (عەسـکەری بـرام ماڵئاوایی کـرد بـێ ئـەوەی هـیچ منـداڵێکی کـوڕ یـان کـچ لـە دوای خـۆی بـەجێ بهێڵێت، بۆیە من ڕاسپێرراوی ئەوم) و نامەی نووسی بـۆ هەنـدێك لـە دۆسـت و پشـتیوانانی لـە شـاری (قـوم _ کـە ئـەو کـات ناوەنـدی شـیعەکان بـوو _) داوای پشـتیوانی لێکـردن و پێـی ڕاگەیانـدن کـە ئـەو لـە دوای براکـەی ئیمامـە، پڕوپاگەندەی ئەوەشـی کـرد کـە زانسـتی وای لـەبارەی حـەڵاڵ و حـەڕام و شـتی تری لەلایە کە کەسانی تر زۆر پێویستیان پێیە[2].

(نوبختی) و (ئەشعەری قومی) و (مفید) باسـی ئـەوە دەکـەن کـە هەنـدێك لـە پشـتیوانان و شـیعەکانی ئیمـام عەسـکەری و بەتایبـەت فەتحییـەکان لـە ڕووکەشـدا دانیـان بـەوە دانـا کـە ئیمـام عەسـکەری منـداڵی نییـە، باوەڕیـان بـە ئیمامەتی جەعفەری برای عەسـکەری هێنـا. هـەروەها وتیـان: حەسـەنی کـوڕی

(١) الصدوق: إكمال الدين ٤٤، الطبري: دلائل الإمامة ٢٢٤.

(٢) الطبرسـي: الإحتجـاج ٢٧٩/٢، الصـدر: الغيبـة الصـغرى ٣٠٧، الصـدوق: إكمـال الـدين ٤٧٥، الخصيبي: الهداية الكبرى ٣٩١.

عەلی کۆچی دوایی کرد بێ ئـەوەی هـیچ منـداڵێك لـە پـاش خـۆی جـێ بهێڵێـت، بۆیـە ئیمـام لـە دوای حەسـەنی عەسـکەری براکەیـەتی کـە (جەعفـەری کـوڕی عەلییـە)، بـەم بۆچوونەشـیان کـۆك بـوون لەگـەڵ بۆچـوونی هەنـدێك لـە فەتحییـەکان: کـە ئیمامــەتی عەبـدوڵا و موسـای کـوڕی جعفـەری صـادقیان بەیەکەوە کۆکردەوە، هەروەها پشتاو پشت کردنی ستوونیان بە مـەرج دانـەدەنا لە ئیمامەتدا. سەرۆکی ئەوانەی ئەم بۆچـوونەیان هـەبوو و بانگەشـەکاری ئـەم بۆچوونە لە دانیشتووانی شاری کوفە بوو و یەکێك بوو لە زانـا کەلامییـەکان و پێی دەوترا (عەلی کوڕی تـاحی خـەزاز) و زانایـانی نـەوەی (فـەزاڵ) و خوشـکی فارسی کوڕی حاتەمی ماهویەی قەزوینیش بانگەشیان بۆ ئەمە دەکرد[1].

خـەریك بـوو دانیشـتووانی شـاری (قـوم) وەڵـامی داوای جعفـەر بدەنـەوە، چونکە جگـە لـە جەعفـەر کەسـی تریـان نەدەناسـی، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـەلای شـێخەکەیان (ئەحمـەدی کـوڕی ئیسـحاق) کۆبوونــەوەو لـە وەڵـامی داواکـەی جەعفەردا نامەیەکیان بۆ نووسی و تیایدا داوایان لە جەعفەر کردبـوو وەڵـامی کۆمـەڵێك مەسـەلە بدەنـەوەو وتویـان: (پێشـینانمان ئـەم پرسـیارانەیان لـە بـاو باپیرانی تۆ کردووە، ئەوانیش بە چەند شـێوەیەك وەڵامیـان داوەتـەوە، ئێمـەش شوێنی ئەو وەڵامانە کەوتووین و کاریان پێ دەکەین، تۆش هەمان وەڵـامی بـاوو باپیرانت لەوەڵامی پرسـیارەکانماندا بخـەرە ڕوو، تـا ئێمـە ئـەو مافانـە بـە تـۆش بدەین کە پێشتر بەوانمان دابـوو). وەفدێکیشـیان ڕەوانـەکرد بـۆ گفتوگـۆ کـردن لەگـەڵ جەعفـەر، جـا وەفدەکـە نامەکـەیان گەیانـدە جەعفـەر و لـە سـەرەتادا وەفدەکە پرسیاریا لێکردن لە بارەی چۆنیەتی گوێزرانەوەی ئیمامـەت بـۆ ئـەو،

---

(1) النوبختي: فرق الشيعة ٩٨ و ٩٩، الأشعري: المقالات والفرق ١١٠، المفيد، الفصول المختارة من العيون والمحاسن ٢٥٩.

کەچی هەواڵ و خەبەرێك هەیە کە ڕایدەگەیەنێت دروست نییە ئیمامەت لە برایەکەوە بۆ برایەکی تر بگوازرێتە لە دوای حەسەن و حوسەین؟ جا جەعفەر پاساوی هێنایەوە بەوەی بڕیارەکە لەلایەن خواوە گۆڕاوە بەهۆی نەبوونی هیچ منداڵێك لە حەسەنی برای[١].

خصیبی (کە یەکێکە لە بنچینە و کۆڵەگەکانی ئیمامییەکان لەو کاتە دا) وتویەتی: (وەفدەکە بۆ ماوەیەك لەلای مایەوەو بەردەوام پرسیاریان لە جەعفەر دەکرد و ئەویش وەڵامی پرسیارەکان و تەنانەت وەڵامی هیچ شتێکی ناو نامەکەشی نەدایەوە)[٢]. بەڵام (صدوق) و (توسی) و (موحەممەد صدر) لەسەر ئەم کێشە سادەیە نادوێن، چونکە نابێتە بارگرانی بۆ یەکێکی وەك جەعفەر کە بانگەشەی ئیمامەت دەکات، بەڵکو ناوبراوان دەڵێن: (دەستە نێرراوەکە پرسیاریان لەبارەی زانیاری غەیبی لە جەعفەر کرد، داواشیان لێکرد کە هەواڵی بڕی ئەو پارەیەی کە لە قومەوە هەڵیانگرتووە بەوان ڕابگەیەنێت، وتیان: حەسەنی عەسکەری ئەمەی پێ ڕادەگەیاندین، بەڵام جەعفەر ڕەتی کردەوە قسە لەسەر شتی پەنهان و غەیبی بکات هەروەها ڕەتیشی کردەوە کە براکەی شتی وای کردبێت)[٣].

(خصیبی) دەڵێت: کۆمەڵێك لە دانیشتووانی شاری (قوم)، کە ئەمانە بوون: (باوکی حوسەینی کوڕی سەوابە، باوکی عەبدوڵای جەمال، باوکی عەلی سائغ، قەزوینی) ئەمانە پارەو سامانیان بە ناوی جەعفەر کۆدەکردەوەو دەیانخوارد و بە دەستی جەعفەریان نەدەگەیاند و تەنانەت تۆمەتباریشیان

---

(١) الخصیبي: الهدایة الکبری ٣٨٣_٣٩١.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) الصدوق: إکمال الدین ٤٧٦، الطوسي: الغیبة.. والصدر: الغیبة الصغری ٣١٦.

دەکرد بەدرۆکردن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵێك لە شیعەی دانیشتووانی شاری (قوم) بە کردار باوەڕیان بە ئیمامەتی جەعفەر هێنابوو، پارەو سامانیشیان بۆ ڕەوانە دەکردن(١).

## ئەوانەی کە پێیان وایە ئیمامەت پچڕاوە

هەروەك (نوبختی، ئەشعەری قومی، کلینی، موفید، صدوق، تووسی و حر العاملی) وتویانە: کۆمەڵێکی تر لە شیعە ئیمامییەکانی بۆچوونیان وابوو کە ئیمامەت پچڕاوەو وەستاوە، تەنانەت ڕایان وابوو ئەم ماوەیە ماوەی نەبوونی ئیمامە وەك چۆن لە نێوان پێغەمبەراندا چەند ماوەیەك هەن کە پێغەمبەریان تێدا نایەت، بانگەشەی ئەوەشیان کرد کە هەندێك هەواڵیان پێگەیشتووە لە ئیمامی باقر و ئیمامی صادق لەبارەی ئەوەی کە دەکرێت ئیمامەکان نەمێنن و پرۆسەی ئیمامەت بپچڕێت، بەتایبەت لەو کاتەی کە خوای گەورە لە بەندەکانی توڕە دەبێت، ئەم تاقمە وتیان: پێمان وایە ئێستا ئەو کاتەیە کە خوا لە بەندەکان تووڕە بووەو پرۆسەی ئیمامەتی وەستاندووە(٢).

## پاشگەزبوونەوە لە ئیمامەتی عەسکەری

هەردوو مێژوو نووسە شیعیەکەی هاوچەرخی ئەو کات (نوبختی و ئەشعەری قومی) دەڵێن: کۆچی دوایی کردنی ئیمام حەسەنی عەسکەری بێ

(١) الخصيبي: الهداية الكبرى ٣٩٢.

(٢) الكليني: الكافي ١/٣٤٣، الحر العاملي: إثباة الهداة ٣/٤٧٧، الطوسي: الغيبة ٢٤٤، الصدوق: إكمال الدين ٢٣٠، النوبختي: فرق الشيعة ١٠٥، الأشعري: المقالات ١١٥، المفيد: الفصول ٢٦٠.

ئـەوەی منـداڵێکی ئاشـکراو دیـاری لـە پـاش بـەجێ بمێنێـت بـووە هـۆی ئـەوەی هەندێك لە شیعەکان پاشگەزببنەوە لـە داننـان بـە ئیمامـەتی خـودی حەسـەنی عەسـکەری، هـەروەك هەنـدێك لـە شـیعە موسـەوییەکان سـەد سـاڵ پێشـی ئەمانپاشگەز بوونەوە لە داننان بە ئیمامەتی عەبـدوڵای کـوڕی ئەفتـەح کـە لـە پاش صادقی باوکی بووە ئیمـام، بـەڵام عەبـدوڵای نـاوبراویش منـداڵێکی بـەجێ نەهێشت تـا ئیمامـەتی پـێ بـەردەوام بێـت، ئـەم تاقمـە پاشـگەز بـووەوە وتیـان: (هەڵەیـەکی گـەورە بـوو کاتێـك حەسـەنی عەسـکەری وەك ئیمـام دانـرا، بۆیـە لەسەرمان پێویستە پاشگەز ببینەوەو داننەنێین بە ئیمامەتی ناوبراودا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئیمامەتی جەعفەر، چونکە حەسەنی عەسکەری ماڵئـاوایی کـرد بێ ئەوەی هیچ منداڵێکی لە پاش بەجێ بمێنێت، بەم پێیە بۆمان دەرکەوت کە بانگەشـەکەی حەسـەنی عەسـکەری پوچـەڵ بـوو، چـونکە بـە یەکـدەنگی ئێمـە ئیمـام نامرێـت تـا منـداڵێکی لـە پـاش بـەجێ نـەمێنێت و جێگـای نەگرێتـەوەو ڕاینەسپێرێت، لە دوای حەسەن و حوسەین ئیمامەت لە برایەکەوە بۆ برایـەکی تـر نا گوازرێتەوە... بۆیە هیچ گومان لەوەدا نییە کە جەعفەر ئیمامـە ئەمـەش بەوەی لەلایەن باوکییەوە ڕاسپێرراوە)[1].

هۆکـاری پاشـگەز بوونـەوەی ئەمانـە لـە داننـان بـە ئیمامـەتی حەسـەنی عەسکەری، ئەوەبوو کە ئەوان باوەڕیان بە یاسای پشـتاو پشـتی سـتونی هـەبوو، پێشیان وابوو دروست نییە ئیمامەت لە برایەکەوە بـۆ برایـەکی تـر، یـاخود بـۆ برازا بگوازرێتەوە یان ئیمامەت لە مامەوە بۆ مام بگوازرێتەوە.

(1) الأشعري: المقالت والفرق ١١، النوبختي: فرق الشيعة ١١٤.

## موحەمەدییەکان و نەفیسییەکان

کۆمەڵێك لەوانەی پاشگەز بوونەوە لە ئیمامەتی حەسەنی عەسکەری، ئەوا دانیان نا بە ئیمامەتی موحەممەدی برای حەسەن، موحەممەد پێش حەوت ساڵ هەر لە ژیانی باوکیدا مردبوو، بەڵام ئەمانە نکۆڵیان کرد لە مردنی و وتیان: عەلی هادی ئاماژەی بۆ موحەممەد کردووەو بە ئیمام داینــاوەو بەدەق ناوی ئەوی دەستنیشان کردووە، ئەمەش شتێکە هەمووان لەسەری کۆکن، چونکە دروست نییە ئیمام ئاماژە و وەسیەتنامە بۆ جگە لە ئیمام بکات... بۆیە موحەممەد نەمردووە، بەڵکو باوکی شاردوویەتیەوە (وەك: توقیە)، هەروەك چۆن ئیسماعیلییەکان پێیان وایە ئیمامی صادق ئیسماعیلی کوڕەکەی شاردەوە، هەروەها وتیان موحەممەد مەهەدی چاوەڕوانکراوە. ئەم تاقمە بە (موحەمەدییەکان) ناسران[1].

بەشێکی تر لەم تاقمە وتیان: موحەممەدی کوڕی عەلی هادی مردووە، خزمەتکارێکی باوکی ڕاسپاردووە کە ناوی (نفیس)ە، ناوبراو زۆر ئەمیندارو دەستپاك بووە لەلای عەلی، هەروەها لەگەڵ ڕاسپاردە و وەسیەتنامەکەدا کتێب و زانست و چەك و هەر شتێك کە ئوممەت پێویستی پێ بێت دایە دەستی خزمەتکارەکە و ئامۆژگاریشی کرد: ئەگەر مردن بە رۆکی گرت ئەوا هەموو ئەو شتانە بداتە دەست جەعفەری برای[1].

ئەم دەستە هەڵوێستێکی توندی هەبوو لە بەرامبەر حەسەنی عەسکەری و تەکفیریشیان کرد، هەروەك ئەو کەسەشیان تەکفیر دەکرد کە باوەڕی بە ئیمامەتی حەسەنی عەسکەری هەبووایە، هەروەها زیاد ڕۆچوو بوون لە

---

(1) النوبختي: فرق الشيعة ١٠١.

جەعفەردا و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ناوبراو ئیمامە. ئەم دەستە تووندڕەوە بە ناوی (نەفیسییەکان) ناسرا بوو[١].

## ئەوانەی پێیان وابوو حەسەنی عەسکەری مەهدییە

هەندێکی تر وتیان ئیمام حەسەنی عەسکەری نەمردووە، بەڵکو ناوبراو مەهدییە و خۆی پەنهان کردووە. ئەم بۆچوونەشیان لەسەر ئەو یاسایەی خۆیان دامەزراند کە دەڵێت نابێت ئیمام بمرێت تا منداڵێکی ئاشکرای نەبێت (چونکە زەوی هەرگیز بێ ئیمام نابێت) دیارنەمانی ئیمام لەبەرچاوی ئەوان بە جۆرێك لە پەنهان بوون شرۆڤە کرا[٢].

هەیانبوو دانی نا بە مردنی عەسکەری، بەڵام پێشی وابوو کە دووبارە زیندوو دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە... ئەم بۆچوونەشیان لەسەر واتای فەرموودەکانی ئیمامی مەهدی بنیاتنابوو: (کە لە دوای مردن هەڵدەستێتەوەو هیچ منداڵێکیشی نییە)، چونکە ئەگەر منداڵی هەبوبا ئەو کاتە مردنی تەواو دەبوو و نە دەگەڕایەوە، چونکە ئەو کاتە منداڵەکەی دەبووە ئیمام و کەسیشی ڕانەدەسپارد... بۆیە گومان لەوەدا نییە کە حەسەنی عەسکەری ئیمامی مەهدییە، لە دوای مردن زیندوو دەبێتەوە. وتویانە: دوای ئەوەی کە مرد زیندووبوەوەو ژیاوە!... هەروەها گێڕاویانەتەوە: (ئەگەر هەواڵی دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی هات، خەڵکی دەڵێن: چۆن فڵان کەسە دەبێت بە ئیمام لە کاتێکدا ئیسکەکانی شیبوونەتەوەو پرتوکاون؟ نا بەڵکو ئەمڕۆ ئیمامی مەهدی

---

(١) النوبختي: فرق الشيعة ١٠٧_١٠٨، المفيد: الفصول ٢٦٠.

(٢) سەرچاوەکانی پێشوو.

(٣) النوبختي، فرق الشيعة ٩٨، الأشعري، المقالات والفرق ١٠٦.

زینـدووەو خـۆی شـاردۆتەوە، لـە ئاینـدەدا بەدەردەکـەوێت و کاروبـاری خـەڵك بەڕێوە دەبات و زەوی پڕ دەکات لە دادگەری وەك چۆن پـڕ کرابـوو لـە سـتەم و زۆرداری)[1].

هەنـــدێکیان وتوویانـــە: حەســـەنی عەســـکەری لـــە ئاینـــدەدا زینـــدوو دەبێتەوە... بۆیە بە (قائم) ناونراوە، چونکە لە دوای مردن زیندوو دەبێتەوەو هەڵدەستێتەوە.

ئەم تاقمە کۆمەڵێك فەرموودەیان هەڵبەست یاخود وەریان گرت کە پشتی بۆچوونەکانی ئەوان بگرێت لە هەندێك لە بزوتنـەوەکانی شـیعەی پێشـوو کـە پێیان وابوو ئیمامەت پچڕاوەو وەستاوە[2].

صـدوق دەڵێـت: ئەمانـە نـاونراون بـە (ئەوانـەی لـە ئاسـت حەسـەندا وەستاون)، پڕوپاگەندەی ئەوەیان کرد: حەسـەنی عەسـکەری پـەنهان بـووە، جا ئەمانە پەنهان بوونیان پێ دروست بوو، کەچی نەیان دەزانی ناوەڕۆکی پـەنهان بوون چییە[3].

## سەرگەردان و وێڵبووەکان

قـەیرانی ماڵئـاوایی کردنـی ئیمـامی عەسـکەری و بـەجێ نـەمانی هـیچ منـداڵێك لـە دوای ئـەودا بـووە هـۆی جوڵانـدن و هەژانـدنی زۆرێـك لـە شـیعە ئیمامییـەکان، ئەوانـەی بڕوایـان وابـوو کـە ئیمامـەت دەبێـت تـا ڕۆژی دوایـی بەردەوام بێت. قەیرانەکە شیعەی ئیمـامی پاڵنـا بـۆ پشـکنین و گـەڕان بـە دوای

(١) الأشعري، المقالات ١٠٧، النوبختي: فرق الشيعة ٩٦_٩٨.
(٢) النوبختي: فرق الشيعة ٩٦_٩٨، الأشعري: المقالات والفرق ١٠٨.
(٣) الصدوق: إكمال الدين ٤٠.

منداڵێك كە لەوانەیە ئیمام حەسەنی عەسكەری بە هەر هۆیەك لە هۆیەكان شاردبێتیەوە، بۆ نموونە لەبەر ترسی دوژمنان، هەندێك لە شیعەكان خۆیان گرتەوەو هیچ ڕوونكردنەوەیەكیان نەدا و چاوەڕوانی لاچوونی هەوری ڕەشی قەیرانەكەیان دەكرد، نەیان وت جەعفەر ئیمامە و نەشیان وت ئیمامەت پچڕاوە، تەنانەت نەیان وت حەسەنی عەسكەری مەهدییە، بەڵكو وتیان: (نازانین چ بڵێین.. شتەكەمان لێ تێكەڵ و ئاڵۆز بووە، نا زانین حەسەنی كوڕی عەلی منداڵێكی هەیە یان نا؟... یاخود ئیمامەت بۆ جەعفەر یان موحەممەد دروستە یان نا؟.. ڕاجیایی زۆر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێین: حەسەنی كوڕی عەلی ئیمام بوو و گوێڕایەڵ بوون بۆی پێویست بوو، ئیمامەتی چەسپا بوو، مردووەو مردنەكەشی دروستە، زەویش هەرگیز بێ ئیمام نابێت. ئێمە دەوەستین و ناڵێین كێ لە دوای ئەو ئیمامە، چونكە بە دروستی بۆمان دەرنەكەوتووە كە كەسی لە پاش بەجێ مابێت و لە ئێمەشی شاردبێتەوە، جا تا بە ڕاستی بۆ مان دەرنەكەوێت و ڕوون نەبێتەوە، ئەوا ئێمە هەر دەست بە ئیمامی پێشووەوە دەگرین تا ئەو كاتەی ئیمامی هاتوو بە دەردەكەوێت، هەروەك فەرمانمان پێكراوە: (ئەگەر ئیمام مرد و نەزانرا كێ لە دوای ئەو ئیمامە و كەسی دیاری نەكرد، ئەوا دەست بە ئیمامی پێشووەوە بگرن تا ئیمامی هاتوو بە دەردەكەوێت)، جا ئێمە دەست بەو فەرمایشتەوە دەگرین و پێیەوە پابەند دەبین، بەڕاستی ڕاجیایی لە نێوان شیعەدا نییە: لەوەی ئیمامەتی هیچ ئیمامێك نا چەسپێت تەنها بەوە نەبێت باوكی ڕایسپێرێت و وەسیەتی بۆ بكات بە شێوەیەكی ئاشكراو ڕوون)(١).

(١) النوبختي، فرق الشيعة ١٠٨، الأشعري، المقالات ١١٥، المفيد، الفصول ٢٦٠.

## کۆرپەلە گەڕاکان

لە کەش و هەوای نەهامەتی گومان و سەرگەردانی و ڕاجیایی و لێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوای ئەم ڕاستییەدا، هەندێك لە شیعەی ئیمامی پشتیان بە پڕوپاگەندەکەی کەنیزەکە (سقیل یان نرجس) بەست کە گوایە سکپڕە لە حەسەنی عەسکەری، ئەم پڕوپاگەندەیەش لە کاتی کۆچی دوای کردنی حەسەن بوو، جا وتیان ئەم کەنیزەکە بە هەشت مانگ دوای مردنی حەسەن منداڵی بوو، ئەو منداڵەش شاراوەیە، شوێن و ناوی نەزانراوە، لەمەشدا پشتیان بە فەرموودەیەك بەست کە ئیمامی (ڕیزا) گێڕدراوەتەوە، کە تیایدا وتویەتی: (ئێوە تاقی دەکرێنەوە بە کۆرپە کە لە سکی دایکی دایە و بە منداڵی شیرەخۆر)[1].

هەندێك لەوانەی وتیان دوای مردنی حەسەنی عەسکەری ئافرەتێکی سکپڕ هەیە، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە سکپڕییەکە بۆ کاتێکی زۆر درێژ و بەرچاو بەردەوام بوو بەشێوەیەکی دەرئاسا، وتیان بێگومان کەنیزەکەکە منداڵێکی نێرینەی بوو، بەمەش ئیمامەت بەهۆی ئەو منداڵە و ڕەچەڵەکەکەی تا ڕۆژی دوایی بەردەوام دەبێت. ئەم هەواڵەیان بە بەڵگە هێنایەوە کە لە ئیمامی صادقەوە هاتوە: (ئیمامی مەهدی لە سکی دایکی دا و لە کاتی لە دایك بوونیشی لە خەڵکی شاراوە دەبێت)[2].

ئەگەرچی پێشبینی بکرێت لە دایك بوونی منداڵەکە لە دوای مردنی

---

(١) النوبختي: فرق الشيعة ١٠٣، الأشعري: المقالات ١١٥، المفيد: الفصول ٢٦٠.
(٢) النوبختي: فرق الشيعة ١٠٤، الأشعري: المقالات ١١٥، المفيد: الفصول ٢٦٠.

حەسـەنی عەسـکەری شـتێکی دروسـت و شـیاو بێـت، ئـەوا بانگەشـەی بـەردەوام بوونی سکپڕییەکە بەو ئەندازەیەی کە خوا ویستی لەسەر بێت شـتێکە ناچـێتە عەقڵەوەو ڕەتکراوەشە، بەتایبەت سقیل (یـان نـرجس)ی کـەنیزەك لـە باوەشـی ئاشـوبەکاندا ونبـوو یـان دواتـر مـرد، هـیچ کەسـێك نـەیتوانی بیبینێـت یـاخود سـەیری دەرەنجامی سـکپڕییەکەی بکـات. بـەڵام لـەم کـەش و هـەواو قەیرانـەدا شـتێکی دوور نـەبوو کـە زیادەڕۆچـوونی وا بکـەن کـە زۆر لـە عـەقڵ و نـەریت دووربێت و هەر تـاقم و دەسـتەیەك بەکـەیفی خـۆی قسـە و گریمانـە و خـەیاڵ بڵێت و بتەنێت.

## ئەوانەی دەڵێن پێشتر منداڵێکی هەبووە

سەرباری ئەوەی زۆرێك لەو شیعانەی کە پشکنینان دەکـرد و دەگـەڕان بـە دوای منـداڵێکی حەسـەنی عەسـکەری نەگەیشـتن بـە هـیچ دەرەنجامێـك، لـەو لاشەوە سەرگەردانی و وێڵی وەك ڕەشەبا و زریان سەرجەم شیعەکانی دەهێنـا و دەبـرد، ناڕۆشـنی بـە تـەواوی بابـەتی ئیمـامی جێنشـینی داگرتبـوو، ڕاجیـاییش خەڵکی پەرت و بڵاو دەکرد بە لای ڕاست و چەپدا، ئـا لـەو کاتـەدا هەنـدێك لـە هاوەڵـانی ئیمـامی عەسـکەری بـەو پـەڕی نهێنییـەوە بـە گوێچـکەی شـیعەکاندا دەیانچـرپاند و بانگەشـەی ئـەوەیان دەکـرد کـە ئیمـامی عەسـکەری منـداڵێکی بەنهێنی هەیـە، لـە پـێش مردنـی بـاوکی بـە دوو یـان پێـنج یـاخود شـەش یـان هەشت ساڵ لـە دایـك بـووە، گومانیشیان وابـوە کـە ئـەو منداڵـەیان لـەو کاتـەدا بینیووە کە ئیمامی عەسکەری هێشـتا لـە ژیانـدا بـوو، پڕوپاگەنـدەی ئەوەشـیان کرد کە پەیوەندییان بەو منداڵەوە هەیە، داوایان لە تێکڕای شـیعەکان کـرد کـە

پرۆسەی پشکنین و بەدوادا گەڕان ڕابگرن و چیتر پرسیاریش لەبارەی ناوی ئەو منداڵە نەکەن، ئەم شتانەیان بە حەڕام دادەنا. ئەوانە ئەو بانگەشەیەی کەنیزەك (سقیل) کە گوایە سکپڕە لە عەسکەری ڕاڤە دەکرد بەوەی ئەمە هەوڵێك بوو لەلایەن کەنیزەکەکەوە بۆ شاردنەوەی ئەو منداڵەی کە بەنهێنی هەیە.

ئەمانەش لەو بانگەشەکارانە بوون: عوسمانی کوڕی سعدی عومری: بریکاری دارایی ئیمام عەسکەری، موحەممەدی کوڕی نصیری نمیری، ئەبو قاسمی جەعفەری، ئەحمەدی کوڕی هیلالی عبرتائی کەرخی، ئەحمەدی کوڕی ئیسحاقی قومی و کەسانی تریش... ئەوانەی کە وتویانە ئیمامی عەسکەری منداڵێکی شاراوەو پەنهانی هەیە، دوای سەد ساڵ ناسران بە: (دوازدە ئیمامی)[1].

## سەردەمی سەرگەردانی و وێڵی

وتنی ئەوەی حەسەنی عەسکەر منداڵی هەیە، وتەیەکی زۆر نهێنی و شاراوە بوو، هەندێك لە هاوەڵانی ئیمام عەسکەر لە دوای مردنی ناوبراو ئەم بانگەشەیان کرد. بوونی منداڵەکە شتێکی بەڵگەنەویست و ڕوون و ئاشکرا نەبوو، یان لەو کاتدا شیعەکان لەسەری کۆدەنگ نەبوون، بەڵکو کەش و هەوایەکی پڕ لە سەرگەردانی و وێڵی دەوری بابەتی ئیمامی جێگرەوەی دابوو، ئەم سەرگەردانیەش بە توندی شیعەی شڵەژاند بوو. چەند زانایەکی هاوچەرخی ئەو کات کۆمەڵێك کتێبیان نووسی کە تیایاندا بابەتی سەرگەردانی

(١) الصدوق: إكمال الدين ٤٨٣، الطوسي: الغيبة ١٨٦، النوبختي: فرق الشيعة ١٠٢، الأشعري:

و ڕێگەکانی دەرباز بوون لێیان تاوتوێی دەکرد، لەوانە شێخ (عەلی کوڕی بابویەی صدوق)، کتێبێکی نووسی بەناوی (الإمامة والتبصرة من الحيرة).

ئەم وێڵی و سەرگەردانییە بەردەوام بوو و درێژەی کێشا تا ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی، بەشێوەیەك کە شێخ (موحەممەدی کوڕی عەلی صدوق) لە پێشەکی کتێبەکەیدا (إكمال الدين وإتمام النعمة) ئاماژەی بەو سەرگەردانی و وێڵییەی ئەو کاتی کردووە، کە وەك گەردەلول شیعەی گێژو وێژ کردبوو، ناوبرواو دەڵێت: (زۆربەی ئەو شیعانەی ڕاجیاوازن کە هاتوونەتە لای من بۆم دەرکەوتووە پەنهان بوونی ئیمام ئەوانی سەرگەردان و وێڵ کردووە، تەنانەت گومانیان لەبارەی ئیمامی مەهدی بۆ دروست بووە، پیاوێك کە خەڵکی شاری سەلام "بەغداد" بوو لەگەڵ من دواو و پێی وتم: بەڕاستی پەنهان بوونی ئیمام درێژەی کێشا، سەرگەردانی خەست و توندتر بووە، بەڕاستی زۆرێك پاشگەز بوونەتەوە لە باوەڕ هێنان بە ئیمامەت)[1]. جا (كليني) و (نعماني) و (صدوق) کۆمەڵێکی زۆر گێڕانەوەیان هێناوە کە جەخت دەکەنەوە لەسەر بڵاوبوونەوەی سەرگەردانی و وێڵی پاش ونبوون و پەنهان بوونی ئیمام، تەنانەت جەختیش دەکەنەوە لەسەر ئەوەی شیعەکان ڕاجیاییان تێکەوتووەو پەرت و بڵاو بوونە لەو کاتدا، هەندێکیان هەندێکی تریان بە درۆ یان بە کوفر تۆمەتبار کردووە، تۆمەت و نەفرین گۆڕینەوە لە ناو ڕیزەکانی ئەواندا گەرم بوو، شیعە لەناو ئەم سەرگەردانییە وێڵ ببوو وەك چۆن کەشتی لەناو شەپۆڵەکانی دەریادا ون دەبێت و تێکدەشکا وەك چۆن شووشە و گۆزە

---

المقالات ١١٤، المفيد: الفصول ٢٦٠.

(١) الصدوق: إكمال الدين ٢ و ١٦.

تێکدەشکێت[١].

هـەروەها (موحەممـەدی کـوڕی أبـو زینبـی نعمـانی) لـە وەسـفی ئـەو بارودۆخەی سەرگەردانی و وێڵییەی کە لەو کاتدا گشت شیعەیەکی گرتبـووەوە دەڵێـت: (زۆربـەی شـیعەکان دەڵـێن: ئیمـامی جێگـرەوە لـە کوێیـە؟ کـەی دەردەکـەوێت؟ تـا چ کاتێـك هـەر بـە پـەنهانی دەمێنێتـەوە؟ تـا چ ئەندازەیـەك دەژیەت، کە ئێستا هەشتاو شتێك ساڵە؟ ... هەیانە بۆچوونی وایە کـە مـردووە، هەشیانە هەر بە یەکجاری نکۆڵی لە لە دایکبوونی دەکات و دەڵێت هـەر نییـە و گاڵتەش بەو کەسە دەکات کە باوەڕی پێ هێناوە، هەشیانە کات و ماوەکەی زۆر پـێ دوورەو بـە درێـژی دەزانێـت). نعمـانی دەڵێـت: (چ سـەرگەردانییەك لـەم سـەرگەردانییە گـەورەتر هەیـە، کـە خـەڵکانێکی گەلـەك زۆری لـە ئیمامـەت دابڕانـد و بـووە هـۆی ئـەوەی بـیرەی ئیمـامی فرێبـدەن؟ تـەنها کـەمێکیان ماونەتەوە، هەموو ئەمەش بەهۆی گومانی خەڵکەوە بوو)[٢].

ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەو کێشـەیەی گوایـە ئیمـامی عەسکەری منداڵێکی هەبووە بابەتێك نەبووە لە نـاو ڕیزەکـانی شیعەکانی ئـەو سەردەمدا کۆدەنگی لەسەر بووبێت، یان ئەو شیعانەی کە گریمانەی بوونی ئـەو منداڵەیان دەکرد دوای تێپەڕبوونی حەفتا ساڵ لەسـەر کۆچـی دوایـی حەسـەنی عەسـکەری، ئـەوا لـەو بیروباوەڕیـان پاشـگەز بوونـەوە، پڕوپاگەنـدی بـوونی یەکدەنگی و هـەوڵی ڕێژنـەیی (تـەواتر) کـە هەنـدێکیان بانگەشـەی بـۆ دەکـەن لەسەر بنەمای ئەو فەرموودانەی باس لە لـەدایکبوون و مەهدیایـەتی و بـوونی

---

(١) الكليني: الكافي ١/٣٦٦، ٣٣٨، ٣٤٠، النعماني: الغيبة ٨٩، ٢٠٦، ٢٠٨، الصدوق: عيون أخبار الرضا ١٦٨، إكمال الدين ٤٠٨.

(٢) النعماني: الغيبة ١١٣ و ١٨٦.

ئیمامی دوازدەم دەکات (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) هیچ نرخ و بەهایەکی لە واقیعی ئەو سەردەمدا نەبوو.

ئالێرەوە دەبێت نیشانەی پرسیار لەسەر بانگەشە و پڕوپاگەندەی بوونی یەکدەنگی و تەواتر دابنێین کە لەم دواییانەدا ئەم بانگەشەیە کراوە، کە تەواو پێچەوانەی ڕاستییە مێژووییەکانە، بەتایبەت بانگەشە کردنی بوونی یەکدەنگی و تەواتر نابێت ڕێگری لەبەردەم پێداچوونەوەو ڕەخنە و پشکنین. سەرباری ئەمەش یەکدەنگی لەلایەن شیعەی دوازدە ئیمامی نابێتە بەڵگەیەکی جێگرەوەی بەڵگە زانستییەکان... بەو پێیەی زانایانی (زانستی بنەماکانی فیقه: أصول الفقه) دەڵێن: دەکرێت کار بە بەڵگەی یەکدەنگی بکرێت، لەو کاتەی کە بەڵگەی شەرعی نەبێت، جا ئەگەر بینیمان بانگەشەیەك پشتی بەست بە بەڵگەی عەقڵی یان نەقڵی، ئەو کاتە پێویستە لەسەرمان ئەو بەڵگانە بپشکنین، دەست نەگیرێت بە یەکدەنگی. شتێکی زانراویشە کە بانگەشەی لە دایکبوونی ئیمامی دوازدەم (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) سەرچاوە دەگرێت لە بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی و مێژوویی، بۆیە پێویستە خۆمان هەڵسین بە پشکنینی ئەو بەڵگانە و لە بێژینگ دانیان، کوێرانەش شوێن پێی زانا کەلامییە ئیمامییەکان نەکەوین یاخود ئەوانەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئیمامی عەسکەری منداڵی بە نهێنی هەیە، هەروەها ملکەچی بانگەشە و گریمانە و ڕاکانی تر نەبین.

## بەندی یەکەم

# بەڵگەکانی بوونی ئیمامی مەهدی

## (موحەمەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری)

## دەروازەی یەکەم

## بەڵگە هێنانەوەی فەلسەفی

## باسی یەکەم

**سەرەتا عەقڵ...**

تاقمی (دوازدە ئیمامی) ئەوەی خستەڕوو کە ئیمام حەسەنی عەسکەری منداڵێکی پەنهانی هەیە، ئەو منداڵە تا ئەمڕۆ لە ژیاندایە و لە ئایندەدا بە دیار دەکەوێت... چەند بەلگەیەکیان لەم بارەوە خرانەڕوو، کە بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبن، لەسەرووی هەمووشیانەوە: بەلگەی فەلسەفی یاخود عەقلی، جا ئەم بەلگەیە چی دەلێت و چ شتێکی لە هەگبە دایە؟ و جەخت لەسەر چی دەکاتەوە؟.

**بەلگەکە دەلێت:**

یەکەم: بوونی ئیمام (واتە: سەرۆك) لەسەر زەوی پێویستە، نابێت زەوی لە گێژاو و بێ سەروبەریدا بێت و حکومەتی نەبێت.

دووەم: پێویستە ئیمام لەلایەن خواوە پارێزراو بێت، حوکمەتی شەرعناسە دادپەروەرەکان یان حوکمڕانی ئاساییەکان دروست نییە.

سێیەم: پێویستی کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە ئالوبەیتدا، لەناو

ئەوانیشدا لە نەوەکانی عەلی و حوسەیندا تا ڕۆژی دوایی.

چوارەم: باوەڕهێنـان بـە مردنـی حەسـەنی عەسکەری و داننـەنان بـەوەی ناوبراو مەهدییە و پەنهان بووە.

پێنجەم: پابەند بوون بە یاسای پشتاو پشتی ستوونی، دروست نـەبوونی گوێزرانـەوەی ئیمامـەت لـە برایەکـەوە بـۆ برایـەکی تـر لـە دوای حەسـەن و حوسەین..

ئـەو زانـا کەلامییانـەی بـوونی (ئیمـام موحەممـەدی کـوڕی حەسـەنی عەسکەر)یان بە تیۆرکرد لە کۆن و نوێدا، بەڵگەی عەقڵیان خستووەتەڕوو وەك گرنگترین بەڵگەی هەبوونی موحەممەدی عەسکەری، لە بەڵگە هەرە بەرایی و سـەرەتاییەکانی بەڵگـە هێنانەوەکانیانـدا دایاننـاوە. شـێخ (صـدوق "٣٨١ك مردووە") وتـەی ئـەو زانـا کەلامییـە شـیعەیەی هێنـاوە کـە هاوچـەرخی (ئـەبو سـەهلی ئیسـماعیلی کـوڕی عـەلی نـوبختی) بـووە: کـە عـەقڵی کردۆتـە بەڵگـەی ئەوەی حەسەنی عەسکەری منداڵێکی هەبووە، ناوبراو لە کتێبەکەیدا (التنبیە) کە سی ساڵ دوای (پەنهان بوون) نووسیویەتی باسی ئەوەی کردووە: (شیعە بـە بەڵگـە هێنانـەوە زانیویانــە حەسـەن کـوڕێکی هەیـە، هـەروەك چـۆن خـواو پێغەمبەرو لایەنەکانی ئایینیان بە بەڵگە هێنانەوە ناسیوە)[1].

شێخ (مفید "٣٣٨ك _ ٤١٣ك") دەڵێت: (بەڵگەی عەقڵی وا دەخوازێت کە ئیمـام لـە گشت سـەردەمێکدا هـەبێت... ئەمـەش بەسـە وەك بەڵگـە لەسـەر بوونی کوڕی حەسەن و کورت هەڵهێنانی ئیمامەت تیایدا)، هـەروەها وتویـەتی: (ئەمــە بناغــە و بنچـینەیەکە پێویسـتی بــەوە نییــە کــە دەقــەکانی لەگــەڵ

(1) الصدوق: إکمال الدین ٩٢.

بگێڕدرێنەوە، چونکە ئەم بابەتە بەخۆی یەکێکە لەو بابەتە عەقڵیانەی پێویستی بە بەڵگە نییە، هەر بە پێی بەڵگە هێنانەوەی عەقڵ دروست و چەسپاوە)[1].

شێخ (کراجکی "٤٢٧ك") بەڵگەی عەقڵی بەکار هێناوە لەسەر پێویستی بوونی ئیمامەت و پێویستی پارێزراوبوونی ئیمام، هەر عەقڵی بە بەڵگە هێناوەتەوە لەسەر ئەوەی ئیمام حەسەنی عەسکەری منداڵێکی هەیە، ئیمامەت و پەنهانبوونیشی بۆ منداڵەکە چەسپاندووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی (تەنها "پارێزراوە"و ئەوانەی تر کە بانگەشەی ئیمامەت دەکەن پارێزراو نین)[2].

(سید مورتەزای عەلەمی هودا "٣٥٥ك_٤٣٦ك") وتویەتی: (عەقڵ ئەوە پێویست دەکات کە دەبێت سەرۆکایەتی لە هەموو کاتێکدا هەبێت، پێویستیشە سەرۆك پارێزراو بێت... جا ئەگەر ئەم دوو بنچینەیە چەسپان ئەوا دەبێت بوترێت: سەرۆك خودی "خاوەن سەردەم: مەهدییە"، چونکە ئەو سیفەتەی کە عەقڵ دەیخوازێت و بەپێویستی دەزانێت تەنها لە ئیمامی مەهدیدا هەیە، بەم پێیەش پەنهان بوون پێویستە و گومانی تێدا نییە... چونکە ئەگەر ئیمامەتی کەسێك پوچەڵ کرایەوە، کە پێشتر دان بە ئیمامەتەکەی نرابوو بە ئارەزوو، ئەوا ئەو سیفەتەی کە عەقڵ بە پێویستی داناوە ون دەبێت، ڕای پێچەوانەی کەسانی ڕیزپەڕی شیعە پوچەڵ دەبووەوە، جا جگە لە مەزهەبی ئێمە هیچ شتێکی تر ستایشکراو نییە، بۆیە پێویستە دروست بێت، ئەگەر وانەبێت ئەوا ڕاستی لە ئیمامەتدا نامێنێت)[3].

---

(١) المفيد: الإرشاد ٣٤٧.

(٢) الكراجكي: كنز الفوائد ٣٤٥.

(٣) المرتضى: رسالة في الغيبة ٢_٣.

سید (مورتەزا) وتویەتی باوەڕ هێنان بە ئیمام پێویست بە بینینی ناکات، مادەم بتوانرێت بە بەڵگە هێناوەی عەقڵی بناسرێت، بەڵام قازی موعتەزیلی (عەبدولجەباری هەمەدانی) بەرپەرچی ناوبراوی داوەتەوەو لە کتێبەکەیدا (المغنی) کە تیایدا بوونی ئیمامی دوازدەمی ڕەت کردووەتەوەو وتویەتی: (بۆچوونی شیعە سەبارەت بە پارێزراوی ئیمام بووەتە هۆی ئەوەی شیعەکان هەوڵی چەسپاندنی بوونی چەند کەسێك بدەن کە لە بنچینەدا نین، لەم سەردەمەشدا بوونی ئیمامێکیان چەسپاند بە ڕەچەڵەك و ناوێکی دیاریکراو بێ ئەوەی هیچ سەرچاوەو شوێنەوارێکی ئەو کەسە دیار بێت)، مورتەزا لە کتێبی (الشافي)دا وتویەتی: (ئەم وتەیەی[1] تەنها بانگەشە و هەڵبەستنێکە، پێشتر ئێمە بەڵگەمان خستەڕوو لەسەر پێویست بوونی ئیمامەت لە گشت سەردەمێکدا، کە کەس ناتوانێت پێچ و پەنای بۆ بکات و ڕەتی بکاتەوە)[2].

شێخ (توسی "٣٨٥ك_٤٦٠ك") وتویەتی: (هەر کەسێك بەڵگەی عەقڵی بە سەلمێنراو بڕاوە دابنێت، ئەوا بێگومان دانەنێت بە بوونی "خاوەن سەردەم: ئیمامی مەهدی" و ئیمامەتییەکە )[3] و وتویەتی: (ئەمڕۆ ئیمام بریتیە لە: جێگرەوەی بەڵگەی ڕاوەستاو و مەهدی چاوەڕوانکراو موحەممەدی کوڕی حەسەنی خاوەن سەردەم....مەهدی ئێستا ئامادەیە و هەیە هەر لە سەردەمی باوکییەوە حەسەنی عەسکەری تا ڕۆژگاری ئێستامان، بە بەڵگەی ئەوەی دەبێت لە هەر سەردەمێکدا ئیمامێکی پارێزراو هەبێت، لەگەڵ ئەوەی ئیمامەت میهرو لوتفی خواییە، میهرو لوتفیش لە گشت کاتێکدا لەسەر خوا

---

(1) پێم وابێت مەبەستی قازی عەبدولجەبارە (وەرگێڕ).
(2) المرتضى: الشافي ١/٧٩_٨٠.
(3) الطوسي: تلخيص الشافي ٢١١.

پێویستە)[١].

شێخ (توسی) بەڵگەکانی لە دایکبوونی (خاوەن سەردەم: مەھدی) بۆ بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی دابەش کردووە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ جەختی کردووەتەوە لەسەر بەشی یەکەم کە بەڵگەی عەقڵییە، لەوبارەوە وتویەتی: (قسەکردن لەسەر لە دایك بوونی موحەممەدی مەھدی و ڕاستی و دروستییەکەی یان بەشتی ڕەچاوکاری "ئیعتبارییە" یاخود بە شتی نەقڵییە، جا شتە ڕەچاوکارییەکان بریتین لەوەی ئەگەر ئیمامەتی مەھدی چەسپا بەھۆی ئەو بەشە بەڵگانەی لەسەری دێنینەوەو ئەو کاتە دەبێت یان دان بە ئیمامەتی ناوبراودا بنرێت یاخود دەبێت بەڵگەکان بە گەندەڵ دابنرێن، بەم پێیە بۆمان بەدەر دەکەوێت مەھدی لە دایکبووەو ئەگەرچی ھیچ ھەواڵێکیش لەم بارەوە نەھاتبێت)[٢].

پاش ئەوەی بەڵگەی پارێزراوی خستۆتەڕوو و قسەی لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێت ئیمام پارێزراو بێت و ڕاستی نابێت لە ئوممەت دەربچێت، وتویەتی: (ئەگەر ئەم بنچینانە چەسپان، ئەوا ئیمامەتی موحەممەدی مەھدی خاوەن سەردەمیش دەچەسپێت، چونکە ھەر کەسێك بێگومان دان بنێت بەوەی کە ئیمام پارێزراوە ئەو کاتە دان بەوەشدا دەنێت کە موحەممەدی عەسکەری ئیمامە)[٣].

شێخ (توسی) ھەڵساوە بە پوچەڵ کردنەوەی بانگەشەی سەرجەم تاقمەکانی تری شیعە وەك: کیسانییەکان و ناووسیەکان و فەتحییەکان و

---

(١) الطوسي: مسائل كلامية/ المسائل العشر ٩٩.

(٢) الطوسي: الغيبة ١٣٨.

(٣) ھەمان سەرچاوە ١٥.

واقفیەکان، کە ئەوانیش بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە گوایە ئیمامەکانیان پارێزراون، لە دەرەنجامدا (توسی) ئەمەی هەڵهێنجاوە: (ئیمامەتی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری پێویستە، پەنهان بوونیشی دروستە) ڕەتیشی کردۆتەوە (کە پێویست بوو بێت بە زۆری قسە و وتەکان لە دایکبوون و هۆکاری پەنهان بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری بچەسپێنن، چونکە دروست نییە ڕاستی لە ناو ئوممەتدا دەربچێت)[1] _ کەچی لە ڕاستیدا بە زەبری وتە و وشە بوونی ئیمامی ناوبراو دەچەسێنن نەك بەلگە _.

هەروەها (فتالی نیسابوری) لەسەر بوون و ئیمامەتی (موحەممەدی مەهدی: خاوەنی سەردەم) بەلگەی هێناوەتەوە و وتویەتی: (ئەوەی عەقڵ بە پێویستی دەزانێت لە بەلگە هێنانەوەی ڕاست و دروست ئەوەیە کە ئەستەمە ڕۆژگارێك هەبێت و ئیمامێکی پارێزراوی تێدا نەبێت، چونکە ئیمام میهرو لوتفێکی خواییە بۆ بەندەکان)[2].

بەم شێوەیە (حەسەنی کوڕی أبو حسنی دیلمی) پێی وابوو: (کورت هەڵهاتنی ئیمامەت لە ئیمامەکانی ئالوبەیتدا، بەلگەیە لەسەر بوونی ئیمامی دوازدەم "بەلگەی کوڕی حەسەن")[3].

عەبدوڵای کوڕی نصری کوڕی خشابی بەغدادی بەلگەی هێناوەتەوە لەسەر چەسپاندنی بوونی ئیمامی مەهدی و دەڵێت: (بوون و ئیمامەتی موحەممەدی مەهدی کوڕی حەسەن، شتێکی چەسپاوە، چونکە عەقڵ بە بەلگە هێنانەوە ڕاست و دروستەکانی دەخوازێت: ئیمامێکی پارێزراو هەبێت...

---

(1) هەمان سەرچاوە ٣_٤.

(2) النيسابوري: روضة الواعظين ٢٢٤.

(3) الديلمي: أعلام الدين في صفات المؤمنين ٥٢.

پێویستە دەق یاخود کارێکی دەرئاسا بێتە کایە وەك بەڵگە لەسەر ئیمامەتی ئەو کەسە... ئەم سیفەتانەش لە هیچ کەسێکدا نین تەنها لەو کەسەدا نەبێت کە موحەممەدی مەهدی کوڕی حەسەنە کە ئیمامەتەکەی لەلایەن هاوەڵانی حەسەنی عەسکەرییەوە چەسپاوە)، هەروەها وتویەتی: (ئەمە بنچینەیە، ئیمامەتی پێویستی بە گێڕانەوەی دەقەکان و ژماردنی هەواڵە هاتووەکان نییە، چونکە بابەتی ئیمامەت بابەتێکی سەربەخۆی چەسپاوی عەقڵییە، بەپێی بەڵگە هێنانەوەکانیش دروست و بێ لەکەیە)[١].

دواتر زانای بلیمەت حیللی حەسەنی کوڕی یوسفی موتەهر هات و بەڵگەی عەقڵی لەسەر بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری هێنایەوە، کە پێك دێت لە: (پێویست بوونی ئیمامەت، ئیمام دەبێت پارێزراو بێت، پێویستە دەقی لەسەر هەبێت یان کارێکی دەرئاسا لەسەر دەستی ڕوویدات). پاشان ئیمامەتی عەلی و نەوەکانی بە دەقی (متەواتیر) چەسپاند کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە، هەروەها وتویەتی: (ئیمامی دوازدەم زیندووەو هەیە هەر لەو کاتەی لە دایك بووە کە ساڵی ٢٥٦ك تا ڕۆژی دوایی، چونکە لە هەر سەردەمێکدا بوونی ئیمام پێویستە، ئەو بەڵگانەی لەم بارەوە هاتوون گشتگیرن، جگە لە ئیمام کەسی تر پارێزراو نییە، بۆیە موحەممەدی کوڕی حەسەن ئیمامە)[١].

هەروەها زانا بلیمەت موحەممەد باقر مەجلیسی لە یاسای (چاك و خراپی عەقڵ) هەنگاوی ناوەو دەستی کردووە بە چەسپاندنی بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری، ناوبراو وتویەتی: (عەقڵ میهرو

---

(١) البغدادي: تأريخ مواليد الأئمة و وفياتهم. باب ولادة المهدي.

لـوتفی خـوایی لەسـەر خـودا بـە پێویسـت دادەنێـت... بـوونی ئیمـامیش میهـرو لوتفە... پێویستە ئیمام پارێزراو بێت.... تەنها ئیمام بە پـارێزراو دادەنرێـت... یەکدەنگی لەسەر ئەوە هەیـە کـە جگـە لـە ئیمـامی خـاوەن سـەردەم کەسـی تـر پارێزراو نییە ... بەم پێیەش بوونی ئیمام "سڵاوی خوای لێبێت" چەسپا)[1].

سید موحەممەد صـادق صـدر وتویـەتی: (زانیـت کـە ئوممـەتی ئیسلامی گەلەك زۆر پێویستی بە ئیمامێکی پارێزراو هەیە... شتێکی زانراویشە کـە ئـەم پێویستیە بـەکاتێك یـاخود بـە سـەردەمێکەوە پەیوەسـت نییـە، بۆیـە پێویسـتی ناچارمان دەکات کە پەنا بەرینە بەر باوەڕ هێنان بە بوونی ئیمـامی مەهـدی... چونکە ئیمامێکی تر جگە لە نـاوبراو نییـە بانگەشـەی بـوونی بکرێـت... ئەمـە ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرایە)[2].

هەنـدێك لـە زانـا کەلامییـەکانی ئیمـامی پشـتیان بـەم بنچینەیە بەسـت: (پێویستە ئیمام منداڵێکی هەبێت تا ئیمامەت لـە نەوەکانیـدا بـەردەوام بێـت )، ئـەم بنچـینەیەیان بــە بەڵگــە هێناوەتــەوە لەســەر ئــەوەی ئیمــام حەســەنی عەسکەری منداڵێکی هەیە. شێخ توسی ئەم وتەیەی ئیمـام عـەلی کـوڕی موسـای ڕیزای هێناوە: (ئیمام کە خاوەنی ئەم کاروبارەیە نامرێت تا ئەو منداڵەی خۆی نەبینێت کە لە دوای خۆی دەبێتە ئیمام)، جا بـەم پێیـە قسـەی ئـەو کەسـانەی پوچەڵ بووەوە کە وتویانە: (حەسەنی عەسکەری هیچ منداڵێکی نییە)[4].

---

(١) العلامة الحلي: باب الحادي عشر، الفصل السادس.

(٢) المجلسي: بحار الأنوار ج ٥١.

(٣) الصدر: الشيعة الإمامية ٢٧.

(٤) الطوسي: الغيبة ١٣٣ و ١٣٥.

## باسی دووەم

## هەنگاوی نەقڵی بە ڕێگەی عەقڵدا

پێویستە لێرەدا بڵێین: بێگومان (بەڵگەی عەقڵی) لەسەر بوونی (ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) بەڵگەیەکی پوخت و تەواوی عەقڵی نییە، بەشێوەیەك کە هەر کەسێکی ژیرو عاقڵ تەنیا لە خۆیەوە بتوانێت بەم ڕاستییە بگات، بەڵکو ئەمە پشت دەبەستێت بە پێشینە نەقڵییە جۆراوجۆرەکان. شێخ صدوق وتویەتی: (باوەڕ بوون بە پەنهانی ئیمامی مەهدی لەسەر باوەڕبوون بە ئیمامەتی باوو باپیرانی بنیاتنراوە... ئەم بابەتە بابەتێکی شەرعییە و بابەتێکی عەقڵی ڕووت نییە)[1]. هەر بۆ ئەم مەبەستە زانا کەلامییە ئیمامییەکان هەڵساون بە تاوتوێ کردنی گشت بڕگەکانی (بەڵگەی عەقڵی) وەك: پارێزراوی و جگە لەمەش کە خاڵی ڕاجیایی نێوان ئیمامییەکان و موسڵمانەکان و تێکڕای تاقمە شیعییەکانی ترە، بەتایبەت لە نێوان ئیمامییەکان و زەیدییەکان و واقفییەکان کە باوەڕیان بە تیۆری مەهیدیایەتی تر هەیە، ناوبراوان لە دوژمنە هەرە سەر سەختەکانی شیعەی دوازدە ئیمامی بوون لە سەردەمی سەرگەردانی دا.

ئالێرەدا وێستگەی یەکەمی بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی بە ڕێگای نەقڵیدا بریتی بوو:

١ _ پێویستی هەبوونی ئیمام: عەلی کوڕی بابویەی قومی (صدوق) بۆ

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٦٣.

چەسپاندنی ئەم پێشەکییە پشتی بە کۆمەڵێکی زۆری فەرمووده بەست، چەند فەرموودەیەکی لە ئیمام باقرو صادق گێڕایەوە، کە تیایاندا هاتووە: دروست نییە زەوی بێ ئیمام یان بێ ئیمامی دادگەر بمێنێتەوە (دوایین کەس کە دەمرێت ئیمامە، تا کەس پاساو نەهێنێتەوە لەبەردەم خواو بڵێت بێ بەڵگە فەرامۆش کرام)[١].

هەروەك موحەممەدی کوڕی صدوق لە باوکی عەبدوڵاوە (سڵاوی خوای لێبێت) گێڕاویەتیەوە، کە وتویەتی: (خوای گەورە زۆر لەوە مەزنترو شکۆدارترە کە زەوی بێ ئیمامێکی دادگەر بهێڵێتەوە)[٢]. فەرموودەیەکی تریشی هێناوە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویست بوونی (هەبوونی زانایەکی زیندووی دیار لە سەر زەوی، تا خەڵکی لە ڕوونکردنەوەی حەڵاڵ و حەرامدا پەنای بۆ بەرن). ئەم وتەیەی باوکی عەبدوڵای گێڕاوەتەوە: (ئەگەر بە ئەندازەی یەك چاو تروکان زەوی بێ بەڵگە بێت ئەوا خەڵکەکەی نقوم و ڕۆدەچوو)[٣].

تەبەڕی لە کوڕی عەبدوڵاوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: (بەردەوام زەوی ئیمامێکی هەر تێدا دەبێت کە شارەزا بێت لە حەڵاڵ و حەرام و خەڵکی بانگ بکات بۆ سەر ڕێگەی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ)[٤].

٢_ چەسپاندنی ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی پێغەمبەر (ﷺ)، هەنگاوی دووەم بوو، کە بریتییە لە چەسپاندنی ئیمامەت لە ئالوبەیت دا (سڵاوی خوایان

(١) الصدوق: الإمامة والتبصرة من الحيرة ١٥٧ و ١٦٠_١٦٢.

(٢) الصدوق: إكمال الدين ٢٢٩.

(٣) الصدوق: علل الشرائع ١٩٥ و ٢٠١.

(٤) الطبري: دلائل النبوة ٢٣١.

لێبێت)، بەپشت بەستن بە فەرموودەی پیرۆز کە دەڵێت: (من دوو شتی گرانبەها و دەگمەنم لە ناوتاندا بەجێ هێشتووە: کتێبی خوداو خزمە هەرە نزیکەکانی ئالوبەیت و خانەوادەکەم، ئەم دووانە جێگرەوەو خەلیفەی منن و لە یەکتر جیا نابنەوە تا لە دوارۆژدا لەسەر حەوز دێنە لام و پێم دەگەن). لەبەر ئەوەی (ڕەچەڵەك: العترة) گشتگیرە و هەموو خزم و نزیکانی پێغەمبەر دەگرێتەوە، ئەوا هەروەك صدوق دەڵێت پەنا برایە بەر عەقڵ و پێناساندنەکان و ژیاننامەی پێغەمبەر لە ڕاڤە کردنی فەرموودەکە بەشێوەیەك کە پێغەمبەری ڕێزدار مەبەستی زانایان و لە خواترسەکانی ڕەچەڵەکەکەی بووە نەك نەزان و ستەمکارەکان[1]. تەبەری فەرموودەیەکی لە میانەی ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴾النساء: ٥٩. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردارو و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرو حوکمڕانەکان بکەن کە لە خودی خۆتانن). فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە دەڵێت مەبەست لە (حوکمڕانانتان[2]): ئەو ئیمامانەن کە لە نەوەی عەلی و فاتیمەن تا بەرپابوونی ڕۆژی دوایی[3].

٣_ چەسپاندنی ئیمامەتی میری باوەڕداران (سڵاوی خوای لێبێت) و ڕەتکردنەوەی ئەوەی مەهدی بووبێت، لە میانەی چەسپاندنی چەند دەقێك کە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتوون لەسەر جێگرتنەوە و خەلیفایەتی

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ١٢٠

(٢) وەرگێڕ.

(٣) الطبري: دلائل الإمامة ٢٣١.

و ئیمامەتی ناوبراو. ڕەتیان کردەوە ئیمامی عەلی مەهدی بووبێت و پاشان پەنهان بووبێت _ هەروەك سەبەئییەکان ئەم بۆچوونەیان هەبوو _ بە پشت بەستن بەوەی ئیمامی عەلی بەشێوەیەکی دیارو ئاشکرا مرد کە هەموو ڕاڤەیەکی شاراوەیی ڕەت دەکاتەوە[١].

٤_ چەسپاندنی ئیمامەت بۆ کوڕەکانی عەلی.

٥_ چەسپاندنی ئیمامەتی عەلی کوڕی حوسەین، ڕەتکردنەوەی ئەوەی موحەممەدی کوڕی حەنیفە ئیمام یان مەهدی بێت، بەهەمان شێوە ڕەت کردنەوەی ئەوەی (باوکی هاشم عەبدوڵای کوڕی موحەممەدی کوڕی حەنیفە) ئیمام و مەهدی و دواتر پەنهان بووبێت، کە شیعەکامی کیسانی بانگەشەی ئەوەیان کرد موحەممەدی کوڕی حەنیفە و عەبدوڵای کوڕی ئیمام و مەهدیبوونە و دواتر پەنهان بوونە[٢].

٦_ ڕەتکردنەوەی ئەوەی کوڕو نەوەکانی حەسەن ئیمام بووبن، کە هەندێکیان بانگەشەی ئیمامەت و مەهدیایەتیان کرد وەك: (موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا: خاوەن دەروونی پاك)، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئیمامەتیان لە کوڕو نەوەکانی حوسەیندا کورت هەڵهێنا، ئەمەش بە پشت بەستن بە ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای بێ وێنە:﴿ وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ ﴾ الأنفال: ٧٥. واتە: (ئەوانەش پەیوەندی خزمایەتیان هەیە، هەندێکیان شایستەترن بە هەندێکی تریانەوە لە بەرنامەی خوادا).[٣]

---

(١) الطوسي: الغيبة ١١٨.

(٢) الصفار: بصائر الدرجات، المختصر ١٤ و ١٧٠، الطوسي: الغيبة ١١٨، الصدوق: إكمال الدين ٣٦، إبن بابويه: التبصرة من الحيرة ١٩٣.

(٣) الصدوق إبن بابويه: الإمامة والتبصرة من الحيرة ١٧٩_١٨٠.

٧_ بە دروست دانەنانی کۆبوونەوەی ئیمامەت لە دوو برادا لە دوای حەسەن و حوسەین، لەم بۆچوونەشیاندا پشتیان بەست بە ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خـوای مـەزن:﴿ وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِۦ ﴾[1] الزخرف: ٢٨. بەوەی مەبەست لە (كَلِمَةً ): ئیمامەتە، مەبەست لەو ڕاناوەی بە وشەی (عقب)ەوە لکاوە: حوسەینی کوڕی عەلییە، بەم پێیە دروست نییە ئیمامەت بگەڕێتەوە بۆ برا بۆ کوڕی مام بەڵکو پێویستە پشتاو پشت بێت لە باوك بۆ کوڕ[2]. پشت بەم یاسایە بەسترا بۆ ڕەتکردنەوەی ئیمامەتی زەیدی کوڕی عەلی و کوڕەکانی کە بانگەشەی مەهدیایەتیان کرد یاخود بانگەشەی مەهدیایەتیان بۆ کرا، هەروەها کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە موحەممەدی باقرو جەعفەری صادقی کوڕی.

٨_ چەسپاندنی ئیمامەتی جەعفەری صادق و ڕەتکردنەوەی ئەوەی ناوبراو مەهدی بوو بێت، بەپێچەوانەی شیعە (ناووسیەکان) کە بانگەشەی ئەوەیان کرد صادق نە مردووەو مەهدییە و پەنهان بووە[3].

٩_ چەسپاندنی ئیمامەتی کازم و ڕەتکردنەوەی ئەوەی ناوبراو مەهدی بوو بێت، بە پێچەوانەی شیعە ئیسماعیلیەکان کە ئیمامەتیان لە دوای جەعفەری صادق گواستەوە بۆ منداڵێکی ئیسماعیل، هەروەها بەپێچەوانەی فەتحییەکان کە بۆچوونیان وابوو عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح ئیمامە،

---

(١) واتە: (ئەوسا ئیتر ئەو بەرنامەی یەکخواناسیەی هێشتەوە بۆ هۆزو گەلانی دوای خۆی...). (وەرگێڕ).

(٢) الصدوق إبن بابويه: الإمامة والتبصرة من الحيرة ١٧٩_١٨٠.

(٣) ابن بابويه: الإمامة والتبصرة من الحيرة ١٩٩، الصدوق: إكمال الدين ١٣٧، الطوسي: الغيبة ١٨.

بەتایبەت ئەو دەستەیەی کە وتیان عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح منداڵێکی بە نهێنی هەیە ناوی (موحەممەدە) مەهدییە و شاراوەیە. عەلی کوڕی بابویەی قومی هەڵساوە بەهێنانی کۆمەڵێك گێڕانەوە لەبارەی ئیمامەتی کازم و گوایە باوکی بە دەق ئاماژەی پێکردووەو ڕەتکردنەوەی ئیمامەتی عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح و پوچەڵ کردنەوەی ئیمامەتی ئیسماعیل کە هەر لە ژیانی صادقی باوکیدا مرد، ئەمەش لە پێناو کورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە کازم دا و سەندنەوەی ئیمامەت لە کوڕەکانی ئیسماعیل کە ئیسماعیلییەکان بانگەشەی ئەوەیان کرد ئیمامەت لە کوڕەکانی ئیسماعیلدا پشتاو پشت دەبێت و مەهدی لە ناو ڕیزەکانی ئەواندا دەردەکەوێت[1]. و شێخ صدوقی کوڕی عەلی کوڕی بابویە هەڵسا بە هێنانی کۆمەڵە گێڕانەوەیەك لە ئیمام عەلی کوڕی موسای ڕیزا کە جەخت دەکەنەوە لەسەر مردنی کازمی باوکی ناوبراو و مەهدیبوونی ڕەتدەکەنەوە، بەپێچەوانەی (واقفییەکان) کە دەیان وت کازم نەمردووە بەڵکو لە بەندیخانەکەی ڕەشید هەڵاتووەو لەبەر چاوەکانی پەنهان بووە وەك ئامادەسازییەك بۆ دەرکەوتن لە ئایندەدا[1].

١٠ _ چەسپاندنی ئیمامەتی ئیمامەکانی تر وەك: (ڕیزا، جەواد و عەسکەری) تا دەگاتە (ئیمامی دوازدەم: موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری).

١١ _ ڕەتکردنەوەی ئیمامەت و مەهدیبوونی موحەممەدی کوڕی عەلی هادی، کە هەندێك لە شیعە ئیمامییەکان لەو سەردەمدا وتیان موحەممەدی کوڕی عەلی هادی ئیمامی مەهدییە، ئەمانە ناوسراون بە موحەممەدییەکان، وتیان ناوبراو لە ژیانی باوکیدا نەمردووە، سوربوون لەسەر ئەوەی هەر لە ژیاندا

---

(١) الصدوق: الإمامة والتبصرة من الحيرة ٢٠٧.

ماوەو مەهدییە و شاراوەیە، لەم بۆچوونەشیاندا پشتیان بەو وەسیەتنامەیە بەست کە باوکی بۆی کردبوو. شێخ توسی لە پوچەڵ کردنەوەی ئەم بۆچوونەدا پشتی بەوە بەست کە موحەممەد بە شێوەیەکی ئاشکراو دیار مرد و نکوڵی کردن لە مردنیشی بەنکوڵی کردن لە شتە پێویست و سەلمێنراوەکان دانا[1].

١٢_ چەسپاندنی ئیمامەتی حەسەنی عەسەکەری و ڕەتکردنەوەی ئەوەی ناوبراو مەهدی بوو بێت، ئەمە پێویست بوو بەو پێیەی ئیمامەت و مەهدیبوون چەسپێنرا بۆ کوڕە گریمان کراوەکەی موحەممەدی کوڕی عەسکەری. شێخ توسی زۆر بە درێژ وەستاوەو هەڵوەستەی کردووە لەسەر ئەم خاڵە، چەندین گێڕانەوەی هێناوە لە ئیمامی هادییەوە کە لەم میانەوە ئیمامەت و ڕاسپێررانی حەسەنی عەسکەری دەچەسپێنێت. فەرموودەیەکی هێناوە کە لە میانەی دەچەسپێنێت کە خوای گەورە وای بۆ دەرکەوتووە ئیمامەت لە موحەممەدی کوڕی عەلی بگوازێتەوە بۆ حەسەنی عەسکەری برای[2]. توسی لە پرۆسەی چەسپاندنی ئیمامەتی عەسکەری پشتی بەستووە بە کۆمەڵێك (دەرئاسا و غەیب زانین) کە باوکی هاشم جەعفەری گێڕاویەتیەوە، کە لەسەر خولگەی (زانایی و شارەزایی ئیمام لە زانستی غەیب دا) دەخولێتەوە. ئا بەم شێوەیە پێویست بوو مردنی ئیمام عەسکەری بچەسپێنن بە پشت بەستن بە مردنە دیارەکە و ڕەتیش بکەنەوە کە ناوبراو مەهدی بووبێت و چووبێتە باری پەنهان بوون و هەوڵدانی بۆ

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٣٩.

(٢) الطوسي: الغيبة ١٢٠.

(٣) هەمان سەرچاوە ١٢١.

تەئویل[1] کردنی ئەو فەرموودانەی کە پشتگیری لە زیندوو بوونەوەی دوای مردنی دەکەن، ئەمەشیان بۆ ئەوە کرد کە ڕێگە بڕن لە بەردەم ئەوانەی کە وتیان ئیمام حەسەن مەهدییە و چووەتە باری پەنهان بوون[2].

١٣_ ڕەتکردنەوەی ئیمامەتی (جەعفەری کوڕی هادی). پرۆسەی هێنانە خوارەوەو لادانی ناوبراو پشتی بەوە بەست کە ناوبراو هەر شیاو نییە ببێتە ئیمام چ جای ئەوە کە مەهدی بێت، بۆ ئەم مەبەستەش ناوبراویان تۆمەتبار کرد بە خواردنەوەی مەیی و گوناه کردن و درۆ کردن و داوێن پیسی[3].

---

(١) واتای وشەی تەئویل:(وشەی تەئویل لە ئەصلی زمانی عەرەبی دا لە :(آل، یؤل، مآلاً، و تأولا) هاتوە، واتە:(رجع، یرجع، مَرْجعا) وشەی (مَرْجع) واتە: ئەو شوێنەی کە ئینسان بۆی دەگەڕێتەوە (مآل)یش هەر بەو مانایە دێت. وشەی تەئویل لەزمانی عەرەبی دا سێ واتا دەگەیەنێت: یەکەم: ئاکام و سەرەنجام (العقبة و المآل)، پەروەردگار بەم واتایەی بەکارهێناوە: ﴿ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأۡوِيلَهُۥ ﴾ الأعراف:٥٢. واتە: ئایا کافرەکان چاوەڕێی چی دەکەن هەر چاوەڕێی ئەوە ناکەن کە ئاکام و سەرەنجامی ئەوەی قورئان دە فەرمووێ بێ!. دووەم: بەمانای لێکدانەوەو تەفسیر کردن دێت وەك خوای تاك و پاك فەرموویەتی: ﴿ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾ آل عمران : ٧. واتە: تەفسیرو لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە تەنیا خوا دەیزانێ. سێیەم: واتای تەئویل بریتیەلە: لادانی وشەیەك لەمانای ڕواڵەتی یان حەقیقی خۆی بۆ مانایەکی پەنهان یاخود مەجازی لەبەر بەڵگەیەك کە ڕێگەمان نادات ئەو وشەیە بە مانای حەقیقی یەکەی یاخود بەمانای ڕواڵەتیەکەی بەکاربێنین، وەك خوای کاربەجێ دەفەرمووێ: ﴿ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ ﴾ آل عمران : ٧. دەگونجێ وشەی تەئویل لێرەدا بەو مانایەی سێیەمیشیان بێت). سەیری: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت دا: م. عەلی باپیر، بەرگی سێیەم: خوا بەیەکگرتن لەناوو سیفەت و پەرستراوێتی دا، ١٥٥_١٦١) بکە. (وەرگێڕ).

(٢) هەمان سەرچاوە ١٢٢_١٢٤.

(٣) الصدوق: إكمال الدين ٤٠ و ١٣٣، الطوسي: الغيبة ١٣٣ و ١٣٦.

شێخ توسی لە کاتی گفتوگۆ کردن لەگەڵ شیعە (فەتحییەکان: ئەوانە بڕوایان وابوو جەعفەری کوڕی عەلی بووەتە ئیمام دوای مردنی حەسەنی عەسکەری برای) پشتی بەست بە بنەما و ڕێسای پشتاو پشت کردنی ئیمامەت، هەروەها پێویستی بەردەوام بوونی پرۆسەی ئیمامەت لە پشتەوە بۆ پشتی پشت و بەم شێوەیە تا ڕۆژی دوایی، توسی وتویەتی: دروست نییە ئیمامەت بگوازرێتەوە بۆ برا یان کوڕە مام، ئەم هەوڵەی توسی بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئیمامەتی جەعفەری کوڕی عەلی هادی بوو[1].

١٤_ پێویستی بەردەوام بوونی ئیمامەت تا ڕۆژی دوای. پێویست بوو ئەم بنچینە و ڕێسایە بچەسپێنن بۆ ئەوەی ڕێگە خۆش بێت بۆ باوەڕ هێنان بە بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری و لە میانەشیدا بەرپەرچی ئەو دەستە و تاقمە بدرێتەوە کە پێی وایە ئیمامەت لە دوای مردنی (حەسەنی عەسکەری) پچڕاوەو وەستاوە، (عەلی کوڕی بابویەی قومی) بە هێنانی چەندین فەرموودە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بەرپەرچی ئەمانەی داوەتەوە، فەرموودەکان باس لە بەردەوام بوونی ئیمامەتی ئال و بەیت دەکەن تا ڕۆژی دوایی و تایبەتمەند نەکردنی بە تەنیا کاتێکی دیاریکراوەوە[2]. شێخ (مفید) پشتی بە ستووە بەو یاسایەی کە دەڵێت نابێت زەوی بێ بەڵگە بێت (واتە: نابێت بێ ئیمامی پارێزراو بێت) لە کاتی بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی لەسەر بوونی ئیمامی (خاوەن سەردەم مەهدی چاوەڕوانکراو)[3]. هەروەها توسی فەرموودەیەکی لە جەعفەری صادقەوە

---

(١) الطوسي: الغيبة ١٣٦.

(٢) الصدوق: الإمامة والتبصرة من الحيرة ٢٣٣.

(٣) المفيد: الفصول المختارة ٤٠٢.

(سڵاوی خوای لێبێت) گێڕاوەتەوە کە دەڵێت: (ئەگەر بۆ تەنها یەك کاتژمێر زەوی بێ ئیمام بمێنێتەوە ئەوا لەناو دەچێت)[1]. کەراجکی لە دوای ماڵئاوایی کردنی عەسکەری ئەوا بەڵگەی لەسەر پێویستی هەبوونی (ئیمامی خاوەن سەردەم) و شیاو نەبوونی هیچ کەسێکی تر هێناوەتەوە بەوەی کە چەسپاوە کە دەبێت ئیمامەت لە ناو ئالوبەیتدا بەردەوام بێت و نابێت زەوی بێ ئیمام بێت[2].

١٥ _ ڕەتکردنەوەی ئەوەی ئیمامی موحەممەدی مەهدی مردبێت. هەنگاوی کۆتایی لە پرۆسەی چەسپاندنی هەبووی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری بریتییە لە ڕەتکردنەوەی مردنی ناوبراو، هەروەها تەئویل کردنی ئەو فەرموودانەی کە لەو کاتەدا تاوتوێ دەکران، کە فەرموودەکان باسیان لە مردن و پاشان زیندوو بوونەوەی ئیمام مەهدی دەکرد، ئەوانە ئەو فەرموودانە بوون کە هەڵگرانی تیۆری (مەهدیبوونی حەسەنی عەسکەر) بەسەر ناوبراویان جێبەجێ کرد و هەندێکی تر هەمان فەرموودەیان لەسەر (مەهدیبوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) جێبەجێ کرد، وتیان: ناوبراو لە دایك بووەو پاشان مردووە، لە ئایندەدا بەدەردەکەوێت. توسی هەندێك لەو گێڕانەوانەی لە کتێبەکەیدا (الغیبة) هێناوەو بە لاوازی دانەناوە، بەڵام تەئویلی کردووە بەوەی باسی ئیمام مەهدی دەمرێت، ناوبراو ئاماژەشی بەوە داوە کە پێویستە لە ئاست ئەم گێڕانەوانە بوەستین و لێیان نەکۆڵینەوە و دەست بەو شتەوە بگیرێت

---

(1) الطوسي: الغيبة ١٢٣.

(2) الكراكجي: البرهان على صحة طول عمر صاحب الزمان ٢٤٣.

کە زانراوە[1].

ئەمە بڕگەکانی (بەڵگەی عەقڵییە)، کە زانا کەلامییە ئیمامییەکان وەك یەکەم و گرنگترین بەڵگە دەیخەنەڕوو لەسەر بوونی (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) دەکرێت کورت و پوخت بکرێتەوە لە: (تیۆری ئیمامەتی خوایی بۆ ئالوبەیت کە لەسەر پارێزراوی و دەق و پشتاو پشت کردنی ستوونی وەستاوە). لە بنەڕەتدا جەخت دەکاتەوە لەسەر بنچینەی (پشتاو پشت کردنی ستوونی) و دروست نەبوونی کۆکردنەوەی دوو برا لە ئیمامەتدا، بە پێچەوانەی شیعە ئیمامییە فەتحییەکان، کە باوەڕیان بە بنچینەی ناوبراو نەبوو، بەڵکو بۆچوونیان وابوو جەعفەری کوڕی عەلی ئیمامە کە ئەمانە بەشدارو و هاوڕا نەبوون لەگەڵ (دوازدە ئیمامییەکان) سەبارەت بە بوونی (کوڕێکی شاراوەو نادیار لە دوای حەسەنی عەسکەری). سەرباری ئەوەی شیعە ئیمامییە فەتحیەکان باوەڕیان بە زۆرێك لە پێشەکییەکانی تیۆری دوازدە ئیمامی هەبوو.

---

[1]) الطوسي: الغيبة ٢٦٠_٢٨٢.

## دەروازەی دووەم

## بەڵگەی نەقڵی لەسەر ئەوەی عەسکەری کوڕێکی هەیە

لە بەڵگە هێنانەوەی نەقڵی دا لەسەر بوونی ئیمامی دوازدەم (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) پشت دەبەسترێت بە: قورئانی پیرۆز، ئەو فەرموودانەی لە پێغەمبەری مەزن (ﷺ) و ئیمامەکانی ئالوبەیتەوە (سڵاوی خوایان لێ بێت) هاتوون و مژدە دەدەن لەبارەی مەهدی چاوەڕوانکراو، ئەم بەڵگە نەقڵیانەش بۆ چەند کەرتێکی سەرەکی دابەش دەبن:

## کەرتی یەکەم

## قورئانی پیرۆز

١_ خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَقَضَيْنَآ إِلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ فِى ٱلْكِتَٰبِ لَتُفْسِدُنَّ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا ﴿٤﴾ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ أُولَىٰهُمَا بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَادًا لَّنَآ أُو۟لِى بَأْسٍ شَدِيدٍ فَجَاسُوا۟ خِلَٰلَ ٱلدِّيَارِ ۚ وَكَانَ وَعْدًا مَّفْعُولًا ﴿٥﴾ ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ ٱلْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَأَمْدَدْنَٰكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَٰكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا﴾[١] الإسراء: ٤_٦. جا (کلینی) لە (باوکی عەبدوڵا "سڵاوی خوای

---

(١) واتە: (لە کتێبی تەوراتدا یان لە تۆماری پارێزراو "لوح المحفوظ"دا بڕیارمان داوەو پێمان ڕاگەیاندوون کە سوێند بەخوا ئێوە "لە بەرنامەی ئێمە لا دەدەن و یاخی دەبن" و فەسادو خراپە دوو جار لە زەویدا بەرپا دەکەن، "لە غەفڵەتی خەڵکیدا" زۆر گەشە دەکەن و دەسەڵاتێکی زۆر گەورە بەدەست دەهێنن. جا کاتێك "ئەی جووەکان" بەڵێنی یەکەمیان دێت "کە تۆڵەتان لێ بکەینەوە" بەندە تایبەتییەکانی خۆمان دەنێرینە سەرتان کە خاوەنی هێزو توانای زۆرن، ئیتر ئەوان بە هەموو کون و کەلێنێکی قەڵاو شارۆچکەکاندا دەسوڕێنەوەو

لێبێت") گێڕاویەتیەوە: ئەم ئایەتانە لەبارەی ئیمامی مەهدییەوە دابەزیون[١].

٢ _ خوای بێ وێنە دەفەرموویێت: ﴿ فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ أَيۡنَ مَا تَكُونُواْ يَأۡتِ بِكُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا ﴾[٢] البقرة: ١٤٨. (کلینی) لە (باوکی جەعفەرەوە "سڵاوی خوای لێبێت") گێڕاویەتیەوە: کە دوێنراوی ئەم ئایەتە هاوەڵانی ئیمام مەهدیین[٣].

٣ _ خوای تاك و بێ هاوەڵ دەفەرموویێت: ﴿ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ ﴾[٤] فصلت: ٥٣. بە هەمان شێوە کلینی گێڕاویەتیەوە: مەبەستی دەرچوونی ئیمامی مەهدییە لەلایەن خواوە[٥].

٤ _ خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ ﴾[٦] ص: ٨٨. (کلینی) گێڕاویەتیەوە: ئەمە لە کاتی دەرچوونی ئیمامە. هەروەها خوای بێ وێنە

---

دەگەڕێن بە شوێنیاندا و ئەم هەڕەشەی تۆڵەیە بەڵێنی خوایە و دەبێت بێتەدی. لە دوای ئەو لاوازییەتان "ئەی جووەکان، لە غەفڵەت و دواکەوتنی جیهانی ئیسلامدا" نۆرەتان دەدەینەوەو دەسەڵاتمان بەسەر وڵاتی ئیمانداراندا پێدەدەین و ماڵ و کوڕی زۆرتان پێدەبەخشین و واتان لێدەکەین کە زۆر ئامادە بن بۆ هێرش بردن و پەلاماردان و پڕوپاگەندە کردن ).

١) الكليني: الكافي، الروضة ١٧٥.

٢) واتە: ("دەی ئێوەی موسڵمان" پێشبڕکێ بکەن لە چاکەکاندا، ڕوو لە هەر کوێ بکەن و لە هەر کوێ بن خوا هەموتان کۆ دەکاتەوە، چونکە بەڕاستی ئەو خوایە بە توانایە بەسەر هەموو شتێکدا).

٣) الكليني: الكافي، الروضة ٢٦٠، العياشي: التفسير ٦٦/١.

٤) واتە: (ئەمەش بۆ ئەوەیە تا چاك بۆیان ڕوون بێت و دڵنیا بن کە ئەو زاتە حەق و ڕاست و ڕەوایە).

٥) الكليني: الكافي، الروضة ٣١٢.

٦) واتە: (بەڕاستی لە داهاتوویەکی نزیکدا، هەر لە دنیادا هەواڵی ڕاستی و دروستی ئەم ئایینە دەزانن، لە قیامەتیشدا هەموو شتێك ئاشکراو ڕوون دەبێت).

دەفەرموویێت: ﴿ وَقُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَزَهَقَ ٱلْبَـٰطِلُ ﴾[١] الإسراء: ٨١. واتە: ئەگەر ئیمامی مەهدی هات ئەوا دەوڵەتی ناهەقی و پوچەڵی لە ناودەچێت[٢].

٥_ خوای زانا و خاوەن توانا دەفەرموویێت: ﴿ فَلَمَّآ أَحَسُّواْ بَأْسَنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ ﴿١٢﴾ لَا تَرْكُضُواْ وَٱرْجِعُوٓاْ إِلَىٰ مَآ أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَـٰكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْـَٔلُونَ ﴿١٣﴾ ﴾[٣] الأنبياء: ١٢_١٣. (کلینی) لە (باوکی جەعفەرەوە "سڵاوی خوای لێبێت") گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: ئەگەر مەهدی هات و دژ بە ئەمەوییەکان لە شام دەرچوو، ئەوا ئەمەوییەکان ڕادەکەن و پەنا بۆ وڵاتی ڕۆمەکان دەبەن... جا ئەگەر هاوەڵانی ئیمامی مەهدی بەوان گەیشتن داوای پاراستن و ڕێکەوتن دەکەن، بەڵام هاوەڵانی ئیمام مەهدی دەڵێن: ئێمە ئەوە ناکەین تا هەمان ئەو شتانەمان پێنەدەن کە پێشتر بەئێمەتان دەدا، ئا ئەمە مەبەستی ئەم فەرمایشتەی خوایە: ﴿ لَا تَرْكُضُواْ وَٱرْجِعُوٓاْ إِلَىٰ مَآ أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَـٰكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْـَٔلُونَ ﴿١٣﴾ ﴾[٤]، دەڵێت: دواتر لەبارەی خەزێنە و گەنجینەکان پرسیاریان لێ دەکات، کەچی ئیمامی مەهدی خۆی شارەزاترە

---

(١) واتە: (بەڵێ: تازە ئیتر حەق و ڕاستی هاتووەو بەرپا بووەو بەتاڵ و نا حەقی، پووچ و تەفرو توونا بووە).

(٢) الكليني: الكافي، الروضة ٢٣٩_٢٤٠.

(٣) واتە: (جا کاتێك ئەو خوانەناسانە هەستیان کردووە کە تۆڵە و سزای ئێمە بەرەو ڕوویان هاتووە و نزیکە یەخەیان بگرێت، ئەوە دەست بەجێ ڕایان کردووە لێی و سەریان لێ شێواوە. "ئەوسا بە گاڵتە پێکردنەوە پێیان وتراوە" ڕامەکەن و بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕابواردنە و بۆ ئەو ماڵ و حاڵەی کە تیایدا دەژیان، بۆ ئەوەی پرس و ڕاتان پێ بکرێت و کارێك یان ئیشێك چاوەڕێتان بکات!!).

(٤) ڕاڤەکەی خرایەڕوو. (وەرگێڕ).

لەوان بەشوێنی گەنجینە و خەزێنەکان، جا دەڵێن: ﴿ قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿١٤﴾ فَمَا زَالَت تِّلۡكَ دَعۡوَىٰهُمۡ حَتَّىٰ جَعَلۡنَٰهُمۡ حَصِيدًا خَٰمِدِينَ ﴿١٥﴾ ﴾[1] الأنبياء: ١٤_١٥. هەتا بە شمشێر مۆمی ژیانیان خامۆش دەکرێت[2].

٦_ خوای خاوەن باڵادەست و خاوەن شکۆ دەفەرموویت: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوۡاْ مَا يُوعَدُونَ ﴾[3] مریم: ٧٥. ئەمەش بە دەرکەوتنی ئیمامی مەهدییە، هەروەك (عەلی کوڕی ئیبڕاهیمی قومی) لە تەفسیرەکەیدا وا دەڵێت[4].

٧_ خوای خاوەن ویست و زانست دەفەرموویت: ﴿ يَوۡمَ يَسۡمَعُونَ ٱلصَّيۡحَةَ بِٱلۡحَقِّۚ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡخُرُوجِ ﴿٤٢﴾ ﴾[5] ق: ٤٢. واتە: دەنگی ئیمامی مەهدی لە ئاسمانەوە[6].

٨_ خوای پایەبەرز دەفەرموویت: ﴿ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴾ التوبة: ٣٣.[7] (صدوق) و (خزاز) وتویانە: مەبەستی

(١) واتە: ("ئەوسا بە دەم ڕاکردنەوە" دەیانوت: هاوار بۆ ئێمە بەڕاستی ئێمە ستەمکار بووین. جا بەردەوام هەر ئەوە قسەیانە، هەتا هەموویانمان دروێنە و خامۆش کرد).

(٢) الكليني: الكافي، الروضة ٤٤.

(٣) واتە: (هەتا کاتێك ئەو هەڕەشانە دەبینن کە لێیان دەکرێت).

(٤) القمي: التفسير ٢/٣٩٠.

(٥) واتە: (ئەو ڕۆژە دەنگێکی زۆر بەرزو سامناك بە ڕاستی دەبیستن، دیارە کە ئەو ڕۆژە هاتنە دەرەوەیە لە توێی خاکدا).

(٦) القمي: التفسير ٢/٣٢٧.

(٧) واتە: (تا سەری بخات بەسەر هەموو بەرنامە و ئاینەکانی تردا، هەرچەندە موشریك و هاوەڵگەڕان پێی سەغڵەت و دڵتەنگ دەبن).

**ئیمامی مەهدییە کە لە نەوەی فاتیمەیە[1].**

**٩_ خوای بێ هاوەڵ و هاوبەش دەفەرمووێت:** ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾[2] **النور: ٥٥.**

**١٠_ خوای دانا و کارلەجێ دەفەرمووێ:** ﴿ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُواْ فِي ٱلْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ ۝٥ ﴾[3] **القصص: ٥.**

**گشت ئەم ئایەتانە ئەگەر چی ڕاشکاویش نەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا تەئویل کراون کە سەبارەت بە ئیمامی مەهدین. و بە بەڵگەش دەهێنرێتەوە لەسەر بوون و لەدایکبوونی (موحەممەدی حەسەنی عەسکەری) دوای سەلماندنی ئەوەی تەنها ناوبراو (ئیمامی مەهدییە) نەك کەسێکی تر.**

## کەرتی دووەم

## فــــەرمــــوودەکــــــان

**١_ ئەو گێڕانەوانەی لە بارەی مەهدیی و ئیمامەوە هاتوون. بۆ نمونە: (مەهدی لە کۆتا سەردەمدا دەردەکەوێت) و (مژدە بەهاتنی مەهدی بدەن...) و (ئیمامی مەهدی نایەت تا بانگدەرێك لە ئاسمانەوە بانگ نەکات...) و (دونیا لەناو ناچێت تا پیاوێك لە ئالوبەیتی من نەیەت کە**

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٣٧٨، الخزاز: كفاية الأثر ٢٧٧.

(٢) واتە: (خوا بەڵێنی دڵنیابەخش و تەواوی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە بەڕاستی لە ئایندەیەکی نزیکدا جێنشین و پایەداریان دەکات).

(٣) واتە: (ئێمەش دەمانەوێت دەروو بکەینەوە لە چەوساوەکان و منەتی خێر بکەین بەسەر لاوازەکاندا لە وڵاتداو دەمانەوێت بیانکەینە میراتگری سامان و دەسەڵاتی ستەمکاران).

ناوی مەهدییە) و (مەهدی لە نەوەی فاتیمەیە) و (مەهدی لە نەوەی حوسەینە)... ئەمە گێڕانەوەی گەلەك زۆرن كە (كلینی) لە (الكافی) و نعمانی لە (الغیبة) و (صدوق) لە (إكمال الدین) و (تووسی) لە (الغیبة) و (مفید) لە (الإرشاد) گێڕاویانەتەوە، سەرباری ئەوەی ئەم گێڕانەوانە گشتین و تایبەت نین بە كەسێكی دیاری كراوەوە، كەچی زۆربەی ئەوانەی شت دەنووسن لەبارەی ئیمامی دوازدەم، ئەوا ئەم گێڕانەوە وەك بەڵگە دێننەوە لەبارەی لە دایكبوون و هەبوونی (موحەممەدی كوڕی حەسەنی عەسكەری[١])، ئەمەش لەدوای زیاد كردنی چەند گێڕانەوەیەكی تر لە ئیمامی (جەواد) و (هادی) كە دەڵێن: مەهدی لە نەوەی ئەوانە[٢].

٢_ ئەو گێڕانەوانەی لەبارەی پەنهان بوون و پەنهان بووەوە هاتوون: بۆ نمونە: (مەهدی لە نەوەی منە، پەنهان دەبێت و بەمەش خەڵكی سەرگەردان دەبن) و (ئەوانەی خۆڕاگرن لەسەر باوەڕهێنان بە مەهدی لەو كاتەی پەنهان دەبێت، ئەوانە سەربەرزترن لە گۆگردی سوور) و (مەهدی ... پەنهان دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی سەرگەردانی كە خەڵك لەسەر ئایینی خۆیان لادەچن) و (ئیمامی مەهدی كە لە ئێمەیە بۆ ماوەیەكی درێژ پەنهان دەبێت) و (خاوەنی ئەم كاروبارە "واتە: موحەممەدی مەهدی[٣]" پەنهان و كەنارگیریەكی هەر دەبێت) و (ئیمامی مەهدی بەر لە هاتنی پەنهان دەبێت) و (خاوەنی ئەم كاروبارە "واتە: موحەممەدی مەهدی[٤]" دوو پەنهان بوونی هەیە: یەكێكیان

---

١) وەرگێڕ.

٢) الصدوق: إكمال الدین ٣٧٨، الخزاز: كفایة الأثر ٢٧٧.

٣) وەرگێڕ.

٤) وەرگێڕ.

ماوەکەی ئەوەندە درێژە تا وای لێدێت هەندێکیان دەڵێن: مـردووە و هەنـدێکی تــر دەڵــێن: کــوژراوە، هەنــدێکی تــریش دەڵــێن: ڕۆیشــتووە، بەمــەش تــەنها کەمینەیەك لە هاوەڵانی نەبن کەسی تر باوەڕی پێ ناهێنێت).

ئەوانەی باوەڕیان بە بوونی ئیمامی دوازدەم موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری هەیـە، ئـەوا ئـەم فەرموودانـە وەك بەڵگـە دێننـەوە لەسـەر ڕاسـت و دروستی تیۆرەکەیان، موحەممەدی کوڕی ئـەبو زەینـەبی نوعمـانی لـە (الغیبـة) وتویەتی: (ئەگـەر لـەبارەی پـەنهانی ئیمـام هـیچ فەرموودەیـەکی تـر جگـە لـەم فەرموودەیە"فەرموودەی دوایی" نەبینرابایە، ئەوا فەرموودەکە بەتـەنها بـەس بوو بۆ ئەو کەسەی لێی ورد ببێتەوەو ڕامێنێت)[1]. صدوق دەڵێت گواستنەوەی ئـەم گێڕانەوانـە لەلایـەن شیعەوە کـە لەسـەر (پـەنهان بـوون) دەدوێـن بـەر لـە ڕوودانی پەنهان بوونەکەی ئیمام، ئەوە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیـە لەسـەر ڕاسـتی و دروســتی پــەنهان بوونەکــە[2]. هــەروەها وتویــەتی: دەرنەکــەوتنی دەق و جێگـرەوە (منـداڵ) لـە دوای حەسـەنی عەسـکەری، هـەروەها پـەنهان بـوونی ئیمامی مەهدی و کەسایەتییەکەی و ڕاجیایی و سەرگەردانی شیعە لە ئاسـتیدا، هەروەك لە گێڕانەوەکانی پێشوودا هـاتووە هـەموو ئەوانـە بەڵگـەن لـە (بـوونی مەهدی و پەنهان بوونی)[3].

شـێخ توسـی لـە کتـێبی (الغیبـة)دا وتویـەتی: (بـە بەڵگـە هێنانـەوەی ئـەم هەواڵانە لەم ڕووەوەیە کە باس لە ڕووداوێك دەکات بـەر لـە ڕوودانـی، ئەمـەش بەڵگەیـە لەســەر ڕاســت و دروســتی بۆچــوونەکەمان ســەبارەت بــە ئیمامــەتی

---

(1) النعماني، الغيبة ١١٦
(2) الصدوق: إكمال الدين ١٩.
(3) هەمان سەرچاوە ١١٣.

موحەممەدی کوڕی حەسەن، چونکە زانینی ڕوودانی شت لە داهاتوودا تەنها کاری خودای پەنهان زانە، ئەگەر تەنها یەك هەواڵ گێڕدرابایەوە، ئەو هەواڵەش کۆك بووبا لەگەڵ ئەو شتەی هەواڵی لەبارەوە دراوە ئەو بەتەنها بەس بوو)[١]. هەروەها وتویەتی: (ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئیمامەتی حەسەن و دروستی پەنهان بوونەکەی، بریتییە لەو هەواڵە زۆرانەی کە لە باو باپیرانییەوە هاتوون، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەو کاتانە هەواڵی ئەوەیان دابوو کە ئیمامی مەهدی پەنهان بوونێکی هەیە و باسی چۆنیەتی و سیفەتی پەنهان بوونەکەشیان کردووە، باسی ئەوەشیان کردووە کە ڕاجیایی و ڕووداوی زۆر لەسەر بابەتی پەنهان بوونەکە دێنە کایە، ڕایانگەیاندووە ئیمامی مەهدی دوو پەنهان بوونی دەبێت... لە پەنهانی بوونی یەکەمدا هەواڵی مەهدی دەزانرێت، بەڵام لە پەنهان بوونی دووەمدا هەواڵەکانی نازانرێت... واقیع کۆك بوو لەگەڵ ئەو هەواڵانە، جا ئەگەر بوونی ئیمامی مەهدی و پەنهان بوونەکەی ڕاست نەبووبایە، ئەوا واقیعەکە لەگەڵ هەواڵەکە کۆك نەدەبوو، بێگومان ئەمەش تەنها لەو ڕێگەیە دەبێت کە خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ڕایگەیاندووە)[١].

٣_ ئەو گێڕانەوانەی لەبارەی دوازدە ئیمامەوە هاتوون. بۆ نمونە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ): (لە دوای من دوازدە خەلیفە دێن) یان (کاروباری ئوممەتم سەرکەوتوو دەبێت تا دوازدە خەلیفە تێدەپەڕن هەر هەمووشیان لە هۆزی قورەیشن) یاخود (دوازە ئیمام لە ناو ئوممەتدا دێن... هەموویان لە قورەیشن و هاووێنەیان نییە) یان (لە دوای من دوازدە میر دێن،

---

(١) الصوسي: الغيبة ١٠٩.

کە هەموویان لە هۆزی قورەیشن) ئەم گێڕانەوانە هەموویان بە ڕێگەکانی ئەهلی سوننە گێڕدراونەتەوە، صدوقیش ئەم گێڕانەوانەی گێڕاوەتەوەو ئەم ڕوونکردنەوەشی لەسەر داوە: (دژەڕاکانمان لە "هاوەڵانی فەرموودە: أصحاب الحديث" بەشێوەیەکی دیارو ڕێژنە ئاسا ئەم فەرموودانەیان گێڕاوەتەوە، کە لە فەرموودەی جابری کوڕی سەمرەی سەوائییە، ئەویش لە پێغەمبەرەوە گێڕاویەتیەوە... ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو هەواڵ و خەبەرانەی لە دەستی ئیمامییەکاندان و لە پێغەمبەرو ئیمامەکانەوە هاتوون ئەوا هەواڵی ڕاست و دروستن)[٢].

هەروەك كلینی لە كتێبی (الکافي) و توسی لە كتێبی (الغیبة) گێڕاویانەتەوە[٣].

ئەو گێڕانەوە شیعیانەی لەبارەی (دوازدە ئیمامەوە) هاتوون، كلینی لە كتێبی (الکافي)دا نزیكەی حەڤدە گێڕانەوەی هێناوە و صدوق نزیكەی (سی و شتێك) گێڕانەوەی گێڕاوەتەوە... خەزاز لە كتێبی (كفاية الأثر في النص على الأئمة الإثني عشر) نزیكەی دوو سەد گێڕانەوەی هێناوە، هەروەها ناوبراو لەبارەی ئەم گێڕانەوەو هەواڵانە وتویەتی: موتەواتیرو ڕێژنەییە. ئەمەش لەبەر ئەوەی: (هەرگیز ناكرێت هاوەڵان و خزمە هەرە نزیكەكانی پێغەمبەری خواو شوێنكەوتووان كە نیوەی گێڕانەوەكان لەوانەوە هاتوون، لەسەر درۆ كۆببنەوە)[٤].

---

(١) هەمان سەرچاوە ١١٠.

(٢) الصدوق: إكمال الدين ٦٧_٦٨.

(٣) الكليني: الكافي ١/٥٢٥_٥٣٤، الطوسي: الغيبة ٨٨_٩٠.

(٤) الخزاز: كفاية الأثر ٧٧.

بەپێی گێڕانەوە شیعییەکان کە باسی ئەوە دەکەن گوایە ناوی ئیمامەکان پێشتر لە لیستێکدا ئامادە کراون، ئەوا تیۆری دوازدە ئیمامی لەمەدا پشت دەبەستێت بە کتێبی سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالی، کە دەڵێت: لە سێ سەدەی ڕابردوودا شیعەکان لە ماڵەکانی خۆیاندا لیستی ناوی دوازدە ئیمامەکانیان دەپاراست.

جا کوڕی ئەبو زەینب لەبارەی کتێبەکەی سەلیم وتویەتی: (لە نێوان سەرجەم زانایانی شیعە و ئەوانەی زانستیان لە ئیمامەکان گێڕاوەتەوە ڕاجیایی نییە لەسەر ئەوەی کتێبی "سەلیمی کوڕی قەیسی هیلالی" یەکێکە لەو کتێبە بنچینەییانەی زانایان و هەڵگرانی فەرموودەی ئالوبەیت و پێشینان گێڕاویانەتەوە، کتێبی ناوبراو یەکێکە لەو بنچینە و بنەمایانەی کە شیعە پشتی پێ دەبەستێت و بۆی دەگەڕێتەوە)[1].

ئینجا صدوق و سەرجەم زانا کەلامییە ئیمامییەکانی تر ئەو گێڕانەوانەیان کە بە (موتەواتیر)ی دادەنێن بە بەڵگە داناوە لەسەر هەبوونی و لەدایکبوونی (ئیمامی دوازدەم: موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەر)، ئەمەش بەوەی دەبێت ژمارەی (١٢) کە هەواڵی پێدراوە دەبێت تەواو بکات، بەبێ بوونی ئیمامی موحەممەدی مەهدی ئەوا ژمارەی ئیمامەکان دەبێتە (یازدە ئیمام) کە پێچەوانەی فەرموودەکانە، جا لەبەر ئەوەی گێڕانەوەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە (مەهدی) لە ئالوبەیتە و لە نەوەی حوسەینە، هەروەها لەبەر ئەوەی یازدە ئیمامەکە تێپەڕین و هیچ یەکێکیان دەرنەکەوت، بۆیە بێگومان: موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری خودی مەهدییە کە

---

[1] النعماني: الغيبة ٧٧.

دەردەكەوێت و زەوی پڕ دەكات لە دادگەری وەك چۆن پڕ كراوە لە ستەم و زۆرداری[1].

توسی پێی وایە هەردوو تاقم و كۆمەڵە جیاوازەكە: (خەڵكی سادە) و (ئیمامییەكان) كۆكن لەسەر ئەوەی: ئیمامەكانی دوای پێغەمبەر (ﷺ) دوازدە ئیمامن، زیاد و كەم نابن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر لەدایكبوونی (خاوەنی سەردەم: ئیمامی مەهدی) و ڕاستی و دروستی پەنهان بوونەكەی، هەروەها ناوبراو وتویەتی: (شیعە پێیان وایە ئەم هەواڵانە لە پێشینەوە بۆ پاشین بەشێوەیەكی ڕێژنەیی و موتەواتیر هاتوون)[2].

٤_ مەهدی ئیمامی دوازدەم. سەرباری ئەمە لە كەلەپوری شیعەدا زیاتر لە حەفتا گێڕانەوە لە پێغەمبەری خواو (ﷺ) و ئالوبەیتەوە (سڵاوی خوایان لێبێت) هەیە، كە لە بارەی (مەهدی و ئیمام) دەدوێن و بە ڕاشكاوی ئاماژە بەوە دەكەن بەوەی كە مەهدی (ئیمامی دوازدەم یاخود نەوەی نۆیەمی حوسەینە)، هەندێك لەو گێڕانەوانە بەناوی تەواو و ڕاشكاوەوە باسی دەكەن، هەندێكی تریش تەنها بە نازناو ئاماژەی پێدەكەن. بۆ نمونە ئەو گێڕانەوانەی صدوق لە كتێبەكەیدا (إكمال الدین) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەیگێڕێتەوە: (جێگرەوەو ڕاسپێرراوەكانی من و بەڵگەكانی خوا لەسەر بەدیهێنراوەكانی لە دوای من دوازدەن، یەكەمیان براكەمە، دواهەمینیان مەهدی كوڕمە)[3].

لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە: (خوای مەزن حەسەن و حوسەینی لە

---

(١) الصدوق: إكمال الدین ٦٦.

(٢) الطوسي: الغیبة ٨٨ و ١٠٠.

(٣) الصدوق: إكمال الین ٢٨٠.

کوڕەکانی عەلی هەڵبژاردووە، لە کوڕو نەوەکانی حوسەینیش ڕاسپێرراو ئیمامەکانی هەڵبژاردووە... نۆیەم نەوەی حوسەین مەهدییە)[1].

لە میری باوەڕدارانەوە (سڵاوی خوای لێبێت) هاتووە: (بیرم دەکردەوە لە منداڵێك کە لە پشتی یازدەمی نەوەی منەوە لە دایك دەبێت، ئەو مەهدییە)[2].

لە حوسەینی کوڕی عەلییەوە (سڵاوی خوایان لێبێت) هاتووە: (نۆیەم نەوەی من... ئیمامی مەهدی ئالوبەیتەکەمانە کە خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە لە یەك شەودا چاکسازی دەکات لە کاروبارەکاندا)[3].

لە باوکی عەبدوڵاوە (سڵاوی خوای لێبێت) هاتووە: (شەشەم نەوەی من پەنهان دەبێت، کە دوازدەمین ئیمامی ڕێنیشاندەرە لە دوای پێغەمبەری خوا، یەکەم ئیمامیان میری باوەڕدارانە، دواینیشیان کۆتا ئیمامە کە خوای گەورە لەسەر زەوی جێی هێشتووەو خاوەنی سەردەمە)[4].

لە ئیمامی ڕیزاوە (سڵاوی خوای لێبێت) هاتووە: (ئیمامی مەهدی... چوارەم نەوەی منە)[5].

بەهەمان شێوە لە ئیمامی ڕیزاوە (سڵاوی خوای لێبێت) هاتووە: (لە دوای من موحەممەدی کوڕم ئیمامە، لە دوای ئەویش عەلی کوڕی، پاش عەلی حەسەنی کوڕی، لە دوای حەسەنیش کوڕی حەسەن ئیمامە کە مەهدی چاوەڕوانکراوە)[6].

---

(1) هەمان سەرچاوە ٢٨١.
(2) هەمان سەرچاوە ٣٨٩.
(3) هەمان سەرچاوە ٣١٦.
(4) هەمان سەرچاوە ٣٤٢.
(5) هەمان سەرچاوە ٣٧٩.
(6) هەمان سەرچاوە ٣٧٢.

لە ئیمام هادیەوە (سڵاوی خوای لێبێت) هاتووە: (حەسەنی کوڕم لە دوای من ئیمامە، لە پاش حەسەنیش مەهدی کوڕی ئیمامە)[1].

لە باوکی عەبدوڵاوە هاتووە، کە لە جابری کوڕی عەبدوڵای ئەنصار گێڕاویەتیەوە: کە چووەتە لای فاتیمە تا پیرۆزبایی لە دایکبوونی حوسەینی لێبکات، ئەو کاتیش پێغەمبەر هەر لە ژیاندا مابوو، جابر تابلۆیەکی سەوزی لە دەستی فاتیمەدا بینی، لە تابلۆکەدا کتێبێکی بینی لە ڕووناکی خۆر دەچوو، جابر پرسیاری لەبارەی ئەو شتانە لە فاتیمە کرد، ئەویش لە وەڵامدا وتی: خوای گەورە ئەم تابلۆیەی وەك دیاری بەخشییە پێغەمبەری خوا، کە ناوی باوکم و عەلی و کوڕەکەم و ئیمام و ڕاسپێرراوەکانی نەوەی منی تێدایە، باوکم ئەمەی بەم بەخشی تا پێی دڵخۆش بم... ئەم تابلۆیە ناوی یەکە یەکەی دوازدە ئیمامەکەی تێدایە... کۆتا ئیمامیش لەو دوازدە ئیمامانە (م ح م د)ە کە خوای گەورە وەك میهرو ڕێژنەی ڕەحمەت بۆ جیهانیان ڕەوانەی دەکات[1].

٥_ پێویستە زەوی بەڵگەیەکی لەسەر بێت. چەند فەرموودەیەکی ترن کە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە بەڵگەیەك لەسەر زەوی هەبێت، دروست نییە زەوی بێ ئیمام بێت، بۆ نمونە ئەو فەرموودەیەی کە لە کتێبەکانی فەرموودەدا لە پێغەمەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕدراوەتەوە: (هەر کەسێك بێ ئیمام بمرێت، ئەوا بەنەفامی مردووە، هەر کەسێك بستێك لە گوێڕایەڵی دوور بکەوێتەوە، لە ڕۆژی دواییدا دێت بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی بەدەست بێت). لە ئیمام صادقەوە هاتووە: (هەر کەسێك بمرێت و ئیمامی خۆی نەناسێت، ئەوا بە نەفامی مردووە) سەلیمی کوڕی قەیس لە کتێبەکەیدا

---

(١) هەمان سەرچاوە ٣٨٢.

و صدوق و کلینی و نعمانی و مفید ئەم فەرموودەیەیان گێڕاوەتەوە[٢].

فەرموودەیەکی تر کە برقی و صدوق و مفید لە ئیمام صادقیان گێڕاوەتەوە: (زەوی هەرگیز بێ پیاوێك نابێت کە ڕاستی دەناسێت و دەزانێت، ئەگەر خەڵکی لە ڕاستی و حەقدا زیادەڕەوییان کرد، دەڵێت: تێتان پەڕاند و سنوورتان بەزاند، ئەگەر خەڵکی کەم و کورتیان تێدا کرد، دەڵێت: کەم و کورتیتان تێدا کرد، ئەگەر ڕاستیان کرد پشتگیریان دەکان، ئەگەر ئەم بارودۆخە بەم چەشنە نەبێت ئەوا هەرگیز ڕاست و ناڕاست لەیەکتری جیا نەدەکرایەوە)[٣].

لە ئیمام صادقەوە گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: (خوای گەورە لەوە مەزنترو شکۆدارترە کە زەوی بەبێ ئیمام فەرامۆش بکات) هەریەك لە صفار و کلینی و صدوق ئەم فەرموودەیەیان گێڕاوەتەوە[٤].

بەهەمان شێوە لە ئیمامی صادقەوە گێڕدراوەتەوە، کە وتویەتی: (خوای گەورە لەو کاتەوە کە گیانی ئادەمی (سڵاوی خوای لێبێت) کێشا هەرگیز زەوی بێ ئیمام نەهێشتۆتەوە، چونکە بەهۆی ئیمامەوە بەندە ڕێنموونی دەکرێت بەرەو خوا، ئیمام بەڵگەیە لەسەر بەندەکان، هەر کەسێك دوای نەکەوێت خلیسکاوەو لە ڕێگەی لاداوەو هەر کەسێکیش شوێنی بکەوێت و دەستی پێوە بگرێت سەرکەوتووە، بۆیە بوونی ئیمام لەسەر خوا پێویستە). هەروەها لە

---

(١) هەمان سەرچاوە ٣٠٥ والكافي ١/٥٢٧.

(٢) الصدوق: إكمال الدين ٤١٣، الكليني: الكافي ١/٣٧٦، النعماني: الغيبة ١٢٩، المفيد: الإختصاص ٢٦٨، والرسائل ٣٨٤.

(٣) البرقي: المحاسن ٢٣٥، الصدوق: علل الشرائع ١/٢٠٠، المفيد: الإختصاص ٢٨٩.

(٤) الصفار: بصائر الدرجات ٤٨٥، الكليني: الكافي ١/١٧٨، الصدوق: إكمال الدين ٢٢٩.

ئیمـامی نـاوبراو گێڕدراوەتـەوە کـە وتویـەتی: (ئەگـەر بـە ئەنـدازەی یـەك چـاوتروکان زەوی بـێ ئیمـام بێـت ئـەوا دانیشـتووانی سـەر زەوی بـە زەویـدا ڕوودەچن)، صفار و کلینی و نعمانی و صدوق ئەمەیان گێڕاوەتەوە[١].

کەواتە (بەڵگەی نەقلێ) لە کۆمەڵێك ئایەت و فەرموودە و گێڕانـەوە پێـك هاتووە کە بەشێوەیەکی گشتی لەسـەر ئیمـام و مەهـدی دەدوێـن، ئـەو شـتانەش کە ئەم دەقانـە تایبـەت دەکـەن بـە ئالوبـەیت و نـەوەکانی عـەلی (سڵاوی خـوای لێبێت) و نەوەکانی فاتیمەی زەهرا (سڵاوی خـوای لێبێـت) و نـەوەکانی ئیمـامی حوسەین و نەوەکانی ئیمام صادق و جەواد و هادی و عەسکەری، سەرباری ئـەو گێڕانەوانـەی لەسـەر (دوازدە ئیمامـەکان) و لـە دایکبـوون و نـاوی (ئیمـامی مەهدی) دەدوێن، گشت ئەمانـە بـەپێی تێڕوانینـی ئیمامییـەکان سەردەکێشێت بۆ باوەڕهێنـان بـە هـەبوون و لـە دایکبـوونی (ئیمـامی دوازدەم: بەڵگـەی کـوڕی حەسەنی عەسکەری) و بەوەی ناوبراو هەر لە ژیاندا ماوە سـەرباری ئـەوەی لـە مـاوەی ژیـانی باوکیـدا دەرنەکـەوتووەو ڕانەسـپێرراوەو لەلایـەن باوکییـەوە ئاماژەی پێنەکراوە.

(١) الصفار: بصائر الدرجات ٤٨١، الكليني: الكافي ١/١٧٩، النعماني: الغيبة ١٣٩، الصدوق: علل الشرائع ١٩٧، وإكمال الدين ٢٠١.

# دەروازەی سێیەم

# بەڵگەی مێژوویی لەسەر لە دایکبوونی (ئیمامی دوازدەم)

## باسی یەکەم

## لە دایکبوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری

بەڵگەی مێژوویی دان بەوەدا دەنێت کە ڕوخساری ژیان و ژیاننامەی ئیمامی عەسکەری ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ناوبراو منداڵی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەی ناوبراو دەڵێت: بارودۆخی سیاسی ڕێگەی نەدەدا کە حەسەنی عەسکەری بوونی منداڵەکەی ڕابگەیەنێت، هەروەها لە ترسی حوکمڕانی عەبباسی عەسکەری بوونی کوڕەکەی ئاشکرا نەدەکرد، چونکە حوکمڕانی عەبباسی پێشتر چاك دەیزانی کە ئیمامی مەهدی عەرشەکە دەهەژێنێت، ئەم هۆکارانە ئیمامی عەسکەرییان ناچار کرد کە هەواڵی لە دایکبوونی (مەهدی چاوەڕوان کراو) بشارێتەوە. پاشان بەڵگەی مێژوویی دەچێتە سەر باسکردنی لە دایکبوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری بە تێرو تەسەلی ئەو بارودۆخانەی دەوری ئەو لەدایکبوونەیان دابوو، هەروەها باسی چیرۆکی ئەو کەسانە دەکات کە موحەممەدی مەهدییان بینیوەو بەشێوەیەکی نهێنی چاویان پێکەوتووە لە سەرجەم قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی باوکی و لە پاش ماڵئاوایی کردنیشی.

### دایکی منداڵەکە

گێڕانەوەکان جیاوازن لەبارەی ناوی دایکی موحەممەدی کوڕی حەسەن،

شێخی پێشینە ئەبو سەلجی بەغدادی لە کتێبی (تأریخ الأئمة) و مەسعودی لە کتێبی (إثبات الوصیة) و توسی لە کتێبی (الغیبة) و مەجلسی لە کتێبی (بحار الأنوار)دا دەڵێن: ناوی ئافرەتەکە نرجسە، موحەممەدی کوڕی عەلی صدوق لە کتێبی (إکمال الدین)دا دەڵێت: (ناوی ئافرەتەکە مەلیکەیە کچی یەشوعای قەیسەری پاشای ڕۆمی ئەو سەردەمە، مەلیکە ئیمامی حەسەنی عەسکەری لە خەودا بینیوەو خۆشویستووەو شووی پێکردووە، مەلیکە لە دەست باوکی ڕایکرد، چونکە باوکی دەیویست لە کوڕی براکەی مارەی بکات، ئینجا دەستگیر کراو کرایە بەندە، ئیمامی هادیش پیاوێکی گوێزەرەوەی نارد تا مەلیکە لە بازاری بەندەکان لە شاری بەغداد بکڕێت)[1].

بەڵام مەسعودی دەڵێت: (کەنیزەکێك بوو لە ماڵی هەندێك لە براکانی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی موحەممەد لە دایك بوو، هەر لە هەمان ماڵ پەروەردە کرا و پێگەیشت، جا کاتێك گەورەبوو و تەواو گەشەی کرد باوکی موحەممەد سەیری کرد و پێی سەرسام بوو و سەرنجی ڕاکێشا، داوای لە پوری کرد کە داوا لە باوکی بکات تا ئەو ئافرەتەی پێ ببەخشێت، پورەکەشی داواکەی جێبەجێ کرد)[2].

هەروەها صدوق لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت: (ئافرەتەکەی ناوی "صقیل" بوو، هێشتان حەسەنی عەسکەری لە ژیاندا بوو کە ئافرەتەکە ماڵئاوایی کرد)[3]. چەند ناوێکی تریش بۆ ئەم ئافرەتە هەن کە مەجلسی باسیان دەکات، وەك: (سەوسەن، ڕیحانە، خەمت)، شەهیدی یەکەم لە

(1) الصدوق: إکمال الدین ٤١٧.
(2) المسعودي: إثبات الوصیة ١٩٥.
(3) الصدوق: إکمال الدین ٤٣١.

(الدروس)دا هێناویەتی: کە ئافرەتەکە بەندە نەبووە بەڵکو ئازاد بوووەو ناوی (مەریەمی کچی زەیدی عەلەوییە)[١].

## مێژووی لەدایکبوونەکە

گێڕانەوەکان جیاوازن لەبارەی مێژوو و بەرواری لە دایکبوونی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری، هەندێك لە شیعەکانی سەرەتا دەستیان گرت بە بانگەشەی سکپڕ بوونەکەی نرجس لە دوای ماڵئاوایی ئیمامی عەسکەری، وتیان: دوای هەشت مانگ لە ماڵئاوایی کردنی عەسکەری ئەوا موحەممەدی کوڕی عەسکەری لەدایکبوو[٢].

شێخ مفید دەڵێت: موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری لە ڕۆژی هەشتەمی مانگی (ذي القعدة)ی ساڵی ٢٥٧ك یان ٢٥٨ك لەدایکبووە، زیاتر دەڵێت: تەمەنی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری لە کاتی ماڵئاوایی باوکی دوو ساڵ و چوار مانگ بوو[٣]. ناوبراو لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت: لە نیوەی مانگی (شەعبان)ی ساڵی ٢٥٥ك لە دایکبووە[٤]. ناوبراو لە گێڕانەوەی سێیەمدا دەڵێت: موحەممەدی کوڕی عەسکەری لە ساڵی ٢٥٢ك لەدایکبووەو تەمەنی ناوبراو لەکاتی کۆچی دوایی باوکی هەشت ساڵ بوو[٥]. بەڵام شێخ صدوق دەڵێت: لەدایکبوونی لە ڕۆژی ٨ مانگی شەعبانی ساڵی ٢٥٦ك بووە[٦].

---

(١) المجلسي: بحار الأنوار ٤٣٢/٥١.

(٢) النوبختي: فرق الشيعة ١٠٣، الأشعري القمي: المقالات والفرق ١١٤

(٣) المفيد: رسالة مولد الأئمة ٦.

(٤) المفيد: الفصول المختارة ٢٥٨.

(٥) هەمان سەرچاوە.

(٦) الصدوق: إكمال الدين ٤٣٢.

شێخ توسی دەڵێت: لە نیوەی مانگی ڕەمەزان لەدایکبووە[1]. بێ ئەوەی ساڵەکە دیاری بکات، لە گێڕانەوەیەکی تردا توسی لەگەڵ شێخ موفید یەکدەگرێت و دەڵێن: لە نیوەی مانگی شەعبانی ساڵی ٢٥٥ك لەدایکبووە[2].

بەم شێوەیە گێڕانەوەکان جیاوازن لەبارەی دیاری کردنی بەروارو مێژووی لەدایکبوونی کوڕی حەسەنی عەسکەری، کە دەڵێن بە وێنەو شێوەیەکی نهێنی لەدایکبووەو هەر بە نهێنیش ماوەتەوە...

## چۆنیەتی لەدایکبوونەکە

صەدوق و توسی و مەسعودی و خوصەیبی لە گێڕانەوەی چیرۆکی لەدایکبوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری پشتیان بەستووە بە یەك گێڕانەوە کە دەیدەنە پاڵ حەکیمە یاخود خەدیجەی پوری ئیمام عەسکەری، پوری ناوبراو لەبارەی چیرۆکەکە دەڵێت: (باوکی موحەممەد حەسەنی کوڕی عەلی بە دوای منی نارد و داوای لێکردم کە بۆ خواردنی نانی ئەو شەو بچمە لای، چونکە شەوی نیوەی مانگی شەعبانە، خوای گەورە لەم شەودا بەڵگەیەك دەردەخات، منیش پێم وت: دایکی بەڵگەکە کێیە؟ پێی وتم: نرجسە، پێم وت: خوا بە قوربانی تۆم بکات چ شوێنەوارێکی پێوەیە، پێی وتم: بەم شێوەیەیە کە پێت دەڵێم)[3].

(دەڵێ منیش چووم... کاتێك سڵاوم کرد و دانیشتم ئافرەتەکە هات و خوفەکانی لە پێکردم و بەمنی وت: ئەی گەورەی من و خانەوادەکەم شەوی

---

[1]) الطوسي: الغيبة ١٤٣.

[2]) الصدوق: إكمال الدين ٤٢٤.

[3]) هەمان سەرچاوە: ١٤١.

ڕابـــردووت چـــۆن بـــەڕێکرد؟... منـــیش پـــێم وت: بـــەڵکو تـــۆ گـــەورەی مـــن و خانەوادەکەی منی، وتـی: ئـەم وتـەی منـی پـێ نـاخۆش بـوو و پێـی وتم: ئەمـە چییە پورێ؟... پێم وت: ئەی کچی خۆم ئـەم شـەو خـوای گـەورە کوڕێکت پـێ دەبەخشێت کە گەورەی دونیاو دواڕۆژە. دەڵێ: شـەرمەزارو بەشـەرم داچووم... کاتێـك لـە نوێـژی خـەوتنان بوومـەوەو ڕۆژووەکـەم شـکاند و چـوومە سـەر جێگاکـەم، کاتێـك بـووە نیـوە شـەو هەڵسـام شـەو نوێـژم کـرد... لـە نوێژەکـە بوومەوە، کەچی هێشتان ئەو هەر خەوتبوو و هـیچ جوڵەیـەکی نـەبوو، منـیش دانیشتم و دواتر پاڵکەوتم.. پاشان لـە ناکاو بەخەبـەر هـاتم و بینـیم لـە خـەو هەڵساوە... ڕۆویشت شەو نوێژی کرد و پاشان نووستەوە).

(حەکیمە دەڵێ: من دەرچووم پشکنینم دەکرد تا بزانم بەرەبەیان هاتووە، جا بەرەبـەیانی یەکـەمم بینـی وەك کلکـی گـورگی نووسـتو، دوو دڵ بـووم، لـەو کاتەدا باوکی موحەممەد "سڵاوی خوای لێبێت" لەناو مەجلیسدا هاواری کرد و وتی: پورێ پەلە مەکە بەڕاستی ڕووداوەکە زۆر نیزك بووتەوە).

(دەڵێ: من بەو شێوەیە بووم لە ناکاو بەخەبەر هاتم و شڵەژام و پێم وت: ناوی خوا لەسەر تۆ بێت، دواتر پێم وت: هەست بەهیچ شتێك دەکـەیت؟ وتـی: بەڵێ پورێ. پێم وت: دڵ و دەروونی خۆت کۆکەرەوە ئـەوە هـەمان ئـەو شـتەیە کە پێم وتی).

(دەڵـێ: خاوبوونەوەیــەکم بەســەردا هــات هەســتم بــە گەورەکــەم کــرد، جلەکەم لەسەر لادا بینیم کە ڕوو بە سوژدەدا کەتووە، لە باوەشم گـرت منـیش پاك و خاوێن بـووم، بـاوکی موحەممـەد بـانگی کـردم و پێـی وتم موحەممـەدی کوڕەکەمم بۆ بێنـە، منـیش منداڵەکـەم بـۆ بـرد و ئـەویش دەسـتی خستە ژێـر پشت و سمت و پێیەکانی منداڵەکەی خستە سەر سینگی و دواتر زمـانی خستە

نـاو دەمـی منداڵەکـە و دەسـتی هێنـا بەسـەر گوێچکە و چـاو و جومگەکانیـدا، پاشان وتی: کوڕم بـدوێ، منداڵەکە وتـی: شـایەتی دەدەم کـە هـیچ پەرسـتراو و خوایـەك بـە هـەق نییـە جگـە لـە خـوای گـەورە کـە بـێ هـاوەڵ و هاوبەشـە و شـایەتی دەدەم کـە موحەممـەد پەیامبـەری خوایـە، پاشـان دروودی دا لەسـەر میری باوەڕداران و سەرجەم ئیمامەکان تـا گەیشـتە بـاوکی و لـەوێوە بـێ دەنـگ بوو... دواتر باوکی موحەممەد وتی: پورێ بیبە لای دایکی تا سڵاوی لێ بکات و پاشان بیهێنەرەوە لای من، جا منـیش بردمـە لای دایکـی و دواتـر گەڕاندمـەوە لای باوکی و لـە مەجلیسـەکەدا دامنـا، وتـی: پـورێ ئەگـەر ڕۆژی حەوتـەم هـات وەرە بۆ لامان).

(حەکیمـە دەڵـێ: کاتێـك بـووە بـەیانی هاتمـەوە لای بـاوکی موحەممـەد تـا سـڵاوی لـێ بکـەم و پەردەکـەم هەڵدایـەوەو بـەدوای گەورەمـدا گـەڕام کەچـی نەمبینی، وتم: گیانم بە قوربانت بێت گـەورەی مـن چـی کـردووە؟ وتـی: پـۆرێ بەو زاتەمان سپارد کە دایکی موسا کۆرپەکەی پێ سپارد).

(حەکیمـە دەڵـێ: کاتێـك ڕۆژی حەوتـەم هـات، ڕۆیشـتم و سـڵاوم کـرد و دانیشـتم، وتـی: کوڕەکـەم بـۆ بێـنن، منـیش بـۆی چووم بینـیم لـە ژێـر هـەمان پـەردە دابـوو، بـاوکی موحەممـەد هـەمان هەڵسـوکەوتی یـەکمجاری لەگـەڵ منداڵەکـە کـردو زمـانی خسـتە نـاو دەمـی منداڵەکـە وەك ئـەوەی شـیر یـان هەنگوینی پێ بدات، دواتر وتی: کوڕم بدوێ، ئەویش وتی: شـایەتی دەدەم هـیچ پەرستراو و خوایەك بە هەق نییە جگە لـە خـوای مـەزن و دوررودی دا لەسـەر موحەممەد و میری باوەڕداران عەلی و ئیمامە پاکەکان تا گەیشتە باوکی، و ئـەم ئایەتــەی خوێنــد:﴿ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَنَجۡعَلَهُمۡ

أَيِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٥﴾ وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ وَنُرِيَ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَحْذَرُونَ ﴿٦﴾ ﴾ القصص: ٥_٦.[1] واتە: (ئێمەش دەمانەوێت دەروو بکەینەوە لە چەوساوەکان و منەتی خێر بکەین بەسەر لاواز کراوەکاندا لە وڵاتداو دەمانەوێت بیانکەینە پێشەواو بیانکەینە میراتگری سامان و دەسڵاتی ستەمکاران. هەروەها دەمانەوێت پایەداریان بکەین و دەسەڵاتیان بچەسپێنین لە وڵاتدا، ئەوەی پێش بهێنین بۆ فیرعەون و هامان و سەربازانیان کە لێی دەترسان).

لە گێڕانەوەیەکی تردا کە صدوق هێناویەتی حەکیمە دەڵێت: نرجس هیچ شوێنەوارێکی سکپڕی پێیەوە دیار نەبوو تەنانەت خۆشی نەیدەزانی، کاتێکیش حەلیمە بە نرجسی وت کە تۆ ئەو شەو منداڵت دەبێت، نرجس ئەم وتەیەی زۆر پێ سەیرو نامۆ بوو و وتی: (خانمەکەم هیچ شوێنەوارێکی سکپڕی بە خۆم شك نابەم)[2]. تا کۆتایی شەو و سەرەتای هەنگاونانی بەرە بەیان لە ناکاو نرجس بە شڵەژاوی وەستا و وتی: (ئەو ڕووداوەم بەسەردا هات کە خانمەکەم پێی وتبووم). گێڕانەوەکە باس لەوە دەکات: کە حەکیمە ڕووی لە نرجس دەکرد و قورئانی بەسەردا دەخوێند لە ناکاو کۆرپەکە لە سکی دایکی دا وەڵامی دایەوە... حەکیمە چۆن قورئانی دەخوێند کۆرپەکەش بەهەمان شێوە دەیخوێند. ئەمەش وای کرد کە حەکیمە سەرسوڕمانی دایبگرێت و بشڵەژێت. بەڵام گێڕانەوەکە دەڵێت: نرجس لە پێش چاوی حەکیمە ونبوو وەك ئەوەی پەردەیان کەتبێتە ناوی، ئەمەش شتێکی نامۆ بوو

(١) الصدوق: إكمال الدين ٤٢٤.

(٢) هەمان سەرچاوە: ٤٢٨.

بەلای حەکیمە بەم هۆیە هاواری کرد و پەنای بۆ باوکی موحەممەد برد و پێی وت: پورێ بگەڕێوە لە هەمان شوێن نرجس دەبینییەوە.

(حەکیمە دەڵێ: گەڕامەوە... زۆری پێ نەچوو ئەو پەردەیە نەما کە لە نێوان من و "نرجس" دا هەبوو، ئا لەو کاتەدا "نرجس"م بینی کە شوێنەواری ڕووناکی پێوەدیار بوو و ڕووناکیەکە چاوی منی داپۆشی، منداڵەکەم بینی ڕوو بە سوژدەدا کەوتووە)[١].

ئەم گێڕانەوەیە بابەتێکی تریشی زیاد کرد، ئەویش بریتییە لە: فڕینی کۆمەڵێك لە باڵندە بەسەر سەری کۆرپەلەکە، لەو کاتەدا حەسەنی عەسکەری بە یەکێك لە باڵندەکانی[٢] وتوە: کۆرپەکە هەڵبگرە و بیپارێزە و هەر چل ڕۆژ جارێك بۆمانی بگێڕەوە، باڵندە دوێنراوەکەش کۆرپەلەکەی هەلگرت و بە بۆشایی ئاسماندا فڕاندنی ئەمەش وای کرد دایکەکە بۆ جیا بوونەوەی کۆرپەلەکەی بگریەت.

(حەکیمە دەڵێ: وتم: ئەم باڵندەیە چی بوو؟ وتی: ئەمە گیانی پیرۆزە کە کاروباری ئیمامەکانی بە دەستە و ئاراستەیان دەکات بەرەو ڕاستی و بە زانست گۆش و پەروەردەیان دەکات. کاتێك چل ڕۆژ تێپەڕی کۆرپەکە گەڕێنرایەوە، کۆرپەکە بە پێ هاتوو چۆی دەکرد وەك ئەوەی منداڵی دوو ساڵانە بێت، ئەمەش وای کرد کە حەکیمە بە سەر سوڕمانیەوە پرسیار بکات، حەسەنی براکەی پێی وت: ئەگەر منداڵی پێغەمبەران و ئیمامەکان ئیمام بوون ئەوا بەپێچەوانەی منداڵەکانی تر پێدەگەن، یەك مانگ لە تەمەنی منداڵی ئێمە وەك یەك ساڵی منداڵەکانی ترە، منداڵی ئێمە لە ناو سکی دایکیدا قورئان

---

(١) هەمان سەرچاوە: ٤٢٦.

(٢) مەبەستی فریشتەکانە هەروەك دواتر دانەر خۆی ئاماژە بەوە دەکات. (وەرگێڕ).

دەخوێنێـت و بەندایـەتی خـوای مـەزن دەکـات و لـە کـاتی شـیر خواردنـدا فریشتەکان بۆیی ملکەچ دەبن و بەیانیان و ئێواران دادەبەزن و دێنە خزمەت منداڵەکە).

گێڕانەوەکە لە حەکیمەوە بەردەوام دەبێ: (حەکیمە بەردەوام هەر چل ڕۆژ جارێك منداڵەکەی دەبینی تا جارێك پیاوێك منداڵەکەی بینی بەر لە کۆچی دوایی کردنی باوکی موحەممەد بە چەند ڕۆژێکی کەم و پیاوەکەشی نەدەناسی، بە کوڕی براکەی وت: ئەمە کێیە کە فەرمانم پێدەکەی لە بەردەمیدا دابنیشم؟! پێی وت: ئەمە کوڕی نرجسە، ئەم منداڵەش جێگرەوەی من لە پاش من، لە کاتێکی نزیکدا منت لە دەست دەچێت، بۆیە گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری منداڵەکە ببە).

(حەکیمە دەڵێ: دوای ئەمە بەچەند ڕۆژێکی کەم باوکی موحەممەد ماڵئاوایی کرد و خەڵکی ڕاجیاو پەرت بوون... سوێند بەخوا من بەیانیان و ئێواران دەیبینم و هەواڵی ئەو شتانەم پێدەدات کە پرسیاری لەبارەوە دەکەم، سوێند بەخوا من دەمەوێت پرسیاری لەبارەی شتێکەوە لێی بکەم و بە ئێوەی ڕابگەیەنم، کەچی ئەو پێش من دەکەوێت پرسیارەکەی من دەخاتەڕوو و وەڵامەکەشی دەداتەوەو کە شتێکم بە خیاڵدا دێت بێ ئەوەی پرسیاری لێ بکەم ئەوا دەست بەجێ وەڵامم دەداتەوە)[1].

## گێڕانەوەی توسی سەبارەت بە لە دایکبوونەکە

توسی لە کتێبی (الغیبة) چیرۆکی کوڕی حەسەنی عەسکەری باس

---

(1) الصدوق: إكمال الدين ٤٣٠

کردووە، بەڵام باسی بەسەرهاتی باڵندەکان و گیانی پیرۆزو بردنی کۆرپەکە بۆ ئاسمان نەکردووە... بەڵکو دەڵێت: لە کۆتایی لە دایك بوونی مەهدی حەکیمە ماڵئاوایی کرد لە باوکی موحەممەد و بەرەو ماڵەکەی خۆی چوو، پاش تێپەڕینی سێ ڕۆژ حەکیمە هەست و سۆزی بۆ کۆرپەکە جوڵا و بەم هۆیە دووبارە چووەوە ماڵی باوکی حەسەن و لە ژووری کۆرپەلەکەدا بە دوای کۆرپەکەدا گەڕاوە بەڵام نەیدۆزیەوەتەوە پێشی خۆش نەبوو پرسیار بکات، ئینجا چووە خزمەت باوکی موحەممەد، جا ناوبراو پێشتر دەستی بە دووان کردووە بەم وتەیە: پۆڕێ کۆرپەکە لە ژێر چاودێری خوادا پارێزگاری لێدەکرێت و خوای گەورە دایپۆشیوە، جا ئەگەر خودا بڕیاری ڕۆح کێشانی منی دەرکرد و منی مراند و شیعەکانی منت بینی کە ڕاجیاییان تێکەوت، ئەوا هەواڵی لە دایکبوونەکە بدە بە کەسە ئەمیندارەکانی شیعە... با ئەم هەواڵە لەلای تۆ پەنهان و لەلای ئەمیندارەکانیش شاراوە بێت، چونکە خوای گەورە خۆشەویست و وەلی خۆی پەنهان و ون دەکات لەبەر چاوی بەندەکانی تا ئەو کاتە جبریل ئەسپەکەی پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی هەر ئەوە پێش بێت کە خودا بڕیاری لەسەر داوە[١].

توسی لە گێڕانەوەیەکی تردا ئەم وتەیەی حەسەن کە بە پورەکەی وتبوو دەخاتەڕوو: (منداڵەکەمان بەو زاتە سپارد کە دایکی موسا کۆرپەکەی پێ سپاردبوو، داواشی لە پورەکەی کرد لە ڕۆژی حەوتم بێتەوە، چونکە مەهدی لەو ڕۆژەدا دەگەڕێتەوە، بەمەش "حەکیمە" دەتوانێت چاوی پێ بکەوێت)[٢].

توسی لە گێڕانەوەی سێیەمدا وتویەتی: (حەکیمە لە دوای سێ ڕۆژ

---

(١) الطوسي: الغيبة ١٤١.

(٢) هەمان سەرچاوە ٨١.

چووەوە بینی منداڵەکە لە بێشکەدایە و جلێکی سەوزی لەسەر شانە و لەسەر پشت نووستووە بێ ئەوەی بەستڕابێتەوەو ڕووی گرژ بووبێت، لەو کاتەدا کۆرپەکە چاوەکانی هەڵێنا بە ڕووی "حەکیمە"دا پێکەنی و بە پەنجەکەی بانگی کرد، پاش ئەمە کۆرپەکە ونبوو)[1].

هەروەها لە گێڕانەوەی چوارەمدا وتویەتی: (لە کاتی لە دایکبوونی مەهدی حەکیمە بینی ئەم ئایەتە لەسەر شانی کۆرپەکە نووسراوە: ﴿ وَقُلۡ جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَزَهَقَ ٱلۡبَٰطِلُۚ إِنَّ ٱلۡبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقٗا ﴿٨١﴾ ﴾ الإسراء: ٨١. واتە: (بڵێ: تازە ئیتر حەق و ڕاستی هاتووەو بەرپا بووەو بەتاڵ و ناحەقی، پووچ و تەفرو توونا بووە، بەڕاستی ناحەق و بەتاڵ هەر تیاچووەو جێگیر نەبووەو بەزیوە)، هەروەك بینیم منداڵەکە خەتەنەکراو بوو و شێوە پەردەیەك لە نێوان حەکیمە و مەهدی و باوکی بەرز کرایەوە، حەکیمە کەسی بەدی نەکرد، وتی: گەورەم لە کوێیە؟!.. حەسەن پێی وت: ئەو زاتە بردی کە لە ئێمە و لە تۆ لە پێشترە بۆ کۆرپەکە. کاتێك دوای چل ڕۆژ مەهدی گەڕایەوە، حەکیمە مەهدی بینی لە ناو ماڵدا دێت و دەچێت و هیچ ڕووخسارێك لە ڕووخساری ئەو جوانتر نەبوو و هیچ زمانێك لە زمانی ناوبراو ڕەوانتر نەبوو، جا کاتێك سەری لەمە سوڕما وتویەتی: من زۆر سەیرم پێ دێت کە تەمەنی چل ڕۆژە و ئەو شتە سەر سوڕهێنانەش دەکات؟! باوکی موحەممەد زەردە خەنەیەکی کرد وتی: پورێ نەت زانیوە ئێمەی گرۆی ئیمامەکان یەك ڕۆژی گەشەمان بە ئەندازەی ساڵێکی کەسانی ترە؟! جا هەڵساو ڕۆیشت لە پاش ئەمە جارێکی تر

[1] هەمان سەرچاوە ١٤٥.

نەیبینیەوە[1].

توسی لە دوو خزمەتکاری عەسکەری دەگێڕێتەوە، کە بریتین لە (نەسیم و ماریە)، ناوبراوان وتویانە: کاتێك مەهدی خاوەن سەردەم لە دامێنی دایکی بەر بووەوە بە چۆکدا کەوت و پەنجەی شایەتمانی بەرەو ئاسمان بەرز کردبووەوە، پاشان پژمی و وتی: سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان و درود لەسەر موحەممەد و ئالی موحەممەد بە ملکەچی و زەبونییەوە نەك بە لوتبەرزی و خۆ بەزلزانیەوە، پاشان وتی: تاریکی پێی وابوو بەڵگەی خودا پوچەڵە، ئەگەر ڕێگەی دووانمان پێبدرابا ئەوا هیچ گومانێك نەدەما[2].

مەسعودی و خصیبی لایەنێکی تر بۆ چیرۆکی لە دایکبوونی کوڕی حەسن زیاد دەکەن، لەم بارەوە دەڵێن: مەهدی لە ڕانی دایکی لە دایکبووە! ئەم وتەیەی ئیمام عەسکەری دەگێڕنەوە کە ئاراستەی "حەکیمەی" پوری کردووە: ئیمامەکان لە سکدا هەڵناگیرێن بەڵکو لە تەنیشتەکاندا هەڵدەگیرێن[3].

جا مەسعودی لەگەڵ صدوق و توسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە لەو کاتدا حەکیمە نووستوەو دانیشتبوو و ئارامی دایگرتبوو بە شێوەیەك ئاگای لە خۆ نەمابوو و تا هەستی بە دەنگی منداڵە تازە لە دایکبووەکە کرد لە ژێر دامێنی نرجس و دەنگی باوکی کە بانگی منداڵەکەی دەکرد: (پوریّ کۆرپەکەم بۆ بێنە) و دەشی وت: هەر لەو ڕۆژدا منداڵەکە ونبو و دوای هەفتەیەك هاتەوە، جارێکی تر حەکیمە مەهدی بینی و دووبارە ونبوەوە، تا دوای چل ڕۆژ

---

(١) الطوسي: الغيبة ١٤٥.

(٢) الطوسي: الغيبة ١٤٥.

(٣) المسعودى، إثبات الوصية ١٩٦، الخصيبي: الهداية الكبرى.

نەیبینیەوە، ئینجا بینی کە مەهدی دێت و دەچێت[1].

مەسعودی ڕاجیایە لەگەڵ صدوق لەو گێڕانەوەیەی کە هێناویەتی و تیایدا وتویەتی: ئیمام لە مانگێکدا بە ئەندازەی ساڵێکی کەسی ئاسایی گەشە دەکات! هەروەها مەسعودی لەگەڵ (تووسی)ش ڕاجیایە کە وتویەتی: ئیمام لە ڕۆژێکدا بە ئەندازەی ساڵێکی کەسی ئاسای گەشە دەکات، مەسعودی ڕێژەکە کەمتر دەکاتەوەو ئەم وتەیەی عەسکەری کە بە حەکیمەی وتبوو دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت: پوریّ نەتزانیوە ئێمەی گرۆی ئیمامە ڕاسپێرراوەکان گەشەی ڕۆژێکمان وەك گەشەی یەك هەفتەی کەسێکی ئاساییە؟ لە هەینیەکدا بە ئەندازەی مانگێکی کەسانی تر گەشە دەکەین، هەروەها لە مانگێکدا بە ئەندازەی ساڵێکی کەسانی تر گەشە دەکەین[2].

لە کۆتاییدا (مەسعودی) لە (باوکی موحەممەد عەسکەری)ەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: کاتێك مەهدی لە دایکبوو خوای مەزن دوو فریشتەی ڕەوانەکرد، ئەو دوو فریشتانە مەهدیان هەڵگرت و بەرزیان کردەوە بۆ لای کەناری عەرش و لەبەردەم خوادا وەستا و پێی فەرموو: سڵاوت لێبێت... بەتۆ دەبەخشم و بەتۆ لە تاوانباران خۆش دەبم و بەتۆش سزا دەدەم[3].

## نهێنیبوونی لەدایکبوونەکە

سەرباری ئەوەی گێڕانەوەی پێشووی حەکیمە دەڵێت: لە دایکبوونەکە نهێنی و شاراوە بوو و کەس پێی نەدەزانی، هەروەها وتبووشی کە ئیمامی

---

(١) المسعودی، إثبات الوصیة ١٩٧.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) هەمان سەرچاوە.

حەسەن داوای لێکردووە ئەگەر شیعەکان ڕاجیاییان تێکەوت لە دوای کۆچی دوایی کردن ئەوا هەواڵی لە دایکبوونەکە تەنها بە کەسانی تایبەت ڕابگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا صدوق باس لەوە دەکات کە ئیمام حەسەنی عەسکەری هەواڵی لە دایکبوونی منداڵەکەی بە گەورەی شیعەکان لە شاری قوم ئەحمەدی کوڕی ئیسحاق ڕاگەیاند بوو و بۆ ناوبراوی نووسی بوو: (منداڵێکمان بووە با لەلای تۆ شاراوە بێت خەڵکیش پێی نەزانن، ئێمە تەنها بۆ کەسانی هەرە نزیك و خۆشەویست دەری دەخەین، پێمان خۆش بوو ئەم هەواڵەت پێ ڕابگەیەنین تا خودا دڵخۆشت بکات بەو شێوەیەی ئێمەی دڵخۆش کردووە، سڵاو)[١].

صدوق لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت: ڕۆژێك ئەحمەدی کوڕی ئیسحاق چووە خزمەت ئیمام عەسکەری و پرسیاری ئیمام و جێگرەوەی لێ کرد لە دوای ئەو، جا ئیمام عەسکەری خێرا هەڵسا و چوو بۆ ژوورەوەو هاتە دەرەوە منداڵێکی سێ ساڵانەی لەسەر شان بو، پێی وت: ئەی ئەحمەد ئەگەر ئەو ڕێزو حورمەتەت نەبووبا کە لەلایەن خودای مەزن هەتە ئەوا ئەم کوڕەی خۆمم پیشانی تۆ نەدەدا[٢].

فوزەیلی کوڕی شازان لە (کشف الحق)دا دەڵێت حەسەن وتی: (کوڕی من وەلی و خۆشەویستی خواو بەڵگەکەیەتی لەسەر بەندەکان و جێگرەوەمە لە دوای شەوی نیوەی شەعبان، یەکەم کەس کە منداڵەکەمی شۆردووە فریشتەی (ڕیزوان)ی سەرپەرشتیاری بەهەشت بووە، دواتر حەکیمە شۆردوویەتی.

هەروەها صدوق دەڵێت: یەکێك لەوانەی کە هەواڵی منداڵ بوونەکەیان

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٤٣٤.

(٢) هەمان سەرچاوەی ٣٨٤.

زانی بوو ئەبو فەزڵ حەسەنی کوڕی حوسەینی عەلەوی بوو، ناوبراو دەڵێت: لە شاری سامەڕا (سر من رأى) چووەتە خزمەت باوکی موحەممەد، پیرۆزبایی لە دایکبوونی کوڕەکەی لێکردووە. یەکێکی تر لەوانەی کە هەواڵەکەیان زانیبوو باوکی هاروون بوو، کە دەڵێت: مەهدی خاوەن سەردەمی بینیوەو جلی لەسەر هەڵداوەتەوەو بینیویەتی خەتەنەکراوە[١].

توسی جەخت لەسەر ئەم دوو هەواڵە دەکاتەوە لە کتێبەکەیدا: (الغيبة)[٢].

شێخ مفید دەڵێت: حەسەنی عەسکەری منداڵەکەی نیشانی ئەو کەسانە دەدا کە سەردانیان دەکرد بە تاك تاکی، وەك: عەمرِوی ئەهوازی[٣].

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: ئیمام عەسکەری بڕێك لە پارەو سامانی بۆ هەندێك لە شیعەکان نارد و داوای لەوان کرد لە جیاتی منداڵەکەی ببەخشن[٤].

## بینرانی مەهدی لە ماوەی ژیانی باوکیدا

بەهەر حاڵ مێژوو نووسانی شیعە چیرۆکی گەلەك زۆر دەگوێزنەوە لەبارەی بینرانی ئیمامی دوازدەم (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) لە ماوەی ژیانی باوکیدا و لە کاتی کۆچی دوایی کردنی باوکی، هەروەك کلینی و صدوق و توسی لە پیاوێکی فارس کە خزمەتکار بوو لە ماڵی ئیمام عەسکەری دەگێڕنەوە: ڕۆژێك کەنیزەکێکی بینیوە کە منداڵێکی سپی لە باوەش

---

(١) هەمان سەرچاوەی ٤٣٥.

(٢) الطوسي: الغيبة ١٥١

(٣) المفيد: الإرشاد ٣٩٢.

(٤) الصدوق: إكمال الدين ٤٣٢.

هەڵگرتووە، ئیمامیش پێی وتوە: (ئەمە ئیمامەکەتانە)، جا لەپاش ئەمە خزمەتکارەکە منداڵەکەی نەبینیووە[١].

صدوق و توسی لە کۆمەڵێك لە هاوەڵانی ئیمام عەسکەری کە عوسمانی کوڕی سەعیدی کوڕی عومریشی تێدا بووە دەگێڕنەوە: ڕۆژێك ئیمام عەسکەری کوڕی خۆی پیشانی ئەوان داوەو بەوانی وتوە: ئەمە لە دوای من جێگرەوەو خەلیفەی منە بەسەر ئێوەدا... گوێڕایەڵ بن بۆی و پەرتەوازە نەبن لە ئایینەکەتاندا، چونکە بە پەرت بوون تیادەچن، بەڵام لە ئەمڕۆ بەو لاوە نایبینن، وتیان: ئێمە لە خزمەتی ئیمام عەسکەری هەڵسایین و زۆری پێ نەچوو کۆچی دوایی کرد[٢].

هەروەك صدوق لە کتێبی (إکمال الدین)دا چیرۆکێك دەگێڕێتەوە لە پیاوێك بە ناوی یەعقوبی کوڕی مەنقوش: ڕۆژێك ناوبراو چووەتە خزمەت ئیمامی عەسکەری و پرسیاری لێکردووە: کێ خاوەنی ئەم کاروبارەیە؟ ئیمامی ناوبراو پەردەیەکی ماڵی هەڵدایەوە منداڵێکی نزیك پێنج ساڵان هاتە دەرەوەو لەسەر ڕانی باوکی موحەممەد دانیشت، بە یەعقوبی وت: ئەمە خاوەن و ئیمامتانە، پاشان بە منداڵەکەی وت: کوڕی خۆم بگەڕێوە شوێنەکەت تا ئەو کاتەی زانراوە. جا منداڵەکەش چووە ژوورەوەو ونبوو. هەروەها صدوق لە نەسیمی خزمەتکاری ئیمام عەسکەرییەوە دەگێڕێتەوە: دوای ئەوەی شەوێك بەسەر لە دایك بوونی ئیمام مەهدی تێپەڕ ببوو (نەسیم) چووەتە لای و پژمیوەو منداڵەکەش پێی وتوە: خوا ڕەحمت پێ بکات[٣].

---

(١) الکلیني: الکافي ١/٣٢٩، الصدوق: إکمال الدین ٤٣٥، الطوسي: الغیبة ١٤٠.

(٢) الصدوق: إکمال الدین ٤٣٥، الطوسي: الغیبة ٢١٧.

(٣) هەمان سەرچاوە.

صدوق لە خزمەتکارێکی ترەوە کە ناوی (تەریف یان نەصر) دەگێڕێتەوە: کە چووتە خزمەت ئیمامی مەهدی خاوەن سەردەم و داوای لێکردووە کە دار (صەندەلی سوور)ی بۆ بێنێت و دواتر پێی وتوە: من کۆتا ڕاسپێرراو و ئیمامم، خودا بەهۆی منەوە ئاشوب و چەرمەسەری لەسەر خانەوادە و پشتیوانانی من لادەدات. هەروەها لە پیاوێکی سوریی کە ناوی (عەبدوڵایە) گێڕاوەتەوە: ڕۆژێك چووەتە ناو باخچەی (نەوەکانی عامر) و بینیویەتی منداڵێك لەسەر جێگای نوێژ دانیشتووەو لاچکی کراسەکەی خستە ناو دەمیەوەو وتی: ئەوە کێیە؟ وتی: (م ح م د)ی کوڕی حەسەنە[1].

صدوق گێڕانەوەیەکی گەلەك درێژ لە سەعدی کوڕی عەبدوڵای قومی دەگێڕێتەوە: کە ناوبراو لەگەڵ ئەحمەدی کوڕی ئیسحاق چوونەتە خزمەت ئیمام عەسکەری، بینی منداڵێك لەسەر ڕانی ئیمام عەسکەری دانیشتووەو هەنارێکی زێڕینی لە دەستدایە و یاری پێدەکات، پێنووسێکیش بە دەستی حەسەن بوو ئەگەر بیویستبا شتێکی نووسیبا ئەوا منداڵەکە دەستی دەگرت و نەیدەهێشت و بەمەش هەنارەکە لە دەستی منداڵەکە دەکەوتە خوارەوەو منداڵەکەی سەرقاڵ دەکرد بە هێنانەوەی هەنارەکە، تا منداڵەکە ڕێگەی نووسینی ئەو شتەی لێ نەگرێت کە دەیەوێت بینووسێت، ئەحمەدی کوڕی ئیسحاق کیسەیەکی پێبوو کە دیارییەکانی شیعە و پشتیوانانی تێدابوو، کیسەکەی لەبەر دەستی عەسکەری دانا، عەسکەری بە منداڵەکەی وت: کیسەکە بکەرەوە، بەڵام منداڵەکە ڕەتی کردەوە، وتی: ئایا دروستە من دەستانێکی پاك بۆ دیارییە پیسەکان درێژ بکەم، کە حەرام و حەڵاڵی ئەم پارە پیسانە تێکەڵ

---

(1) الصدوق: إكمال الدين ٤٣٦.

بـووە؟! ئەحمـەدی کـوڕی ئیسـحاق کیسـەکەی کـردەوەو پارەکـەی دەرهێنـا تـا جیایـان بکاتـەوە، منداڵەکـە دەسـتی کـرد بـە گێڕانـەوەو بـاس کردنـی چیرۆکی پارەو دیارییەکان یەك بە بەیەك..[١].

لـە گێڕانەوەیـەکی تـردا کـە صـدوق لـە ئەحمـەدی کـوڕی ئیسـحاقەوە هێناویەتی دەڵێت: داوام لە ئیمام کردووە کە کێ خەلیفـە و جێگرەوەیتـی، لـە وەڵامدا ئیمام منداڵەکەی خۆی هێناوەو پیشانی داوە، بـەڵام دڵـی ئـارام نـەبووە، بۆیە پرسیاری کرد: گەورەم هیچ نیشانەیەك هەیە کە دڵم پێـی ئـارام بگرێـت؟ منداڵەکە بە زمانی عەرەبی ڕەوان هاتە دووان: من دوایین لوتفی خـوام لەسـەر زەوی و تۆڵە لـە دوژمنـانی خـودا وەردەگرمـەوە، دوای ئـەوەی بـە چـاوی خـۆت بینـی داوای شـوێنەوار مەکـە. (ئیمـام عەسـکەری) وتـی: ئەمـە نهێنیەکـە لـە نهێنییەکانی خودا، ئەوەی من پێم دای بیشارەوەو بـەردەوام لـە سوپاسـگوزاران بە[٢].

توسـی لـە کـاملی کـوڕی ئیبڕاهیمـی مـەدەنی دەگێڕێتـەوە: کـە نـاوبراو چووەتە خزمەت ئیمام عەسکەری تا هەندێك پرسیاری لێبکات، جا لـە کاتێکـدا لـە مـاڵی ئیمـام عەسـکەری دا دانیشـتبوو لـە ناکـاو بایـەك هـات پـەردەی سـەر دەرگایـەکی هەڵدایـەوە، منـداڵێکی بینـی وەك ڕوونـاکی مـانگ وابـوو، پێـی وت: کـاملی کـوڕی ئیـبڕاهیم تـۆ هاتوویـە لای خۆشەویسـت و وەلی و بەڵگـەی خـودا دەتوێت لەبارەی فلان و فیسارە بابەتە پرسیاری لێبکـەی، (کامـل) وتـی: سـوێند بەخوا ڕاست دەکەی. دواتر پەردەکـە وەك پێشـتر دادرایـەوە، (کامـل) نـەیتوانی

---

(١) هەمان سەرچاوە ٤٥٤_٤٥٦.

(٢) هەمان سەرچاوە ٣٨٤.

بپشکنێت و جارێکی تر بیبینێتەوە[1].

صدوق لە ئیسماعیلی کوڕی عەلی نوبەختی دەگێڕێتەوە: کە چووەتە خزمەت ئیمام عەسکەری بە کاتژمێرێك پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، داوای لە خزمەتکارەکەی عەقید کردووە تا بچێتە ژوورەوەو منداڵەکە بێنێت، باوکی موحەممەد بە منداڵەکەی وت: کوڕم مژدەت لێبێت، تۆ خاوەن سەردەم و مەهدی و بەڵگەی خودای لەسەر زەوی و تۆ کوڕو و ڕاسپێرراوی منی و منیش باوکی تۆم، تۆ موحەممەدی کوڕی حەسەنی... تۆ دوایین ئیمامی لە ئیمامە پاکەکان، پێغەمبەری خودا مژدەی هاتنی تۆی داوەو ئەو نازناوەی لە تۆ ناوەو باوکم لە باپیرە پاکەکانتەوە ئەوەی بۆ من گواستووەتەوە[1].

## بینرانی مەهدی لە کاتی کۆچی دوایی باوکی

موحەممەدی کوڕی عەلی صدوق لە نێوان سەرجەم مێژوو نووسە کۆنەکان وەك تەنها کەسێك باس لە چیرۆکێکی تر دەکات وەك: چیرۆکی باوکی ئەدیانی بەصری کە دەڵێت: من خزمەتی حەسەنی کوڕی عەلیم دەکرد و پەیامبەری ئەو بووم بۆ سەرجەم شارەکان، کاتێك تووشی ئەو نەخۆشییە بوو کە پێی مرد چوومە خزمەتی و لەگەڵ من چەند نووسراوێکی نووسی و پێی وتم: ئەم نووسراوانە ببە مەدائن و ماوەی پازدە ڕۆژت پێدەچێت و لە ڕۆژی پازدەدا دێیەوە ناو شاری سامەڕا و گوێبیستی شینە و گریان دەبیت لە ماڵی مندا و لاشەی من لەسەر شوێنی شۆردن بەدی دەکەیت.

وتم: ئەی گەورەم ئەگەر تۆ کۆچی دواییت کرد لە دوای تۆ کێ؟..

---

(1) الوصي: الغيبة ١٤٨_١٤٩.

وتی: ئەو کەسەی داوای وەڵامی پەیام و نووسراوەکانمی لێکرد ئەو کەسە ئیمام مەهدییە لە دوای من.

وتم: زانیاری زیاترم پێبدە.

وتی: ئەوەی نوێژم لەسەر دەکات، ئەو لە دوای من ئیمامە و مەهدییە.

وتم: زانیاری زیاترم پێبدە.

وتی: ئەوەی هەواڵی دا لەبارەی کیسەکە ئەو کەسە ئیمامە.

نووسراوەکانم هەڵگرتن و بەرەو (مەدائن) بەڕێکەوتم و وەڵامەکانم وەرگرتن، لە ڕۆژی پازدەمدا چوومە ناو شاری سامەڕا، بینیم دەنگی گریان لە ماڵی ئیمام حەسەن بەرز بووەتەوەو لاشەکەی لەسەر شوێنی شۆردنە، بینیم کە جەعفەری کوڕی عەلی برای حەسەن لە دەرگای ماڵەکە وەستاوەو شیعەکان لە دەوری کۆ بوونەتەوەو پرسەو سەرەخۆشی لێدەکەن، لە دروونی خۆمدا وتم: ئەگەر ئەمە ئیمام بێت، بەڕاستی ئیمامەت پوچەڵ بووەوە، چونکە من دەمناسی کە مەیی دەخواردەوەو لە کۆشك و تەلارەکاندا قوماری دەکرد ئامێری تەنبوری دەژەنی، منیش چوومە پێشەوەو پرسە و سەرەخۆشیم لێکرد، لە بارەی هیچ شتێکەوە پرسیاری لێ نەکردم، دواتر عەقید هاتە دەرەوەو وتی: گەورەم براکەت کفن کراوەو هەڵسە نوێژی لەسەر بکە، جەعفەری کوڕی عەلی چووە ژوورەوەو شیعەکانی لە دەورو پشتی بوون و (سەمان: عوسمانی کوڕی سەعدی عومەیری) لە پێشیانەوە بوو، جا کاتێك چووینە دەرەوە بینیمان حەسەنی عەسکەری بە کفن کراوی لەسەر دار تەرمەکە دانراوە، جەعفەری کوڕی عەلی پێشکەوت تا نوێژ لەسەر براکەی

---

() هەمان سەرچاوە ١٦٥.

بکات و کاتێک ویستی (الله أکبر)ی نوێژ دابەستن بڵێت و منداڵێك دەرکەوت ڕووخساری نیمچە ئەسمەر بوو و مووەکانی داهێنرا بوون و کەلێن و بۆشایی لە نێوان ددانەکانی دا هەبوو و جلی جەعفەری گرت و ڕایکێشا و وتی: مامە دوامکەوە من لە هەمووان لە پێشترم بۆ ئەوەی نوێژ لەسەر باوکم بکەم، لەسەر ئەم داوایە جەعفەر دواکەوت و ڕووخساری زەردو شڵەژا... منداڵەکە پێشکەوت و نوێژی لەسەر کرد و پاشان حەسەن لە تەنیشت گۆڕی باوکیەوە نێژرا، دواتر وتی: کابرای بەصرِی وەڵامی ئەو نووسراوانەی پێتە بمدەرێ، منیش دامە دەستی، وتم: ئەمە دوو نیشانە، تەنها کیسەکە ماوە، پاشان وەك جوامێرو شێر چووە لای جەعفەر، پاشملە دوێك وتی: گەورەم ئەو منداڵە کێیە تا بەڵگەی لەسەر بەرپا بکەین؟ وتی: سوێند بەخوا هەرگیز نەمبینییوەو ناشی ناسم. ئێمە هێشتا هەر دانیشتبووین دەستەیەك لە شاری قومەوە هاتبوو و پرسیاری کرد لەبارەی حەسەنی کوڕی عەلی، پێیان ڕاگەیاند کە مردووە، وتیان: پرسە و سەرەخۆشی لە کێ بکەین؟ خەڵکی ئاماژەیان بۆ جەعفەری کوڕی عەلی کرد، ئەوانیش چوونە لای و پرسە و سەرەخۆشیان لێکرد، وتیان: ئێمە نووسراو پارەمان لایە و دەبێت پێمان ڕابگەیەنێ کە ئەم نووسراوانە هی کێن؟ جەعفەر هەڵسا و پۆشاکی داماڵی و دەیوت: دەتانەوێت زانیاری غەیب بزانم؟!

وتی: خزمەتکارێك هاتە دەرەوە و وتی: نووسراوی فڵان و فیسارەتان پێیە و کیسەیەکتان پێیە کە (هەزارو دە) دینارتان پێیە و هەندێك لەو پارە بە زێر ڕووپۆشکراوە، جا نووسراو پارەکەیان دایە دەست خزمەتکارەکە و وتیان: ئەو کەسەی تۆی ئاراستە کردووە بۆ وەرگرتنی ئەم شتانە ئەو کەسە ئیمامە[1].

---

(1) الصدوق: إکمال الدین ٤٧٥_٤٧٩.

صدوق ئەم چیرۆکە بە گێڕانەوەیەکی تر لە سنانی موصلّی دەگێڕێتەوە: کاتێك عەسکەری کۆچی دوایی کرد، چەند دەستەیەك لە شاری قوم و شاخەکان بە پارەو سامانەوە هاتن، هەواڵی کۆچی دوایی کردنی حەسەنی عەسکەرییان پێ نەگەیشتبوو، جا کاتێك هەواڵەکەیان زانی پرسیان کێ لە شوێنی ماوە؟ وتیان: براکەی حەسەن کە ناوی جەعفەرە و ئێستاش لەگەڵ گۆرانیبێژەکان بۆ پیاسە چووەتە سەر ڕووباری دیجلە، جا دەستەکە ویستیان بگەڕێنەوە، بەڵام باوکی عەبباس موحەممەدی کوڕی جەعفەری عومەیری پێی وتن: با ڕاوەستین تا جەعفەری برای حەسەنی عەسکەری دەگەڕێتەوەو ئێمەش تاقی بکەینەوەو ڕووی ڕاستەقینەی کەسایەتی ئەومان بۆ دەربکەوێت. دەستەکە داوایان لە جەعفەر کرد کە بە زانیاری پەنهان و غەیبی بە تێرو تەسەلی لەسەر پارەو سامان و خاوەنەکانیان بدوێت، بەڵام جەعفەر نکۆڵی کرد لەوەی زانستی غەیب بزانێت.. کاتێك خۆیان ئامادە کرد بۆ گەڕانەوە خزمەتکارێك هاتەدەرو بانگی کرد: فڵان و فیساری کوڕی فڵان وەڵامی گەورەکەتان بدەنەوە، وتی ئێمەش لەگەڵ خزمەتکارەکە چووین تا چووینە ماڵی حەسەنی کوڕی عەلی گەورەمان، بینیمان کوڕی حەسەن کە ئیمام مەهدی گەورەمانە لەسەر خەوگەکەیدا دانیشت بوو وەك تیشك و ڕووناکی مانگ وابوو و جلی سەوزی لەبەردابوو، سڵاومان لێکرد ئەویش وەڵامی داینەوەو پاشان بە تێرو تەسەلی زانیاری پارەو سامانەکەی بە ئێمەدا... فڵانە کەس ئەو ئەندازەیەی پێیە، فیسارە کەسیش ئەو ئەندازەیەی پێیە. هەر بەردەوام بوو لە وەسف کردنی سامانەکە تا وەسفی سەرجەم پارەو سامانەکەی کرد... پاشان باسی وەسفی کاروان و جل و بەرگ و ئەو وڵاخانەی کرد کە ئێمە پێمان بوو، ئا لەو کاتە سوژدەی سوپاسگوزاریمان بۆ خودای باڵادەست و خاوەن شکۆ برد

لەسەر ئەوەی ئیمامی مەهدی بەئێمەی ناساند، ئەو پارچە زەوییەی بەرپێی ئیمامی مەهدیمان ماچ کرد، چ پرسیارێکمان ویست ئاراستەمان کرد و ئەویش وەڵامی داینەوە، پارەو سامانمان بۆ برد، فەرمانی پێکردین لەمەو دوا هیچ پارەو سامانێك بۆ شاری سامەڕا نەبەین، بەڵكو لە شاری بەغداد پیاوێك پارەو سامانەکەی بۆ دێنێت و ڕێنووسەکانی ئیمام مەهدی پێیە[١].

## هەوڵی دەستبەسەرکردنی مەهدی

چەند گێڕانەوەیەك هەن کە هەندێك لە نووسەران گواستوویانەتەوە لەبارەی پۆلیسێك کە ناوی ڕەشیق بووە، ئەو گێڕانەوانە دەدوێن لەسەر ئەوەی موعتەزیدی هەوڵی داوە مەهدی دەست بەسەر بکات و بۆ ئەم مەبەستەش سێ پۆلیسی ڕەوانە کردووە، پۆلیسەکان چوونەتە شاری سامەڕا لەوێش چوونەتە ماڵی حەسەنی عەسکەری، گوایە لەناو ماڵی ناوبراودا دەریایەکی ئاویان بینیووە کە پیاوێك لەسەر ڕایەخ و حەسیرێك لەسەر ئاوەکە نوێژی کردووە، جا کاتێك پۆلیسەکان هەوڵی چوونە پێشیان داوە بەرەو پیاوەکە ئەوا لە ئاوەکەدا نقوم بوونە، دواتر پۆلیسەکان داوای لێبوردنیان کردووەو پاشگەز بوونەتەوە[٢].

مەجلسی و صەدر چیرۆکێکی هاوشێوەیان گواستۆتەوە، گوایە موعتەزیدی عەبباسی هێرشێکی گەورەتری کردووەو هەڵیکوتاوەتە سەر خانووەکە و سەربازەکان گوێبیستی دەنگی قورئان بوونە لە ژێر زەمینەکە، سەربازەکان لەلای دەرگای چوونە ژوورەوە وەستاون تا خاوەنی دەنگەکە دەست بەسەر

---

(١) هەمان سەرچاوە ٤٧٥_٤٧٩.

(٢) الطوسي: الغيبة ١٤٩، الراوندي: الخرايج والجرايح ٦٧، المجلسي: بحار الأنوار ١١٨/١٣، محمد الصدر: الغيبة الصغرى ٥٧٧.

بکەن بەڵام خاوەن دەنگەکە بە سەلامەتی لە ناو ئەواندا هاتۆتە دەرەوە[1].

(1) الجلسي: بحار الأنوار ١١٨/١٣، محمد الصدر: الغيبة الصغرى ٥٦٠.

## باسی دووەم

## شایەتی و گەواهی ( چوار نوێنەرەکە )

لەوانەیە گرنگترین بەڵگەی مێژوویی لەسەر لە دایکبوون و هەبوونی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری بریتی بێت لە شایەتی و گەواهی (چوار نوێنەرە تایبەتەکە) کە بانگەشەی نوێنەرایەتی ئیمامی دوازدەمیان کرد، لە ماوەی (پەنهان بوونی بچوکدا) لە ساڵی (٢٦٠ك تا ٣٢٩ك). ئەم (نوێنەرانە) بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئیمامی دوازدەمیان بینیوەو چاویان پێکەوتووەو ئەرکی گواستنەوەی سامان و پارەیان بۆ لای ئیمام لە ئەستۆیە و هەڵدەستن بە گەیاندنی پەیامەکان و (واژووەکان)ی ئیمامی دوازدەم بۆ باوەڕداران.

نەوەی یەکەمی (نوێنەرەکان) یان (باڵوێزو بریکارەکان) پیاوانێك بوون لە هاوەڵانی هەر دوو ئیمامی عەلی کوڕی موحەممەدی هادی و حەسەنی کوڕی عەلی عەسکەری، جا عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری لە سەرووی ئەم نوێنەرانەوە بوو، کە بریکاری هەر دوو ئیمامە ناوبراوەکە بوو لە وەرگرتنی پارەو سامان لە شیعە و گەیاندنی بە دەستی هەردوو ئیمامەکە کە هێشتان لە ژیاندا بوون، شێخ (توسی) وەسفی عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری دەکات و دەڵێت: (شێخی ئەمیندارو باوەڕپێکراوە، یەکێك بووە لە نوێنەرە ستایش کراوەکانی ئیمامەکان)(١).

دەوترێت: باوەڕپێکراو بووە لەلای هەر دوو ئیمامە (عەسکەرییەکان)،

---

(١) الطوسي: الغيبة ٢٠٩ و ٢١٤.

تەنها لە کۆکردنەوەی سامان و پارە بریکاری ئیمامەکان نەبووە، بەڵکو ڕۆڵی گەورەتری دەبینی بەوەی هەوڵی دەدا نامە و پەیامەکانی ئیمامەکان بگەیەنێتە شیعەکان، خاوەن پلە و پایەیەکی زۆر گەورەبوو لەلایەن هەردوو ئیمامەکە. شێخ توسی گێڕانەوەیەکی لە (ئەحمەدی کوڕی ئیسحاقی قومی)یەوە هێناوە، کە وتویەتی: ڕۆژێك لە ڕۆژان چوومە لای باوکی حەسەنی عەلی کوڕی موحەممەد وتم: گەورەم من ون دەبم و دەردەکەوم، ئەگەر هەموو کاتێکیش دیاربم ئەوا هەر بۆم فەراهەم نابێت کە بەردەوام بێمە خزمەتت، جا بۆیە وتەی کێ پەسەند بکەین، گوێڕایەڵی کێ ببین؟ پێی وتم: (ئا ئەمە باوکی عەمروە کە باوەڕپێکراو و ئەمینداره، هەر شتێکی پێ وتی ئەوا لە منی بزانە و لە جیاتی من دەیڵێت، هەر شتێکیشتان پێبدات ئەوا لە جیاتی من پێتان دەدات). کاتێك (باوکی حەسەن) کۆچی دوایی کرد بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ باوکی موحەممەدی حەسەنی عەسکەری و هەمان ئەو قسانەم پێ وت کە بەباوکی ئەوم وتبوو، ئەویش لە وەڵامدا وتی: (باوکی عەمرو باوەڕپێکراو و ئەمینداره لە ڕابردوو و لە ژیان و مردن دا، هەر شتێکی بە ئێوە ڕاگەیاند ئەوا لە جیاتی من ڕایگەیاندووە، هەر شتێکی بە ئێوە بەخشی ئەوە بزانن لە جیاتی منی بەخشیوە)[1].

ئەم گێڕانەوەیە ئەوە ئاشکرا دەکات کە عومری تەنها بریکاری کۆکردنەوەی پارەو سامان نەبووە، بەڵکو ڕۆڵی گەورەتری دەگێڕا لەوەی پەیامەکانی ئیمامی هادی و ئیمامی عەسکەری دەگەیاندە شیعە، خاوەنی پلەو پایەیەکی گەورە بوو لەلای هەردوو ئیمامەکە.

---

(1) هەمان سەرچاوە ٢١٥.

بەهەمان شێوە توسی ئەم گێڕانەوەیە لە ئەحمەدی کوڕی عەلی کوڕی نوحی باوکی عەبباسی سیرافی دەگێڕێتەوە، کە وتویەتی: باوکی نەصری کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئەحمەد کە ناسراوە بە کوڕی برنیەی کاتب بۆمان دەگێڕێتەوەو وتویەتی: هەندێ شیعەی ڕێزداری ئیمامی لە فەرموودەناسان بۆیان گێڕاومەتەوە، دەڵێت: باوکی موحەممەدی عەبباسی کوڕی ئەحمەدی صائغ بۆی گێڕاومەتەوە، دەڵێت: حەسەنی کوڕی ئەحمەدی خوصەیبی بۆی گێڕاومەتەوە، دەڵێت: موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل و عەلی کوڕی عەبدوڵای حەسەنیان بۆیان گێڕاومەتەوە، وتویانە: لە شاری سامەڕا چووینە خزمەت باوکی موحەممەدی حەسەنی عەسکەر، کۆمەڵێك پشتیوان و خۆشەویستانی لە خزمەت دابوون، تا بەدری خزمەتکاری عەسکەری هاتە ژوورەوەو وتی: گەورەم خەڵکێکی تۆزاوی و بێ سەروبەر لەبەردەم دەرگان، بە ئامادەبووانی مەجلیسەکەی وت: ئەوانە لە شیعە و پشتیوانانی ئێمەن کە لە وڵاتی یەمەنەوە هاتوون (ئەمەی لە فەرموودەیەکی دوورو درێژدار کە گێڕاویەتیەوە خستووەتەڕوو) تا دەگاتە ئەو خاڵەی کە حەسەن بە (بەدری) خزمەتکارەکەی دەڵێت: بڕۆ عوسمانی کوڕی سەعیدی عومریم بۆ بانگ بکە، زۆری پێنەچوو عوسمان هاتەژوورەوە، گەورەمان باوکی موحەممەد پێی وت: بڕۆ عوسمان تۆ بریکارو ئەمینداری لەسەر پارەو سامانی خودا، ئەو پارەیە لەو خەڵکە یەمەنیانە وەرگرە کە هێناویانە (بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی فەرموودە تا گەیشتە ئەوەی وتی) دواتر هەمووومان وتمان: گەورەمان سوێند بەخودا (عوسمان) لە کەسە هەرە باش و چاکەکانی شیعە و پشتیوانی تۆیە، تۆ زیاتر زانیاریت پێداین لەبارەی عوسمان سەربارەت بەو خزمەتەی کە بە تۆی دەکات و بریکارو باوەڕپێکراوی تۆیە لەسەر پارەو سامانی خودا، وتی: بەڵێ وایە،

شایەتی بدەن لەسەر ئەوەی عوسمانی کوڕی سەعیدی عـومری بریکاری منـە و (موحەممەدی کوڕی عوسمان) بریکاری مەهدی کوڕمە[1].

تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەم گێڕانەوەیە تەنها ئەمیندارو باوەڕ پێکـراوی بریکـاری (بـاوکی عـەمرو) لـە خـۆ ناگرێـت، بـەڵکو بـاوەڕپێکراو و بریکـاری کوڕەکەشی لەخۆ دەگرێت.

توسی لە باوکی موحەممەدی هارونی کوڕی موسای گێڕاوەتـەوە: دەڵێـت: جەعفـەری کـوڕی موحەممـەدی کـوڕی مـالکی فـەزاری لـە کۆمـەڵێکی شـیعەوە گواسـتویەتیەوە، وەك: عـەلی کـوڕی بـیلال و ئەحمـەدی کـوڕی هـیلال و موحەممەدی کوڕی معاویـەی کـوڕی حـەکیم و حەسـەنی کـوڕی ئـەیوبی کـوڕی نوح "لـە هـەواڵێکی درێـژو بەناوبانگـدا" نـاوبراوان دەڵێن: لـە خزمـەت بـاوکی موحەممەدی حەسەنی کوڕی عەلی کۆببوینەوەو پرسیاری ئەوەمان لێدەکرد کە لە دوای ئەو ئیمام کێیە؟ لـە مەجلیسـەکەدا چـل پیـاو ئامـادە بـوون، عوسمـانی کـوڕی سـەعیدی عـومری پێـی وت: ئـەی نـەوەی پێغەمبـەری خـودا، دەمـەوێت پرسیار لەبارەی شتێکەوە لـە تـۆ بکـەم کـە تـۆ زانـاتری پێـی لـە مـن، پێـی وت: عوسمان دانیشە، عوسمان بە تورەییەوە هەڵسا تا بڕوات، حەسەن فـەرمووی: بـا کەس نەچێتە دەرەوە، تا کاتژمێرێك تێنەپەڕی هیچ یەکێك لـە ئێمـە نەچـووە دەرەوە، حەسـەن بـانگی عوسمـانی کـرد، هەڵسـایە سـەرپێ و وتـی: هـەواڵی ئـەو شـتەتان پـێ دەدەم کـە ئێـوەی هێناوەتـە ئێـرە؟.. هـاتوون پرسـیارم لێبکـەن لەبارەی ئەوەی ئیمام لە دوای من کێیە، وتیان: بەڵێ وایـە، منـداڵێکم بـینی کـە وەك پارچە مانگ بوو زۆر بە بـاوکی موحەممـەد دەچـوو، وتـی: ئەمـە ئیمـامی

---

(١) هەمان سەرچاوە ٢١٥_٢١٦.

ئێوەیە لە دوای من و جێگرەوەو خەلیفەی منە بەسەر ئێوەدا... عوسمان لە جیاتی ئەو مندالە چی وت ئێوە پەسەندی بکەن و گوێڕایەڵی وتەو فەرمانی عوسمان بن، چونکە عوسمان جێگری ئیمامی ئێوەیە و فەرمان بە دەستی ئەوە[١].

توسی لە حەفیدی عومری هیبەتوڵاوە هێناویەتی و دەڵێت: کاتێك حەسەنی کوڕی عەلی کۆچی دوایی کرد عوسمانی کوڕی سەعید ئامادەی شۆردنی بوو و لە ڕووکەشدا کاروباری کفن کردن و بەخاك و گۆڕ سپاردنەکەی بەڕێوەدەبرد... ڕێنووسەکانی ئیمامی مەهدی لەسەر دەستی عوسمانی کوڕی سەعید و کوڕەکەی عوسمان باوکی جەعفەر دەردەچوون، باوکی جەعفەر ڕێنووسەکانی ئاراستەی شیعەکان و کەسە تایبەتەکانی باوکی دەکرد، ڕێنووسەکە هەمان ئەو ڕێنووسەی هەبوو کە لەماوەی ژیانی حەسەنی عەسکەری هەیبوو، بەردەوام شیعە کۆك بوو لەسەر دادگەری عوسمان و کوڕی عوسمان تا ماڵئاواییان لە دونیا کرد[١].

بەم شێوەیە عومری بووە (نوێنەری تایبەت)ی ئیمامی مەهدی دوای ئەوەی ناوبراو بانگەشەی هەبوون و لە دایکبوون و نوێنەرایەتی (ئیمامی مەهدی) کرد، (ئەحمەدی کوڕی ئیسحاق) پرسیاری لە (عوسمان) کرد پێی وت: تۆ ئەو کەسەی ئێستا گومان لە ڕاستی گوفتارو کرداری تۆدا نییە، سوێندت دەدەم بە خودا و لەبەر خاتری ئەو دوو ئیمامەی کە تۆیان بە باوەڕپێکراو داناوە پرسیارت لێدەکەم، موحەممەدی کوڕی حەسەنی خاوەن سەردەمت بینیوە؟... عوسمان گریاو دواتر وتی: بەو مەرجە پێت دەڵێم تا من زیندوو بم

---

(١) الطوسي: الغيبة ٢١٧.

بە کەس نەڵێیت، وتی: بەڵێ باشە، عوسمان وتی: بینیومە، ملەکەشی بەو شێوەیە بووە (مەبەستی ئەوەیە کە: تۆکمەترین و تەواوترین و جوانترین ملە)، وتی: ناوەکەم پێ ناڵێی؟... عوسمان وتی: قەدەغە کراون لە زانینی[1].

عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری بە دوو ساڵ لە دوای کۆچی دوایی ئیمام عەسکەری مرد، موحەممەدی کوڕی عوسمان شوێنی باوکی گرتەوەو بووە نوێنەرو باڵوێزی نێوان مەهدی و شیعەکان.

کلینی و توسی (واژووەکانی) ئیمام مەهدییان هێناوە، بەوەی واژووی کردووە لەسەر باوەڕپێکران و پاکانە کردن و دانانی موحەممەدی کوڕی عوسمان لە پۆستی (نوێنەری تایبەت)[2].

عەبدوڵای کوڕی جەعفەری حمیری قومی سەرۆکی شیعەکانی قوم دەڵێت: مەهدی (ڕێنووسێکی) بۆ موحەممەدی کوڕی عوسمانی عومری ناردووەو تیایدا هاتووە: (ئێمەش موڵکی خوداین و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، ملکەچی فەرمانی خوداین و ڕازین بە قەزای ئەو... باوکی تۆ بە بەختەوەری ژیا و بە سوپاسکراوی ماڵئاوایی کرد، خوای لێخۆش بێت و بەدیداری پشتیوان و خۆشەویستانی بگەیەنێت، بەردەوام تێکۆشاوە لە کارەکانی ئیمامەکاندا لە پێناو ئەوەی نزیك ببێتەوە لە خوای مەزن، خوای گەورە ڕووی گەش بکات و ناخۆشیەکانی لەسەر لابدات... لە تەواو و کامڵی بەختەوەری باوکتدا ئەوەبوو کە خوای گەورە منداڵێکی وەك تۆی پێ بەخشیووە تا ببێتە جێگرەوەی و کاروبارو ئەرکەکانی ئەو لە ئەستۆ بگرێت، دەڵێم: سوپاس بۆ خودا:

---

(1) هەمان سەرچاوە ٢١٦.

(2) هەمان سەرچاوە ٢١٥.

(3) هەمان سەرچاوە ٢١٨.

دەروونەکان خۆشحاڵ و ئاسوودەن بـە پلەوپایـە و ئـەو شـتانەی خـودای گـەورە بەتۆی بەخشیوە، خـوا یارمـەتیت بـدات و هێـزت پـێ بـدات و پشـتت بگرێـت و سەرکەوتووت بکات و بە گەورەیی خۆی ببێتە پشتیوان و چاودێرت و وا بکات کـە تـەنها پێویسـتت بـەو بێـت[١]. حمـیری وتویـەتی: کاتێـك بـاوکی عـەمرو عوسمانی کوڕی سەعید کۆچی دوایـی کـرد بەهـەمان ڕێنـووس نووسـراومان بـۆ هات بە دانانی باوکی جەعفەری لە شوێنی عوسمان[٢].

موحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی مهزیاری ئەهوازی وتویەتی: لـە دوای ماڵئاوایی کردنی باوکی عەمرو نوسراوێکمان بۆ هات: (کوڕەکە خوا بیپارێزێت هەر جێگای بـاوەڕ بـووە لـەلای ئێمـە لـە ژیـانی باوکیـدا خـوا لێـی ڕازی بێـت و ئـەویش ڕازی ببێـت و ڕووی گـەش ببێـت، کوڕەکـە هـەر لەسـەر ڕێبـازی بـاوکی بـڕوات و شـوێن پێـی ئـەو هـەڵبگرێت، کوڕەکـە بـەپێی فـەرمانی ئێمـە فـەرمان دەکات، بە فەرمانی ئێمە کار دەکات، خوا سـەری بخـات، بۆیـە گوێڕایـەڵی وتـەی ئەو ببن، چونکە ڕەفتاری ئێمەی ناسیوە)[٣].

توسـی لـە ئیسـحاقی کـوڕی یـەعقوبی گێڕاوەتـەوە: دەڵێـت: داوام لـە موحەممـەدی کـوڕی عوسمـانی عـومری کـرد، تـا نووسـراوێکم بـۆ بگەیەنێتـە دەسـتی ئیمـام مەهـدی کـە چـەند بابـەتێکی تێدایـە مـن بـە تـەواوی لێـی تێنەگەیشتبووم، جا (واژووەکە) کـرا بـە ڕێنووسـی گـەورەمان خـاوەنی ماڵەکـە: (موحەممـەدی کـوڕی عوسمـانی عـومری خـوا لـە خـۆی و بـاوکی ڕازی بێـت،

---

(١) هەمان سەرچاوە ٢٢٠.
(٢) الطوسي: الغيبة ٢٢٠.
(٣) هەمان سەرچاوە.

باوەڕپێکراوی منە، نووسراوی ئەو نووسراوی منە)[١].

ئەگەر پرسیار لە عومری کرا: کە ئایا مەهدیت بینیوە؟ دەیوت: (بەڵێ، کۆتا جار کە چاوم پێکەوت لەلای کەعبەی پیرۆز بوو، مەهدی دەیوت: "خوایە ئەو بەڵێنەی پێت دابووم بۆم جێبەجێ بکە"، ئاڵاکەشی بە پەردەکانی کەعبە هەڵواسی بوو لە شوێنێکی پەنهان، دەشی وت: "خوایە تۆڵەی من لە دوژمنانم وەربگرەوە"... و سوێند بەخودا ئیمامی مەهدی هەموو ساڵێك لەکاتی حەج کردندا لە کەعبەی ماڵی خودا ئامادە دەبێت و خەڵکی دەبینێت و دەناسێت و خەڵکیش ئەو دەبینن و نایناسن[٢]. تووسی دەڵێت: (واژووەکان) بە درێژای تەمەنی عومری بە هەمان ئەو ڕێنووسە دەردەچوون کە لە سەردەمی باوکیدا دەردەچوون، شیعە لە بواری (واژووەکان)دا جگە لەو ڕێنووسە و ناوبراوە کەسی تر نا ناسێت[٣].

عومری (کوڕ) بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لەم پۆستەدا بەردەوام بوو تا لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی ساڵی ٣٠٥ك کۆچی دوایی کرد، ڕاسپاردە و وەسیەتنامەی کرد بۆ حوسەینی کوڕی ڕۆحی نوبختی کە یەکێك بوو لە دە نوێنەرەکانی لە شاری بەغداد، نوبختیش لە دوای ماڵئاوایی کردنی لە ساڵی ٣٢٥ك ڕاسپاردە و وەسیەتنامەی کرد بۆ نوێنەری چوارەم عەلی کوڕی موحەممەدی سمری یان صمیری وەك جێگرەوەی خۆی دیاریکرد بە بریکاری ئیمامی مەهدی پەنهان[٤].

١) هەمان سەرچاوە.
٢) هەمان سەرچاوە ٢٢٢.
٣) هەمان سەرچاوە ٢٢١.
٤) الطوسي: الغيبة ١٧٤_١٧٦.

لە پاڵ ئەم (چوار نوێنەرە) نزیکەی بیست و چوار پیاوی تر لە هاوەڵان یاخود لە شوێنکەوتووانی ئیمامی هادی و ئیمامی حەسەنی عەسکەری بانگەشەی نوێنەرایەتی مەهدی پەنهانیان کرد، وەك: (حەسەنی شەریعی، موحەممەدی کوڕی نەصیری نەمیری، باوکی هاشم داودی کوڕی قاسمی جەعفەری، ئەحمەدی کوڕی هیلالی عەبرتائی، موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی بیلال، ئیسحاقی ئەحمەر، حاجزی کوڕی یەزید، موحەممەدی کوڕی صاڵحی هەمەدانی، موحەممەدی کوڕی جەعفەری کوڕی هەونی ئەسەدی ڕازی، موحەممەدی کوڕی ئیبڕاهیمی کوڕی مهزیار، حەسەنی کوڕی مەنصوری حەلاج، جەعفەری کوڕی سهیلی صەقیل، موحەممەدی کوڕی غالبی ئەصفەهانی، ئەحمەدی کوڕی ئیسحاقی ئەشعەری قومی، قاسمی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی ئیبڕاهیمی هەمەدانی، موحەممەدی کوڕی صاڵحی قومی، قاسمی کوڕی عەلاء و حەسەنی کوڕەکەی موحەممەدی کوڕی عەلی شەلمغانی کوڕی ئەبو عەزاقر، باوکی دلفی کاتب.

زۆرێك لەمانە بانگەشەی هەبوونی (پەیوەندی تایبەت)یان دەکرد لە نێوان خۆی و هەردوو ئیمامەکە هادی و عەسکەر و پاشان پەیوەندی تایبەت لەگەڵ ئیمامی مەهدی، بانگەشەی ئەوەشیان دەکرد کە دەتوانن کاری دەرئاسا بکەن و غەیب دەزانن، چەند نامەیەکی نهێنیان دەردەخست گوایە لە ئیمامی پەنهانەوە پێیان گەیشتووە، بە پشت بەستن بەم نامە و پەیامە نهێنیانە پارەو سامان و مافە شەرعییەکانیان وەردەگرت. شیعەی ئیمامییەکان کە باوەڕیان بە بوونی ئیمامی دوازدەم هەیە لە ناو خۆیاندا ڕاجیاییان تێکەوت لەبارەی ڕاستگۆیی ئەو نوێنەرانە و دروستی بانگەشەی نوێنەرایەتییەکە، کۆمەڵێك لە شیعەی ئیمامی دانی نا بە ڕاستگۆیی (چوار نوێنەرە)کانی سەرەتا، کۆمەڵێکی

تــر وەك (نەصـیرییەکان) دانیـان نـا بـە ڕاسـتگۆیی هـەر یـەك لـە شـەریعی و نەمیری، هەروەك کۆمەڵێکی تر دانیان نا بە ڕاستگۆیی هەندێك نوێنەری تر.

بەهـەر حـاڵ هەنـدێك بـوونی (چـوار نوێنەرەکـە) و جگـە لـەوانیش بـە شـایەتی و گەواهییـەکی مێـژوویی دادەنـێن لەسـەر ئـەوەی ئیمـامی حەسـەنی عەسـکەری کـوڕێکی هەیـە کـە (ئیمـامی مەهدییـە) سـەرباری ئـەو گێڕانـەوە مێژووییانەی کە دەدوێـن لەسـەر لـەدایکبوونی منداڵەکە و بینرانـی لـە مـاوەی ژیانی باوکیدا و چاوپێکەوتنی لە دوای کۆچی دوایی باوکی.

سەید موحەممەد باقر صدر لـە کتێبەکەیـدا (بحث حـول المهـدي) دەڵێـت: ناچـێتە عەقڵـەوە ئـەو نوێنــەرە بـاوەڕپێکراو و متمانەدارانــە درۆ بکـەن لـە بانگەشە کردنی ئەوەی نوێنەرن یان لـە بابـەتی بـوونی (ئیمـام مەهـدی). دوای ئەوەی شیعە کۆکن لەسەر ڕاستگۆیی و لە خواترسان و پارێزگارییان.

هەندێك لە فەرمووده ناسە پێشینەکان وەك (نعمانی موحەممـەدی کـوڕی أبو زەینەب) پێی وایـە بـوونی ئـەم چـوار نوێنـەرە تایبەتـە لـە مـاوەی (پـەنهان بوونی بچوکدا) و نەمانیان لە ماوەی (پەنهان بوونی گـەورەدا) کـە لـەو کاتـەوە درێـژ دەبێتـەوە تـا کـاتی دەرکـەوتنی مەهـدی، هەماهـەنگ بـوونی دوو ماوەکـە لەگەڵ گێڕانەوەکاندا کە لەبارەی دوو پەنهان بوونی بچوك و گـەورەی ئیمـامی مەهدی دەدوێن، ئەمانە بەڵگـەن لەسـەر بـوونی موحەممـەدی کوڕی حەسـەنی عەسکەری و ڕاستی و دروستی پەنهان بوونەکەی.

## باسی سێیەم

## پەیامەکانی مەهدی

صدوق و تووسی و کوڕی شەهری ئاشوب و تەبرِسی باسی ژمارەیەك لەو پەیامانەیان کردووە، کە دەڵێن: ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری ئەو پەیامانەی ناردووە بۆ ژمارەیەك لە (بریکارەکانی) لە ماوەی (پەنهان بوونی بچوکدا). بۆ نمونە ئەو پەیامەی تووسی لە کتێبەکەیدا (الغیبة) لە ئەحمەدی کوڕی ئیسحاقی ئەشعەری قومی گێڕاویەتیەوە، کە دەڵێت پەیامێکی بۆ کوڕی حەسەنی عەسکەری نووسی لەبارەی بانگەوازەکەی جەعفەری کوڕی عەلی هادی لە شاری (قوم) کە دانیشتووانەکە بانگ دەکات لە دوای کۆچی دوایی براکەی شوێنی ئەو بکەون. لە پەیامەکەدا دەڵێت: بێگومان مەهدی خاوەن سەردەم چەند نووسراوێکی بۆ نووسیوە تیایاندا جەعفەری ناوبراو تۆمەتبار دەکات بەوەی نەشارەزا و نەزانە لە ئایینداو خراپەکارو گوناهبارو مەیخۆرە و سەرپێچی خودا دەکات، جەعفەر هیچ بەڵگەیەکی پێ نییە، بۆ ئەم مەبەستەش ئیمامی مەهدی بانگی جەعفەری کرد تا تاقی بکاتەوە، ئەمەش بۆ جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی ئیمامەت لە دوای حەسەن و حوسەین دروست نییە لە دوو برادا کۆ ببێتەوە[1].

هەروەك توسی گێڕانەوەیەکی تر لە کوڕی ئەبو غانمی قەزوینی دەگێڕێتەوە، کە ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵێك لە شیعەکان ڕاجیاییان تێکەوت لەبارەی هەبوونی ئیمامی شوێنگرەوەو لەسەر ئەمە بە شەڕە قسە چوون،

(1) لای ئیمامی مەهدی، لە ڕێگەی نوێنەرو باڵوێزە تایبەتەکەی.

پاشان نووسراوێکیان نووسی ئاراستەی (شوێنەکەیان)[١] کرد و ئاگاداریان کردەوە لەبارەی شەڕە قسەکەیان، وەڵامی نووسراوەکانیان هاتەوە بە ڕێنووسی ئیمامی مەهدی (سڵاوی خوای لێبێت) و تیایدا ئاخ و داخی بۆ بارو حاڵی ئەوان پیشان دابوو، داواشی لەوان کردبوو کە ملکەچ بن و هەوڵی هەڵدانەوەی پەردەکانی پەنهان بوون نەدەن[٢].

پەیامی سێیەمیش هەیە، کە صدوق لە ئیسحاقی کوڕی یەعقوب دەگێڕێتەوە، دەڵێت: داوام لە موحەممەدی کوڕی عوسمانی عومری کرد ئەو نووسراوەی کە چەند بابەتێکی لە خۆ گرتبوو، من سەرم لێدەر نەدەچوو، بگەیەنێتە دەستی ئیمام مەهدی، وەڵامەکە هاتەوە بە هەمان ڕێنووسی مەهدی گەورەمان کە خاوەن ماڵەکەیە، تیایدا هاتبوو: (سەبارەت بەو ڕووداوانە ڕوودەدەن بگەڕێنەوە بۆ ئەوانەی وتە و فەرمایشتەکانمان دەگێڕنەوە، چونکە ئەو کەسانە بەڵگەی منن بەسەر ئێوەدا، منیش بەڵگەی خودام بەسەر ئەواندا)، پەیامەکەی واژوو کردبوو وەکو جەخت کردنەوە لەسەر متمانەداری و باوەڕپێکراوی (موحەممەدی کوڕی عوسمانی عومری)، بەڕەوا دانانی (پێنج یەك: خومس) لە سەردەمی پەنهانیدا، ڕێگریشی کردبوو لە پرسیار کردن لەبارەی هۆکاری پەنهان بوونەکە[٣].

صدوق پەیامێکی تر دەگوازێتەوە کە لە (ئیمامی مەهدییەوە) ئاراستەی (نوێنەری یەکەم) کراوە: عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری و موحەممەدی کوڕەکەی (نوێنەری دووەم) تیایدا باسی هەواڵی ڕاجیایی نێوان شیعەکان دەکات

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٥٠٣.

(٢) الطوسي: الغيبة ١٧٢_١٧٤.

(٣) الصدوق: إكمال الدين ٤٧٣، الطوسي: الغيبة ١٨٦_١٨٨.

دەربارەی (ئیمامی جێنشین) و وتەی هەندێکیان کە دەڵێن هیچ ئیمامێکی جێگرەوە جگە لە جەعفەری کوڕی عەلی نییە، داوای لە شیعە کردووە کە لەو شتانەی لەوان پەنهان و شاراوەیە نەکۆڵنەوە تا گوناهبار نەبن، با پەردە لەسەر نهێنییەکانی خودا لا نەدەن چونکە **پەشیمان** دەبنەوە، با دڵنیاییان بەوە بۆ دروست بێت کە بە کورتی و پوختی بۆیان دەخرێتەڕوو، بێ ڕاڤە و ڕاشکاوانە[1].

کوڕی شەهری ئاشوب لە کتێبی (المناقب) و تەبرِسی لە کتێبی (الإحتجاج) باسی ئەوەیان کردووە: موفید دانەیەك لە پەیامەکانی دەرهێناوە، لەوبارەوە وتویەتی ئیمامی مەهدی بە دەستی عەرەبێکی دەشتەکی و بە ڕێنووسی کەسێکی تر ئەو پەیامەی بۆ ناردووە، لەو پەیامەدا مەهدی موفیدی دواندووە بەوەی موفید برای ڕاستپێك و **پشتیوانی** ڕێڕۆشن و دڵسۆزی سەرخەرە، بەخشەرو بەڵگەی ڕاستی و بەندەی چاك و سەرەخەری هەق و ڕاستی ئەو کەسەیە بە وشەی ڕاستی و ڕەوایی بانگی خەڵك دەکات بۆ ڕاستی[2].

ئەمانە گرنگترین ئەو چیرۆکانەن کە دەگێڕدرێنەوە دەربارەی بینرانی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری لە کاتی لە دایکبوونی و لە ماوەی ژیانی باوکیدا و لە کاتی کۆچی دوایی باوکی دا و دواتریش.... چەندین چیرۆکی تریش هەن لەبارەی بینرانی ئیمامی مەهدی لە ناو کەعبەی ماڵی خوادا لە کاتی تەواف کردندا یان لە شیوێك لە شیوەکانی شاری تائف یاخود لە شاری مەدینە یان لێرەو لەوێ **بینراوە**، ئەمە ئاماژەکانیان کەمترن و زنجیرەو

---

(1) الصدوق: إكمال الدين ٥١٠.

(2) بۆ ئەم سەرچاوانە بگەڕێوە: النور الطبرسي: خاتمة المستدرك ٥١٨/٣، الجزائري: الأنوار النعمانية ٢١/٢، إبن بطريق الحلي: رسالة نهج العلوم، التنكابني: قصص العلماء ٣٩٩.

سەنەدیان لاوازترە لەو چیرۆکانەی خرانەڕوو... دەکرێ چیرۆکی حەکیمە و باوکی ئەدیانی بەصری بە ناوبانگترین چیرۆك بوون کە دەگێڕدرێنەوە لەبارەی لەدایکبوونی و بوونی (ئیمامی دوازدەم).

## دەروازەی چوارەم

## بەڵگەی دەرئاسا لەسەر بوونی (مەهدی)

سەرباری بەلگە عەقلّی و نەقلّی و مێژووییەکان لەسەر بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری ئەوا پشتیوانانی تیۆری دوازدە ئیمامی بەلگەیەکی تریش دێننەوە کە بەلگەی چوارەمە ئەویش: (کارە دەرئاساکان) کە دەیانوت (چوار نوێنەرەکە) ئەنجامی دەدەن یان (غەیب زانین) کە قسەیان لەسەر دەکرد.

لە بەشی ڕابردوودا زۆرێك لەو شتە دەرئاسایانەمان خستەڕوو لە کاتی دووان لەسەر گێڕانەوە مێژووییەکان دەربارەی لەدایکبوونی موحەممەدی کوڕی حەسەن و بوونی ناوبراو، ئێستاش هەڵدەستین بە خستنەڕووی ئەو (دەرئاسا)یانەی کە (چوار نوێنەرەکە: عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری، موحەممەدی کوڕی عوسمان، حوسەینی کوڕی نوحی نوبەختی، عەلی کوڕی موحەممەدی سەمری) بریکارەکانی ئیمامی مەهدی پێشکەشیان کردووە لە ماوەی: (پەنهان بوونی بچوك) کە نزیکەی حەفتا ساڵ درێژ بووەوە هەر لە ساڵی ٢٦٠ك تا ٣٢٩ك مێژووی مردنی (نوێنەری چوارەم).

شێخ موفید چیرۆکی (موحەممەدی کوڕی ئیبڕاهیمی کوڕی مهزیار)ی گێڕاوەتەوە، کە گومانی هەبووە لە بوونی ئیمامی مەهدی لە دوای کۆچی دوایی کردنی ئیمام عەسکەری، لەو بارەوە موفید دەڵێت: (باوکی موحەممەدی کوڕی ئیبڕاهیمی کوڕی مهزیار[1] پارەو سامانێکی زۆری پێ ڕاسپاردووەو فەرمانیشی پێکردووە بیداتە دەست جێگرەوەی ئیمام عەسکەری، ئەویش لە دەروونی خۆیدا دەڵێت: ئەو پارەو سامانە هەڵدەگرم و دەیبەمە شاری بەغداد و خانووێکی پێ دەکرم لەسەر کەناری ڕووبار و هیچ شتێك لەوبارەوە بەکەس ناڵێم، ئەگەر هیچ شتێکم لە ڕۆژانی باوکی موحەممەد بۆ ڕوون بووەوە، ئەوا وەسیەتەکەی باوکم جێبەجێ دەکەم، ئەگەرنا پارەکە بە هەوەسی خۆم خەرج دەکەم). بۆ ئەم مەبەستە چووە شاری بەغداد و خانوێکی لەسەر کەناری ڕووبار کڕی و چەند ڕۆژێك بەم شێوەیە مایەوە تا ڕۆژێك پەیامبەرێکی بینی پارچە نووسراوێکی بەدەستە و تیایدا نووسراوە: ئەی موحەممەد تۆ ئەوەندە پارەو سامانەت پێیە... تا باسی هەموو پارەکەی کرد و باسی ئەو شتەشی کرد کە خۆی هەر نەیزانی بوو، دوای ئەمە موحەممەد پارەکەی دایە دەست پەیامبەرەکە، چەند ڕۆژێك مایەوە، پاشان چووە خزمەتی مەهدی و خۆی لە جێگای باوکی وەك (بریکار) ناساند.

جا کلینی و موفید و توسی چەندین نمونەیان گێڕاوەتەوە لەسەر کارە (دەرئاساکانی) نوێنەرەکان، هەروەها لەسەر ئەوەی گوایە غەیبیان زانیوە، ئەمەشیان وەك بەڵگە هێناوەتەوە لەسەر پەیوەست بوونیان بە (ئیمامی مەهدییەوە)، تەنانەت بە بەڵگەیان هێناوەتەوە لەسەر بوونی مەهدی و

---

(١) وەرگێڕ.

پەیوەست بوونی مەهدی بە ئاسمانەوە.

بۆ نموونە: (ئیمامی مەهدی) وشتری بەو شتانەی لەسەر پشتی وشترەکە بووە بەرز کردۆتەوە بۆ ئاسمان.

بۆ نموونە: (ئیمامی مەهدی) ڕێگری کردووە لەوەی پیاوێك منداڵەکەی خەتەنە بکات، منداڵەکەش دوای ئەمە بە ماوەیەکی کەم مردووە.

بۆ نمونە: ڕێگری کردووە لە پیاوێك لەوەی گەشت بکات چ بە ڕێگای وشکانی چ ئاویی و داوای لێکردووە لە شاری (کوفەدا) جێگیر ببێت، ڕێگرو چەتەکانی دەریا ئەو کاتە پەلاماری کاروانەکانیان دەدا.

بۆ نموونە: چیرۆکی دۆزینەوەی ئەو سپاردەیە لەلایەن (عومری) کە پەیامبەرەکە لە ناو شتومەکەکەدا ونی کردبوو، کەچی پەیامبەرەکەی هیچ نووسراو و یاداشتێکی لەبارەی بابەتەکە پێ نەبوو.

بۆ نموونە: عومری هەواڵی بەرواری مردنی خۆی بە ڕۆژو مانگ و ساڵی ڕاگەیاند.

بۆ نموونە: عومری بە وەڵامی سەرسوڕهێنەر وەڵامی پرسیارەکانی خەڵکی دەدایەوە، بە تێرو تەسەلی هەواڵی مشتومڕی پیاوێك لەگەڵ ئافرەتەکەی بە خودی پیاوەکەی ڕاگەیاند.

بۆ نموونە: توانای نوێنەری سێیەم: حوسەینی کوڕی ڕۆحی نوبەختی، ناوبراو دەیتوانی نامەی سپی بخوێنێتەوەو تەواوی ناوەڕۆکەکەشی بزانێت و بە خێرایی وەڵامیشی دەدایەوە.

بۆ نموونە: عەلی کوڕی بابویەی صدوق هەواڵی دا کە دوو منداڵی چاك و بۆ خوا صوڵحاوی دەبێت لە ئایندەدا.

بۆ نموونە: نوبەختی بە دیاریکراو و تەواوی وردەکارییەوە هەواڵی

چارەسەر بوونی کێشەکانی هەندێك خەڵکی داوە، هەروەها پێشوەختە هەواڵی مردنی چەند کەسێکی داوە لە کاتی دیاریکراودا.

بۆ نموونە: نوبەختی بە بێ خوێندن و فێربوون بە شێوەیەکی دەرئاسا زمانەکانی بیانی زانیوەو پێیان دواوە.

بۆ نموونە: نوێنەری چوارەم سمری لە کاتێکدا خۆی لە شاری بەغداد بووە هەواڵی هەمان کاتی مردنی عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی بابویە بە هاوەڵانی داوە کەچی ناوبراو لە شاری قوم کۆچی دوایی کرد.

بۆ نموونە: سمری هەواڵی بە شیعەکان دا کە لە دوای شەش ڕۆژ دەمرێت.

بۆ نموونە: قاسمی کوڕی عەلائی بریکاری هەواڵی دا کە لە دوای چل ڕۆژی تر مردنی نزیك بووەتەوە، چاك بوونەوەی چاوی دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر نا بینابوو، هەروەها هەواڵدانی لەبارەی مانەوەو نەمردنی منداڵەکەی وەك دوو براکەی تری.

بۆ نموونە: زانیاری نوێنەرەکان بەسەرچاوەی ئەو پارەو سامانەی بۆیان دەچوو.

بۆ نموونە: (موحەممەدی کوڕی زیادی صمیری) هەواڵی کاتی مردنی خۆی دا[1].

توسی ئاماژە دەکات بۆ بەڵگەی (کارە دەرئاساکان) و پێی وایە: بەڵگەیە لەسەر ئیمامەتی (موحەممەدی کوڕی حەسەن) و چەسپاوی بوون و پەنهان بوونەکەی، (چونکە چەند هەواڵێکن کە هەواڵ دەدەن لەبارەی شتی پەنهان و غەیب و لەبارەی ڕووداوەکان پێش ئەوەی ڕووبدەن بە شێوەیەکی دەرئاسا

(1) الكليني: الكافي ١/٥١٩، المفيد: الإرشاد ٣٥٢_٣٥٥، الطوسي: الغيبة ١٧٩ و ١٨٤ و ١٩٢ و ١٩٣ و ٢٢٢ و ٢٤٣.

تـەنها کەسـێك ئـەم شـتانە دەزانێـت کـە خـوای گـەورە لـە سـەر زمـانی پێغەمبەرەکـەی پێـی ڕاگەیانـدبێت و لـە ڕێگەیـەکی ڕاسـت و دروسـتەوە پێـی گەیشتبێت، چونکە کارە دەرئاساکان لەسـەر دەسـتی درۆزنـەکان ڕوونـادەن، جا ئەگەر کارە دەرئاساکانی ئەوانە چەسپا ئەوا دەبێتە بەڵگە لەسەر هەبوونی ئەو زاتەی کە کارە دەرئاساکانی خۆیان دەدەنە پاڵی)[1].

(1) الطوسي: الغيبة ١٩٩.

# دەروازەی پێنجەم

## بەڵگەی یەکدەنگی (کۆدەنگی)

دوای بەلگەی فەلسەفی (عەقلی و ڕەچاوکاری) و بەلگەی نەقلی و بەلگەی مێژوویی، هەروەها بەلگەی کارە دەرئاساکان و غەیب زانین... دوای سەرجەم ئەمانە بەلگەی یەکدەنگی دێت کە هەندێك لەو کەسانەی باوەڕیان بە تیۆری بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری و لە دایکبوونی هەیە ئاماژە بەو بەلگەیە دەکەن. یەکەم کەس کە ئاماژەی بۆ بەلگەی (یەکدەنگی) کرد سەعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری قومی بوو لە سەدەی سێیەمی کۆچی[1]. هەروەها نوبەختی بەهەمان شێوە ئاماژەی بەو بەلگەیە کردووەو لەوبارەوە وتویەتی: (شیعە کۆك و یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ئیمام حەسەنی عەسکەری منداڵێکی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، ئەو منداڵەش ئیمامە). و وتویەتی: (هەر کەسێك باوەڕی بە ئیمامەتی یازدە ئیمامەکەی باپیری ئیمام مەهدی هەبێت ئەوا پێویستە لەسەری کە باوەڕی بە ئیمامی دوازدەمیش هەبێت، لەبەر دەقی فەرمایشتەکانی باوباپیرانی لەسەر ناو و ڕەچەڵەکەکەی و یەکدەنگی شیعەکانیان لەسەر ئەوەی کە موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری ئیمامی مەهدییە و لە دوای پەنهان بوونە زۆرەکەی دەردەکەوێت و زەوی پڕ دەکات لە دادگەری وەك چۆن بە ستەم و زۆرداری پڕکرابوو)[1].

ئەمڕۆ ئەمە بەلگەیەکە هەر زوو بە کوێچکەکاندا دەدرێت، بەوەی زۆرێك لە خەلکی بەلگە دێننەوە بەوەی بابەتی بوونی ئیمامی مەهدی موحەممەدی

---

[1] الأشعري القمي: المقالات والفرق ١٠٦.

کوڕی حەسـەنی عەسـکەری یەکێکـە لـەو بابەتانـەی بەلایـەنی کەمـەوە لـە نـاو ڕیزەکانی شیعە دوازدە ئیمامییەکان (یەکدەنگی لەسەرە).

## دەروازەی شەشەم

## باسی یەکەم

## پەنهان بوون بۆچی؟

دوای خستنەڕووی سەرجەم بەڵگە کانی (عەقڵی) و (نەقڵی) و (مێژوویی) لەسەر بوونی موحەممەدی کوڕی حەسـەنی عەسـکەری و لـەدایکبوونی نـاوبراو لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی سـێیەمی کۆچـی، ئینجـا پـەنهان بـوونی لـە بەرچـاوان و دەرنەکـەوتنی بـۆ گرتنەدەسـتی جڵـەوی سـەرکردایەتی ئوممـەتی ئیسـلامی و هەڵسان بە ئەرکی ئیمام و پێشەوایەتی، ڕووبەڕوو بوونـەوەو تەحەدایـەکی زۆر مەزنـە بەڕووی ئەوانەی دەڵێن ئیمامی مەهدی هەیە، بۆیە بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانە پێویست بوو لەسەریان هەڵسن ڕاڤەی (نهێنی پەنهان بوونەکە) بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك ڕاڤە و شرۆڤەیان بۆ دیاردەی پەنهان بوونە سـەر سوڕهێنەرەکە پێشکەش کرد:

[1] _ تیۆری حیکمەت و دانایی ونبوو: شێخ صدوق بـەلای ئـەم تیـۆرەدا چـووە، پێـی وابـووە بـێ چـەند و چـوون حیکمـەت و داناییـەك لـە پـەنهان بـوونی ئیمامـدا هەیـە، ئەمـەش لـە ڕووانگـەی شـوێنەوارەکانی حیکمـەت و دانـایی خودا لە بەڵگەو ئیمامەکانی پێشوودا، جا وتویەتی: (ئەو بـاوەڕەی ئێمـە بـە ئیمامی مەهدی هەمانە، وامان لێدەکات کە دان بنێین بەوەی حیکمەتێك لە

(١) الصدوق: إكمال الدين ٤٤ و ٩٣.

پاڵ پەنهان بوونەکە هەیە)[1].

سەید مورتەزای عەلەمی هودا ڕەتی کردۆتەوە کە پێویست بێت بە دیاریکراوی هۆکاری پەنهان بوونی ئیمام بزانرێت، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە بە پوختی بزانرێت پەنهان بونەکە هۆکارێکی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت باوەڕ بەپارێزراوی ئیمام هەر هەبێت، وتویەتی زانینی هۆکاری پەنهان بوونەکە وەك زانینی مەبەستی خوایە لە ئایەتە وێکچووەکانی قورئانی پیرۆز[2]. شێخ توسی دەڵێت پێویستە گریمانەی بوونی هۆکارێك بکرێت کە بووەتە هۆی پەنهان بوون و شاراوە بوونی ئیمامی مەهدی خاوەن سەردەم، پێویستە بوترێت کە پەنهان بوونەکە پڕە لە حیکمەت و دانایی، هەروەك گریمانەی بوونی چەند هۆکارو حیکمەتێك دەکرێت بۆ بەدیهێنراوەکانی خودای مەزن، وەك: بەدیهێنرانی ئاژەڵ و گیاندارو زیانگەیەنەرو وێنەی ناشرین و ئازار چەشتنی منداڵ، ئەگەرچی ڕووی حیکمەتی ئەم شتانە بە تێرو تەسەلی نەزانین، هەروەها وتویەتی: (ئەگەر بە بەڵگەیەك ئیمامەتی ئەومان بۆ دەرکەوت، بە بەڵگەیەکی تر پارێزراوی ئەومان بۆ ڕوون بووەوە، ئەوا پەنهان بوونەکەی ئیمام بەشێوەیەك ڕاڤە دەکەین کە بگونجێت لەگەڵ پارێزراوییەکەی، جا هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان دوو بابەتەکە)[3]. شێخ (موحەممەد حوسەینی کاشفولغەتا) وتویەتی: (پرسیار کردن لەبارەی حیکمەتی پەنهان بوونەکە شتێکی پوچەڵە، لە کاتێکدا بەڵگەکان بەرپا بوونە لەسەر پێویستی بوونی ئیمام لە گشت سەردەمێکدا، زەوی هەرگیز بێ بەڵگە نابێت، بوونی ئیمام

---

(1) الصدوق: إكمال الدين ٢١ و ٨٥.

(2) المرتضى: تلخيص الشافي، للطوسي ٤/ ٢١١.

(3) الطوسي: الغيبة ٥٧_٥٨.

میهرو لوتفێکە و ڕەفتارو کارەکانیشی میهرو لوتفێکی تـرن) پێیـی وابـووە ئـەم پلەیە زۆر لەوە وردو شاراوەترە، هەروەك دانیشی ناوە کە حیکمەتەکە نازانێت و بە بەرژەوەندی تەواویش ناگات[1].

٢_ تیـۆری هـەڵاواردن و لەیـەکتر جیاکردنـەوە: تیـۆرێکی تـر هەیـە لـە ڕاڤـە کردنــی (پــەنهان بــوونی ئیمــام) ئــەویش تیــۆری (هــەڵاواردن و لەیــەکتر جیاکردنەوە)یـە، واتـە: جیاکردنـەوەی شـیعە و لـە بێژنگـدانیان لـە پێنـاو ناسـینی ڕاسـتی ئـەو بـاوەڕەی بـە مەهـدییان هەیـە و ڕێـژەی ئارامگرییـان لەسەر تاقیکردنەوەو ناخۆشییەکان. صدوق و توسـی چـەندین گێڕانـەوەیان لەبارەی ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە گێڕاوەتەوە لە ئیمامی بـاقر و ئیمـامی صـەدر، هەندێك لەم گێڕانەوانە باس لەوە دەکەن کـە ئیمـامی مەهـدی دەرناکـەوێت تا سێیەکی خەڵکی لەناونەچێت، خەڵکێکی کەم نەبێت کەسـی تـر نامێنێـت، شیعە لەو کاتەدا لە بێژنگ دەدرێن وەك چۆن گـەنم بـەهۆی لـە بێـژنگ دان جیا دەکرێتەوە لە گیا و پوش و پەڵاش[2].

یــەکێك لــە گێڕانــەوەکان دەڵێــت: (پێویســتە ئیمــامی مەهــدی پــەنهان بوونێکی ببێت، تا وای لێدێت خەڵکانێك کە باوەڕیان بە پەنهان بوونی مەهدی هەیـە لـەو باوەڕەیـان پاشـگەز ببنـەوە، ئەمـەش تاقیکردنەوەیـەکی خواییـە کـە بەنـدەکانی پـێ تـاقی دەکاتـەوە، عـەقڵی ئێـوە بچوکترە لـەوەی لەمـە تێبگـەن، خەون و خەیاڵتان سنووردارترە لەوەی ئەم بابەتە هەڵبگرن، بەڵام ئەگەر بژین پێی دەگەن)[3]. ئەمە بە گێڕانەوەیەکی تر دەچێت کـە دەڵێـت: (پـەنهان بـوونی

---

(1) كاشف الغطا: أصل الشيعة وأصولها ٧١.

(2) الصدوق: إكمال الدين ٣٤٦ و ٣٤٨، الطوسي: الغيبة ٢٠٣ و ٢٠٤ و ٢٠٦.

(3) الصدوق: إكمال الدين ٣٦٠، الطوسي: الغيبة ١٠٤ و ٢٠٤.

مەهدی) بۆ هێدی کردنەوەی ئەو سزایە ئاسمانییەیە کە نوح داوای دابەزینی کردبوو تا وای لێهات ئەم سزایە کۆمەڵانێکی باوەڕداری گرتەوەو بەمەش کۆمەڵ دوای کۆمەڵ پاشگەز بوونەوە... بەهەمان شێوە ڕۆژانی پەنهان بوونی ئیمامی مەهدی درێژە دەکێشن تا هەق و ڕاستی ڕاشکاوانەتر دەربکەوێت و لە خوارو خێچی و لێڵی پاك ببێتەوە، ئەمەش بە هەڵگەڕانەوەی گشت ئەو شیعانەی کە گڵ و پێکهاتەیان پیس و پۆخڵ بێت و مەترسی ئەوەیان لێبکرێت کە دووڕوو دەربچن، ئەگەر هاتوو مەهدی خەلافەتی گرتە دەست و پایەدار بوو و ئارامی بڵاوبووەوە[1]. بەڵام تەنها صدوق ئەم تیۆرەی وەرگرتووە، موفید و مورتەزا و توسی ئەم تیۆرەیان پشتگوێ خستووە، ئەگەرچی هەندێك گێڕانەوەش باس بکەن کە ئاماژە بە ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە بدەن، توسی ئەو گێڕانەوانەی ڕاڤە کردووە کە باس لە تاقیکرانەوەی شیعە دەکەن لە بارودۆخی پەنهان بوونی ئیمام دا بەوەی لەو بارودۆخەدا وا ڕێك دەکەوێت کە تاقیکردنەوەکە هاوڕێ بێتە پێش لەگەڵ پەنهان بوونەکە، پەنهان بوونەکە نابێتە هۆکاری هاتنی تاقیکردنەوەکە[2].

٣_ تیۆری ترس: ئەمە بەهێزترین تیۆرە لە ڕاڤە کردنی هۆکاری پەنهان بوونی ئیمامدا، کلینی و صدوق کۆمەڵێك گێڕانەوەیان لە ئیمام صادقەوە گێڕاوەتەوە، کە ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی هۆکاری پەنهان بوونی ئیمام بریتییە لە مەترسی لە لەدەستانی ژیان و خۆپاراستن[3].

شێخ موفید وتویەتی: (جێگرەوەی حەسەن) کوڕەکەیەتی کە چاوەڕێی

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٣٥٢ و ٣٥٧، الطوسي: الغيبة ١٠٤ و ١٠٨.

(٢) الطوسي: الغيبة ٢٠٣.

(٣) الكليني: الكافي ١/٣٣٧_٣٣٨ و ٣٤٠، الصدوق: إكمال الدين ٤٨١.

دەرکــەوتنی دەوڵــەتی ڕاســتی دەکــات، (حەســەن) لــە دایکبــوونی کوڕەکــەی شاردبووەوەو بە پەنهانی هێشتبوویەوە، لەبەر سەختی کات و بەدوادا گەڕانی دەســەڵاتداری ئــەو ســەردەم و کۆشــش کردنــی لــە لێکۆڵینــەوەدا لــە پێنــاو دۆزینەوەیدا، جا لەبەر بڵاوبوونەوەی مەزهەبی ئیمامی لە ژیانی ئەودا و ئیمامییــەکانیش چاوەڕوانی بــوون، ئەمانــە بوونــە هــۆی ئــەوەی حەســەنی عەسکەری کوڕەکەی لە ژیانی خۆیدا ئاشکرا نەکات و زۆربەی شیعەکانیش لە دوای مردنی حەسەنی عەسکەری مەهدی کوڕی ناوبراویان نەناسی[1].

جا موفید پێی وابووە کە ئەو بارودۆخەی دەوری پەنهان بوونی (ئیمامی مەهدی) دابوو زۆر سەختتر بووە لەو بارودۆخەی کە ئیمامەکانی پێشووتری ئالوبەیت تێیدا بوون، ئیمامەکانی پێشووتری ئالوبەیت لە بەرچاوان ون نەدەبوون، بە قەڵای توقیە و خۆپارێزی خۆیان دەپاراست، دەسەڵاتدارانی سەردەمیش دەیانزانی مەهدی بە شمشێرەوە دەردەکەوێت، هەر بۆیە دەسەڵاتداران زۆر سوور بوون لەسەر گەڕان و ڕاوەدوونان و لە ڕیشەکێش کردنی ئیمامی مەهدی، هۆکاری دەرنەکەوتنی ئیمامی مەهدیش بریتی بوو لە کەمی یارمەتیدەرو پشتیوانان[1].

سەید مورتەزا جەختی کردۆتەوە: (هۆکاری پەنهان بوونەکەی ئیمامی مەهدی بریتییە لە ترسان لە ستەمکاران و ڕێگری لێکرانی لە ئاست هەڵسوکەوت کردن لەو شتانەی کە بۆی دیاری کراوە کە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تێدا بکات و بەڕێوەی ببات، جا ئەگەر ڕێگری و کۆسپ لە نێوان ئیمام و ئامانج و مەبەستەکەی دروست بوو ئەوا هەڵسان بە ئەرکی ئیمامەتی لەسەر

---

(1) المفید: الإرشاد ٣٤٥.

لادەچێت، ئەگەر ترسی لە ژیانی خۆی هەبوو ئەوا پێویستە لەسەری خۆی بشارێتەوەو خۆی پەنهان بکات)[٢].

هەروەها کەراجکی دەڵێت: (پەنهان بوونەکەی ئیمام لە ترسی ستەمکاران بووە، چونکە دەیانویست خوێنی برێژن، خوای گەورەش بە ئیمامی مەهدی ڕاگەیاند بوو کە هەر کاتێك خۆی ئاشکرا بکات ئەوا دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان دەیکوژن، هەر کاتێك بۆیان ڕێك بکەوێت لەناوی دەبەن، بەو مەرجە لەسەر ئیمامی مەهدی پێویستە بە ئەرك و کارەکانی هەڵسێت کە پایەدار بێت و دەسەڵاتی هەبێت نەك بێ دەسەڵات وکۆت و بەند کرابێت، دەبێت هەموو ئەو کۆسپانە لابرێن کە دەبنە هۆی مەترسی بۆ سەر ژیان و شکۆی ئیمام، جا هەر کاتێك بارودۆخەکە لەبار نەبوو پێویستە لەسەر ئیمام خۆپارێزی و تۆقیە بکات، پەنهان بوون لە کاتی پێویست دا پێویستە، چونکە خۆ ڕزگار کردن لە شتی زیانبەخش بە عەقڵ و نەقڵ پێویستە) [٣].

جا توسی هۆکاری (پەنهان بوونی ئیمام)ی کورت هەڵهێناوە لە ترسدا، لەو بارەوە دەڵێت: (هیچ شتێك کۆسپ و ڕێگر نییە لە دەرکەوتنی مەهدی "سڵاوی خوای لێبێت" تەنها ئەوە نەبێت کە ناوبراو ترسی هەیە بکوژرێت، چونکە هەر هۆکارێکی تر جگە لە کوژران نابێتە هۆی ڕەوایی خۆ پەنهان کردن و حەشاردان، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت بەرگەی ناخۆشی و ئازارەکانی گرتبووبا، چونکە پلەوپایەی ئیمامەکان و پێغەمبەران "سڵاوی خوایان لێبێت" گەورەتر دەبێت لەلایەن خودای مەزن بەهۆی ئەو ئازارو مەینەتییەی

---

(١) المفيد: الأمالي، والفصول المختارة ٣٩٥.

(٢) المرتضى: الشافي ٣/١٤٩.

(٣) الكراجكي: كنز الفوائد ١/٣٧١.

دەیچێژن)[1].

بەڵام بۆچی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەن دەترسێت لەوەی بکوژرێت، لە کاتێکدا ئیمامی حوسەین دەرچوو و خۆی کردە قوربانی لە شاری کەربەلا؟ سەید مورتەزا و شێخ توسی و کەراجکی وەڵامی ئەمە دەدەنەوەو دەڵێن: (لە ڕاستیدا هیچ کەسێك جێگای ئیمامی مەهدی ناگرێتەوە، چونکە دوایین ئیمامە و بەرژەوەندی ئەرکدارو بەندەکان بەوەوە پەیوەستە...)[1].

**ئەم وەڵامەش کۆمەڵێك شت پێویست دەکات:**

١_ دیاریکردنی مەهدیبوونی ئیمامی دوازدەم لەلایەن ئیمامەکانی پێشوو، پێشتر ئاماژەی پێکراوە.

٢_ بوونی قەیرانێکی سیاسی و دوژمنکاری و ترسانی دەسەڵاتدارە عەبباسییەکان لە مەهدی، هەروەها بوونی ترسێکی مەزنتر لەلایەن ئیمامی مەهدی لەو مەترسیانەی کە لە سەردەمانی ئیمامەکانی پێشوودا هەبوون، لە ژێر چەتری حوکمڕانەکانی ئەمەوی و عەبباسی.

٣_ ئیمامی دوازدەم کۆتایی ئیمامەکانە و ئیمامەت تەنها لەودا کۆدەبێتەوە.

٤_ حەڕام بوونی توقیە و خۆپارێزی بۆ مەهدی پێش هاتن و بەدیارکەوتنی.

ئەگەر بڵێین: ئیمامەکانی پێشوو شوناس و پێناسی پێش وەختەی مەهدییان دیاری نەکردووە، ئەو کاتە پێویست نابێت مەهدی هەر لەوەتەی لە دایکبوونیەوە خۆی پەنهان بکات. ئەگەر چەسپاش کە لەو ماوەیەدا پەیوەندی (ئالوبەیت) لەگەڵ (عەبباسیەکان) پەیوەندییەکی باش بووەو هیچ شڵەژان و فشارێك نەبووە، بەهەمان شێوە پێویست بە پەنهان بوون و خۆ حەشاردان

---

[1] المفيد: الأمالي، والفصول المختارة ٣٩٥.

ناکات، ئەگەر بشڵێین ئیمامی دوازدەم یەکێکە لە ئیمامەکان و دوایین ئیمام نییە، هەروەك ئیمامییەکان لەسەرەتاوە تا کۆتایی سەدەی سێیەم باوەڕیان وابوو، بەم پێیەش پێویست بە پەنهان بوون ناکات، چونکە سەرجەم ئیمامەکانی پێشوو لە هەر کاتێکدا دەکرا ڕووبەڕووی مەرگ ببنەوە سەرباری ئەمەش هەر خۆیان پەنهان نەکرد. ئەگەر بڵێین: گریمان دروستە بۆ ئیمامی دوازدەم (مەهدی) تۆقیە و خۆپارێزی بکات وەك سەرجەم ئیمامەکانی تر، لە توانای دا هەبوو کە شوناس و پێناس و مەهی بوون خۆی ڕەت بکاتەوە تا کاتی دەرکەوتنی، بەم پێیەش پێویست نەدەبوو هەر لە کاتی لە دایکبوونیەوە خۆی حەشار بدات.

---

() المرتضى: الشافي ١/١٤٧، الطوسي: الغيبة ٦٣، الكرجكي: كنز الفوائد ١/٣٧١.

## باسی دووەم

## شوێنی پەنهان بوونەکە لە کوێیە؟

زۆربەی ئەو گێڕانەوانەی لەبارەی مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری دەدوێن ئاماژە بەوە دەکەن کە ناوبراو لە ماڵی باوکی بووە لە شاری سامەڕا کە ئەو کات پایتەختی خەلافەتی عەبباسی بوو، ئەوانەی کە مەهدییان لە ماوەی ژیانی باوکیدا بینیوە ئەوا لە شاری ناوبراو بینیویانە، هەندێك لە گێڕانەوەکان دەڵێن: مەهدی هاتۆتەدەر بۆ ئەوەی نوێژ لەسەر جەستەی باوکی بکات کە لە شاری سامەڕا بەخاك سپێردرا، دوای ئەمە چاوی کەوتووە بەو دەستە خەڵکەی لەشاری قومەوە هاتبوون و بەدوای ئیمامی نوێ دا دەگەڕان، هەر لە هەمان ماڵدا مایەوە تا هێزەکانی موعتەزیدی عەبباسی هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەیان، دوای ئەمە مەهدی لە ژێرخاندا ونبوو. خەلیفەی عەبباسی (ناصیر بیلاه) گومبەتێکی لەسەر ژێر خانەکە دروست کرد، تا ئەمڕۆش ئەم گومبەتە هەر ماوە، شیعە لە هەموو شوێنێکەوە سەردانی دەکەن، ئەم گومبەتە ناسراوە بە گومبەتی ژێرخانی پەنهان بوون، لە تەنیشت گۆڕی ئیمامی هادی و ئیمامی عەسکەریە لە شاری سامەڕا کە دەکەوێتە باکوری پارێزگای بەغدادەوە.

شێخ موفید چیرۆکی پیاوێك باس دەکات کە ناوی عەلی کوڕی حوسەین بووە، لەوبارەوە دەڵێت: سەردانی ئیمامی مەهدی کردووە لە ماڵی ئیمامی مەهدی لە شاری سامەڕا و سێ ڕۆژ لە خزمەتیدا دانیشتووە، هەروەك شێخ موفید باس لە چیرۆکی حوسەینی کوڕی فوزەیل دەکات کە وتویەتی چووەتە شاری سامەڕا لەوێ ئیمامی مەهدی بوخچەیەکی بۆ ناردووە کە چەند

دینارێکی تێدابووە. هەروەها شێخ موفید لە حەسەنی کوڕی عەبدولحەمیدەوە دەگێڕێتەوە کە گومانی هەبووە لە یەکێك لە بریکارەکانی مەهدی کە ناوی حاجزی کوڕی یەزید بووە، جا بۆ دڵنیا بوون چووەتە شاری سامەڕا، جا شتێکی وای بۆ بەدەرکەوت کە ڕاستی بانگەشەی بریکاری ناوبراو دەچەسپێنێت و ڕێگری دەکات لە بوونی گومان لەوبارەوە[1].

## باسی سێیەم

## ماوەی پەنهان بوونەکە چەندە؟

لە ڕۆژانی یەکەمدا ماوەی پەنهان بوونەکەی ئیمامی مەهدی کەم بوو، لە نێوان چەند ڕۆژ و مانگ و ساڵێك کە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ نەدەبوون دەهات و دەچوو، هەروەك چەندین گێڕانەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە کلینی و توسی باسیان لێوەکردووە. کەچی چەند گێڕانەوەیەکی تر، دەیان وت: پەنهان بوونەکە بۆ سی تا چل ساڵ درێژ دەبێتەوە. هەندێك لە گێڕانەوەکان ئاماژەیان بۆ ماوەی پەنهان بوونەکە کردووە بە ماوەیەکی کەم دیاریان کردووە، نوعمانی بچوکی تەمەنی ئیمامی مەهدی لە کاتی دەرکەوتنی ڕاڤە کردووە بە بچوکی تەمەنی لەو کاتەی ئیمامەتی ڕادەست کراوە. توسی گێڕانەوەیەکی تری لە ئیمام باقرەوە هێناوە کە وتویەتی: تەمەنی مەهدی لە چل ساڵ تێپەڕ ناکات. چەند گێڕانەوەیەکی تریش دەڵێن: لەوانەیە تەمەنی لە سەد و بیست ساڵ تێپەڕی کردبێت. کەچی توسی لە شوێنێکی تردا لە (باوکی عەبدوڵاوە "سڵاوی خوای لێبێت") دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: پێتان نامۆ نەبێت خودا تەمەنی

---

(1) الكراجكي: كنز الفوائد ١/ ٣٧١.

مەهـدی درێـژ بکاتــەوە وەك چـۆن تەمــەنی نــوحی درێــژ کــردەوە؟. توســی بەرپەرچی ئەو کەسەشی داوەتەوە کە پێی وایە نامۆیە ماوەی پەنهان بوونەکە ئەوەندە درێژە بکێشێت بەشێوەیەکی نا ئاسایی، هەروەها نـاوبراو وتویـەتی کـە بۆچوونی ئەوان ڕاست نییە، چونکە دەکرێت خودا یاسا و ڕێسای بـاری ئاسـایی هەڵبوەشێنێتەوە بۆ هێنانە کایەی بەرژەوەندییەك. صدوق و توسـی گـەواهی و شایەتیان هێناوەتەوە بە شتە پەنهانەکانی پێغەمبـەرانی پێشـوو وەك: (موسـای کوڕی عیمڕان، یوسفی کوڕی یەعقوب، یونسی کوڕی مـەتا، هاوەڵـانی ئەشـکەوت "أصحاب الکهـف"، خـاوەنی کەرەکـە "صـاحب الحمـار"[1]، نـوح، سـەلمانی فارسـی، دەجال، لوقمانی کوڕی عاد، ڕەبیعی کوڕی زەبع و یـەعربی کـوڕی قـەحتان) کـە وتراوە ناوبراوان بۆ ماوەیەك لە بەرچاوی گەلەکانیان ون و پەنهان بوونە[2].

## باسی چوارەم
## چۆنیەتی دڵنیابوون لە شوناسی مەهدی

بـە هـەر حـاڵ پـەنهان بوونـە درێژەکـەی مەهـدی سـەری کێشا و سـەریش دەکێشێت بۆ کێشەیەکی بابەتی تر، کە بریتییە لە: چۆنیەتی ناسـینی مەهـدی لە کاتی دەرکەوتنی و خۆ ئاشکرا کردنی و دڵنیابوون لە شوناس و پێناسەکەی.

---

(١) پێم وابێت مەبەستی پێغەمبەر عوزەیرە (سڵاوی خوای لێبێت)، کـە خـوای گـەورە لـە سـوڕەتی (البقرة: ٢٥٩) ئاماژەی پێداوە. (وەرگێڕ).

(٢) الکلیني: الکافي ١/٣٣٨ و ٣٤٠، الطوسي: الغیبـة ٧٦_٧٨ و ١٠٤ و ٢٥٨، النعماني: الغیبـة ٣٢٣.

ئەم کێشەیە لە سەرەتادا نەخرابووەڕوو، بەتایبەت لە ماوەی (پەنهان بوونی بچوکدا) تاوتوێ نەکرابوو، بەڵام لەگەڵ هەڵدرانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژگارو هەنگاونانی کات بەرەو پێشەوەو تێپەڕبوونی ساڵەکان ئەم کێشەیە هێدی هێدی خۆی دەسەپاند. تەنانەت ئەم کێشەیە لەو کاتدا خولگەی توێژینەوەو تاوتوێ و دەمەقاڵێ بوو لە نێوان ئەوانەی باوەڕیان بە مەهدی هەبوو و ئەوانەش کە بوونی مەهدیان ڕەت دەکردەوە. شێخ صدوق تاوتوێی ئەم بابەت و کێشەیەی کرد، لە بەرپەرچدانەوەی موعتەزیلەکان و دژەڕاکانی دوازدە ئیمامی کە لەو تونێلەوە تیری ڕەخنەیان ئاراستە دەکرد، وتی: (لەوانە گواستنەوەی ئەو کەسەی کە وەلی خودایە و بەڵگەی پێ دەگوازرێتەوە دروست بێت، هەروەها دەکرێ خوای گەورە کارێکی دەرئاسا لەسەر دەستی ئەودا بەرپا بکات، ئێمە پشت بەو وەڵامەی دووەم دەبەستین و بەرپەرچی دژەڕاکانمانی پێدەدەینەوە، ئەگەرچی وەڵامی یەکەم ڕاستیش بێت)[1].

جا موفید و مورتەزا و توسی ئاماژەیان بۆ ئەم کێشەیە کردووە: (کێشەی ناسینی مەهدی و دڵنیا بوون لە شوناسەکەی لە کاتی دەرکەوتنیدا) ناوبراوان باسی کۆمەڵێك شتی دەرئاسا و نیشانەی نامۆی بوونەوەریان کردووە کە پێش دەرکەوتنی مەهدی ڕوودەدەن وەك نیشانەیەك بۆ دەرکەوتنی. سەید مورتەزا کێشەکەی چارەسەر کردووە بەوەی دەکرێت لە ماوەی پەنهان بوونەکەیدا دەربکەوت، بەڵام ناوبراو مەرجداری کردووە بەوەی دەبێت چەند نیشانەیەك لەسەر ڕاستگۆییەکەی دەربکەون[1].

---

(1) المفيد: الإرشاد ٣٤٥.

# باسی پێنجەم

## دیاردەو نیشانەکانی دەرکەوتن

کلینی و صدوق و مفید و توسی و عیاشی باسی: کۆمەڵێکی زۆر لە گێڕانەوەیان کردووە کە دەرکەوتنی مەهدی دەبەستنەوە بە ڕوودانی دیاردەی ئاسمانی، کە پەیوەستە بە وەستانی جوڵەی تەنە گەردوونییەکان لە خولگەکانیاندا و گۆڕانی ڕێسا و یاساکانی، هاوشێوەی ئەو شتانە لە شتە دەرئاساکان وەك: ڕاوەستانی خۆر لەو کاتەی لە چەقی ئاسمان تێپەڕ دەبێت تا کاتی ئێوارە، دەرکەوتنی سینەو ڕووخساری پیاوێك لە خودی خۆردا، ڕوودانی خۆرگیران و مانگ گیران بەشێوەیەکی نا ئاسایی، هەروەها وەك گیرانی خۆر لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزان و گیرانی مانگ لە کۆتایی مانگی ناوبراو یان بەقسە هاتن و دووانی زانست و شمشێر لەگەڵ ئیمامی مەهدی و پێی ڕادەگەیەنن کە دروست نییە لە دوای ئەو کاتە دابنیشێت. لەو کاتەدا ئیمامی مەهدی دەردەکەوێت و دوژمنانی خودا دەکوژێت لە هەر شوێنێکەوە ڕووبەڕوویان بێتەوە، سنوورو سزاکانی خودا بەرپا دەکات و بە حوکمی خودا حوکم دەکات. سەرباری ئەمانە خۆر لە خۆرئاواوە دەردەکەوێت و ئەستێرەیەك لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێت وەك مانگ دەدرەوشێتەوە... کۆللە کاتی خۆی بێت یان نا دێتەدەرەوە... بەندەکان گوێڕایەڵی گەورەکانیان نابن و گەورەکانیان دەکوژن... کۆمەڵێك لە بیدعەچییەکان دەشێوێنرێن و دەبرێنە سەر شێوەی مەیمون و بەراز، بەندەکان دەسەڵاتی وڵاتی گەورەکانیان دەگرنە دەست... هاتنی دەنگێك لە ئاسمانەوە کە سەرجەم خەڵکی سەر زەوی گوێبیستی دەبێت،

---

() المفید: الإرشاد ٣٤٥.

هەر گەلێك بە زمانی خۆی لەو دەنگە دەگات، مردووانێك لە گۆڕەكانیان دا دێنە دەرەوەو زیندوو دەبنەوەو دەگەڕێنەوە سەر دونیا و خۆیان بە یەكتر دەناسێنن و سەردانی یەكتری دەكەن...

هەروەها موفید باسی كردووە: لە كاتی دەركەوتنی ئیمامی مەهدی (جبریل) دادەبەزێت بۆ ئەوەی بەیعەت و پەیمانی پێبدات، تەبرسی دەڵێت: هاوەڵانی ئیمامی مەهدی لە ماڵەكانیانەوە بە شێوەیەكی دەرئاسا وەك چاو تروكانێك دەچنە بارەگای ئیمامی مەهدی.

موفید لەبارەی هەندێك دیاردەی بوونەوەر دەدوێت كە ڕوودەدەن لە كاتی دەركەوتنی مەهدی وەك: درێژبوونەوەی ڕۆژ بۆ (دە) ئەوەندەی خۆی كە دەكاتە (٢٤٠ كاتژمێر!)، توسی ئەم وتەیەی موفید بە وتەیەكی وێكچوو و زۆرمانا هەڵگر ڕاڤە كردووە، لەو بارەوە دەڵێت: (ئەگەر "مەهدی" دەركەوت... خوای گەورە فەرمان بە خولگەی تەنە گەردوونییەكان دەكات كە هێدی ببێتەوەو تا "یەك" ڕۆژی ئەو كات وەك "دە" ڕۆژی ئاسایی لێدێت، "یەك مانگ" وەك "دە مانگی" ئاسایی لێدێت، "یەك ساڵ" وەك "دە ساڵی" ئاسایی لێدێت).

كلینی فەرموودەیەك لە ئیمام باقر دەگێڕێتەوە، كە ئیمامی ناوبراو لەو فەرمایشتەدا پێشبینی دەكات شیعە ڕێگە و ئامرازی (تەلەفۆن و تەلەفزیۆن) بەكاربێنن لەكاتی دووان لەگەڵ ئیمامی مەهدی و بینینی لە دوورەوەو لە گشت ناوچە جیاوازەكان، ئەم دیاردەیەش لە كاتی دەركەوتنی مەهدی دا دەبێت.

هەندێك لە گێڕانەوەكان دەڵێن: ئەگەر مەهدی هات و دەركەوت، زەوی بە ڕووناكی پەروەردگار ڕۆشن دەبێتەوەو بەندەكان چیتر پێویستیان بە ڕووناكی

خۆر نابێت، چونکە تاریکی باڵەکانی لول دەداتەوەو نامێنێت، پیاو لەسەر سامان و موڵکەکەی تەمەنی ئەوەندە درێژ دەبێت تا هەزار منداڵی نێری دەبێت بێ ئەوەی یەکیان مێ بێت.

ئەو گێڕانەوانەی لەبارەی دەرکەوتنی مەهدییەوە هاتوون لەبارەی ماوەی دەسەڵاتی ناوبراو دەدوێن، یەکێك لە گێڕانەوەکان دەڵێت: مەهدی حەوت ساڵ حوکم دەکات کە وەك حەفتا ساڵی ئێمەیە. کەچی گێڕانەوەیەکی تر دەڵێت: مەهدی سێ سەدو نۆ ساڵ حوکم دەکات، وەك چۆن ئەو ماوەیە هاوەڵانی ئەشکەوت لە ئەشکەوتەکەیاندا مانەوە، گێڕانەوەی سێیەم دەڵێت: تەنها نۆزدە ساڵ حوکم دەکات[1].

## بەندی دووەم

# تاوتوێ کردنی تیۆرەکە

## (دوازدە ئیمامی)

## دەروازەی یەکەم

## باسی یەکەم

## ناڕۆشنی شوناسی مەهدی لەلایەن ئالوبەیت ( سڵاوی خوایان لێبێت )

تیۆری (مەهدیایەتی دوازدە ئیمامی) لە دوو بابەت و کێشەی جیاواز

---

(١) الكليني: الكافي ١/٢٠١، الصدوق: إكمال الدين ٢٦٨، عيون أخبار الرضا ١/٦٣، المفيد، الإرشاد ٣٥٥ و ٣٥٩ و ٣٦٢، الطوسي: الغيبة ٢٧٤ و ٢٨٣_٢٨٥، العياشي في تفسيره ٢/٣٢٦.

پێکهاتووە، کە ئەمانەن: باوەڕ بوون بە هەبوونی ئیمامی دوازدەم موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری و باوەڕ بوون بەوەی ناوبراو (مەهدی چاوەڕوانکراوە). ئەم تیۆرە دان دەنێت بەوەی ئیمام حەسەنی عەسکەری ڕای نەگەیاندووە کە هیچ منداڵێکی ئاشکرای لە پاش بەجێمابێت، بەڵکو تیۆرەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە حەسەنی عەسکەری منداڵەکەی بە نهێنی هێشتووەتەوە لە ترسی دەسەڵاتی عەبباسی، چونکە دەسەڵاتی ناوبراو پێش وەختە زانیویەتی (کوڕەکەی حەسەن) مەهدی چاوەڕوان کراوەو عەرشەکەی دەهەژێنێت، هەر بۆیە دەسەڵاتی ناوبراو دەیویست هەر لە بێشکەدا مەهدی بکوژێت.

بەڵام لێکۆڵینەوە قووڵە مێژووییەکان کە ئەنجامدراون لەسەر چیرۆکی دروست بوونی تیۆرەکە ئەوە دەردەخەن کە جیاوازییەکی ماوەیی کاتی درێژ هەیە لە نێوان دوو بەشی تیۆرەکە، تیۆرەکە لە دەستپێکدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئیمامی مەهدی منداڵێکی هەیە، ئیمامەت لە باوکیەوە وەردەگرێت، دوای ئەمە تیۆرەکە گەشەی کرد بۆ دانانان بەوەی منداڵەکە مەهدی چاوەڕوانکراوی پەنهانە. لە هەمبانەی (پەنهان بوونی مەهدی)دا ڕاڤەیەك دۆزرایەوە بۆ ڕانەگەیاندنی لە دایکبوونەکەی لەلایەن باوکی و دواتر دەرنەکەوتنی.

بۆ ئەوەی دڵنیابین لە ڕاستی ئەم تیۆرە کە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە مێژووی ئیسلامیدا و لە دارشتنی بیری سیاسی شیعی دوازدە ئیمامی، ئەوا پێویستە لە سەرمان ئەم تیۆرە بەش بەش بکەین و توێژینەوە بە وردی و بابەتیانە لەسەر هەر یەکەیان ئەنجام بدەین. پێویستە سەرەتا ئەوە بزانین: کە ئایا تیۆری مەهدویەتی شیعە بەر لە نیوەی سەدەی سێیەمی کۆچی

ئاشکراو ناسراو و دیاریکراو بوو بە کەسێك (ئیمامی دوازدەم: موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری)؟ یاخود ناڕۆشن و گشتگیرو بیرێکی ڕووت بوو؟.

مێژوو و گێڕانەوەکانی ئیمامەکانی ئالوبەیت (سڵاوی خوایان لێبێت) کە کەلەپوری شیعەی ئیمامی دەیانپارێزێت، جەخت لەسەر ناڕۆشنی شوناسی ئیمامی مەهدی دەکەنەوە، هەروەها جەختیش دەکەنەوە لەسەر ئەوەی بە ڕاشکاوی ئاماژە نەکراوە بە ناوی مەهدی یان کاتی دەرکەوتن و هاتنی مەهدی، ئەمەش لەبەر ترس نەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەبووە کە پێشتر دیاری نەکرابووە، چونکە بیرەی (مەهدیبوون) ناوێکی گشتی بووەو ئومێدێك بووە لەسەر سەری هەر یەکێك لەوان فڕیوە، خۆزی ئەم ئومێدە چاوی هەڵهێنا هەر لەگەڵ ئەوەی ئیمامی عەلی جڵەوی خەلافەتی بەدەستەوە گرت، لە دوای کوژرانی ئیمامی حوسەین لە شاری کەربەلا ئەم بابەتە بازاری گەرمتر بوو، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە شیعەکان ئامادەسازیان دەکرد بۆ تۆڵەسەندنەوەو کار کردن لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمی ئەمەوییەکان، یاخی بوونی چەکداری، بۆ ئەم مەبەستەش لە دەوری فڵانە یان فیسارە ئیمامەی ئالوبەیت کۆدەبوونەوەو سیفەتی مەهدیایەتیان دەدایە پاڵی، جا ئیمامەکان هەڵدەستان و دەردەچوون یان سەرکەوتوو دەبوون، یاخود بەر لە دەرچوونیان مردن بەرۆکی لێدەگرتن، لەوانەیە هەندێك کەس بڵێت: ئیمام پەنهان بووەو لە ئایندەدا دەردەکەوێت.

ئەگەر پێشتر هەر لە سەردەمی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) شوناسی مەهدی دیاریکرابا و شیعەکان کۆك بووبان لەسەری، ئەوا شیعەکان بە ڕاست و چەپدا پەرت نەدەبوون و پرسیاریان نەدەکرد و وێڵ نەدەبوون بەدوای شوناسی مەهدی دا.

ئیمام موحەممەدی کوڕی عەلی باقر ڕووی وتەکانی لە شیعەکانە و

دەڵێت: (هێشتان ملتان درێژ دەکەن بۆ یەکێك لە ئێمە و دەڵێن: ئا ئەمە مەهدییە، کە ئەوەی ئێوە دیاریتان کرد کۆچی دوایی دەکات و دەگەڕێتەوە لای پەروەردگار تا خودای مەزن یەکێك بۆ ئەم ئەرکە ڕەوانە دەکات کە نازانن لە دایك بووە؟ یان نا؟ بەدیهێنراوە؟ یاخود نا)[1].

کلینی دەڵێت: حەکەمی کوڕی ئەبو نەعیم هاتە خزمەت ئیمامی باقر لە شاری مەدینە و پێی وت:

_ من نەزرێکم لەسەرە و ئەو نەزرەم لە نێوان (روکن) و (مەقام) دا کردووە، کە پێت گەیشتم ئەوا لە شاری مەدینە دەرنەچم تا نەزانم تۆ ئیمامی مەهدی خانەوادەی پێغەمبەری یان نا؟ ئیمامی باقر پێی وت:

_ حەکەم... هەموومان هەر بە فەرمانی خودا وەستاوین. بەڵام حەکەم بەم وەڵامە گشتییە ڕازی نەبوو، بۆیە بە دیاریکراوی پرسیاری لێکرد:

_ کەواتە تۆ مەهدی؟ ئیمامی باقر بەهەمان شێوە وەڵامێکی گشتی دایەوە:

_ هەموومان ڕێنوێنی دەکرێین بۆ لای خودا؟ دووبارە حەکەم پرسیارێکی تری لێکرد بە سنوورداری و ڕۆشنی:

_ تۆ خاوەنی شمشێرەکەی، ئیمامیش بۆ جاری سێیەم بە ناڕۆشنی وەڵامی دایەوە:

_ هەموومان خاوەن شمشێرین و میراتگری شمشێرین، حەکەم زۆر بە ڕوونی پرسیاری کرد:

_ تۆی دوژمنانی خودا دەکوژی؟ ئیمامی باقر وتی:

_ ئەی حەکەم... من چۆن ئەو کەسە دەبم لە کاتێکدا تەمەنم گەیشتوەتە چل

---

[1] الصدوق: إکمال الدین ١٨٣.

و پێنج ساڵ؟ خاوەنی ئەم کارە تەمەنی لە من بچوکترە و لەسەر پشتی وڵاخ سوکترە[١].

کلینی و نوعمانی دەڵێن: ئیمامی صادق ڕەتی کردەوە شوناسی مەهدی دیاری بکات، باوکی حەمزە _ یەکێکە لە هاوەڵانی ئیمامی ناوبراو _ جارێك پرسیاری لە ئیمامی (صادق) کرد: تۆ مەهدی و خاوەنی ئەم کارەی؟ وتی: نا، وتی: کەواتە منداڵەکەتە؟ وتی: نا، وتی: نەوەکەتە؟ وتی: نا، وتی: کوڕی نەوەی تۆ مەهدییە؟ وتی: نا، وتی: کەواتە کێ مەهدییە؟ وتی: مەهدی ئەو کەسەیە کە زەوی پڕ دەکات لە دادگەری وەك چۆن پڕکرابوو لە ستەم و زۆرداری، لە کاتێکدا دێت کە هیچ ئیمامێك نەبێت، وەك چۆن پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە کاتێکدا هات کە بۆ ماوەیەك بوو هیچ پێغەمبەرێك نەهاتبوو[٢].

ئەمە پشتی ئەوە دەگرێت کاتێك ئیمامی صادق سەید حمیری شاعیری ڕازی کرد بەوەی موحەممەدی کوڕی حەنیفە مەهدی نەبووە، بە بەڵگەی مردنی موحەممەدی کوڕی حەنیفە، شاعیری ناوبراو پێشتر باوەڕی وابوو موحەممەدی کوڕی حەنیفە مەهدییە، جا ئیمامی صادق کاتێك شاعیرەکەی لە بۆچوونەکەی پاشگەز کردەوە ئەوا پێی نەوت مەهدی کێیە، حمیری چەند دێرێك هۆنراوەی هۆنیەوە تیایدا باسی ئەوەی کردووە کە پاشگەز بووەتەوە لە دانیان بە مەهدیبوونی موحەممەد کوڕی حەنیفە، بەڵام ئاماژەشی نەکردووە بۆ شوناسی مەهدی، شاعیرەکە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| وما كان قولي في ابن خولة مطنبا | معاندة مني لنسل المطيب |
| ولكن روينا عن وصي محمد | وما كان فيما قال بالمكذب |

---

(١) الكليني: الكافي ١/٥٣٦.

(٢) الكليني: الكافي ١/٣٤١، النعماني: الغيبة ١٨٧.

بأن ولي الأمـــــــر يفقـــد لا يـــرى    ســـتيرا كفعـــل الخــــائف المترقـــب

فتقســم أمــوال الفقيــد كــــأنما    تغـــــيبه بـــين الصـــفيح المنصـــب

فـلما روي ابـــن خولـــة غائـــب    صــــــرفنا إليـــه قولنـــا لم نكـــذب

وقلنا هـــو المهـــدي والقـــائم الـــذي    يعيش بـــه مـــن عدلـــه كـــل مجـــدب

فان قلت لا فـــالحق قولـــك والـــذي    أمـــرت، فحـــتم غـــير مـــا متعصـــب

وأشـــهد ربي أن قولـــك حـــــــجة    طــــــراً مــــــن مطيـــع و مـــــذنب

بـــــأن ولي الأمـــر والقـــائم الـــذي    تطلـــــع نفســـي نحـــوه بتطـــرب

له غيبـــة لا بـــد مـــن أن يغـــيبها    فصـــــل عليـــه الله مـــن متغيـــب

فيمكـــث حينـــا ثم يظهـــر حـــــينه    فيملـــك مــــن في شـــرقها والمغـــرب

بـــذاك أديـــن الله ســـرا و جـــــهرا    ولســـت وان عتبـــت فيـــه بمعتـــب

واتە: وتەی من لەبارەی (کوڕی خەولە) پێوە نووساندن نییە و بۆ ئەوەشم نەکردووە تا ناوبانگ و بۆنی خۆش بەدەست بێنم. بەڵام لە موحەممەدی ڕاسپێرراو گێڕاومانەتەوە کە هیچ درۆیەك هەڵناگرێت. بەوەی کاربەدەست (مەهدی[١]) ون دەبێت و بەرچاو ناکەوێت، وەك ئەو کەسە خۆی حەشار دەدات کە لە ترسی چاودێری خۆی ون کردووە. پارەو سامانی مردووەکە[٢] دابەش دەکرێت وەك ئەوەی لەسەر کاری دیارو ئاشکرا نەماوە. کاتێك (کوڕی خەولە) باسی پەنهان بوونێکی گێڕایەوە، ئێمەش قسەکانی خۆمان بێ درۆ ئاراستەی ئەو کرد، وتمان ئەو کەسەی پەنهان دەبێت مەهدییە، گشت پارچە زەوییەك لە

---

١) وەرگێڕ.

٢) لەوانەیە شاعیر مەبەستی لە باوکی مەهدی بێت کە دەمرێت ئینجا میراتەکەی دابەش دەکرێت. وەرگێڕ.

ژێر دادگەری ئەودا دەگوزەرێنێت. ئەگەر وتت قسە و فەرمانی تۆ ڕاستە، کامە بۆچوونت پێ سەخت نییە بڕیاری لەسەر بدە. خوای گەورە دەکەم بە شایەت، کە وتەی تۆ بەڵگەیە لەسەر گشت خەڵك، بە گوێڕایەڵ و گوناهبارەوە. بەوەی ئەو کاربەدەست و مەهدیەی کە دەروونم لە خۆشیان هەڵپە دەکات بۆی. ئەوا پەنهان بوونێکی هەیە و دەبێت هەر پەنهان ببێت، خوای گەورە درووود بدات لەسەری ئای لەو پەنهان بوونەی. بۆ ماوەیەك پەنهان دەبێت دواتر دەردەکەوێت، خۆرهەڵات و خۆرئاوای زەوی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ئەوەیە باوەڕی من و بەو شێوەیەش خودا دەپەرستم بە نهێنی و ئاشکرا، ئەگەر چی سەرزەنشت و سەرکۆنەش بکرێم لەسەر ئەمە گوێی پێنادەم.

سەرباری ئەوەی ئیمامی صادق لە گێڕانەوەی پێشوودا نە بیرەی مەهدیبوونی خۆی ڕەت کردووەتەوە، نە جەختیشی لەسەر کردۆتەوە، ئەوا دەبینین صدوق لە کوڕی ئەبو یەعفور دەگێڕێتەوە گوێبیستی صادق بووە کە وتویەتی: (هاوار بۆ ستەمکارانی عەرەب لەو کارەی کە نزیك بووەتەوە). بەهەمان شێوە صدوق لە سەدیر ئەویش لە باوکی عەبدوڵا گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: (سەدیر لە ماڵی خۆتدا دانیشە دلاوەرێك بە لە دلاوەرەکان و ئارام بگرە بە ئەندازەی ئارام گرتنی ڕۆژو شەو، ئەگەر پێت گەیشت کە "سوفیانی" دەرکەوتووە وەرە لامان ئەگەر بە پێیەکانیشت بێت)(١). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئیمامی صادق بە هاوەڵانی ڕاگەیاندووە کە دەرکەوتنی خۆی وەك مەهدی نزیك بووەتەوە. بەڵام موحەممەدی کوڕی حوسەنی صەفار لە باوکی بەصیرەوە دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێك هاتۆتە لای باوکی عەبدوڵا و پێی

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٣٥.

وتوە:

_ بە قوربانت بم؟ من دەمەوێت دەستم بە سینگت دابنێم باوکی بەصیر نابینا بوو، ئیمام پێی وت:

_ دەستی لێبدە، وتی: دەستم هێنا بەسەر سینە و نێوان شانەکانی، وتی:

_ باوکی موحەممەد بۆچی ئەمەت کرد؟ باوکی بەصیر وتی:

_ بە قوربانت بم... گوێم لە باوکت بوو دەیوت: مەهدی سینەی فراوانە و نێوان شانەکانی پان و بەرینە، ئیمامی صادق وتی:

_ باوکی موحەممەد... باوکی من قەڵغانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) پۆشیوە، کە بەسەر زەویدا ڕادەکێشرا، منیش پۆشیومە جا ئاواو و ئاوابوو... ئەم قەڵغانە بۆ پێغەمبەری خودا چۆن بووە بەهەمان شێوە دەبێت بۆ مەهدی و قەڵغانەکە وەك ئەوە وایە کە کەمەربەندەکەی بەدوو بازنە بەرز بکرێنەوە، خاوەنی ئەم کاروبارە کە مەهدییە نابێت چلساڵی تێپەڕ کردبێت[1].

توسی گفتوگۆیەك دەگێڕێتەوە کە لە نێوان ئیمامی صادق و باوکی بەصیر ئەنجام دراوە: ئایا ماوەیەك دێت ئەم بارودۆخە نەمێنێت تا جەستەمان تێدا بحەسێنینەوەو پێی بگەین؟ ئیمام وتی: بەڵێ... بەڵام ئێوە ئەم شتەتان بڵاو کردەوە بۆیە خودا بارودۆخەکەی درێژتر کردەوە. گێڕانەوەیەکی تر دەگێڕێتەوە کە ڕاشکاوترە، (ئیمامی صادق) تیایدا دەڵێت: ئەم شتە لە مندا بوو بەڵام خوای گەورە دوایخست، دواتر خودا چی بیەوێت ئەوە لە ڕەچەڵەکی من دەکات[1]. ئەمە ئەوە ئاشکرا دەکات کە هیوای مەهدیایەتی لە سەردەمی ئیمامی (صادقەوە) پەیوەست بوو بە ئیمام (صادقەوە)، بۆیە کاتێك ئیمامی

---

(١) الصفار: بصائر الدرجات ١٨٩.

ناوبراو کۆچی دوایی کرد و ئەو بارودۆخەی بۆ فەراهەم نەبوو تا ئەو هیوایەی لە دڵی شیعەکاندا بوو جێبەجێی بکات، ئەمە بووە هۆی ئەوەی هەندێك لە هاوەڵـە تایبەتیـەکانی ئیمـامی صـادق، مردنـی ڕەت بکەنـەوەو هـەواڵی مردنەکەیان بە درۆ خستەوە، سوور بوون لەسەر ئەوەی ئیمام پەنهان بووەو لە ئایندەیـەکی نزیکـدا دەردەکـەوێت، هـەروەها وتیـان: ئیمـامی صـادق مەهـدی چـاوەڕوانکراوە. لـە سـەرووی ئەوانـەی ئـەم بانگەشـەیەیان دەکـرد: عەبـدوڵای کوڕی ناووس بوو کە گەورەی شیعەکانی شاری بەصرە بوو.

ئومێد بوون بەوەی ئیمامی (کازم) مەهدی بێـت: لەگـەڵ توونـدتر بـوونی فشاری ڕژێمی سیاسی عەبباسی لەسـەر ئیمـام موسـای کـوڕی جەعفـەری کـازم، ئومێدی ئەو شیعانە زیاتر بوو کە ئیمامی ناوبراویان بە ئیمام مەهدی دادەنا و پێیان وابوو لە نزیکەوە دەردەچێت و شۆڕشێك بـە ڕووی حـوکمی عەبباسـی دا دەتەقێنێتەوە... زۆربەی شیعەکان باوەڕێکی پتەویان هەبوو کـە ئیمـام موسـای کـازم مەهدییـە، گێڕانـەوەی زۆریشـیان گێڕایـەوە لـە بـاقرو صـادق لـەبارەی دیـاریکردنی کەسـایەتییەکەی، تەنانـەت لـە خۆیانـەوە شـتی زۆریـان بـۆ گێڕانـەوەکان زیـاد دەکـرد، ئەمـەش سەرچـاوەی گرتبـوو لـەو خۆشەویسـتی و سووربوون و چەرمەسەرییەی تێیدا بوون. کاتێك ئیمام کازم کۆچی دوایی کرد پـاش سـی و پێـنج سـاڵ لـە چـاوەڕوانی و ئیومێـد تەنینـەوە، زۆربـەی شـیعە موسەوییەکان هەواڵی مردنی ئەویان بەڕاست دانەنا، بەڵکو سوور بـوون لەسـەر بۆچـوونەکەیان و وتیـان خـۆی پـەنهان کـردووەو هـەر لـە ژیانـدا مـاوەو جەختیشیان دەکردەوە لەسەر ئەوەی ناوبراو مەهدی چاوەڕوان کراوە، پێشیان

---

() الطوسي: الغيبة ٢٦٣.

وابـوو لـە ئاینـدەدا دەردەکـەوێت و زەوی پـڕ دەکـات لـە دادگـەری وەك چـۆن پڕکرابوو لە ستەم و زۆرداری.

ئیمـامی ڕیـزا مەهـدیبوونی خـۆی ڕەت دەکاتـەوە: دوای بیسـت سـاڵ ئـەم هیـواو ئومێـدە بـۆ شـیعەکان گەڕایـەوە، کاتێـك خەلیفـەی مـەئمونی عەبباسـی بانگهێشتی ئیمام عەلی کوڕی موسای ڕیـزای کـرد بـۆ شـاری خوڕاسـان، لـە سـاڵی ٢٠١ك بە جێگرەوەی خۆی دیاری کرد، ئەمە وای کرد پەپولەی هیـوای شـیعە دووبارە ژیانی بە بەردا بێتەوە، ئەمەش شیعەکانی پاڵنا تا باوەڕیـان وابێـت کـە دەکرێت ئیمامی ڕیزا: ببێتە مەهدی چاوەڕوان کراو.

کلینی هێناویەتی: ئەیوبی کوڕی نوح هاتۆتە لای ئیمام ڕیزا و پێـی وتـوە: من ئومێدەوارم تـۆ مەهـدی بیـت... خـودای گـەورە دەسـەڵاتت پـێ بـدات بـەبێ شمشێر، بەیعەتت پێدراوەو پارە بەناوی تۆوە لە سکە دراوە. بەڵام ئیمامی ڕیـزا پێشبینی ئەیوبی پوچ کردەوەو ڕەتیشی کردەوە کە خۆی مەهدی بێت(١).

کاتێـك دوعبـەلی خـوزاعی شـاعیر هاتـە خزمـەت ئیمـامی ڕیـزا و هـۆنراوە ناسراوەکەی هۆنیەوە:

مدارس آيات خلت من تلاوة      ومنـــزل وحي مقفر العرصات

واتە: چەنـدین قوتابخانەی ئایەت بـۆش و بـەتاڵن لـە خوێندنـەوە، خـانوی سروشێك کە چۆڵ و کەلاوەیە.

بە شـێوەیەکی نارۆشـن ئامـاژەی بـە مەهـدی دا و وتـی: (دەبێـت ئیمامێـك دەربکەوێت بە نـاو و فـەڕو بەرەکـەتی خـودا، هـەموو ڕاسـت و ناڕاسـتێکمان بـۆ جیا بکاتەوەو پاداشت و سزای خۆشی و ناخۆشییەکان ببەشێتەوە) بـەناو نـاوی

---

(١) الكليني: الكافي ١/٣٤١، الصدوق: إكمال الدين ٣٧٠.

نەهێنا.

دیـاریکردنی شوناسـی ئیمـامی مەهـدی بـەوەی ئیمـامی دوازدەمـە لـە ئیمامەکانی ئالوبەیت، هەروەك ئەمڕۆ لەلایەن شیعەی دوازدە ئیمامی ناسـراوە، کاتێکی زۆر دوای کۆچی دوایی ئیمام حەسەنی عەسکەری هاتە کایە و داهێنـرا، بەهەمان شێوە بە ماوەیەکی زۆر دوای مردنی ناوبراو بیرۆکـەی ئـەوە هێنرایـە کایە کە نـاوبراو منـداڵێکی نهێنـی هەیـە، واتـە لـە سـەرەتای سـەدەی چوارەمی کۆچـی بـەنزیکراوی ئـەم تیـۆرە داڕێـژرا. ئەمـەش لـە دوای گەشـەی تیـۆری ئیمامەتی خوایی و گوێزرانەوەی لە زنجیرەی بێ سنوور بۆ کـورت هـەڵهێنان لـە (دوازدە ئیمام) بەم پێیەش تاقمی دوازدە ئیمامی پێکهات.

شـێخ صـدوق لـە کتـێبی (إکمـال الـدین) کـە لـە نیـوەی سـەدەی چوارەمی کۆچی نووسیویەتی باسی کـردووە کـە گێڕانـەوەی زۆر هـاتوون لـە پێغەمبـەری ڕێزدار (ﷺ) و ئیمامەکانی ئالوبەیت (سڵاوی خوایـان لێبێـت)، هەنـدێ ئامـاژە بە مەهـدی دەکـەن بـێ ئـەوەی نـاوی مەهـدی یـان نـاوی بـاوکی مەهـدی دیـاری بکـەن، هەنـدێك گێڕانـەوەی تـریش جـەخت دەکەنـەوە لەسـەر ئـەوەی مەهـدی دوازدەم ئیمامــە و کــوڕی حەســەنی عەســکەرییە، هــەروەك لــەو گێڕانــەوەدا هـاتووە: کـە ئیمـام ڕیـزا پرسـیاری کـرد لـە دوعبـەلی خـوزاعی شـاعیر پـاش خوێندنـەوەی هۆنـراوەکـە و ئامـاژە کردنـی بـە ئیمـامی مەهـدی بـە نارۆشـنی، ئیمام بە شاعیرەکەی وت: ئایا دەزانی ئەم ئیمامە کێیـە؟ و دەزانـی کـەی دێـت؟ وتی: نا گەورەم نازانم، بەڵام ئەوەم زانیوە ئیمامێك لە ئێـوە دێـت و زەوی پـاك دەکاتەوە لە گەندەڵی و خراپەکاری و پـڕی دەکـات لـە دادگـەری وەك چـۆن پـڕ کرابـوو لـە سـتەم و زۆرداری. ئیمـام پێـی وت: دوعبـەل... ئیمـام لـە دوای مـن موحەممـەدی کوڕمـە، لـە دوای موحەممـەد عـەلی کوڕی موحەممـەدە، لـە دوای

عەلی حەسـەنی کوڕیـەتی، لـە دوای حەسـەن موحەممـەدی کـوڕی حەسـەنە کـە بەڵگەو مەهدی چاوەڕوانکراوە لە پەنهان بوونەکەیدا، کە لـەکاتی دەرکەوتنیـدا خـەڵکی گوێڕایـەڵ دەبـن[١]. ئـەم گێڕانەوانـە لـە ڕووی دەق (مـتن) و زنجـیرە (سـند)ەوە لاوازن، لەبەرامبـەر توێژینـەوەی زانسـتی خۆیـان نـاگرن، لـە دەروازەیەکی تایبەتدا تاوتوێیان دەکەین بە ڕەخنەگرتن لـە بەڵگـە نەقڵییـەکان و دەیسەلمێنن کە ڕاست و دروست نین و تێکگیراون، هەروەك دەخرێتە ڕوو.

(١) الصدوق: إكمال الدين ٣٧٣.

## باسی دووەم

## دیاردەی مەهدیبوون لە مێژووی ئیسلامیدا

ئـەوەی کـە جـەخت دەکاتـەوە لەسـەر نارۆشـن بـوونی شوناسـی مەهـدی لەلایەن ئالوبەیت و لەلایەن زۆربەی شیعە و موسڵمانانی سێ سـەدەی یەکـەمی سەرەتا[١]، بریتیە لەو بانگەشانەی مەهدیایەتی کە لێرەو لەوێ دەکران... تـا لـە دەیـان بانگەشـەی مەهدیایـەتی تێپـەڕی، تەنانـەت وای لێهـات هـەر تـاقم و کۆمەڵێك زیاد لە مەهدییەکی هەبوو... ئەم دیـاردە ئـەوەمان پیشـان دەدات کـە زاراوەی ئیمامی مەهدی ئاوێتە بووە لەگەڵ واتای شـۆڕش و ئـازادی و دادگـەری و گەڵاڵـە بـووە وەك کاردانەوەیـەکی ئـەو واقیعـە گەندەڵـەی کـە کۆمـەڵگای ئیسلامی جار دوای جار دەکەوتە ناویەوەو تیایدا دەخلیسکا.

زۆربـەی چـیرۆکەکانی مەهـدیبوون لـە سـەدە ئیسـلامییەکانی سـەرەتادا، پەیوەست بوون و گەڵاڵە ببوون لە بزوتنەوەی سیاسـی و شۆڕشـگێڕی کـە کـاری دەکـرد بـۆ نەهێشـتنی سـتەم و چەوساندنەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە دەوری یـەکێك لـە سـەرکردەکان کۆدەبوونـەوە، زۆربـەی جـاریش نـەریت وابـوو سەرکردەکە ئیمامێکی ئالوبەیت بوو (سڵاوی خوای لێبێت)، جا کاتێك خونچەی شۆڕشەکە دەپوکایەوەو ئیمامەکە بێ جێگرەوە ماڵئاوایی لـە دونیـا دەکـرد! یـان لە گۆڕەپانی جەنگدا دەکوژرا یاخود لە بارودۆخی لێڵ و ناڕوون دا ون دەبوو... هاوەڵەکانی ڕایان جیاواز دەبوو، هەیان بـوو ملکەچـی فـەرمانی واقیـع دەبـوو و دەچوو بە دوای ئیمامێکی نوێ دا دەگـەڕا کـە گونجـاو بێـت بـۆ شۆڕشـی نـوێ...

---

(١) هەڵبەتە مەبەستی دانەر سێ سەدەی سەرەتایساڵی کۆچییە. (وەرگێڕ).

هەشیان بوو فەرمانی واقیعی ڕەت دەکردەوەو دانـی بـە شکست دا نـەدەنا و بـە پەلە هەڵپەی دەکرد بـۆ بەڕاسـت دانـان و باوەڕهێنـان بـەو قسـەو قسـەڵۆکانەی دەکران لەبارەی هەڵاتنی ئیمامی شۆڕشگێڕ و ونبوون و پەنهان بوونی. زۆربەی کـات ئەمانـە لـە خـەڵکانی سـادە بـوون کـە ئومێـد و ئـاواتی گـەورە بـە کەسـێك دەبەستنەوە یان خەسڵەتەکانی فلانـە سـەرکردە زۆر مـەزن دەکـەن کـە پاشـگەز بوونــەوە لێــی ســەخت دەبێــت، چــونکە پاشــگەز بوونــە لــەلای ئەوانــە واتــە دارووخان و تێکشکانی درووني.

## مەهدیبوونی ( ئیمامی عەلی )

شیعە و پشیوانانی ئیمامی عەلی کوڕی ئبو تالێـب "سـڵاوی خـوای لێبێـت" کە شۆڕشیان کرد دژی حوکمی ئەمەوییـەکان، و لـە جـەنگی جەمـەل لـە دژیـان جـەنگان، جـەنگیان لەگـەڵ معاویـە کـرد لـە جـەنگی (صفین)دا، بەیـەکیان دادا لەگەڵ خەواریجەکان لە ناوچـەی نـەهرەوان، ئومێـدیان وابـوو حـوکمی ئیمـامی دادگەر بۆ ماوەیەکی درێژتر بەردەوام بێت تا لە ژێر سـێبەریدا بـە دادگـەری و یەکسانی و خۆشـیەوە بەسـەر بـەرن... ئومێـد و هیوایـان بـە ئیمـام زۆر گـەورە بوو.. هەندێکیان بە هەواڵی مردنی ئیمام تووشی شڵەژان و شلەقان هاتن و ئەو هەواڵەیان بەڕاست دانەنا و باوەڕیان پێنەکرد.

مێژوونووسەکانی شیعەی ئیمـامی (وەك: نەوبـەختی، ئەشـعەری قـومی و کشی) دەڵێن: کۆمـەڵێك لە شیعەکان مردنی ئیمامی عەلیان باوەڕ نەکرد، بـەڵکو وتیــان: عــەلی نــەمردووەو نــەکوژراوەو ناشمرێــت تــا بــە گۆچـانەکەی حـوکمی عەرەبەکان نەکات و زەوی پڕ نەکات لە دادگەری وەك چۆن پڕکرابوو لە سـتەم و زۆرداری.

دەکرێت ئەم بۆچوونە سەبارەت بە مەهدیبوونی ئیمام (عەلی) و پەنهان بوونی ڕاڤە بکەین بە شلەقان و شڵەژان و کوت و پڕبوون و ئومێدی گەورە... بەشێوەیەك ئەو کۆمەڵە کەسە کە لە شاری (کوفەوە) دوور بوون بەرگەی شەهید بوونی ئیمامی عەلیان نەگرت، دوای ئەوەی هیوای ئەوەیان هەبوو ئیمام دادگەری بوونەوەری لەسەر زەوی بەرپا بکات، ئەم هیوایەشیان وای لەوان کرد کە چەند شتێك لە مێشکیان وێنە و ئەندێشە بکەن کە زۆر دووربێت لە واقیع.

## مەهدیبوونی ( موحەممەدی کوڕی حەنەفیە )

لە دوای قەسابخانەکەی شاری کەربەلا ڕق و تووڕەیی شیعەکانی لە دەوری سەرکردایەتی موحەممەدی کوڕی حەنەفیە برای ئیمامی حوسەین کۆبووەوە، لە پێناو سەندنەوەی تۆڵەی شەهیدەکانی شاری کەربەلا... جا کاتێك موحەممەدی کوڕی حەنەفیە لە بارودۆخێکی ناڕۆشن و لێڵدا مرد لە ساڵی ٨١ك، کۆمەڵێك لە پشتیوانانی ناوبراو کیسانییەکان وتیان: کوڕی حەنەفیە نەمردووەو لە چیاکانی ڕیزاوی نێوان شاری مەککە و مەدینە نیشتەجێیە، باوەڕیان وابوو کە ناوبراو (ئیمامی مەهدی چاوەڕوانکراوە) کە پێغەمبەر (ﷺ) مژدەی لەبارەوە داوە کە زەوی پڕ دەکات لە دادگەری[1].

سەید مورتەزا ئەو بانگەشەیەی کیسانییەکان کە وتویانە موحەممەدی کوڕی حەنەفیە مەهدییە ڕاڤەی کردووە بەوەی وێڵی و سەرگەردانی وای لەوان

---

(1) النوبختي: فرق الشيعة ٢٩، الأشعري القمي: المقالات والفرق ٢٧.

کرد پەنا بۆ ئەم بانگەشەیە بەرن[1]. دەکرێ سەرگەردانیان تووش بووبێت لە دەرەنجامی ئەوەی هیواکانیان بە کوڕی حەنەفیە بەستووەتەوە تا دەسەڵات لەژێر چەپۆکی ئەمەوییەکان دەربێنێت، جا تووشی بێ ئومێدی بوون دوای ئەوەی کوڕی حەنیفە مرد بەر لەوەی ئامانج و مەبەستە خوازراوەکە بێنێتەجێ، بۆیە شیعە کیسانییەکان کە شوێنکەوتەی کوڕی حەنەفیە بوون ناچار بوون بانگەشەی ئەوە بکەن کە موحەممەدی کوڕی حەنەفیە هەر لە ژیاندا ماوە بەڵام پەنهان بووە، ئەمەش هەوڵێکی کیسانییەکان بوو تا ئومێد و هیواکەی ناو دوو تویی سینەیان بپارێزن، بەتایبەت لەو کاتدا شیعەکان کەسایەتییەکی دیاریکراویان بەناوی (مەهدی چاوەڕوان کراو) نەدەناسی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا بێت.

## مەهدیبوونی باوکی هاشم

بانگەشەی مەهدیبوونی موحەممەد کوڕی حەنەفیە پاشەکشەی کرد کاتێك (باوکی هاشم عەبدوڵای کوڕی موحەممەدی کوڕی حەنەفیە) وەك سەرکردەو ڕابەرێکی نوێی شیعە لە کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی دەرکەوت، جا هیواو ئومێدی زۆر بە (باوکی هاشم)دوە هەڵواسرا لە پێناو دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجانەی کە باوکی نەیتوانی بیانهێنێتەجێ... قەیرانەکە سەر لەنوێ دووبارە بووەوە کاتێك (باوکی) هاشم مرد بێ ئەوەی دەربکەوێت... ئەمەش وای کرد کە هەندێك لە شیعەکان باوەڕیان وابێت (باوکی هاشم) خۆی شاردۆتەوەو تەنانەت بانگەشەی ئەوەشیان کرد کە (مەهدی چاوەڕوانکراوە) و

---

[1] المرتضى: الشافي ١٨٤.

زیندووەو نەمردووە[1].

بەڵام ئەوانەی دانیاننا بە مردنی (باوکی هاشم) ئەو ئومێدەیان لە ناخی خۆیانـدا پاراسـت بـە چـاوەڕوان کردنــی دەرکـەوتنی یـەکێك لـە نـەوەکانی (موحەممەدی کوڕی حەنەفیـە) لـە ئاینـدەدا و هـیچ کەسـێکی دیاریکراویشیان دەستنیشان نەکرد[2].

## مەهدیبوونی تەییاڕ

هەر زوو شیعەکان کیـانی ئۆپۆزسـیۆنی سـەرەکییان پێکهێنـا دژی حـوکمی ئەمەوییەکان و کۆبوونەوە لـە ژێـر چـەتری سـەرکردەیەکی نـوێ لـە نـەوەکانی ئالوبەیت، ئەویش عەبدوڵای کوڕی معاویەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەعفـەری تـەییارە، کـە سـەرکەوتوو بـوو لـە دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی شـیعی لـە شـاری ئەسـفەهان لـە کۆتـایی سـەردەمی ئەمەوییـەکان، بـەڵام دواتـر تێکشـکا و لـە بـارودۆخێکی نـاڕوون دا کـوژرا... هەنـدێك لـە شـیعەکان بەرگـەی هـەواڵی ڕووخانی دەوڵەتی شیعەیان نەگرت، بۆیە وتیان (تـەییاڕ) نـەمردووە بـەڵکو لـە چیاکانی (ئەسفەهان) جێگیربووە و نامرێت تا سەرکردایەتی ڕادەسـتی پیاوێـك نەکان لە نەوەکانی هاشم لە منداڵەکانی عەلی و فاتیمە[3].

## کورت هەڵهێنانی مەهدیایەتی لە ماڵی فاتیمەدا

بەر لەو جەنگە تیۆری مەهدیبوون کورت هەڵنەهاتبوو لە ماڵی فاتیمـەدا، هەروەك کیسانییەکان کـە قۆنـاغێکی مێـژووی لـە گەشـەی شـیعەکان پێکـدێنن،

---

[1] النوبختي: فرق الشيعة ٣٤.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

[3] النوبختي: فرق الشيعة ٣٥، الأشعري القمي: المقالات والفرق ٣٥.

مەهـدیبوونیان لـە مـاڵی عەلەویـدا کـورت هەڵـدەهێنا، مەهدیبوونیشـیان بـۆ موحەممەدی کوڕی حەنەفیە و نەوەکانی بە ڕەوا دەزانی یان مەهدیبوونیان لە نەوەکانی عەلی دا کورت هەڵدەهێنا، پاشـان تیـۆری ئیمامـەت درێـژ بـووەوە بـۆ دەرەوەی سنووری ماڵی عەلـەوی بـۆ عەبـدوڵای کـوڕی معاویـەی تـەییارِ، پاشـان ئەم تیۆرەی گەشەی تری بە خۆیەوە بینـی بەمـەش کـورت هـەڵهێنرا لـە مـاڵی فاتیمـە لـە نـەوەکانی حەسـەن و حوسـەین دا... سـەرەتا ئـەم تیـۆرە کـورت هەڵنـەهاتبوو لـە یـەکێك لـە دوو ماڵەکـەدا. لەبـەر ئەمـە بەشـێك لـە شـیعەکان بۆچوونیان وابوو زەیدی کوڕی عەلی مەهدییە، هەروەك بەشێکی تـر بۆچـوونی وابوو (موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای کـوڕی حەسـەنی کـوڕی حەسـەن "خـاوەن دەروونی پاك") مەهدییە، هەر کە بـە پەلـە زەیـد کـوژرا ئـەوا شـوێنکەوتووانی چوونە پـاڵ (موحەممـەدی خـاوەن دەروونـی پـاك). عەبـدوڵای کـوڕی حەسـەن باوکی (موحەممەدی خاوەن دەروونـی پـاك) لـە کـاتی لـە دایـك بـوونی تێبـینی کـرد و نـاوی لـە کوڕەکـەی نـا موحەممـەد، بـەوەی ببێـت بـە (مەهـدی پـەیمان لەبارەوە دراو) کە پێغەمبەر مژدەی لەبارەوە داوەو وتویەتی: (نـاوی ئـەو نـاوی منە، ناوی باوکیشی ناوی باوکی منە) بەو شێوەیەی کە ئەو کاتە ناسراو بووە.

## مەهدیبوونی ( خاوەن دەروونی پاك )

موحەممەدی (خاوەن دەروونی پاك) هیـوای وابـوو کـە شـۆڕش بکـات دژی حـوکمی ئەمەوییـەکان، نـەوەکانی هاشـم بەیعـەت و بـەڵێنیان پێـدا، لـە نـاو بەڵندەرەکاندا (ئیبراهیمی ئیمام و سەفاح و مەنصور)یش ئامادە بوون، بەڵام لە ناکاو و زۆر خێرا دەوڵەتی عەبباسی دروستکراو بەڵێنی پێدابوو هەر ئـەو دژی

وەستایەوە، جا کۆمەڵێك لە شیعەکان لە دەوری (خاوەن دەروونی پاك) کۆبوونەوەو لە ساڵی ١٤٥ك لەشاری (مەدینە) دەرچوو و دەستی گرت بەسەر حیجازو وڵاتی یەمەندا، بەڵام دوای چەند مانگێك کوژرا. ئالێرەدا کۆمەڵێك لە شیعەکان تووشی شڵەژان هاتن و بەرگەی هەواڵی تێکشکان و کوژرانی مەهدیان نەگرت کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕوانیان دەکرد دەربچێت، بۆیە وتیان: زیندووەو نەمردووەو نەکوژراوەو لە چیاکانی ناوچەی عەلەمیەی نێوان شاری مەککە و ناوچەی نەجد نیشتەجێ بووە، تا کاتێك دەردەچێت. دەستیان گرت بەو فەرمایشتەی پێغەمبەر کە دەفەرمووێت: (ناوی ئەو ناوی منە، ناوی باوکیشی ناوی باوکی منە).

جا لەبەر ئەوەی فەرموودەی ڕاشکاو و دیاریکراو و ناسراو نەبوون کە شوناسی مەهدی ڕوون بکەنەوە، ئەوا شوێنکەوتووانی (خاوەن دەروونی پاك) فەرمایشتەکانی مەهدیبوونیان لەسەر ناوبراو جێبەجێ کرد، لەوانەیە هەندێك گێڕانەوەشیان هەڵبەستبێت یان دابێتیانە پاڵ پێغەمبەر بۆ تۆکمە کردنی تیۆرەکەیان و پشتگرتنی سەرکردە چاوەڕوانکراوەکەیان.

## مەهدییوونی باقر

هەندێك لە گێڕانەوەکان دەڵێن: بەشێك لە شیعە باوەڕیان وابوو ئیمام موحەممەدی کوڕی عەلی باقر "سڵاوی خودای لێبێت" مەهدی بووە، بە پشت بەستن بە گێڕانەوەیەك کە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) بە جابری کوڕی عەبدوڵای فەرمووە: (تۆ بە مەهدی دەگەیت و سڵاوی منی پێبگەیەنە)[1].

---

(1) الإسفراييني: الفرق بين الفرق ٦٠.

کلینی دەڵێت: ئیمامی باقر بە نهێنی بە هەندێك هاوەڵی خۆی ڕاگەیاند بوو کە مەهدییە و زۆری پێ ناچێت دەردەکەوێت، بە هاوەڵەکانی ڕاگەیاندبوو کە ئەم نهێنییە بشارنەوە، تەنانەت هەندێك لەو هاوەڵانەی ئیمام باقر دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت و چاوەڕێی کاتژمێری سفریان دەکرد[١].

## مەهدیبوونی صادق

دوای کۆچی دوایی کردنی ئیمام باقر، تێکشکانی (موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای خاوەن دەروونی پاك) و سەرکەوتنی عەبباسییەکان، شیاو بوونی ئیمام جەعفەری کوڕی موحەممەدی صادق، گێڕانەوەی زۆر بڵاوبوونەوە لەبارەی مەهدیبوونی ئیمام صادق[٢]. (نوبەختی هێناویەتی: هەندێك لە شیعەکان لە ئیمام صادقیان گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: (ئەگەر سەری منتان بینی لەسەر چیایەك بەرزکرایەوە، بڕوا مەکەن، چونکە من خاوەنی ئێوەم "مەهدیم[٣]")، هەروەها وتویەتی: (ئەگەر یەکێك هاتە لاتان و هەواڵی لەبارەی من بە ئێوەدا و وتی منی بینیوە نەخۆش بوومە و منی شوشتووەو کفنی کردوومە، ئەوەی لێ باوەڕ مەکەن، چونکە من خاوەنی ئێوەم و مەهدیم و خاوەنی شمشێرم)[٤].

ئا لێرەوە بەشێك لە شیعە و پشتیوانانی ئیمام صادق دانیان نەنا بە مردنی ناوبراو و وتیان: (مەهدی چاوەڕوان کراوەو زیندووەو نەمردووە)، ئەم

---

١) الكليني: الكافي ٢٤٥.

٢) هەمان سەرچاوە.

٣) وەرگێڕ.

٤) النوبختي: فرق الشيعة ٦٧، الأشعري القمي: المقالات والفرق ٧٩.

بەشە شیعەیە ناسران بە: ناووسیەکان کە دەدرێنە پاڵ عجلانی کوڕی ناووس[١]. ئەمانە چەند کەسێك بوون لەو تاقمە شیعەیە: ئەبانی کوڕی عوسمانی ئەحمەڕ، کە (کوشی بە یەکێك لە هاوەڵانی (یەکدەنگی) دادەنێت، واتە نزیکترن لە کەسە هەرە نزیکەکانی ئیمام صادق[٢].

## مەهدییوونی (ئیسماعیل)

لێرەوە بە دەردەکەوێت کە تیۆرە جیاوازەکانی مەهدیبوون لەگەڵ کات و بارودۆخە جیاوازەکان لە دایك دەبوون... ئەم تیۆرە زیاتر پشت ئەستور بوو بە هیواو ئومێد نەك پشت ئەستوور بوون بە فەرمایشتی سەلمێنراو و بڕاوەو ڕاشکاو، بانگەشەی: (پەنهان بوون) کاتێك دەردەکەوت کە ئیمامی چاوەڕوانکراو کۆچی دوایی کردبایە و دەرنەکەوتبا و دەرنەچووبا دژی ڕژێمەکە... هەرگیز شیعەکان هەر لەسەرەتاوە کۆك نەبوونە لەسەر مەهدیبوونی ئیمامێك کە پێشتر دیاریکرا بێت... جا لەو کاتەی هەندێکیان باوەڕیان بە مەهدیبوونی ئیمامی صاق هەبوو، دەستەیەکی تری شیعە دەچوو و ئومێدی دەبەستەوە بە مەهدیبوونی ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری صادق، کاتێك ئیسماعیل هەر لە ژیانی باوکی ئیمامی صادقدا کۆچی دوایی کرد، ئەوا هەندێك لە هاوەڵانی ئیسماعیل دانیان نەنا بە مردنی ناوبراو، بۆچوونی ئەوەیان چنی و داهێنا گوایە پەنهان بووە، هەڵسان بە ڕاڤەکردنی بەخاك سپێررانی لەلایەن ئیمامی صادق و لەبەردەم چاوی خەڵکی بەوەی شانۆیەکە ئامانجی شاردنەوەو پەردە

---

[١] الكشي: أخبار معرفة الرجال، ترجمة أبان.

[٢] النوبختي: فرق الشيعة ٣٥، الأشعري القمي: المقالات والفرق ٣٥.

پـۆش کردنـــی هــەڵاتن و پــەنهان بــوونی (ئیســماعیلە)، ئامادەکاریشــە بــۆ دەرکەوتنی لە ئایندەدا[١].

شـتێکی زانـراوە کـە لـە دوای مردنـی ئیمـامی صـادق شـیعەکان بـۆ شـەش دەستە و تاقم پەرت بـوون، ئیسماعیلییەکان بۆچوونیان وابـوو کـە ئیسماعیل زینـدووەو ئیمامــە و مەهدییــە و پــەنهان و شــاراوەیە، بــەڵام کۆمــەڵێك لــە ئیســماعیلییەکان دوای ئــەوەی لــە بۆچــوونەکانیان بــێ ئومێــد بــوون وتیــان موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل مەهدییە. پاشان مەهدیی بوونیان لـە نـەوەکانی ئیسـماعیلدا گواسـتەوە تـا یـەکێکیان لـە کۆتـایی سـەدەی سـێیەم دەرکـەوت و دەوڵەتی فاتیمییەکانی لە باکوری ئەفریقیا دامەزراند.

## مەهدیبوونی دیباج

موحەممەدی کوڕی جەعفەری صادق (دیباج) کە لە شاری مەککە لە ساڵی ٢٠٠ك دەرچوو بانگەشەی ئەوەی کرد کە مەهـدی چاوەڕوان کـراوە، تەنانـەت خۆشی وەك خەلیفەی موسڵمانان ناساند و بەیعەتی وەرگـرت و نـاوی لـە خۆنـا میری باوەڕداران[٢].

کەواتە... دەتوانین بڵێین تیـۆری مەهـدیبوون واتـای شـۆڕش و ڕاپـەڕین و دەرچــوونی دەگەیانــد و بــە کەســێکەوە دیــاری نــەکرابوو... تیــۆری پــەنهان بـوونیش دەردەکـەوێت لـە کـاتی شکسـتی هـەر ئیمـامێکی چاوەڕوان کـراو یـان مـردنی بێ ئەوەی ئامانجەکانی دەستەبەر بکات.

(١) النوبختي: فرق الشيعة ٦٨، الأشعري القمي ٨٠.

(٢) هەمان سەروەکانی پێشوو.

## مەهدییوونی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای ئەفتەح

ئەو بارو حاڵەتە جیاوازەی کە لەو کاتدا دەیبینین و پێچەوانەی ڕێساکە بووە، بریتی بوو لە: (مەهدیبوونی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەعفەری صادق)... ئەم کەسە لە بنەڕەتدا لە دایك نەبووە. بوونی هەر نەبووە، هەندێك لە شیعە فەتحییەکان هەڵسان بە هەڵبەستنی چیرۆکی بوونی ناوبراو بە نهێنی، ئەمەش دوای کۆچی دوایی کردنی عەبدوڵای کوڕی ئەفتەحی باوکی موحەممەد، کە شیعەکان باوەڕیان وابوو عەبدوڵا لە دوای ئیمام صادقی باوکی ئیمامە، بەڵام دووچار قەیران هاتن کاتێك عەبدوڵای ئەفتەح مرد بێ ئەوەی کەسێکی شوێنگرەوەی خۆی لە ئیمامەتدا بەجێ بهێڵێت، باوەڕیشیان وابوو کە پێویستە ئیمامەت پشتاو پشت و نەوە بۆ نەوە بەردەوام بێت، واتە بە شێوەی ستوونی دەستاو دەستی پێبکرێت، بۆیە بەهۆی ئەم قەیرانە بیرییە نەیانتوانی دان بنێن بە ئیمامەتی برای عەبدوڵای ئەفتەح: موسای کوڕی جەعفەر، بۆیە هەڵسان بە هەڵبەستنی چیرۆکی ئەوەی کە گوایە عەبدوڵا منداڵێکی بە نهێنی هەیە!، هەروەها وتیان: ناوی منداڵەکە کۆك و تەبایە لەگەڵ فەرمایشتی ناسراوی پێغەمبەر: (ناوی ئەو ناوی منە، ناوی باوکیشی ناوی باوکی منە)[1].

دوور نییە هەندێك لە هاوەڵە بەرژەوەندی خوازو دووڕووەکانی ئیمامەکان ئەم چیرۆکە خەیاڵییەیان داهێنابێت (ئەفسانەی مەهدی چاوەڕوانکراو موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی صادق) تا بازرگانی پێبکات

---

(١) الأشعري القمي: المقالات والفرق ٨٨.

و بانگەشەی بریکاری مەهدی بکات، پارە بەناوی ئەوەوە کۆ بکاتەوە، هەروەك پڕوپاگەندەی بوونی ئەو مەهدییە خەیاڵییە بازاری گەرم بوو لە یەمەن گوایە دەردەکەوێت و زەوی پڕ دەکات لە دادگەری وەك چۆن پڕ کراوە لە ستەم و زۆرداری.

## مەهدیبوونی کازم

لەگەڵ پاشگەزبوونەوەی دەوڵەتی عەبباسی بەسەر ئامانجە چاکسازییەکانی دا و بڵاوبوونەوەی ستەم و گەندەڵی، شتێکی سروشتی بوو کە ئۆپۆزسیۆن و دژەکانی ئەم ڕژێمە کۆببنەوە لە دەوری کەسایەتیەکی گەورە لە سەرکردەکانی ئالوبەیت کە بریتی بوو لە ئیمام موسای کوڕی جەعفەری کازم کە هێمای پارێزگاری و لەخواترسان و زانست و پەرستش بوو... هیوای گەورە هەبوو بە دەرچوون و ڕاپەڕینی... بەم شێوەیە چەندین گێڕانەوەی زۆر بڵاوببوونەوە لەبارەی مەهدیبوونی ئیمامی کازم و (مەهدی خزمە هەرە نزیکەکانی پێغەمبەرە)... هەندێك لە شیعەکان چەند گێڕانەوەیەکیان لە ئیمامی صادقەوە دەگێڕایەوە: (شتێکی بێ گومانە ئەم کوڕەم مەهدی ئەم ئوممەتە و خاوەنی شمشێرە) و (موسا مەهدی ئەم ئوممەتەیە، ئەمە شتێکە لەلایەن خوداوە یەکلا کراوەتەوە) و (ئەگەر سەری موسا لەسەر شاخ بەرز بکرێتەوە بڕوا مەکەن، چونکە ئەو مەهدییە) و (ناوی مەهدی: مقەستی سەرتاشە) و (وەك ئەوەی من ئاڵای ڕەشە خاوەنی پەڵەی کەسەکە دەبینم لەسەری ئەم مەجلیسە تێکدەشکێت) گێڕانەوەی هاوشێوەی ئەمە گەیشتووەتە ئەندازەی تەواتر!.

کاتێك هارون ڕەشید ئیمام کازمی بەند کرد، زۆربەی شیعە موسەوییەکان پێیان وابوو ئەمە پەنهان بوونی یەکەم یان سەرەتایە، کاتێك ئیمامی ناوبراو لە بەندیخانەدا کۆچی دوایی کرد و لاشەکەی فڕێدرایە سەر پرد لە شاری بەغداد، دانیان نەنا بە مردنی بەڵکو وتیان: ئیمامی کازم چووەتە پەنهان بوونی دووەمەوەو لە بەندیخانە هەڵاتووەو زیندووەو هێشتان نەمردووە و ناشمرێت تا حوکمی خۆرهەڵات و خۆرئاوا نەگرێتە دەست، زەوی پڕ دەکات لە دادگەری وەك چۆن پڕکرابوو لە ستەم و زۆرداری و ئیمامی مەهدییە[1].

زۆربەی کوڕەکانی ئیمامی کازم ئەم بۆچوونەیان هەبوو، تەنانەت زۆربەی هاوەڵە نزیکەکانیشی ئەم بۆچوونەیان هەبوو وەك: موفەزەڵی کوڕی عومەر، داودی رقیی، زەڕیسی کەنانی، باوکی بەصیر، ئەعیونی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەعیون، حەدیی ساباتی، حەسەنی کوڕی قیامای صەیرەفی، دوو لە هاوەڵانی ئیمام کە: عەلی کوڕی حەمزە و عەلی کوڕی عومەری ئەعرەج بوون چەند کتێبێکیان نووسی لەبارەی پەنهان بوونی ئیمامی کازم.

ئەم شیعانە بە (واقفییەکان) ناسران، واتە: ئەوانەی لە سەر ئیمامەتی کازم مانەوەو دانیان بە ئیمامەتی (عەلی کوڕی موسای ڕیزا)ی کوڕی کازمدا نەنا. یەکێك لە شیعە واقفیەکان کە داودی رقی بوو هەڵسا بە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئیمامی ڕیزا و بەڵگەی لە دژی ئیمامی ناوبراو دەهێنایەوە بەو گێڕانەوە متەواتیرانەی کە شوناسی مەهدیبوونی کازم دیاری دەکەن و دەڵێن: (حەوتەم کەسمان مەهدییە) ئیمامی ڕیزا پێی وت: هیوای مەهدیبوونی کازم

(١) النوبختي: فرق الشيعة ٨٠، الأشعري القمي: المقالات والفرق ٨٩.

پەیوەست بوو بە ویستی خوداوەو شتێکی یەکلابووەوە نەبوو[١].

تا ماوەیەکی درێژ واقفییەکان باوەڕیان بە مەهدیبوون و پەنهان بوونی ئیمامی کازم هەبوو... بەڵام بەرە بەرە کەم بوونەوە تا تیۆرەکە مرد و هەلگرانی تیۆرەکەش نەمان، بەتایبەت کاتێك ئیمام (ڕیزا جەختی لەسەر مردنی باوکی کردەوەو بەوانی وت: (بەلگەی خودا لەسەر بەندە و بەدیهێنراوەکانی تەنها بە ئیمامێك بەرپا دەبێت کە زیندوو بێت و بناسرێت... پاك و بێگەردی بۆ خودا!... پێغەمبەری خودا کۆچی دوایی کرد، کەچی موسای کوڕی جەعفەر نەمرد؟!... سوێند بە خوا موسای کوڕی جەعفەر مرد و پارەو سامانەکەی دابەش کرا و کەنیزەکەکانی بەشوودران)، ئیمامی ڕیزا ئەو کەسەی تۆمەتبار کرد کە دەیوت ئیمامی کازم نەمردووەو لەوبارەوە وتی: (ئەوانە باوەڕیان نییە بەو پەیامەی خودا ناردوویەتیە سەر موحەممەد (ﷺ). ئەگەر خودا لەبەر پێویستی خەڵك تەمەنی کەسێکی درێژ کردبایەوە، ئەوا تەمەنی پێغەمبەری خوای (ﷺ) درێژ دەکردەوە)[٢].

## مەهدیبوونی موحەممەدی کوڕی قاسم

لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی لە ساڵی ٢٠٩ك لە ڕۆژانی خەلافەتی موعتەصیم، شۆڕشێکی عەلەوی تەقیەوە لە ناوچەی تاڵقان بە سەرکردایەتی موحەممەدی کوڕی قاسم، بەڵام موعتەصیم ناوبراوی تێکشکاند و بەدیلی گرت و گواستیەوە بۆ شاری بەغداد و لە کۆشکی خۆیدا بەندی کرد، بەڵام ڕاپەڕیوە عەلەوییەکە توانی ڕابکات. خەڵکی لەبارەیەوە ڕایان جیاواز بوو، هەندێکیان

(١) النوري الطبرسي: خاتمة مستدرك وسائل الشيعة ٣/٥٩٥
(٢) الكشي: معرفة الرجال ٣٧٩.

وتیان: مردووە یان هەڵاتووە، هەندێك لە شیعەكان وتیان: زیندووە، لە داهاتوودا دێتە دەرەوەو مەهدی ئوممەتە[١].

## مەهدیبوونی یەحیای كوڕی عومەر

لە دوای چەند ساڵێك ئیمامێكی تری عەلەوی لە شاری كوف) دەركەوت كە یەحیای كوڕی عومەر بوو، ناوبراو ڕاپەری دژ بە خەلیفەی عەبباسی موستەعین بیللا، خەلیفەی ناوبراو حوسەینی كوڕی ئیسماعیلی بۆ ڕەوانەكرد و لە دەرەنجامدا ئیمامە عەلەوییەكەی كوشت، بەڵام هەندێك لە هاوەڵانی ئیمام یەحیا دانیان نەنا بە تێكشكانەكە، وتیان: ئیمام نەكوژراوە بەڵكو پەنهان بووەو خۆی حەشارداوە، ئیمامی یەحیا ئیمامی مەهدییە و جارێكی تر دێتەوە[٢].

## مەهدیبوونی موحەممەدی كوڕی عەلی هادی و عەسكەری

لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی كۆچی شیعەی ئیمامی ڕاجیا بوون لەبارەی شوناسی ئیمامی مەهدی چاوەڕوانكراو، جا دەستەیەك لە شیعە وتیان: موحەممەدی كوڕی عەلی هادی مەهدیی چاوەڕوانكراوە، كە لە ناكاو لە ناوچەی دوجەیل مرد، جا ئەم دەستەیە وتیان ناوبراو پەنهان بووە وەك چۆن ئیسماعیلی كوڕی جەعفەر پەنهان بوو، دانیان نەنا بە ڕاستی هەواڵی مردنەكەی... دەستەیەكی تر وتیان ئیمام حەسەنی عەسكەری مەهدییە، كەچی دەستەی سێیەم وتیان: ئیمامی حەسەن منداڵێكی هەیە بە نهێنی كە

---

(١) الصفهاني: مقاتل الطالبيين ٥٧٧، الإسفراييني: الفرق بين الفرق ٣١.

(٢) المسعودي: مروج الذهب ١٤٧/٤، الكامل في التأريخ ٤٣/٧.

ئیمامە و ناوی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەرییە... هەندێکی تریش وتیان: مەهدیبوون دیاری نەکراوەو لە داهاتوودا یەکێك لە ئالوبەیت دەبێتە مەهدی بۆ ئەوەی دەستنیشان کرابێت و لە ئایندەدا لە دایك دەبێت و دەردەکەوێت[١].

## مەهدییوونی ئیمامی نەناسراو و نامۆ

لە کۆتاییدا هەردوو مێژوو نووسە شیعەکان کە هاوچەرخی کۆچی دوایی کردنی ئیمامی عەسکەری بوون، ئەوانیش بریتین لە: نوبەختی) و ئەشعەری قومی، ناوبراوان باس لەوە دەکەن کە تاقمێك لە شوێنکەوتووانی عەسکەری وتیان: (حەسەنی کوڕی عەلی کۆچی دوایی کرد، مردنەکەشی دروستە، ئیمامەت پچڕا و وەستا تا کاتێك خودا ئیمامێکی پێشوو لە ئالوبەیتی پێغەمبەر زیندوو دەکاتەوەو دینێرێتەوە سەر شانۆی ژیان، جا خودا ئەگەر بیەوێت حەسەنی کوڕی عەلی زیندوو دەکاتەوەو ئەگەر بیەوێت یەکێك لە باوباپیرانی حەسەن زیندوو دەکاتەوە. زیندوو کردنەوەو ڕەوانەکردنی یەکێك لەو ئیمامانە پێویستە... چونکە هەستانی ئیمام و دەرکەوتنی مەهدی شتێکە لەلایەن خوداوە بڕیاری لەسەر دراوەو یەکلاکراوەتەوە، هەواڵ و شوێنەواری زۆر لەم بارەوە هاتوون و ئوممەتیش یەکدەنگە لەسەر ئەمە، بۆیە ناکرێت پوچەڵ بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی مردنی حەسەنی کوڕی عەلی ڕاست بوو و هیچ جێگیرەوەیەکی لە پاش بەجێ نەما، بەمە ئیمامەت پچڕا و حەسەنیش منداڵی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشت، ئیمامەت تەنها دەبێت پشتاو پشت بگوازرێتەوە،

(١) النوبختی: فرق الشیعه ٩٤ و ٩٦ و ١٠٥، الأشعري القمی: المقالات والفرق ١٠١ و ١٠٦ و

لە دوای حەسەن و حوسەین نابێت ئیمامەت بگوازرێتەوە بۆ مام و کوڕە مام و برا، جا ئیمامەت پچڕاوە تا یەکێك لە ئالوبەیت وەك مەهدی دەردەکەوێت، ئەگەر یەکێك لەوان هات ئەوا ئیمامەت بەردەوام دەبێت بێ پچڕان تا ڕۆژی دوایی)[1].

ئەم فرە جۆری و فرە بۆچوون و فرە ڕەنگییە لە بزوتنەوەی مەهدیبوون بەڵگەیە لەسەر ناڕۆشنی چەمك و شوناسی (ئیمامی مەهدی) و پێشبینی ئەوە هەڵدەگرێ کە دەکرێت هەر یەکێك لە ئالوبەیت مەهدی بێت یان ئەو کەسەیە کە شمشێر بەدەستە و ڕاپەڕین دەکات و دەوڵەتی ڕاستی پایەدار دەکات و دادەمەزرێنێت... هەر تاقمێکی شیعە وای دەزانی مەهدی لە ماڵی هاشمییەکان یان فڵانە ماڵی عەلەوی یاخود فیسارە ماڵی فاتیمی یان حەسەنی یاخود حوسەینیە... یان فڵانە کەس یاخود فیسارە مەهدییە... ئەگەر پێشتر شوناسی (مەهدی) هەر لە سەردەمی پێغەمبەری خوا و ئیمامەکانی پێشوو دیاری کرابووبا ئەوا موسڵمانان و شیعەکان و ئیمامییەکان و شیعەکانی ئیمامی (حەسەنی عەسکەر)یش ڕاجیاییان تێ نەدەکەوت لە دەستنیشان کردن و دیاری کردنی شوناسی (مەهدی)، هەندێکیشیان بۆ ئەوە نەدەچوون کە خودی (ئیمامی حەسەنی عەسکەری) مەهدی بێت.

لە هەموو ئەو شتانە ئەوە هەڵدەهێنجین: لە ماوەی ژیانی ئالوبەیتدا شوناسی مەهدی دیار نەکراو و ناڕۆشن بوو، وتنی ئەوەی گوایە (حەسەنی عەسکەری) کوڕێکی هەیە کاتێك دروست بوو گریمانەی ئەوە کرا کە دەکرێت بەنهێنی منداڵەکە هەبێت، هەوڵیش درا ڕاڤەی (پەنهان بوون) و لە بەرچاو

---

.١٠٨

(١) النوبختی: فرق الشیعه ١٠٥، الأشعري القمی: المقالات والفرق ١٠٨.

ونبـوون و ڕانەگەیانـدنی لـە دایکبوونەکـەی لـە مـاوەی ژیـانی باوکیـدا بکرێـت بەوەی (پەنهان بوون)یان بە سیفەتێك لە سیفەتەکانی (مەهدی) دادەنا.

## دەروازەی دووەم

## هۆکارە فەلسەفییەکانی دروست بوونی گریمانەی بوونی (ئیمامی دوازدەم)

ئەگـەر هەڵسـاین بــە خوێندنــەوەی گێڕانــەوە مێژووییــەکان بــۆ ئــەو ڕووداوانەی لە ناو شیعەدا ڕوویانـدا لـە دوای کۆچـی دوایـی کردنـی حەسـەنی عەسکەری لە ساڵی ٢٦٠ک، هەروەها ئەگەر چاوێکیش بخشێنین بـە (بەڵگـەی عەقڵی)دا کە ئەو تاقمە هێنایـەوە کـە پێـی وابـوو: (ئیمـام منـداڵێکی پـەنهان و شـاراوەی هەیــە، ئــەو منداڵــە لــە دوای ئیمـامی عەسـکەری ئیمـامی مەهـدی چاوەڕوان کراوە)، ئەو کاتە ئەوە ئاشکرا دەکـەین کـە قـەیرانێکی تیـۆری هەیـە کە ئەو تاقمە لە ئیمامییەکان پێیدا تێپەڕیون کە پشتاو پشت و دەستاو دەست کردنی ئیمامەت بە شێوەیەکی ستوونی بە مەرج دادەنـێن، بـە دروسـتی نـازانن ئیمامـەت بگوازرێتـەوە بـۆ بـرا یـان کـوڕی بـرا یـان بـۆ مـام یـاخود کـوڕە مـام، دەبیـنین ئـەو تاقمـە ناچـار بـووە یـان دەبێـت دەسـتبەرداری ئـەم مەرجـە بێـت یاخود دەبێت دان بەوەدا بنێت کە ئیمامەت پچڕاوە لە دوای مردنی عەسکەری بـێ جێگرەوەیــە، هــەروەك ئەمــە بــە دیــار دەکــەوێت لــە ژیــانی ئیمــامی (عەسکەری)دا، یا دەبێـت گریمانـەی ئـەوە بکـەن کـە منـداڵێکی بـەنهێنی هەیـە هەر چەنـدە ئیمامی ناوبراو بە ڕاشکاوی ڕای نەگەیاندووەو هـیچ بەڵگەیـەکیش لەسەر بوونی نییە، ڕاڤە کردنی ناڕۆشنی و شاردنەوەی منداڵەکە بەوەی توقیە و خۆپارێزی و لەبەر ترسی دەسـەڵات بـووە، سـەرباری ئـەوەی هـیچ ئاماژەیـەك نەبووە کە ئەم هەموو خۆپارێزی و ترسە پێویست بکات.

گێڕانــەوەی مێــژوویی، کــە مێــژوونووس و زانــا کەلامییــەکانی (دوازدە ئیمـامی) دانـی پێـدا دەنـێن و دەیگێڕنـەوە دەڵـێن: ئیمـام حەسـەنی عەسـکەری کۆچـی دوایـی کـرد بـێ ئـەوەی منـداڵێکی دیـاری کـراو لـە پـاش خـۆی بـەجێ بهێڵێت، ئیمامی عەسکەری پارەو سامانەکەی ڕاسپارد بە دایکی کە بە: حەدیس ناودەبرا. ئەمەش ڕێگەی خۆش کرد لەبەردەم جەعفـەری کوڕی عـەلی براکـەی عەسکەری تا بانگەشـەی ئیمامـەت بکـات لـە دوای مردنـی براکـەی و شـیعەکانی ئیمامی بانگ بکات تا شوێنی بکەون وەك شوێنگرەوەی براکەی، هـەروەك چۆن شوێنی ئیمام موسای کوڕی جەعفەر کەوتن دوای مردنـی عەبـدوڵای ئەفتـەحی براکەی کە لـە خـۆی گـەورەتر بـوو و بـۆ ماوەیـەکی کورتیش لـە دوای مردنـی صادقی باوکی ببوە ئیمام، بەڵام عەبدوڵا هیچ منداڵێکی نـەبوو تـا ئیمامـەت لـە ڕەچەڵەکی ئەودا بەردەوام بێت.

جـا نوبـەختی و ئەشـعەری قـومی و موفیـد دەڵـێن: زۆرێـك لـە شـیعەی ئیمـامی وەڵـامی بانگەوازەکـەی جەعفـەریان دایــەوەو خــەریك بــوو کــۆك و یەکدەنگ بـن لەسـەر ئیمامەتەکـەی[1]. ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی شیعە بـە گشـتی جگە لە (جەعفەر) کەسی تریان لـە کوڕو نـەوەکانی ئیمـامی هـادی نەدەناسـی، نەشیان بینی بوو ئیمام عەسکەری هیچ منداڵێکی هەبێت، ئەمە ئەو ڕاسـتیەیە کـە گێڕانــەوەی بـاوکی ئـەدیانی بەصـڕی جـەختی لەسـەر دەکاتـەوە، نـاوبراو نێـردراوی ئیمـام عەسـکەری بـوو بـۆ خـەڵکی مـەدائن و کۆتـا کـەس بـوو کـە ماڵئـاوایی لـە ئیمـامی نـاوبراو کـرد، دەڵێت: ئیمـامی نـاوبراو نـاوی جێگـرەوەو خەلیفـەی خـۆی پێنـە وتم، تـەنها چـەند نیشـانەیەکی پێـدام بـۆ ناسـینەوەی

(1) النـوبختي: فـرق الشـيعه ٩٨، الأشـعري القمـي: المقـالات والفـرق ١١٠، المفيـد: الفصـول المختـاره ٢٥٩.

جێگرەوەی، هەروەها دەڵێت: لە ڕۆژی کۆچی دوایی کردنی ئیمام عەسکەری گەڕامەوە بۆ شاری سامەڕا جەعفەرم بینی کە شیعەکان لە سەروشیانەوە عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری لە دەوری جەعفەر کۆبووتەوەو پرسە و سەرەخۆشی لێدەکەن، منیش چووم وەك یەکێك لە شیعەکان پرسە و سەرەخۆشیم لێکرد، هەروەك دەشڵێت: دەستەیەك لە شیعەکانی شاری (قوم) لەو ڕۆژەدا هاتبوونە شاری سامەڕا و پرسیاریان کرد دەربارەی ئیمامی حەسەنی عەسکەری و زانیان مردووە، وتیان پرسەو سەرەخۆشی لە کێ بکەین؟ خەڵك ئاماژەی کرد بۆ جەعفەر، ئەوانیش سڵاویان لێکرد و پرسەو سەرەخۆشیان ئاراستەی ناوبراو کرد[1]. گێڕانەوەی سەنانی موصڵی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە، کاتێك دەدوێت لەسەر هاتنی دەستەیەکی لە خەڵکی شاری قوم بەسەرکردایەتی باوکی عەبباس موحەممەدی کوڕی جەعفەری حمیری قومی بۆ شاری سامەڕا لە دوای کۆچی دوایی ئیمامی عەسکەری، دەستەکە پرسیاریان لەبارەی ئیمامی ناوبراو و میراتگرو جێگرەکەی کردووەو خەڵکیش پێی وتون: جێگرەوەکەی (جەعفەری کوڕی عەلی)یە، هیچ ڕێگرێکیش نەبوو لەوەی لایان بدات لە داننان بە ئیمامی جەعفەر تەنها ئەوە نەبێت کە زانستی غەیبی نەزانیوە[2].

بەم پێیە جەعفەر پەیامێکی نار بۆ دانیشتووانی شاری قوم، کە ناوەندێکی شیعە بوو، لە پەیامەکەیدا بانگی کردن بۆ ئیمامەتی خۆی و بەوانی ڕاگەیاند کە: خۆی ئیمامە لە دوای براکەی. خەڵکی شاری قوم

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٤٧٥.

(٢) الصدوق: إكمال الدين ٤٧٦_٤٧٩، الراوندي: الخرايج والجرايح ١٦٤، الصدر: الغيبة الصغرى ٣٢٣.

کۆبوونەوە لەلای شێخەکەیان ئەحمەدی کوڕی ئیسحاق و بابەتەکەیان تاوتوێ کرد، لە کۆتایی دانوستانەکەدا بڕیاریان دا دەستەیەك بنێرن تا گفتوگۆی لەگەڵ بکەن و (پرسیاری لێبکەن لەبارەی چەند بابەتێك کە پێشتر پرسیاریان لەبارەوە دەکرد لە باوباپیرانی جەعفەر و دڵنیا بوون لە بانگەشەکەی) هەروەك خصیبی و صدوق و موفید ئاماژەیان پێکردووە[١]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکی شاری قوم پێشتر شوناسی ئیمامی نوێیان نەدەناسی، نەشیان دەزانی ئیمامی عەسکەری منداڵێکی هەبێت، هیچ ڕێگرێکیشیان لە بەردەمدا نەبوو تا ئیمامەتی جەعفەری کوڕی عەلی ڕەت بکەنەوە، واتە: پابەند نەبوون بە ڕێسا و یاسای پشتا و پشت کردنی ئیمامەت بەشێوەیەکی ستوونی، بەڵکو نزیکتر بوون لە فەتحییەکان و بەدروستیان دەزانی دوو برا ببن بە ئیمام.

ئەو کۆسپەی وای کرد هەندێك لە شیعەکان باوەڕ نەهێنن بە ئیمامەتی جەعفەر، ئەو یاسا و بنەما گومان هەلگرە کۆنە بوو کە ڕەتی دەکردەوە دوای حەسەن و حوسەین ئیمامەت لە دوو برادا کۆببێتەوە، دەستەکەی شاری قوم ئەم یاسایەیان خستەڕوو بۆ جەعفەر لە میانەی گفتوگۆیەکەدا، ناوبراو وەڵامی دانەوە: (خودای مەزن وای بۆ دەرکەوت)، هەروەك خصیبی ئاماژەی پێکردووە[٢].

هەندێ لەو گێڕانەوانەی صدوق و توسی گێڕاویانەتەوە دەڵێن: دەستەکەی شاری قوم داوایان لە جەعفەر کرد لە ڕێگەی غەیبییەوە بڕی ئەو

---

(١) الخصيبي: الهداية الكبرى ٣٩١، الصدوق: إكمال الدين ٤٧٥، الطبرسي: الإحتجاج ٣٢٣/٢، الصدر: الغيبة الصغرى ٣٩١.

(٢) الخصيبي: الهداية الكبرى ٣٨٣_٣٩١.

پارەیـەی دەسـتەکە پێیـەتی و نـاوی خاوەنـەکانی ئاشـکرا بکـات، هـەروەك عەسـکەری براکـەی پێشـتر ئەمـەی دەکـرد، بـەڵام جەعفـەر ئـەم داوایـە و بانگەشەی غەیب زانینی ڕەت کردەوە، دەستەکەی تۆمەتبار کرد بەوەی درۆیـان بۆ براکەی هەڵبەستووە، نکۆڵی کرد لەوەی براکەی زانستی غـەیبی زانیبێت[1]. هـەروەك هەنـدێك لـە گێڕانـەوەکان هەوڵـدەدەن جەعفـەر تۆمـەتبار بکـەن بـە گوناهباری و لاساری و خواردنـەوەی مـەیی و نـەزانی و نـەکردنی نوێـژ[2]. ئـەم هەوڵانـەش بـۆ ئـەوەن تـا بانگەشـەی ئیمامەتییەکـەی پوچـەڵ بکەنـەوە، بـەڵام شـیغە بەگشـتی ئـەم تۆمەتانـەی بـاوەڕ نـەکرد، مەسـەلەی غـەیب زانینیـان نەخستەڕوو، پیرۆزبایشـیان لـە جەعفـەر کـرد بـەوەی بووەتـە ئیمـام. کێشـەی سەرەکی لەلایەن هەندێکیانەوە بریتی بوو لـە: (کۆبوونـەوەی ئیمامـەت لـە دوو برادا). توسی پێداگیری لەسەر ئەم خاڵە کـردووە لـەکاتی هەوڵدان بـۆ پوچـەڵ کردنـەوەی ئیمامـەتی جەعفـەر و چەسـپاندنی گریمانـەی ئـەوەی حەسـەنی عەسکەری منداڵێکی هەیە، توسی پڕوپاگەندە و بانگەشەی ئەوەشی کردووە کە ئیمامییەکان ڕاجیاییان لەسـەر ئـەوە نییـە کـە حەسـەنی عەسکەری منـداڵێکی هەیە[3].

ئەم کێشەیە لەناو ڕیزەکانی شیعەی ئیمامی بۆ یەکەم جار کـە تەقییـەوە، لـە کـاتی کۆچـی دوایـی کردنـی عەبـدوڵای ئەفتـەحی کـوڕی صـادق بـوو، کـە شـەرعناس و شـێخەکانی شـیعە کـۆك بـوون لەسـەر ئیمامـەتی نـاوبراو، بـەڵام نـاوبراو مـرد بـێ ئـەوەی منـداڵ لـە دوای خـۆی بـەجێ بهێڵێـت، ئەمـەش

[1] الصدوق: إكمال الدين ٤٧٦، الصدر: الغيبة الصغرى ٣١٦.
[2] الصدوق: إكمال الدين ٤٧٩، الخصيبي: الهداية الكبرى ٣٩١.
[3] الطوسي: الغيبة ١٣٥.

ئیمامییەکانی خستە داوی قەیرانەوە، ئیمامییەکانی بۆ سێ تاقم دابەش کرد. تاقمی یەکەم دەستی گرت بە بنەما و ڕێسای: (دروست نەبوونی کۆکردەونەوەی دوو برا لە ئیمامەتدا) ئەمانە ناچار بوون گریمانەی ئەوە بکەن کە عەبدوڵا منداڵکی خەیاڵی هەیە و ناوی موحەممەدە شاراوەیە، لە ئایندەدا دەردەکەوێت. تاقمێکی تریان ئەم ڕێسایەی پشت گوێخست و بە دروستی زانی ئیمامەت لە براوە بگوازرێتەوە بۆ برا ئەگەر ئیمامی پێشوو منداڵی نەبوو، لە دەرەنجامی ئەمەدا وتیان موسای کوڕی جەعفەر لە دوای براکەی عەبدوڵای ئەفتەحی کوڕی جەعفەر ئیمامە. تاقمێکی تر پاشگەز بووەوەو دانی نەنا بە ئیمامەتی (عەبدوڵای ئەفتەح) و لە دەرەنجامی ئەوەی ناوبراو منداڵی نەبوو ئەم تاقمە وتیان: عەبدوڵا هەر ئیمام نەبووەو بە یەکجاری ناوی ئەویان لە لیستی ئیمامەکان سڕیەوە.

ئەم کێشە دووبارە بووەوە لە کاتی کۆچی دوایی کردنی ئیمام حەسەنی عەسکەری بێ ئەوەی هیچ منداڵی لەپاش بەجێ بمێنن، ئەمە سەری کێشا بۆ ئەوەی شیعەی ئیمامییەکان لەبارەی ئیمامی جێگرەوە دابەش بوون بۆ چەندین دەستە: هەیان بوو دوو برای لە ئیمامەتدا بەیەکەوە کۆکردەوەو وتیان جەعفەری کوڕی عەلی لە دوای حەسەنی براکەی ئیمامە، هەشیان بوو پاشگەزبووە لە دانان بە ئیمامەتی عەسکەری و وتی: (دانان بە ئیمامەتی حەسەنی عەسکەری هەڵە بووە، پێویستە لێی پاشگەز ببینەوەو دان بنێین بە ئیمامەتی جەعفەردا، حەسەن مرد بێ ئەوەی منداڵی لەپاش بەجێ بمێنن، بۆیە بانگەشەی ئیمامەتی ئەو بێ بنەما و پوچەڵ بوو، چونکە ئێمە یەکدەنگین لەسەر ئەوەی ئیمام نامرێت تا جێگرەوەیەکی دیارو ناسراوی لە پاش بەجێ نەمێنێت و وەسیەتنامەی بۆ نەکات و ڕاینەسپێرێت و جێگای

نەگرێتەوە لە ئیمامەتدا، لە دوای حەسەن و حوسەین ئیمامەت لە دوو برادا کۆ نابێتەوە... بۆیە گومان لەوەدا نییە ئیمام جەعفەرە بەو وەسیەتنامەیەی باوکی بۆی کردبوو) هەروەك (نوبختی) و (ئەشعەری قومی) ئاماژەیان بەمە داوە[١].

هەشیان بوو سوربوو لەسەر ئیمامەتی حەسەن و بەتووندی دەستی گرتبوو و پابەند بوو بەو بنەما و یاسایەی کە ڕەتی ئەوە دەکاتەوە دوو برا لە ئیمامەتدا بەیەکەوە کۆببنەوە. ئەمانەش بۆ چەند پێڕو کەرتێك دابەش بوون: هەیان بوو وتیان عەسکەری مەهدییە و پەنهان بووە، هەشیان بوو وتیان: عەسکەری مردووە بەڵام زیندوو دەبێتەوە، هەندێکی تر وتیان: ئەمە ماوەیەکە ئیمامی تێدا نییە، سەرسام بوو و ڕاوەستا و هەڵوەستەی کرد و وتی: (بۆمان دەرنەکەوتووە بە ڕاستی کە "حەسەن" منداڵی لەپاش بەجێ مابێت و شاردبێتیەوە، ئێمەش دەست دەگرین بە ئیمامی پێشوەوە "حەسەن" تا ئیمامی دواترمان بۆ دەردەکەوێت، هەروەك فەرمانمان پێکراوە کە ئەگەر ئیمام مرد و ئیمامی دواتر نەناسرا ئەوا دەست بگرن بە ئیمامی پێشوو تا ئیمامەکەی دواترتان بۆ دەردەکەوێت، نکۆڵی ناکەین لە ئیمامەت و مردنی "حەسەنی باوکی موحەممەد" ناشڵێین لە دوای مردن گەڕاوەتەوە، دانیشنانێین بە ئیمامەتی کوڕی هیچ کەسێکی تر جگە لە "حەسەن"، چونکە ڕاجیایی نییە لە نێوان شیعەدا: "ئیمامەتی هیچ ئیمامێك ناچەسپێت تا بەشێوەیەکی ئاشکراو دیار وەسیەتنامەی لەلایەن باوکیەوە بۆ نەکرێت و ڕاینەسپێررێت")[٢].

---

١) النوبختي: فرق الشيعة ٩٨، الأشعري القمي: المقالات والفرق ١٠٧_١١٠.

٢) النوبختي: فرق الشيعة ١٠٥_١٠٨، الأشعري القمي: المقالات والفرق ١١٥، المفيد: الفصول المختارة ٢٦٠، الكليني: الكافي ١/٣٤٣، الطوسي: الغيبة ٢٤٤، الصدوق: إكمال الدين ٢٣٠،

هەشـیان بـوو خـۆی بەناچـار بینـی کـە گریمانـەی ئـەوە بکـات ئیمـامی عەسـکەری منـداڵێکی پـەنهان و شـاراوەی هەیـە، وتیـان: ئـەو منداڵـە لـە دوای ئیمامی ناوبراو ئیمامـە و مەهـدی چاوەڕوانکراوە، جا ئاماژە نـەکردنی بـاوکی منداڵەکە لە ماوەی ژیانی بە بوونی ئـەو منداڵە و وەسیەتنامە بـۆ نـەکردن و ڕانەسـپاردن و دەرنەکـەوتنی لـە دوای بـاوکی و پـەنهان بـوونی و هـەموو ئـەو شتانەیان بە زەبرو زۆرییەوە ڕاڤە کـرد بـەوەی بـۆ خۆپاراسـتن و لەبـەر ترسـی دوژمنان بووە.

پاڵنـەری سـەرەکی ئـەم وتەیـەش، بـریتی بـوو لـە دەسـتگرتنی توونـد بـە یاسای پشتاو پشت کردنی ستوونی، هەروەها بە دروست نەزانینی گوێزرانەوەی ئیمامەت لە براوە بۆ بـرا لـە دوای حەسـەن و حوسـەین. سـەرباری ئـەوە ئەمـە وتەیـەکی لاوازو بـێ هێـزو پێـز بـووە، شـیعە ئیمامییـەکان لـەو کاتـدا کـۆك و یەکدەنگ نەبوون لەسەری، بە پێچەوانەی ئـەو بانگەشـەیەی توسـی دوای سـەد ساڵ کردی، جا ئەو زانا کەلامییانە پابەند بوون بەم یاسایەوە، ئەمـەیان کـردە بـەردی بناغـەی پڕۆسـەی بەڵگـە هێنانـەوە لەسـەر ئـەوەی ئیمـام حەسـەنی عەسـکەری منـداڵی هەیـە، جـا لـەم بەڵگـە هێنانەوەیـە و سـەرجەم بابەتـە کەلامییـەکانی تـردا کـە پـارێزراو بـوونی ئیمـام بـە پێویسـت دەزانـن یـان دەق لەسەر ئیمامەکانی ئالوبەیت بە پێویست دەزانن بەڵگەیەکیان داڕشـت و ناویـان نا: (بەڵگەی عەقڵی) یان (بەڵگەی فەلسەفی).

لــە بەنــدی یەکــەمی ئــەم بەشــەدا وتــەکانی زانــا کەلامییــەکان و مێژوونووسـانمان خسـتەڕوو کـە عـەقڵیان بـە بەڵگـە هێناوەتـەوە لەسـەر

---

الحر العاملي: إثبات الهداة ٣/٤٧٧.

لەدایکبوونی: موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری و بەڵگەکەشیان پشتی دەبەست بە تیۆری (پارێزراوی و دەق و پشتاو پشت کردنی ئیمامەت بە ستوونی). بەڵام لە ڕاستیدا تەنها پشتی بە بنەما و ڕێسای کۆتایی دەبەست ئەویش: (پشتاو پشت کردنی ستوونییە)، چونکە زۆرێك لە شیعە ئیمامە (فەتحییەکان) کە کۆك بوون لەگەڵ ئیمامییەکانی تر لە بە مەرج دانانی (پارێزراوی و دەق) و باوەڕیشیان هەبوو بە ئیمامەتی حەسەنی عەسکەری، خۆیان بەناچار نەبینی تا دان بنێن بەوەی عەسکەری منداڵێکی شاراوەو نهێنی هەیە، بەڵکو لە جیاتی ئەمە باوەڕیان هێنا بە ئیمامەتی برای حەسەن جەعفەری کوڕی عەلی هادی، چونکە فەتحییەکان زۆر بە توندی باوەڕیان نەبوو بە پێویست بوونی پشتاو پشت کردنی ستوونی ئیمامەت و دروست نەبوونی کۆکرانەوەی دوو برا لە ئیمامەتدا.

کەواتە... لە ڕاستیدا (بەڵگەی مێژوویی) زیاتر بە گریمانەی فەلسەفی دەچوو ڕووت دەچوو کە بەتاڵ بوو لە چەسپاندنی مێژوویی. ئەمەش بە لە پشت بەستنی هەندێك لە زانا کەلامییەکان دەردەکەوێت بە فەرموودەی ڕەزەوی کە دەڵێت: (ئیمام نامرێت تا منداڵی خۆی لە دوای خۆی بەجێ نەهێڵێت) تا بوونی منداڵی حەسەنی عەسکەری بچەسپێنن، هەروەك شێخ توسی ئاماژەی پێداوە[1].

سەرباری ئەوەی دەتوانرێت هەمان ئەو فەرموودەی کە خرایەڕوو بە بەڵگە بهێنرێتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیمامەتی عەسکەری، هەروەك بەشێك لە شیعە ئەم فەرموودەیەیان بە بەڵگە هێنایەوەو پاشگەزیش بوونەوە لە

(١) الطوسي: الغيبة ١٣٣ و ١٣٥.

ئیمامەتی عەسکەری، بەجێ نەهێشتن و نەبوونی منداڵێك تا ئیمامەتی پێ بەردەوام بێت بە بەلگەیان هێنایەوە لەسەر دروست نەبوونی ئیمامەتی عەسکەری، هەروەك شیعە موسەوییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی دووەم پاشگەز بوونەوە لە دانان بە ئیمامەتی عەبدوڵای ئەفتەح، چونکە ناوبراو منداڵی نەبوو، بەم هۆیەوە ناوی عەبدوڵایان لە لیستی ئیمامەکان سڕیەوە... ئەم تاقمەی شیعە پێیان ئاسانتر بوو کە پاشەز ببنەوە لە بە ئیمام دانانی عەسکەری و دان بنێن بە ئیمامەتی جەعفەر ڕاستەوخۆ لە دوای هادی باوکی ناوبرا، لەوەی گریمانەی ئەوە دابرێژن کە عەسکەری منداڵێکی خەیاڵاوی هەیە.

زۆر نامۆیە کە سەید ڕیزای عەلی هودا ئەو کەسانەی کە وتویانە عەبدوڵای ئەفتەح منداڵێکی هەیە تۆمەتباریان دەکات بەوەی بەناچاری پەنایان بردووەتەوە بەر داهێنان و دروست کردنی کەسایەتیەکی خەیاڵاوی، لە پێناو دەرچوون لە سەرگەردانی و ڕێگەی داخراودا(١). کەچی هەمان پڕۆسە و ڕێگە دەگرێتەبەر لە گریمانە کردنی ئەوەی حەسەنی عەسکەری منداڵێکی هەیە، ئەمەشی بەناچاری کردووە لە پێناو دەرچوون لەو سەرگەردانی و وێڵییەی کە وەك گەردەلوول ڕەشماڵی بیری شیعەیان ئاڵۆز کرد لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی کۆچی.

دوای ئەمە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ناونانی کرداری بەلگە هێنانەوەی تیۆری لەسەر ئەوەی حەسەنی عەسکەری منداڵێکی هەیە، بە ناوی بەلگەی (عەقڵی) ئەمە لە ڕووی کەمتەرخەمی و خوازراوییە، گەرنا زۆر لەوە

---

(١) المرتضى: الشافي ١٨٤.

دوورترە کە بەڵگەی عەقڵی بێت، چونکە پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێك وتەی گێڕدراوە، تەنانەت هەندێکیان هەواڵی تاقانەن پێویستیان بەوەیە واتا و زنجیرەو سەندیان بچەسپێنرێت، وەك ئەو وتەیە کە دەڵێت: (ئیمامەت بە ستوونی پشتاو پشت دەچەسپێت، لە دوای حەسەن و حوسەین دروست نییە ئیمامەت لە برایەکەوە بۆ برایەکی تر بگوازرێتەوە)... ئالێرەوە شێخ صدوق وتویەتی: (دانان بە پەنهان بوونی مەهدی خاوەن سەردەم بنیاتراوە لەسەر دانان بە ئیمامەتی باوباپیرانی... ئەمە بابەت و دەروازەیەکی شەرعییە و بابەتێکی عەقڵی تەواو نییە)[1]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مشتومر لە هەر پێشەکیەکانی بەڵگەی (عەقڵ) درێژ دەبێت، وەك: پێویستی پارێزراو بوونی ئیمام، پێویستی بوونی دەقی خوایی لەسەر ئیمام، چەسپانی ئیمامەت لە ئالوبەیتدا، کورت هەڵهاتنی ئیمامەت لە ماڵی حوسەین دا، چۆنیەتی گوێزرانەوەی ئیمامەت لە ئیمامێکەوە بۆ ئیمامێکی تر، بانگەشەی سەرجەم ئیمامەکانی تر کە بانگەشەی ئیمامەت و مەهدیبوونیان کردووە وەك: (موحەممەدی کوڕی حەنەفیە و باوکی هاشمی کوڕی موحەممەدی حەنەفیە و زەیدی کوڕی عەلی و موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای خاوەن دەروونی پاك و ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر و کوڕەکانی و عەبدوڵای ئەفتەح و موحەممەدی کوڕی عەلی هادی)... هاوشێوەی ئەمانە لە بابەتە لاوەکییەکانی تیۆری ئیمامەتی خوایی، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، تا کۆچی دوایی ئیمام حەسەنی عەسکەری... مشتومڕو گفتوگۆ کردن لە هەر پێشەکیەك لەم پێشەکیانەدا ڕێگە دەگرێت لەوەی بگات بە گریمانەی: (ئەوەی حەسەنی عەسکەری

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٦٣.

منداڵێکی هەبێت).

ئـا لێـرەوە چەسـپاندنی بـوونی (ئیمـامی مەهـدی موحەممـەدی کـوڕی حەسـەنی عەسـکەری) بـە وێنەیـەکی عـەقڵی بـۆ سـەرجەم خـەڵك یـان تێکـڕای موسڵمانان یاخود گشت تاقمە شیعییەکان یان هەموو دەستەو پێڕەکانی ئیمامی کۆك و تـەبا نـەبوو لەگـەڵ ڕێسـاو بنـەمای (پشـتا و پشـت کردنـی ئیمامـەت بـە ستوونی) جا چ لەبەر سەختی یان ئەستەمی چەسپاندنی کەسایەتی ناوبراوەوە بێت... هەر لەبەر ئەمە زانایانی کلامی (دوازدە ئیمامی) مشتومڕیان نـەدەکرد لەگـەڵ هـیچ کەسـێك لـەبارەی چەسـپاندنی کەسـایەتی موحەممـەدی کـوڕی حەسـەنی عەسـکەری تـا کەسـەکە ملـی کـەچ نـەکردبا بـۆ پێشـەکییە دوورو درێژەکانی نەقڵی پێشـوو، و ئیمـانی نـەهێنابا بـە یەکـە بـە یـەکی پێشـەکیەکان ئینجا گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد.

جا عەبدوڕەحمانی کوڕی قوبەتی ڕازی لـە بەرپەرچدانەوەی عـەلی کـوڕی ئەحمەدی کـوڕی بەشـار وتویـەتی: (قسـە لەسـەر بابـەتێکی لاوەکـی ناکـەین کـە بنچینە و هێڵە سەرەکیەکانی نەچەسپا بێـت، ئـەو پیـاوە "موحەممـەدی کـوڕی حەسەن" کە بوونی ڕەت دەکەنەوە، لـە دوای بـاوکی مـاف بـۆ ئـەوە... جا هـیچ مانایەك نییە بۆ ورد نەبوونـەوەو سـەر نـەکردنی مـافی بـاوکی و لەگـەڵ ئێـوەدا خۆ سەرقاڵ بکەین بە بوونی موحەممەدی کوڕی حەسـەنی عەسـکەری، ئەگـەر مافەکە بۆ باوکی چەسپا، کەواتە مافی کوڕەکەشی دەچەسپێت بە دان پێـدانانی ئێـوە، ئەگـەر مـافی باوکیشـی نەچەسـپا و پوچـەڵ بـوو ئـەوا قسـەی ئێـوە سـەردەکەوێت و پوچـەڵی قسـەی ئێوەشمـان چەسـپاند) [1]. هـەروەها سـەید

(1) الصدوق: إكمال الدين ٥٤.

مورتەزا وتویەتی: (پەنهان بوونی ئیمام بابەتێکی لاوەکییە و لقێکی بنەماکانە، ئەگەر بنەماکان ڕاست و ڕەوان دەرچوون، ئەوا قسەکردن لەسەر پەنهان بوون ئاسانتر و ڕوونترە، چونکە پەنهان بوون بەو بنەمایانەوە پەیوەستە و وەستاوە، ئەگەر بنەماکان نا ڕاست بوون ئەوا قسە کردن لەسەر پەنهان بوونی ئیمام سەخت و ئەستەمە)[1].

ئەمەش دان پێدانانێکی ڕاشکاوە بە نەبوونی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی سەربەخۆ یان بەڵگەی زانستی و شەرعی کە بچەسپێنن ئیمامی عەسکەری منداڵێکی هەیە، کە ناوبراو مرد بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات منداڵی هەیە، بەڵکو پارەو سامانەکەی بە دایکی سپارد، و ئاماژەی بە هیچ میراتگرێکی تر نەداوە. دانانی گریمانی ئەوەی عەسکەری منداڵێکی بە نهێنی هەیە، ئەم گریمانەیە دامەزرابوو لەسەر (پێویستی بەردەوام بوونی ئیمامەتی خوایی تا ڕۆژی دوایی و پشتاو پشت کردنی بە ستوونی). سەرباری ئەوەی باوەڕ هێنان بە تیۆری ئیمامەت یان ملکەچ بوون بۆ ئیمامەتی (حەسەنی عەسکەری) پێویستی نەدەکرد کە باوەڕ بهێنرێت بەوەی ناوبراو منداڵێکی بەنهێنی هەیە. ئەمە ڕاستییەکە سەرۆکی حەوزەی زانستی لە شاری قوم دانی پێدا دەنێت، کە هاوچەرخە، ئەویش شێخ ناصر مکارمی شیرازییە لە کتێبەکەیدا: (المهدي: الثورة الكبرى)، ناوبراو دەڵێت: (دەکرێت بە بەڵگە هێنانەوەی فەلسەفی بابەتی گشتی و هەمەکی بچەسپێنرێت، بەڵام ناتوانێت پەنجەی بخاتە سەر مرۆڤێك لە دەرەوەدا و بوونی بچەسپێنێت)[1].

لە کۆتایی دا، تەنها گریمانەیەکی خەیاڵییە، گومانێکی بێ زانستە. خوای

---

(1) المرتضى: رسالة في الغيبة ٢.

بێ هاوەڵ و هاوتا ڕێگری لە ئێمە کردووە کە شوێن گومان بکەوین و بە گومان هەنگاوەکان بنێین، بەتایبەت لە بابەتەکانی بیروباوەڕدا، هەروەك دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾ ﴾ الإسراء: ٣٦. واتە: ("ئەی مرۆڤ" لە شتێك مەدوێ و شوێنی مەکەوە کە زانست و زانیاریت دەربارەی نییە، چونکە بەڕاستی دەزگاکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن، هەر هەمووی بەرپرسیارە لە بەرامبەریەوە).

خوای مەزن ڕەخنەی ئاراستەی خاوەن ئایینەکانی تر کردووە کە بیروباوەڕیان بنیات دەنێن لەسەر گومان و پێشبینی و گریمانە و لەم بارەوە فەرموویەتی: ﴿ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴾ الأنعام: ١٤٨. واتە: (پێیان بڵێ: ئایا هیچ زانیاری و زانستێکی خواییتان لەلایە، تا نیشانمان بدەن و بۆمان دەربخەن؟ ئێوە شوێنی هیچ شتێکی تر ناکەون جگە لە گومان و ئێوە هیچ شتێکی تر ناکەن مەگەر ئەوە نەبێت کە درۆ دەکەن).

خوای بێ وێنە فەرموویەتی: ﴿ إِنْ هِىَ إِلَّآ أَسْمَآءٌ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهْوَى ٱلْأَنفُسُۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلْهُدَىٰٓ ﴿٢٣﴾ ﴾ النجم: ٢٣. واتە: (ئەم بت و پەیکەرانە تەنها شتێکە کە خۆتان و باووباپیرانتان ناوتان لێناون و هیچی تر نین، خوا بەڵگەیەکی نەناردووە

---

() الشيرازي: مهدي إنقلاب بزرك ٢١٣.

لەسەر ڕەوا بوونیان، سەیرە، ئەوانە تەنها شوێنی گومان و ئارەزووی دەروونە نەخۆشەکانیان دەکەون، لە کاتێکدا کە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارییانەوە هیدایەت و ڕێنموونیان پێ گەیشتووە).

خوای زانا و خاوەن توانا فەرمووویەتی: ﴿وَمَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍۖ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّۖ وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغْنِى مِنَ ٱلْحَقِّ شَيْـًٔا﴾ النجم: ٢٨. واتە: (ئەوانە لەو بارەیەوە هیچ جۆرە زانست و زانیارییەکیان نییە، بەڵکو هەر شوێنی گومانی بێ سەرو بن دەکەون، لە کاتێکدا کە گومان بەهیچ شێوەیەك جێگەی حەق و ڕاستی ناگرێتەوە).

## دەروازەی سێیەم

## ڕەخنەگرتن لە بەڵگەی نەقڵی

پێویستمان بەوە نییە مشتومڕ بکەین لەسەر ئەو بەلگانەی لە قورئانی پیرۆزەوە هێنا بوویانەوە، یان پێویست بەوە ناکات تاوتوێی ئەو فەرموودە گشتیانە بکەین کە لەبارەی مەهدی یان ئیمام دەدوێن بێ ئەوەی شوناسی کەسەکە دیاری بکات... جا ئامانج و مەبەستی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکەمان ڕەتکردنەوەی بنەڕەتی بنەما و یاسای دەرکەوتنی مەهدی نییە لە ئایندەدا... بەڵکو ئامانجمان وایە بڵێین کەسێك بەناوی (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) لە دایك نەبووەو هێشتا نەهاتۆتە بوون، دواتر ئەم ئایەت و فەرموودانەی لەم بارەوە هاتوون گشتی و هەمەکین و لە دایکبوون و هەبوونی ئەو کەسە ناچەسپێنن، سەرباری ئەوەی کە دەکرێت مشتومڕ بکرێت لەسەر ئاماژە و واتاکانی ئایەتە پیرۆزەکان لەبارەی ئەم بابەتەوە.

سەبارەت بەو گێڕانەوانەی لەبارەی (پەنهان بوون) یان (کەسی پەنهان بووەکە) هاتوون ئەوا بەهەمان شێوە بە شێوەیەکی دیاریکراو لەبارەی (کەسی پەنهان بووەکە) نا دوێن... ناوی (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) باس ناکەن و بەتایبەت ئاماژەش ناکەن بۆ پەنهان بوونی ناوبراو... دواتر ئەم گێڕانەوانە بەلگەیەك نین لەسەر (پەنهان بوونی بەلگەی کوڕی حەسەن) چونکە ناوبراو هێشتان هەر لە دایك نەبووە... تاکو پەنهان بووبێت!... تەنانەت گێڕانەوەکان نادوێن لەبارەی ڕووداوێك پێش ڕوودانیان تا ببێتە شتێکی دەرئاسا و بەلگەیەك لەسەر دروستی پەنهان بوونەکە، هەروەك شێخ صدوق ئاماژەی پێکردووە.

هیچ واتاو بەلگەیەك لەم گێڕانەوانەدا بەدی ناکرێت کە پشتی بۆچوونی زانا کەلامییە ئیمامییەکان بگرێت، چونکە گێڕانەوەکان هەواڵی شتێکیان تێدا نییە کە هێشتا ڕووی نەدا بێت، هەروەك شێخ توسی ئاماژەی بەمە کردووە، هیچ هەواڵێك لەم بارەوە پێشتر لەلایەن خودای غەیب زانەوە ڕانەگەینراوە... چونکە ئەم گێڕانەوانە باسیان لە کەسانێکی تر دەکرد کە بە کردار هەبوون، بانگەشەی مەهدیبوونیشیان کرا، ونبوون لە دۆڵ و شیو و چیا و بەندیخانەکان، وەك: موحەممەدی کوڕی حەنەفیە و موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەن (خاوەن دەروونی پاك) و ئیمام موسای کازم... لە ئەنجامی ونبوون و پەنهان بوونی ناوبراواندا پشتیوان و شیعەکانیان پەرتەوازە و سەرگەردان بوون... هاوەڵانی ناوبراوان ئەم گێڕانەوانەیان دروست کرد لە سروش و نیگای واقیع لە پێناو ئامانجی تایبەت، بەتایبەت شیعە واقفییەکان کە زۆر بە توندی باوەڕیان هەبوو بە مەهدیبوونی ئیمامی کازم، کاتێك ڕەشید ناوبراوی بەند کرد، ئەوا واقفییەکان وتیان ئیمامی کازم پەنهان بووە،

کاتێك ئیمامی ناوبراو کۆچی دوایی کرد، تاقمی واقفییەکان ئەم هەواڵەیان ڕەتکردەوەو دانیان بەوەدا نەنا کە مردووە و بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئیمامی ناوبراو لە بەندیخانە هەڵاتووەو چووەتە بارو حاڵەتی پەنهان بوونی گەورەوە کە تیایدا نا بینرێت، قۆناغی بەندیخانەیان بە پەنهان بوونی بچوك دانا. پەنهان بوونی گەورەش درێژترە لە پەنهان بوونی بچوك، چونکە پەنهان بوونی گەورە بێ سنوور درێژ دەبێتەوە.

تاقمی واقفییەکان ئەو فەرموودانەی لەبارەی پەنهان بوونەوە دەدوێن بە پێی مەبەستی خۆیان ڕاڤەیان کردووەو وەك سەرجەم ئەو بزوتنەوانەی پێشتر بەناوی مەهدیبوون ئەوەیان کردووە، جا تاقمی ناوبراو فەرموودەکانیان لەسەر ئیمامی کازم جێبەجێ کرد.

ئەگەر هەڵوەستە بکەین لە سەر ئەو گێڕانەوەی نوعمانی هێناویەتی لەبارەی (پەنهان بوونەوە)، کە لەو بارەیەوە دەڵێت: (ئەگەر تەنها ئەم فەرموودەیە لەبارەی پەنهان بوونی ئیمامەوە گێڕدرابایەوە. ئەوا بەس بوو بۆ ئەو کەسەی لێی ورد دەبێتەوەو ڕا دەمێنێت) دەبینین گێڕانەوەکان دەدوێن لەسەر مردن و کوشتن و چوونی ئیمامێك کە پێشتر هەبووەو ناسراو بووە... کەچی نوعمانی پێویستی بەوەیە سەرەتا بوونی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری بچەسپێنێت، تا دواتر بتوانێت ئەم کردارانەی بداتە پاڵ.

زانا کەلامییە ئیمامییەکان لە سەرەتای (سەدەی سێیەمی کۆچی) هەوڵیان دەدا ڕاستی گریمانەی بوونی ئیمامی دوازدەم موحەممەدی کوڕی حەسەن بچەسپێنن و قسەیان لەسەر (مەهدی و مەهدیبوون) نە دەکرد. چونکە ئەوان پێویستیان بە سەلماندنی بوونی عەرش هەبوو بەر لە سەلماندنی نەخش و نیگارەکە... بەڵام ئەو قەیرانەی تێیکەوتن لە دوای بانگەشە کردنی بوونی

موحەممەدی کوڕی حەسەن کە بریتی بوو لە: (دەرنەکەوتنی ئیمام بۆ هەڵسان و ڕاپەڕانـدنی ئەرکـەکانی مەهـدیبوون) ئەمـە ئـەوانی پاڵنـا بـۆ لێکۆڵینـەوەو توێژینەوە لە کەلەپوری کۆنی شیعە وەك: (کیسانییەکان و واقفییەکان)، گەڕان بـە دوای ڕێگایـەك بـۆ دەرچـوون لـەم وێڵـی و سـەرگەردانییە، جـا لـە فـەرموودەکانی کـۆن کـە لـەبارەی مەهـدیبوون دەدوێـن باشـترین چارەسـەریان دۆزییەوە بۆ دەرچوون لە قەیرانی دەرنەکـەوتنی ئیمـام، لـە هـەمان کاتـدا وەك بەڵگەیـەکی نوێیـان بـەکارهێنا لـەبارەی چەسـپاندنی گریمانـەی (بـوونی موحەممەدی کوڕی حەسەن).

ئـالێرەوە ئـەو گریمانەیـە گەشـەی کـرد کـە گرنگـی دەدا بـە چەسـپاندنی (بوونی ئیمامی دوازدەم) و چووە سەر تاوتوێ کردنی (مەهـدیبوون) و باسـەکە لـە دەوری (بـوونی ئیمـامی مەهـدی بەڵگـەی کـوڕی حەسـەنی عەسـکەری) خولایەوە. ئەمەش بە پەلهاویشتن لە خاڵی هەبوونی بۆشایی و پـەنهان بـوون و نەبینرانی ناوبراو، لەمانەش ئەم دەرەنجامـەیان هـەڵهێنجا: (کـە ئەوکەسـەی وا دانـراوە کـە ئیمـام بـێ و بەرچـاویش نییـە: ئـەو کەسـە مەهـدی پـەنهان بـووە، هۆکاری نەبینرانیش: پەنهان بوونیەتی)!.

ئەگەر دروست بێت بەڵگە بەم گێڕانەوانە بێنینـەوە لەسـەر مەهـدیبوونی ئیمامە ناسراوەکانی پێشوو، کـە ونبـوون لـە بەندیخانـە و دۆڵ و شـیوەکان یـان سەرجەم ناوچەکانی زەویی، ئەوا هەرگیز دروست نییـە بـە بەڵگـە بهێنرێنـەوە لەسـەر دروسـتی گریمانـەی (بـوونی موحەممـەدی کـوڕی حەسـەن)... چـونکە بوونی ناوبراو جێگای مشتومڕو ڕاجیایی بوو لە نێوان خودی هاوەڵانی ئیمامی عەسـکەری، پرۆسـەی بەڵگـە هێنانـەوە بـەم گێڕانەوانـە لەسـەر مەهـدیبوونی موحەممـەدی کـوڕی حەسـەن ئـەوا لـە سـەرەتادا پێویسـتە بەڵگـە بهێنرێتـەوە

لەسەر چەسپاندنی بوونی ناوبراو بەر لەوەی قسە بکرێت لەسەر ئیمامەت و مەهدیبوون و پەنهان بوون و هاوشێوەی ئەم شتانە.

بەڵگە هێنانەوە بە پەنهان بوون لەسەر بوونەکەی، بێ ئەوەی پێش پەنهان بوونەکە بوونی کەسەکە بچەسپێنرێت، ئەمە وەك بەڵگە هێنانەوەیە لەسەر بوونی ئاوێك لە ناو کاسەیەك، بەوەی بوترێت: (ئاو نە بۆن نە ڕەنگی نییە... ئێمەش هیچ بۆنێك ناکەین و هیچ ڕەنگێك نابینین لەم کاسەیەدا... کەواتە ئاوی تێدایە!).

ئەگەر ئەمە دروست نەبێت، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بوونی شتێکی شل لە کاسەکە بچەسپێت، ئینجا بوترێت: (شلەکە ڕەنگ و بۆنی نییە... کەواتە ئاوە)، ئەوا پرۆسەی چەسپاندنی بوونی (کوڕی حەسەن)، پێویستی بەوەیە سەرەتا بوون و ئیمامەت و مەهدیبوونەکەی بچەسپێنرێت... دواتر پەنهان بوونەکەی، نەك بە پێچەوانە بەڵگە بهێنرێتەوە، جا نەناسراو و نەبوو و پەنهان بوون بە بەڵگە بهێننەوە لەسەر چەسپاندنی بوون و ئیمامەت و مەهدیبوونی کەسێك کە هێشتان مایەی مشتومڕو جێگای باس و خواسە!.

کەواتە لە ڕاستیدا نابێت بەڵگە بە فەرموودەکانی (پەنهان بوون) کە گشتی و ناڕۆشن و لاوازن بهێنرێتەوە لەسەر چەسپاندنی بوونی (ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری).

هەندێك لەوانەی هەوڵی بڵاوکردنەوەو بازار گەرم کردنی بابەتی (پەنهان بوون) دەدەن هەوڵیان داوە بەڵگە و گەواهی بهێننەوە بە فەرموودەی پەنهان بوونی بچوك و گەورە، تا دروستی (گریمانەی بوونی کوڕی حەسەن) بچەسپێنن. بەڵام چیرۆکی (دوو پەنهان بوونەکە) بە خۆی لە مێژوودا نەچەسپاوە، هیچ بەڵگەیەکیشی لەسەر نییە تەنها بابەتی (نوێنەرایەتی

تایبەت) نەبێت کە هەندێك کەس بانگەشەی نوێنەرایەتیان کرد، کەچی لەم سەردەمەدا بۆیان نەچەسپا، ئەو شیعانەی دەیانوت (موحەممەدی کوڕی حەسەن) هەیە ڕاجیا بوون لەبارەی ڕاستی بانگەشەی فڵانە یان فیسارە کەسە کە گوایە نوێنەری تایبەتە، نزیکەی بیست کەس ئەو بانگەشەیەیان کرد و زۆرترینیان لە زیادەڕۆچووان بوون. ئالێرەوە سنووری جیاکەرەوەی نێوان پەنهان بوونی بچوك و گەورە، سنوورێکی خەیاڵی بوو کە لە مێژوودا نەچەسپاوە. تێبینی دەکرێت کە گەواهی و بەڵگە هێنانەوە بە (دوو پەنهان بوونەکە) سەرەتا (نعمانی) وەك ئامراز و گەواهی هێنایەوە لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی دەستی پێ کرد، دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی (نوێنەرە تایبەتەکان)، ئەو نووسەرانەی پێش (نعمانی) لەبارەی (پەنهان بوون) نووسیویانە باسی ئەوەیان نەکردووە بەڵکو تەنها ئاماژەیان بە یەك (پەنهان بوون) کردووە. چونکە پێشتر نەیانزانیبوو کە دوو پەنهان بوون ڕوودرابن.

سەید مورتەزای عەلی هودا و شێخ توسی لە کاتی دووان لەسەر هۆکارەکانی پەنهان بوون دانیان بەوەدا ناوە: کە سەرەتا پێویستە: توێژینەوەو لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر بوونی ئیمامی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری بەر لەوەی باس لە پەنهان بوون و هۆکارەکانی بکرێت، هەروەها وتویانە: (هەر کەسێك گومانی هەبێت لە ئیمامەتی "موحەممەدی کوڕی حەسەن" پێویستە قسە لەگەڵ ئەو کەسە بکرێت لەسەر دەقی ئیمامەت و واتاکانی، دروست نییە کەسێك گومانی لە ئیمامەت هەبێت کەچی ئێمە باسی هۆکارەکانی پەنهان بوونی بۆ بکەین، چونکە ڕەوا نییە قسە لەسەر بابەتی

لاوەکی بکرێت تا بابەتی سەرەکی تۆکمە نەکرێت)[1].

## بەڵگەی دوازدە ئیمامی

ئەمە بەڵگەیەکی کۆن نییە بەڵکو تازەیە... کە لە دوای زیاتر لە نیو سەدە لە سەرگەردانی ئەوا زانا کەلامییە ئیمامییەکان دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ئەم بەڵگەیە، تەنانەت شێخ عەلی کوڕی بابویەی صدوق لە کتێبەکەیدا (الإمامة والتبصرة من الحيرة) ئاماژەی پێ نەکردووە، نوبەختی بەهەمان شێوە لە کتێبەکەیدا (فرق الشيعة) ئاماژەی پێ نەکردووە، سەعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری قومی لە کتێبەکەیدا (المقالات والفرق) ئاماژەی پێ نەکردووە... چونکە تیۆری (دوازدە ئیمامی) لە سەدەی چوارەم لە ناکاو بەسەر ئیمامییەکاندا هات، دوای ئەوەی تیۆری ئیمامەت تا کۆتا سەردەم درێژ ببووەوە بێ سنوورو دەستنیشان کردن لە ژمارەیەکدا، هەروەك ئەمە حاڵی بۆچوونی شیعە ئیمامییە ئیسماعیلییەکان و زەیدییەکانە... چونکە هاوتەریب و جێگرەوەی تیۆری شورا بوو... جا مادەم لە سەر زەوی موسڵمان هەن و پێویستیان بە دەوڵەت و ئیمام هەیە، قەدەغەشە بۆیان پەنابەرنە بەر شوراو هەڵبژاردن، هەروەك ئەمە بۆچوونی ئیمامییەکانە، ئەوا پێویست بوو خودا ئیمامێکیان بە دەق بۆ دەستنیشان بکات... بۆچی ژمارەی ئیمامەکان هەر لەم دوازدەیەدا کورت هەڵدەهێنرێت و دیاری دەکرێت؟.

ئا لێرەوە ئیمامییەکان و ئەوانەش کە وتیان (ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) هەیە، سەرەتا ژمارەی ئیمامەکانیان دیاری نەکردبوو، باوەڕیان وانەبوو کە ناوبراو کۆتا ئیمامە، تەنانەت نوبەختی لە کتێبەکەیدا

---

(١) الطوسي: تلخيص الشافي للمرتضى ٤/٢١٣.

(فـرق الشـيعة) دەڵێـت: (ئیمامـەت لـە نـەوەکانی ئیمـامی دوازدەمـدا بـەردەوام دەبێت تا ڕۆژی دوایی)[١].

ئەو گێڕانەوانەی (صفار و کلینی و حمیری و عیاشـی و موفیـد و الحـر العـاملی) و کەسـانی تـریش هێناویانـە، ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە ئیمامـەکان نـەیانزانیوە لیسـتێکی پـێش وەختـە ئامـادە کرابێـت هـەر لـە سـەردەمی پێغەمبەری خواوە، تەنانەت نەشیان دەزانی خۆیان ئیمامن، یـان نـەیان دەزانـی ئیمامی دوای خۆیان کێیە، تەنها لە کاتێکی نزیك لە سەرەمەرگیان نـەبووبا، چ جای ئەوەی شیعەکان یاخود ئیمامییـەکان زانیبێتیـان ئیمـامی داهاتوو کێیـە؟، تەنانـەت ئـەو شـیعانە لـە دوای مردنـی هـەر ئیمامـەك لـە نـاو سـەرگەردانی و لانەی وێڵبووندا دادەنیشتن، داواشیان لە هەر ئیمامێك دەکرد کـە ئیمـامی دوای خۆی دیاری بکات و ناوەکەی بە ڕۆشنی بڵێت تا نەمری بێ ئەوەی ئـەوان نـاوی ئیمامی نوێ بزانن[٢]. صفار لە کتێبی (بصـائر الـدرجات) لـە بەشـی: ئیمامـەکان دەزانن وەسیەتنامە و ڕاسپاردە بۆ کێ دەکەن بەر لە مردنیـان، ئەمـەش بـەوەی خـودا بـەوانی ڕادەگەیانـد، فەرموودەیـەك لـە ئیمـامی صـادق دەگێڕێتـەوە کـە تیایدا وتویەتی: (هیچ زانایەك نەمردووە تا نەیزانیبێت وەسیەت بۆ کێ دەکات لە دوای خۆی)[٣]. کلینی بەهەمان شێوە لە ئیمـامی صـادق دەگێڕێتـەوە: (ئیمـام نامرێـت تـا ئیمـامی دوای خـۆی نەناسـێت و وەسـیەتی بـۆ نـەکات)[٤]. ئەمـەش

---

١) النوبختي: فرق الشيعة، الفرقت التي قالت بوجود ولد للعسكري.

٢) بگەڕێـەوە بـۆ ئـەم سەرچـاوانە: بصـائر الـدرجات للفـار، الكـافي للكلـيني، قـرب الإسـناد للحمـيري، تفسير العياشي، الإرشاد للمفيد، إثبات الهداة للحر العاملي.

٣) الصفار: بصائر الدرجات ٣٧٤.

٤) الكليني: الكافي ٢٧٧/١.

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئیمامەکان پێشتر ناوی ئیمامی جێگرەوەی خۆیان نەدەزانی یان نەیاندەزانی لیستێکی پێشوەختە هەبووبێت و ناوی ئیمامەکانی تێدا بووبێت. جا صفار و صدوق و کلینی زۆر لەوەش دوورتر چوونە و لە صادق گێڕاویانەتەوە کە وتویەتی: (ئیمامی داهاتوو لە کۆتا چرکەی ژیانی دا ئیمامی یەکەم دەزانێت کە خۆی ئیمامە و ئەو ئەرکەی پێ دەسپێررێت)[1].

لە دەرەنجامی ئەمەدا کۆمەڵێك پرسیار لە ماوەی ژیانی ئالوبەیتدا خرانەڕوو، کە ئەمانەن: چۆن ئیمام دەزانێت ئیمامە کاتێك باوکەکەی لە شارێکی تری دوور مردووە؟ چۆن دەزانێت خۆی ئیمامە، ئەگەر وەسیەت کرابوو بۆ کۆمەڵێك؟ یان وەسیەت هەر نەکرابوو؟... ئایا خەڵکی چۆن دەزانن ئەو کەسە بووەتە ئیمام؟.. بەتایبەت کاتێك برایان مشتومڕو ململانێیان بوو لەسەر ئیمامەت و هەر یەکەشیان بانگەشەی وەسیەت و ڕاسپێررانی خۆی کرد؟... هەروەك ئەمە ڕوویداوە لە نێوان کۆمەڵێك لە ئیمامەکان لە مێژوودا؟.

کلینی فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە لە کەسێکی عەلەوی کە پابەندە بە تیۆری ئیمامەت، ئەویش (عیسای کوڕی عەبدوڵای کوڕی موحەممەدی کوڕی عومەری کوڕی عەلی کوڕی عەبدولوتەڵیبە)، دەڵێت: (پرسیارم کرد لە باوکی عەبدوڵا: کە ئەگەر ڕووداوێك ڕوویدا و بارودۆخێك هاتەپێش، خوای گەورەش ڕێنموونی نەکردم لەم بارودۆخەدا جا من شوێنی کێ بکەوم؟... وتی: ئاماژەی کرد بۆ موسای کوڕەکەی، وتم: ئەگەر شتێك بەسەر موسادا هات شوێنی کێ بکەوم؟ وتی: کوڕەکەی موسا؟، وتم: ئەگەر کوڕەکەشی شتێکی بەسەرهات و منداڵێکی بچوك و برایەکی گەورەی لە پاش بەجێما، لەو کاتە شوێنی کامەیان

---

(١) الصفار: بصائر الدرجات ٤٧٨، الصدوق: الإمامة والتبصرة من الحيرة باب ١٩/٨٤، الكليني: الكافي ١/٢٧٥.

بکەوم؟ وتی: منداڵەکەی، دواتر وتی: بەم شێوەیە شوێنی منداڵ و نەوەکانی بکەوە بۆ هەتا هەتایە. وتم: ئەگەر نەمناسی و شوێنەکەیم پێنەزانی؟ وتی: بڵێ: پەروەردگارا من شوێنکەوتوو و پشتوانی لەو بەڵگە و ئیمامەی تۆ دەکەم کە لە نەوەی ئیمامی پێشووە، ئەم نزایە بکە و بەویستی خودا بەسە بۆت)[1].

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لیستێکی پێشوەختەی ئامادەکراو نەبووە، (عیسای کوڕی عەبدوڵا) کە عەلەوی و ئیمامییە نەیزانیوە لیستێکی وا هەبێت، کە دەگونجێت بکەوێتە ناو سەرگەردانی و نەزانییەوە. ئەگەر لیستە پێشوەختە ئامادەکراوەکە هەبووبا ئەوا ئیمامی (صادق) ئاماژەی بۆ دەکرد.

لەبەر ناڕۆشنی شوناسی ئەو ئیمامانەی دواتر دەهاتن لەلایەن زۆربەی شیعەکان و ئیمامییەکان، ئەوا ناوبراوان بەردەوام پرسیاریان لە ئیمامەکان دەکرد لەبارەی ئەو هەڵوێستەی کە پێویستە بیگرنەبەر لە کاتی مردنی یەکێك لە ئیمامەکان. لەم بارەدا (کلینی و (کوڕی بابویە و عیاشی) فەرموودەیەك لە یەعقوبی کوڕی شوعەیب دەگێڕنەوە کە ئەویش لە صادقەوە گێڕاویەتیەوەو دەڵێت: (پێم وت: ئەگەر شتێك بەسەر ئیمام داهات خەڵکی چ بکەن؟ وتی: با بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴿١٢٢﴾﴾ التوبە: ١٢٢. واتە: "جا ڕەوا نییە هەرچی ئیماندار هەیە بەجارێك بچن بۆ غەزا _ یان بۆ هەر کارێکی پێویست _، دەبێ بۆچی لە هەر هۆزو دەستەیەك، کەسانێك نەچوون

(١) الكليني: الكافي ٣٠٩/١.

بۆ خوێندن تا شارەزا بن لە ئایین تێبگەن و فێر بن و قەومەکەشیان تێبگەیەنن و فێریان بکەن کاتێك کە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆ ئەوەی ئەوان هۆشیار ببنەوەو خۆیان بپارێزن لەگوناه و خوا لە خۆیان نەڕەنجێنن"، وتم: بارودۆخیان چۆنە؟.. وتی: ئەوان پاساویان هەیە مادەم داوا دەکەن و پشکنین دەکەن، ئەوانەش چاوەڕێ پشکنەرانی دەکەن پاساویان هەیە تا هاوەڵانیان دەگەڕێنەوە لایان)[1].

گێڕانەوەیەکی هاوشێوەی ئەمە هەیە کە لە زرارەی کوڕی ئەعیونەوە هاتووە، ناوبراو دووچاری ئەم کێشەیە بووەوە هەر لە دوای کۆچی دوایی ئیمامی صادق مردووەو و ئیمامی نوێی نەناسیووە، زورارە قورئانی داناوەتە سەر سینەی خۆی و وتی: (خودایە شایەت بە من دان بە ئیمامەتی کەسێکدا دەنێم کە ئەم کتێبە پیرۆزە ئیمامەتی ئەوی دیاری کردووە)[2]. جا زورارە یەکێك بوو لە گەورەترین قوتابیەکانی ئیمامی باقرو ئیمامی صادق، کەچی نەیزانی جێگرەوەی ئیمامی (صادق) کێیە، بۆیە عەبدوڵای کوڕی خۆی ڕەوانە کردە شاری مەدینە، تا هەواڵی ئیمامی نوێی بۆ بێنێت، بەڵام بەر لەوەی کوڕەکەی بگەڕێتەوە زورارە مرد، بێ ئەوەی بزانێت کێ ئیمامە؟[3].

چەندین گێڕانەوەی تر لە (کلینی و مفید و توسی) هاتوون و دەڵێن: ئیمامی هادی لە سەرەتادا وەسیەتی کرد بۆ سەید موحەممەدی کوڕی، بەڵام ناوبراو هەر لە ماوەی ژیانی باوکیدا مرد، دواتر وەسیەت و ڕاسپاردەی کرد بۆ حەسەنی کوڕی و پێی وت: خودای گەورە لە بارەی موحەممەد شتێکی تری بۆ

---

(١) الصدوق: الإمامة والتبصرة من الحيرة ٧٧، الكليني: الكافي ٣٧٨/١، تفسير العياشي ١١٧/٢.

(٢) الصدوق: إكمال الدين ٧٤.

(٣) هەمان سەرچاوەی ٧٦.

دەرکەوت وەك چۆن لەبارەی ئیسماعیل شتێکی تری بۆ دەرکەوت... کوڕی خۆم سوپاسی خودا بکە لەسەر ئەو کارە یان ئەو نیعمەتەی بە تۆی داوە[١].

جا ئەگەر گێڕانەوەکانی لیستی پێشوەختەی ناوی ئیمامەکان ڕاست بن و پێشتر هەبووبن، ئەوا بۆچی شیعە ئیمامییەکان نەیان ناسیووە کە لە دوای کۆچی دوایی کردنی ئیمام حەسەنی عەسکەری ڕاجیاییان تێکەوت و سەرگەردان بوون. ئەگەرنا بۆچی فەرمووودەناسان یان مێژوونووسە ئیمامییەکان لە سەدەی سێیەمی کۆچی ئاماژەیان پێنەدەکرد؟.

کەواتە تیۆری (دوازدە ئیمامی) لە عەقڵ و هۆشی ئیمامی دا جێگیر نەبوو تا ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی... تا ئەو کاتەی شێخ موحەممەدی کوڕی عەلی صدوق گومانی خۆی دەربڕی لەبارەی دیاریکردنی ئیمامەکان لە تەنها دوازدە ئیمامدا، لەم بارەوە وتی: (ئێمە بە دووری نازانین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دان بە دوازدە ئیمام دەنێین، باوەڕیش بەوە دەکەین کە ئیمامی دوازدەم لەبارەی دوای خۆی باسی لێوەدەکات)[٢].

هەروەها کەفعەمی لە کتێبی (المصباح) ئەم نزاو پاڕانەوەی لە ئیمامی (ڕیزا)وە گێڕاوەتەوە لەبارەی (مەهدی خاوەن سەردەم): (... خودایە درود بدە لەسەر جێنشین و جێگرەوەکانی و ئەو ئیمامانەی دوای ئەو دێن) [٣].

صدوق چەندین گێڕانەوەی گێڕاوەتەوە لەبارەی پێشبینی درێژبوونەوەی ئیمامەت لەدوای ئیمامی دوازدەم و کورت نەبوونەوەی ئیمامەت لە ئیمامی دوازدەدا، گێڕانەوەیەك لەو گێڕانەوانە لە ئیمامی میری باوەڕداران "سڵاوی

---

(١) الكليني: الكافي ١/٣٢٦ و ٣٢٨، المفيد: الإرشاد ٣٣٦ و ٣٣٧، الطوسي: الغيبة ١٢٠ و ١٢٢.
(٢) الصدوق: إكمال الدين ٧٧.
(٣) القمي: مفاتيح الجنان ٥٤٢.

خـوای لێبێـت" هـاتووە لـەبارەی ناڕۆشـنی بـارودۆخی دوای ئیمـامی مەهـدی و مـیری بـاوەڕداران وتویـەتی پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) پـەیمانی لێوەرگرتـووم: (جگـە لـە حەسـەن و حوسـەین بـە کەسـی تـر نـەڵێم)، هـەروەها وتویـەتی: (پرســیارم لــێ مەکــەن لــەبارەی بــارودۆخی دوای ئیمــامی مەهــدی، خۆشەویستەکەم پـەیمانی لێوەرگرتـووم کـە جگـە لـە خزمـە هـەرە نزیکـەکانم بەکەسی تر نەڵێم)[١].

توسـی گێڕاویەتیـەوە: کـە پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) بـە عـەلی فـەرمووە: (عەلی لە دوای من دوازدە ئیمام دێـن، لـە دوای ئـەوانیش دوازدە مەهـدی دێـن، عەلی تۆ یەکەم ئیمامی لە دوازدە ئیمامەکە... پاش ئیمامـەکان دوازدە مەهـدی دێن)[٢].

کاتێـك بـیرەی دیـاریکردنی ژمـارەی ئیمامــەکان دروسـت بـوو، لـە دوای بانگەشــە کردنــی بــوون و پــەنهان بــوونی موحەممــەدی کــوڕی حەســەنی عەسکەری، خەریك بوو شیعە لـەناو خۆیانـدا ڕاجیـابن لـەبارەی دیـاری کردنـی ژمـارەی ئیمامـەکان بـە دوازدە یـان سـێزدە ئیمـام، چـونکە لـەو کاتـدا چـەند گێڕانەوەیەك دەرکـەوتن کـە دەیـان وت: ژمـارەی ئیمامـەکان سـێزەدەیە، کلینـی ئـەم گێڕانەوەیـەی لـە کتـێبی (الکافی)دا هێنـاوە[٣]. لـەو کتێبـەی لـەو ماوەیـەدا دەرکەوت کە درایە پاڵ (سەلی کوڕی قەیسی هیلالی) ئـەوە بەرچـاو کـەوت کـە یەکێك لە گێڕانەوەکان دەیوت: پێغەمبەر (ﷺ) بە میری باوەڕدارانی فـەرموو: (تـۆ و یـازدە نـەوەی تـۆ ئیمـامی ڕاسـت و دروسـتن). ئەمـە هیبـەتوڵای کـوڕی

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٧٨.
(٢) الطوسي: الغيبة ٩٧.
(٣) الكليني: الكافي ١/٥٣٤.

ئەحمـەدی کـوڕی موحەممـەدی کاتـب کـە دەکاتـە کـوڕەزای بـاوکی جەعفـەری موحەممەدی کوڕی عوسمانی عومری پاڵنا کە سەرگەرمی زانستی کەلام بوو تـا کتێبێـك بنووسـێت لـەبارەی (ئیمامـەت)، (هیبـەتوڵا) لـە کتێبەکـەدا دەڵێـت: ئیمامـەکان سـێزدەن، زەیـدی کـوڕی عـەلییش دەخاتـە نـاو لیسـتە ناسـراوەکە، هەروەك نەجاشیش لە کتێبەکەی (الرجال) ئەم گێڕانەوەیە دێنێ.

مێژوونووسی شیعی مسعودی "ساڵی ٣٤٥ك مردووە" لە کتـێبی (التنبیـە الإشراف)دا باسی کردووە: (بنەڕەتی وتنی کورت هەڵهێنانی ژمـارەی ئیمامـەکان لـە دوازدەدا ئەوەیـە کـە "سـەلیمی قەیسـی هیلالـی" لـە کێبەکەیـدا باسـی کردووە)[1].

جا ئـەم کتێبـەی سـەلیم لـە سـەرەتای سـەدەی چوارەم دەرکـەوت، لیسـتە پێشـتر ئامادەکراوەکـە لـە خـۆ دەگرێـت کـە نـاوی دوازدە ئیمامـەکانی تێدایـە، لەبارەی لیستەکەوە دەڵێت: لەوەتـەی سـەردەمی پێغەمبـەری خـوداوە ناسـراوە، هەر خودی پێغەمبەری خودا پێشتر ئەم لیستەی ڕاگەیاندووە. دەرکەوتنی ئـەم کتێبە بـووە هـۆی دروسـتبوونی تـاقمی (دوازدە ئیمـامی) لـە سـەدەی چوارەمی کۆچـی... دواتـر گێڕەڕەوەکـان هێـدی هێـدی دەسـتیان کـرد بـە هەڵبەسـتن و لەخۆوە دروست کردنی گێڕانەوەکان. کلینی لە کتێبەکەیدا الکافی تـەنها حەڤـدە گێڕانەوەی باس کردووە، بە پەنجا ساڵ دوای کلینی ئـەوا صدوق هـات و سـی و شتێك گێڕانەوەی زیـاد کـرد، دواتـر قوتابیەکـەی هـات خـەزاز، تـا گێڕانـەوەکان زیاد بکات بۆ دوو سەد گێڕانەوە[2].

---

(١) المسعودي: التنبیه والإشراف١٩٨، الأمیني: الغدیر ١/١٩٥.

(٢) بـۆ زانیـاری زیـاتر، بگـەڕێوە بـۆ کتـێبی (نقـد الأحادیـث الشیعیة والسـنیة الـواردة حـول الإثـني عشریة، دانەر نووسیویەتی، کە لەسەر تۆڕی زانیاری (ئینتەر نێت) هەیـە لـە پێگـەی (الکاتـب:

## موفید کتێبەکەی سەلیم بە لاواز دادەنێت

هەر یەك لە (کلینی و نوعمانی و صدوق) لە دانان بە بۆچوونی (دوازدە ئیمامی) پشتیان دەبەست بە کتێبەکەی سەلیم، نوعمانی وەسفی کتێبەکەی کردووە بەوەی: (یەکێك لەو بنەما و سەرچاوانەی شیعە بۆی دەگەڕێتەوەو پشتی پێدەبەستێت)، بەڵام تێکڕای شیعە بە گشتی لەو سەردەم دا گومانیان هەبوو لە هەڵبەستنی کتێبەکەی سەلیم، ئەمەش بەهۆی گێڕانەوە لە ڕێگەی موحەممەدی کوڕی عەلی صەیرەفی باکوی سەمینە درۆزنێکی ناودارە، هەروەها لە ڕێگەی ئەحمەدی کوڕی هیلالی عەبرتائی کە زیادەڕۆچووی نەفرەتییە، تەنانەت کوڕی غەزائری وتویەتی: (هاوەڵانمان دەیانوت: سەلیم ناسراو نییە و کەس نایناسێت هەر باسیشی نییە... گومان لەوەدا نییە کتێبەکە هەڵبەستراوە، چەند نیشانە و ئاماژەیەك هەن کە بەلگەن لەسەر هەڵبەسترانی کتێبەکە)[1]. حا شێخ موفید کتێبەکەی سەلیمی بە لاواز داناوەو لەم بارەیەوە وتویەتی: (کتێبەکە باوەڕپێکراو نییە و نابێت کار بە زۆربەی شتەکانی بکرێت، تێکەڵ و پێکەڵ کردنی تێکەوتووە، هەر لەبەر ئەمە پێویستە لەسەر کەسی دیندار خۆی دوور بگرێت لەو شتانەی لەم کتێبەدا هاتوون، بەشێوەیەکی گشتی پشتی پێ نابەسترێت و لاسایی گێڕانەوەکانی ناکرێت، بەڵکو هەر کەسێك ئەم کتێبەی هەبێت با بچێتە خزمەت زانایان تا فەرموودەی ڕاست و ناڕاستی بۆ دیاری بکات)[2]. شێخ موفید ڕەخنەی لە صدوق گرتووە لەسەر ئەوەی شتی

(www.alkatib.co.uk).

(١) الحلي: الخلاصة ٨٣.

(٢) المفيد: أوائل المقالات وشرح إعتقادات الصدوق ٢٤٧.

وەرگرتووە لە کتێبەکەی سەلیم و پشتی پێبەستووە، جا (موفید ئەم کارەی صدوقی بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە کە ڕێبازەکەی گێڕانەوەییە، لەم بارەشەوە وتویەتی: ("صدوق" لەسەر ڕێبازی فەرموودەناسانە، لە کارکردن بە ڕووکەشی دەربڕینەکان لادان لەو شتەی کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، ئەم بۆچوونە زیان بە ئایینی خاوەنەکەی دەگەیەنێت، چەق و دەق بەستوویی لە جیاتی چاوڕۆشنی پێدەدات)[١].

ئا لێرەوە زەیدییەکان ڕەخنەیان لە ئیمامییەکان گرت و وتیان: (ئەو گێڕانەوانەی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئیمامەکان دوازدەن، وتەیەکە ئیمامییەکان لەم زووانەوە هەڵیان بەست و چەندین فەرموودەی درۆشیان لەم بارەوە دروست کرد). زەیدییەکان بەڵگەیان هێناوەتەوە بە پەرتەوازە بوونی شیعەکان بۆ چەندین دەستەو پێڕ لە پاش کۆچی دوایی هەر ئیمامێك، تەنانەت نەیاندەزانی دوای ئەو ئیمامە ئیمامەکەی تر کێیە، هەڵسان بە داهێنانی بیرۆکەی (گۆڕانی ویستی خوا: البداء) لەبارەی ئیسماعیل و موحەممەدی کوڕی عەلی، هەروەها دانیشتنی عەبدوڵای کوڕی ئەفتەح بۆ ئیمامەت و ڕووتێکردنی شیعەکان و پەسەند کردنی ئیمامەتی عەبدوڵا، سەرگەردان بوونی شیعەکان دوای تاقیکرانەوەی عەبدوڵا، تەنانەت نەیانزانی کازم ئیمامە تا ناوبراو بەخۆی بانگەشەی ئیمامەتی خۆی نەکرد، مردنی شەرعناس زورارەی کوڕی ئەعیون بێ ئەوەی ئیمام بناسێت[١].

هەروەها صدوق وتەکانی زەیدییەکانی گواستۆتەوە کە تیایدا ئیمامییەکان تۆمەتبار دەکەن بەوەی تیۆری (دوازدە ئیمامیان) هەڵبەستووە لە

---

(١) هەمان سەرچاوە ٢٤٢.

کـاتێکی دواتــردا کـە کـۆن نییــە، صـدوق ئــەو تۆمەتانــەی ڕەت نەکردۆتــەوەو بەرپەرچیشـی نەداوەتـەوە، بـەڵام پاسـاوی هێناوەتـەوە بـۆ داهێنـانی تیۆرەکـە: (ئیمامییــەکان نــەیان وتــوە: ســەرجەم شــیعەکان بــە زورارەشــەوە دوازدە ئیمامەکـەیان ناسـیوە)، دواتـر صـدوق هۆشـیار بووەتـەوە سـەبارەت بـە پلـەی زورارە و بـەوەی نابێـت شـتێکی لـەو شێوەیە نـەزانێت، لـە کاتێکدا یەکێکە لـە قوتابیە گەورەکانی ئیمامی بـاقر و ئیمـامی صـادق، بۆیـە لـە قسـەکەی پاشـگەز بـووەوەو وتـی دەکرێـت زورارە فەرموودەکـەی زانیببێـت بـەڵام بـۆ خۆپـارێزی شاردبێتیەوە، دووبارە صدوق لەم پێشبینیەشی پاشگەز بـووەوەو وتـی: (لەبـەر ئــەوەی زورارە ئیمــامی نەدەناســی ئــەوا کــازم بــۆی لــە خــودا پاڕایــەوە ئــەم زانیارییـەی پێبـدات، چونکە کەسێك گومـانی لەمـەدا هـەبێت ئـەوا بـێ گومـان لەسەر ئایینی خودا نییە)[1].

ئەمـەش تـێکگیراوە لەگـەڵ بانگەشـەی خـەزاز لـە کتـێبی (كفايـة الأثـر) و توسی لە کتێبی (الغيبة) کە کردوویانە سەبارەت بەوەی فەرموودەکانی (دوازدە ئیمامی) بە تەواترو ڕێژنـەیی لـە ڕێگـەی شیعەوە هـاتوون، دەیچەسـپێنێت کـە هیچ بنـەڕەتێکی ڕاسـت و دروسـتی نییـە لـە نـاو نـەوەکانی سـەرەتا بـە تایبـەت لەسـەردەمی ئیمامـەکانی (ئالوبـەیت "سـڵاوی خوایـان لێبێـت")، بابـەتی دوازدە ئیمـامی هـیچ شـوێنەوارێکی نـەبووە، تەنانـەت توسـی نـاوی ئـەو کتێبـە شـیعیە کۆنانەی نـەهێناوە کـە پێـی وایـە لـەبارەی (دوازدە ئیمـامی) دەدوێـن. هـەروەك خــەزاز هــەڵاتووە لــەو تۆمەتــەی کــە دەڵێــت دوازدە ئیمــامی لــەم دواییانــەدا هەڵبســتراوە، هەوڵیشــی داوە تۆمــەتی هەڵبەســتنەکە ڕەت بکاتــەوە لەلایــەن

---

(1) الصدوق: إكمال الدين ٧٥_٧٦.

هاوەڵـان و شـوێنکەوتووان و ئالوبـەیت[1]. لـە کاتێکـدا تۆمەتەکـە ئاراسـتەی ئالوبـەیت و هاوەڵـان نـەکرابوو، بـەڵکو تۆمەتەکـە ئاراسـتەی هەنـدێك لـە گێڕەرەوەکان کرابوو کە کتێبی سەلیمیان لە سەردەمی سەرگەردانی هەڵبەست، وەك: باوکی سەمینە و عەبرتائی و عەلی کوڕی ئیبراهیمی قومی.

**واتاکە لە کوێدایە؟**

زۆربەی ئەو فەرموودانەی دەدوێـن لـەبارەی کـورت هـەڵهێنانی ئیمامـەکان لە دوازدە ئیمامدا، بەهەمان شێوە گشت ئـەو فەرموودانـەی لـە ڕێگـەی ئـەهلی سـوننەوە هـاتوون، بـاس لـە نـاوی ئیمامـەکان یـان خەلیفـەکان یـاخود حوکمڕانەکان بە تێرو تەسەلی ناکەن... بەتایبەت فەرموودەکانی ئەهلی سوننە لە دوازدە ئیمامدا کورتیان ناکاتەوە، بەڵکو باسی ڕوودانی ئاژاوەو ئاشوب دەکات لە دوای ئیمامی دوازدەم، هەروەك لە گێڕانەوەکەی (تووسی) دا هـاتووە کـە لـە جـابری کـوڕی سـومرە گێڕاویەتیـەوە یـان بـاس لـە سـەرکەوتنی ئـایین یـان ئایینداران دەکات تا دوازدە خەلیفە دەڕۆن[2].

ئەگـەر تیـۆری شـیعە ئیمامییـە فەتحییـەکان وەربگـرین، کـە پشـتاو پشـت کردنی ئیمامەت بە ستوونی بـە مـەرج نـازانن، ئـەوا ئیمـام حەسـەنی عسکەری دەبووە ئیمامی دوازدەم، بە دانـنان بە ئیمامی عەبدوڵای ئەفتەحی کوڕی صادق یان داننان بە ئیمامەتی زەیدی کوڕی عەلی کە بەشێك لە شیعەکان دانیان پێدا نا.

کەواتە... بەڵگە هێنانەوە بە فەرموودەکانی (دوازدە ئیمامی) کە گشتگیرو

---

(1) هەمان سەرچاوە.

(2) الخزاز: كفاية الأثر ٢٩٣.

(3) الطوسي: الغيبة ٨٨ و ٨٩، الصدوق: إكمال الدين ٢٧٤.

ناڕۆشن و لاوازن، بێ ئەوەی بەڵگەیەکی زانستی یان شەرعی هەبێت لەسەر لە دایکبوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری تەنها جۆرێکە لە گریمانە کردن و گومان و خەملاندن... نابێتە بەڵگە هێنانەوەیەکی زانستی سەلمێنراو و بڕاوە...

## پێویستە ئیمامێکی زیندووی دیار هەبێت و بناسرێت!

سەبارەت بە بەڵگە نەقڵییەکەی دوایی، کە دەڵێت: پێویستە ئیمام لە گشت سەردەمێکدا هەبێت، نابێت زەوی بێ بەڵگە بێت... ئەمە بەڵگەیەکە بەخۆی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە ئیمام و بەڵگە چ واتایەکی هەیە؟ چ سوودێکیان هەیە؟ ئایا بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵك و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و جێبەجێ کردنی حوکمە شەرعییەکان نییە؟ چۆن دەکرێت ئیمامێکی پەنهان گریمان ئەگەر هەشبێت بەو هەموو کارانە هەڵسێت؟... جا ئەگەر ئیمامی پەنهان بە ئەرکی ئیمامەت و بەڵگە هەڵسا، ئەوا بۆچی شەرعناسان لە سەردەمی سەرگەردانی هەستیان کرد بە پێویستی هەبوونی ئیمام و بەڵگە؟.

ئەگەر ئامانج لە بوونی ئیمامی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری بریتی بێت لە بەڕێوەربردنی بوونەوەر، وەك چۆن زیادەڕۆچووان وادەڵێن، ئەوا خودای گەورە فریشتەی زۆری هەن کە بەم کارە هەڵدەستن...

ئیمامی عەلی کوڕی موسای ڕیزا بەرپەرچی واقفییەکانی دایەوە کە وتیان باوکی ڕیزا ئیمام کازم پەنهان بووە: بەوەی پێویستە ئیمامێکی زیندووی دیار هەبێت کە خەڵکی بیناسن و بۆی بگەڕێنەوە! و وتویەتی: (بەڵگەی خودا لەسەر خەڵك تەنها بە ئیمامێك بەرپا دەبێت کە زیندوو بێت و بناسرێت) و (هەر کەسێك بێ ئیمام بمرێت بە نەفامی مردووە... ئیمامێکی زیندوو کە

بیناسێت... پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: هەر کەسێك بمرێت و ئیمامێکی نەبێت کە گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری ببێت ئەوا بە نەفامی مردووە)[1]. ئیمامی ڕیزا بە یەکێك لە (واقفییەکان)ی وتوە: (هەر کەسێك بمرێت ئیمامێکی زیندووی دیار سەرپەرشتی نەکات، ئەوا بە نەفامی مردووە، پرسیاری لێکرد بە جەخت کردنەوەی زیاتر دوای ڕوونکردنەوە لەسەر وشەی "ئیمامی زیندوو" ئەویش دووبارە جەختی کردەوە: "ئیمامێکی زیندوو")[1].

خاڵی دروستبوونی ئەم بیرە، بریتییە لەو پێشەکییە سەرەتا عەقڵییەی تیۆری ئیمامەت، مەبەست لەو پێشەکییەیە: پێویستی بوونی ئیمامە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر زەوی، نابێت کۆمەڵگە بێ حوکمەت بمێنێتەوە، جا چ حوکمەتێك و چ ئیمامێك... جا ئەگەر پێشتر گەشەی کردبێت بۆ پێویستی بوونی (ئیمامی پارێزراو کە لەلایەن خوداوە دیاری کراوە) ئەوا سوربوون و دەرەنجام گرتن لێی: بەوەی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری هەیە و لە ژیاندا ماوە تا ئەمڕۆ بەهەمان شێوە ئەمەش جۆرێکە لە گریمانە و گومان و خەملاندن، جا ئەو ئیمامی مامۆستای ڕێنوێنی کار و جێبەجێ کاری حوکمەکانی خودا لە کوێیە کە شەریعەت دەپارێزێت لەوە زیاد و کەمی تێبکەوێت؟.

تەنانەت ئەگەر گێڕانەوەکان ڕاست و دروستیش دەربچن ئەوا دەکرێت ئیمام کەسێکی تر بێت... ئەگەر مەبەستی لە ئیمامی ڕەها یان بەڵگەی ڕەها و زانا بە حوکمەکانی ئایین نەبێت.

---

(1) الكليني: الكافي ١/١٧٧، الحميري: قرب الإسناد ٢٠٣.

# دەروازەی چوارەم

# ڕەخنەگرتن لە بەڵگەی مێژوویی

## باسی یەکەم

## تێکگیرانی گێڕانەوەکان

بڕوام وایە خوێنەری ئاسایی پێویستی بەوە نییە ماندوو بوون بچێژێت بە خوێندنی وانەی زانستی (گێڕانەوەو زانینی عەقڵی: روایة و درایة) تا ئەو گێڕانەوە (مێژوویانە) هەڵسەنگێنێت کە لەبارەی لەدایکبوونی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەرییەوە هاتوون، یان پێویست ناکات خوێنەرەکە لە زانا پسۆڕەکانی مێژوو بێت... لەبەر ئەوەی ئەو نووسەرانەی گێڕانەوەکانیان لە کتێبەکانی خۆیاندا باسیان کردووە، خۆیان لە دەست تۆمەتی پشت بەستن بەو گێڕانەوانە حەساندۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە سەرەتاوە وتویانە: (ئێمە بوونی "ئیمامی دوازدەم" بە ڕێگەی عەقڵی "یان فەلسەفی یان ڕەچاوکاری_ ئیعتباری _ یاخود ڕامان و وردبوونەوە" دەچەسپێنین و پێویستیمان بە گێڕانەوە مێژووییەکان نییە، ئەگەر باسیشیان بکەین ئەوا تەنها وەك پشتگیرو پشتێنە دەیان خەینەڕوو). بەمەش کۆڵ و گرانی مشتومڕی زانستی لەسەر شانی خۆیان لادا لەبارەی ئەو گێڕانەوانە و دڵنیابوون لە زنجیرە (سەنەد) و ڕامان و وردبوونەوە لە دەقەکە.

پێم وایە ئەوانەی ئەم گێڕانەوانە دەێننەوە وەك ئەو کەسە وان (لە ئاودا نقوم بووەو لە تاوی خۆی دەست بە هەموو پوش و پەڵاشێکەوە دەگرێت)

---

() هەمان سەرچاوە.

ئەگەرنا هەر ئەو زانایانە لە هەموو خەڵکی شارەزاترن بە لاوازو بێ هێزو پێزی ئەم گێڕانەوانە... ئەگەر تاقمێکی تر ئەم گێڕانەوانە بە گەواهی بێنێتەوە لەسەر ئیمامێکی یان لەسەر کەسێکی تر... هەر هەمان ئەوانە گاڵتەیان پێدەکرد و سوکایەتیان بە عەڵی ئەوان دەکرد و تۆمەتباریشیان دەکرد بەوەی دژی ژیربێژی و مەنتیق و عەقڵ و ڕووکەش دەدوێن... هەروەك شیعە ئیمامییەکان ئەم هەڵوێستەیان نواند لە کاتی مشتومڕ کردن لەگەڵ تاقمێك لە شیعە فەتحییەکان، ئەوانەی کە بانگەشەی ئەوەیان کرد ئیمام عەبدوڵای ئەفتەحی کوڕی جەعفەری صادق منداڵێکی شاراوەی هەیە بە ناوی موحەممەد و ناوبراو (مەهدی چاوەڕوانکراوە) و بۆچوونیان وابوو منداڵەکە بەنهێنی لە دایك بووەو لە وڵاتی یەمەن شاردراوەتەوە... ئەمەش بە پشت بەستن بە بنەمای پێویستی بەردەوام بوونی ئیمامەت بە پشتاو پشت و نەوە بۆ نەوە و دروست نەبوونی گوێزرانەوەی لە برایەکەوە بۆ برایەکی تر لە دوای حەسەن و حوسەین... شیعەی دوازدە ئیمامی لەبارەی ئەم تاقمە لە شیعە فەتحییەکان وتیان: ئەوانە کەسێکی خەیاڵاویان داهێناوە کە بوونی نییە ئەویش: ئیمامی مەهدی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای ئەفتەحە، ئەمەش لە دەرەنجامی ئەوە بوو کە بەڕێگایەکی داخراو گەیشتن.

هەر کەسێك سەیری کەلپورە مەزنەکەی زانستی شیعە بکات لە بواری (گێڕانەوەو زانینی عەقڵی: روایة و درایة)، سەیری گرنگی پێدانی زانایان بکات هەر لە سەرەتای سەدەکانی یەکەم لە هەڵسەنگاندنی گێڕەڕەوەکان و لێکۆڵینەوە لە فەرموودەکان و لە بێژینگ دانیان و جیاکردنەوەی بە هێزو لاواز... پەیی بەوە دەبات کە زانایانی شیعە تا چەند پشت دەبەستێت بە بنەما و بنچینەی تۆکمەی زانستی بۆ بنیاتنانی حوکمە شەرعییەکان و قبوڵ ناکەن

بابەت و مەسەلە ئاینیەکان لەسەر خەیاڵ و گریمانە و پڕوپاگەنـدە و ئەفسـانە بنیـات بنـرێن. بـەڵام سـەیرکەرو پشـکنەری بـێ لایـەن تووشـی شـڵەژان و واق وڕمان دەبێتەوە بەهۆی ئەوەی دەبینێت زانایان بە درێژایی مێژوو توێژینەوەو لێکۆڵینــەوەیان لەســەر ئــەو گێڕانەوانــەیان فــەرامۆش کــردووە کــە لــەبارەی لــەدایکبوون و هــەبوونی ئیمــامی دوازدەم موحەممــەدی کــوڕی حەســەنی عەسکەرییەوە هاتوون، پشتیان بەستووە بە ڕێسایەك کە خـوا بەڵگـەی لەسـەر ڕەوا بوونی نەناردووە، دەڵێن: (گێڕانەوەکە لاوازە بەڵام بەشەکان یـەکتر بـەهێز دەکـەن)، هـەروەها دانـانی مەسـەلەی لـە دایکبـوون و هـەبوونی نـاوبراو بـە مەسەلەیەکی سەلمێنراو و یەکلابووەوە، کە پێویست بە پێداچوونەوەو مشتومڕ نەکات... ئەمەش وای لەو زانایانە کـرد کـە گێڕانـەوەکان دووبـارە بکەنـەوە بـێ تێڕامــان و بیرکردنــەوە... وەك چــۆن ئەمــە ئــیش و پیشــەی زیادەڕۆچــووە خەبەرییەکان بوو.

شتێکی زانراوە کـە خەبەرییـەکانی سـەرەتا گێڕانـەوەیان هەڵدەبەسـت بـێ توێژینەوە پاکسازی و هەڵاواردن... پاشان بەرەوپێش چوون و دەستیان کرد بە لێـك جیاکردنـەوەی گێڕانـەوەکان. دواتـر بزوتنـەوەی بنـەمایی (ئوصـوڵی) لـە دایك بوو کە کاری کرد لەسەر دابەش کردنی فەرموودەکان بۆ ڕاسـت (صـحیح) و بـاش (حسـن) و بـەهێز (قـوی) و لاواز (ضـعیف).. بـەڵام ئـەم گەشـەیە ئـەو گێڕانەوە مێژووییانەی نەگرتەوە کە دەچنە چوارچێوەی بابەتی (لە دایکبـوونی ئیمـامی دوازدەم) هـەروەك شـێخ توسـی دەبیـنین کـە کتـێبی (الفهرسـت) و (الرجال)ی نوسیوە لە (زانستی ناسینی کەسەکان: علم الرجال) ئەو گێڕانەوانە لـە کەسـانێك دەگێڕێتـەوە کـە بـە خـۆی پێشـتر لـە کتێبـەکانی دا بـە لاوازیـان دادەنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی توسی لێرەدا پێویستی بـەو گێڕانەوانـە هەیـە بـۆ

بنیاتنـانی تیـۆری کـەلامی دیـاری کـراو ئـەوا لاوازی گێڕەڕەوەکـانی پشـت گـوێ خستووەو نەك هەر ئەوەش بەڵکو وەك کۆڵەگەی تیۆرە کەلامییەکەی هێناوە.

لێکۆڵەری هاوچەرخ سەید مورتەزای عەسکەری چەند ساڵێکی درێـژی لـە تەمـەنی خـۆی خـەرج کـرد تـا لـە دوو یـان سـێ بەرگـدا ئـەوە بسـەلمێنێت: کـە عەبدوڵای کوڕی سەبەء تـەنها ئەفسانەیەکی خەیاڵییـە، هەنـدێك مێـژوونووس ئـەم ئەفسـانەیان هەڵبەسـت تـا شـیعە تۆمـەتبار بکـەن بـەوەی هەڵسـاون بـە وەرگرتنی تیۆری وەسیەت و ڕاسپاردن لە جولەکەکان. سەید عەسکەری کۆشش و وچـانی مانـدوو ئـامێزی خـەرج کـرد و لێکۆڵینـەوەی لەسـەر دەیـان کتـێبی مێـژوویی کـرد، تـا چـیرۆکی بـوون و ڕۆڵـی عەبـدوڵای کـوڕی سـەبەء لـە بـیری شیعەدا ڕەت بکاتەوەو نەهێڵێت، بەڵام ناوبراو یەك لە سەد یان لە هەزاری ئـەو هـەوڵ و تەقەلایـەی خـەرج نـەکرد بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە ڕاسـتی (بـوونی ئیمـامی دوازدەم) یـان توێژینـەوەی ئـەو گێڕانەوانـەی لـەبارەی لـە دایکبـوونی نـاوبراو دەدوێـن... تەنانـەت هەڵویسـتەی لەسـەر ئـەو گێڕانەوانـە نـەکردووە لـە هـیچ یەکێك لە کتێبەکانی، کەچی (سەیدی عەسکەری) بوونی (سەدو پـەنجا هـاوەڵی هەڵبەستراوی) ئاشکرا کردووە!.

دوای هەموو ئەو شتانە... دەتوانم بڵێم هیچ کێشە و بابـەتێکی فـەرامۆش کراو و پشتگوێ خراو نییە لە کەلەپوری شیعەدا وەك بابـەت و کێشـەی (بـوون و لــە دایکبــوونی ئیمــامی مەهــدی) و هــیچ بابــەتێك نییــە لــە دەرەوەی چوارچێوەی تێوژینەوەو کۆششکاری وەك بابەتی ناوبراو... کاتێـك بـە ڕێکـەوت یـان جـوانتر بڵێین بـە سەرخسـتنی خـودای بـێ وێنـە هەڵسام بـە توێژینـەوەی بابەتی ناوبراو دەرەنجامەکانم خسـتە بـەردەم زانـا و کۆششـکارو بیرمەنـدان بـۆ مــاوەی پێــنج ســاڵ، زۆربــەیانم دەبینــی کــە هەڵــدەهاتن لــە خوێندنــەوەی

توێژینەوەکـە هـەر لـە ڕووی دەروونییـەوە تێـك دەچـوون بـە توێژینـەوە لـەم بابەتە، وەك ئەوەی هـەوڵی ئـەوەت دابێـت بـە خەبـەری بکەیـەوە لـە خـەوێکی قووڵ و جوان... دڵنیـا بـووم کـە بـارودۆخێکی دەروونـی بیروبـاوەڕی هەیـە کـە کۆسپ و تەگەرەیە لە بەردەم پرۆسـەی توێژینـەوەی زانستی یـان ڕەخنـەگرتن لەم گێڕانەوە مێژووییانە...

هەندێك لە ڕۆشەنبیران کە لە ڕیزی تێکڕای خەڵکن تام و چێژ دەکەن لـە ڕەخنەگرتن لە بیروباوەڕی تاقمـەکانی تـر و سـوکایەتی کـردن بـە کەسـە لاوازو هەڵبەستەرەکانیان و گێڕانەوە دژی عەقڵەکان، بەڵام کاتێـك ڕووبـەڕووی کێشـە و بابەتێکی هاوشێوە دەبێتە کە پەیوەندی بـە تاقمەکـەی خۆیـەوە هەیـە، ئـەوا چاوەکانی دادەخات، بە نەزانی دەکروزێتەوەو دەڵێت پسپۆر نـیم، ئامـادە نییـە کەمێك عەقڵ بەگەر بخات، وا پێی باشترە بنوێت لەسـەر ئـەو ئەفسانە و شـتە پڕوپوچانەی بۆی ماوەتەوە.

بەر لەوەی تاوتوێی ئەم گێڕانـەوە (مێژوویانـە) بکـەین لـە ڕووی زنجیرەو سـەند و دەقـەوە... پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بـدەین کـە ئـەم گێڕانەوانـە ناسـراو نەبووینـە لـەو ماوەیـەی کـە نـاودەبرا بـە: (پـەنهان بـوونی بچـوك)، ئـەو نووسەرانەی باوەڕیان بە بوونی ئیمامی دوازدەم هەبوو ئـەو گێڕانەوانـەیان نـە گواستۆتەوە، لە ناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچی شتیان لـەم بـارەوە نووسـیوە، وەك: نوبـەختی لـە کتـێبی (فـرق الشیعة) و سـەعدی کـوڕی عەبدوڵای ئەشعەری قومی لە کتێبی (المقالات والفرق) و عـەلی کـوڕی بابویـەی صدوق لـە کتـێبی (الإمامـة والتبصـرة مـن الحيرة) و موحەممـەدی کـوڕی ئـەبو زەینەبی نوعمانی لە کتێبی (الغيبة) و تەنانەت شێخ کلینی هەوڵی داوە هەموو چیرۆك و گێڕانـەوەکان کـۆ بکاتـەوە لـەبارەی بابەتەکـە، باسـی چیرۆکی پیـاوە

هیدنییەکەی سەعدی کوڕی ئەبو غانم کردووە کە لە هەرێمی کشمیرەوە گەشتی کرد بە مەبەستی گەڕان بە دوای ئیمامی مەهدی دا، کەچی کلینی باسی هیچ یەکێك لەو ئامۆژگارییانەی نەکردووە کە بە دەیان ساڵ دوای ئەو تۆمار کراون، شێخ موحەممەدی کوڕی عەلی صدوق لە کتێبی (إكمال الدين) یان شێخ موفید لە کتێبی (الإرشاد) و کتێبی (الفصول المختارة) یاخود شێخ توسی لە کتێبی (الغيبة).

هەروەك ناسراوە شێخ صدوقی (کوڕ) لە دوای نزیکەی سەد ساڵ پاش مردنی ئیمامی عەسکەری هات... شێخ توسییش بە دوو سەدە دوای ئەو مێژووە مردووە... هەر دوو ناوبراوەکە گوێبیستی هەر حیکایەت و چیرۆك و پڕوپاگەندە و ئەفسانە بووبان کە پەیوەندییان بە لە دایکبوونی (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) هەبووبا ئەوا تۆماریان دەکرد جا چ بە زنجیرە و سەندی پەڕیو یان لە کۆمەڵێك لە زیادەڕۆچوو و کەسانی لاوازو نەزان و هەڵبەستەرەکان.

هەروەك بینیمان ئەم گێڕانەوە مێژووییانە زۆر بە ناپەسەندی و بەڕێژەیەکی زۆر جیاواز بوون لە دیاری کردنی شوناسی موحەممەدی کوڕی حەسەنی گریمانە کراو، هەر لە مێژووی لە دایکبوونیەوە تا دوایین لایەنە ورد و درشتەکانی... بەشێوەیەك چەندین ناو هەڵبەستران بۆ دایکی مەهدی وەك: (نرجسی کەنیزەك، سوسن، صەقیل، خەمت، ڕەیحانە، مەلیکە و حرە: مەریەمی کچی زەیدی عەلەوی) یان کەنیزەکێکە لە ماڵی یەکێك لە براکانی ئیمام (هادی) لە دایکبووە... یان لە بازاری کۆلیەکان لە شاری بەغداد کڕاوە.

گێڕانەوەکان جیاوازن لەبارەی دیاری کردنی مێژووی لە دایك بوونەکە لە ڕۆژو مانگ و ساڵدا... بەم هۆیەشەوە جیاواز بوون لە دیاری کردنی تەمەنی

مەهدی لە کاتی مردنی باوکیدا لە نێوان دوو تا هەشت ساڵ.

گێڕانەوەکان تێکگیروان و جیاوازن لە بارەی چۆنیەتی سکپڕییەکە، ئایا لە سکدا بووە یان لە تەنیشت؟ هەروەها لەبارەی ئەوەی منداڵەکە لە دامێن یان لە ڕاندا لە دایکبووە!.

گێڕانەوەکان جیاوازن لە دیاری کردنی ڕەنگەکەی لە نێوان سپی بوون یان ئەسمەر بوون.

گێڕانەوەکان تێکگیراون لەبارەی ڕێگەی گەشە کردنەکە لە نێوان ڕێگەی ئاسایی ناسراو، وتنی ئەوەی وەك منداڵێك لە کاتی مردنی باوکی دا دەرکەوتووە و ڕێگەی نا سروشتی و نا ئاسایی... لە ڕێگەی نا ئاساییەکەشدا گێڕانەوەکان ڕاجیان لەبارەی ئەوەی گەشە خێرایەکەی لە ڕۆژێك وەك گەشەی یەك ساڵی ئاسایی یان یەك ڕۆژ وەك گەشە کردن لە ماوەی یەك هەفتە... و گەشەکردن لە هەفتەیەکدا وەك گەشە کردن لە ماوەی مانگێکدا... و گەشە کردن لە ماوەی مانگێکدا وەك گەشە کردن لە ماوەی ساڵێکدا. بەم پێیە دەبێت بەر لە کۆچی دوایی باوکی بووبێتە پیاوکی تەواوی حەفتا ساڵانە... بەشێوەیەك حەکیمەی پوری نەیناسیوەتەوەو زۆر پێی نامۆ بووە کاتێك بینیویەتی موحەممەدی مەهدی لە خزمەت ئیمامی حەسەندا دانیشتووە.

گێڕانەوەکان جیاوازن لەبارەی بێ دەنگ بوون و باس نەکرانی موحەممەدی کوڕی حسەن لەلایەن حەکیمەوە... گێڕانەوەیەك وتویەتی: حەکیمە ماڵئاوایی لە ئیمامی حەسەن کرد لە دوای لە دایکبوونی کوڕەکەی و گەڕایەوە ماڵی خۆی، کاتێك دوای سێ ڕۆژ حەکیمە جۆش و خرۆشی بۆ کۆڕپەکە جوڵا و بەمەش گەڕایەوە ماڵی حەسەنی عەسکەری و بەدوای منداڵەکەدا گەڕا هیچ شوێنەوارێکی بەرچاو نەکەوت و هیچ باس و خواسێکی

لەو بارەوە گوێبیست نەبوو، پێی ناخۆش بوو پرسیار بکات و چووە خزمەت حەسەنی باوکی موحەممەد، جا حەسەن دەستپێشخەری کرد و وتی: (پوری منداڵەکە لە ژێر چاودێری خوادایە، تۆش ئەمە بشارەوە تا خودا ڕێگەی پێدەدات، ئەگەر کەسایەتی من ونبوو و مردم و بینیت شیعە و پشتیوانانم ڕاجیاییان تێکەوت، ئەو کاتە هەواڵی کوڕەکەم تەنها بە کەسە باوەڕپێکراوەکان ڕابگەیەنە، با ئەم هەواڵە لەلای تۆ شاراوە بێت و ئەوانیش با بە پەنهانی بیهێڵنەوە، چونکە خودا وەلی و خۆشەویستی خۆی لەبەر چاوان ون دەکات بەشێوەیەك کە هیچ کەسێك نایبینێت تا ئەو کاتەی جبرائیل ئەسپەکەی پێشکەش دەکات).

گێڕانەوەیەکی تر وتویەتی: حەکیمە هەر چل ڕۆژ جارێك (موحەممەدی کوڕی حەسەن)ی دەبینی، ناوبراو بەردەوام (موحەممەدی کوڕی حەسەن)ی دەبینی تا بووە پیاو.

هەندێك گێڕانەوەی تر وتویانە: (ئیمام حەسەنی عەسکەری) لە دایکبوونی کوڕەکەی خۆی ڕاگەیاندووە، بەرانێکی بۆ هەندێك لە هاوەڵانی ناردووە تا بیکوژنەوەو بیکەنە هۆزەبانەی منداڵ بوونەکە، هەروەها عەسکەری منداڵەکەی پیشانی کۆمەڵێك لە هاوەڵانی داوەو هەواڵی لە دایکبوونەکەشی بە پەیامێك بۆ ئەحمەدی کوڕی ئیسحاقی قومی ڕەوانەکردووە... کاتێکیش ئەحمەدی کوڕی ئیسحاق سەردانی شاری سامەڕای کرد ئەوا ئیمامی عەسکەری منداڵەکەی خۆی پیشانی ناوبراودا و ژمارەیەکیش لە خزمەتکارو هاوەڵەکانی منداڵەکەیان بە ڕێکەوت یان ئەنقەست بینیوە کە لە ژوورێك یان لە ناو ماڵ هاتوو چۆی کردووە.

هەروەها گێڕانەوەکان تێکگیراون لە باس کردنی ترسانی موحەممەدی

کوڕی حەسەنی عەسکەری لـە دەسـەڵات و دەسـت بەسـەر کردنـی و دڵنیـابوونی تەواو تا ئاستێك بێتە دەرەوەو نوێژی مردوو لەسەر جەستەی بـاوکی بکـات لـە بەرچـاوی خـەڵك و لـە مـاڵی بـاوکی دا پێشـوازی بکـات لـە دەسـتەو کۆمـەڵانی خەڵك.

گێڕانـــەوەکان تـــێکگیراون لـــەبارەی ئـــەوەی هاوەڵـــان و خزمـــەتکارانی عەسکەری زانیبێتیان ناوبراو کوڕێکی هەیە، هەندێك لە گێڕانەوەکان وتویانـە: خزمـــەتکارو هاوەڵـــە نزیکـــەکان دەیـــانزانی عەســـکەری منـــداڵێکی هەیـــە و بینیویشیانە... هەندێك گێڕانەوەی تر دەڵێن: تووشی حاڵەتێکی لـە ناکـاو هـاتن لە کاتی دەرکەوتنی موحەممەدی کوڕی حەسەن بۆ نوێـژ کـردن لەسـەر لاشـەی باوکی و تەنانەت نە دەناسرا تەنها بە چەند نیشانەیەکی نەبێت.

گێڕانـــەوەکان تـــێکگیراون لـــەبارەی پێگەیشـــتنە عەقڵییەکـــەی، چـــەند گێڕانەوەیـەك وتویانـە: لـەو کاتـەی لـە دایکبـووەو لـە دامێنـی دایکـی کەوتۆتـە خوارەوە ڕاستەوخۆ سووژدەی بردووەو شایەتمانی هێناوەو دروودی داوە لەسەر باووبـاپیرانی یەکـە بـە یەکـە و چـەند ئایەتێکیشـی لـە قورئـانی پـیرۆزدا خوێندۆتەوە... هەندێك گێڕانەوەی تر وتویانە: منداڵێك بوو یاری بـە هـەنارو تۆپێکی زێڕین دەکرد و لێنەدەگەڕا باوکی ئەو شتە بنووسێت کە دەیەوێت!...

## گێڕانەوەکەی حەکیمە

ئەو گێڕانـەوەی صدوق کـە لـە حەکیمـەوە دەیگێڕێتـەوە دەڵێـت: نـرجس هیچ شـوێنەوارێکی سـکپڕی پێوەدیـار نـەبوو، تەنانـەت نەشـی دەزانـی. نـرجس زۆریشی پێ نامۆ بوو کاتێك حەکیمە پێی وت: ئەو شەو تـۆ منـداڵێکت دەبێـت، وتـی: خانمەکـەم: هـیچ شـوێنەوارێکی سـکپڕی نـابینم کەواتـە چـۆن منـداڵم دەبێت!... تەنانەت خودی حەکیمەش سەرسام بوو کاتێك ئیمامی حەسەن پێـی

ڕاگەیانـد کـە کـوڕێکی پەیـدابووە لـە شـەوی نیـوەی مـانگی شـەعبان، بـەم بۆنەیەوە: حەکیمە پرسی دایکی منداڵەکە کێیـە؟ ئیمـامی حەسـەن پێـی وت: نرجسە، حەکیمە وتی: خودا منت بە قوربان کـات هـیچ شـوێنەوارێکی سـکپڕی پێوەدیار نەبوو. کاتێك بەرە بەیان نزیـك بـووەوەو منداڵەکە هـیچ دەنگوباسـی دەرنەکەوت گومان و دوودڵی دڵ و دەروونی حەکیمەی تەنی.

گێڕانەوەکە دەڵێت: حەکیمە ڕووی لە نرجس کردوو و قورئـانی بەسـەردا دەخوێند، ڕاسـتەوخۆ کۆرپەکـە لـە سـکی دایکـی دا وەڵامی حەکیمـەی دایـەوەو بەهەمان شێوە قورئانی خوێند و سڵاویشی لە حەکیمە کـرد، ئەمـەش وای کـرد نـاوبراو بترسـێت و بشـڵەژێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا گێڕانەوەکـە دەڵێـت: حەکیمـە وەنـــەوزە و خاوبوونەوەیـــەکی بەســـەردا هـــات و پرۆســـەی لـــە دایکبـــوونی منداڵەکەی نەبینی، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: نرجس لـە حەکیمـە ونبـوو و بەرچـاوی نـاوبراو نەکـەوت، وەك ئـەوەی پەردەیـەك لـە نێوانیانـدا درابێـت، ئەمەش وای کرد حەکیمە سەرسام بێت و ئەمـەی پـێ شـتێکی نـامۆ بێـت، بـەم بۆنەیەوە هاواری کرد و پەنای بۆ لای حەسەنی باوکی موحەممەد برد.

گێڕانەوەکـەی صـدوق ئـەو شـتەی بـاس نـەکردووە کـە لـە یـەکێك لـە گێڕانەوەکانی توسی دا هاتووە، لەوەی: حەکیمـە بـینی لەسـەر شـانی منداڵەکـە نووسـراوە: ﴿ وَقُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَزَهَقَ ٱلْبَٰطِلُ ۚ إِنَّ ٱلْبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقًا ﴿٨١﴾ ﴾ الإسـراء: ٨١. واتـە: (بڵـێ: تـازە ئـیتر حـەق و ڕاسـتی هـاتووەو بـەرپا بـووەو بـەتاڵ و ناحەقی، پووچ و تەفرو توونا بووە، بەڕاسـتی ناحـەق و بـەتاڵ هـەر تیاچـووەو جێگیر نەبووەو بەزیوە). سەربارى ئەوە صدوق نزیکەی سەد ساڵ پـێش توسـی بووە، کەچی صدوق تەنها باسی باڵندەکان دەکات کـە لـە سـەر سـەری کۆرپەکـە

دەفڕین و ئەو وتەیەی حەسەنی عەسکەری کە بە (باڵندەیەکی[١]) وتوە: کۆرپەکە هەڵگرە و بپارێزە و لە هەر چل ڕۆژ جارێك بیهێنەرەوە.

گێڕانەوەکەی صدوق و توسی کۆکن لەسەر ئەوەی کۆرپەکە بە قسە هاتووەو دوواوە و شایەتمانی هێناوە و دروودی لەسەر پێغەمبەر و ئیمامەکانی پێشووی داوەو سڵاوی لەسەر دایك و باوکی داوە، هەروەك کۆکیشن لەسەر ئەوەی: کۆرپەکە دوای ئەمە ونبووەو پورەکەشی هیچ شوێنەوارو باس و خواسێکی منداڵەکەی نەبینیوە.

سەرجەم ئەم شتە نامۆیانە لەبارەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) و هیچ یەکێك لە ئیمامەکانی پێشووەوە (سڵاوی خوایان لێبێت) نەزانراوە... ئەم شتە نامۆیانەش لە چیرۆك و ئەفسانەی زیادەڕۆچووانە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە شیعەی جەعفەری یان ئیمامییەکانەوە نییە کە دەقیان وەك ڕێگە داناوە بۆ ناسینی ئیمامی نوێ، هیچ شتێکی دەرئاسا و ناسروشتی لەو شێوەیەیان باس نەکردووە.

خوای مەزن باسی دووان و بەقسە هاتنی عیسا "سڵاوی خوای لێبێت" کردووە لە بێشکەدا لەبەر چاوی خەڵك و بەوێنەیەکی دەرئاسا تا تۆمەتی زینا لەسەر دایکی خۆی لابدات و بسەلێنێت کە لە دایکبوونەکەی بەشێوەیەکی ناسروشتی بووە، لێرەدا پێویست بەوە ناکات شتی دەرئاسا و ناسروشتی لەگەڵ لە دایکبوونی (ئیمامی دوازدەم) ڕووبدات، ئەگەر هەر پێویستیش بوو شتی لەوجۆرە ڕووبدات ئەوا پێویستە لە بەرچاوی خەڵك بێت تا بەچاوی خۆیان کارە دەرئاساکە ببینن و باوەڕی پێ بێنن... نابێت کاری دەرئاسا بەشێوەیەکی

---

(١) مەبەستی لە باڵندەکە فریشتەیە هەروەك دواتر دانەر بە خۆی ئاماژە پێدەدات. (وەرگێڕ).

نهێنــی و دوور لەچـاوی خــەڵك ڕووبــدات... چـونکە هــیچ ســوودێکی نییــە و نابێت؟.

هــەر لــە بنەڕەتــدا گومــان هــەبوو لــەبارەی ئــەوەی حەســەن منــداڵێکی پەیدابووە، ئەگەر دەکرا کارێکی دەرئاسا ڕوویدابایـە ئـەوا دەکـرا ئـەو کـارە بـۆ چەسپاندنی لە دایکبوونەکە بووبا... یان بـۆ نمونـە بـۆ پاراسـتنی منداڵەکـە لـە زیان پێگەیشتن... کەچی شتی لەم شێوەیە ڕووی نەدا.

تێبینی ئەوە دەکرێت کە سەرجەم ئەو گێڕانەوانـەی دەدوێـن لـەبارەی لـە دایکبوونەکــەی بــەنهێنی و پــەنهان بوونەکــەی لــەژێر بــاڵی باڵنــدەکان کــە فریشتەکانن، ئاماژە نەکراوە بۆ ئەوەی کە ئەمە لـە ترسـی دەسـەڵات بـووە یـان مەهـدی چـاوەڕوان کـراوە... ئەگـەر بەڕاسـتی لـە دایکبووبـا ئـەوا باشـتر وابـوو ئیمامی عەسکەری لە دایکبوونەکەی ڕاگەیاندبا بەشێوەیەك کە هـەموو خـەڵکی بینیبوبا، و دڵنیاش بووبان لەوەی کە هەیە و جێگرەوەی باوکیەتی... جـا هـەر کاتێك دەسەڵاتی عەبباسی ویستی دەستبەسەری بکات ئەوا بە قـەدەری خـودا و بەشێوەیەکی دەرئاسا ون دەبێت.

ئەو گێڕانەوەی دراوەتە پاڵ حەکیمە دەڵێت: ئیمامی حەسەنی عەسـکەری بە شێوەیەکی غەیبی دەیزانی کە کۆرپەکـە ڕەگـەزی نێـرە!... هـەروەك دەڵێـت: بەشێوەیەکی غەیبی دەیزانی حەکیمەی خوشـکی بـیر لـە چ دەکاتـەوەو گومـانی لە وتەکەی هەیە، عەسکەری پێی وت: پۆرێ پەلە مەکە. هـەروەك گێڕانـەوەکـە ئاماژە بەوەش دەکات کە ئیمامی حەسـەنی عەسـکەری زانیویـەتی سـەرەمەرگی نـزیك بووەتەوە، بۆیە بە خوشـکەکەی وتـوە: (زۆری پێناچێت منـت لـە دەسـت دەچێت)، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە ئیمامی (مەهـدی) غـەیبی زانیـوەو وەڵامی پرسیارەکانی حەکیمەی داوەتەوە بەر لەوەی پرسارەکان بکـات.. هـەموو

ئـەو شـتانە پێچـەوانەی بیروبـاوەڕی شـیعەی جەعفـەریی و ئیمامییەکانـە و کۆکیشە لەگەڵ تیۆری زیادەڕۆچوو و ئەوانەی لە سـەر ڕێبـازی ئالوبـەیت لایـان داوە، چـونکە فەرموودەیــەکی نــاوداری لــە نــاو شــیعەکاندا هەیــە کــە لــە ئیمامەکانیانـەوە هـاتووە: فـەرمان دەکـات کـە هـەر فەرموودەیـەك پێچـەوانەی قورئانی پیرۆز بوو لە تاقی دیواری بدەن.

کەواتـە هـەموو ئـەو پرسـیارو مشـتومڕو کێشـە و ڕەخنانـە دەبنـە هـۆی لاوازی ئەو گێڕانەوەیە کە دراوەتە پاڵ (حەکیمە)، تەنانەت دایـدەڕنێت لـەوەی بــە بەڵگــە بشــێت و بــاوەڕی پێبکرێــت و زیــاتر نزیکــی دەکاتــەوە لــەوەی ئەفسانەیەك بێت زیادەڕۆچوو و توونـدڕەوەکان هۆنیبێتیانەوە.

## گێڕانەوەی باوکی ئەدیانی بەصری

ئەمە گێڕانەوەیەکە تەنها صدوق لە کتێبی (إكمال الدين)دا گێڕاویەتیـەوە لـە پیـاوێکی دروسـتکراو یـان خـەیاڵی، تـەنها نـاوی کەسـەکە و نـاوی بـاوك و هۆزەکەیشی نەهێناوە کە: باوکی ئەدیانی بەصرییە، وتویـەتی نـاوبراو یەکێکـە لە خزمـەتکارو پەیامبـەری ئیمـامی عەسکەری بـۆ وڵاتـان و کۆکـەرەوەی پـارەو سـامانەکەی بـووە... لەگـەڵ ئەوەشـدا هـیچ کەسـێکی تـر نەیناسـیوەو هـیچ مێژوونووسـێکی تـر ئامـاژەی بـۆ نـەکردووە. سـەرباری ئـەو پلـەو پایـە بـەرزو بڵندەی صدوق بەو کەسە دەدات، تا وتەکـەی بهێنێـت و بخاتـەڕوو، ئـەوا بـاوکی ئەدیان کە گێڕەڕەوەکەیە لە هەمان گێڕانەوەدا دان بەوەدا دەنێـت: کـە ئیمـامی عەسـکەری شوناسـی مەهـدی لـە دوای خـۆی پـێ نـەوتووەو ناشـزانێت ئیمـامی عەسـکەری هـیچ منـداڵێکی هـەبێت، هـەروەها دەڵێـت: سـەرجەم شـیعەکان بـە عەقید و (سەمان: عوسمانی کوڕی سەعید) و باوکی ئـەدیانی بەصـری خۆیشـی

پرسەو سەرەخۆشیان لە جەعفەری کوڕی عەلی کردووە، نەیاندەزانی کێ لە دوای ئیمام عەسکەری ئیمامە، ویستیان لە دوای جەعفەر نوێژ بکەن.

گێڕانەوەکە لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی پشت دەبەستێت بە توخم و ڕەگەزی غەیبزانی ئیمام، هەروەك لە سەرەتادا گێڕەڕەوەکە دەڵێت: (بڕۆ بۆ ناوچەی مەدائن، بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ ون دەبیت، لە ڕۆژی پازدەم دەگەڕێتەوەو دێیتە ناو شاری سامەڕا، گوێبیستی گریان دەبیت لە ماڵی مندا، دەبینی لاشەم لەسەر شوێنی مردوو شوشتنەوە دانراوە). هەموو ئەو شتانە لە زانستی پەنهان و غەیبیەوەن کە تەنها خودا نەبێت کەسی تر نایانزانێت، هەروەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ﴾ لقمان: ٣٤. واتە: (هیچ کەسیش نازانێت لەسەر چ زەویەك دەمرێت و کۆتایی بە ژیانی دێت).

گێڕانەوەکە دەڵێت: ئەو ئیمامە نەناسراوەی کە لە ئایندەدا دێت داوای وەڵامی نووسراوەکانی ئیمامی عەسکەری دەکات لە کابرا بەصڕییەکە، بێ ئەوەی پێشتر ناسیبێتی، هەروەك گێڕانەوەکە دەڵێت: هەواڵی ئەو شتانە دەدات کە لەناو کیسە و بوخچەکاندایە. هەروەها منداڵێك لە دوای کفن کردنی جەستەی (عەسکەری) هاتەدەرەوەو جەعفەری پاڵدا و نوێژی لەسەر باوکی کرد، پاشان بە کابرا بەصڕییەکەی وت: وەڵامی ئەو نووسراوانەی کە پێتە بدە دەستم، ئەویش دایە دەستی. لەو کاتەدا دەستەیەك لە شیعەکانی قوم و جیبال هاتن و پرسیاری ئیمامی عەسکەرییان کرد، ئەوانیش هەواڵی مردنی ناوبراویان پێ ڕاگەیاندن، وتیان پرسەو سەرەخۆشی لە کێ بکەین؟ خەڵکی ئاماژەیان کرد بۆ جەعفەری کوڕی عەلی، ئەوانیش پرسەو سەرەخۆشیان لێکرد...

بەصرِی ڕوونی نەکردووەتەوە کە بۆچی ڕێنوێنی دەستەکەی نەکردووە بۆ لای ئیمامە نوێیەکە؟ و بۆچی سەرکردەکانی شیعە ئەوانەی کەمێك پێشتر نوێژیان لە دوای منداڵەکە کرد ئاماژەیان بۆ منداڵەکە نەکرد، ئەگەر بەڕاستی و بەرکرداری ئەمە ڕوویدابێت؟.

بە هەر حاڵ گێڕەرەوەکە باوکی ئەدیانی بەصرِی دەڵێت: دەستە خەڵکەکەی کە لە شاری قومەوە هاتبوون ناڕازی نەبوون لە ئاست دیاری کردنی جەعفەر وەك ئیمام لە دوای براکەی، بەڵگەشیان بە پێویستی پشتاو پشت کردنی ستوونیان نەهێنایەوە، بەڵکو وتیان ئەوان چەند نووسراوێك و هەندێك پارەیان پێیە، داوایان لە جەعفەر کرد بە وێنەیەکی غەیبی هەواڵ بەوان بدات کە خاوەنی نووسراو و پارەکان کێن... جەعفەر هەڵسا و جلەکانی داکوتی و وتی: دەتانەوێت غەیب بزانین؟!... خزمەتکارەکە (؟) هاتە دەرەوەو وتی: نووسراوی فڵان و فیسارە کەستان پێیە و کیسە و بوخچەیەکتان پێیە کە هەزار دیناری تێدایە و دە دیناریشی ڕووپۆش کراوە، جا دەستەکە نووسراو و پارەکەیان دایە دەست خزمەتکارەکە و وتیان: ئەو کەسەی تۆی ناردووە بۆ وەرگرتنی ئەم شتانە ئەو کەسە ئیمامە.

جا صدوقیش لەم گێڕانەوەدا نەیوتووە: دەستە نێردراوەکەی شاری قوم شوناسی ئیمامیان ناسیوە یان بینیویانە یان چاویان پێکەوتووە. بەڵام صدوق لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت: دەستە نێردراوەکە لەگەڵ خزمەتکارەکە ڕۆیشتن و چوونە خزمەت ئیمام و ئیمام لەسەر ڕایەخ و پێخەڤێك دانیشتبوو، وەك ڕووناکی مانگ وابوو و جلی کەسکی لەبەردابوو، دەستەکە سڵاوی لە ئیمام کرد و ئەویش وەڵامی سڵاوی ئەوانی دایەوەو پاشان وتی: پوختەی پارەو سامانەکە ئاواو ئاوایە... باری فڵانە کەسە ئاوایە و هی فیسارە کەسەش

ئاوایە... ئیمام بەردەوام بوو لە وەسف کردنەکە تا تەواو وەسفی هەموو شتەکانی کرد، پاشان وەسفی بارگە و جل و بەرگەکانیانی کرد و ئەو ئاژەڵانەی لەگەڵیاندابوو.

سەرباری ئەوە بابەتەکە زۆر سەخت نییە... دەکرێت هەر کەسێك خۆی لەگەڵ دەستەکە تێکەڵ بکات و ئاگاداری حاڵ و بارودۆخی دەستەکە بێت و بەکەسێکی تر ڕابگەیەنێت یان ڕێك بکەوێت لەگەڵ سەرۆکی دەستەکە و دواتر زانیاری تێرو تەسەل لە سەرەکی دەستەکە وەربگرێت... گێڕانەوەی (باوکی ئەدیانی بەصرِی) ئەمە بە زانستی غەیبی دادەنێت و بە بەڵگەیەکیش دادەنێت لەسەر ئیمامەتی پیاوەکە (یان منداڵەکە) کە لەسەر شوێنی نووستنەکەی دانیشتبوو، بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدات کە دەستەکە چۆن شوناسی پیاوەکەیان ناسی، ئایا خزمەتکارەکە بەوانی وتووە ئەو پیاوە کوڕی ئیمامی عەسکەرییە؟ یان نا؟.

هەروەك ڕوونە... ئەم گێڕانەوەیە باس لەو ترس و تۆقاندنە ناکات کە دەوری شیعەکان و ئیمامی نوێی داوە لەو کاتدا، بەڵکو دەڵێت (موعتەمەد)ی خەلیفەی عەبباسی لە کاتی ڕاجیایی دەستەکە و جەعفەردا پشتی هەڵوێستی دەستەکەی گرت، تەنانەت خەلیفەی ناوبراو چەند پاسەوانێکی بۆ دەستەکە ڕەوانەکرد تا لە ڕێگادا بیانپارێزن. ئەو گێڕانەوەیە لە بیر دەکات کە دەڵێت: هێزەکانی دەسەڵاتی عەبباسی هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ئیمامی عەسکەری و ماڵەکەیان پشکنین و لێکۆڵینەوەیان کرد لەوەی ئیمامی عەسکەری منداڵێکی هەیە.

جا ئەگەر بەڕاستی ئیمام ترسا بێت و خۆی شاردبێتەوە ئەوا بۆچی بۆ نوێژ کردن لەسەر تەرمی باوکی دێتە دەرەوە؟ بۆچی لە ماڵەکەیدا لە شاری

سامەڕا دادەنیشێت و پێشوازی لە دەستە و کۆمەڵانی خەڵك دەکات لە کاتێکدا زۆر نزیك بووە لە چاوەکانی دەسەڵات؟.

جا هەروەك لە ڕووی مێژووییەوە ناسراوەو چەسپاوە کە موتەوکیلی باوکی عیسا بە لایەنگرەکانیەوە نوێژی لەسەر تەرمی ئیمامی عەسکەری کردووە لە پایتەختی خەلافەت لە شاری (سامەڕا)، بەم بۆنەیەوە هەر زوو دەرگاکانی شارەکە داخران و شارەکە لە گرمە و هۆرەی گریان دەهەژا.

وا بەدەر دەکەوێت ئەم گێڕانەوەیە لە شاری قوم لە قۆناغێکی پێشتردا دروست کرابێت، بۆ چەسپاندنی ئەو بانگەشەیەی گوایە ئیمامی عەسکەری منداڵێکی لە پاش بەجێ ماوە... بەر لەوەی گەشە بکات و تیۆری مەهدیبوونی ئەو منداڵە دروست ببێت، چونکە بابەتی چەسپاندنی بوونی جێگرەوە لە ڕووی کاتییەوە پێش بابەتی چەسپاندنی سیفەتی مەهدیبوونی دەکەوێتەوە، سەرەتا خەڵك سەرقاڵن بە چەسپاندنی بابەتی یەکەم، هێشتان بابەتی دووەم (مەهدیبوون) دروست نەببوو بەڵکو دوای چەند ساڵی دوورو درێژ، لە دەستپێکی خاڵی پەنهان بوون و دیار نەبوونی ئیمام، هەندێك ئەمانەیان بە چەند نیشانەیەکی مەهدی دانا و وتیان: کەواتە ئەو مەهدی چاوەڕوان کراوە.

ئا لێرەدا دانەرەکانی حیکایەتەکە لە لێکدانەوەکانی خۆیاندا ترسان لە دەسەڵات و پشکنینی پۆلیس لەبارەی منداڵەکەیان لەبەرچاو نەگرت، بەم هۆیەوە دووان لەسەر دەرکەوتنی منداڵەکە بۆ نوێژ کردن لەسەر تەرمی باوکەکەی و پێشوازی کردن لە دەستە و کۆمەڵانی خەڵك لە ماڵی خۆیدا.

لە پاڵ ئەم گێڕانەوەدا باسی دوو گێڕانەوەی تریشمان کرد، کە بریتین لە گێڕانەوەی ئیسماعیلی کوڕی عەلی نوبەختی کە دەڵێت: یەك کاتژمێر بەر لە کۆچی دوایی کردنی ئیمامی عەسکەری سەردانی کردووە، ئیمامی ناوبراو داوای

لە عەقیدی خزمەتکارەکەی کردووە تا کوڕی ئیمام بێنێت، ئەویش کوڕەکەی بۆ هێنا، ئیمام بە کوڕەکەی وت: (کوڕم مژدەت لێبێت تۆ مەهدی خاوەن سەردەمی)... و گێڕانەوەی کۆمەڵێك لە هاوەڵانی عەسکەری ئەوانەی وتیان: ئیمامی عەسکەری کوڕی خۆی پیشانی ئەوان داوەو پێی وتوون: (لە دوای من ئەوە ئیمامی ئێوەو جێگرەوەی منە بەسەر ئێوەدا... لەمڕۆ بەدواوە ئێوە نایبیننەوە).

گێڕانەوەی یەکەم تێکدەگیرێت لەگەڵ گێڕانەوەی باوکی ئەدیانی بەصرِی، ناوبراو لە گێڕانەوەکەیدا دەڵێت: عەقیدی خزمەتکار نەیدەزانی ئیمامی عەسکەری منداڵی هەیە، بۆیە داوای لە جەعفەری برای عەسکەری کرد تا نوێژ لەسەر تەرمی عەسکەری بکات، کەچی گێڕانەوەی یەکەم دەڵێت: عەقید منداڵکی هێنا لای عەسکەری لە بەرچاوی ئیسماعیلی کوڕی عەلی نوبەختی.

شایەنی باسە کە نوبەختی بە خودی خۆی ئاماژە بەم چیرۆکە ناکات و دەڵێت: زانراوە کە حەسەنی عەسکەری منداڵێکی هەیە لە ڕێگەی بەلگە هێنانەوەی تیۆری(١).

گێڕانەوەکەی دووەمیش بەهەمان شێوە تێکدەگیرێت لەگەڵ گێڕانەوەکەی باوکی ئەدیانی بەصرِی، چونکە گێڕانەوەی بەصرِی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە گەورە هاوەڵانی عەسکەری بە سەمان: عوسمانی کوڕی سەعدی عومری و حاجزی وەشائیشەوە بە بوونی منداڵەکەی عەسکەر بزانن، حاجز پرسیاری لە جەعفەر کرد منداڵەکە کێیە تا بەلگەی لەسەر بەرپا بکەین؟ جەعفەر وتی: سوێند بە خوا هەرگیز نەم بینیوەو نەشم ناسیوە!.

---

(١) كما ينقل عنه الصدوق في: إكمال الدين ٩٢ عن كتاب النوبختي: (التنبيه).

شـتێکی ناسـراوە... کـە دوای ئەمــە سـەمانی عـومری و حــازی وەشـاء بانگەشەی (نوێنەرایـەتی تایبـەت و بریکاری موحەممـەدی کوڕی حەسـەنیان) کرد، جا کەی ئەمانە منداڵەکەیان بینیوە؟ کـەی پسوله و مـافی بریکاریـان لـێ وەرگرتووە؟.

لێرەدا خـاڵێکی تـر هەیـە: ئـەویش ئەوەیـە کـە گێڕانـەوەی دووەم دەڵێـت: دوای ئەوەی ئیمامی عەسکەری منداڵەکەی پیشانی هاوەڵانی داوە ئـەوا بـەوانی وتـوە: (لـە مـرۆ بـەدواوە نایبیننــەوە)... جـا چـۆن منداڵەکـە دوای ئـەو کاتـە دەرکـەوتوو و نوێـژی لەسـەر تـەرمی باوکەکـەی کـرد و پێشوازی لـە دەسـتەو کۆمەڵانی خەڵك کرد.

گشـت ئـەم گێڕانەوانــە تێکـدەگیرێن لەگـەڵ گێڕانــەوەی یەکـەم کـە لـە حەکیمەوە گێڕدراوەتەوە، کە تیایدا هـاتووە: حەکیمـە لـە دوای لـە دایکبـوونی منداڵەکـە جـارێکی تـر منداڵەکـە نابینێتـەوە، جـا هـەر گێڕانەوەیـەك دێـت و گێڕانەوەی پێش خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم تاقمەکە هەڵساوە بـە دروسـتکردن و داهێنانی پڕوپاگەندەی ئەوەی ئیمامی عەسکەری منداڵێکی بووە، ئەمەش بە پێچەوانەی بارودۆخی ئاشکرایە و لەسەر چەند قسەو بۆچوونێکی فەلسەفی بـێ بنـەما و پـووچ دامـەزراوە، وەك: دروسـت نـەبوونی گوێزرانـەوەی ئیمامـەت لـە برایەکەوە بۆ برایەکی تـر لـە دوای حەسـەن و حوسـەین و پێویسـتی بـەردەوام بـوونی ئیمامـەت لـە نـەوە دوای نـەوە... ئـەم تاقمـە هەڵساوە بـە هەڵبەسـتنی چیرۆك و حیکایـەت و ئەفسـانە لـەبارەی لـە دایکبـوونی موحەممـەدی کـوڕی حەسەنی عەسکەری و چاوپێکەوتنی لە ماوەی ژیان و پێش مردنی باوکی.

جا لەبەر ئەوەی گێڕانەوەکان جیاواز بوون، لە ڕاستییەوە هەڵنەقوڵابوون،

لەلایەن چەند کەسانێکی جیا جیاوە دروستکرابوون، بۆیە لە وردترین زانیارییدا گێڕانەوەکان تێکگیراون لەگەڵ یەکتری و جیاوازیان هەیە، هەر گێڕانەوەیەکیش وێنەی بیرو بارودۆخی تایبەتی ئەو کەسە دەکات کە هەڵیبەستووە، هەروەك پڕن لە کاری ناسروشتی و دەرئاسا و ناباو، پڕوپاگەندەی ئەوەشیان تێدایە کە ئیمامەکان غەیب دەزانن، ئەم بانگەشەیەش تێکدەگیرێت لەگەڵ قورئانی پیرۆز کە بە ڕاشکاوی دەفەرمووێت: ﴿ قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾ النمل: ٦٥. واتە: ("ئەی پێغەمبەر پێیان" بڵێ: جگە لە خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هیچیان ئاگادار نین لە پنهان و شاراوەکان). هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ ﴾ الجن: ٢٦_٢٧. واتە: (ئەو زاتەی زانای نهێنی و شاراوەکانە، کەسیش لە نهێنی و شاراوەکانی ئاگادار ناکات. مەگەر بۆ پێغەمبەرێك خوا خۆی ڕازی بێت "بەوەی هەندێك نهێنی بزانێت"). هەوڵی ئەوەش دەدرێت کە دیاردەی پەنهان بوونە سەرگەردانکەرو وێڵکەرەکە کە تێکدەگیرێت لەگەڵ تیۆری ئیمامەت و لوتفی خوایی بەشێوەیەك ڕاڤە بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ یەکتر.

گێڕانەوە دیارو ئاشکراکەی مێژوو دەڵێت: ئیمامی حەسەنی عەسکەری ئاماژەی بۆ ئەوە نەکرد کە منداڵێکی هەیە، کاتێك هەستی بە نزیك بوونەوەی مردن کرد بانگی کوڕی ئەبو شەواربی دادوەری کرد و وەسیتنەمای کرد و پارەو سامان و کەل و پەلەکەی ڕاسپاردە دایکی خۆی کە ناوی حەدیس بوو، لە دوای مردنی عەسکەری کەنیزەکێك بەناوی نرجس بانگەشەی ئەوەی کرد کە سکپڕە لە عەسکەری، بە هیوای ئەوەی بەم بانگەشەیەی خۆی ئازاد بکرێت،

چونکە دەبووە (دایکی منداڵەکە) و بەهۆی بەشی منداڵەکەی ئازاد دەکرا. لەوانەیە سوری مانگانەی لێ پاشکەوتبێت لەبەر ئەمە گومانی وای بردبێت کە سکپڕە... دادوەری ناوبراو میرات دابەش کردنەکەی دواخست و گرنگی بە کەنیزەکەکە دا، گواستیەوە بۆ لای ئافرەتەکانی موعتەمەدی خەلیفە و فەرمانی کرد پشکنینی بۆ بکرێت و ڕاست و ناڕاستی بانگەشەکەی دەربخرێت... دواتر هیچ شوێنەوارێکی سکپڕی لێ بەدەر نەکەوت.

هەندێك لە شیعە ئیمامییەکان کە دانیان نەنابوو بە ئیمامەتی جەعفەری کوڕی عەلی بەم هۆیەوە دووچاری قەیرانێکی بیری و سەرگەردانی ببون، جا هەندێکیان دەستیان بە پووش و پەڵاشەکەوە گرت (واتە: نرجس) و وتیان: دواتر ناوبراو منداڵی بوو... هەندێکی تر وتیان: منداڵی نەبووەو شتی واشمان نەبینیوە... بەڵام کاتێك خودا لە ئایندەدا ڕێگەی پێدەدات ئەوا منداڵەکە لە دایك دەبێت، کورپەلەکە لە سکی دایکدا مایەوە بۆ ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ بەشێوەیەکی دەرئاسا... هەندێکی تر وتیان: نرجس بانگەشەی سکپڕی کرد تا هەواڵی ئەو منداڵەی پێشتر ببوو دابپۆشێت... ئەوانی تریش وتەی لەوشێوەیەیان وت.

ئەوانەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە منداڵەکە پێشتر هەبووە، دەستیان کرد بە هەڵبەستنی پروپاگەندە و ئەفسانە بە شێوەیەکی نهێنی و هەڵە، تا خەڵکی سادە و ڕەش و ڕووت هەڵبخەڵەتێنن و لە پاڵ ئەمەشدا پارەو سامان بە دەست بێنن... زانا و لێکۆڵەرانی سەرەتا ئەم پڕوپاگەندەیان بە ڕاست دانەنا... پاش سەد ساڵ شێخ (صدوق) هات و دوای دوو سەد ساڵ شێخ (تووسی) هات تا ئەو چیرۆك و ئەفسانانە تۆمار بکەن، بێ ئەوەی لە دەق و زنجیرەو سەنەدەکەیان بکۆڵنەوە، هەروەها بێ ئەوەی زۆر پشتیشی پێ ببەستن...

چونکە هەستیان بە لاوازی و بێ هێزو پێزی ئەو گێڕانەوانە دەکرد، بۆیە هەر لە سەرەتادا وتیان: ئێمە پشت بە بەڵگەی عەقڵی (فەلسەفی) دەبەستین بۆ چەسپاندنی بوونی (موحەممەدی کوڕی حەسەن) و ئەو چیرۆکانە تەنها بۆ زیاتر پشتگیری دەهێنینەوەو هیچی تر.

لە دوای هەر دوو ناوبراوەکە هەندێك لە مێژوونووسانی (خەبەری) هاتن و ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانەیان گواستەوەو گێڕایەوە وەك ئەوەی ڕاست و سەلمێنراوی زانستی بن کە مشتومڕ هەڵنەگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا خودای گەورە داوامان لێدەکات کە ئەو گێڕانەوە ڕووکەشی و دیارو ئاشکرایە وەربگرین کە ئەوە ڕەتدەکاتەوە حەسەنی عەسکەری منداڵی بووبێت، خودا لێپێچینەوەمان لەگەڵ ناکات و داواشمان لێناکات بەوەی گێڕانەوە نهێنییە ناوەخۆییە تێکگیراوەکە وەربگرین کە پڕاوپڕە لە شتی پڕو پوچ و ئەفسانە...

لە دوای دەرکەوتنی ئەو لاوازییە گەورەیەی لە گێڕانەوەکاندا هەیە، ئەوا پێویستیمان بەوە نییە لێکۆڵینەوە بکەین لەسەر زنجیرە و سەنەد و ئەو گێڕەرەوانەی نەقڵیان کردووە. سەرباری ئەمەش چاوێك هەر دەخشێنین بە سەنەد و زنجیرەکەیدا، تا بزانین مێژوونووسە سەرەکییەکان لە کوێوە هێناویانە، تا زیاتر دڵنیابین لە لاوازی و بێ هێزو پێزی ئەو گێڕانەوانەی کە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە مێژووی ئیسلامیدا و لە دامەزراندن و بنیاتنانی بیری سیاسیی شیعە لە مێژوودا.

## باسی دووەم

## هەڵسەنگاندنی زنجیرە (سەنەد)ی گێڕانەوە مێژووییەکان

بەر لەوەی بچینە ناو بابەتی لێکۆڵینەوە لە زنجیرەو سەنەدی ئەو گێڕانەوە مێژووویانە، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە هەندێك لەو زانایانەی کە لە بارەی ئیمامی مەهدییان نووسیوە ئەم گێڕانەوەیان فەرامۆش کردووەو پشتیان پێ نەبەستووە، هەروەك شەهید موحەممەد باقر صەدر لە کتێبەکەیدا (بحث حول المهدي) تەنها پشتی بە بانگەشەی (چوار نوێنەرەکە) بەستووە کە بانگەشەی ئەوەیان کرد نوێنەرو بریکاری تایبەتی (ئیمامی مەهدین) و شەهیدی ناوبراو بە دووری زانیوە بانگەشەی ئەو چوار نوێنەرە بە درۆ بخرێتەوە لەوەی چاویان بە ئیمام کەوتووە، بەم پێیە بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر لە دایکبوونی، دواتر ڕاڤەی فەلسەفەی پەنهان بوون دەکات و دەیچەسپێنێت کە دەکرێت تەمەن درێژی ببێت.

هەیانە پشت دەبەستێت بەو شێخە گەورانەی ئەم گێڕانەوانەیان گێڕاوەتەوە، وەك: شێخ (کلینی و صدوق و توسی و موفید) و بە دووری دەزانێت ئەم شێخانە درۆزن بن یان پشت بە گێڕەڕەوەو گێڕانەوەی لاواز ببەستن.

سەرباری بوونی پرۆسەی ساختەکردن و یاری کردن بە دەستەواژەکان لە کێتبی کۆن و نوێ دا، نەمبینی کەسێك هەڵوەستە بکات تا لێکۆڵینەوە لەم کتێبانەدا بکات و دڵنیا بێت لە ڕاستی و دروستیان.

بەشێوەیەکی گشتی پێم وایە: پێویستە لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی

زانستی دا جەخت بکرێتەوە لەسەر:

یەکەم: لە ڕەچەڵەکی کتێبە مێژووییە ناسراوەکان، وەك: (الغيبة) و (إكمال الدين) و (الإرشاد) و (الفصول المختارة) لە درانە پاڵ خاوەنەکانیان، هەروەها دڵنیا بوون لە زیاد و کەم نەکران و دەستکاری نەکرانی هیچ شتێکیان... ئەمەش شتێکی ئەستەمە... هیچ کتێبێکی (ڕاست و دروستی) شیعە نییە، واتە کە بە تەواوی دڵنیایی هەبێت لە درانە پاڵ خاوەنەکانیان، تەنها چوار کتێبە هاوچەرخەکە نەبێت: (الكافي، من لا يحضره الفقيه، التهذيب، الإرستبصار) کە زانایان یەك لە دوای یەك گێڕاویانەتەوە.

دووەم: پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر دانەرو نووسەرەکان بکرێت و ئاستی وردبینی و ڕێککارییان دیاری بکرێت... ئەمە کارێکە دەکرێت ئەنجام بدرێت و ئەستەم نییە.

پاشان پێویستە توێژینەوە بکرێت لەسەر ئەو گێڕەرەوانەی گێڕانەوەکانیان گێڕاوەتەوە، دڵنیابوون لە بوون و ڕاستگۆیی و ڕێککارییان... چونکە هەندێك گێڕەرەوە بوونیان نییە، واتە: کەسانێکی خەیاڵی هەڵبەستراون، هەندێکی تریان زیادەڕۆچووی درۆزنن، هەروەك زاناکانی شیعەی دوازدە ئیمامی کە پسپۆرن لە (زانستی ناسینی کەسەکان) ئاماژەی پێدەکەن، وەك: توسی و نەجاشی و کوشی و کوڕی عەزائیر و جگە لەوانیش.

هەندێك گێڕەرەوەی تر هەن کە زانایانی زانستی ناسینی کەسەکان (دوازدە ئیمامی) کۆکن لەسەر ئەوەی متمانەدارو باوەڕ پێکراون و شتیان لێوەردەگرن... بەڵام تێکڕای تاقمەکانی تری ئیمامی و شیعی و ئیسلامییەکان دانیان پێدا نانێن، بەڵکو گومانیان هەیە لە ڕاستگۆییان، وەك: چوار نوێنەرەکە و جگە لەوانیش کە بانگەشەی ئەوەیان کردووە (ئیمامی مەهدییان) بینیوەو

چاویان پێکەوتووەو مافی بریکارییان لێوەرگرتووە.

هەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەك بۆ زنجیرەو سەنەدی گێڕانەوە مێژووییەکان، کە لە دایکبوون و هەبوونی (ئیمامی مەهدی) دەچەسپێنن پێویستە هاوشان لە گەڵیدا لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر ئەو بارودۆخەی ئەو (نوێنەرانە) تێیدا بوون، چاوبخشێنرێتەوە بە باوەڕپێکراوی و ڕاستگۆییان... هەروەك شیعە چاویان خشاندەوە بە زۆرێك لە هاوەڵانی ئیمامی (کازم) کە هەڵوەستەیان کرد و وتیان ناوبراو مەهدییە، سەرباری ئەوەی باوەڕپێکراو و ڕاستگۆ بوون... بەلایەنی کەمەوە هەڵوەستەیان کرد لەسەر ئەو گێڕانەوانەی ئەوان کە باس لە بەردەوام بوونی ژیانی ئیمامی (کازم) دەکەن... دوای ئەوەی تۆمەتباریان کرد بەوەی ئاگر ڕادەکێشێت تا خۆی پێ بسوتێ، هەروەها وتیان بانگەشەی مەهدیبوون و چاوپێکەوتن و پەنهانی بوونی (کازم) بۆ سوودمەند بوونی مادییە.

ئەو مێژوونووس و نووسەرانەی لەبارەی ئیمامی مەهدی دەنووسن وا لێڕاهاتوون کە ملکەچی بەڵگەنامەکانی (چوار نوێنەرەکە) بن و باوەڕ بکەن بەو گێڕانەوانەیان لەبارەی بینینی ئیمامی مەهدی و وەرگرتنی ڕێنووس و واژوو لێی... ئەمەش جۆرێکە لە خۆدانە پاڵی پێشوەختە و ملکەچ بوونی کوێرانە و باوەڕ کردنی سادە بە کەسانێك کە لە بنەڕەتدا تۆمەتبارن بە هەڵبەستنی چیرۆکەکان و قۆستنەوەیان بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی ماددی تاکە کەسی.

گومان لە ژیانی ئەواندا هەبووە... بەوەی شیعەکان گومانیان هەبووە لە بانگەشەکردنی (نوێنەرایەتیان) و پرسیاریان دەکرد لەبارەی سەرەنجام و ئاکامی ئەو پارەو دراوانەی بەناوی (ئیمامی مەهدی) کۆیدەکەنەوە، هەندێك

لەوانەی بانگەشەی نوێنەرایەتیان دەکرد هەندێك نوێنەری تریان بە درۆ دەخستەوە، هەر کۆمەڵێك کۆمەڵەکەی تری تۆمەتبار دەکرد بە جادووگەری و فێڵ و تەڵەکەبازی.

هیچ شتێك نییە ڕاستی بانگەشەی (چوار نوێنەرەکە) بسەلمێنێت لە نێوان زیاتر لە بیست کەس کە بانگەشەی نوێنەرایەتی (تایبەتیان) دەکرد لەو کاتدا، تەنها چەند پڕوپاگەندەیەك هەبوون لەبارەی ئەوەی نوێنەرەکان کاری دەرئاسا دەکەن و غەیب دەزانن، ئەمانە شتانێکن ئەو مێژوونووسانە: (کلینی، صدوق، توسی و مفید) لە کتێبەکانیاندا باسیان کردووەو ڕوودانی ئەو شتانە لەسەر دەستی هەندێك نوێنەریان بە ڕاست زانیوەو باوەڕیشیان بە ڕوودانی کاری دەرئاسا لەسەر دەستی هەندێکی تر نەکردووە.

ئەگەر چیرۆکەکانی ڕوودانی کاری دەرئاسا و غەیب زانین ڕەت کەینەوە کە (چوار نوێنەرەکە) بانگەشەیان دەکرد یان پشتیوانانیان برەویان بەو شتانەدا لەبارەی ئەوانەوە... هیچ شتێك نامێنێت بە بەڵگەی بێنینەوە لەسەر ڕاستگۆییان و جیاکردنەوەیان لە سەرجەم بانگەشەکارە درۆزنەکانی تر، چونکە هەموویان تۆمەتبارن بە ڕاکشانی ئاگر بۆ ناوماڵەکەی خۆی و خۆسوتاندنی پێی.

ئا لێرەوە لە زنجیرەی گێڕەڕەوکانی چیرۆکە مێژووییەکان دەکۆڵینەوە کە لەبارەی لە دایکبوون و هەبوون و بینرانی (ئیمامی مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) دەدوێن بەشێوەیەکی بێ لایەن، لە بنەڕەتیشدا لە بەلاواز دانانی کەسەکاندا پشت دەبەستین بە زانایانی شیعەی دوازدە ئیمامی کە پسپۆرن لە (زانستی ناسینی کەسەکان)... ئەگەر ئێمەش ڕایەکی تایبەتمان هەبوو لەبارەی کەسێکەوە ئەوا بەڵگەی تایبەتی خۆمان لەبارەیەوە

دەخەینەڕوو.

## گێڕانەوەی حەکیمە

صدوق چیرۆکی لە دایکبوونی (مەهدی خاوەن سەردەم) دەگێڕێتـەوە، لـە موحەممەدی کوڕی حەسەنی کوڕی وەلید، دەڵێت: موحەممەدی کوڕی یـەحیای عەتتار بـۆی گێڕاینـەوە، وتـی: بـاوکی عەبـدوڵا حوسـەینی کـوڕی ریزقوڵا بـۆی گێڕاینـەوە، دەڵێـت: موسـای کـوڕی موحەممـەدی قاسـم بـۆی گێڕامـەوە، وتـی: حەکیمە بۆی گێڕامەوە.. [1].

حوسەینی کوڕی ریزقوڵا، کەسێکی نەناسـراوە یـان هەڵبەسـتراوەو بـوونی نییە لە ناو ئەو کتێبانەی بـاس لـە ژیـانی کەسـە گێڕەرەوەکـان دەکـەن، موسـای کوڕی موحەممەد کەسێکی فەرامۆشکراوە.

لـە هەنـدێك دانـە و لەبـەرگیراودا حوسـەینی کـوڕی عەبـدوڵا لـە جیـاتی باوکی عەبدوڵای حوسەین هەیە، کە ئەو کەسـەیە نەجاشـی تۆمـەتباری دەکـات بە زیادەڕۆچوون.

لە گێڕانەوەیەکی تردا، صدوق چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە لە حوسەینی کوڕی ئەحمـەدی کـوڕی ئیـدریس، وتـی: بـاوکم بـۆی گێڕاینـەوە، وتـی: موحەممـەدی کوڕی ئیسماعیل بـۆیی گێڕاینـەوە، وتـی: موحەممـەدی کـوڕی ئیبراهیمـی کـوفی بۆی گێڕاینەوە، وتی: موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای توهوی بۆی گێڕاینەوە، لە حەکیمەوە... دانە و لەبەرگیراوەکانی کتێبی (إكمال الدين)دا جیـاوازن لـەبارەی نـاوی توهـوی، لـە هەنـدێك دانـە: ظهـرییـە، لـە هەنـدێکی تـردا زوهرییـە، لـە

---

(1) الصدوق: إكمال الدين ٤٢٤.

هەندێکی تر: موتەهرییە، لە هەندێکی تریشیاندا: توهرییە... ئەم کەسە هیچ باس و خواسێکی نییە لە ناو کتێبەکانی ژیاننامەی کەسەکاندا، کە دەکرێت هەڵبەسترابێت لەلایەن هەندێك لە گێڕەرەوەکان، بەهەر حاڵ... کەسێکی نەناسراوە.

بەڵام شێخ توسی چیرۆکەکە لە کتێبی (الغيبة)دا لە پوری عەسکەری گێڕاوەتەوە، بەڵام لە جیاتی حەکیمە ناوی دەنێت خەدیجە[1].

جارێکی تر گێڕانەوەکە دەگوازێتەوە لە کوڕی ئەبو جید، لە موحەممەدی کوڕی حەسەنی کوڕی وەلید، لە صەفاری کوڕی حەسەنی قومی، لە باوکی عەبدوڵای موتەهری ئەویش لە حەکیمەوە، باسی ئەوە دەکات کە ناوی دایکی موحەممەدی کوڕی حەسەن سەوسنە و نرجس نییە وەك لە گێڕانەوەکەی صدوق دا هاتووە.

بە گێڕانەوەی سێیەمیش چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، لە ئەبو جید، لە موحەممەدی کوڕی حەسەنی کوڕی وەلید، لە موحەممەدی کوڕی یەحیای کوڕی عەتار، لە موحەممەدی کوڕی حەمویەی ڕازی، لە حوسەینی کوڕی ریزقوڵا، لە موسای کوڕی موحەممەد...

لە گێڕانەوی چوارەمدا، تووسی بەسەرهاتەکە لە ئەحمەدی کوڕی عەلی ڕازی دەگێڕێتەوە، لە موحەممەدی کوڕی عەلی، لە عەلی کوڕی سەمیعی کوڕی بەنان، لە موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو داری، لە موحەممەدی کوڕی ئەحمەد، لە ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵا، لە ئەحمەدی کوڕی ڕوحی ئەهوازی، لە موحەممەدی کوڕی ئیبڕاهیم، لە حەکیمەوە، بە وێنەی فەرمایشتی یەکەم

(1) الطوسي: الغيبة ١٣٨_١٤٦.

گێڕاویەتیەوە بەڵام ئەوە هەیە کە وتویەتی: باوکی موحەممەدی لە شەوی نیوەی مانگی ڕەمەزان بە دوای منی ناردووە، لە جیاتی مانگی شەعبان.

لە گێڕانەوەی پێنجەم: توسی لە ئەحمەدی کوڕی عەلی ڕازی دەگێڕێتەوە، لە موحەممەدی کوڕی عەلی، لە حەنزەڵەی کوڕی زەکەریا، وتی: کەسێکی باوەڕپێکراو لە موحەممەدی کوڕی بیلالەوە بۆی گێڕامەوە، لە حەکیمەوە...

لە گێڕانەوەی شەشەم: توسی چیرۆکەکە لە کۆمەڵێك لە شێخەکان ئەوان لە حەکیمەوە دەگێڕنەوە.

لە گێڕانەوەی کۆتاییدا: تووسی باسی یەك لە شێخەکان ناکات کە گێڕانەوەکە دەگەیەنن بە حەکیمە بێ باسکردنی سەنەد و زنجیرە. ئەمەش وا دەکات کە ئەم گێڕانەوەیە لە بەرچاو بکەوێت و باوەڕپێکراو نەبێت.

لە گێڕانەوەی پێشووتردا ناڵێت حەمزەی کوڕی زەکەریا (کە نەجاشی بە لاوازی داناوە) جا ئەو (باوەڕپێکراوە) کێیە؟ ئەو کەسەی هەڵبەستووە؟... بەڵام موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی بیلال، یەکێکە لەوانەی بانگەشەی بریکارێتی مەهدی کردووەو ڕاجیایی کەوتۆتە نێوان ئەو و موحەممەدی کوڕی عوسمانی عومری. سەبارەت بە ئەحمەدی کوڕی عەلی ڕازی، ئەوا (تووسی) خۆی لە کتێبەکانی (الرجال) بە لاوازی دادەنێت، هەروەها (نەجاشی) و (کوڕی زەغائری)یش بە لاوازی دادەنێن و بە زیادەڕۆچوون تۆمەتباری دەکەن.

ئالێرەوە بارودۆخی گێڕانەوەی چوارەم دەردەکەوێت، کە توسی لە ئەحمەدی کوڕی عەلی ڕازی (لاوازی زیادەڕۆچوو) دەگێڕێتەوەو ئەویش لە کەسێکی نەناسراو دەگێڕێتەوە کە (ئەحمەی ئەهوازیی)ە.

سەبارەت بە گێڕانەوەی سێیەم، موحەممەدی کوڕی حەمویەی ڕازی تێدایە کە نەناسراوە، حوسەینی کوڕی رزقوڵاشی تێدایە کە بە هەمان شێوە

نەناسراوە.

لە گێڕانەوەی دووەمدا ناوی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای موتەهوی کە صدوق هێناویەتی دەگۆڕێت بۆ باوکی عەبدوڵای موتەهری.. کە بە هەر دوو ناوەکە و لە هەر دوو باردا هەر نەناسراوە.

لە گێڕانەوەی یەکەمدا پوری ئیمام عەسکەری دەڵێت: لە دایکبوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی نەبینیوە، بەڵکو هەواڵێکی لەو بارەوە بەر گوێ کەوت کە باوکی موحەممەد لە پەیامێدا بۆ دایکی ڕەوانە کردبوو بۆ شاری مەدینە.

کەواتە گێڕانەوەی حەکیمە لەبارەی لە دایکبوونی موحەممەدی کوڕی حەسەن کەسانی پاشکەوتوو و دواکەوتوو لە کاتەکە دەگێڕنەوە لە کەسانی زیادەڕۆچوو ئەوانیش لە لاوازەکان و ئەوانیش لە کەسانی نەناسراو هەڵبەستەر... کە بەهیچ شێوەیەك نابێت پشتیان پێ ببەسترێت.

## پیاوێك لە خەڵکی فارس

کلینی و صدوق و توسی و صەد چیرۆکی (پیاوێك لە خەڵکی فارس) دەگێڕنەوە، گوایە چووەتە شاری سامەڕا و لەوێ لەلای دەرگای ماڵی حەسەنی عەسکەری ماوەتەوەو لەگەڵ خزمەتکارەکە کاری دەکرد... ڕۆژێك منداڵێکی سپی بینی، ئیمامی حەسەنی عەسکەر بە پیاوەکەی وتوە: (ئەمە مەهدی و ئیمامتانە)[1].

ئەمە گێڕانەوەیەکی زۆر لاوازە، پێویست ناکات لەسەری بوەستین، ئەمەش بەوەی ناوی گێڕەڕەوەکەی نەهێناوەو بەڵکو تەنها وتویەتی: (پیاوێك

---

(1) الكليني: الكافي ١/٣٢٩، الصدوق: إكمال الدين ٤٣٥، الطوسي: الغيبة ١٤٠، الصدر: الغيبة

لە خەڵکی فارس)!... ئەم شێوازە بەهیچ شێوەیەك لە بواری فەرموودەدا پەسەند نییە.

## یەعقوبی کوڕی مەنقوش

سەبارەت بە گێڕانەوەکەی یەعقوبی کوڕی مەنقوش، ناوبراو لە گێڕانەوەکەدا دەڵێت: ڕۆژێك پرسیاری لە ئیمامی عەسکەری کرد: کێ ئیمام و خاوەنی ئەم کارەیە؟ عەسکەری پێی وتوە: ئەو پەردەیە هەڵبدەوە کە بەسەر دەرگاکەدا دادراوە، منداڵێکی پێنجساڵانە هاتەدەرەوە، عەسکەری وتی: ئەمە مەهدی و ئیمامی ئێوەیە. صدوق ئەم گێڕانەوەیە دەگێڕێتەوە لە (باوکی تالیب موزەفەری کوڕی جەعفەری کوڕی موزەفەری عەلەوی سەمەرقەندی، لە جەعفەری کوڕی موحەممەدی کوڕی مەسعود، لە باوکیەوە موحەممەدی کوڕی مەسعودی عیاشی، لە ئادەمی بەلخی، لە عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی هارونی دەقاق، لە جەعفەری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی قاسم، لە عەبدوڵای کوڕی مەنقوش... ئەمە گێڕانەوەیەکی زۆر لاوازە...

یەکەم: بەهۆی نەبوونی کەسێك بەناوی (موزەفەری سەمەرقەندی) لە ناو ژیاننامەی کەسانی گێڕەرەوەدا.

دووەم: لەبەر ئەوەی عیاشی زۆر لە کەسانی لاواز دەگێڕێتەوە، هەروەك نەجاشی ئاماژەی پێدەدات، تەنانەت لە تەفسیرەکەیدا بە ڕاشکاوی دەڵێت قورئان دەستکاری کراوە.

سێیەم: لەبەر ئەوەی ئادەمی بەلخی باوەڕی بە ڕاسپاردن (تفویض)

---

٢٨٥.

هـــەبووە، یەكێكـــە لـــەو زیادەڕۆچـــووانەی كـــە دەڵـــێن خـــودا موحەممـــەدی بـەدیهێناوەو بـەدیهێنانی دونیـای داوەتـە دەسـت، جـا بـەم پێیـە موحەممـەدی بەدیهێنەر شتەكانی ناو دونیایە، پاشان ئەركی بەدیهێنانی ڕادەستی عـەلی كـرد (سەیری كتێبی _ الرجال _ی نەجاشی بكە).

چوارەم: بـەهۆی فـەرامۆش كردنـی شـتە وردەكـان و جیـاواز بـوونی نـاوی باوكی لە نێوان حەسەن و حوسەین.

پێنجـەم: بـــەهۆی نەناســراوی جەعفــەری كــوڕی موحەممــەدی كــوڕی عەبدوڵا.

شەشەم: بەهۆی بێ باكی یەعقوبی كوڕی مەنقوش، جیاوازی و تێكگیرانـی ناوی باوكی لە نێوان (مەنقوش) و (مەنفوش) و (مەنفوس).

## عوسمانی كوڕی سەعیدی عومری

ئەو گێڕانەوەی صدوق لە كتـێبی (إكمـال الـدين "٦") و توسـی لـە كتـێبی (الغيبة "٧") هێناویانە لە كۆمەڵێكەوە كـە ئەمانەشـی تێـدان عوسمـانی كـوڕی سـەعیدی عـومری و موعاویـەی كـوڕی حەكـەم و موحەممـەدی كـوڕی ئـەیوب، گوایـە ئیمـامی مەهـدی بـەوانی وتـوە: (ئەمـە لـە دوای مـن ئیمـامی ئێوەیـە)[1]. صـدوق و توسـی ئـەم چیـڕۆك و گێڕانەوەیـە دەگێڕنـەوە لـە جەعفـەری كـوڕی موحەممـەدی كـوڕی مالیـك كـە درۆزنێكـی بـە ناوبـانگ و ناسـراوەو زۆر كـاری فەرمووده هەڵبەستنی كـردووە، كـوڕی عـەزائری لەبارەیـەوە دەڵێـت: (درۆزنـە، فـــەرموودەكانی بەگشـــتی فڕێـــدراو و فـــەرامۆش كـــراون، ڕاڕەوەكـــەی زۆر

(1) الصدوق: إكمال الدين ٤٣٥، الطوسي: الغيبة ٢١٧.

زیادەڕۆچوو بوو، شتی لە کەسانی نەناسراو و لاواز دەگێڕایەوە، هەموو کەم و کورتی و کرچ و کاڵییەکانی کەسانی لاوازی تێدا کۆبووەتەوە... شتی نامۆو سەرسوڕهێنەری لەبارەی لە دایکبوونی مەهدی گێڕاوەتەوە). نەجاشی لەبارەیەوە دەڵێت: زۆر لاواز بوو لە فەرموودەدا، ئەحمەدی کوڕی حوسەین وتویەتی: ئیش و پیشەی هەڵبەستنی فەرمووده بوو، زۆر فەرموودەی لە کەسانی نەناسراوەوە دەگێڕایەوە، گوێم لێبووە یەکێك وتویەتی: ڕاڕەو ڕێبازو گێڕانەوەی خراپ و گەندەڵ بووە، نازانم چۆن هەر دوو شێخە ڕێزدارو باوەڕپێکراوانەمان "باوکی عەلی کوڕی هەمام، باوکی غالبی ڕازی" شتیان لێ گێڕاوەتەوە.

سەبارەت بە گێڕانەوەکەی نەسیم و تەریفی باوکی نەصر کە دوو خزمەتکاری حەسەنی عەسکەری بوون، ئەوا صدوق ئەم وەسفانەی لەبارەی ناوبراوەوە گێڕاوەتەوە، لە موزەفەری سەمەرقەندی کە وتویەتی: فەرامۆشکراوە و لە عیاشی کە وتویەتی: لاوازە و ئادەمی بەلخی کە وتویەتی: زیادەڕۆچووەو باوەڕی بە بیرۆکەی ڕاسپاردن[1] هەیە.

گێڕانەوەکەی ئیسماعیلی نوبەختی، کە توسی لە ئەحمەدی کوڕی عەلی ڕازی دەیگێڕێتەوە، ئەوا زۆر لاوازە، چونکە خودی توسی ڕازی بە باوەڕپێکراو دانانێت و تۆمەتباری دەکات بە لاوازی و زیادەڕۆچوون، سەرباری ئەوەی کوڕی زەغائیری و نەجاشی هەمان تۆمەت دەدەنە پاڵ ڕازی.

توسی گێڕانەوەیەکی تر لە جەعفەری کوڕی موحەممەدی کوڕی مالیکی فەزاری و ئەحمەدی کوڕی عەلی ڕازی ئەویش لە کاملی کوڕی ئیبراهیمی

---

(1) واتە: خودا ئەرکی بەدیهێنانی شتەکانی داوەتە دەست پێغەمبەر محمد و دواتر ئەویش ڕادەستی عەلی کردووە. (وەرگێڕ).

مـەدەنی دەگێڕێتـەوە، گێڕانەوەکـە دەڵێـت: کامـل چـووەتە خزمـەت ئیمـامی عەسکەری ئا لەو کاتـەدا بایـەك هـاتووەو پەردەیـەکی هەڵداوەتـەوە کە بەسـەر دەرگایەکـدا دادرابـوو، بـینی نێوجـەوانێك لـە پـاش پەردەکەیـە، نێوجەوانەکـە کاملی ناسـی و بـە ناوەکـەی بـانگی کـرد، پاشـان پەردەکە گەڕایـەوە بـارودۆخی پێشووی و نەیتوانی پشکنین بکات و بیدۆزێتەوە، ئەم گێڕانەوەیە دیـارە لاوازە، چونکە فەزاری و ڕازی زیادەڕۆچوو و لاوازن.

## باوکی ئەدیانی بەصری

گێڕانەوەی باوکی ئـەدیانی بەصـری کـە تـەنها صـدوق گێڕاویەتیـەوە، بـێ سـەند دەیخاتـەڕوو، هـەروەك دەڵێـت: (بـاوکی ئـەبو ئـەدیان گێڕاویەتیـەوە...) سەرباری ئـەوەی مـاوەی نێـوان بـاوکی ئـەدیان و صـدوق نزیکـەی سـەد ساڵە... هـیچ کەسـێك نەناسـراوە بـەناوی بـاوکی ئـەدیان ئەمـەش دڵنیاکەرەوەیـە کـە هەڵبەسراوە لەلایەن هەندێك لە زیادەڕۆچووانەوە.

تەواوکەری چیرۆکەکە، ئەویش هاتنی دەستە و کۆمەڵەکەی خەڵکی شاری قـوم و چـیاکان بـوو بـۆ شـار سـامەڕا، کـە صـدوق دەیگێڕێتـەوە... لـە زنجـیرەو سەنەدەکەدا ئەم کەسانەی تێدان: ئەحمـەدی کوڕی حوسـەینی ئـابی عـروزی و باوکی حوسەینی کوڕی زەیدی کوڕی عەبـدوڵای بەغـدادی ئـەویش لـە سـەنانی موسڵی ئەویش لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە... هەموو ئەوانەی ناویان بـرا کەسـانی نەناسـراون و هـیچ بـاس و خواسـێکیان نییـە لـە نـاو ژیاننامـەی کەسـەکاندا، سەرباری ناجێگیری ناوی بەغدادی.

## سەعدی کوڕی عەبدوڵای قومی

گێڕانەوەکەی سەعدی کوڕی عەبدوڵای قومی، ئەوە باس دەکات کە ناوبراو هاوڕێ لەگەڵ ئەحمەدی کوڕی ئیسحاق چووەتە خزمەت ئیمامی عەسکەری، منداڵێکی بینی لەسەر ڕانی عەسکەرییە و هەنار و تۆپێکی زێڕی بەدەستە و یاری پێدەکات، صدوق ئەم گێڕانەوەی هێناوە لە (نەوفلی کرمانی)، لە ئەحمەدی کوڕی عیسای وەشائی بەغدادی، لە ئەحمەدی کوڕی تاهیری قومی... لە زنجیرە و سەنەدەکەیدا چوار کەسی فەرامۆشکراو یان نەناسراو هەیە، گێڕەڕەوەی پێنجەم (شەیبانی) یەکێکە لە کەسە لاوازەکان و باوەڕیشی بە بیرۆکەی ڕاسپاردن هەیە، هەروەك کوشی و کوڕی غەزائیری و توسی و نەجاشی ئاماژەیان پێداوە.

زانای بلیمەت حیللی لە کتێبی (الخلاصة) متمانەی لە سەعدی کوڕی عەبدوڵای قومی سەندووەتەوە بەهۆی ئەم گێڕانەوە خراپەی، شەهیدی دووەم وتویەتی: (نیشانەکانی هەڵبەستنی زۆر بەڕۆشنی پێوە دیارە)، وەك ئەو نیشانەیە کە دەڵێت: منداڵەکە (مەهدی) یاری بە هەنارە زێڕینەکەی دەکرد!.

کەواتە ئەو لاوازییە گەورەیەی کە لە هەر گێڕانەوەیەکدا هەیە وا دەکات کە بە بەڵگە نەشێن و باوەڕپێکراو نەبن... ئەگەر لاوازی زنجیرەو سەنەد لەگەڵ لاوازی دەقەکان کۆ بکەینەوەو و تێکگیرانیشیان بخەینە پاڵ، هەروەها ئەوەش بخەینە پاڵ لاوازییەکانی تر کە گێڕانەوەکان تێکگیروان لە گەڵ گێڕانەوەی ئاشکراو دیار... ئەو کاتە ئەو گێڕانەوانە تەنها دەبنە چەند پروپاگەندە و ئەفسانەیەکی خەیاڵی، کە لە دایکبوونی کەسێکی ئاساییان پێ ناچەسپێت... جا چۆن دەبێت ئێمە پشتی پێ ببەستین لە چەسپاندنی لە

دایکبـونی ئیمامێـك لـە ئیمامــەكان و لەســەر ئەمــەش قــەڵای بیروباوەڕێــك دامەزرێنین؟.

سەبارەت بە هەواڵی هەوڵدان بۆ دەست بەسەرکردنی مەهدی کە توسی و مەجلسی و صەدر گێڕاویانەتەوە، ئەوا هەواڵ و خەبەرێکی پچڕاوە کە دەگاتـە ڕەشیق کـە پۆلیسێکی نەناسـراوەو گومـان لـە دادگەرییەکەیـدا هەیـە، لاوازیشـە بەهۆی ئەوەی ڕاشکاوانە ناوی ئەو کەسەی نەداوە کە لەسەر ڕایەخەکە نوێـژی دەکـرد، هـەروەها گێڕانەوەکـە چـەند شـتێکی نـامۆی لـە خـۆ گرتـووە، وەك: مانەوەی (مەهدی) لە ماڵی باوکی لە شاری سامەڕا بـە درێـژایی مـاوەی پـەنهان بوونەکە، ئەمە شتێکی زۆر دوورە لـە ڕاسـتییەوە، دەکـرا (مەهـدی) بگـەڕێت و خۆی لە شوێنی تر بشارێتەوە. گێڕانەوەکە باسی شتی دەرئاسا و غـەیبزانین دەکـات کـە هـیچ پێویسـت نییـە، بـەم پێیـە زۆر گونجـاو هەماهەنگـە لەگـەڵ گێڕانەوەو ئەفسانەکانی زیادەڕۆچووان.

جا موعتەزیدی عەبباسی کـەمێك ئاراسـتەی بـەلای شیعەگەریدا دەچـوو، سوربوو لەسەر بە نەفرەت کردنی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لەسـەر دوانگـە و مینبەرەکان و فەرمانی کرد کتێبیش لەوبارەوە بنووسرێن و بەسەر خەڵکیدا بخوێنرێنەوە، هـەروەك (ئـیبن ئەسـیر) ئامـاژەی پێـداوە[1]. ئەمـەش پیشاندەری ئەوەیـە کـە ئـەو گێڕانەوەیـەی بـاس لـە هـەوڵی دەستبەسـەر کردنـی ئیمـامی مەهــدی دەکــات دوورە لــە ڕاســتییەوە یــان زیــاتر هەڵبەســترانی چــیرۆکی خۆشاردنەوەی مەهدی لە ژێرخاندا پەسەند دەکات.

---

(1) إبن أثير: الكامل في التأريخ ٦/٨٥.

## باسی سێیەم

## پشکنین و لێکۆڵینەوە لە گەواهی و شایەتی ( چوار نوێنەرەکە )

گێڕانـەوەی ئاشـکراو دیـاری مێـژوویی لـەبارەی ڕووداوەکـانی دوای کۆچـی دوایی ئیمام حەسەنی عەسـکەری بـاس لـەوە دەکات: ئیمـام هـیچ منـداڵێکی لـە دوای خۆی جێنەهێشت چ کوڕ چ کچ، پارەو سامانەکەی ڕاسپاردەی دایکی خـۆی کرد کە ناوی حەدیس بوو، لەبەر ئەمە جەعفەری برای عەسـکەری بانگەشـەی ئیمامـەتی کـردو و کۆمـەڵێك لـە شـیعەکان شـوێنی کـەوتن، بـەڵام گێڕانـەوەی (نوێنـەرەکان) بـاس لـەوە دەکـات: کـە ئیمـامی عەسـکەری منـداڵێکی شـاراوەی هـەبووە، بۆیـە بانگەشـەی نوێنەرایـەتی و بریکارێتی ئـەو منداڵـەیان کـرد. بـە ڕاست دانانی بانگەشەی ئەو نوێنەرانە سەردەکێشێت بۆ بەڕاست دانـانی بـوونی (بەڵگـەی کـوڕی حەسـەنی عەسـکەری)، بـەڵام بـوونی گومـان سـەبارەت بـە بانگەشەکەیان دەبێتە هۆی نەچەسپاوی هیچ یەکێك لـە گێڕانـەوە نهێنییـەکان کە دەدوێن لـەبارەی ئـەوەی ئیمـامی عەسـکەری منـداڵێکی هەیـە، جا بەڕاسـتی نوێنـەرەکان ڕاسـتگۆ بوونـە؟ ئایـا هـەموو شیعەکان ئـەوانیان بـە بـاوەڕپێکراو دانـاوە؟ جـا چـۆن باوەڕیـان پێکـردن؟ بەڵگـە لەسـەر ڕاسـتی بانگەشـەکەیان چییە؟... ئایـا شـتێك هەیـە کـە ببێتـە هـۆی ئـەوەی گومـان لـەبارەی ئەوانـە دروست ببێت لەبارەی ئەو بانگەشـەیەی دەیکـەن کـە گوایـە نوێنـەری (ئیمـامی مەهدین) یان گومان لە بوونی مەهدی دروست بکات؟.

بەر لەوەی ئەو گێڕانەوانەی ستایشی نوێنەرەکان دەکەن و بە باوەڕپێکراویان داناون هەڵبسەنگێنین، ئەوا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمە یەکەم بانگەشەی دیاردەی نوێنەرایەتی ئیمامی مەهدی نەبووە لە مێژووی شیعەکاندا، لەبەر ئەوەی دیاردەی تر پێش ئەم نوێنەرانە و بانگەشانە کەوتبوونەوە کەسانێکی زۆر بانگەشەی نوێنەرایەتی و بریکارێتی ئیمامەکانی پێشووتریان کرد کە بانگشەی مەهدیبوونیان بۆ کرابوو، وەك: ئیمامی موسای کازم کە زۆرێك لە هاوەڵانی بانگەشەی ئەوەیان کرد ناوبراو هەر لە ژیاندا ماوەو بەڵام پەنهان بووەو مەهدییە، جا موحەممەدی کوڕی بەشیر یەکێك لە هاوەڵەکانی ئیمامی کازم بانگەشەی نوێنەرایەتی ئەوی کرد و پاشا نوێنەرایەتی وەك میرات بۆ کوڕو نەوەکانی جێهێشت.

بیست و شتێك کەس بانگەشەی نوێنەرایەتی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەریان کرد، شەریعی، نەمیری، عەبرتائی و حەلاج و جگە لەوانەش ئەو بانگەشەیەیان کرد، چونکە بانگەشەی نوێنەرایەتی دەبووە هۆی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی ماددی و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و پێگەی سیاسی بۆ بانگەشەکارەکە، بەتایبەت بانگەشەکارەکە بە نهێنی و چرپە چرپ کاری خۆی دەکرد و ڕێگری دەکرد لەوەی پشکنین بۆ بانگەشەکەی بکرێت، ئەو پەیوەندییانەی پێشتر لەگەڵ ئیمامی هەبوو دەیقۆستەوە. بەمەش بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئیمام هەر لە ژیاندا ماوە، یان نەمردووەو ئامادەیە و خۆیشی نوێنەریەتی. بانگەشەکەی تەنها لەلایەن کەسانی سادە و ساکارەوە پەسەند بوو و کەسانی ژیرو وشیارو هۆشمەند و پشکنەر ڕەتیان دەکردەوە. شیعە ئیمامییەکان بانگەشەی نوێنەرایەتی زیاتر لە بیست کەسیان ڕەتکردۆتەوە کە بانگەشەی نوێنەرایەتی (ئیمامی مەهدی کوڕی حەسەنی عەسکەری)یان دەکرد

و ئـەو کەسـانەیان بـە درۆ و سـاختەکردن تۆمـەتبار کـرد، هـەروەك گومانیـان هــەبوو لــەبارەی ڕاســتی بانگەشــەی (چــوار نوێنەرەکــە) و ڕاجیــا بــوون لەبارەیانــەوە، لــەو گێڕانەوانــەی مێژوونووســان هێناویانــە هــیچ بەڵگەیــەکی زانستی بەهێزیان تێدا نییـە لەسـەر ڕاسـتی بانگەشـەکانیان، ئەمـەش وا دەکات کە (چوار نوێنەرەکە) بەشێك بن لەو بانگەشـەکارانەی درۆزنـن و بازرگـانی بـە بابەتی و دۆزی (ئیمامی مەهدی) کردووە.

شێخ توسی لە متمانەدار کردن و بە بـاوەڕپێکراو دانـانی عوسمـانی کـوڕی سـەعیدی عـومری پشـتی بەسـتووە بـە چـەند گێڕانەوەیـەك، هەنـدێك لـەو گێڕانەوانە وەك گێڕانـەوەی ئەحمـەدی کـوڕی ئیسحاقی قـومی بـە دەق ئامـاژە بــەوە دەکــات کــە عوسمــان لەلایــەن ئیمــامی هــادی و ئیمــامی حەســەنی عەسـکەرییەوە لـە ژیـان و مردنـدا بـاوەڕپێکراو بـووە، هـەروەها عومریـان بـە بریکـارو بـاوەڕپێکراو و ئەمینـداری پـارەو سـامانی خـودا دیـاری کـردووە... لـە گێڕانەوەکـەدا ئامـاژە بـەوە نـەکراوە کـە عـومری نوێنەرایـەتی ئیمـامی هـادی کردبێت. بەڵام هەندێك لە گێڕانەوەکان بـە دق و ڕاشـکاوانە بـاس لـەوە دەکـەن کـە ئیمـامی عەسـکەری ڕایگەیانـدووە عـومری جێگـرەوەو نوێنـەری ئیمـامی مەهدییـە، بـەڵام زنجیرەو سـەنەدی ئـەم گێڕانەوەیـە زۆر لاوازە لەبـەر ئـەوەی جەعفەری کوڕی موحەممـەدی کـوڕی مـالیکی فـەزاری تێدایـە، کـە نەجاشـی و کوڕی غەزائیری لەبارەیەووە دەڵێن: (کەسێکی درۆزنە و فەرموودەی فـەرامۆش و پشتگوێ خراوە، زۆر زێدەڕۆچوو بـووەو شـت دەگێڕێتـەوە لـە کەسـانی لاوازو نەناسراو و هەموو کەم و کورتی و کرچ و کاڵییەکانی لاوازی و بێ هێـزو پێـزی تێدایە، شتی نـامۆ و سەرسوڕهێنەری لـەبارەی لـە دایکبـوونی ئیمـامی مەهـدی گێڕاوەتەوە، ئیش و پیشەی هەڵبەستنی فەرموودە بوو، خاوەنی ڕاڕەو مەزهەب

و گێڕانەوەی گەندەڵ و خراپ و پوچە).

گێڕانەوەکەی پێشوو کە باس لە باوەڕپێکراوی و ئەمینداری بریکارێتی عوسمانی عومری دەکات، ئەو گێڕانەوەیە نەناسراوە، لە زنجیرەو سەنەدەکەیدا (خوسەیبی) تێدایە کە زیادەڕۆچووە، گێڕانەوەکە باس لەوە دەکات کە ئیمام غەیب دەزانێت و ئیمام زانیویەتی دەستە خەڵکێکی وڵاتی یەمەن هاتووە بەر لەوەی بیان بینێت[1]. ئەم بانگەشەیە لە دەربڕین و چەمکی زیادەڕۆچووانە. گێڕانەوەی یەکەم باس لەوە دەکات: عەسکەری هەواڵی داوە کە لە پاش کۆچی دوایی کردنی و لە ئایندەدا عومری جێگیرو خۆڕاگر دەبێت، ئەمەش شتێکە تەنها خودا دەزانێت و بەشێکە لە زانستی غەیب.

ئا لێرەوە لە دوای داڕووخان و لەکارکەوتنی ئەو گێڕانەوانە بەهۆی بێ هێزیان چ لە ڕووی دەق چ لە ڕووی زنجیرەو سەنەدەوە، خەریکە یەك دەرەنجام دەست بخەین، کە: عومری بریکاری ئیمامی هادی و ئیمامی عەسکەری بوو لە کۆکردنەوەی پارەو ساماندا، هاوڕێ لەگەڵ بریکارێتییەکە بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئیمامی عەسکەری منداڵێکی هەیە، تا خۆی وەك بریکاری منداڵەکە بناسێنێت، بێ ئەوەی بەڵگەیەکی ڕوون و دڵنیاکەرەوە لەسەر بانگەشەکەی بخاتەڕوو. بۆیە مێژوونووسان بەڕاشکاوی دەریان نەبڕیوە کە مەهدی عومری بە بریکار ناساند بێت، ئا ئەمە تەبڕسییە کە زۆر سوریش بووە لەسەر نووسینی هەر شتێك کە بەر دەستی بکەوێت، کەچی لە کتێبەکەیدا (الإحتجاج) زیاتر لەوە ناڵێت: (عومری کاروباری مەهدی خاوەن سەردەمی ڕادەپەڕاند، ڕێنووس و وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە مەهدی دەیدایەوە ئەوا لە

---

(1) الطوسي: الغيبة ٢١٥_٢١٦.

ڕێگەی عوسمانی عومرییەوە دەردەچوون)[١].

مێژوونووسانی شیعە باسی هیچ دەرئاسایەکی عومریان نەکردووە کە وەك بەڵگەی چەسپاندنی بانگەوازەکەی هێنابێتییەوە، سەرباری ئەم وتەیەی سەید عەبدوڵای شبر کە لە کتێبی (الیقین): (شیعەکان بۆچوونی نوێنەرەکانیان پەسەند نەدەکرد تەنها دوای دەرکەوتنی نیشانە و دەرئاسا لەسەر دەستی هەر یەکێکیان، ئەم کارە دەرئاسایەش لەلایەن مەهدییەوە دەبێت کە بەڵگەیە لەسەر ڕاستی بانگەشە و دروستی و نوێنەرایەتیەکەیان)[٢].

سەبارەت بە نوێنەری دووەم: موحەممەدی کوڕی عوسمانی سەعیدی عومری مێژوونووسان باسی هیچ دەقێکیان نەکردووە کە لەلایەن مەهدییەوە هاتبێت و موحەممەدی عومرییان وەك نوێنەر دیاری کردبێت، توسی دەڵێت: (موحەممەدی عومری بەدەقی باوکی موحەممەد "حەسەنی عەسکەری" و دەقی عوسمانی باوکی بوو بە جێگرەوەی باوکی و ئەرکی ڕاپەڕاندنی کاروباری مەهدی لە ئەستۆ گرت)[٣].

توسی گێڕانەوەیەکی لە عەبدوڵای کوڕی جەعفەری حمیری قومی هێناوە، وتویەتی: (مەهدی "ڕێنووس و واژوویێکی" بۆ موحەممەدی عومری ناردووەو تیایدا پرسەو سەرەخۆشی لێدەکات بە بۆنەی کۆچی دوایی "عوسمانی کوڕی سەعید"ی باوکیانەوەو سوپاسی خوداش دەکات لەسەر ئەوەی موحەممەدی کوڕی عوسمانی لە جێگەی عوسمان دیاری کردووە، داوای سەرکەوتن بۆ موحەممەد عومری دەخوازێت. نووسراوەکان بە هەمان ئەو ڕێنووسی پێشوو

(١) عن المجلسي: بحار الأنوار ٣٦٢/٥١.
(٢) شبر: حق اليقين ٢٢٤.
(٣) الطوسي: الغيبة ٢١٨.

بۆمان دەهاتن ئەمەش بەهۆی ئەوەی موحەممەدی باوکی جەعفەر لە شوێنی باوکی دانرا)، هەروەك توسی گێڕانەوەیەکی تر لە موحەممەدی کوڕی ئیبڕاهیمی کوڕی میهزیاری ئەهوازییەوە هێناوەو یەکێکی تریشی لە ئیسحاقی کوڕی یەعقوبەوە هێناوە، ئەوانیش لە مەهدییەوە گێڕاویانەتەوە، لەم گێڕانەوەیەدا مەهدی گەواهی دەدات لەسەر باوەڕپێکراوی موحەممەدی عومری و ڕای دەگەیەنێت کە لە ناوبراو ڕازییە. هەموو ئەو گێڕانەوانە لە ڕێگەی خودی موحەممەدی عومرییەوە دەگێڕدرێنەوە ئەمەش گێڕانەوەکە لاواز دەکات.

هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ چەسپاندنی ئەوەی عومری عوسمانی کوڕی سەعید بە دەق موحەممەدی کوڕی خۆی دیاری کردبێت بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری مەهدی، وا دەردەکەوێت ئەمە تەنها خەملاندنی خودی توسی بێت، هەروەك لە ڕاستیدا هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ چەسپاندنی دەق لە باوکەوە بۆ کوڕ تەنها لە ڕێگەی میرات یان بانگەشەوە نەبێت.

کێشەی هەرە گەورە خۆی دەبینێتەوە لە سەختی دڵنیا بوون لە ڕاستی (ڕێنووس و واژووەکان) کە عومری دەریدەکرد و دەیدایە پاڵ (ئیمامی مەهدی) و بەتایبەت ئەو ڕێنووسەی کە حمیری قومی گێڕاویەتیەوە، باسی ڕێگەی گەیشتنی ڕێنووسەکەی بە (ئیمامی پەنهان) نەکردووە، بەمەش لەوانەیە بەڕێژەیەکی زۆر دەکرێت عومری بە دەستی خۆی نووسیبێتیەوەو دواتر دابێتیە پاڵ مەهدی، چونکە ستایش و پێداهەڵدانی خۆی تێدایە، ئەم ستایش کردنەی عومری دەکەوێتە ژێر سێبەری گومانەوە ئەگەر ئیمامی مەهدیش دیار بووبا، ئەی چی دەڵێی کە ئیمام پەنهان بێت؟ هیچ گێڕەڕەوەیەکی ئەم ڕێنووسانە نییە جگە لە عومری!؟، حمیری نەیوتووە چۆن

خێرا ئەم ڕێنووسەی بە ڕاست داناوە لە کاتێکدا مشتومڕ هەبوو لە ناو شیعەکان لەو کاتدا لەبارەی ڕاستگۆیی عومری لە بانگەشەی نوێنەرایەتی دا؟ لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە خودی حمیری قومی ڕێنووسەکەی هەڵبەستبێت و دابێتیە پاڵ مەهدی.

گێڕانەوەکەی موحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی میهزیاری ئەهوازی لاوازە، چونکە دان بەوەدا دەنێت کە لە سەرەتا گومانی لە بوونی مەهدی هەبووە، کەچی دوای ئەمە و دوای چاوپێکەوتن بە (عومری) لە شاری بەغداد ئەوا بانگەشەی بریکارێتی کرد، دواتر کەسێکی گوماناوییە، لەو گێڕانەوەیەدا ئاماژە بەوە ناکات کە چۆن ڕێنووس و واژووەکەی پێ گەیشتووە، یان لە ڕێی عومریەوە بۆی هاتووە؟ ئەگەر بانگەشەی ئەوەی کردبێت ڕاستەوخۆ ڕێنووس و واژووەکەی پێگەیشتووە، ئەوە چۆن بووە؟ بەخۆی (مەهدی) بینیوە؟ بانگەشەی ئەوە ناکات مەهدی بینیبێت؟ یان ڕێنووسەکەی لە ڕێگەی (عومری) پێگەیشتووە؟ ئەمەش گومان دەنێتەوە.

گێڕانەوەی سێیەم گێڕانەوەی ئیسحاقی کوڕی یەعقوب کە بە ڕاشکاوی دەڵێت لە ڕێگەی عومرییەوە گێڕانەوەکە هاتووە، گێڕانەوەکە لاوازە، چونکە گومانی ئەوە دەکرێت کە عومری هەڵی بەستبێت. هەروەها بەهۆی لاوازی و نەناسراوی ئیسحاقی کوڕی یەعقوب، بەڕاشکاویش باسی چۆنیەتی ناسینەوەی ڕێنووسی مەهدی نەکردووە، بۆ زانیاری (تووسی) دەڵێت: ئەو ڕێنووسانەی کە لەو کات نووسراوەکانی پێ دەردەچوون هەمان ئەو ڕێنووسانە بوون کە لە سەردەمی عەسکەری نووسراوەکانی پێ دەردەچوون[1].

---

(1) الطوسي: الغيبة ٢١٧.

لە کۆتاییدا چیرۆکی بینرانی مەهدی لەلایەن عوسمانی عومری لە کاتی حەجدا، بانگەشەیەکی ڕووتە و بێ بەڵگەیە، باسی نەکردووە کە چۆن مەهدی ناسیوە کەچی پێشتر نەیبینیوە؟ کە دەکرێت لەگەڵ کەسێکی تر لێی تێکچووبێت.

ئا لێرەوە ئەحمەدی کوڕی هیلالی عەبرتائی "شێخی شیعەکانی بەغداد" هەڵوەستەی کرد، فەزاری لە ناوبراوەوە گێڕاویەتیەوە کە ئەو مەجلیسی عەسکەری بینیوە کە تیایدا عەسکەری مەهدی نیمایش کردووە، عومریشی وەك بریکاری مەهدی دیاری کردووە، هیلالی گومانی هەبووە لە موحەممەدی عومری لە بانگەشەی نوێنەرایەتی مەهدی دا، ڕای گەیاند کە گوێبیستی ئیمامی عەسکەری نەبووە کە بە دەق موحەممەدی عومری وەك بریکار دیاری بکات. ڕەتی کردەوە دان بەوەدا بنێت کە موحەممەدی عومری بریکاری (مەهدی خاوەن سەردەم) بێت[1].

عەبرتائی ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لە پشتگیری کردنی بانگەشەی نوێنەرایەتی عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری، هیوای وابوو عوسمانی عومری لە دوای خۆی ئەو ڕاسپێرێت بەو کارە، بەڵام کاتێك عوسمانی عومری موحەممەدی عومری کوڕی ڕاسپارد ئەوا عەبرتائی ئەم کارەی ڕەت کردەوەو بانگەشەی ئەوەی کرد خۆی نوێنەرە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بانگەشەکە لەسەر بەرژەوەندی دامەزراوە.

لە دەرەنجامی نەبوونی دەقی ڕاست و دروست و جەخت کەرەوە لەسەر نوێنەرایەتی موحەممەدی کوڕی عوسمانی عومری، شیعە گومانیان لە

---

(1) الخوئي: معجم الرجال ٢/٢٥١، الطبرسي: خاتمة المستدرك ٥٥٦، النجاشي: الرجال.

بانگەشـــەی نـــاوبراو دروســـت بـــوو، مەجلســـی لـــە کتـــێبی (بحـــار الأنـــوار) گێڕاویەتیـەوە: شـیعەکان لـە وێڵـی و سـەرگەردانی دابـوون، زۆر باوەڕیـان بـە بانگەشەی نوێنەرایەتی نەدەکرد. هەروەها وتویەتی باوکی عەباسی ئەحمـەدی سەراجی دەینـوری داوای بەڵگەی لـە عـومری کـرد تـا جـەخت بکاتـەوە لەسـەر ڕاسـتی بانگەشـەکەی، بـاوکی عـەباس بـاوەڕی بـە عوسمـانی عـومری نـەهێنا تـا هەواڵی سەبارەت بە کەسێك دا لە ڕێگەی زانستی غەیبییەوە.

لەو کاتەدا فەرموودەیەك لەلایەن شیعەکانەوە ناوبانگی دەرکرد کە گوایـە لـە ئالوبەیتـەوە هـاتووە بـاس لـەوە دەکـات: (خزمـەتکارو ئەوانـەی کارەکانمـان ڕادەپـەڕێنن خـراپترین بـەدیهێنراوی خـودان). ئەمـەش شـیعەکانی پاڵنـا کـە گومانیـان هـەبێت لـەو بانگەشـانەی بـەناوی نوێنەرایـەتی تایبەتـەوە دەکرێـت، شێخ توسی جەختی لەسـەر ڕاسـتی فەرموودەکە کردووەتـەوە بـەڵام وتویـەتی: (ئەم فەرموودەیە حوکمەکـەی ڕەهـا و گشـتگیر نییـە، بـەڵکو بۆیـە وایـان وتـوە، چـــونکە کەســـانێکیان تێدایـــە کـــە خیانـــەت و ناپـــاکی دەکـــەن و ڕاســـتی دەگۆڕنەوە)[1].

هەندێك لـە شـیعەکان پەشـیمان بوونـەوە لـەو پارەیـەی کـە بـە عومریـان دابـوو، هـەروەك گومانیشـیان بـۆ دروسـت بـوو لـەبارەی بـوونی مەهـدی و ئـەو ڕێنووسانەی کە عومری دەری دەکردن و دەیدایە پاڵ ئیمامی مەهدی، بەشێك لە ئالوبەیتیش گومانیان لێی هەبوو. ئەمەش عـومری پاڵنـا تـا نووسـراوێك لـە سەر زمانی مەهدی دەربکات و تیایدا هەڕەشە لەو کەسـانە بکـات کـە گومانیـان هەیـە لـە بـوونی مەهـدی. هـەروەك بەشـێکی تـری شـیعە گومانیـان هـەبوو لـە

---

(١) الطوسي: الغيبة ٢٤٤.

ڕاستی و دروستی بریکارێتی (نوبەختی)، بۆیە پرسیاریان دەکرد لەوەی ئیمامی مەهدی ئەم پارەو سامانە لەچی خەرج دەکات و دواتر ئەم بەشە شیعەیە وتیان ئەم پارەو سامانانە لە جێگەی خۆیاندا خەرج ناکرێن. صدوق و توسی دەڵێن: نوبەختی توانی لە ڕێگەی دەرئاساکان و هەواڵدانی غەیبیەوە ڕازیان بکات، وەك: دیاری کردنی پێشوەختەی کاتی مردنی هەندێك کەس، چەند دیرهەمێکی لە ناو کیسەی کەسێکەوە دەر هێنا لە ماوەیەکی دوورەوە[1].

لە ڕاستیدا مێژوونووسەکانی شیعە گەلەك چیرۆك باس دەکەن لەبارەی ئەوەی خەڵك گومانی لە نوێنەرەکان هەبووەو هەر نوێنەرێك ئەوەی تری بەدرۆ دەخستەوە، بەڵام تێکڕای شیعەکان دوازدە ئیمامی خاوەنی توانا دەرئاساکان (چوار نوێنەرەکە) لە نوێنەرە سەرزەنشتکراوەکانی تر جیا دەکەنەوە، بەهۆی تواناکانیانەوە لە ئەنجامدانی کاری دەرئاسا و غەیب زانینیانەوە. (کلینی و مفید و توسی) دەیان چیرۆك و بەسەرهاتیان گێڕاوەتەوە کە دەدوێن لەبارەی هەڵسانی چوار نوێنەرەکە بە ئەنجامدانی کاری دەرئاسا و نامۆ و هەواڵدانی غەیبی. توسی لە هیبەتوڵا کە کوڕەزای عومرییە دەگێڕێتەوە: (کارە دەرئاساکانی ئیمام لەسەر دەستی عومری دەرکەوتن و هەواڵی لەبارەی شتی پەنهان و غەیبیەوە دەدا)[2]. توسی هەواڵێکی لە عەلی کوڕی ئەحمەدی دەلالەوە هێناوە کە باس لەوە دەکات: عومری هەواڵی ئەوەی پێداوە لە کاتژمێری ئەوەندە لە فڵانە ڕۆژو مانگ و ساڵە دەمری، ناوبراو لە هەمان ڕۆژو مانگ و ساڵدا مرد، کە کۆتایی مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٥١٦_٥١٩، الطوسي: الغيبة ١٩٢.

(٢) الطوسي: الغيبة ٢٣٦.

٣٠٥ك بوو[١].

بەڵام ئـەم بۆچـوونە پێچـەوانەی بنـەماکانی شـیعەگەری و فـەرمووودەکانی ئالوبەیت (سڵاوی خوایان لێبێت) بووە، کە ڕەتیان دەکردەوە غەیب بـزانن، یـان ڕێگەی دەرئاسا و نامۆ و غەیبی بـەکاربێنن بـۆ چەسـپاندنی ئیمامـەتیان. شـێخ صـدوق دەڵێـت: (ئیمـام غـەیب نازانێـت، بـەڵکو بەندەیـەکی چاکە و شـارەزای قورئان و سوننەتە، هەر کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات کە ئیمامـەکان غـەیبیان زانیوە، ئەوا بێ بـاوەڕی و کـوفری کـردووە بـە خـودا و لـەلای ئێمـە لـە بازنـەی ئیسـلام چـووتە دەرەوە. تـەنها خـوای مـەزن غەیبزانـە، تـەنها کەسـی هاوبەشدانـەرو کـافر بانگەشـەی ئـەوە دەکـات کـە فڵـان و فیسارە کەسـە غـەیب زانە)[٢].

ئیمامی صادق وتویەتی: (ئای ئەو کەسانە چەند سەیرن کە گومان دەبەن ئێمـە غـەیب دەزانـین!... سوێند بـەخودا ویسـتم لـە فڵانـە کەنیزەکـەم بـدەم و ئەویش لە ترسان لە بەر مـن هـەڵاتووە کەچـی مـن نـازانم لـە چ مـاڵێکی خـۆی شاردۆتەوە)[٣].

جارێـك بـاوکی بەسیرِ هاتـە خزمـەت ئیمـامی صادق و پێـی وت: (ئەوانـە دەڵـێن... تـۆ زانـا بـە دڵـۆپی بـاران و ژمـارەی ئەسـتێرەکان و ئەنـدازەی ئـاوی دەریاکان و ژمارەی تەنۆکی خۆڵ، وتـی: پـاك و بێگـەردی بـۆ خـودا!... پـاك و بێگەردی بۆ خودا!... نا سوێند بەخودا تەنها خودا زانایە بەم شتانە)[٤].

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ٢٢١.

(٢) الصدوق: إكمال الدين ١٠٦ و ١٠٩ و ١١٦.

(٣) الحر العاملي: إثبات الهداة ٧٤٨/٣.

(٤) سەرچاوەی پێشوو ٧٧٢.

یەحیای کوڕی عەبدوڵا پرسیاری لە ئیمامی کازم کرد و وتی: (بەقوربانت بم ئەو خەڵکە وا گومان دەبات تۆ غەیب دەزانی؟ ئیمام وتی: پاك و بێگەردی بۆ خودا! دەستت بخەرە سەر سەرم، سوێند بەخودا هیچ تاڵە موویێك لە سەرو جەستەم نەما کە زیك نەبووبێت و هەڵنەستابێت،! نا سوێند بەخودا تەنها خودا غەیب دەزانێت)[1].

لە گێڕانەوەیەکی تردا کە حری عاملی دەیگێڕێتەوە، ئیمامی کازم دەڵێت: (نەزان و نەفام و گێل و گەوجەکانی شیعە ئێمەیان ئازاردا کە باڵی مێشوولە لە ئایینی ئەوان گرانترە... من خواو پێغەمبەر دەکەم بە شایەت و گەواهیدەر کە من بەریم لە کەسێك کە بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە ئێمە غەیب دەزانین)[1].

کەواتە ناتوانن باوەڕ بە ڕاستی بانگەشەی ئەو نوێنەرانە بکەین، بەوەی نوێنەری ئیمامی مەهدین، ناشکرێت وتەی ئەوان بە بەڵگە لەسەر بوونی ئیمامی ناوبراو بهێنینەوە، بە پشت بەستن بە پڕوپاگەندەی کاری دەرئاسا یان غەیبزانین، ناشتوانین بانگەشەی ئەوان جیا بکەینەوە لە بانگەشەی درۆزنەکان، کە لە بیست و چوار کەس تێدەپەڕین.

ئەگەر ئێمە ئەو کەسانەی بانگەشەی نوێنەرایەتی دەکەن تۆمەتبار بکەین بەوەی ئاگر بۆ ئازاردانی خۆیان ڕادەکێشن و سوورن لەسەر دەستخستنی پارەو سامان و پەیوەندی هەبوون بە دەسەڵاتی عەبباسی ئەو کات، ئەوا تۆمەتەکە بەهەمان شێوە ئاراستەی (چوار نوێنەرکە)ش دەکرێت کە دوور نەبوونە لەو سیفەتانە.

---

(1) سەرچاوەی پێشوو ٧٦٧، المفید: الآمال ٢٣.

موحەممەدی کوڕی عەلی شەلمغانی بریکاری حوسەینی کوڕی ڕوحی نوبەختی بوو لە ناو هۆزی بەستام پاشان لێی جیابووەوەو بانگەشەی نوێنەرایەتی کرد بۆ خۆی، لەو بارەشەوە دەڵێت: (ئێمە کە لەگەڵ باوکی قاسم حوسەینی کوڕی ڕوحی نوبەختی چووینە ناو ئەو کارەوە دەمانزانی چووینە ناو چ شتێکەوە، ئێمە لەسەر ئەو کارە ململانێمان بوو وەك چۆن سەگەکان لەسەر لاشەی بۆگەن و تۆپیو شەڕ دەکەن)[1].

جا ئەگەر نەتوانین بانگەشەی (چوار نوێنەرەکە) بچەسپێنین و گومانمان لە ڕاستی بانگەشەکانیان بێت، ئەوا چۆن دەتوانین بوونی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری بچەسپێنین بە پشت بەستن بە گەواهی ئەوان کە گوایە چاویان بە مەهدی کەوتووەو بریکاری ئەون؟.

سەرباری ئەم گومانە، بەڵگەیەکی تر هەیە لەسەر درۆزنی ئەوانەی بانگەشەی نوێنەرایەتیان کردووە، ئەویش ئەوەیە کە هەڵنەساون بە هیچ ڕۆڵێکی ڕۆشنبیری یان بیری یاخود سیاسی بۆ خزمەتی شیعە و موسڵمانان، تەنها کۆکردنەوەی پارەو سامان نەبێت و گوایە دەیدەنە (ئیمامی مەهدی).

پێویست بوو ئەو نوێنەرانەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە پەیوەندی تایبەتیان لەگەڵ (ئیمامی مەهدی) هەیە کێشەکانی تاقمی شیعە چارەسەر بکەن. ڕێنماییەکانی ئیمام بە ئوممەت ڕابگەیەنن، کەچی بۆ نمونە دەبینین (نوێنەری سێیەم): حوسەینی کوڕی ڕوحی نوبەختی، پەنا دەباتە بەر زانایانی شاری قوم تا کێشەی شەلەغانی بۆ چارەسەر بکەن کە لێی جیا ببووەوە، تەنانەت نوبەختی کتێبەکەی (التأديب)ی ڕەوانەی شاری قومی کرد، تا زانایان

---

[1] الحر العاملي: إثبات الهداة ٤ ٧٦.

ڕاست و ناڕاستی کتێبەکەی بۆ بژار بکەن و دیاری بکەن، هەروەك توسی لە کتێبی (الغیبة) ئاماژەی پێداوە[1].

ئەمە بەڵگەو ئاماژەیەکی ڕوون دەدات بەدەستەوە کە (ڕوحی نوبەختی) هیچ پەیوەندییەکی نەبووە لەگەڵ (مەهدی)، ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ هەبووبا ئەوا کتێبەکەی پیشانی ئەو دەدا و پرسیاری لەو دەکرد لە بارەی دروستی کتێبەکە.

ئەوەی کە گومان زیاد دەکات لە بارەی نەبوونی مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری بریتییە لە هەڵنەستانی ئەوانەی بانگەشەی نوێنەرایەتیان دەکرد بە پڕ کردنەوەی بۆشایی فیقهی و ڕوونکردنەوەی زۆرێك لە بابەتە ناڕۆشنەکان کە پێویست بوو لەسەریان ڕوونی بکەنەوە لەو قۆناغەدا، زانراویشە کە کلینی کتێبەکەی (الكافي) لە ڕۆژانی نوبەختی دا نووسیوە، کلینی کتێبی ناوبراوی پڕ کردبوو لە فەرموودەی لاوازو هەڵبەستراو کە لەبارەی دەستکاری کرانی قورئان و چەندین شتی پوچی تر دەدوێن، بەڵام نوبەختی و سمری هیچ سەرەنجێکیان لەسەر بابەتی کتێبەکە نەدا و هیچ شتێکشیان تیایدا ڕاست نەکردەوە، چونکە ئەم بابەتانە بوونە مایەی ئێش و ئازار بە درێژایی مێژوو بۆ شیعە، تەنانەت وای لە شیعەکانی کرد بکەونە ناو کێشەی ناسین و لێك جیاکردنەوەی فەرموودەی ڕاست و درۆ.

جا سەید مورتەزا تیۆری (مهیرو لوتفی) داهێنا و تیایدا دەڵێت: پێویستە ئیمامی مەهدی بەشداری بکات تا کۆشش و ئیجتهادەکانی زانایان لە سەردەمی پەنهان بووندا ڕاست بکاتەوەو یەکدەنگیان لەسەر پوچەڵی تێك و پێك بدات،

---

[1] الطوسي: الغيبة ٢٤١.

بەم پێیە پێویستڕو لە پێشتڕو ئاسانتر بوو کە ئیمامی مەهدی ئەگەر هەبووبا ئـەوا کتێبەکـەی (کلینـی) ڕاسـت بکاتـەوە، یـان ئیمـامی نـاوبراو کتێبێکـی کۆکـەرەوەی نووسـیبا و لـە دوای خـۆی بـەجێ هێشـتبا لـە (سـەردەمی پـەنهان بـوونی گـەورەدا) بـۆ ئـەوەی شیعەکانی بـۆ گەڕابانـەوە. ئەمـە نـەکرا، ئەوانـەی بانگەشـەی نوێنەرایـەتیان کـرد هـیچ شـتێکیان لـەم ڕووەوە پێشـکەش نـەکرد، ئەمەش وا دەکات کە گومانمان هـەبێت لـە ڕاسـتگۆییان و لـەو بانگەشـەیەی کـە گوایە (ئیمامێکی پەنهان) لە پشتیانەوەیە.

لەبـەر ئەمـە شـێخ حەسـەن فەریـد هـاوڕێی ئیمـامی خومـەینی لـە کتێبەکەیدا: (رسالة في الخمس) سەری سوڕماوەو بـە نامۆییـەوە واق وڕمـانی خۆی دەربڕی و پرسیاری لەبارەی نهێنی ئەوە کرد کە چ شتێك لە پـاڵ ئـەوەوە بـووە کـە کلـینی پرسـیار نـەکات لـە (مەهـدی خـاوەن سـەردەم) لـە ڕێگـەی نوێنەرەکەی نوبەختی لەبارەی حوکمی (پێـنج یـەك: خمس[٢]) لـە (سـەردەمی پەنهان بووندا)[٣].

---

١) الطوسي: الغيبة ٢٤٠.

٢) پێـنج یـەك (خمـس): یاسـایەکی تایبەتـە جگـە لـە زەکـات، شـیعەکان بەسـەر دەسـتکەوت و قازانجەکاندا دەسەپێنن و پێیان وایە پێویستە پێشکەشی خوداو پێغەمبـەرو هـەتیو و هـەژارو ڕێبوارەکانی نەوەی هاشم بکرێت، پشکی خوداو پێغەمبەرو خزمە نزیکەکان دەبێت پێشکەشی ئیمام بکرێت (کە وێنە و بەرجەستەکەری خزمە نزیکەکانە) تەنانـەت ئـەمڕۆ (ئیمام مەهدی چاوەڕوانکراوە) هەروەك دروستە سێ پشکەکەی تـریش بـە ئیمـام بـدرێت: پشکەکانی هەتیو و هەژارو ڕێبوارەکان تا دابەشی بکات بەسەر ئەم سێ جۆرە کەسانەی نەوەکانی هاشم. (دانەر: لـە پوختەی بەشی سێیەم: گەشەسەندنی بیری سیاسی شیعە لە سەردەمی پەنهان بوونـدا، ئامـاژەی بەم پێناسەیە کردووە). (وەرگێڕ).

٣) الفريد: رسالة في الخمس ٨٧.

## باسی چوارەم

## پشکنین و لێکۆڵینەوە لە پەیامەکانی (مەهدی)

ئەوانــەی پشــتوانی تیــۆری بــوونی (ئیمــامی مەهــدی)یان کــرد هەنــدێك پەیامیان بــە بەدەســتەوە گــرت، کــە گوایــە ئیمــامی نــاوبراو بــۆ هەنــدێك کــەس ڕەوانــەی کــردووە، ئەمەشــیان وەك بەڵگەیــەکی تــر هێنایــەوە لەســەر ڕاســتی و دروســتی بــوونی ئیمــام موحەممــەدی کــوڕی حەســەنی عەســکەری. بــەڵام دوای توێژینــەوەو لێکۆڵینــەوە لــە گێڕانــەوەکان و بــژارکردنی زنجیــرەو ســەنەدەکە دەبینین زۆر لاوازن، تەنها چەند پڕوپاگەندەیەك بوونە کە ئەوانەی بانگەشەی بریکارێتیان کردووە بڵاویـان کردۆتـەوەو بازاریـان پـێ گـەرم کـردووە. جا ئـەو گێڕانەوەی توسی کە لە کۆمەڵێکەوە دەگێڕێتەوە بـێ ئـەوەی ناویـان بێنێـت لـە باوکی موحەممەدی تەلعەکبەری لە ئەحمەدی کوڕی عەلی ڕازی، زانایانی شیعە کە پسپۆرن لە (زانستی ناسینی کەسەکان) لەبارەیـەوە دەڵێن: لاوازە و یەکێکـە لە زیادەڕۆچووەکان، سەرباری ئـەوەی ئەحمـەدی کـوڕی ئیسحاقی قـومی باسـی نەکردووە چۆن گەیشتووەتە (مەهدی خاوەن سـەردەم) و ئـەو کەسـە کێیـە کـە وەڵامەکـەی پـێ گەیانـدووە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە لەوانەیـە بـەخۆی پەیامەکەی هەڵبەستبێت.

سـەبارەت بـە پـەیامی دووەم، توسـی دەیگوازێتـەوە لـە (ئەحمـەدی کـوڕی عەلی ڕازی: کە لاوازە و زیادەڕۆچووە) و ژمارەیـەك کەسـی نەناسـراو، سـەرباری ئەوەی شتێکی وای تێدایە کە ناچێتە عـەقڵ و ژیرییـەوە ئـەویش بریتییـە لـە پەنا بردنە بەر کەسێکی نەناسراو کە مشتومڕ لەسەر هەبوونی هەیە تـا خـۆی بوونی خۆی بسەلمێنێت! تەنانـەت دەکرێـت وەڵامەکـە هـی یـەکێك لـەو کەسـانە

بێت کە بانگەشەی نوێنەرایەتی کردووە. بۆ زانیاری گومان هەبوون لە بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەن گومان دروست دەکات لە ڕاستگۆیی نوێنەرەکان، جا چۆن دەکرێت بۆ یەکێکیان بگەڕێیتەوە بەر لەوەی دڵنیایی دەست بخرێت لەسەر ڕاستگۆییان، چۆن باوەڕ دەکەین بەو چەند پەڕاوەی نوێنەرەکان دەیخەنەڕوو کە گوایە لەلایەن (مەهدی)یەوە دەرچوونە؟.

گێڕانەوەکەی صدوق کە بە (واژوو) ناسراوە: لاوازو نەناسراوەو ئیسحاقی کوڕی یەعقوبی بێ هێزو پێزە، نووسەرە کۆنەکان باسیان نەکرووە وەك: (کلینی)، هەروەها لەبەر ئەوەی گێڕانەوەکە کۆمەڵێك شتی نا ڕاست و دروست لە خۆ دەگرێت:

یەکەم: گوێزەرەوەی پەیامەکە (کە: نوێنەری دووەمە: موحەممەدی کوڕی عوسمانی عومری) ستایشی خۆی و باوکی دەکات، ئەمەش ئەو گریمانە بەهێز دەکات کە لەوانەیە خۆی پەیامەکەی هەڵبەستبێت.

دووەم: ڕێپێدانی و بە ڕەوا دانانی (پێنج یەك: خمس) لە سەردەمی پەنهان بووندا تا کاتی دەرکەوتنی ئیمام، ئەمەش پێچەوانەی بەردەوام بوونی حوکمەکانی ئیسلامە لە هەموو کاتێکدا، لەم دواییانەدا زانایانی شیعە ئەم حوکمەیان وەرنەگرت و ڕەتکردەوە بەهۆی تێکگیرانی لەگەڵ بنچینەکانی ئیسلام.

سێیەم: داواکردنی پرسیار نەکردن لەبارەی هۆی پەنهان بوونی ئیمام، لەگەڵ ئەوەی فەلسەفەی پەنهان بوونی ئیمام لەو بابەتە ئاینیە پێویستانەیە کە دەبێت لە ڕێگەی باوەڕ بوون بە مەهدییەوە بزانرێت. ئالێرەوە گێڕانەوەی ئەم (پەیامە) زۆر لاواز دەبێت شیاوی پشت پێ بەستن نییە.

ئەو گێڕانەوەیەی دووەم کە صدوق لە عومری گێڕاویەتیەوە هەمان بارو

حاڵەتی هەیە، کە دەیگوازێتەوە لە باوکی عەبدوڵای جەعفەر، کە دەڵێت گێڕانەوەکەی بە چەسپاوی لەلایەن سەعدی کوڕی عەبدوڵا بینیوە، واتە: ڕاستەوخۆ نەیگێڕاوەتەوە، بەڵکو لە کتێبێکدا بینیویەتی، لە زانستی (گێڕانەوەدا) زانراوە: پەیی پێ بردن و بینین لە کتێبدا لاوازترین جۆری گێڕانەوەیە، سەرباری ئەمە سەعد باس لەوە ناکات چۆن پەیامەکەی دەستکەوتووە؟ کێ هەواڵی پەیامەکەی پێداوە؟ لە عوسمانی عومری و موحەممەدی عومریشی نەگێڕاوەتەوەو ناوبراوان ڕاشکاوانە ئاماژەیان بە پەیامەکەی سەعد نەکردووە، بەڵکو (سەعد) باسی کەسێك دەکات کە ناوی دیار ناکات، بەڵام وا دادەنێت کە (مەهدی)یە. ئەگەر گێڕانەوەکە ڕاست بێت کە لە عوسمانی عومری و موحەممەدی عومرییەوە هاتووە، ئەوا دەبێت دوو عومرییەکە هەڵیان بەستبێت، بۆ ئەوەی پشستگیری تیۆری خۆیان بکەن کە بانگەشەی بوونی (مەهدی)یە، تا پڕوپاگەندەی نوێنەرایەتی خۆیان بەهێزتر بکەن، ئالێرەوە هیچ بەڵگەیەك لە گێڕانەوەکەدا نییە.

پەیامەکانی شێخ موفید، کە توسی و کوڕی شەهر ئاشوب لە کتێبەکانیاندا دەیخەنەڕوو، ئەوا خودی موفید لە هیچ یەکێك لە کتێبەکانیدا باسی نەکردووەو نەیخستوەتەڕوو، ئەگەر ڕاستیش بێت ئەم پەیامانە بدرێنە پاڵ موفید ئەوا پەیامەکان هیچ بەڵگەیەك لە دوو توێی خۆیاندا هەڵناگرن، چونکە موفید دەڵێت: ئەو پەیامانەی وەرگرتووە لە عەرەبێکی دەشتەکی کە نایناسێت، ڕێنووسی پەیامەکە هی پیاوێکی ترە جگە لە مەهدی و گوایە مەهدی پێی نووسیوە، موفید ڕەتی کردۆتەوە ئەو پەیامە بخاتەڕوو و نمایش بکات، کە لە عەرەبێکی دەشتەکی پێی گەیشتووە لەسەر دەستی یەکێك لە هاوەڵانی، موفید وتویەتی ئەم پەیامە بە فەرمانی مەهدی هاتووە، موفید هیچ

نامەیەکی بۆ خەڵکی دەرنەخست تەنها ئەوە نەبێت کە بە ڕێنووسی خۆی نووسیوەو گوایە مەهدی ئەو داوایەی لێکردووە.

ئەگەر ئەمە ڕاست بوو... ئێمە لە ڕاستیدا لەبەردەم چەند پەیامێکین کە بە ڕێنووسی خودی شێخ (مفید)ە، ناوبراو دەڵێت: ئەو ڕێنووسانەی لەبەر ئەو پەیامانەی نووسیوەتەوە کە لە عەرەبێکی دەشتەکی نەناسراوەوە بۆی هاتووە کە خۆشی عەرەبەکە ناناسێت، عەرەبە دەشتەکیەکەش دەڵێت: ئەم پەیامانە لە کەسێکەوەن کە خۆشی نایناسێت بەڵام نەناسراوەکە ئەم پەیامانەی نووسیوە، نەناسراوەکەش دەڵێت: ئیمامی مەهدی ئەم پەیامەی پێنووسیوە.

واتە ئێمە لە بەردەم هەواڵێکی تاقانە داین، (مفید) لە کەسێکی نە ناسراو ئەویش لە کەسێکی تری نەناسراو و ئەویش لە مەهدییەوە دەگێڕێتەوە.

ئەمەش چەندین پێشبینی دەوروژێنێت، لەوانە: دەکرێت موفید خۆی پەیامەکانی هەڵبەست بێت، بەتایبەت کە سەیر دەکەین دەبینین پەیامەکان زۆر ستایش و پێداهەڵدانی ناوبراوی تێدایە، لە هەندێك شوێندا (مەهدی) ناوی موفید پێش ناوی خۆی دەخات. لەوانەشە: لەلایەن عەرەبە دەشتەکیەکەوە هەڵبەسترابێت یان لەلایەن کەسە نەناسراوەکەوە هەڵبەسترا بێت یاخود لەلایەن کەسێکی سێیەمەوە نووسرابێت، کە درۆی کردبێت بەناوی نووسەرەوەو وتبێتی نووسەرەکە مەهدییە. گێڕانەوەی لەم جۆرە لە تێڕوانینی زانستی (زانینی عەقڵی) شیاوی ئاوڕ لێدانەوە نین، تەنانەت هی ئەوەش نین کەم یان زۆر هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت.

## کێشەی ناسینی ڕێنووسەکە

دەمەوێت لێرەدا سەرنجی خوێنەر ڕابکێشم بۆ خاڵێکی گرنگ، ئەویش بابەتی: ڕێنووسی ئیمامی مەهدییە، لەو پەیامانەدا، هەروەها ئەو واژوو و ڕێنووسە زۆرانەی کە دراونەتە پاڵ ناوبراو. ئەو مرۆڤەی باوەڕی بە مەهدی هەیە، بەتایبەت ئەمڕۆ زۆر پێی خۆشە ڕێنووسی ئیمام ببینێت، چونکە بەخت یاوەری نەبووە تا ئیمام ببینێت، هیوای وایە مێژوو ئەگەر یەك لەو ڕێنووس و پەیامانەشی پاراستبێت و ئومێد وایە شیعەکانیش لەو کاتدا پەییان بەو گرنگییە بردبێت و پەیامەکانی ئیمامیان لە گەنجینەکانی مێژوویاندا پاراست بێت، چونکە ئەو پەیامانە چاکترین و گرنگترین کەرستە پێك دێنن بۆ توێژینەوە لەسەر ئەو قۆناغە و دڵنیابوون لە ڕاستی (ئیمامی مەهدی) و ئەو بارودۆخەی بووەتە هۆی پەنهان بوونی.

لەم خاڵەوە هەوڵم داوە کە گەڕان و پشکنین بۆ شوێنەواری ڕێنووسەکانی (ئیمامی مەهدی) بکەم لە پەیامەکانی دا، لێکۆڵینەوە لە هەر دانەیەکی پەیامەکانی دا بکەم، بەدوای (ڕێنووس و واژووەکان)ی بگەڕێم. من لە سەرەتادا وا هەستم دەکرد یان وام دادەنا کە شیعەکان لەو کاتدا یان بە تایبەت (چوار نوێنەرەکە) یاخود شەرعناسان یان فەرموودەناسان گرنگیان دابێت بە پاراستن و چاودێری کردنی پەیام و ڕێنووسەکان، کەچی هیچ شوێنەوارێکی ئەم پەیام و ڕێنووسانەم نەبینی، بەڵکو نارۆشنی تەواو کاڵای باڵای ئەم بابەتەیە، لەو (ڕێنووسەی) کە تەبرِسی لە کتێبی (الإحتجاج) هێناویەتی و لە ئیسحاقی کوڕی یەعقوب ئەویش لە عومری دەگێڕێتەوە، بینیم وتویەتی: (... با هیچ کەسێك ئەم ڕێنووسەمان نەبینێت). ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوەیە کە پێشبینی دەکرا لە گرنگی دان بە ناسینی ڕێنووس و پاراستنی پەیامەکانی مەهدی، هەروەها

نـــەبوونی ڕێنووســێکی دیــاری کــراو و ناســراوی مەهــدی تــا پشــکنەر بــۆی بگەڕێتەوە لە کاتی بەراورد کردنی پەیامەکانی تر بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی و دروستیان. هــەروەك بینــیم شــێخ توســی لــەبارەی (ڕێنووســی مەهــدی) بــە شــێوەیەکی نارۆشــن دەدوێــت و دەڵێــت: (بــاوکی نەســری هیبــەتوڵا دەڵێــت: بــە ڕێنووسی باوکی خالیــدی ڕازی بینــیم: عــومری بــۆ مــاوەی نزیکــەی پــەنجا ساڵ ئەم کــارە "نوێنەرایــەتی" دەکــرد، خــەڵکی پــارەو سامانی بــۆ دەبــرد و ئــەویش نووسراوی بە هەمان ڕێنووسی ڕۆژانــی حەســەن دەردەکــرد کــە گرنگــی دەدا بــە کاروبــاری دیــن و دونیــا، هــەروەها وەڵــامی نــامۆو ســەیری ئــەو پرســیارانەی دەدایەوە کە دەکران)[1].

نــەیوتووە عــومری بۆچــی ئــەم کــارەی دەکــرد؟ بۆچــی نووســراوەکانی بــە ڕێنووسی مەهدی دەر نەدەکرد؟ هەروەك زانراوە کە کێشەی ناسینی ڕێنووسی ئیمامی حەسەن کێشەیەك بووە لە ژیانی نــاوبراودا، چونکە هەنــدێك لەوانــەی بانگەشەی نوێنەرایــەتیان دەکــرد بــە درۆ پــەیانیان دەبــردە بــەر ساختە کرنــی ڕێنووســەکەی هــەر لــە مــاوەی ژیانیــدا، جــا چــۆن ڕێنووســی ئیمــامی مەهــدی دەناســرێت کــە هــیچ کەســێك نــە ئــەو نــە ڕێنووســەکەی نــەیبینیوەو تەنانــەت دڵنیاش نەبووە لە بوونی؟ تێکڕای خەڵکیش هیچ ئامرازێکیان بــە دەســت نییــە بۆ ناسینی ڕێنووسەکە؟.

لەگەڵ بوونی ئــەم کێشــە گەورەیــە، ئــەوا عــومری ڕێنــووس و واژووەکــانی نەدەدایــە دەســت هــیچ کەســێك، بــەڵکو تــەنها بــۆ ئەوانــەی بــەرز دەکــردەوەو دەردەخست یان بە ڕێنووسی خۆی بۆیانی لەبەر دەگرتەوە. شێخ موفیــد _ بــە

(1) الطوسي: الغیبة ٢٢٣.

پێی گێڕانەوەی گوایە _ پەنای بردۆتە بەر ئەم ڕێگەیە، ناوبراو دانەیەکی لەبەرگیراوی خستەڕوو کە گوایە لەو پەیامانەیە کە لە مەهدییەوە گواستراوەتەوە، کەچی لە بنەڕەتدا بە ڕێنووسی (مەهدی) نەنووسرابوو، بەڵکو گوایە مەهدی بە نووسەرێکی نەناسراوی نووسیوە.

ئەگەر دانەیەك لە ڕێنووسی ئیمامی مەهدییمان بەر دەست کەوتبا، ئەو کاتە دەمانتوانی پەیامەکان بەراورد بکەین و دڵنیا بین لە شوناسیان یان جیا کردنەوەی پەیامی ڕاست لە ساختە، بەڵام هیچ شتێك لەم جۆرە ڕوویەنەدا.

لەبەر ئەمە دەتوانین (نهێنی ڕێنووس یان سوربوون لەسەر شاردنەوەی) بە بەڵگەیەکی تر بێنینەوە لەسەر نەبوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری کە ئەگەر بوونی هەبووبا و لەبەر هۆکاری پاراستن و ئاسایشی خۆی خۆی شاردبێتەوە، ئەوا بێ گومان ناوبراو پەنای دەبردە بەر چەسپاندنی کەسایەتی خۆی لەلایەن شیعەکان و سەرکردەکانیان لە ڕێگەی پەیامە واژووکراوەکانی کە مشتومڕو گومان هەڵناگرن، بەمەش دەتوانرێت ڕێنووسەکان بناسرێنەوەو جیا بکرێنەوە بەهۆی ناسینی ڕێنووسەکە و بەراورد کردنیان وەك یەکێك لەو فرە پەیامانەی کە بوونی خۆی دەچەسپێنێت.

دەتوانین پرسیارێکی نوێ بخەینە سەر ئەم پرسیارە، ئەویش ئەوەیە بۆچی ئیمامی (مەهدی پەنهان) ئامرازەکانی هاوچەرخ و دەستەبەرکەر یان ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئاسمانی بەکارناهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بە شیعە، لەگەڵ پاراستنی ئارامی و ئاشتی خۆی؟ هەروەك هەندێك لە کەسە سیاسیە داواکراوەکان دەزگاکانی ئینتەر نیت و کەناڵی ئاسمانیان بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی دەنگ و ئاراستە و ئامۆژگارییەکانیان بە پشتیوانانیان و گوێچکەی جیهان.

## دەروازەی پێنجەم

## ڕاستی چیرۆکی دەرئاساکان و غەیب زانینەکە چییە؟

شتێکی تێبینی کراوە کە زۆربەی کارە (دەرئاساکان) کە بانگەشەیان بۆ دەکرێت لەلایەن ئەوانەی دەڵێن (مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) هەیە، زۆربەی ئەو کارە دەرئاسایەنەش کە توسی دەیانگێڕێتەوە، لە دەوری (غەیب زانینی چوار نوێنەرەکە) دەخولێتەوەو هەوڵی ئەوە دەدات ڕاستی بانگەشەی نوێنەرایەتی و بریکارێتی نوێنەرەکانی (ئیمامی مەهدی) و دواتر ڕاستی بوونی (مەهدی) بچەسپێنێت.

جا (چوار نوێنەرەکە) و ئەوانەی تریش کە بانگەشەی نوێنەرایەتیان دەکرد و لە بیست کەس تێدەپەڕین پەنایان بردە بەر چەکی (کاری دەرئاسا) دوای ئەوەی فێڵ و تەڵەکەکانیان سەری نەگرت لە چەسپاندنی بانگەشەی نوێنەرایەتیان، ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی دەق و بەڵگەی زانستی لەسەر لەدایکبوونی (ئیمامی مەهدی) و ڕاستی نوێنەرایەتیان، هەروەك بەر لەو كات (موحەممەدی کوڕی بەشیر) پەنای بردە بەر هەمان چەك کاتێك بانگەشەی ئەوەی کرد کە خۆی بریکاری ئیمام موسای کازمە، دوای ئەوەی (واقفییەکان) بانگەشەی هەڵاتنی کازمیان کرد لە بەندیخانە و وتیان پەنهان بوو و مەهدییە، پەنایانبردە بەر چەکی دەرئاساکان بۆ چەسپاندنی بانگەشە بێ بنەماکانیان کە گوایە نوێنەرن.

ئەگەر وەك نمونە چاوێك بخشێنین بە چیرۆکی (بریکار: موحەممەدی

کوڕی ئیبڕاهیمی ئەهوازی)، دەبینین ناوبراو خۆی دان بەوەدا دەنێت کە پێشتر گومانی لە بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری هەبووە، پارەو سامانی باوکی هەڵگرتووەو چووەتە شاری (بەغداد) و لەسەر کەناری ڕووبای دیجلە خانوویێکی بە کرێ گرتووە، بیری کردەوە لە خەرج کردنی پارەکە لە هەواو ئارەزووەکەی. دواتر ناوبراو گۆڕا و بانگەشەی بریکارێتی کرد بەمەش قازانجێکی بەردەوامی دەست خست تا کوتا ڕۆژی ژیانی، ئەمەش لە ژێر سێبەری هەڵبەستنی چیرۆکی بوونی پەیوەندی غەیبی لەگەڵ عومری... جا ئەگەر سەیری ئەم چیرۆکە بکەین، دەبینین کە بانگەشە کردنی ئەنجام درانی کاری (دەرئاسا) لە سەر دەستی مەهدییەوە پەیوەندی هەیە لەگەڵ بانگەشەی (نوێنەرایەتی مەهدی).

ئێمە زۆر پێویستمان بەوە نییە مشتومڕ بکەین لەسەر (بەڵگەی دەرئاسا یان غەیب زانین). چونکە ئەو دوو شتە بۆ هیچ یەکێك لە یازدە ئیمامەکانی پێشووی ئالوبەیت (سڵاوی خوایان لێبێت) فەراهەم نەبووە، تەنانەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەشکرا لەلایەن خوداوە لە هەندێك شتی زانستی غەیبی ئاگادار بکرێتەوە، ئەوا بە ئەندازەی (نوێنەرەکان) ئەو بانگەشەیەی بۆ خۆی نەدەکرد کە (نوێنەرەکان) پڕوپاگەندەی غەیب زانینیان بۆ خۆ دەکرد بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو. پێغەمبەری ڕێزدار پشتی بەستووە بە عەقڵ و (دەرئاسایی قورئانی پیرۆز) کە هەمیشەییە، پێغەمبەر (ﷺ) بەو هاوبەشدانەرانەی وت کە داوایان دەکرد شتی نامۆ و کاری دەرئاسا ببینن، وەك: هەڵقوڵانی کانیاو لە زەوی دا و بەردانەوەی پارچەك لە ئاسمان و بەرز بوونەوە بۆ ئاسمان، دابەزاندنی کتێب لە ئاسمانەوە، بەوانی فەرموو: ﴿ هَلۡ كُنتُ إِلَّا

بَشَرًا رَّسُولًا ﴾ الإسراء: ٩٣. واتە: (من تەنها پێغەمبەرێکم لە گرۆی ئادەمیزاد و هیچی تر نیم). ﴿ إِنَّمَا ٱلْأَيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴾ العنکبوت: ٥٠. واتە: (موعجیزەو نیشانە و بەڵگە ماددییەکان بە دەست خوا خۆیەتی و من تەنها ئاگادار کەرەوەو بێدار کەرەوەیەکی ئاشکرام بۆتان). خودای بێ وێنە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا مَنَعَنَآ أَن نُّرْسِلَ بِٱلْأَيَٰتِ إِلَّآ أَن كَذَّبَ بِهَا ٱلْأَوَّلُونَ ﴾ الإسراء: ٥٩. واتە: (هیچ شتێك نەبووە بە هۆی ئەوەی کە ئێمە موعجیزە بەرپا بکەین و نیشانی بدەین لەوەی کە ئەوان داوایان کردووە، تەنها ئەوە نەبێت کە "جۆرەها موعجیزەمان نیشانی پێشینەکان دا"، بەڵام ئەوان هەر بڕوایان پێ نەکرد). جا ئەگەر پێغەمبەری مەزن (ﷺ) کارە نامۆکانی بۆ چەسپاندنی پێغەمبەرایەتیەکەی بەکار نەهێنابێت، ئەوا (چوار نوێنەرەکە) چۆن توانیویانە ئەم کارانە بۆ چەسپاندنی نوێنەرایەتیان بەکار بێنن؟! کێ جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەنجامدانی کاری دەرئاسا لەسەر دەستی نوێنەرەکان؟ بۆ زانیاری توسی کە خۆی باسی زۆربەی ئەو کارە دەرئاسایە خەیاڵیانە دەکات بە سەد ساڵ یان زیاتر لە دوای سەردەمی نوێنەرەکانەوە هاتووە. توسی پشتی بەستووە بەو گێڕانەوانە کە هەواڵی تاقانە و هیچ و پوچن، هەڵبەستراون لەلایەن کەسانی زیادەڕۆچوو و گومان لێکراو و خاوەن بەرژەوەندی ماددی، لە دوای بژارکردنی زنجیرەو سەنەدەکە هیچ یەکێك لەو گێڕانەوانە نامێنێت کە پشتیان پێ ببەسترێت، تەنانەت چەندین خاڵی ناڕۆشن لە خۆ دەگرن، لە کەسانی نەناسراو یان لە کەسانی بێ ناو دەگێڕدرێنەوە، پشت بەو بانگەشانە دەبەستن کە هەمبانەیان بەتاڵ و کەشکۆڵیان بێ بەڵگەیە.

زۆر ئاسانە وەسفی ئەم کارە دەرئاسایە بانگەشە بۆکراوانە بکرێت بە:

(درۆ و هەڵبەستران یان جادوو و خەڵەتاندن و دەر نەریت)، ئەمەش وا دەکات کە بە بەڵگە نەشێن، دەشبێت کاری دەرئاسا شتێکی دەرەوەی نەریت و باو بێت و مشتومڕ هەڵنەگرێت. شێخ صدوق پاساوی هێناوەتەوە بۆ پەنا نەبردنی میری باوەڕداران ئیمام عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) بۆ چەکی (کارە دەرئاساکان) بۆ چەسپاندنی مافی خۆی لە خەلافەتدا، بەهۆی گریمانی ڕاڤەکردنی کەسانی تر بە جادوو و خەڵەتاندن و دەر نەریت[1]. هەروەك باوکی صدوق (عەلی کوڕی باوبەی صدوق) بانگەشەی حەلاجی ڕەتکردەوە کە گوایە نوێنەری ئیمامی مەهدییە و غەیبزانە، عەلی ناوبراو فەرمانی کرد حەلاج وەدەر بنرێت لە فرۆشگاکەی بە شەق و پێلاق لێدان![2].

کارە دەرئاسا غەیبییەکان تێکدەگیرێن لەگەڵ قورئانی پیرۆز، چونکە قورئانی پیرۆز ئەوە ڕەت دەکاتەوە هیچ کەسێك غەیب بزانێت، لەم بارەوە دەفەرمووێت: ﴿ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرۡتَضَىٰ مِن رَّسُولٖ فَإِنَّهُۥ يَسۡلُكُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ رَصَدٗا ﴿٢٧﴾ ﴾ الجن: ٢٦_٢٧. واتە: (ئەو زاتە زانای نهێنی و شاراوەکانە، کەسیش لە نهێنی و شاراوەکانی ئاگادار ناکات. مەگەر بۆ پێغەمبەرێك خوا خۆی ڕازی بێت "بەوەی هەندێ نهێنی بزانێت"، ئەو کاتە فریشتە دەکاتە پاسەوانی لە بەرو پشتیەوە "تا پەری و شەیتانەکان نەتوانن زەفەری پێ بەرن"). و دەفەرمووێت:﴿ قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ ﴾ النمل: ٦٥. واتە: ("ئەی موحەممەد (ﷺ) پێیان" بڵێ:

(١) الصدوق: إكمال الدين ١٠٩.

(٢) هەمان سەرچاوە.

جگە لە خـوا هەرچـی لـە ئاسمانـەکان و زەویـدا هەیـە هیچیان ئاگادار نـین لـە پەنهان و شـاراوەکان). هـەروەها دەفـەرموویت:﴿ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًاۖ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌۢ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ﴾ لقمان: ٣٤. واتـە: (هیچ کەس نازانێـت چـی بەسەر دێت و چی دەست دەکەوێت، هـیچ کەسـیش نازانێـت لەسـەر چ زەویـەك دەمرێت و کۆتایی بـە ژیـانی دێـت). ئـالێرەوە (سـەید موحەممـەد بـاقر صـەدر "ڕەحمەتی خوای لێبێت") لە (بحث حـول المهـدي [٣٦]) ئامـاژەی نـەکردووە بـۆ بابەتی کـارە دەرئاسـاو غەیبییـەکانی چـوار نوێنـەرەکـە، تەنانـەت بـە بەڵگەشـی نەهێناوەتەوە لەسـەر ڕاسـتی نوێنەرایـەتیان و ئـەو بانگەشـەی لـەبارەی بـوونی (مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) دەکەن.

## دەروازەی شەشەم

## پوچەڵی بانگەشەی بوونی یەکدەنگی

بـەر لـەوەی لێکۆڵینـەوە بکـەین لـە بانگەشـەی بـوونی یەکـدەنگی لەسـەر هـەبوونی (ئیمـام موحەممـەدی کـوڕی حەسـەنی عەسـکەری)، ئـەوا پێویسـتە لەسەرمان کەمێك بدوێین لەسەر بەڵگە بوونی (یەکدەنگی) لەلای شیعە دوازدە ئیمامییـەکان، چـونکە زانـراوە کـە (یەکـدەنگی) لەلایـەن دوازدە ئیمامییـەکان بەڵگەیـەکی سـەربەخۆ نییـە، مەگـەر دەرخـەری ڕای ئیمـامی پـارێزراو بێـت، ئەگەرچی پشتی نەبەستبێت بـە بەڵگەیـەکی قورئـانی یـان گێڕانـەوەیی یـاخود عەقڵی لەلایەن ئیمامییەکان، ئەگەر پشتی بە ئایەتی قورئانی پـیرۆز بەسـتبێت ئەوا دەکرێت خۆمان سەیری ئایەتەکە بکـەین و لەوانەیـە کۆشـش (ئیجتهـاد)ی ئێمە لە کۆششی پێشینان جیاواز بێت، لەبەر ئەوەی پێشینان لە ژێـر ڕۆشـنایی

تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان لەسەری یەکدەنگ بوونە، بۆیە کۆشش یان یەکدەنگی پێشینان کە لەسەر کۆششەکە دامەزراوە نابێتە بەڵگە لەسەرمان، چونکە بەڵگەکە لە قورئاندایە نەك لە یەکدەنگیدا، ئەو مەبەستەی ئێمە دەمانەوێت دەستەبەر ناکات.

هەمان شت سەبارەت بە فەرموودەکان و حوکمی عەقڵ.

تاکە بارودۆخ کە دەکرێ تیایدا یەکدەنگی ببێتە بەڵگەیەکی شەرعی لەلایەن شیعەکان، ئەوەیە کە یەکدەنگی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو هەبێت و ئێمەش نەزانین ئەو بەڵگەیە چییە کە یەکدەنگییەکە پشتی پێ بەستووە، ئەو کاتە وا پێش بینی دەکەین کە فەرموودەکە پێمان نەگەیشتووە. دواتر بێگومان دان بەوەدا دەنێین کە یەکدەنگییەکە دەربڕی ڕاو بۆچوونی ئیمامی پارێزراوە. ئەمەش جۆرێکە لەو یەکدەنگییەی کە ناکرێت دروست ببێت، لەلای شیعەکانیش دروست نەبووە، تەنها لە نەوەکانی سەرەتادا نەبێت کە لە سەردەمی ئیمامەکان نزیك بووە، ئەمەش بە (یەکدەنگی پێشینان) ناودەبرێت، ئەگەر یەکدەنگی پێشینان لەسەر بابەتێك نەبێت و دواتر یەکدەنگی پاشینانیش لەسەر هەمان بابەت دروست بوو، ئەوا یەکدەنگی پاشینان بە بەڵگە ناشێت، چونکە دەربڕو دەرخەری ڕاو بۆچوونی ئیمامی پارێزراو نییە... هەروەها لەبەرئەوەی یەکدەنگی بە خودی خۆی بەڵگە نییە.

ئەمە حوکم و سروشتی یەکدەنگییە لەلای شیعەی دوازدە ئیمامی.

یەکەنگی لەبارەی بابەتی بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری جۆرێك نییە لەو یەکدەنگییەی لەبارەی هەندێك لە بابەتە فیقهییە لاوەکییەکانەوە هاتووە، بەڵکو یەکدەنگی لەبارەی بوونی مەهدی بە پێی گریمانەکەیە کە لەسەر بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی و مێژوویی دامەزراوە، دەربڕو

دەرخەری بۆچوون یان وتەیەکی ئیمامەکان نییە کە پێمان نەگەیشتبێت.

دواتر ئەو یەکدەنگییەی کە ئەشعەری قومی یان نوبەختی یاخود صدوق بانگەشەی دەکەن، ئەوا هەر پێك نەهاتووەو لە بنەڕەتدا دروست نەبووە لەبارەی بابەتی بوونی ئیمام موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری... لەبەر ئەوەی پێشتر شیعەی ئیمامی ڕاجیاییان لەبارەی هیچ شتێکەوە ئەوەندەی بابەتی (ئیمامی جێگرەوە) تێنەکەوتووە، بەشێوەیەك لە دوای کۆچی دوایی کردنی حەسەنی عەسکەری بۆ چواردە تاقم دابەش بوون، هەندێك وتیان حەسەنی کوڕی عەلی مەهدییە، هەندێکیش وتیان موحەممەدی برای حەسەن مەهدییە، هەندێکی تریش وتیان جەعفەری براکەی تری حەسەن مەهدییە، بەشێك وتیان ئیمامەت پچڕاوەو وەستاوە، تەنها یەك تاقم لەو چواردە تاقمەی شیعەی ئیمامی بەگشتی دانیاننا بە لەدایکبوون و ئیمامەت و مەهدیبوونی موحەممەدی کوڕی حەسەن.

ئەم بەشەی کە دوایی لە نێوان خۆشیاندا بۆ چەندین پێر دابەش بوون لەبارەی ناو و شوناسی مەهدی.

جا نوبەختی لە کتێبەکەیدا (فرق الشیعة) و ئەشعەری قومی لە کتێبەکەیدا (المقالات والفرق) و موفید لە کتێبی (القصول المختارة من العیون والمحاسن) و توسی لە کتێبی (الغیبة)دا بە تێرو تەسەلی باسیان لەو دەستەو پێڕانە کردووەو هەندێکیان ژمارەی پێڕەکانیان گەیاندووەتە بیست دەست و پێڕ. لە میانەی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا زۆر زانیاری و ڕای جیاوازی ئەم تاقمانەمان خستەڕوو، صدوق باسی مشتومڕی شیعەکان دەکات لەبارەی بوونی جێگرەوەی ئیمامی حەسەنی عەسکەری و بۆیە پەنایان بردووەتە بە عومری.

هەموو ئەو شتانە بەڵگەن لەسەر نەبوونی یەکدەنگی لەلایەن شیعەکانی

سەرەتا لەسەر ئـەم بابەتـە، بـەڵكو دەقـی پێچـەوانە هەیـە لـەم بـارەوە لەلایـەن ئیمـامی عەسـكەرییەوە هـاتووە، هـەروەك نـاوبراو بـە یەكـدەنگی شـیعەكان وەسـیەتی بـۆ دایكـی كـردووەو بـۆ كەسێكی تـری نـەكردووە، ئەگـەر منـداڵێكی هەبووبا ئەگـەر لـە منداڵدانیش دابووبـا، ئـەوا وەسـیەتی بـۆ دەكـرد، بـەڵام نـە منداڵەكە هەبوو و نە وەسیەتیشی بۆ كرا.

ئا لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر دەستەیەكی كەم جیـا بكەینـەوە ئـەوا بـۆ مـان دەردەكـەوێت كـە یەكـدەنگی شـیعەكان لـە سـەدەی سـێیەم و چـوارەم دامەزرابوو لەسـەر بـاوەڕ نـەبوون بـە هـەبوونی موحەممـەدی كوڕی حەسـەنی عەسكەری، سەرجەم مێژوونووسانی شیعە وەك: (نوبـەختی، ئەشعەری قومی، كلینی، نوعمانی، صدوق، موفیـد و توسـی) باسـی ئەمـەیان كـردووەو ناویشـیان لەو سەردەمە نا سەردەمی (سەرگەردانی و وێڵی).

# بەندی سێیەم

# گریمانەی مەهدبوونی ئیمامی دوازدەم چۆن دروست بوو ؟

## دەروازەی یەکەم

## تێکگیرانی (پەنهان بوون) لەگەڵ فەلسەفەی ئیمامەت

بۆ ئەوەی لە ڕووە ڕاستەقینەکەی بابەتی (پەنهان بوونی) تێبگەین، پێویستە سەرەتا لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) تێبگەین وەك چۆن زانا کەلامییە ئیمامییەکانی سەرەتا دایانمەزراند. تیۆری (ئیمامەت) دەڵێت: زەوی نابێت بێ ئیمام (واتە: بێ حوکمەت و دەوڵەت) بێت، ئیمام (واتە: سەرۆك یا خەلیفە یاخود سەرکردەی باڵا) پێویستە پارێزراو بێت و لەلایەن خواوە دیاری کرابێت، شورا بێ بنەما و پوچەڵە و نابێت ئیمام لەلایەن ئوممەتەوە هەڵبژێردرێت، تیۆری موسەوی (کە لقێکی ئیمامییەکانە و هاوتەریبە لەگەڵ فەتیحییەکان) دەڵێت: ئیمامەت بە شێوەیەکی زنجیرەیی و پشتاو پشتە لە ڕەچەڵەکی عەلی و حوسەین دا تا ڕۆژی دوایی.

ئا لێرەوە زانا کەلامییە ئیمامییەکان گریمانەی ئەوەیان کرد کە ئیمام حەسەن عەسکەری منداڵێکی هەیە، سەرباری نەبوونی بەڵگەی مێژوویی تەواو لەم بارەوە، هەندێکیان باوەڕیان نەهێنا بە ئیمامەتی جەعفەری کوڕی عەلی

هادی، چونکە پێیان وابوو دروست نییە دوو برا لە ئیمامەتدا بەیەکەوە کۆ بکرێنەوە لە دوای حەسەن و حوسەین و وتیان: هەر دەبێت (بەڵگەی کوڕی حەسەنی عەسکەری) لە دایکبووبێت، حەسەن کوڕەکەی شاردۆتەوە لە بەرچاوی خەڵك.

بەڵام پرسیاری گەورە کە خۆی سەپاند ئەوەیە: ئەگەر ئیمامەت کورت بووبێتەوە لەو کەسە موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری، دروستیش نەبێت بۆ خەڵکی تری ئاسایی کە پارێزراو نین و لەلایەن خواشەوە دیاری نەکراون، کەواتە بۆچی ناوبراو پەنهان و ون دەبێت و دەرناکەوێت بۆ ڕابەرایەتی کردنی شیعە و موسڵمانان، حکومەتێکی ئیسلامی پێك ناهێنێت کە زۆر پێویستە هەبێت؟ مادەم زەوی نابێت بێ ئیمام بێت بۆچی دەرناکەوێت؟ ناکرێت ئیمام پەنهان سەرکردایەتی و ئیمامەتی خەڵکی بکات، نهێنی پەنهان بوونەکە چییە؟ تا چ کاتێك بە پەنهان دەمێنێتەوە؟ شیعەکانی لە بارودۆخی پەنهان بووندا چییان لەسەر پێویستە؟.

بێگومان دەرەنجامی سروشتی و پێویستی ئەم بیرەیە بریتی بوو لە بنەمای (چاوەڕوانی) و قەدەغە کردنی چالاکی سیاسی لە (سەردەمی پەنهان بووندا)، ئەم بنەمایە بۆ ماوەی چەند سەدە و چەرخێك زاڵبوو، تا ئێستاش هەندێك شوێنەواری هەر ماوەو بەردەوامە، سەرباری دانانی بە تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی و دەسەڵاتی شەرعناس "ویلایەت فەقیە") ئەوا تیۆرە نمونەییەکەی زانا کەلامییەکان کۆتایی هات بە پەنهان بوون و ونبوونی شیعە لەسەر شانۆی ژیان و لە دەستدانی ئیمامەت، لەبەر دەرنەکەوتنی (ئیمامێکی پارێزراو). ئەمەش تێکگیرانێکی مەزنی دروست کرد لەگەڵ فەلسەفەی ئیمامەت کە دەڵێت بوونی ئیمام لەسەر زەوی پێویستە، پێویستە ئیمامەکەش

پارێزراو بێت و لە هەر کات و شوێنکدا بێت دەبێت لەلایەن خوداوە دیاری بکرێت، لە پێناو جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام و سەرکردایەتی کردنی موسڵمانان و فەتوادان بۆیان و چارەسەر کردنی کێشە یاساییەکان و یاسادانان.

شیعە ئیمامییە موسەوییەکان ئەزموونێکی تاڵیان چەشتبوو لەگەڵ (بزوتنەوەی واقفییەکان) کە بانگەشەی پەنهان بوونی ئیمامی کازمیان کرد و هەر ڕاستییەکی تریان ڕەت دەکردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی پەنهان بوون تێکدەگیرێت لەگەڵ فەلسەفەی ئیمامەت، جا ئیمام (عەلی کوڕی موسای ڕیزا) بەوانی وت: (پاك و بێگەردی بۆ خودا!... پێغەمبەری خودا دەمرێت کەچی موسا نامرێت!... سوێند بە خوا موسا مرد هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی دوایی کرد) [1]. ئیمامی ڕیزا واقفییەکانی تۆمەتبار کرد بە درۆ هەڵبەستن کاتێك وتیان موسای کازم نەمردووە، لەم بارەوە ئیمامی ڕیزا بەوانی وت: (ئەگەر خودا تەمەنی کەسێکی درێژ کردبا لەبەر پێویستی خەڵکی، ئەوا تەمەنی پێغەمبەری خوای (ﷺ) درێژ دەرکرد) [1].

ئیمام ڕیزا مشتومڕی لەگەڵ واقفییەکان کرد لەبارەی واتای ئیمام و سوودی دانانیان بە ئیمامەت، ئەگەر ئەوان پابەندی خۆیان بە ئیمامێکی پەنهان ببەستنەوە کە لە بوونی نییە لە ژیاندا و ئاگاداریشی کردنەوە بۆ پێویستی کارلێك کردن لەگەڵ ئیمامی زیندووی دیار، ئەم وتەیەی باووباپیرانی بۆ ئەوان خستەڕوو: (بەڵگەی خودا تەنها بە ئیمامێکی زیندوو لەسەر خەڵك بەرپا دەبێت کە بناسرێت. هەر کەسێك بێ ئیمام مرد ئەوا بە نەفامی مردووە... ئیمامێك کە زیندوو بێت و بی ناسێت. پێغەمبەری خودا (ﷺ)

---

(١) الكليني: الكافي ١/ ٣٨٠.

فەرموویەتی: هەر کەسێك بمرێت و ئیمامێکی نەبێت کە گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری بێت ئەوا بە نەفامی مردووە. هەر کەسێك مرد و ئیمامێکی زیندوو و دیاری نەبوو ئەوا بە نەفامی مردووە.. ئیمامێکی زیندوو)[1].

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئیمامی (ڕیزا) تیۆری پەنهان بوونی لە سەردەمی ئیمام دا ڕەت کردووەتەوە، چونکە لە پەنهان بوونی ئیمام بەڵگە لەسەر خەڵك بەرپا نابێت، بەڵکو پێویستە ئیمام لە ناو خەڵکدا ئامادەیی هەبێت و خەڵکیش ئەو بناسن و گوێی بۆ ڕابگرن و گوێڕایەڵی بن و لەگەڵی کارلێك و ئاوێتە بن، ئەگەر هاتوو لەسەر خودا پێویست بێت پێش ئیمام ڕیزا ئیمامێك بنێرێت دەبێت ئەم خەسڵەتانەی باسکران تێیدا بن.

کەواتە پەنهان بوونی ئیمام تێکگیرانێکی تەواوی هەیە لەگەڵ (پێویستی بوونی ئیمام) کە دەبێت ڕابەرایەتی موسڵمانان بکات، نابێت لە مەیداندا نەبێت. ئەگەر بۆ نمونە بڵێین دەبێت دەوڵەت ئەفسەرێکی هاتووچۆ لە فلانە بەشی ڕێگایە دابنێت و بینیمان ئەفسەرەکە دیار نییە و پرۆسەی هاتووچۆش شڵەژاوە، ئامادە نەبوون و ونبوونی ئەفسەرەکە تکێدەگیرێت لەگەڵ ئەو وتەیەمان کە دەڵێین: (پێویستە دەوڵەت ئەفسەرێك دابنێت)، بوونی ئەفسەرەکە لە ژێر پەردەی پەنهان بووندا هیچ مانایەکی نییە، چونکە پرۆسەی هاتووچۆ تێکگیراوەو زۆر ئاڵۆز بووە. ئەمە شتێکی عەقڵی بەڵگە نەویست و ڕوونە، ناکرێت پەسەند نەکرێت یان فەرامۆش بکرێت یان پاساوی بۆ بهێنرێتەوە بە هەندێك هەواڵی لاواز. بەڵام قسە بەدەستەکانی (پەنهان بوون) ڕەتیان کردەوە عەقڵ لێرەدا بەکار بهێنرێت سەرباری ئەوەی لە

---

[1] الكشي: الرجال ٣٧٨.

چەسپاندنی پێشەکیەکاندا عەقڵیان بەکارهێناوە: (پێویستی هەبوونی ئیمام، پێویستی پارێزراو بوونی ئیمام، پێویستی دیاریکرانی ئیمام لەلایەن خوداوە)، ئەحمەدی کوڕی ئیسحاقی قومی لەبارەی (یەکێك لە بنەماکانی تیۆری ئیمامەت) کتێبێکی نووسیوە، ئەو بنەمایەش موحەممەدی کوڕی حەسەنە، ئەحمەدی قومی دەڵێت: لە وەڵامی پەیامەکەمدا موحەممەدی مەهدی وەڵامی بۆ ناردمەوەو هۆکاری پەنهان بوونەکەی ڕاڤە کردووە، لە نووسراوی وەڵام ئامێز (ڕێنووس)ەکەدا هاتووە:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ ﴾ المائدة: ١٠١. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پرسیار مەکەن لە هەندێك شت، کە ئەگەر ئاشکرا بکرێت بۆتان سەغڵەتتان دەکات). بەم پێیە شێخ (صدوق) وتویەتی: (خوای گەورە پرسیاری لێ ناکرێت بەڵکو بەندەکان پرسیارو لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. بە خوا نا وترێت: بۆچی؟ چۆن؟ دەرکەوتنی ئیمامیش بەهەمان شێوەیە و نابێت پرسیاری لێ بکرێت، چونکە پەیوەستە بە خوا و هەر ئەویش ئیمامی پەنهان کردووە، جا هەر کاتێك خودا ڕێگەی بە ئیمام دا ئەو کاتە دەردەکەوێت)(1).

هەروەها (صدوق) وتویەتی: (ئیمان و باوەڕی هیچ بەندەیەك دروست نابێت تا هیچ نا ڕەحەتییەکی لە دڵدا نەمێنێت بەرامبەر بە فەرمانی خودا، لە هەموو شتێکدا بێ گومان و دوودڵی ملکەچ نەبێت، ئیسلامیش بریتییە لە ملکەچ بوون و خۆبەدەستەوەدان.﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٨٥ ﴾ آل عمران: ٨٥. واتە: "ئەوەی بێجگە لە

(1) الكلينى: الكافي ١/١٧٧، الحميري قرب الإسناد ٢٠٣.

ئایینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، لە قیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە")[1].

صدوق فەرموودەیەکی لە ئیمامی صادق گێڕاوەتەوە تیایدا پاساو دەهێنێتەوە بۆ نەتوانینی ڕوون کردنەوەی ڕووی حیکمەتی (پەنهان بوونی مەهدی)، بەوەی خودا ڕێگەی نەداوە حیکمەتەکە بۆ خەڵکی ڕوون بکرێتەوەو دەڵێت: (نهێنی حیکمەتەکە تەنها لە دوای دەرکەوتنی ئیمام ئاشکرا دەبێت... چونکە فەرمانێکە لە فەرمانەکانی خودا، نهێنییەکە لە نهێنییەکانی خودا، بەشێکە لە زانستی غەیبی خودا) [2].

شێخ موفید گرتنەبەری ڕێگەی عەقڵ و ڕەچاوکاری ڕەت کردۆتەوە لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری پەنهان بوون، لەو بارەوە دەڵێت: (تەنها خودا دەزانێت بەرژەوەندی و سوودی پەنهان بوونی ئیمام چییە، چونکە خودا ئاگاداری دەروون و شاراوەکانە، زانایە بە ئاکامەکان، هیچ نهێنییەکی لێ ون نابێت)[4].

جا کەراجکی داوای لە شیعەکان کرد دەست هەڵگرن لە بیرکردنەوە لەم بابەتە، دوای ئەوەی باوەڕیان بە بوون و پارێزراوی ئیمام هێناوە، ڕاشی گەیاندووە ئیمام بە ویستی خودا نەبێت هیچ شتێك ناکات. و داواشی کردووە شیعەکان ملکەچ بن بۆ هەر هەنگاو یان کار یاخود هەڵوێستێك کە (ئیمامی پارێزراو) دەیگرێتەبەر ئەگەرچی نەشزانن هۆکارو مەبەستی پەنهان بوونەکە

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٨٨.

(٢) الصدوق: إكمال الدين ٥٣١.

(٣) الصدوق: علل الشرائع ٢٤٦، الأمالي ٤٢٦.

(٤) المفيد: الفصول المختارة، مسألة من الغيبة ٢٦٦ و ٢٦٩.

بـزانین، لـەم بـارەوە وتویـەتی: (لەسـەرمان پێویسـت نییـە هۆکارەکـە بـزانین و هەوڵی دەرخستنیشی بدەین، ئەگەر نەشزانین زیانمان پێ ناگات)[1]. شێخ توسـی وتویەتی پێویست ناکات قسە بکرێت لەسەر هۆکاری پەنهان بـوونی ئیمـام دوای چەسپاندن پەنهان بوونەکە و سەلماندنی بوونی ئیمام[1].

دوای دان پێـدانانی بنـەمای تیـۆری (پـەنهان بـوون) بـە نـەبوونی هـیچ ڕاڤەیەکی شیاو و ژیرانە و دڵنیاکەرەوە بۆ (پـەنهان بوونەکـە)، پێویسـت ناکـات مشتومڕو تاوتوێی گێڕانەوەو تیۆرە هەڵبەستراوەکان بکرێت، کـە بـۆ پاسـادوانی پـەنهان بوونەکـە پێشـکەش کـراون و خراونەتـەڕوو، وەك: ڕاڤـە کـردن بـە حیکمـەتی نەناسـراو یـان بـە لـە بێـژنگ دان و لێـك جیاکردنـەوەی شـیعەکان یـاخود لەبـەر ترسـانی مەهـدی بـە لەدەسـتدانی ژیـان و کـوژرانی، چـونکە گێڕەڕەوەکـانی ئـەم گێڕانەوانـە کەسـانی زیادەڕۆچـوو و لاوازن، ناوەڕۆکیشـیان لەسەر موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری نایەتەجێ.

زۆربـەی ئـەو نووسـەرانەی لـەبارەی (پـەنهان بـوونی ئیمام)یـان نووسـیوە وەك: (مفید، مورتـەزا، تووسـی) پشـتیان بـە تیـۆری هـەڵاواردن و جیاکردنـەوە (تمحیص) نەبەستووە، تەنها شێخ (مفید) پشتی پێبەسـتووەو هەنـدێك گرنگـی پێداوە، ئەگەرچی (مفید)یش بە تەواوی تیۆرەکەی نەکردبێتە بناغـە و پشـتی پـێ نەبەسـتبێت، بـە تایبـەت دوای نـەمانی نـەوەی یەکـەم، کـە دووچـاری لێـك جیاکردنەوەو هەڵاواردن هاتن تەنانەت هیچ یەکێکیان نەما.

پێویستە تەنها لەسەر تیۆری (تـرس) هەڵوەسـتە بکـەین، کـە هەنـدێك لـە زانا کەلامییەکان وەك سەید مورتـەزا و شـێخ توسـی و کـەراجکی بـارو حاڵـەتی

---

(1) الكراجكي: كنز الفوائد ١/ ٣٧١.

(پەنهان بوونی ئیمامیان) پێ ڕاڤە کردووە. ئەوانەی باوەڕیان بە تیۆری ترس هەیە وەك ڕاڤەیەکی شیاو بۆ (پەنهان بوونی ئیمام) پشتیان بەستووە بە کۆمەڵێك گێڕانەوە کە لە ڕووی زنجیرەو سەنەدەوە لاوازن و واتاکانیان گشتین و ناوی مەهدی دیار ناکەن، گێڕانەوەکان لە زورارە ئەویش لە ئیمامی صادق (سڵاوی خوای لێبێت) بەر لە سەد ساڵ پێش کۆچی دوایی کردنی حەسەنی عەسکەری گێڕدراونەتەوە.

پەنا نەبرایە بەر ڕاڤەی ترس بۆ پەنهان بوونی ئیمام، تەنها دوای دانان نەبێت بە کۆمەڵێك خاڵی گریمانە کراوی خەیاڵی، وەك: دیاریکردنی شوناسی مەهدی لە پێشتر، ئەمە شتێکە لە بەندی دووەمدا سەلماندمان کە ڕاست نییە، هەروەها خاڵێکی تر گریمانە کردنی بوونی شڵەژان و شلەقانی بارودۆخی سیاسی نێوان ماڵی عەلەوی و ماڵی عەبباسی حوکمڕان، ئەمە لەو بەندەدا پوچەڵییەکەی دەسەلمێنین، خاڵێکی تر دانانان بەوەی موحەممەدی مەهدی کۆتا ئیمامی دوازدە ئیمامەکانە، ئەم تیۆرە لەسەرەتادا بوونی نەبووە، لە سەدەی چوارەمی کۆچی ئەم بۆچوونە دەرکەوت، خاڵێکی تر قەدەغە بوونی بەکارهێنانی توقیە و خۆپارێزییە لەلایەن ئیمام مەهدییەوەو شاردنەوەی شوناسەکەی تا ڕۆژی دەرکەوتنی، ئەمەش شتێکە لەگەڵ سیاسەتی ئیمامەکانی پێشوودا ناگونجێت و تەنانەت هیچ پاساویشی نییە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تیۆری ترس زۆر دوور بوو لە خوو ڕەوشتی ئالوبەیت (سڵاوی خوایان لێبێت) و خۆشەویستی شەهید بوون لەلای ئەوان، ئەمەش زۆر پرسیار دەوروژێنێت لەبارەی ئەوەی بۆچی خودا مەهدی

---

() الطوسي: الغيبة ٣_٤.

ناپارێزێت، ئەگەر واش دابنێین کە ناوبراو هەیە، وەك چۆن پێغەمبەر موسای پاراست و لە دەست فرعەون ڕزگاری کرد، هەروەك چۆن پێغەمبەری خودای (ﷺ) پاراست کە پێشتر مژدەی لەبارەوە درابوو.

سەرباری ئەوەی ئیمامەکانی ئالوبەیت (سڵاوی خوایان لێبێت) پێشتر شوناسی مەهدییان دیار نەکردبوو، ئەگەر وەك تاوتوێ کردن و مشتومڕیش دان بەم بۆچوونەدا بنرێت ئەوا پرسیار دەوروژێنێت لەبارەی ئەوەی هۆکاری چی بوو لە پاڵ ڕاگەیاندنی ناوی مەهدی لەلایەن ئالوبەیتەوە مادەم دەیانزانی مەهدی دووچاری گوشار دەبێتەوە؟ بۆچی ناوی مەهدییان بەنهێنی نەدەهێشتەوە تا کاتی دەرکەوتنی، بۆ ئەوەی مەهدی نەکەنە ئامانجی سەرەنجی و دوژمنانەوە هەر لە کاتی دایکبوون و منداڵییەوە؟.

ئەگەر تیۆری ترسان لە دوژمنان ڕاست و دروست بوو، ئەوا بۆچی مەهدی خۆی لە خۆشەویست و شوێنکەوتووانی دەشارێتەوە؟ سەدان ملیۆن کەس لە شیعەکان مردن لە کاروانی مێژدوودا لە چاوەڕوانی (ئیمامی مەهدی) و ڕاگەیاندنی ئامادەکاری بۆ سەرخستنی، تەنانەت دەوڵەتیان بەناوی مەهدییەوە دامەزراند، کەواتە بۆچی مەهدی دوای دڵنیا بوون لە نەمانی ترس دەرنەکەوت؟.

ئەم پرسیارە کۆمەڵێك لە سەرکردەکانی دەوڵەتی بوەیهی شیعە لە سەدەی چوارەمی کۆچی ئاراستەی شێخ موفیدیان کرد و داوای وەڵامدانەوەیان لێکرد، موفید وەڵامەکەی بە خودا سپارد و وتی: (تەنها خودا زانایە بەنهێنی پەنهابوون)، موفید دانی بەوەدا نا کە شیعەکان لەژێر سێبەری دەوڵەتی بوەیهییەکان ژمارەیان زۆرە بەڵام گومانی هەبوو لە ڕاستگۆیی و بوێرو لە

خواترسانیان[1].

ئێستا... دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە هەزار ساڵ بەسەر دانانان بە تیۆری (ترس) لە پاساودان بە (پەنهان بوونی ئیمام).. دوای ڕووخانی دەیان دەوڵەت و دروست بوونی چەندانی تر، وا بەدەردەکەوێت ئەم تیۆرە زۆر دووربێت لە واقیع، ڕووتە لە هەموو متمانەیەك، بەڵکو تەنها گریمانەیەکی خەیاڵی پێك دێنێت بۆ پاساودان بە گریمانەی بوونی ئیمام (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری)، جا پەنهان بوونی ناوبراو تێکگیراوە لەگەڵ ئەو بەرپرسیارێتیەی لەلایەن خوداوە لەسەر شانی دانراوە. ئەمەش نا دروستی گریمانەی بوون و لە دایکبوونی (ئیمامی بەڵگەی کوڕی حەسەن) دەسەلمێنێت. ئەگەر هەبوونی موحەممەد مەهدی ڕاست بوو ئەوا لەگەڵ فەراهەم بوونی یەکەم هەل و فرسەت بۆی ئەوا دەبوایە دەربکەوتبا، چونکە نابێت ئوممەت بێ سەرکردایەتیەکی شەرعی و ڕەوا فەرامۆش بکرێت.

ئەو شیعانەی شوێنکەوتووی تیۆر (ترس)ن هەوڵیاندا ئەو هۆکارانە لابدەن و نەهێڵن کە بوونەتە هۆی (پەنهان بوونی مەهدی)، ئەمەش لە میانەی پایەدارکردنی مەهدی و ئامادەکاری کردن بۆ سەرخستنی یان سووربوون لەسەر سەرخستنی و پشتگرتن و ملکەچ بوون بۆی و دەست هەڵگرتن لە سەرخستنی ستەمکاران، هەروەها داوا کردن لە مەهدی تا دەربکەوێت، (سەید مورتەزا) لە کتێبی (الشافي)دا وتویەتی: (ئەو ئەرکدارانەی کە پایەدارن ئەگەر کار بۆ پایەدارکردنی ئیمام بکەن ئەوا ترسی ئیمام نامێنێت و توقیە فرێدەدات، تەنانەت لەسەر ئیمام پێویست دەبێت کە

---

[1] المفيد: الأمالي ٣٩٠.

دەربکەویّت... ڕوونمان کردەوە کە هۆکاری پەنهان بوونی ئیمام چاودیّری و ڕەفتارەکانی ستەمکارانە، ئەوەشمان خستەڕوو کە شیعەکان لەگەڵ پەنهان بوونی ئیمامیشدا هەر زاڵن بەسەر بەرژەوەندییەکانیاندا، کە بەم هۆیە دەتوانن ئەو هۆکارانە لابەرن کە هۆکاری پەنهان بوونی ئیمامن، بەمەش ئیمام دەربکەویّت و بە بەڕیّوەبردن و سیاسەتەکەی ببیّتە مایەی سوود بۆیان)[١].

ئەمڕۆ ترس نەماوە، شیعەکانیش ئەو هۆکارانەیان نەهیّشت کە بوونەتە هۆی خۆ پەنهان کردنی ئیمام، توویّشوو و زەخیرەیان ئامادەکرد بۆ دەرکەوتنی، سووریش بوون لەسەر پشتگرتنی و ملکەچ بوون بۆی و پشت نەگرتنی ستەمکاران، داوایان لە مەهدی کرد تا دەربکەویّت، کەچی هەر دەرنەکەوت! سەرباری وتەکەی (سەید مورتەزا) کە دەڵیّت لەو بارودۆخە پیّویستە لەسەر ئیمامی مەهدی دەربکەویّت.

شیّخ صدوق بۆچوونی واقیفییەکان بە ڕاست دانەنا، لەبارەی پەنهان بوون و مەهدیبوونی ئیمامی کازم، چونکە صدوق پیّی وابوو تەمەنی ئیمامی ناوبراو لە تەمەنی ئاسایی دریّژتر بووەتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا صدوق و توسی چەندین گیّڕانەوەیان گیّڕاوەتەوە کە دەڵیّن: تەمەنی مەهدی ئەوەندەی تەمەنی پیّغەمبەر (نوح) دریّژ دەبیّتەوە، هەروەها لە گیّڕانەوەکاندا هاتووە کە دروستە خودا نەریت و یاسای ئاسایی بشکیّنیّت بۆ جۆریّك لە سوود و بەرژەوەندی[٢].

---

(١) المرتضى: الشافي ١/١٤٧.

(٢) الطوسي: الغيبة ٧٦ و ٧٨.

## دەروازەی دووەم

# بارودۆخی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی

# لە ماوەی (پەنهان بوون) و دواتردا

## کەرتی یەکەم

## ڕژێمی عەبباسی

سەردەمی دووەمی عەبباسی بەوە جیا دەکرێتەوە، کە خزمەتکارە تورکەکان دەستیان بەسەر کاروباری خەلافەتدا گرت، دەستێکی باڵایان هەبوو لە دیاری کردنی خەلیفەکان و لادانیان، هەروەك باغری تورك مەتەوکیلی کوشت، لە دەرەنجامی ململانێکانی ناو ماڵی حوکمڕان و ڕاجیاییەکانی نێوان بنچینەکانی دەسەڵات و هێزی چەکدار[1]. جا موحەممەدی مونتەصر لە شوێنی باوکیدا چووە سەر تەختی خەلافەت، هێشتا تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو، بەڵام ناوبراو زیاتر لە شەش مانگ لە تەختی خەلافەتدا نەمایەوەو مرد[2]. پاشان دوو سەرکردەی تری تورك (وەسیف) و بەغا لە دوای مردنی مونەتەصر ئەوا باغری بکوژی (مەتەوکیل)یان کوشت و (موستەعین)یان هێنایە سەر شانۆی خەلافەت، بەڵام دوو ناوبراوە تورکەکە زاڵبوون بەسەر (موستەعین)دا بەشێوەیەك تەنها بەناو موستەعین خەلیفە بوو، تا وای لێهات هەندێك شاعیر لەبارەی موستەعینەوە وتیان:

---

(١) المسعودي: مروج الذهب ٣٨/٤.

(٢) هەمان سەرچاوە ٥٢.

(خليفة في قفص بين وصف و بغا          يقول ما قالا كما يقول الببغا)[1]

واتە: خەلیفەیەك لە ناو قەفەسێکدا لە نێوان (وەسیف) و (بەغا)، هەر ئەو قسەیە دووبارە دەکاتەوە کە دوو ناوبراوەکە دەیکەن وەك چۆن تـوتی قسە دووپات دەکاتەوە.

جا موستەعین هەڵسا بە دەستبەسەر کردنی هەر دوو براکەی موعتەز و موئەیەد، پاشا بارودۆخەکەی لێ تێکچوو و خۆی خشاندە شاری بەغداد، جا والی موعتەزی ئازاد کردو بەیعەتی پێدا و ملکەچی بۆ نواند و وەك خەلیفەی ناساند و دژایەتی دەربڕی بۆ موستەعین و دوو پشتیوانەکەی وصیف و بەغا لەشاری بەغدا، ئەمە لە بەرواری ١١/محرم/ ٢٥١ بوو، موعتەز ئەحمەدی براکەی لەگەڵ هەندێك لە پشتیوانان ڕاسپارد بۆ جەنگ کردن لەگەڵ موستەعین لەشاری بەغداد، ئەمەش موستەعینی ناچار کرد دەست لەکاروباری خەلافەت بکێشێتەوە لە بەرواری پێنج شەممە ٣/ محرم/ ٢٥٢ك و خەلافەتی بە موعتەز سپارد کە پێشتر بەیعەتی پێ درابوو، ئەو کات موعتەز تەمەنی ١٨ ساڵ بوو، ناوبراو موئەیەدی براکەی وەك جێنشینی خۆی ڕاسپارد، بەڵام هەر زوو (موئەیەد)ی دەستگیر کرد و لە جێنشینایەتی لایدا، چونکە گوێبیست ببوو ناوبراو پیلان لە دژی ئەو دادەنێت[1].

موعتەز هەڵسا بە کوشتنی وەسیف و بەغا و زیاتر ئاراستەی بەلای مەغاریبە و فەراغینەکاندا دەچوو، ئەمەش وای کرد تورکەکان ڕاپەڕن لە دژی و تۆڵەی لێبکەنەوەو ناچاری بکەن لە کۆتاییەکانی مانگی ڕەجەبی ساڵی ٢٥٥ك دەست لەکار بکێشێتەوە، دواى ئەوەی چوار ساڵ و شەش مانگ

---

(١) هەمان سەرچاوە ٦٠_٦١.

حـوکمڕانی کـرد، موحەممـەدی کـوڕی واسـیق هەوڵیـدا نێوەنـدەگیری لـە نێـوان موعتەز و تورکەکان بکات، بـەڵام موعتـەز بـە بـێ ئومێدییـەوە وتـی: بەڕاسـتی بەرگە ناگرم و شیاوی ئـەم ئەرکـە نـیم و ناشیکەم. موهتـەدی بەهـەمان شێوە هەوڵی دا نێوەندە گیری بکات، بـەڵام موعتـەز پێـی وت: پێویسـتیم پـێ نییـە و ڕازی نابن من خەلیفە بم. موعتەز لەو شوێنەی لـێ بەنـد کرابـوو دوای شـەش ڕۆژ لە دەست لەکار کێشانەوەکەی کوژرا[٢].

تورکـەکان دوای دەسـت لەکارکێشـانەوەکەی موعتـەز، موهتـەدی موحەممەدی کوڕی هارونی واسیقیان کردە خەلیفە، تەمەنی نـاوبراو ئـەو کـات ٣٧ ساڵ بوو، بۆ ماوەی ساڵێك جڵەوی حـوکمڕانی بـە دەسـتەوە گـرت هـەر لـە ٢٩/رجەب/٢٥٥ك تا ١٦/رەجەب/٢٥٦ك هەر لـە دوای ئـەو ماوەیـە لەسـەر دەستی تورکەکان کوژرا.

موسای کوڕی بەغا کە کوڕی گەورەی ناوبراو بوو، کاتێك موعتەزی کوشت پەنهان بوو، لەکاتێکدا ساڵحی کوڕی وەسیف کاروباری لەگەڵ موهتـەدی بـەڕێوە دەبرد، موسا زۆر بەخێرایی بێ ڕەزامەندی موهتەدی خەلیفـە هاتـە نـاو شـاری سامەڕا و ساڵحی کوڕی وەسیفی کوشت[٣].

لەم بارودۆخەدا مساوی شاری یاخی بوو و لە سـەربازەکانی نزیـك بـووەوە لە سامەڕا، سـەرجەم خـەڵکی تووشـی ئـازار کـرد، ڕێگـە سـەلامەتەکان پچـڕان و عەرەبە دەشتەکییەکان بـەناو خـەڵکی کـەوتن، موهتـەدی هەڵسا موسـای کـوڕی بـەغا و بایکـاڵی بـۆ جـەنگ کـردن لەگـەڵ شـاری ڕەوانـەکرد، بـەڵام هـەر دوو

(١) هەمان سەرچاوە.
(٢) المسعودي: مروج الذهب ٣٨/٤.
(٣) هەمان سەرچاوە ٩٨.

ناوبراوەکە گەڕانەوە تا بایکاڵ و هێرشی کردە سەر خەلیفە موهتەدی، جا ئاگری جەنگێکی مەزن هەڵگیرسا لە نێوانیان و خەڵکێکی زۆری تیایدا کوژرا. دوای ئەوە موهتەدی بایکاڵی کوشت لەبەرامبەر هاوەڵانی تێکشکا و بە هاوارەوە چووە ناو شاری سامەڕا و داوای یارمەتی و پشتیوانی لە خەڵکی دەکرد و لە ناو بازارەکاندا داوای پەناگەی دەکرد و هیچ کەسێك نەبوو بە دەنگیەوە بێت، بێ ئومێد بوو لە سەرکەوتن و بە دزیەوە چووە ناو ماڵی کوڕی خەیعونە، بەڵام لەوێدا بە کێردو خەنجەر هێرشیان کردە سەرو کوشتیان، ئەم ڕووداوە لە بەرواری ١٦/رەجەب/٢٥٦ك بوو.

لە ژێر سێبەری حوکمی ئەم خەلیفە لاوازەدا، دەوترێت موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەرە بە نهێنی لە دایکبووە، عەسکەری کوڕەکەی شاردۆتەوە لە ترسی زەبرو زەنگی ئەو خەلیفە بێ هێزو پێزە.

پاش ئەمە بەیعەت درا بە موعتەمەد ئەحمەدی کوڕی جەعفەری موتەوەکیل، تەمەنی ناوبراو ٢٥ ساڵ بوو، بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ لە خەلافەتدا مایەوە تا لە ساڵی ٢٧٩ك کۆچی دوایی کرد، ناوبراو زۆر لاواز بوو، هەردەم سەر قاڵی ژەنینی ئامێرەکان بوو، ئارەزوو بازی و سەرجەم جۆرەکانی ڕابواردن و قوماری بەسەردا زاڵ بوو...، موعتەمەد جەعفەری کوڕی وەك جێنشینی خۆی ڕاسپارد و ناویشی نا (بەخوا سپێرراو: المفوض إلى الله)، بەڵام باوکی ئەحمەدی موەفەق براکەی زاڵ بوو بەسەر کارەکاندا و موعتەمەدی برای خۆی بەند کرد، جا موعتەمەد یەکەم خەلیفە بوو کە تێکبشکێت و بەندو دەستبەسەر بکرێت، کاتێك موەفەق مرد ئەوا موعتەزیدی کوڕی ناوبراو کاروباری خەڵکی بەڕێوەبرد و لەساڵی ٢٧٨ك جەعفەری لە جێنشینایەتی لابرد، موعتەمەد لە بەرواری ١٩/رەجەب/٢٧٩ك بەیانی کردەوە بە

خـواردنێکی ژەهـراوی و مـرد... ئیسـماعیلی کـوڕی حـەمادی داوەر بـە جلـی ڕەشەوە چووە خزمەت موعتەزید و سڵاوی وەك خەلیفە لێکرد و وەك خەلیفە ناساندی[1].

ئیمـام حەسـەنی عەسـکەری لـە سـەردەمی موعتەمـەد لـە سـاڵی ٢٦٠ك ماڵئاوایی لە دونیا کردووە، لەو کاتـەدا وێڵـی و سـەرگەردانی بـاڵی کێشا و پـەلی هاوێشت و زاڵ بوو، تەمـەنی خەلیفـە موعتەمـەد ئـەو کاتـە نزیکـەی سـی سـاڵ دەبوو.

خەلیفـە موعتەزیـد لـە ٢٢/ڕەبیعـی دووەم/٢٨٩ك مـرد، عـەلی موکتـەفی بـیلای کـوڕی لـە دوای خـۆی جێهێشـت و لـە تەمـەنی ٢٥ سـاڵی دا بەیعـەتی خەلافـەتی پێـدرا، گـەنجێکی لاواز بـوو، قـاسمی کـوڕی عەبـدوڵا و فـاتکی خزمەتکارەکەی بەسـەریدا زاڵ بـوون، دوای مردنـی قاسـم ئـەوا عەباسـی کـوڕی حوسەینی وەزیرەکەی و فاتکی خزمەتکاری بەسەریدا زاڵ بوون[1].

دوای ئەمـە خەلیفـەکانی عەباسـی لـە نـاو کۆمـەڵێك ململانێـی نـاوەخۆیی خوێناوی توونـد ژیان لەسەر دەسەڵات لەگـەڵ خزمـەتکارو و تورکـەکان، جا لـە سـاڵی ٣٢٠ك موقتـەدر لـە دەرەنجـامی ئـەو ململانێیـەی لـە نێـوان ئـەو و موئنیسـی خزمەتکارەکـەی هـەبوو لـە شـاری بەغـداد کـوژرا، دوای موقتـەدر بەیعـەت بـە قـاهیر بـیلا درا، بـەڵام بـە کـەمتر لـە دوو سـاڵ (اهـیر بـیلاش لـە خەلافەت لادرا چاوەکانی کوێر کران لە بـەرواری ٥/٥/٣٢٢ك و لـە دوای ئـەو بەیعـەت بـە ڕازی بـیلا درا، بـۆ مـاوەی پێـنج سـاڵ حـوکمڕانی کـرد بـەڵام لـە بـەرواری ١٠/٣/٣٢٩ بـێ ئـەوەی پێـی خـۆش بێـت مـرد، سـەردەمی نـاوبراو

---

(1) هەمان سەرچاوە ١٤١.

زاڵبوونی دەسەڵاتی تورکەکان و (بەجکەم)ی تورکی بەخۆیەوە بینی، بەجکەم ئەو دینارو دیرهەمەی لە سکەدا کە وێنەی خۆی لەسەر بوو، ناوبراو کاری پڕچەك کردنیشی بەدەست بوو و ئەم ڕستەیەی لەسەر چەکەکان دەنووسی: (بزانە سەربڵندی و پایەداری بۆ "بەجکەم"ی میری مەزن و گەورەی خەڵکە)[٤].

پاش ڕازی بیلا بەیعەت درا بە موتەقی بیلا لە بەرواری ١/٣/٣٢٩ك، ناوبراو بۆ ماوەی چوار ساڵ لە حوکمڕانی دا مایەوە، دواتر لە بەرواری ٣/٤/٣٣٣ك لە سەر حوکم لابرا و چاوەکانی کوێر کران، بەهۆی پشت بەستنی بە حەمدانییەکان و دەسەڵات پێدانیان، ئەمەش بووە هۆی تووڕە بوون و وای کرد تورکەکان و سەرکردەکەیان توزون کە لە ساڵی ٣٣٢ك دەستیان بەسەر شار بەغداد گرتبوو، پیلانیان دژی موتەقی بیلا دانا و لایان برد لە سەر خەلافەت و بەدوای عەبدوڵای کوڕی عەلی موستەکفیان نارد و لە بەرواری ٣/٢/٣٣٣ك وەك خەلیفە بەیعەتیان پێدا، بەڵام ئەویش دوای ساڵێك لەکار لادرا و چاوەکانی کوێر کران لەسەر دەستی ئەحمەدی کوڕی بویەی دیلەمی، ناوبراو خەلیفەی تۆمەتبار کرد بە پەیام گۆڕینەوە لەگەڵ حەمدانییەکان و ئاگادار کردنەوەیان لە نهێنییەکان، موتیع لە شوێنی موستەکفی بووە خەلیفە لە بەرواری ٢٣/شەعبان/٣٣٤ك.

## کەرتی دووەم

---

(١) المسعودي: مروج الذهب ٤/١٨٧.

(٢) هەمان سەرچاوە ٢٤٥.

## بارودۆخی ئۆپۆزسیۆن ( بەرهەڵستکاران )

هەروەك لە کەرتی یەکەم بینیمان، کە بەرزترین تایبەتمەندییەکانی سەردەمی دووەمی عەباسی بریتی بوو لە: هەڵوەشانەوەو لەبەریەك چوون و لێکترازان، ئەمەش لە دەرەنجامی لاوازی خەلافەت و بە دەستەوە نەگرتنی جڵەوی کاروبارەکان دروست بوو... وای لێهات هەر میرێك لەلایەکی دەوڵەتی فراوانی ئیسلامی خاوەن پەیوەندییەکی تۆکمە نەبوو لەگەڵ پایتەخت، ئەگەر بیویستبا دەبووە (والی)، ئەگەر بیویستبا دەبووە خاوەن دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و بەرەنگاری ئەوانی تر دەبووەوە، جا جەنگ دەخولایەوە لە لا و بەشەکانی دەوڵەت لە نێوان میرو کاربەدەست و والییەکان.

ڕوونترین نمونە لەم بارەوە ئەندەلوسە، کە ئەو ماوە خەلافەتی سەربەخۆی ڕاگەیاند لەژێر باڵی عەبدوڕەحمانی ناسری ئەمەوی، تا ئەندازەیەکی زۆر باکوری کیشوەری ئەفریقیا لەژێر حوکمڕانی خانەوادەی ئەغلەب سەربەخۆ بوو، وڵاتی فارس و عێراق شانۆیەکی چڕوپڕی سەربازو جەنگەکانی یەعقوبی کوڕی لەیس بوو هەر لە ساڵی ٢٥٣ تا مردنی ناوبراو لە ساڵی ٢٦٥، دوای مردنی ناوبراو براکەی کە ناوی عەمروی کوڕی لەیس بوو جێی گرتەوە، هەروەها لە ساڵی ٢٦١ك تا ئەندازەیەکی زۆر ئەحمەدی سامانی لە وڵاتی (ماوەرائەنەهر) سەربەخۆ بوو تا کۆچی دوایی کرد لە بەرواری ٢٧٠، ناوچە نزیکەکانی پایتەخت (سامەرا) باروخیی باشتر نەبوو لە ناوچە دوورەکانی، بەهەمان شێوە ئەم ناوچە نزیکانەی پایتەخت مەیدان و شانۆیەك بوون بۆ کرێکارو هێزەکان ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ناوچەیەك بوون بۆ چالاکییەکانی خەواریجەکان و زەنج دواتر قەرامیتەکان.

خەلیفە موعتەمەد زۆر سەرگەرمی ڕابواردن و گوێگرتن بۆ مۆسیقا و

خواردنەوەی مەیی بوو، تەنانەت ئەوەندە لاواز بوو جگە لە وێنەی خەلافەت لە واقیعدا هیچی تر نەمایەوە... هیچ گرێ و فەرمانێکی نە هەڵدەوەشاندەوەو نە دەری دەکرد.

ئەم سەردەمە کۆمەڵێك لە شۆڕش و ڕاپەڕینی شیعەکان و عەلەوییەکانی بەخۆوە بینی بە تێکڕای تاقم و چینە جیاوازەکانی، هەر چەندە هەندێك لە خەلیفەکانی عەباسی ئاراستەیان بەلای شیعەگەرێتی دەچوو یان بە سۆزو هەوادار بوونە لەگەڵ عەلەوییەکان بە ئەندازەیەکی زۆر، سیستەمی ڕژێمی عەباسی هەڵدەوەشایەوەو لەباریەك دەچوو، تەنانەت دەکرا ململانێ لە ناو خودی ماڵی عەباسی دروست بووبا.

## شۆڕشەکانی عەلەوی لە دوای ( پەنهان بوون )دا

مەسعودی لە کتێبی (مروج الذهب)دا دەڵێت: (لە ساڵی ٢٥٠ك لە وڵاتی تەبرستان حەسەنی کوڕی یەزیدی عەلەوی ڕاپەڕی و زاڵ بوو بەسەر تەبرستان و جورجان دوای جەنگ و کوشتاری زۆر توونىد... هەر لە ژێر دەسەڵاتی حەسەن دا مانەوە تا ناوبراو لە ساڵی ٢٧٠ك مرد، جا موحەممەدی کوڕی زەیدی برای حەسەن شوێنی گرتەوە، تا ئەو کاتە رافعی کوڕی هەرسیمە جەنگی لەگەڵ کرد، جا موحەممەدی کوڕی زەید لە ساڵی ٢٧٧ك چووە ناو شاری دیلەم و دواتر رافع بەیعەتی پێدا و ملکەچی بوو و بووە یەکێك لە فەرمانبەرو گوێڕایەڵەکانی... حەسەن و موحەممەد بانگەوازیان دەکرد بۆ ڕازی بوونی خانەوادەی موحەممەد، بەهەمان شێوە لە دوای حەسەن و موحەممەد حەسەنی کوڕی عەلی حوسنی کە ناسراوە بە ئەتروش دەستی گرت

بەسەر تەبەرستان)[1].

لـە هـەمان کاتـدا (سـاڵی ٢٥٠) لـە دەڤـەری (رەی) موحەممـەدی کـوڕی جەعفەر دەرکەوت و بانگەشەی بۆ حەسـەنی کوڕی زەیـد کـرد کـە حـوکمڕانی تەبرِسـتان بـوو. هـەروەك لـە دەڤـەری قـەزوین کـەرکی دەرکـەوت، نـاوبراو ڕاپەریوێکی تری عەلەوی بوو، دواتـر گەیشـتە حەسـەنی کوڕی زەیـد. لـە دوای ئەو لە (رەی) عەلەویەکی تـر دەرکـەوت ئـەویش: ئەحمـەدی کـوڕی عیسا بـوو، ناوبراو بانگەوازی کرد بۆ ڕازی بوونی خانەوادەی موحەممەد، زاڵ بـوو بەسـەر دەڤەری (رەی)دا. هەروەك بە یەك ساڵ دواتر حوسەینی کوڕی موحەممـەد کـە عەلەوییەکی تر بوو لە شاری کوفـە دەرکـەوت، دواتـر والی و بریکـاری خەلیفـە نـاوبراوی لەشـارەکە دوورخسـتەوە. لـە دوای ئـەو عەلەوییـەکی تـر ڕاپـەڕی ئـەویش: موحەممـەدی کـوڕی جەعفـەر بـوو. و لـە سـاڵی ٢٥١ك عـەلی کـوڕی عەبدوڵای تاڵبی کـە بـە مەرعەشـی نـاودەبرا لـە شاری ئامـل ڕاپـەڕی. هـەروەك حوسـەینی کـوڕی ئەحمـەدی ئـەرقیت لـە دەڤـەری قـەزوین ڕاپـەڕی و تـا سـاڵی ٢٥٢ك خسـتییە ژێـر بـاڵی حـوکمڕانی خۆیـەوە، هـەروەك زاڵ بـوو بەسـەر دەڤەری (رەی)دا[2].

هــەموو ئــەو شــۆڕش و ڕاپەڕینانــە لــە لــەژێر سـێبەری داڕوخــانی کاروبارەکـانی خەلیفـە (موسـتەعین)دا ڕوویـدا کـە ململانێـی لەگـەڵ تاکـەکانی خانەوادەکەی هەبوو، ناوبراو هەڵات بۆ شاری بەغداد و خزمەتکارەکان لـە دژی ڕاپەڕین و دژایەتیان کرد و ناچاریان کرد کـە لـە دەست لـە تـەختی خەلافـەت بکێشێتەوە، دوای ئەو بەیعەت درایە موعتەز.

---

(١) المسعودي: مروج الذهب ٦٨/٤.

(٢) هەمان سەرچاوە.

هەروەها لە ساڵی ٢٥٢ك لە ژێر چەتری حوکمڕانی موعتەزی لاودا، کە بیست ساڵی لە تەمەنی خۆی تێپەڕ نەکردبوو، ئەوا عەلەوییەکی تر کە: ئیسماعیلی کوڕی یوسف بوو لە شاری مەدینە ڕاپەری. لە دوای مردنی ئیسماعیل ئەوا موحەممەدی براکەی شوێنی ئەوی گرتەوە، دواتر بەرەو ناوچەی یەمامە و بەحرەین بەڕێکەوت و دەستی بەسەردا گرت، نەوەی خۆی کە ناسرا بوو بە هۆزی ئەخزەر لەوێ لە جێگای خۆی بەجێ هێشت(١).

لە ساڵی ٢٥٥ك لە ماوەی خەلافەتی موهتەدی دەسەڵاتدار دەڤەری زەنج لە شاری بەسرە ڕاپەڕی.

لە ساڵی ٢٥٦ك عەلەوییەکی تر کە: ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەد بوو، ناسراوبوو بە صوٚفی لە وڵاتی میسر ڕاپەڕی، هەروەك عەلی کوڕی زەید لە شاری کوفە ڕاپەڕی و جەنگی کرد لەگەڵ بەعکەبرا تا لە ساڵی ٢٥٧ك کوژرا..

لەساڵی ٢٥٧ك (قەرامیتەکان) لە وڵاتی (بەحرەین) دەرکەوتن و لق و پۆپی دەسەڵاتیان پەلی هاوێشت تا گەیشتە شاری (بەسرە) و (عێراق) و (جەزیرە).

شۆڕشێکی شیعی لە (رەی) هەلگیرسا بە سەرۆکایەتی ئەحمەدی کوڕی حەسەنی مادرانی، ناوبراو لە سەردەمی موعتەمەددا دەستی گرت بەسەر ناوچەی (رەی) تا ساڵی ٢٧٥ك، شیعەگەریتی تیادا بڵاوکردەوەو حکومەتێکی شیعەی دامەزراند(١).

## شۆڕشەکانی ئیسماعیلییەکان لە وڵاتی یەمەن و باکوری کیشوەری ئەفریقیا

بەر لەو کات و بە چەند ساڵێکی کەم لە دوای مردنی ئیمامی

(١) هەمان سەرچاوە ٩١.

عەسکەری، ئەوا لە ساڵی ٢٦٦ك حوسەینی کوڕی حوشەب توانی لە وڵاتی یەمەن یەکەم بزوتنەوەی ئیسماعیلی سەرکەوتوو دابمەزرێنێت، ژمارەیەکی زۆری هۆزەکانی وڵاتی یەمەن لە دەوری کۆبوونەوە، لە ناویاندا بانگەوازی کرا بۆ مەهدیبوونی ئیسماعیلی کە بە شاراوەیی و نهێنی لە شاری سەلیمە لە وڵاتی سوریادا دەژیا، یەکەم دەوڵەتی بۆ ئیسماعیلییەکان لە مێژوودا دامەزراند. دواتر حوسەینی کوڕی حوشب باوکی عەبدوڵای شیعە کە هەڵگەڕابووەوە لەو تاقمەی باوەڕی بە بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری هەیە و چوو بووە ڕیزی ئیسماعیلییەکانەوەو بە نهێنی لە شاری بەغداد کاری دەکرد، ڕەوانەی کرد بۆ باکوری کیشوەری ئەفریقیا بۆ بانگەواز کردن بۆ ئیمامە ئیسماعیلییە پەنهانەکە عەبدوڵای مەهدی. باوکی عەبدوڵای شیعە)لە ژێر سایەی لاوازی دەوڵەتی عەباسی توانی پشتگیری هۆزی کەتامە بەدەست بێنێت و دەست بگرێت بەسەر وڵاتی مەغریب و دەسەڵاتی نەوەی ئەغلەب ڕابماڵێت و زاڵ بێت بەسەر دەوڵەتەکەیان لە قەیرەوان لە تونس کە پایتەختی کیشوەری ئەفریقا بوو، دەوڵەتی فاتیمییەکان دامەزراند و دەسەڵاتی درێژ بووەوە تا (میسر و سوریا و حیجاز)، ئەمە لە ساڵی ١٩٦ك لە سەردەمی موقتەدری خەلیفەی عەباسی کە لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا بەیعەتی پێدرابوو، ئیمامە مەهدییە ئیسماعیلییەکە چالاکییە بەرهەڵستکارەکانی خۆی بەڕێوە دەبرد لە دژی دەوڵەتی عەباسی و کاری دەکرد لەسەر ڕووخاندنی، دوای سەرکەوتوو بوونی لە وڵاتی یەمەن لە هەڵگیرساندنی شۆڕش لەسەر دەستی بانگخوازەکەی حوسەینی کوڕی حوشەب، توانی شۆڕشێك لە شاری واسیت لە

---

() المحمودي: ياقوت، معجم البلدان، أحداث سنة ٢٧٥ك.

وڵاتی عێراق هەڵگیرسێنێت لەسەر دەستی یەکێك لە شوێنەکەوتووانی ڕاڕەو ڕێبازی ئیسماعیلی کە ناوی: حەمدانی کوڕی قیرمت بوو، شۆڕشەکەی ناوبراو هەموو دەسەڵاتێکی ڕامالّی لە باشوری وڵاتی عێراق و دوورگەی عەرەبی تا وڵاتی سوریا.

## سۆز و هەواداری خەلیفەکانی عەباسی بۆ عەلەوییەکان

لە دەرەنجامی ئەم بارودۆخەدا، ساسیەتی موعتەزید وەك خەلیفە پێشوەکانی تری عەباسی لەگەڵ عەلەوییەکان نەرم بوو، سەرباری دەرکەوتنی بانگخوازێکی عەلەوی لە تەبرستان و حوکمڕانی سەربەخۆی ڕاگەیاند بوو. مەسعودی دەڵێت: بانگخوازە عەلوییەکەی حوکمڕانی تەبرستان هەندێك پارەی ناردە پایتەختی خەلافەت تا بەسەر خانەوادەی (ئەبو تالّیب)دا دابەش بکرێت، خەلیفە موعتەزید بەمەی زانی جا نەیتوانی یان نەیویست ڕێگری لەم کارە بکات، خەلیفە بە دوای ئەو پیاوەیدا نارد کە پارەکەی هێنابوو تا دابەشی بکات، خەلیفە سەرکۆنەی پیاوەکەی کرد لەسەر ئەوەی بەنهێنی کارەکەی کردووەو پێی وت دەبێت بە ئاشکرا بتکردبا، خانەوادەی ئەبو تالّیبی لە خۆ نزیك خستەوەو بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئیمامی عەلی لە خەودا بینیوە بەر لەوەی بێتە سەر تەختی خەلافەت و پێی وتوە: موعتەزید ئەم کاروبارە دەگات بە دەست تۆ، نەکەی ڕووبەڕووی نەوەکانم ببیەوەو ئازاریان بدەی، ئەویش پێی وتوە: گوێڕایەڵ و فەرمانبەردارم [1].

مەجلسی لە موحەممەدی کوڕی جەریری تەبەری گێڕاوەتەوە: کە

---

(1) المسعودي: مروج الذهب ٤/ ٩١.

موعتەزید کە لە دوای موعتەمد خەلافەتی گرتە دەست، سوربوو لەسەر بە نەفرەت کردنی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لەسەر دوانگەکان فەرمانی کرد کتێبێك لەو بارەوە بنوسرێت و بەسەر خەڵکیدا بخوێنرێتەوە(١).

موعەتزید لە هەوڵ و تەقەڵاکەیدا شکستی خوارد بۆ پوچەڵ کردنەوەی بزوتنەوەی قەرامیتەکان، موعتەزید هێزێکی ڕەوانەکرد بۆ جەنگ کردن لەگەڵ ناوبراوان بەڵام هێزەکە تێکشکا و فەرماندەکەیان بەدیل گیرا، جا قەرامیتەکان جارێك هێرشیان دەکردە سەر شاری بەسرە جارێکیش پەلاماری شاری بەغدادیان دەدا، جاری واش هەبوو پەلاماری حیجازیان دەدا. بانگەوازی خەلیفایەتی کرا بۆ سەرکردەکەیان (خاوەنی وشترەکە موحەممەدی باوکی عەبدوڵا) بە میری باوەڕداران ناوبرا، پاشان پەلاماری (شام)یان دا و لە ساڵی ٢٨٩ك زاڵبوو بەسەریدا، بەردەوام مەترسیان ببوە دێوەزمە بەسەر ناوچەکە تا لە ساڵی ٣١٧ك هەڵیانکوتایە سەر کەعبەی پیرۆز و بەردە ڕەشەکەیان دزی و هەزاران حاجیان کوشت، پاشان پەلاماری شاری بەسرەیاندا و شاری کوفەشیان داگیر کرد، موعتەزیدی خەلیفە ناچار بوو ڕێکەوتنیان لەگەڵ ببەستێت و ساڵانە (سەدو بیست هەزار دینار)یان بداتێ.

لە سەردەمی خەلیفەی منداڵدا (موقتەدیر بیللا)، دەوڵەتی عەباسی دووچاری فشارێکی گەلەك توند بووەوە لە دەرەوەو ناوەوە، لە ساڵی ٢٩٨ك ڕۆمەکان کەناری شام و شاری لازیقیەیان داگیر کرد، موحسینی کوڕی جەعفەری کوڕی عەلی هادی لە ساڵی ٣٠٠ك لە شاری دیمەشق دەرکەوت و ڕاپەڕی، بەڵام ناوبراو شکستی خواردو کوژرا.

(١) المجلسي: بحار الأنوار، الجلد الثامن من الطبعة الحجرية ٥٢٣.

لەو کاتەوە سەردەمی عەباسییەکان زاڵبوونی بوەیهییەکان شیعەکانی بەخۆیەوە بینی، کە دەستیان گرت بە سەر جومگەکانی دەسەڵات لە شاری بەغدادی پایتەختی دەوڵەتی عەباسی، تەنانەت خەلیفەشیان دادەنا و لەسەر کاریشیان لا دەبرد(١).

کەواتە، ئەو بارودۆخەی چ پێشتر چ پاشتر کە دەوری (پەنهان بوونەکە)ی دابوو هیچ پاساوێکی بۆ ترس و خۆپاراستن لە خۆ نەگرتبوو، تا وا لە ئیمامی حەسەنی عەسکەری بکات بەیەکجاری لە دایکبوونەکەی کوڕەکەی بشارێتەوە، شتێکی سەخت نەدەبوو بۆ موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری ئەگەر هەبووبا لێرەو لەوێ دەربکەوتبا. تەنانەت ئەگەر هەر لە سەرەتاشەوە خۆی وەك (مەهدی چاوەڕوانکراو) ئاشکرا بکردبا سەخت نەبوو بۆی پەنا بباتە بەر ناوچە و دەڤەرە دوورە دەستەکانی دەوڵەتی عەباسی و خۆی لە چیا و دارستانەکان حەشار بدات، بەرەنگاری دەوڵەتی لاوازی عەباسی ببایەوەو ئەو دەوڵەتەی دابمەزراندبا کە بەڵێنی لەبارەوە دراوە، ئەرکی خۆی وەك ئیمامی شیعە و موسڵمانان بەجێ گەیاندبا. شتێکی زانراوە کە حوکمڕانە بوەیهییەکان (کە شیعەن و باوەڕیان بە موحەممەدی مەهدی کوڕی حەسەنی عەسکەری هەیە) داوایان لە شێخ موفید کرد تا دەربکەوێت و حوکم بکات لە جێگای خەلیفەی عەباسی، هەروەك مەهدی فاتیمی دوای ئەوەی پەنهان بوو کەچی دەرکەوت و جڵەوی حوکمڕانی لە باکوری کیشوەری ئەفریقیا گرتە دەست، بەڵام موفید هیچ وەڵامێکی دەست نەکەوت، دوای پوچەڵ بوونی ئەو حیکایەت و چیرۆکەی گوایە مەهدی بۆ خۆپارێزی و ترسان لە کوژران خۆی پەنهان

(١) المسعودي: مروج الذهب ٢٧٧/٤.

کردووە.

## دەروازەی سێیەم

## چی لە نیشانەکانی دەرکەوتندایە؟

سەرباری نەبوونی پاساوێکی ڕاستەقینە بۆ پەنهان بوونی مەهدی، ئەوا ئەوانەی باوەڕیان بە تیۆری پەنهان بوون هەیە باس لەوە دەکەن کە دەسەڵاتی عەباسییەکان لێکۆڵینەوەیان کردووەو گەڕاون بەدوای ئیمامی مەهدی بەمەبەستی دەستبەسەر کردنی، باسی ئەوەش دەکەن کە مەهدی لە ماڵی باوکی دا لە شاری سامەڕا پایتەختی خەلافەت خۆی حەشارداوە بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەمەش پێچەوانەی فەلسەفەی گریمانەکراوی (ترس و خۆپارێزییە)، چونکە ئەگەر بوونی ئەو ڕاست بووبا ئەوا پێویست بوو لەسەری خۆی لە چنگی دەسەڵات دوور بگرێت لە دەڤەرە دوورە دەستەکانی دەوڵەتی عەباسی خۆی بشارێتەوە.

جا لەبەر ئەوەی (پەنهان بوون) تێکدەگیرێت لەگەڵ فەلسەفەی (ئیمامەت)، بەتایبەت بەو وێنە دوورو درێژە، چونکە سەرەتا بۆچوونەکان لەبارەی ماوەی پەنهان بونەکە دەخولانەوە لە نێوان شەش ڕۆژ یان شەش مانگ یاخود شەش ساڵ، دواتر گەشەی کرد بۆ سی ساڵ یان چل ساڵ یاخود سەدو بیست ساڵ، بەپێی ئاماژەکانی ئەو گێڕانەوانەی (تووسی) هێناویەتی[1].

ئەندێشە و پێشبینی نەدەکرا ماوەی پەنهان بوونەکە لە تەمەنی مرۆڤی ئاسایی درێژتر بێت، هەر لەبەر ئەمە شێخ صدوق بۆچوونی واقفییەکانی

---

(1) الطوسي: الغيبة ٧٦_٧٨.

ڕەتکردەوە کاتێك وتیان ئیمامی کازم پەنهان بووە، چونکە ماوەی دیار نەمانی ئیمامی ناوبراو لە سەدەی چوارەمی کۆچی لە تەمەنی ئاسایی تێپەڕی کرد، واتە: بەپێی وتەی واقفییەکان ئیمامی کازم ئەو کات دەبوایە تەمەنی سەد ساڵ بووبا.

بەهەر حاڵ، ئەو گێڕانەوانەی دەدوێن لەبارەی نیشانەکانی دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی، بەڵگەیەکی ترن لەسەر نا ڕاست و دروستی تیۆری مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری، چونکە گێڕانەوەکان لەبارەی چەند نیشانەیەك دەدوێن کە کاتی بەسەردا تێپەڕیوە، وەك دەرکەوتنی مەهدی دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوییەکان، تۆڵە سەندنەوە لە ئەمەوییەکان یان دەرکەوتنی لە سەردەمی عەباسی یاخود کۆتا هاتنی پەنهان بوونەکە لەکاتی ڕاجیایی کەوتنە ناو نەوەکانی عەباس یان کاتێك دەردەکەوێت کە ڕاجیایی و ململانێ دەکەوێتە نێوان بکوژانی (خاوەن دەروونی پاك)، هەروەك گێڕانەوەکانی توسی و نوعمانی و کلینی ئاماژەیان بەمە داوە.

گێڕانەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مەهدی شاری (قوستەنتینیە)[1] ڕزگار دەکات کە بۆ ماوەی چەندین چەرخ و سەدە موسڵمانان نەیانتوانیوە ڕزگاری بکەن، هەروەها دیلەم و سیند و هیند و کابل و خەرزیش ڕزگار دەکات. هەموو ئەو نیشانانە یان کارانە ئەنجام دران کەچی مەهدی چاوەڕوانکراو هەر دەرنەکەوت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نا دروستی گێڕانەوەکان یان پەیوەست بوونیان بەکەسانی ترەوە.

گێڕانەوەکان باس لە هەندێك نیشانە و دیاردە دەکەن کە

---

(1) شاری (قوستەنتینیە) پایتەختی بێزەنتینیەکان بوو، لە ساڵی ١٤٥٣ز لەسەر دەستەی سوڵتان (محمد فاتح) حەوتەم سوڵتانی عوسمانی ڕزگارکراو ناوەکەی گۆڕا بۆ (ئەستەمبۆڵ). (وەرگێڕ).

دەستەوەسانکەرن و تەنها لەکاتی ڕابوونی دواڕۆژ یان دوای تێکچوونی دونیا ڕوودەدەن، وەك: ڕاوەستانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان و هەڵاتنی لە خۆرئاواوە، درێژبوونەوەی ماوەی ڕۆژ بۆ ٢٤٠ کاتژمێر، دەرچوونی مردووان لە گۆڕەکانیان.

یان گێڕانەوەکان لەبارەی هەندێك کاری دەرئاسا تەکنیکی دەدوێت وەك: دووان لەگەڵ مەهدی و بینینی لە دوورەوە، هاوشێوەی ئامێری (پەخشی تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە)، جا ئەم ئامێرە لەم دواییانەدا هاتە کایە! بەڵام لەسەر دەستی مەهدی نا! کە ئەمەش وادەکات لە دوورەوە دوان و بینینی مەهدی نەبێتە کارێکی دەرئاسایی (مەهدی). دەرکەوتنی هەندێك نیشانە و دیاردەی نامۆ و سەیر کە تێکدەگیرێن لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی خودا لە بوونەوەردا، وەك: کەسێك هەزار کوڕی دەبێت بێ ئەوەی هیچ کچێکی ببێت، هەروەك موفید ئاماژەی پێداوە.

شایەنی باسە هەموو ئەو گێڕانەوانەی لەم بارەوە هاتوون زنجیرە (سەنەد)یان پچڕاوە یان لە کەسانی نەناسراو و زیادەڕۆچوو و هەڵبەستەرەوە گێڕدراونەتەوە، سەرباری ئەمەش بە دیاریکراوی باسی شوناسی مەهدی ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی پێدەکات، کە دەکرێت هەڵبەسترابن یان دروست کرابن لەلایەن بزوتنەوە سیاسیەکانی پێشوو لە سەدەکانی سەرەتای کۆچیدا، دواتر ئەم نیشانانە بەڵگەن لەسەر گەشەکردنی تیۆری (مەهدیبوون)، هەڵگرانی تیۆری مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری ئەم گێڕانانەوەیان لەسەر ناوبراو جێبەجێ کردووە.

## دەروازەی چوارەم

## ڕۆڵی زیادەڕۆچووە باتینییەکان

## لە دروستکردنی گریمانەی (مەهدیبوون)

دوای پوچەڵ دەرچوونی ئەو بەڵگە عەقڵی و نەقڵی و مێژووییانەی کە هەڵگرانی تیۆری (هەبوونی مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) و دەرکەوتنی ئەوەی کە ئەم تیۆرە تەنها (گریمانەیەکی کۆششی گومانداری نهێنی بووە) کە گریمانە کراوی کۆمەڵێك خەڵك بوو، پرسیارێکی سەرسوڕهێنەر خۆی دەخاتەڕوو: ئەویش ئەوەیە کێ لە پشتی ئەم بۆچوون و تیۆرە گریمان کراوە نامۆیەوە بوو؟... ئەم خەڵکە چۆن توانیان دایبهێنن؟ چ بەرژەوەندییەکیان لە داهێنانی ئەم تیۆرە نامۆیەدایە؟ کەش و هەوای ڕۆشنبیری و عەقڵی داهێنەرانی تیۆرەکە چی و چۆن بووە؟ بۆچی بەتایبەت ئەوان لەناو ئەو فرە هەڵبژاردنانەی ڕووبەڕووی شیعە دەبوونەوە لە سەردەمی سەرگەردانی ئەوەیان هەڵبژارد کە عەسکەری منداڵێکی هەیە؟ چۆن سەرکەوتوو بوون لە خستنەبازارو بازارگەرم کردنی تیۆرەکەیان؟.

ناکرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێنەوەو چارەسەرەکانیان بە وردی بزانرێن، تەنها پاش گەڕانەوە نەبێت بۆ دواوەو خوێندنەوەی مێژووی گشتی شیعە لە ماوەی سێ سەدەی سەرەتای کۆچی، ئاگاداربوون لە ڕەگ و ڕیشەی ئەو بزوتنەوە کۆنانەی بە ناوی مەهدیبوونەوە ئەنجامدراون و پەیوەندییان لەگەڵ تاقمە باتینییە زیادەڕۆچووەکان کە هەوڵیان دەدا خۆیان بە ئالوبەیتەوە (سڵاوی خوایان لێبێت) بنوسێنن.

## پەیوەندی نێوان زیادەڕۆچوون و مەهدیبوون لە ئەزموونەکانی پێشوودا

لە بەندی دووەمی ئەم بەشە سەرگوزەشتەی دروست بوونی نزیکەی بیست بزوتنەوەی مەهدیبوونمان خستەڕوو، زۆربەشیان لەدایکبووی بزوتنەوەی زیادەڕۆچوو بوون، بینیمان کە یەکەم تیۆری مەهدیبوون لە مێژووی شیعەدا لە دەوری ئیمامی میری باوەڕداران (سڵاوی خوای لێبێت) دەخولایەوە کە زیادەڕۆچووە سەبەئییەکان دایانهێنا، ناوبراوان ئەوەندە زیاڕەدەویان دەکرد لە کەسایەتی ئیمامی عەلی بەرزیان دەکردەوە بۆ پلەی پەروەردگارێتی و خوایی(١).

تیۆری دووەمی مەهدیبوون لە دەوری موحەممەدی کوڕی حەنیفە بوو، ئەو کیسانیانە دایانهێنا کە کاریگەربوون بە زیادەڕۆچووە سەبەئییەکان و لەناو کیسانیەکانیش بەتایبەت پێڕی کوربیە. پیاوێك لە کیسانییە زیادەڕۆچووەکان ناوی حەمزەی کوڕی عەماری بەربەری بوو و تیۆری مەهدیبوونی موحەممەدی کوڕی حەنیفەی گەشەپێدا، بانگەشەی خوایەتی موحەممەدی کوڕی حەنیفە و کوڕی کوربی کرد و خۆیشی وەك ئیمامێکی پەیوەست بە ئاسمانەوە ناساند(١).

پاشان ئەم بزوتنەوە زیادەڕۆچووانە گەشەیان کرد و بوون بە چەند تاقمێك، جا یەکێکیان بە تاقمی بەیانییەکان ناسراون، بەیانی هیندی سەرکردایەتی دەکرد، ئەم تاقمە دەیوت: باوکی هاشم عەبدوڵای کوڕی موحەممەدی کوڕی حەنیفە مەهدییە، تاقمەکە ئەوەندە زیادە ڕۆچوو لە باوکی هاشم دا تا وای لێهات بەیانی هیندی خۆی وەك پێغەمبەری باوکی هاشم

---

(١) النوبختي: فرق الشيعة ٢٢، الأشعري القمي: المقالات ٢٠.

ناساند[1].

بەشـێکی تـر لـە تـاقمی زیادەڕۆچـووە (کیسـانییەکان) کـە بـەناوی (جەناحییـەکان) ناسـراون وتیـان: تـاڵبی ڕاپـەڕیو عەبـدوڵای کـوڕی موعاویـەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەعفەری تەیار مەهدییە[2].

دەردی زیادەڕۆچـوون لـە کیسـانییەکانەوە گوێزرایـەوە بـۆ هەنـدێك لـە زەیدییـەکان، ئـەم زەیـدییان وتیـان (موحەممـەدی کـوڕی عەبـدوڵای کـوڕی حەسـەنی کـوڕی حەسـەن: خـاوەن دەروونـی پـاك) مەهدییـە، بەشـێك لـەو زەیدییانە وتیان: ناوبراو نەمردووە بەڵکو پەنهان بووە، هەمان زیادەڕۆچوون لە ناو ئەوانەدا بڵاوبووەوە کە لە نـاو کیسانییەکان بڵاوببوەوە، کاتێك پیاوێك بەناوی (موغەیرەی کوڕی سەعید) هەڵسا بە گەشەسەندنی تیۆری مەهدیبوون و بانگەشـەی ئیمامـەتی بـۆ خـۆی کـرد لـە ژێـر چـەتری پـەنهان بـوونی (موحەممەدی خاوەن دەروونی پاك)، دواتر زیاتر پـەرەی بـەم بانگـەوازەی دا و بانگەشەی کرد کە ئەو پێغەمبەرو پەیامبەرەو جبریل سروشی لەلایـەن خـواوە بۆ دێنێت، هەروەك نوبەختی و ئەشعەری قومی ئاماژەیان پێداوە[3].

دوای ئەمـــە ڕۆح و گیـــانی زیادەڕۆچـــوون تەشـــەنەی کـــرد و لـــە (موغەیرییەکان)ەوە گوێزرایەوە بـۆ (خەتابییـەکان)، هاوەڵـانی (بـاوکی خـەتاب موحەممەدی کوڕی ئەبو زەینەبی ئەجدەع)، نـاوبراوان بـەخراپی زیـاد ڕۆچـوو بـوون لـە ئیمـامی صـادق دا و بـە خوایـان دادەنـا، تەنانـەت وتیـان: ئیسماعیلی

---

(١) النوبختي: فرق الشيعة ٢٧، الأشعري القمي: المقالات ٣٣.

(٢) النوبختي: فرق الشيعة ٢٩ و٣١ و٣٤، الأشعري القمي: المقالات ٣٤ و٣٧.

(٣) النوبختي: فرق الشيعة ٣٥، الأشعري القمي: المقالات ٤٤.

(٤) النوبختي: فرق الشيعة ٦٣، الأشعري القمي: المقالات ٧٧.

کوڕی جەعفەری صادق ئیمامە و لەماوەی ژیانی باوکیدا نەمردووە، بەڵکو مەهدییە و پەنهان بووە[1].

لە نزیك کەش و هەوای زیادەڕۆچوونی تا ژێرو تا ژێبێژانە، تاقمێکی تر لە شیعەی ئیمامییە فەتحییەکان وتیان (موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای ئەفتەحی کوڕی جەعفەری صادق) مەهدییە، ئەم بانگەشەیە لەو سەردەمدا لە هەموو بۆچوونەکانی تر لە مەهدیبوون نزیکتر بوو، بەشێوەیەك ئەم تاقمە (مەهدیبوون)یان دایە پاڵ کەسێکی خەیاڵی و نەبوو، ئەمەش لە دەرەنجامی ڕۆیشتن بە فەیرانێکی تیۆری دوای مردنی (ئیمام عەبوڵای ئەفتەح) بێ ئەوەی منداڵێکی جێگرەوە بەجێ بێڵێت بۆ گرتنە ئەستۆی ئیمامەت، چونکە ئەوان باوەڕیان وابوو پێویستە ئیمامەت لە پشتاو پشتەوەو نەوە بۆ نەوە بەردەوام بێت تا ڕۆژی دوایی، دروست نییە دوو برا لە ئیمامەتدا بەیەکەوە کۆبکرێنەوە[1].

سەرەتا دانان بە بوونی (موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای ئەفتەح) تەنها گریمانەیەکی فەلسەفی بوو، بەڵام دوای ئەمە هەڵسان بە چنینی کۆمەڵێك سەرگوزەشتە و چیرۆکی ئەفسانەیی لەبارەی چاوپێکەوتن و بینینی ناوبراو لێرەو لەوێ، هەندێك شتی دەرئاسای غەیبیان هەڵبەست تا وەك بەڵگە لەسەر بوونی ناوبراو بخەنەڕوو.

لە پاڵ ئەمانە و ئەوانی تریش... تاقمێکی تر لەو شیعە ئیمامییانەی کاریگەر ببون بە زیادەڕۆچووان ئەوانیش (واقفییەکان) بوون، دەیانوت: ئیمام (موسای کازم "سڵاوی خوای لێبێت") مەهدییە و پەنهان بووەو ژیانی تا

---

(1) النوبختي: فرق الشيعة ٦٨_٦٩، الأشعري القمي: المقالات ٨١.

کاتێکی چاوەڕوان نەکراو بەردەوام دەبێت. هەندێکیان باوەڕیان وابوو ئیمامی کازم مردووەو پاشان زیندوو بووەتەوەو لە یەکێك لە ناوچە نهێنییەکان ونبووە[٢].

هەروەك چۆن لەناو هەردوو تاقمی شیعه (کیسانییەکان) و (زەیدییەکان) هەندێك سەرکردە بیرەی (مەهدیبوون)یان قۆستەوەو بەم هۆیەوە بانگەشەی ئیمامەت یان پێغەمبەرایەتیان کرد، ئەوا لە ناوی تاقمی واقفییەکانیش پیاوێك دەرکەوت ناوی موحەممەدی کوڕی بیشری کوفی بوو بانگەشەی جێگرایەتی و (نوێنەرایەتی تایبەت)ی ئیمامی کازمی (پەنهانی) دەکرد، گوایە لە پەنهان بوونەکەدا بە ئیمامی ناوبراو گەیشتووە. ئەم بانگەشە بۆ دەستخستنی بەرژەوەندی و سوودی ماددی و پارەو سیاسی مەزن بوو، دواتر جێگرایەتیەکەی گواستەوە بۆ کوڕەکەی سمیع و لە دوای سەمیعیش بۆ ئەو کەسەی ناوبراو وەسیەتی جێگرایەتی بۆ دەکات. وتی: (ئەوە ئەو ئیمامەیە کە پێویستە لەسەر ئوممەت گوێڕایەڵی بێت تا کاتی دەرکەوتنی موسای کازم، پێویست خەڵکی ئەو پارەیە بە ئیمام بدەن کە لەسەریان پێویستە تا لە خودا نزك ببنەوە تا دەرکەوتنی مەهدی)[٣].

هەروەها (نوبەختی) و (ئەشعەری) دەڵێن: (موحەممەدی کوڕی بیشر) زۆر زیادەڕۆچوو بوو و باوەڕی بە گەڕانەوەی ڕۆح لە لاشەیەکی تردا (تناسخ) هەبوو، باوەڕی بە ڕاسپاردن (تفویض)[٤] و بەڕەڵایی هەبوو[١].

---

١) الأشعري القمي: المقالات ٨٨.

٢) النوبختي: فرق الشيعة ٨٠، الأشعري القمي: المقالات ٩٠.

٣) النوبختي: فرق الشيعة ٨٣_٨٤، الأشعري القمي: المقالات ٩١.

٤) واتە: خودا ئەرکی بەدیهێنانی شتەکانی داوەتە دەست پێغەمبەر محمد و دواتر ئەویش

## ڕاڤە و شرۆڤەی شاراوەگەرا (باتینی)

لە پاڵ داننان بە مەهدیبوون و زیادەڕۆچوون لە ئیمامەکاندا، کە سروشتی کۆمەڵێك لە شوێنکەوتووانی بزوتنەوە پان و پۆڕەکەی شیعە بوو، ئەوا ڕاڤە و شرۆڤەی باتینیش پەسەند دەکرا. لە ڕاستیدا زۆربەی ئەم بۆچوون و بیرۆچکە پوچەڵانە دانەدەمەزران تەنها بەو ڕاڤە و شرۆڤە باتینیانە نەبووبا کە ڕووداو و وتەکان سەراوژێر دەکات، جا شرۆڤەی باتینی دانی نەدەنا بە ڕاستییە دیارە مێژووییەکان یان ڕووداوان و کەسانێکی هەڵدەبەستی کە بوونیان نییە، وەك: ڕەتکردنەوەی مردنی ئیمامی عەلی میری باوەڕداران، مردنی موحەممەدی کوڕی حەنیفە، مردنی باوکی هاشمی کوڕی موحەممەد، مردنی موحەممەدی خاوەن دەروونی پاك، مردنی جەعفەری صادق، مردنی ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری صادق، مردنی ئیمامی کازم، هەڵبەستنی ئەوەی عەبدوڵای ئەفتەح منداڵێکی هەیە، کەچی ئەفتەح مرد بێ ئەوەی منداڵێکی دیاری هەبێت، بانگەشەکردن بۆ ئەوە ئەفتەح کوڕێکی بەنهێنی هەیە و وەك خۆپارێزی ئاشکرای نەکردووە.

خەتابییەکان کە شوێنکەوتووی موحەممەدی کوڕی ئەبو زەینەبی ئەجدەعن واتای زیادەڕچووی خراپیان دەدایە پاڵ ئیمامی صادق و دەیانوت ئەو خوایە، کۆمەڵێك لە خەتابییەکان بەمەبەستی حەج کردن چوونە کەعبەی ماڵی خودا و دەنگیان بەرز کردەوە بە وتنی ئەم ڕستەیە: (لبيك يا جعفر لبيك: بەدڵنیایی وەڵامی بانگهێشتەکەی تۆمان دایەوە جەعفەر) ئیمامی

---

ڕادەستی عەلی کردووە. (وەرگێڕ).

(١) دوو سەرچاوەکەی پێشوو.

صادق بەم وتەیەی ئەوان شڵەژا و سەری خستە سەر زەوی و سوژدەی بۆ خـودا برد، زۆر بەتووندی وتەی ئەوانی بە ناپەسەند و دزێو دانا و (باوکی خەتاب)ی بـە نـەفرەت کـرد، هاوەڵـانی بـاوکی خـەتاب چـوونەوە لای نـاوبراو و پێیـان ڕاگەیاند ئیمامی صادق ئەوی بە نەفرەت کردووە، ئەو وڵامی هاوەڵانی دایـەوە بەوەی ئیمام خودی ئەو بە نەفرەت ناکات بەڵکو کەسێکی تـر بـە هـەمان نـاوی ئەو کە لە شاری بەصرە کار دەکات بە نەفرەت دەکات، خۆیشی لـە شـاری کوفـە دادەنیشت. هاوەڵانی بـاوکی خـەتاب هاتنـەوە شـاری مەدینـە و وتەکـەی بـاوکی خەتابی کوفییان بە ئیمامی صادق ڕاگەیاند، جا ئیمامی صـادق بـاوکی خـەتابی دیاریکرد بە ناو نازناو و شوێن و سەرجەم خەسڵەتە تایبەتییەکان، دووبارە بە نەفرەتی کرد و خۆی بـەری کـرد لـە وتەکـەی. کاتێـك هاوەڵـانی بـاوکی خـەتاب دووبـارە ئـەم هەڵویسـتەی ئیمـامی صـادقیان پێڕاگەیانـد ئـەوا نـاوبراو هـەر سـوربوو لەسـەر لایـەنگیری شـیعە و ئیمـامی صـادق، بـە نهێنـی وتـە و بۆچوونەکانی هەر دەدایە پـاڵ ئیمـامی نـاوبراو، هـەروەها وتـی: ئیمـام کـە بـەو شـێوە وردو ئاشـکرایە ئـەوی بـە نـەفرەت کـردووە تـەنها بـۆ ئـەوە بـووە کـە پشتیوانانی تر لە دەرەنجامی بۆچوونی خوایەتی صادق پەرت نەبن، وەك چۆن خدر کەشتییەکەی لەکەدارو بریندار کرد تا بیپارێزێت لە دەستبەسـەراگرتن و داگیرکران، باوکی خـەتاب دواتـر ئـەم ئایـەتی خوێنـدەوە: ﴿ أَمَّا ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتۡ لِمَسَٰكِينَ يَعۡمَلُونَ فِي ٱلۡبَحۡرِ فَأَرَدتُّ أَنۡ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٞ يَأۡخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصۡبٗا ﴿٧٩﴾ ﴾ الكهـف: ٧٩. واتـە: (ئـەو کەشـتیەی عەیبـدار کـرد چـەند هـەژارێك خاوەنی بوون لە دەریادا کاریان دەکرد، جا منیش ویستم عەیبـداری بکـەم، لـە کاتێکدا لـەو نـاوەدا پاشـایەك هـەبوو کـە هـەموو کەشـتییەکی "چـاك و ڕێـك و

پێکی") داگیر دەکرد[١].

باتینییـــەکان زۆر ڕاو بۆچـــوونیان بـــەنهێنی دەدایـــە پـــاڵ ئیمامـــەکانی ئالوبەیت، کە پێچەوانە بوو لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی ئالوبەیت ئاشکرایان دەکـر و لە بەردەم خەڵکی دەیانخستەڕوو، جا ئەو بۆچوونانەی دەدرانە پاڵ ئالوبەیت دژ و پێچەوانە بوون لەگـەڵ هەڵوێستە ڕاستەقینەکانیان، هـەر کـە ئیمامـەکان ئەم بۆچوونە پـڕو پـوچ و نامۆیانـەیان ڕەتـدەکردەوەو دژایـەتیان دەکـرد، ئـەوا باتینییـەکان دەسـتیان دەگـرت بـە چـەند بۆچـوونێکەوەو هەڵدەسـتان بـە ڕاڤـە کردنـــی ڕەتکـــردەوەی ئـــەم بۆچـــوونانە لەلایـــەن ئیمامەکانـــەوە بـــەوەی بـــۆ خۆپارێزی و ترسانی ئیمامەکان لە ڕاگـەیانی ڕاسـتی و قسـە کـردن لەسـەر ئـەو شتانەی کە خەڵکی ناتوانن لێی تێبگەن!.

بـەبێ لەبەرچـاو گـرتن و تـاوتوێ کردنـی ئـەو بانگەشـەیە کـە (توقیـە و خۆپارێز)ی دەداتە پاڵ ئالوبەیت، بەو وێنەیەی کە خۆپارێزییەکە پێچـەوانەی ئەمینـــداری دەربـــڕین و پاراســـتنی پەیامـــە، ئـــەوا باتینییـــەکان لـــە ســـەرجەم سەردەمەکاندا توانیان ڕۆڵێکی گەورە لە مێـژووی شیعەکاندا بگێـڕن و خـەڵك لابدەن لەسەر هێڵ و ڕێگەی ئالوبـەیت، تـا (ئیمـام حەسـەنی عەسـكەری) هـات، ناوبراو مرد بێ ئەوەی منداڵێکی دیارو ئاشکرای لە پـاش بـەجێ بمبێـت، پـارەو سامانەکەی بە دایکی سپارد کـە نـاوی حـەدیس بـوو، عەسـکەری قسـەی لەسـەر ئـەوە نـەکرد کـە منـداڵێکی لـە پـاش بـەجێ مابێـت. سـەرجەم موسـڵمانان و زۆربـەی شـیعەکان ئـەم ڕاسـتییەیان پەسـەند کـرد و وتیـان (جەعفـەری کـوڕی عەلی هادی) ئیمامـە یـان وتیـان ئیمامـەت پچـڕا یـاخود شـورا بنەمایـە... بـەڵام

---

(١) الأشعري القمي: المقالت والفرق ٥١.

هەندێك لە زیادەڕۆچووە باتینییەكان ملكەچی ئەم ڕاستییە دیارو ئاشكرایە نەبوون، سوربوون لەسەر هەڵبەستنی چیرۆكێكی نهێنی لەبارەی ئەوەی حەسەنی عەسكەری منداڵێكی هەیە بەڵام لە ترسی كوشتن و بۆ پاراستنی ئاشكرای نەكردووە. هەندێكی تر لەو زیادەڕۆچووە باتینیانە لە داننان بە ئیمامەتی عەسكەری پاشگەز بوونەوەو بانگەشەی مەهدیبوونی موحەممەدی كوڕی عەلی هادیان كرد، بەڵام ناوبراو هەر لە ژیانی باوكیدا مرد، بەڵام زیادەڕۆچووەكان دانیان بەم ڕاستیەدا نەنا، بەڵكو سوربوون لەسەر بانگەشەكردنی شاردرانەوەو بەردەوامی ژیانی تا ڕۆژی دەركەوتنی، وەك چۆن بەشێك لە ئیسماعیلییەكان دانیان بە مردنی ئیسماعیلی كوڕی جەعفەری صادقدا نەنا، پرۆسەی بەخاك سپێررانی ئیسماعیل لەلایەن ئیمامی صادقیان ڕاڤە كرد بەوەی تەنها نواندن و شانۆكاری بووەو هیچی تر!.

شێخەكانی تاقمی دوازدە ئیمامی وەك: شێخ موفید و مورتەزا و توسی ڕێبازی تاقمە شیعە باتینییەكانی تریان ڕەتكردەوە، كە دانیان نەدەنا بە مردنی ئەمانە: ئیمامی عەلی، مردنی موحەممەدی كوڕی حەنەفیەی كوڕی عەلی، باوكی هاشمی كوڕی موحەممەدی حەنەفیە، ئیمامی صادق، ئیسماعیلی كوڕی ئیمام صادق، ئیمام موسای كازم، ئیمامی عەسكەری، موحەممەدی برای عەسكەری، چونكە داننان بە مردنی ناوبراوان پێچەوانە تێگەیشتنە باتینییەكەی ئەوان بوو، چونكە ناوبراوان لە دیدی باتینییەكان بەڵگەی خودا بوون بەسەر خەڵكییەوە. سەرجەم ئەوانەی دەڵێن ئیمام موحەممەدی كوڕی حەسەنی عەسكەری هەیە ڕێبازی باتینییان گرتۆتەبەر، چونكە دان بەوەدا دەنێن كە ئیمامی عەسكەری ڕای نەگەیاندووە كە (منداڵێكی) هەیە و عەسكەر بەر لە مردنی وەسیەتی بۆ دایكی خۆی كردووە، ئەمەش بە توقیە و

خۆپارێزی ڕاڤە دەکەن. بە بێ لەبەرچاوگرتنی تاوتوێ کردنی ئەم بانگەشە و جەخت کردنەوە لە ڕاستی ئەو بارودۆخەی دەوری مردنی ئیمامی عەسکەری دابوو، جا وتنی ئەوەی گوایە ئیمامی عەسکەری منداڵێکی بە نهێنی هەیە، ئەمە وتە و بۆچوونێکی باتینی و نهێنی و پێچەوانەی حاڵەتی ئاشکرایە.

هەروەها بینیمان: کە زۆربەی ئەو گێڕانەوانەی دەدوێن لەبارەی لە دایکبوون و بینرانی مەهدی لە ماوەی ژیانی باوکیدا واتای زیادەڕۆچی ناپەسەند و غەیبزانین و شتەکانی لەم جۆرەیان تێدایە، ئەم شتانە تەنها بۆچوونی کەسانی زیادەڕۆچووە توونـدەڕەوەکانن، پێویستە لەسەرمان کەمێك بوەستین لەسەر بزوتنەوەی زیادەڕۆچووی نەمیرییەکان کە لەبارەی ئیمامی عەلی کوڕی موحەممەدی هادی لەسەر دەستی موحەممەدی کوڕی نەصیری نەمیری دروست بوو، نەمیری یەکێك بوو لە سەرکردەکانی شیعە لەشاری بەصرە. نەمیری ئیمامی هادی بەرزکردەوە بۆ پلەی خوایەتی، بانگەشەی ئەوەشی بۆ خۆی کرد کە پێغەمبەرو پەیامبەری ئیمامی هادییە، نەمیری باوەڕی بە گەڕانەوەی ڕۆح لە لاشەکی تردا (تناسخ) هەبوو [1].

جا (نەمیری) زیادەڕۆچوو لە دوای مردنی (ئیمامی هادی)، لە دەوری (حەسەنی عەسکەری کوڕی هادی) کۆبووەوە، لە دوای مردنی (عەسکەری) ئەوا (نەمیری) یەکێك بوو لە دیارترین ئەو کەسانەی بانگەشەی ئەوەی دەکرد عەسکەری منداڵێکی بەنهێنی هەیە بەناوی (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری)، (نەمیری) بانگەشەی ئەوەشی کرد کە بریکارو نوێنەری تایبەتی

---

(1) الأشعري القمي: المقالات والفرق ٥٨ .حلي: الخلاصة ٢٧٣، والشيخ الأقدم ابن أبي ثلج البغدادي: تأريخ الأئمة ٢٠، الطوسي: الغيبة ٢٤٤، الأشعري القمي: المقالات والفرق ١٠١، المجلسي: بحار الأنوار ٣٦٧/٥١.

مەهدییە، دواتر بانگەشەی ئەوەی کرد کە خۆی پێغەمبەرەو لە دوای خۆی وەك میرات بۆ هەندێك لە هاوەڵانی بەجێهێشت.

لە پاڵ تاقمی (نەمیرییەکان) لەو کاتدا تاقمێکی تری زیادەڕۆچوو لە ناو ڕیزەکانی شیعە ئیمامییەکاندا هەبوو، ئەویش: (موخەمەسەکان) بوون، هەروەك سەعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری قومی دەڵێت باوەڕیان وابوو: خودای مەزن موحەممەدە، خودای مەزن لە وێنەی پێنج کەسدا دەرکەوتووە... کە وێنەی ئەوانەیە: (موحەممەد، عەلی، فاتیمە، حەسەن و حوسەین)، چوار لەم پێنج وێنانە کە دەپۆشرێن و تێکەڵ دەبن هیچ ڕوویێکی ڕاستەقینەیان نییە، بەڵکو واتای ئەم وێنانە تەنها خودی کەسایەتی موحەممەدە، چونکە یەکەم کەس بووە دەرکەوتووە و دواوە، موحەممەد بە خودی خۆی لە ناو بەدیهێنراوەکانی ئامادەیە و هەیە و لە هەر وێنەیەکدا بیەوێت دەردەکەوێت، خۆی بۆ بەدیهێنراوەکانی لە وێنە جیاوازەکانی نێرو مێ و پیرو گەنج و بەساڵاچوو و منداڵاندا دەردەخات، هەندێك کات بە باوك دەردەکەوێت و هەندێك کات بە منداڵ، کەچی نە باوکە و نە لە دایکبووە، تەنانەت لە مێرد و ژنەکەشیدا دەردەکەوێت، بۆیە موحەممەد خۆی بە سروشتی مرۆیی دەرخستووە تا بەدیهێنراوەکانی هۆگری ببن و لەلایان نامۆ و ناپەسەند نەبێت.

(موحەممەد: ئادەم و نوح و ئیبڕاهیم و موسا و عیسا بووە، لە عەرەب و جگە لە عەرەبدا دەرکەوتووە... لە هەموو قۆناغ و بارێکدا خۆی بۆ بەدیهێنراوەکانی دەرخستووە، خۆی بە نوورانی پیشیانی ئەوان داوە، داوای لە بەدیهێنراوەکانی کرد باوەڕ بێنن بە یەکتایی ئەو بەڵام ڕەتیان کردەوە، جا لە شێوەی پێغەمبەردا خۆی بۆ بەدیهێنراوەکانی دەرخست کەچی هەر نکۆڵیان

لێکرد، جا لە شێوەی ئیمامەت خۆی بۆ ئەوان دەرخست ڕاستەوخۆ پەسەندیان کرد، موحەممەد ڕووکەشە خواییەکەی ئیمامەتە و ناوەڕۆکیشی هەر خوایە کە تەنها ئەو کەسانە پەیی پێ دەبەن کە بەنوور لە ڕیزی کەسانی تایبەت بن، ئەگەر کەسەکە لە پلەی نوورانی نەبێت و لە پلەی مرۆیی گۆشتی و خوێنی بێت ئەوا تەنها پەیی دەبات بە ڕووکەشی خوایی موحەممەد کە ئیمامەتە... ئەگەر کەسەکە یەکێك بوو لە کەسانی پێشین وەك: باوکی خەتاب، بەیان، صائد، موغەیرە، حەمزە، بەزیغ، سیری، موحەممەدی کوڕ بەشیرو هاووێنەی ئەمانە پێغەمبەری دەرگانەی موحەممەدی خودان تەنها ناو و جەستەیان گۆڕاوە، واتاکان هەر یەکن، ئەویش[١] بریتییە لە سەلمان و بریتییە لە دەرگای پێغەمبەر، موحەممەد لە هەر وێنەیەك دەربکەوێت ئەویش لەگەڵیدا دەردەکەوێت، ئەو پێغەمبەری موحەممەدە و پەیوەستە بەوەوە، موحەممەدیش پەروەردگارە)[٢].

ئەشعەری قومی دەڵێت: (ئەوانە "نەفرەتی خوایان لێبێت لە ڕووکەشدا بانگەشەی شیعایەتیان دەکرد و لە دەروونیشدا ئاگری بیروباوەڕی ئاگرپەرستی هەڵگیرسابوو، گومانیان وابوو سەلمان (ڕەحمەتی خوای لێبێت) پێغەمبەرە، موحەممەدیش بانگخوازی ئەوە، هەروەها سەلمان بۆ شوێنکەوتووی هەر ئایینێك خۆی دەردەخات. بۆچوونیان سەبارەت بە هەموو شتێکی بۆچوونی ئاگرپەرستەکانە). هیچ گومانی لەوەدا نییە کە لەو کاتدا شیعەکانی ناوچەی

---

(١) الأشعري القمي: المقالات والفرق ٥٨.

(٢) پێم وابێت مەبەستی لە (باوکی خەتاب) و هاووێنەکانیەتی. هەروەك پێشتر وتویەتی پێغەمبەرن، پێشم وابێت بۆیە ڕاناوی تاکی بەکارهێناوە، چونکە دەڵێت هەموو ئەو کەسانە یەك مانایان هەیە. (وەرگێڕ).

کەرخ لە تاقمی (موخمیسەکان) بوون. هەروەك شێخ توسی ئاماژەی پێداوە[1].

شێخی ئەو کاتی شیعە لە ناوچەی کەرخ بریتی بوو لە ئەحمەدی کوڕی هیلالی عەبرتائی کە یەکێکە لە زیادەڕۆچووە هەرە مەزنەکان _(حوسەینی کوڕی ڕۆحی نوبەختی: نوێنەری سێیەم) ڕێنووسێکی دەرخست کە بە توندی بە نەفرەتی دەکات و خۆشی بەری دەکات لەو کەسەی بەنەفرەتی نەکات _ جەمسەرێکی سەرەکی بوو لە پرۆسەی هەڵبەستنی ئەو تیۆرەی کە دەڵێت ئیمام حەسەنی عەسکەری منداڵێکی نهێنی و شاراوەی هەیە، یەکێك بوو لە یارمەتیدەرە هەرە نزیکەکانی (عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری: نوێنەری یەکەم)، عەبرتائی پشتی عوسمانی ناوبراوی گرت لەو بانگەشەیەی بەناوی (بریکارێتی مەهدی) کردی، بەڵام عەبرتائی دوای عوسمان تێکگیرا لەگەڵ (موحەممەدی کوڕی عوسمان: نوێنەری دووەم) لە دەرەنجامدا بانگەشەی نوێنەرایەتی بۆ خۆی کرد.

لە پاڵ (نەمیرییەکان) و (موخەمیسەکان)ی زیادەڕۆچوو، تاقمێکی تری زیادەڕۆچوو لە ناو ڕیزەکانی شیعەکاندا هەبوو کە بریتی بوون لە (موفەویزەکان)، ناوبراوان باوەڕیان وابوو: (خودا تەنها یەك کەسی کاملی بێ کەم و زیاد دروست کردووە، کاری بەدیهێنا و بەڕێوەبردنی بوونەوەری پێ سپاردووە، ئەویش "موحەممەد، عەلی، فاتیمە، حەسەن، حوسەین و سەرجەم ئیمامەکانن" هەموویان یەك واتان و پێکهێنەری یەك مانان، تەنها لە ژمارەدا جیان، ئەو تاکە کامڵ و تەواوە _ واتە: موحەممەد _ ئاسمانەکان و زەوی چیاکان و مرۆڤ جنۆکە و جیهان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە دروست

---

(1) الأشعري القمي: ٦٢، الطوسي: الغيبة ٢٥٦.

کردووە)[1].

ئـەم (موفەویزانـە) لـە دوای کۆچـی دوایـی ئیمـام (حەسـەنی عەسـکەری) ناچار بـوون ئـەو گریمانەیـە بچـنن کـە نـاوبراو منـداڵێکی بـە نهێنـی هەیـە، تـا تیـۆری (تـاکی کامـڵ) بـەردەوام بێـت کـە بوونـەوەر بـە ڕێوەدەبـات و کـاری بـەدیهێنان و ڕزق و ڕۆزی دەبەخشـێت... بـەڵام سـەرجەم شـیعەکان باوەڕیـان نەبوو بە بۆچوونە زیادەڕۆچووەکانی (موفەویزەکان) هەندێك مشتومڕ ڕوویدا لـە نێـوان (شـیعەکان بەگشـتی) و (موفـەویزە شـیعەکان) و پـەنایان بـۆ (موحەممەدی کوڕی عوسمانی عومری) بـرد تـا داوەریـان بـۆ بکـات، بەوپێیـەی نوێنەری مەهدی خاوەن سەردەمە، داوایان لێکـرد مشـتومڕەکە یـەکلا بکاتـەوە، ئەویش بۆ ئەم مەبەستە ڕێنووسێکی دەرخست کە تیۆری (ڕاسپاردن: تەفویزی تەواو)ی ڕەت دەکردەوە، بەڵام جەختیشی دەکـردەوە لەسـەر ئـەوەی ئیمامـەکان ئەگەر داوا لە خـودا بکـەن شـتێك بـەدی بهێنێـت ئـەوا بـەدی دەهێنێـت یـاخود داوای ڕۆزی بەخشـین بکـات ئـەوا ڕۆزی دەبەخشـێت[2]. لـە واقیعـدا وەڵامەکـەی موحەممـەدی عـومری بـەتاڵ نـەبوو لـە تیـۆری ڕاسـپاردن بـەڵکو تـەنها پلـەی ڕاسپاردنەکەی کـەم کـردەوە، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە تیـۆری (ڕاسـپاردنی تـەواو) و تیـۆری بـوونی (موحەممـەدی کـوڕی حەسـەن) پەیوەنـدی هەیـە بـە زیادەڕۆچووانەوە.

لـە کـاتی دووان لەسـەر ڕاجیـایی شـیعە لـەو سـەردەمدا لـەبارەی بابـەتی ڕاسپاردن (تفویض)[3]، ئەوا حوسـەینی کـوڕی ڕۆحـی نوبـەختی جـەخت لەسـەر

---

(1) الأشعري القمي: المقالات والفرق ٦١.

(2) الطوسي: الغيبة ١٧٨.

(3) واتـە: خـودا ئـەرکی بـەدیهێنانی شـتەکانی داوەتـە دەسـت پێغەمبـەر محمـد و دواتـر ئـەویش

ئەمە دەکاتەوە، دوای ئەوەی ناوبراو چووەتە لای (باومی تاهیری کوری بیلال: یەکێك لە جەمسەرو سەرکردەکانی تیۆری مەهدیبوون) و مشتومڕی لەگەڵ کردووە لەبارەی بابەتی ناوبراو، دواتر فەرموودەیەکی دەرهێناوە کە لە باوکی عەبدوڵاوە "سڵاوی خوای لێبێت" هاتووەو دەڵێت: (خوای گەورە ئەگەر بیەوێت کارێك بکات ئەوا سەرەتا بۆ پێغەمبەری خودا و دواتر بۆ میری باوەڕداران پاشان بۆ یەکە یەکەی ئیمامەکان دەخاتەڕوو و پرسیان پێدەکات... تا دەگاتە مەهدی خاوەن سەردەم، دوای ئەمە فەرمانەکە دەردەچێت بۆ دونیا و بواری جێبەجێ کردن. ئەگەر فریشتەکان بیانەوێت تۆماری کارێك بۆ لای خودای بێ وێنە بەرز بکەنەوە سەرەتا تۆمارەکە پیشانی مەهدی و دواتر پیشانی یەکە یەکەی ئیمامەکان دەدرێت تا دەگاتە پێغەمبەر، ئینجا پیشانی خودای زانا و خاوەن توانا دەدرێت، هەر شتێك لەلایەن خواوە داببەزێت، ئەوا لەسەر دەستی ئیمامەکانە، هەر شتێکیش لەلایەن خودا بەرز ببێتەوە بەهەمان شێوە لەسەر دەستی ئیمامەکانە، بەڵام ئیمامەکانی بە ئەندازەی یەك چاوتروکان بێ نیاز نابن لە خودای گەورە)(١). ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە ئیمامەکان لەگەڵ خودا بەشدارن لە بەڕێوەبردنی بوونەوەردا، ئەمەش جۆرێکە لە ڕاسپاردنی ناتەواو نا کامڵ.

موحەممەدی کوڕی حەسەنی صەفاری قومی، کە هاوچەرخی سەردەمی سەرگەردانی بوو، یەکێك بوو لە جەمسەرەکانی (تیۆری مەهدیبوونی دوازدە ئیمامی)، باوەڕ بە جۆرێك لە ڕاسپاردن هەبوو بۆ ئیمامەکان لە یاسادانان و کارگێڕی و بەڕێوەربردنی ژیانیاندا، (قومی) دەڵێت: (لە کتێبێکی کۆن و

---

ڕادەستی عەلی کردووە. (وەرگێڕ).

(١) النوبختي: فرق الشيعة ٢٣٨.

دەگمەنی "موحەممەدی کوڕ سنان"م بینی، وتویەتی: باوکی عەبدوڵا دەڵێت: سوێند بەخوا، خوای مەزن جگە لە پێغەمبەرو ئیمامەکان ئەرکی ڕاسپاردنی بەکەسی تر نەداوە، ئەم ئایەتەی خوێندەوە:﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ ﴾ النساء: ١٠٥. واتە:"بەڕاستی ئێمە قورئانمان بۆ لای تۆ دابەزاندۆتە خوارەوە، سەرتاپای حەق و ڕاستییە، بۆ ئەوەی دادوەری بکەیت لە نێوان خەڵکیدا بەو شێوەیەی کە خوا نیشانی داویت و ڕێنمووی کردیت". ئەم ئەرکە لەڕێی ئیمامەکانەوە بەردەوام دەبێت)[1].

شتێکی ڕوونە کە ئەم تیۆرە پلەیەکی زیادەڕۆچوونی تێدایە، ئەگەر زیادەڕچوونەکەشی نەگاتە ئاستی دانان بەوەی ئیمامەکان ڕاسپێردراون بە ئەرکی بەدیهێنان و ڕزق و ڕۆزی دان و بەڕێوەبردنی بوونەوەر. صەفار گەلەك زیادە ڕۆچووبوو لە ئیمامەکاندا، کتێبەکەیشی (بصائر الدرجات) گەواهیدەرە لەسەر ئەمە، بەوەی پڕە لەو بۆچوون و بیرانەی کە ئەمڕۆ لەلایەن شیعە پەسەند نین و ڕەتکراوەن.

هەندێك لەو شیعانەی خەڵکی وڵاتی نیسابور بوون گەلەك زیادەڕۆچوو بوون و باوەڕیان بە پلەیەکی بەرزی ڕاسپاردن (تفویض) هەبوو، هەروەك کوشی لە ژیاننامەی فەزڵی کوڕی شازان ئاماژەی پێدەکات. بەشێوەیەکی گشتی زیادەڕۆچوون بە قوتابخانە و مەزهەبە جیاوازەکانی لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی کۆچی لە ناو ڕیزەکانی شیعەدا بڵاودەبووەوەو تەشەنەی دەکرد، هەروەك سەید هیبەتوڵای شەهرستانی لەو پێشەکیەی بۆ کتێبی شێخ مفید (أوائل المقالات)ی نووسیوە ئاماژەی پێدەکات.

---

[1] الصفار: بصائر الدرجات ٣٧٦.

جا جەعفەری کوڕی موحەممەدی کوڕی مالیکی فەزاری و ئادەمی بەلخی و ئەحمەدی ڕازی و حوسەینی کوڕی حەمدانی حوصەیبی ڕۆڵێکی مەزنیان گێڕا لە بڵاوکردنەوەی تیۆری بوونی ئیمامی مەهدی و هەڵبەستنی گێڕانەوە و ئەفسانەییەکان لەبارەی لەدایکبوون و چاوپێکەوتنی مەهدی، ئەم ناوبراوانە لە زیادەڕۆچووە هەرە مەزنەکانن کە فەرموودەناسانی شیعە کۆك و یەکدەنگن لەسەر ڕەتکردنەوەی فەرموودەکانیان.

## دەروازەی پێنجەم

## ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دامەزراندن و برەوپێدانی گریمانەی مەهدیبوون

ئەو پرسیارەی ئێستا خۆی دەخاتەڕوو... دوای ڕوونبوونەوەی هەڵبەسترانی تیۆری مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری لەلایەن زیادەڕۆچووان و زانا کەلامییەکان و ئەوانەی بانگەشەی نوێنەرایەتیان دەکرد کە مایەی سوود بوو بۆیان، ڕوونیش بووەوە کە ئەم تیۆرە هیچ نرخ و بەهایەکی لە واقیعدا نییە، بەڵکو تەنها گریمانەیەکی خەیاڵی بوو لە سەردەمی (سەرگەردانی) لە دوای مردنی حەسەنی عەسکەری دروست کرا، لە دەرەنجامی ئەوەی ناوبراو منداڵێکی جێ نەهێشت تا ببێتە جێگرەوەی لە ئیمامەتدا... پرسیارەکە ئەوەیە: ئەم تیۆرە یان ئەم گریمانەیە چۆن چۆن ڕێگای خۆی بڕی و چووە ناو عەقڵ و دڵی ملیۆنان موسڵمانی شیعەی دوازدە ئیمامی، جگە لەوانیش بە درێژایی مێژوو چۆن جێگا خۆی لە ناو دڵی خەڵکدا کردەوە؟ چۆن بووە بیروباوەڕێکی قوڵ و بەهێز؟.

لە وەڵامدانەوە ئـەم پرسـیارەدا پێویسـتە بڵـێین: شـیعە سـەرەتاییەکان لـە سەردەمی ئیمامەکانی ئالوبەیتدا (سڵاوی خوایان لێبێت) بەهیچ شێوەیەك ئـەم تیۆرەیان نەناسیوە، تەنانەت لـە دوای مردنـی حەسـەنی عەسکەری شیعە ئـەم تیۆرەیان ڕاستەوخۆ نەناسیوە، جا ئیمامییـەکان سەرسام و سـەرگەردان بـوون کاتێــك بینیــان عەســکەری جێگرەوەیــەکی دیــاری نییــە، مەهــدی لــەلای ئیمامییەکان نەناسراو بـوو، ناڕۆشـن و دیـاری نـەکرابوو لـە یـەك کەسـدا، یـەك تاقم لە ناو چواردە تاقمدا ئەم تیۆرەی تەنی کە حەسەنی عەسکەری منداڵێکی هەیـە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە شـیعەکان لـە مـاوەی (پـەنهان بـوونی بچوکدا) لەسەر ئەم تیۆرە کۆك نەبوونە، بەڵکو تەنها کەمینەیەکی گەلەك کەم لە شیعە ئیمامییەکان ئەم تیۆرەیان پەسەند کردووە.

دواتر... دوای پەنجا ساڵ بەشـێوەیەکی گشـتی شـیعەکان پاشـگەز بوونـەوە لەم تیۆرە، کلینی لە کتێبی (الکافي) و خوصەیبی لە کتێبی (الهدایة الکبری) باس لەوە دەکەن هەندێك لـە دانیشـتووانی شـاری مەدینـە کـە نـاوی (تـاڵبین) بـوون پاشگەز دەبوونەوە لە داننـان بـەو تیـۆرەی دەڵێـت عەسکەری منـداڵێکی هەیـە، تەنانەت ئەمە لە ناویاندا ببووە دیاردە[1].

قوتـابی کلـینی کـە نـاوی موحەممـەدی کـوڕی ئـەبو زەینـەبی نوعمانییـە (ساڵی ٣٤٠ك مردووە) دەڵێت: (کۆمەڵێك خـەڵکمان بینـی کـە دانیـان دەنـا بـە تیـۆری ئیمامـەت... وشـەکەیان پـەرت و مەزهەبەکـەیان کـەرت کـەرت ببـوو... هەموویان جگە لە کەمێکیان نەبێت گومانیان هەبوو لەبارەی ئیمـام و بەڵگـەی سـەردەمی خۆیـان... بـەردەوام گومـان و دوودڵـی باڵیـان بەسـەر دڵەکانـدا

(١) الکلیني: الکافي ٥١٨/١، الخصیبي: الهدایة الکبری ٣٧٠.

کێشابوو... تا ئەمە وای لە شیعەکان کرد وێڵ و سەرگەردان و کوێرو گومڕا بن، تەنها کەمێکیان وەك خۆیان مانەوە کە شایەنی باس نین). ناوبراو لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەڵێت: (چ وێڵی و سەرگەردانییەك لەمە گەورەترە کە کەسانێکی بێ ژماری لە بازنەی شیعەگەری بەدەرنا؟... لەبەر گومانداری خەڵك تەنها کەمێکی کەم لەسەر ئەم تیۆرە مانەوە)[1].

نوعمانی کۆمەڵێك گێڕانەوەی هێناوە کە باس لە ڕوودانی سەرگەردانی دەکەن دوای ونبوونی ئیمام، باسی ئەو بارودۆخە سەرگەردانییەکەی ئەو کات دەکات کە شیعەکانی گرتبووەوە: (زۆربەی شیعە ئیمامییەکان لەبارەی ئیمامی جێگرەوە پرسیار دەکەن و دەڵێن لە کوێیە؟ تا کەی بە پەنهانی دەمێنێتەوە؟ تا چەند دەژییێت؟ ئەمە و ئێستا هەشتا و شتێك ساڵە؟ جا هەندێکیان پێیان وایە مردووە، هەشیانە بەیەکجار نکۆڵی لە هەبوون و لەدایکبوونی دەکات، گاڵتەش بەو کەسە دەکات کە باوەڕی بە بوونی هەیە، هەشیانە ماوەکەی زۆر پێ درێژو زۆرە). هەروەها وتویەتی: (زۆربەی ئەوانەی لە ڕیزەکانی پێشەوەی ئیمامییەکان بوون لە ڕیز پەڕین و لایاندا بە لای ڕاست و چەپدا... خەڵکی ڕاجیا و بێ ئومێد بوونە سەبارەت بە ئیمامی جێگرەوەو سوکایەتی بەو کەسانەش دەکەن باوەڕیان بە ئیمامەتی مەهدی هەیە و تەنانەت بە دەستەوەسان وەسفیان دەکەن. وەسفی ئەوانەشی کردووە کە دەڵێن "ئیمامی دوازدەم" هەیە بە: دەستە و کۆمەڵێکی کەمینە لەناو ئەوانەی بانگەشەی شیعەگەرێتی دەکەن و هەواو ئارەزوو پەرتی کردوون... پەسەندیان نەکرد لەگەڵ دیار نەبوونی خودی ئیمام و پەنهان بوونە زۆرەکەی دان بە بوونی دا

---

(1) النعماني: الغيبة ٢٠ و ١٨٦.

بنێن)[1].

هەروەك شێخ موحەممەدی كوڕی عەلی كوڕی بابویەی صدوق "ساڵی ٣٨١ك مردووە" لە پێشەكی كتێبەكەیدا (إكمال الدين و إتمام النعمة) ئاماژەی كردووە بەو سەرگەردانیەی وەك گەردەلول شیعەی پێچا، لەم بارەوە وتویەتی: (زۆربەی ئەو شیعانەی ڕاجیان و هاتونەتە لای من بینیومە لە دەرەنجامی پەنهان بوونی ئیمام سەرگەردان بوونە و گومانیان لەبارەی مەهدی بۆ دروست بووەو لە ڕێگەی ملکەچ بوون بۆ ڕاو بۆچوون و پێوەرەكان لایانداوە... شێخێكی خەڵكی بخارا كە زاناو خاوەن پلەوپایە و وشیار بوو هاتە لامان لەشاری قوم، كاتێك ڕۆژێك ئەو شێخە گفتوگۆی لەگەڵ دەكردم لە ناكاو باسی ئەوە بۆ كردم كە لە بخارا بە یەكێك لە گەورە فەیلەسوف و ژیربێژەكان گەیشتووە كە وتەیەك سەرگەردانی كردووەو گومانی بۆ دروستكردووە لەبارەی مەهدی). (پیاوێك لەشاری بەغداد لەگەڵم دواو پێی وتم: بەڕاستی پەنهان بوون و دەرنەكەوتنی ئیمام درێژەی كێشا، سەرگەردانی بازاری گەرمتر بوو، زۆرێك لەبەر دێژی ماوەی پەنهان بوونەكە پاشگەز بوونەتەوە لە داننان بوونی مەهدی)[1].

جا كلینی و نوعمانی و صدوق كۆمەڵێك گێڕانەوەیان هێناوە، كە جەخت دەكەنەوە لەسەر بڵاوبوونەوەی سەرگەردانی و ڕاجیایی دروست بوون و پەرت بوونی ڕیزەكانی شیعە لەو سەردەمدا لە دوای پەنهان بوون و دەرنەكەوتنی ئیمام، هەندێك هەندێكی تریان بە درۆكردن تۆمەتبار دەكرد و تفیان بەیەكتر دادەكر، یەكتریان بە نەفرەت دەكرد، شیعەكان ئاڵۆزو شڵەژان وەك چۆن كەشتی

---

(1) هەمان سەرچاوە ١٥٧ و ١٨٦.

لەناو شەپۆڵەکانی دەریادا دەشڵەژێت، تێکشکان وەك چۆن شووشە یان دەفری گڵین دەشکێت، وتیان مەهدی مردووە، تەنها کەمێك لە شیعەکان لەسەر باوەڕ بوون بە بوونی مەهدی مانەوە[١].

بەبێ لە بەرچاوگرتن تاوتوێ کردنی ئەم گێڕانەوە هەڵبەستراوانە یان وەرگیراوانە لە تاقمە شیعە و بزوتنەوە مەهدیگەرا کۆنەکان، جا کە کلینی و نوعمانی و خوصەیبی و صدوق و جگەلەوانیش باس و خواسی ئەم سەرگەردانییەیان گواستووەتەوە، گشتاندوویانە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا بەسەر هەموو شیعەکان لەو کاتدا، ئەمەش دوای ئەوەبووە کە بۆ ماوەیەك بوو دەستەیەك لە شیعە ئیمامییەکان دانیان بە بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەریدا نابوو.

جا ئەگەر ئەم تیۆرە لە کاتی دواتردا لەلایەن بەشێك لە شیعە ئیمامییەکان کە (دوازدە ئیمامییەکانن) بووبێتە جۆرێك لە بیروباوەڕی دامەزراو کە مشتومڕ هەڵنەگرێت، ئەمە تەنها بەهۆی ئەو پڕۆسە گەورەیەی ڕاگەیاندنەوە بووە، کە لەلایەن ئەوانەی بانگەشەی نوێنەرایەتیان دەکرد و یارمەتیدەرەکانیانەوە ئەنجامدرا، شوێنەوارەکانیشی تا ئەمڕۆ درێژ بۆتەوە.

هەڵمەتی ڕاگەیاندنەکە لە چەند شتێك پێك هاتبوو، کە ئەمانەن:

١ _ هەڵبەستنی گێڕانەوەیی (نەقڵی)، دروست کردن و هەڵبەستنی فەرموودەی جیا جیا لەبارەی (دوازدە ئیمامی و مەهدی). ئەم گێڕانەوانە و فەرموودانە خرانەڕوو و ڕەخنەشیان لێگیرا، لە بەندێکی تایبەت بە بەڵگە نەقڵییەکان

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٢/١٦.

(٢) الكليني: الكافي ١/٣٣٦ و ٣٣٨ و ٣٤٠، النعماني: الغيبة ٨٩ و ٢٠٦ و ٢٠٨، الصدوق: إكمال الدين ٤٠٨، عيون أخبار الرضا ٦٨.

لەبارەی چەسپاندنی بوونی مەهدی.

٢_ ڕاگەیاندنی ترسێنەرو تۆقێنەر، هەڵگرانی ئەم تیۆرە سەرباری ئەمە ئەوا بەشێکی تریان لە گێڕانەوە خستەڕوو، کە ئەو کەسانە تۆمەتبار دەکات کە باوەڕیان بە مەهدی گریمانەکراو (موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) نییە بە کوفرو هەڵگەڕانەوەو لاساری و گومڕا بوون، ئەم گێڕانەوە باسیان لەوە دەکرد کە نکۆڵی کردن لە بوونی مەهدی وەك نکۆڵی کردنە لە بوون و پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری مەزن [1].

هەڵمەتی ڕاگەیانەکە پشتی بەست بە هەندێك فەرموودەی کۆن کە باس لەوە دەکەن هەر کەسێك بمرێت و ئیمامی سەردەمی خۆی نەناسێت ئەوا بە نەفامی مردووە. ڕاڤەی ئەم فەرموودانەیان کرد بەوەی ئەگەر (خاوەن سەردەم و ئیمامی ڕۆژگار و مەهدی چاوەڕوان کراو) نەناسێت و باوەڕی پێ نەهێنێت ئەوا بە نەفامی دەمرێت، سەرباری ئەوەی هیچ ڕێگەیەك نەبوو بۆ ناسینی مەهدی و لە دەوری کۆبوونەوەو پشتگرتنی و ملکەچ بوون بۆی. هەروەك (عوسمانی عومری: نوێنەری دووەم) وتویەتی: گوایە گوێبیستی (حەسەنی عەسکەری) بووە کە وتویەتی: (هەر کەسێك بمرێت و کورەکەمی نەناسیبێت ئەوا بە نەفامی مردووە)[2].

عومری گەلەك دوور بازی داوە لە هێرشی ڕاگەیاندنەکەیدا، بەوەی وتویەتی ئەوانەی گومانیان لە بوونی مەهدی هەیە ئەوا لە ئایین دەرچوونە و گوماندارو نکۆڵی لە ڕاستی دەکەن، جا (ڕێنووسێکی) بەناوی مەهدی دەرکرد کە هەڕەشە دەکات لەو کەسانەی باوەڕیان بە مەهدی نییە و دەیانترسێنێت بە

---

(١) الصدوق: إكمال الدين ٣٣٨ و ٣٦١ و ٤٠٩ و ٤١٢_٤١٣.

(٢) هەمان سەرچاوە.

ئێش و ئازارێکی تۆقێنەر. شێخ ئەبو عەبدوڵای جەعفەری حومێری قومی و سەعدی کوڕی عەبدوڵای ئەشعەری قومی یارمەتیدەر بوون لە بڵاوکردنەوەی ئەم پەیامە هەرەشەدارە لە ناو ڕیزەکانی شیعەدا.

٣_ نزاوپاڕانەوەکان و زیارەتکردن، لەوانەیە نزاو پاڕانەوەو زیارەتکردنەکانی شیعە گرنگترین کاری ڕاگەیاندن بووبن لە جێگیر کردنی تیۆری مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری لە ناو شیعەکاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەی نزاو پاڕانەوەو زیارەت کردنەکان ڕۆڵێکی زیندوو و بزوێنەریان هەیە لە ژیانی خەڵکدا، جا لەلای شیعەکان وا باوو نەریتە کە دوای سەرجەم نوێژەکان و لە هەموو بۆنە ئاینیەکان نزاکان دەخوێنن، سوریش بوون لەسەر زیارەت کردنی گۆڕی ئیمامەکان بە بەردەوامی و ئامادەبوون لەگشت کۆڕو کۆبوونەوەکان.

ئەو نزاو زیارەتانەی کە لە ناو شیعەکاندا هەیە لەبارەی مەهدی و ئیمام، بۆ دوو بەش دابەش دەبن:

أ_ نزاو پاڕانەوە گشتییەکان کە تایبەت نین بە موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی باسی ئیمام یان بە ڕەهایی لەبارەی مەهدی دەدوێت، وەك نزای (مەهدی کاربەدەست: صاحب الأمر) یان نزای کاتی (پەنهان بوونی ئیمام)، کە لە ئیمامەکانی پێشوو وەك: (باقر، صادق، کازم و ڕیزا) گێڕدراوەتەوە، ئاماژە بە مەهدی دەکەن بە شێوەیەکی گشتی و بەوەی شوناسی لە سەردەمی ئیمامەکان دیاری نەکراوە، ئەو شتەی ئێمە لە بەند و بەشەکانی پێشوودا خستمانەڕوو ئەوەیە کە ئەو نزاو زیارەتانە لە کەلەپوری کۆنی شیعەوە وەرگیراون یان لە فرە تاقمە شیعەکان وەرگیراون وەك: واقفییەکان کە دەیانوت ئیمامی کازم مەهدییە، شیعەکانی دوایی ئەم

نزاو زیارەتانەیان لەسەر مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری جێبەجێ کرد کە گریمانەی بوونی ئەویان کردبوو، تا وای لێهات ئەو نزاو زیارەتانە هیچ واتایەکیان تێدا نەما جگە لە ئیمامی مەهدی، هیچ یەکێکیش سەرنجی نەکەوتە سەر گشتگیری گێڕانەوەکان و دیاری نەکرانی مەبەستەکەی.

ب_ ئەو نزاو پاڕانەوانەی دیاریکراو و تایبەتن بە موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری، وەك: نزای مانگی ڕەمەزان، نزای دەسپێك، نزای کۆتایی پێهێنان، نزای ڕۆژی سێزدەمی ڕەمەزان، نزای پەیمان و پێداهەڵدان، فرە زیارەتەکان بۆ سەر گۆڕەکانی ئالوبەیت (سڵاوی خوایان لێبێت)، زیارەتکردنی ژێرخانی پەنهان بوونی ئیمام لە شاری سامەڕا. ئەمانە چەند نزاو زیارەتێکن بەشێوەیەکی سەربەخۆ نووسراون، یان لە کۆمەڵێ گێڕانەوەوە وەرگیراون یان گشتین بەڵام ناوی مەهدیان خراوەتەپاڵ.

ئەو شتەی ئەم نزاو زیارەتانە جیا دەکاتەوە کە لەبارەی مەهدی دەدوێت و ناوی بە دیاریکراوی دێنێت، ئەمەش دوای ناوی یەکە بەیەکی ئیمامەکانی پێشوو، ئەوەیە کە بێ زنجیرەو سەنەدە، بەڵکو پشت دەبەستێت بە بێ زنجیرەیی تەواو، کە لەلایەن ئەمانەی خوارەوە هاتووە: (عوسمانی کوڕی سەعیدی عومری: نوێنەری یەکەم) یان (موحەممەدی کوڕی عوسمانی عومری: نوێنەری دووەم) یاخود (حوسەینی کوڕی ڕۆحی نوبەختی: نوێنەری سێیەم) یان لە (موحەممەدی کوڕی جەعفەری حمیری) کە یەکێك بوو لە یاریدەدەرەکانی (عومری) لە شاری (قوم).

جا سەیدی کوڕی تاوس لە کتێبی (مهج الدعوات) نزایەکی گێڕاوەتەوە، لەبارەشیەوە دەڵێت: ئەم نزایە شیاوە بۆ ڕۆژانی پەنهان بوونی ئیمام، هەروەها

ناوبراو دەڵێت: لە خەودا بینیویەتی کە یەکێك ئەم نزایەی فێری ئەو کردووە![1]. مەجلسی بە زنجیرەو سەنەدەی تا دەگاتە عەلی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەدوڕەحمانی بیشری گێڕاوەتەوە، دەڵێت: چوومە ناو مزگەوتی (صەعصەعە: کە لە شاری کوفەیە) پیاوێکم بینی جل و بەرگی حیجازی لەبەرە و جامانەکەشی وەك هی ئەوانە و دانیشتووەو بەدەم ئەم نزایەوە دەپاڕێتەوە: (خوایەگیان؛ ئەی ئەو زاتەی خاوەن بەخشش و نیعمەتی زۆرو تەواوی...) دواتر کورنووشێکی درێژی برد و هەڵسا و سواری وڵاغەکەی بوو و ڕۆیشت، هاوەڵەکەم وتی: سوێند بەخوا ئەمە مەهدیخاوەن سەردەمە[1].

٤ _ ئەو ڕێوڕەسم و چیرۆکانەی پەیوەستن بە بینینی مەهدییەوە.

سەرباری ئەوە نزاو زیارەتانەی لەبارەی مەهدییەوە هاتوون، ئەوا کۆمەڵێك ڕێوڕەسمی نەریتی هەن کە بەهەمان شێوە ڕۆڵێکی ڕاگەیەندکاری گرنگ دەگێڕن لە دامەزراندنی باوەڕبوون بە تیۆری (بوونی مەهدی) و گواستنەوەی بۆ (ڕاستییەکی جێگیر) لە گوێچکەکانی شعەدا، بۆ نمونە هەڵسان و سڵاوکردن و خۆچەماندنەوە لەکاتی گوێبیست بوونی ناوی مەهدی، شیعەکان ئەم کارە لە مێژەوە تا ئێستا دەیکەن، ئەمە وایان لێدەکات کە ڕێز بنوێنن و ترس و لەرز بیانگرێت و هەست بە بوونی مەهدی بکەن، بەشێوەك ڕەفتار لەگەڵ چەمکی مەهدی بکەن وەك ئەوەی زیندووەو ئامادەیە لە ناوەندەکاندا.

ئەو چیرۆکە زۆرانەی کە کەسانی سادە و تایبەتی شیعە دەستاو دەستی پێدەکەن لەبارەی بینرانی مەهدی لەلایەن هەندێ کەسەوە یان لەلایەن زانایانەوەو چاوپێکەوتنیان، هەروەك ئەمانەش ئەو چیرۆکانەن کە مەجلسی

(١) بگەڕێوە بۆ: محمد تقي الموسوي الأصفهاني: مكيال المكارم في فوائد دعائم القائم ١٠١.

ڕێژەیەکی زۆر لە کتێبە فراوانەکەیدا: (بحار الأنوار/ب ٥١) باسیان دەکات، ئەم چیرۆکانە ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینن لە جێگیرکردن و پشتگرتنی تیۆری مەهدی و گواستنەوەی بۆ سەرگوزەشتەیەکی نزیك لە واقیع، ئەم چیرۆکانە دەگێڕدرێنەوە لە کۆمەڵێك کەسی دونیا بەکەمزان و بەندی چاك و زانای دیار.

مزگەوتێکی بەناوبانگ لە شاری کوفە لە وڵاتی عێراق هەیە، ناسراوە بە مزگەوتی سەهلە، مزگەوتەکە ناوبراوە بە مزگەوتی مەهدی، گوایە هەر کەسێك چل شەوی چوار شەممە نوێژی تێدا بکات ئەوا مەهدی دەبینێت، هەندێك مزگەوت لێرەو لەوێ لە وڵاتی (عێراق)دا هەن ناسراون بە (پێگەکانی مەهدی) گوایە ئیمامی مەهدی لەو شوێنانە بینراوە بۆیە مزگەوتی تێدا دروست کراوە، هەروەك هەمان دەنگۆ هەیە سەبارەت بە مزگەوتی جەمکەران لە شاری قوم، مزگەوتەکە لە دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵاتی ئێران ناوبانگی دەرکرد.ئەم مزگەوت و پێگانە ڕۆڵێکی گەورەی ڕاگەیاندکاری دەگێڕن لە بەهێزو پشتگرتنی باوەڕ بوون بە تیۆری مەهدیبوون (دوازدە ئیمامی) و گواستنەوەی لە گریمانەوە بۆ واقیعی ماددی کە خەڵکی لەگەڵ دەژیەت و بەچاوی خۆیان سەیری دەکەن.

ئا بەم شێوەیە ڕاگەیاندن بە هەموو برگە و لق و پۆپەکانی ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە پشتگرتنی تیۆری (بوونی ئیمامی مەهدی) و جێگیر کردنی لە ناو ناوەندەکانی شیعەدا، هەروەها گواستنەوەی لە گریمانەیەکی خەیاڵی بۆ (ڕاستیەکی بەڵگەنەویست) کە مشتومڕ هەڵنەگرێت!.

---

() الكاشاني: الصحيفة المهدية ١٣٨.

# پوختەی بەشی سێیەم

# گەشەسەندنی بیری سیاسی شیعە

# لە سەردەمی پەنهان بوونی ئیمام دا

## تیۆری خۆپارێزی ( توقیە ) و چاوەڕوانی

شیعەی دوازدە ئیمامی دوای داننان بە بوونی ئیمامی دوازدەم موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری و پەنهان بوونی، چوونە ناو قۆناغێکی ترەوە، ناویان لەم قۆناغە نا (چاوەڕوانی)، مەبەستیان لێی: چاوەڕوانکردنی (ئیمامی دوازدەمە). ئەم قۆناغە بە قۆناغی نەرێنی سیاسیی ڕەها ناوبرا، چونکە شۆڕش و ڕاپەڕین و دامەزراندنی دەوڵەتیان قەدەغە کرد، مەگەر دوای دەرکەوتنی ئیمامی پارێزراو نەبێت کە بە گومانی خۆیان لەلایەن خوداوە بە دەق (نص) دیاری کراوە، هەموو ئەو کاروبارانەیان پەکخست کە پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە هەیە وەك: کۆکردنەوەی (پێنج یەك: خمس) و زەکات و جێبەجێکردنی سزاو سنوورەکان و کردنی نوێژی هەینی، تەنانەت تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە)یان ڕەتکردەوە بەوەی مەرجی ئیمامەتی تێدا نییە وەك: پارێزراوی و دەق و ڕەچەڵەکی عەلەوی حوسەینی[1].

---

(1) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: بەندی یەکەمی بەشی سێیەمی کتێبەکەمان: (گەشەندنی بیری سیاسی شیعە)، کە لە چاپەکانی پێشوودا بڵاوکراوەتەوە، کە لێرەدا پوختمان کردووەتەوە.

شـێخ موحەممـەدی کـوڕی ئـەبو زەینـەبی نوعمـانی "٣٤٠ك مـردووە" دەڵێـت: (کاروبـاری وەسـیەت و ئیمامـەت بـە فـەرمان و ویسـیتی خودایـە، بـە ویستی بەدیهێنراو نییە، هـەر کەسـێك یـەکێك هەڵبـژێرێت کـە هەڵبـژێردراوی خـودا نـەبێت و سەرپیچی فـەرمانی خـودا بکـات، ئـەوا یەکێکـە لـە سـتەمکارو دووڕووان کە جێگایـان ئـاگری دۆزەخـە). نـاوبراو نزیکـەی حەڤـدە گێڕانـەوەی هێناوە لەبارەی خۆپارێزی (توقیە) و چاوەڕان کردنـی ئیمـام و قەدەغـەکردنی شۆڕش و ڕاپەڕین و دەرچوون لە (سەردەمی پەنهان بوونـی ئیمام)دا[1].

---

(1) النعماني: الغيبة ٥٧ و ٢٠١، یەکێك لەو گێڕانەوانەی (محمـی کوڕی ئـەبو زەینـەبی نوعمـانی) لـە بانگەشـەیدا بـۆ بـیرەی چاوەڕوانکردنی ئیمـام پشـتی پێدەبەسـت، ئـەو گێڕانەوەیـە کـە لـە (باقری باوکی جەعفەر "سڵاوی خوای لێبێت") دەگێڕێتەوە، گوایە وتویەتی:

_ لەسەر زەوی دابنیشە و مەجوڵێ، دەست و پێت مەجوڵێنە تا ئەو نیشانانە نەبینی کە بـۆت باس دەکەم. خوت دووربگرە لە ڕیزپـەڕیوەکانی خانـەوادە و خزمـە نزیکەکانی محمـد، چونکە خانەوادەی محمـد و عـەلی ئاڵایـەکی هەیـە و جگـە لـەوانیش ئاڵایـەکی تریـان هەیـە، دابنیشـە و شوێن هیـچ کەسێکیان مەکەوە تا پیاوێـك لـە نـەوەی حوسـەین دەبینـی پـەیمان و ئاڵا و چـەکی پێغەمبەری پێیە. بۆ هەتا هەتایی لەگەڵ ئەوانەدابە و خۆش بپارێزە لە ڕیزپەڕیوەکان.

_ ئامۆژگاریت دەکەم بە لە خواترسان و لە ماڵی خۆتدا دابنیشە و خـۆت دووربگـرە لـە هـەراو هۆریای ئەم خەڵکە، خۆت دوور بگرە لە ڕیزپـەڕوەکانمان، چـونکە لـە سـەر هـیچ شـتێك نـین و بەهیچیش ناگەن.

_ سـەیری خانـەوادەی پێغەمبـەرتان بکـەن، ئەگـەر دانیشـتن ئێـوەش دابنیشـن، ئەگـەر بـانگی ئێوەشیان کرد پشتیان بگرن و سەریان بخەن، بەمە پاداشت وەردەگرنەوە، پێشـیان مەکەونـەوە، چونکە ئاشوب و بەڵا پشتتان لە زەوی دەدات.

_ هەر ئاڵایەك بەر لە ئاڵای (مەهدی) بەرز بکرێتەوە، ئەوا خاوەنەکەی تاغوتێکە جگـە لـە خـودا دەپەرسترێت.

_ هەر بەیعەتێك بەر لە دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی، بەیعەتی کوفرو دووڕووی و فێڵبازییە.

_ سوێند بەخودا هیچ کەسێك لە ئێمە بەر لە ئیمامی مەهدی دەرناچێت تـا وەك ئـەو بێچوە باڵنـدەی لێنەیـەت کـە لـە هێلانەکەی هاتۆتـە دەرەوەو دەفرێـت بـەر لـەوەی پـەڕی باڵنـدەکانی هاتبن، جا لە ناکاو دەکەوێتە دەست منداڵان و یاری پێدەکەن.

شـێخ صـدوق "٣٨١ك مـردووە" دەڵێـت: (خۆپـارێزی "توقیـە" لـە نـاو دەوڵـەتی سـتەمکاران لـە سـەرمان پێویسـتە، هـەر کەسـێك سەرپێچـی بکـات و خۆپارێزی نەکات ئەوا پێچەوانەی ئایینی ئیمام ڕەفتاری کردووەو لە دینی ئەو دەرچووە... نابێت خۆپـارێزی "توقیـە" فـەرامۆش بکرێـت تـا ئیمـامی مەهـدی دەردەکـەوێت، هـەر کەسـێك خۆپـارێزی فـەرامۆش بکـات، ئـەوا چـووەتە نـاو سنووری قەدەغەکراوی خوداو پێغەمبەرو ئیمامەکان "سڵاوی خوایـان لێبێـت"، پێویستە باوەڕ بەوە بهێنرێت کە بەڵگەی خوا لەسـەر زەوی و جێنشـینی خـودا بەســەر بەندەکانیــەوە، لــەم ســەردەمەی ئێمــەدا بریتیــە لــە مەهــدی چـاوەڕوانکراوی کـوڕی حەسـەن... پێویسـتە بـاوەڕ بهێنرێـت بـەوەی جگـە لـە ناوبراو کەسی تر ئیمام نییە، هەر چـەندە پـەنهان بوونەکـەی درێـژە بکێشێت، تەنانەت ئەگەر بـە ئەنـدازەی تەمـەنی دونیـا پـەنهان ببێـت هـیچ کەسێکی تـر نابێتە ئیمام)[١].

ئا لێرەوە زانا (کەلامییە ئیمامییەکانی سەرەتا) پێشنیارەکەی موعتەزیلـە و زەیدییــەکانیان ڕتکــردەوە، کــە پێشــنیاریان کردبــوو تیــۆری (دەســەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) بەکاربهێنن لە ژێر باڵی (پەنهان بوونی گـەورەدا)، بەڵام زانا کەلامییە ئیمامیەکان سەرەتا ئەمەیان ڕەت کردەوە بـە پشـت بەسـتن بـەوەی شـەرعناس پـارێزراو نییـە و لەلایـەن خـواوە دیـاری نـەکراوە، هـەروەها تیـوری (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایـەت فەقیـە) لەگـەڵ تیـۆری (ئیمامـەتی خوایی) تێکدەگیرێت[٢].

---

(١) الصدوق: الهداية ٤٧.

(٢) سەیری دەروازەی دووەمـی بەنـدی یەکـەمی بەشـی سـێیەمی کتێبەکـەمان: گەشەسـەندنی بـیری سیاسی شیعە، بکە لەبارەی هەڵوێستی نەرێنی لە بەرامبەر کۆشش و تیۆری ویلایەت فەقیە.

سەرباری ئەوەی شیعەی دوازە ئیمامی لە هەردوو سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچیدا لە ژێر چەتری دەوڵەتی بوەیهی شیعەدا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی تیۆرێکی هاوچەرخی سیاسی بەرهەم بێنن کە پێداویستییەکانی ژیان دابین بکات، بەڵکو سوربوون لەسەر تۆکمە کردن و جێگیرکردنی تیۆری "چاوەڕوانی"ی نەرێنی و دووبارە کردنەوەی لە زۆرێك لە کتێبە بیری و فیقهییەکانیاندا. تەنانەت کاتێك دەوڵەتی صەفەوی لە سەدەی دەیەمی کۆچی دامەزرا، ئەوا بەشێك لە شیعەکان هەر دەستیان گرتبوو بە هەڵوێستی چاوەڕوان کردنی نەرێنی ئیمامی پەنهان و چاوەڕوانکراو، چاوەڕوانیان وەك وابەستراوێکی تیۆری (ئیمامەتی خواییان) سەیر دەکرد، ڕەتیان دەکردەوە بێنە ناو دەوڵەتی صەفەوییەوە، سەرباری ئەوەی شێخ کەرکی بە پشت بەستن بە تیۆری (شەرعناسان نوێنەری گشتی ئیمامی پەنهانن) ڕێی بەخۆدا لە ژێر ڕۆشنای تیۆرەکە جۆرێك لە شەرعیەت و ڕەوایی بداتە دەوڵەتی صەفەوی. بەشە شیعەکە بۆچوونیان وابوو کە هەوڵەکەی (صەفەویەکان _ کەرکی) کودەتایەکە بەسەر گرنگترین بنچینەکانی تیۆری ئیمامەت، چونکە تیۆری ئیمامەت بەپێویست دەزانێت ئیمام (سەرۆك) پارێزراو بێت و دەقی لەبارەوە هاتبێت، تەنانەت پێشیان وابوو ئەم هەوڵانە داگیرکردنی ڕۆڵی ئیمامی پارێزراو (مەهدی چاوەڕوانکراوی پەنهان)ە[1].

---

(١) شێخ (ئیبراهیم قوتەیفی) ئەم دەستەیەی بەڕێوە دەبرد، ناوبراو فەتوای قەدەغەکردنی نوێژی هەینی دا بە پێچەوانەی شێخ (کەرکی) کە فەتوای ڕەوابوونی نوێژی هەینی دا. شێخ (ئیبراهیم) پەیامێکی نووسی لەبارەی حەرام بوونی (خەراج) لە بەرپەرچی شێخ کەرکی دا و پەیامەکەی ناونا بە: (السراج الوهاج لدفع عجاج قاطعة اللجاج)، جا (مەقدەسی ئەردەبیلی)یش بەهەمان شێوە لەم بارەوە پشتی شێخ ئیبراهیمی گرت و کتێبێکی نووسی: (تعليقات على خراجية المحقق الثاني).

ئەم هەڵوێستە نەرێنییە لە بەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەت لـە (سـەردەمی پەنهان بوونـدا) لـە سـەدەی سێزدەمی کۆچی لـە هەڵوێسـتی شێخ موحەممەد حەسـەنی نەجـەفی دەردەکـەوێت، نـاوبراو خـاوەنی کتـێبی (جـواهر الکـلام)ە، هاوچەرخی دوایـین ڕۆژەکانی تەمـەنی دەوڵـەتی عوسمانی بـووە، کەچی بـیری نـەکردەوە لـە شـۆڕش کـردن لـە دژی دەوڵـەتی عوسمـانی و دامەزرانـدنی دەوڵەتێکی تایبەت بە شیعە لە عێراق، سەرباری ئـەوەی بـە ئەندازەیـەکی زۆر بـاوەڕی بـە تیـۆری (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایـەت فەقیـە) هـەبوو، ئـەم هەڵوێستە نەرێنییەشی لەبەر ئەوە بوو کە ناکرێت دەوڵەتی ڕاستی دابمـەزرێت لە سەردەمی (پەنهان بووندا)، چونکە ئەگەر دامەزرابا ئـەوا دەوڵـەتی ڕاسـتی و خودی مەهدیش دەردەکەوت، چونکە مەهدی تـەنها لـە ترسی کوژرانی خۆی پەنهان بووە. بەمەش نەجەفی گەیشتووەتە پێویستی چاوەڕوانکردنی مەهدی، دروست نـەبوونی دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی ئیسلامی لـە سـەردەمی پـەنهانی دا یاخود ئەستەمی دامەزراندنی دەوڵەت لە سەردەمی ناوبراودا[1].

تیۆری چاوەڕوانکردنی نەرێنی ئیمامی پـەنهان (ئیمامی دوازدەم) ڕەنگی دایەوە لە هەڵوێستی شیعە دوازدە ئیمامییـەکان لـە بەرامبـەر: (یاسـای فـەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە) کـە سـەری کێشا بـۆ دیـاردەی پاشەکشـەی سیاسـی لەلایەن کەرتێکی فراوانی شیعەی ئیمامی و لاوازی بەشداری کردنی جەماوەری لە گۆڕانی کۆمەڵایـەتی دا، ئەمـەش بـە وێنەیـەکی زۆر ئاشـکرا بەدەرکـەوت لـە

---

(1) جا شێخ حەسەنی نەجەفی لە بەشی دادوەری لە کتێبی (جواهر الکلام)دا وتویـەتی: (ئیمامـەکان ڕێگەیان بە شەرعناسان نەداوە لە کاتی پەنهان بوونی ئیمام کە هەندێك شت بکـەن کـە دەزانـن پێویستیان پـێ نییـە تێکۆشـان کـە پێویسـتی بـە دەسـەڵات و هێـزو ئـەمیر هەیـە و هاوشـێوەی ئەمانە کە دەست کورت تیایدا تا ئەو کاتەی دەوڵەتی ڕاستی دەردەکەوێت).

خۆگرتنەوەو خۆ دوورگرتنی ژمارەیەك لەو كە شەرعناسانەی سەرچاوە بوون (مەرجەعیەت)یان بەدەستە لە بەشداربوون لە كاری سیاسی یان ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمكارو تاغوتەكان[١].

هەروەك تیۆری (چاوەڕوانی) كە پۆلە زانایەكە پێیەوە پابەند بوون، ڕەنگی دایەوە لەسەر جێبەجێ كردنی سزاو سنوورەكان، چونكە بەرپاكردن و جێبەجێ كردنی سزاو سنوورەكانیان بەستەوە بە دەركەوتنی ئیمام[٢].

شیعەی دوازدە ئیمامی بە درێژایی مێژوو تێكۆشان (جیهاد)ی سەرەتایی بە حەرام دەزانن لە (سەردەمی پەنهان بوون)دا. شێخ توسی لە كتێبی (المبسوط)دا دەڵێت بۆ تێكۆشان (جیهاد) مەرجە: ئیمامێكی دادگەر دەربكەوێت كە جەنگ كردن بێ فەرمانی ئەو دروست نییە، تێكۆشان بێ ڕەزامەندی ئەو بۆیان ڕەوا نییە، یان دەبێت جێگرو بریكاری ئیمام ئامادە بێت بۆ ڕاییكردنی كاروباری موسڵمانان، ناوبراو وتویەتی ئەگەر ئیمام دیار نەبێت و بریكاری ئیمامیش ئامادە نەبێت، ئەوا دروست نییە تێكۆشان دژ بە دوژمنان بكرێت، دەشڵێت: (تێكۆشان و جیهاد كردن لەگەڵ ئیمامە ستەمكارو خراپەكانیان بێ ئیمام هەڵەیە و بكەرەكەی گوناهبار دەبێت، ئەگەر تێكۆشانەكە ئامانجەكەی

(١) بگەڕێوە بۆ دەروازەی سێیەم بەندی یەكەم بەشی سێیەم لە چاپی یەكەمی ئەم كتێبە: هەڵوێست لە بەرامبەر چاكسازی كۆمەڵایەتی.

(٢) بگەڕێوە بۆ: دەروازەی چوارەمی بەندی یەكەمی بەشی سێیەمی چاپی یەكەمی ئەم كتێبە، هەڵوێست لە بەرامبەر جێبەجێكردنی سنوورو سزاكان. شێخ توسی لە كتێبی (النهایة ٢٨٤)دا وتویەتی: (سەبارەت بە جێبەجێ كردنی سنوورو سزاكان. تەنها بۆ ئەو كەسە دروستە جێبەجێیان بكات كە دەسەڵاتداری سەردەم بێت و لەلایەن خوداوە دانرابێت یان لەلایەن ئیمامەوە دیاری كرابێت، بۆ جگە لەم دوو كەسە بۆ هیچ كەسێكی تر بەهیچ شێوەیەك دروست نییە سنوورو سزاكان جێبەجێ بكات).

پێكا ئەوا پاداشت وەرناگرێت و ئەگەر دووچاری پێكان هات ئەوا گوناهبارە). توسی حاڵەتی بەرگری كردن لە خود و بازنەی ئیسلام و سەرجەم باوەڕدارانی جیاكردۆتەوە، كە ئەگەر دوژمنێك پەلاماری موسڵمانانی دا و ترسی لە ناوبردنی ئیسلامی لێكرا ئەو كاتەش تێكۆشان و جیهاد دروستە[١].

سەرباری هەڵپەساردنی لایەنەكانی سیاسی لەلایەن ئەو پۆلە شەرعناسانەی كە باوەڕیان بە تیۆری (چاوەڕوانی) هەبوو لە سەردەمی پەنهان بووندا، بەهەمان شێوە هەڵسان بە هەڵپەساردنی لایەن و بوارەكانی ئابووری كە پەیوەستن بە دەوڵەتەوە وەك: زەكات و پێنج یەك (خمس) و خەراج و هاوشێوەكانیان... لەگەڵ ئەوەشدا بەیەكجاری یاسای زەكاتیان پەكنەخست، بەڵكو هەندێك سەرچاوەی خەرجییەكانی زەكاتیان پەكخست، ئەویش ئەو خەرجیانەن كە پەیوەستن بە كاروباری دەوڵەت و (ئیمام)ەوە، بەم پێیە بە دروستیان زانی ئەو كەسەی زەكاتی لەماڵەكەیدا هەیە خۆی دەری بخات و دابەشی بكات، ئەمەش لە كاتی ئامادە نەبوونی ئیمام و نوێنەرەكانی، یان ئەستەم بوونی گەیاندنی زەكات بە ئیمام و نوێنەرەكان. پشكی تازە موسڵمان بووەكان (المؤلفة قلوبهم) و پشكی (لە پێناوی خوادا) و پشكی كارمەندان (عاملين)یان پەكخست و زەكاتیان پێ نەدان[٢].

دوای داڕوخان و لاچوونی تیۆری دەوڵەت لە بیری سیاسی شیعەی دوازدە ئیمامی، قەدەغە بوونی دامەزراندنی دەوڵەت لە (سەردەمی پەنهان بوون)دا، لە

---

(١) الطوسي: الغيبة ٢٨١، بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی پێنجەمی بەندی یەكەمی بەشی سێیەمی ئەم كتێبە، كە لە چاپی یەكەم و چاپەكانی تردا بڵاوكراوەتەوە.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی شەشەم لە بەندی یەكەمی بەشی سێیەمی چاپی یەكەمی ئەم كتێبە، هەڵوێست لەبەرامبەر زەكاتدا.

سێ لایەنــەوە شەرعناسـان ڕەفتاریـان لەگـەڵ زەکاتـدا کـرد، لـە لایەنێکـەوە زەکاتیـان پێویست کـرد، فـەرمانیان بـە ئەرکـداران کـرد خۆیـان زەکاتـەکانیان دەربکـەن و دابـەش بکـەن لەبـەر نـەبوونی ئیمـامی ڕەواو شـەرعی، لـە لایـەنی دووەمدا، پشکی تازە موسڵمان بووەکان (المؤلفة قلوبهم) و پشـکی (لـە پێنـاوی خوادا) و پشکی فەرمانبەرانی پەکخست و زەکاتیان پـێ نـەدان، ئەمـە لەلایـەکی ترەوە.

جا کوڕی حەمزە لە کتێبی (الوسیلة إلى نیـل الفضـیلة) بـە شـێوەی پێشـتر خستمانەڕوو بیرۆکەکەی دارشتووە، کـوڕی ئیـدریس لـە کتـێبی (السـرائر) وەك کوڕی حەمزەی کردووە، هەروەها حلی نەجمەدین جەعفەری کوڕی حەسەن لە کتێبی (شرائع الإسلام) و (المختصـر النـافع) بـەو جۆرە فـەتوای داوە، میقـدادی کـوڕی عەبـدوڵای سـیوری حیلـی لـە کتێبـی (کنـز العرفـان في فقـه القـرآن) ئـەم ڕێگەیەی گرتووەتەبەر.

سـەرباری ئـەوەی زانـای لێکۆڵـەر کـەرکی ڕەچـاوی دەوڵـەتی صـەفەوی شیعەکانی کـردووە، مۆڵـەتی بـە شـا تەهماسـپدا تـا لـە جیـاتی ئیمـامی مەهـدی حوکم بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانای ناوبراو پابەند بوو بـە: (خۆپـارێزی و چـاوەڕوانکردن)، نـاوبراو لـە کتـێبی (جـامع المقاصـد) پشـکی تـازە موسـڵمان بووەکان و تێکۆشـەرو جـەنگاوەرانی پەکخست لـەکاتی پـەنهان بـوونی ئیمامـدا، سەرباری ئەوەی تێکۆشان و جیهاد پێویستیەك بوو.

سەبارەت بە بابەتی (دەستکەوتەکانی جەنـگ: ئەنفال) کە قورئان بـە دەق دیاری کردووە کە بۆ خـوداو پێغەمبـەرە، ئـەوا شـیعە ئیمامییـەکان دەڵێن مـافی ئیمامی مەهدییە کە جێگرەوەی پێغەمبەرە، بە تەواوی دەبێت بدرێتە ئیمـامی مەهدی، هەر وەکو چۆن پێشـتر دراوەتـە پێغەمبـەری خـودا، بـۆ هـیچ کەسـێك

نییـە دەسـتکاری هـیـچ شـتێك لـە دەسـتمایەکانی ئـەنفال بکات بـێ ڕەزامەنـدی ئیمام، هەر کەسێك ڕەفتاریشی تێدا بکات ئەوا چوار لـە پێـنج بـۆ ئـەوەو پێـنج یەکیش دەدرێت بە ئیمام. جا لەبەر ئەوەی ئیمامی دادگەر لە زاراوەی ئیمـام دا بـریتی بـوو: (ئیمـامی پـارێزراو دەستنیشـان کـراو لەلایـەن خـواوە) هـەر لـە سەرەتای کۆچی دوایی حەسەنی عەسکەری سالّی ٢٦٠ك بریتیـە لـە (ئیمـامی دوازدەم: مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) کە لە سالّی ٢٥٥ك لە دایکبووەو دواتر تا ئەمڕۆ پەنهان و ونبـووە، نـاوبراو: خـاوەنی ڕاسـتەقینەی ئەنفالـە، بەهـەمان شـێوە خـاوەنی ڕاسـتەقینەی پێـنج یـەك (خمـس)ە: کـە یاسایەکی تایبەتە جگە لە زەکات، شیعەکان بەسـەر دەسـتکەوت و قازانجەکانـدا دەیسـەپێنن و پێیـان وایـە پێویسـتە پێشکەشـی خـوداو پێغەمبـەرو هـەتیو و هـەژارو ڕێبوارەکـانی نـەوەی هاشـم بکرێـت، پشـکی خـوداو پێغەمبـەرو خزمـە نزیکەکان دەبێت پێشکەشی ئیمام بکرێت (کە وێنـە و بەرجەسـتەکەری خزمـە نزیکەکانـە) کـە ئـەمڕۆ بریتییـە لـە (ئیمـام مەهـدی چـاوەڕوانکراو) هـەروەك دروستە سێ پشـکەکەی تـریش بـە ئیمـام بـدرێت: پشـکەکانی هـەتیو و هـەژارو ڕێبوارەکان تا دابەشی بکات بەسەر ئەم سێ جۆرە کەسانەی نەوەکانی هاشم[1].

پابەنـد بـوون بـە تیـۆری (چـاوەڕوانی) سـەری کێشـا بـۆ کەوتنـە نـاو قـەیرانێکی توونـد لـە بابـەتی پێـنج یـەك (خمـس) و دەسـتکەوتەکانی جـەنگ (ئەنفال) لە (سـەردەمی پـەنهان بـوون)دا، لـە لایەکـەوە: ئیمـامی مەهـدی تاکـە کەسـە کـە خـاوەنی (پێـنج یـەك) و دەسـتکەوتەکانی جـەنگ (ئـەنفال)ە، تـەنها ئـەویش مـافی وەرگـرتن و دابەشـکردنی هەیـە، لـە لایـەکی تریشـەوە: هـیـچ

(١) بگەڕێوە بۆ: الطوسي: النهاية ٢٦٥.

ڕێگەیەك نییە بۆ گەیشتن بە ئیمام تا مافەكانی پیادە بكات، هەروەك هیچ دەقێكی ئیمام نییە لەبارەی دابەش كردن و چۆنیەتی دەستكاری كردنی پێنج یەك (الخمس) و دەستكەوتەكانی جەنگ (ئەنفال) لە ژێر سێبەری پەنهان بوونی ئیمامدا. ئالێرەوە شەرعناسان سەرسام و سەرگەردان بوون لەبارەی حوكمی پێنج یەك (خمس) و ئەنفال، شێخ موفید لە (المقنعة) دەڵێت: (كۆمەڵێك لە هاوەڵانمان لەم بارەوە لە سەردەمی پەنهانی دا ڕاجیاییان تێكەوت و هەر یەكەیان بۆچوونێكی هەبوو: هەیان بوو لەبەر پەنهان بوونی ئیمام و ڕێگە پێدانی ئەو هەواڵانەی پێشتر لەو بارەوە هاتوون فەرز بوونی دەركردنی خمس و ئەنفالیان پەكخست. هەیانە گەنجینە داركردن و هەلگرتنی بە پێویست دەزانێت، هەواڵێك كە هاتووە تەئویل دەكات: "لە كاتی دەركەوتنی ئیمام زەوی گەنجینە و خەزێنەكان بەدیار دەخات، ئەگەر ئیمام _ سڵاوی خوای لێبێت _دەركەوت ئەوا خودا شوێنی خەزێنەكانی پیشان دەدات، ئەویش خەزێنەكان لە هەموو شوێنێك وەردەگرێتەوە". هەشیانە پێی وایە مافی ڕەسەنی پێنج یەك _ الخمس _ بە نیسبەت خزمانی پێغەمبەرو هەژارانی شیعە هەر ماوە. هەشیان بوو پێی وابوو كە جیا بكرێتەوە بۆ ئیمامی مەهدی، جا ئەگەر مەترسی مردنی خۆی كرد بەر لە دەركەوتنی ئیمام ئەوا ماڵەكەی دەسپێرێت بەو كەسەی باوەڕی بە دینداریيەكەی هەیە، تا بیگەیەنێتە دەستی ئیمام ئەگەر گەیشتە كاتی دەركەوتنی ئیمام... ئەگەرنا ڕادەسپێرێت بە كەسێكی دینداری وەك خۆی، بە پێی مەرجی دینداریی دەستاو دەستی پێ بكرێت تا دەركەوتنی ئیمامی مەهدی. ئەم ڕایەی دوایی لەلایی من لە هەموو ڕایەكانی پێشتر ڕوونترە، چونكە پێنج یەك "خمس" مافی ئیمامە، ئیمامیش دیاری نەكردووە تا بەوشێوەیە خەرج بكرێت، هەر بۆیە دەبێت كەڵەكە بكرێت

تا کاتی دەرکەوتنی ئیمام یان تا ئەو کاتەی دەگاتە دەستی، یان بوونی ئەو کەسەی کە دەیگەیەنێتە دەستی، ئەمە وەك زەکات مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە هەر چەندە ئەو کەسانەی مافیان لە زەکاتدا هەبن ئەوا ئەرکی زەکات دەرکردن لا ناچێت، ناشبێت وەك خاوەنداریێتی ڕەفتار لەگەڵ زەکاتدا بکرێت کە مافی کەسانی ترە، بەڵکو پێویستە بە خود بپارێزرێت یان ڕادەستی ئەو کەسە بکرێت کە دەیگەیەنێتە ئەو چەند جۆرانەی کە شیاوی زەکات وەرگرتنن). زیاتر وتویەتی: (هاوەڵانمان لەم بوارەدا بۆیە ڕاجیاییان تێکەوت، چونکە هیچ دەربڕینێکی ڕاشکاو نییە تا پەنای بۆ بەرن)[1].

ئەم ناڕۆشنی و سەرگەردانییە سەبارەت بە بابەتی پێنج یەك (خمس) لە (سەردەمی پەنهان بوون)دا سەری کێشا بۆ دەرکەوتنی چەند ڕاو بۆچوونێکی نامۆی پێچەوانەی عەقڵ و قورئان وەك: هەڵپەساردنی پێنج یەك یان شاردنەوەی لە زەوی دا یاخود فرێدانی بۆ ناو دەریا و جیاکردنەوەو ڕاسپاردنی بە کەسێك تا دەرکەوتنی مەهدی، ئەمە ئەو ڕایەیە کە موفید و شەرعناسەکانی تر بە درێژایی مێژوو پەسەندیان کردووە، کەچی شەرعناسەکانی تر بۆچوونیان وابوو کە (پێنج یەك) بۆ شیعە لە سەردەمی (پەنهان بوون)دا ڕەوایە[2].

نوێژی هەینی قەڵای کۆتاییە کە کاریگەر بوو بە تیۆری (چاوەڕوانی) ئەمەش لە دوای داڕوخانی دەوڵەتی بوەیهییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی

---

(١) المفيد: المقنعة ٤٦.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی حەوتەمی بەندی یەکەمی بەشی سێیەمی ئەم کتێبە، کە لە چاپەکانی پێشوودا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها بگەڕێوە بۆ: جواهر الكلام للشيخ محمد حسن النجفي، كتاب الخمس ١٥٦ و ١٦٤ چ١.

پێنجەم. جا هیچ شتێکی نوێ لەم نوێژە مەزنەدا نەدەهاتە کایە مەگەر ئەو ڕاڤەیە نەبێت کە لەلایەن شەرعناسە ئیمامییەکان بڵاو بووەوە لەبارەی وشەی: (ئیمام) یان (ئیمامی دادگەر)، ئەم دوو چەمکەی ڕابردوویان کورت هەڵهێنا و ڕاڤەیان کرد بە (ئیمامی پارێزراو). ئەگەر ئەمە نەبووبا ئەوا شەرعناسە ئیمامییەکان نەیاندەوت: ئیمامی پارێزراو لەم سەردەمەدا پەنهانە، یەکێك لە مەرجەکانی ئەنجامدانی نوێژی هەینی ئامادەبوونی ئیمام یان ڕەزامەندییەکەیەتی، جا بەم پێیە ئەم زانایانە وتیان نوێژی هەینی یەکێك لە مەرجەکانی تێدا نییە، ئەویش بریتییە لە ڕەزامەندی ئیمامی مەهدی چاوەڕوانکراو. لە دەرنجامی ئەمەدا وتیان نوێژی هەینی لە (سەردەمی پەنهان بوونی ئیمام)دا قەدەغە یان پێویست نییە(١).

زۆرێك لە شەرعناسە دوایین و پاشینەکان لەسەر هێڵی ئەو زانایانە ڕۆیشتوون، کە دادگەریان بە مەرج داناوە لە ئیمامدا و وشەی (ئیمامی دادگەریان) ڕاڤە کردووە بە ئیمامی پارێزراو (مەهدی چاوەڕوانکراو)، بەمەش لە سەردەمی پەنهان بوونی ئیمامدا نوێژی هەینیان پەکخست، ئەمەش هەماهەنگە لەگەڵ تیۆری (چاوەڕوانی)، کە دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر دەستی جگە لەو ئیمامانەی پارێزراون و لەلایەن خودا دیاری کراون بە قەدەغە دەزانێت.

کەواتە تیۆری (چاوەڕوان کردنی ئیمامی مەهدی پەنهان) _ وەك لە لاپەڕەکانی پێشوودا بینیمان _ سەری کێشا بۆ ونبوونی خودی شیعە ئیمامییەکان لەسەر شانۆی ژیانی سیاسی، ئەمەش بە قەدەغە کردنی کاری

(١) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی هەشتەمی بەندی یەکەمی بەشی سێیەمی ئەم کتێبە، کە لە چاپی یەکەم و چاپەکانی تردا بڵاوکراوەتەوە.

سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەت لە (سەردەمی پەنهان بووندا)، ئەمەش وای کرد زۆرێك لە زانایان پاشگەز ببنەوە لە بیری توندی ئیمامی و فەرامۆش کردنی چاوەڕوانی توند و تۆڵ، یەکەم هەنگاو لەسەر ئەم ڕێگایە کردنەوەی دەرگای کۆشش (ئیجتهاد) بوو.

کۆشش (ئیجتهاد) لە بیری ئیمامی دا قەدەغەکراو بوو، چونکە پێی وابوو پرۆسەی یاسادانانی نوێ تەنها کاری (ئیمامە پارێزراوەکانە). هەر بۆیەش قوتابخانەی کۆنی خەبەری ئیمامی کۆششکردن (ئیجتهاد)ی لە دەرەوەی دەقدا بە قەدەغە دەزانی، هەر بەو شێوەیەش مایەوە تا کاتێکی زۆر دوای (پەنهان بوون)، ئەوپەڕی کاری کۆششکاری (ئیجتهادی) دەخولایەوە لە ناوەوەی دەقەکان پەسەند کردنی یەکێك بەسەر ئەوەی تردا و زانینی گشتی و هەمەکی (عام)، و تایبەت و هەندەکی (خاص) و ڕەها (مطلق) سنووردار (مقید) و هاوشێوەکانیان، هەروەها فەتواکانی زانایان وەك (عەلی کوڕی بابویەی صدوقی)، تەنها چەند گێڕانەوەیەك بوون کە لای ئەوان نرخیان هەیە و بەس.

بەڵام دوای دانانی بە پەنهان بوونی (ئیمامی دوازدەم) و تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ: (سەرچاوەی زانیاری خوایی) و ڕووداوی ڕووداوی نوێ و هاتنە کایەی مەسەلەی تازە کە پێویسیان بە وەڵام هەبوو، وای لێهات هەڵوێستی ئیمامییەکان لە بەرامبەر کۆشش (ئیجتهاد) گەشەی دەکرد و دەگۆڕا، ناچاربوون دەرگای کۆشش (ئیجتهاد) بکەنەوەو کار بە (پێوانە کردن: قیاس) بکەن. یەکەم کەس کە دانی بەمەدانا لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی حەسەنی کوڕی عەقیلی نوعمانی هاوچەرخی (کلینی) بوو. دواتر شێخ موفید لە سەرەتا سەدەی پێنجەمی کۆچی هات تا کار بە

کۆشش (ئیجتهاد) بکات لەگەڵ دوو قۆتابییەکەیدا سەید مورتەزا و شێخ توسی و بەمەش قوتابخانەیەکی بنەماگەرایی (ئصوڵی) دابمەزرێنن کە لەو کاتەوە ڕێگەی خۆی لە ژیاندا گرتووەتەبەر(١).

کردنەوەی دەرگای کۆشش (ئیجتهاد) هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ دەرچوون لە قەیرانەکە و پڕ کردنەوەی بۆشایی یاسادانان کە هاتبووە کایە لە ناو شیعە ئیمامییەکان لە دوای مردنی حەسەنی عەسکەری و پەنهان بوون یان لە دەستدانی ئیمامی دوازدەم، ئەمەش لە ژێر سێبەری کورت هەڵهێنانی کاری یاسادانان لە ئەستۆی ئیمامە پارێزراوەکان، کە پەوەستن بە سەرچاوەی زانیاری ڕاستەقینەی خوایی و قەدەغە کردنی پەنا بردنە بەر کارکردن بە ڕێگەی گوماندار یان ئاماژەکان وەك پێوانەکردن (قیاس) و کۆشش و هاوشێوەکانی، بۆ زانینی حوکمە شەرعییەکان. جا کردنەوەی دەرگای کۆشش (ئیجتهاد) وای کرد شیعەکان ڕزگاریان ببێت لە تیۆری (خۆپارێزە "توقیە" و چاوەڕوانی) و چاویش بخشێننەوە بە زۆرێك لە بەشەکانی زانستی فیقھ کە بەهۆی تیۆری (چاوەڕوانی) پەکخراون، پاڵی نان تا دوای پێشکەوتنەکان بکەون و وەڵامی بابەتە داهێنراو و هەنوکەییەکان بدەنەوە، هەروەك سەریشی کێشا بۆ هاتنە کایەی گەشەی ڕیشەیی لە بیری ئیمامی و فەرامۆش کردنی بە مەرجدانانی پارێزراوی و دەق و ڕەچەڵەکی عەلەوی حوسەینی لە ئیمامدا، تەنانەت وای کرد کە بڵێن حکومەت بۆ جگە لە ئیمامی پارێزراو دروستە یان پێویستە، هەڵهێنجانی تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) و تیۆرەکانی تریش کە شیعەکانیان گێڕایەوە سەر شانۆی ژیان.

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی یەکەمی بەندی دووەمی بەشی سێیەمی ئەم کتێبە، کە لە چاپی یەکەم و چاپەکانی تردا بڵاوکراوەتەوە.

لە پاڵ ئەم کارە مەزنەی کە شەرعناسە ئیمامییەکان لە سەرەتای سەدەی پێنجەم پێی هەڵسان، کە کردنەوەی دەرگای کۆشش (ئیجتهاد) بوو، هەڵسان بە هەڵهێنجانی تیۆرێك یان گریمانەیەك کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ئایندەی بیری سیاسی ئیمامی دا، ئەویش ئەو گریمانەیە بوو کە: (شەرعناسان بەپێی واقیع بریتین لە نوێنەری ئیمامی مەهدی). بەتایبەت لە بواری داد دا، ئەم گریمانەیە دەلاقە و پەنجەرەیەکی کردەوەو گەشەی کرد لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات و سەری کێشا بۆ واز هێنانی ئیمامییەکان لە بە مەرجی پارێزراوی و دەق لە ئیمامدا، دواتر پابەند نەبوون بە تیۆری (خۆپارێزی و چاوەڕان کردنی ئیمامی پەنهان) و لە دەرەنجامدا دانان بە تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە).

هەروەك زانراوە دادوەری بە یەکێك لە کارە گرنگ و بەهادارەکانی دەوڵەت دادەنرێ، جا لەبەر ئەوەی شیعە ئیمامییەکان تەنها ئەو دەوڵەتەیان بەشەرعی و ڕەوا دادەنا کە (ئیمامی پارێزراو و لەلایەن خودا دیاریکراو) ڕێبەرایەتی بکات، ئەوا دادوەریان بۆ جگە لە ئیمامی پارێزراو بە قەدەغە دانا، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك گێڕانەوەیان هێنا کە ڕێگە بە شەرعناسە شیعەکان دەدات بە بریکارو نوێنەرایەتی (ئیمامە پارێزراوەکان) کاری دادوەری ڕاییبکەن. بۆ نمونە:

١_ ئەو گێڕانەوە پەسەندکراوەی عومەری کوڕی حەنزەڵە لە (ئیمامی صادق "سڵاوی خوای لێبێت") کە تیایدا دەڵێت: (بەدوای کەسێکدا بگەڕێن کە فەرموودەکانی ئێمەی گێڕابێتەوەو حەلال و حەرام جیا بکاتەوەو حوکمەکانمان بزانێت ئەوا بە حوکمی ئەو کەسە ڕازی ببن، چونکە من بە دادوەری ئێوە دایدەنێم).

٢_ گێڕانەوە بەناوبانگەکەی باوکی خەدیجە کە بەهەمان شێوە لە (ئیمامی صادق "سڵاوی خوای لێبێت") هێناویەتی: (بەدوای کەسێکدا بگەڕێن کە هەندێك لە حوکمەکانی ئێمە بزانێت و بیکەنە دادوەری خۆتان تا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانتان بۆی بگەڕێنەوە).

ئەم ئاماژە و هێما گشتیانە کە لەو کاتەی ئیمامەکان ئامادەبوون خراونەتەڕوو قۆزراونەتەوە و بەکارهێنراون بۆ حوکمدان لەسەر دروستی پیادەکردنی دادوەری لەلایەن شەرعناسە شیعەکان لە سەردەمی (پەنهان بوون)دا، ئەم قۆستنەوەیەش بەهۆی وێکچوونی هەر دوو بارودۆخەکە بووە کە بریتی بووە لە زاڵ نەبوونی ئیمامەکانی و حوکمڕانی نەکردنیان، بەمەش شیعەکانی ئیمامی کێشەی دادوەریان لەسەردەمی پەنهان بووندا چارەسەر کرد.

شێخ موفید لەو گێڕانانەوانەدا ئەم گریمانەی هەڵهێنجا کە ئەویش ئەوەبوو کە: (شەرعناسان بەپێی واقیع بریتین لە نوێنەری ئیمامی مەهدی). جا ناوبراو لە (المقنعة، کتاب الحدود) وتویەتی: (ئیمامەکان ئەرکی دادوەریان سپاردووە بە شەرعناسان ئەگەر بارودۆخ گونجاو بێت و لە توانایان دابێت) زیاتر وتویەتی: (هەر کەسێکی ڕاستڕەو بە پشتیوانی ستەمکارێك بووە میری خەڵك، پێشتریش بە ڕووکەشی هەر میر بووبێت، ئەوا لە ڕاستیدا ئەو کەسە لەلایەن "مەهدی خاوەن سەردەمەوە" ئەو ئەرکەی پێ سپێرراوە کە بۆی بە ڕەوا زانیوەو ڕێگەشی پێداوە، چونکە مەهدی ئەم کارە نادات بە کەسی گومڕاو زاڵبوو)[1].

بەم شێوە شەرعناسەکانی تر وەك: مەقدسی ئەردەبیلی "_٩٩٣ك" و

---

(1) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی دووەمی بەندی دووەمی بەشی سێیەمی ئەم کتێبە، کە

شـێخ جەعفـەری کشـف ئەلغـەتا "_١٢٢٧ك" و شـێخ موحەممـەد حەسـەن نەجەفی "_ ١٢٦٦ك" وتویانە پێویستە کاتێك شەرعناسێك دادوەری دەگرێتە دەسـت. وا گریمانـە بکرێـت کـە بـە نوێنەرایـەتی ئیمـامی دوازدەی پەنهانـە، بۆچوونەکانی ناوبراوان لە بەشی سنوورداردا بـووەو، جیـا بـووە لـە بۆچـەکانی تریان، کە لە بەشەکانی تردا پێیەوە پابەند دەبـوون بـە تیـۆری: (خۆپـارێزی و چاوەڕوانی)، ئەمەش هۆکارێکی گەورە بوو تا دەربچن لە ڕا پەرت کەرەکان، جـا (گریمانــەی نوێنەرایــەتی ڕاســتەقینە) کــە لەلایــەن هەنــدێك لــە زانایانــەوە داهێنــرا، ئــەوا گریمانــەی ئــەوە کــرا کــە ئەگــەر هــاتوو حــوکمڕانی ســتەمکار شەرعناسـێك، یــان کەسـێکی دیکــەی ناچــارکرد بــۆ جێبــەجێ کردنــی ســزاو سـنوورەکان ئــەوا بــۆ ئــەم حاڵەتــە بنچــینەیەکیان داهێنــا کــە بــووە بنــەڕەتی گەشەپێکردنی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) و (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایـەت فەقیە) لە قۆناغەکانی تردا.

جا ئەگەر تیۆری: (خۆپارێزی و چاوەڕوانی) شۆڕشـکردن و دامەزرانـدنی دەوڵەت لە سەردەمی پەنهان بوونی ئیمامدا قەدەغە بکات، بـەم پێیـەش یاسـای فـەرمان بــە چـاکە و ڕێگـری لـە خراپـە بـە پلـە نزمـەکانیان سـنووردار کـرد، ئــەویش تــەنها بەسـتنەوەی یاسـای نـاوبراو بـە دڵ و دەروون و ڕاگەیاندنــەوە، بەرهەڵستی دەکات کە هێزێك بـۆ جێبـەجێ کردنـی یاسـاکە بـەکاربهێنرێت کـە دەبێتە هۆی بریندار بوون یان کوشتن، لە کاتێکدا ئەو تاکە دەوڵەتەی (ئیمـامی مەهدی) کە شەرعیە و دەکرێت ببێت و نەبێت. جا پابەند بوون بەم تیۆرە لـە سەردەمی پەنهان بووندا بۆ ماوەیەکی دوور کارێکی سـەخت بـوو، جـا ئـالێرەوە

---

لە چاپی یەکەم و چاپەکانی تردا بڵاوکراوەتەوە.

شیعە بەکردارو پلەبەندی تیۆری (خۆپارێزی و چاوەڕوانی)یان پشتگوێ خست و لێرەو لەوێ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دادەمەزراند. پێویستیش بوو شەرعناسان یاسای فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە پێشبخەن و گەشەی پێبدەن، ئەو مەرجانە کەم بکەنەوە کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم جێبەجێ کردنی. لەوانەیە یەکەم کەس کە هەوڵی دا لە ئەشکەوتی پەنهان بوون لە بواری فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە بچێتە دەرەوە بریتی بوو لە سەید مورتەزا، توسی لە کتێبی (الإقتصاد) لە ناوبراو دەگوازێتەوە کە پێی وابوو دەکرێت کوشتن و بریندارکردن ئەنجامبدرێت لە پێناو فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە لە سەردەمی پەنهان بووندا، بێ ئەوەی پێویست بە ڕەزامەندی ئیمام بکات.

دواتر حەمزەی کوڕی عەبدولعەزیزی دیلەمی "سالار" و(موحەممەدی کوڕی ئیدریس خاوەنی کتێبی (السرائر) و زانای بلیمەت حیلی و یەحیای کوڕی سەعید و مەقدیسی ئەردەبیلی و شێخ موحەممەد حەسەن فەیزی کاشانی شوێن بۆچوونەکەی سەید مورتەزا کەوتن.

لەگەڵ گەلاڵە بوونی ئەو تیۆرەی کە دەڵێت: (شەرعناسان بریتین لە نوێنەری گشتی ئیمامی مەهدی) یان لەگەڵ پشکوتنی تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) ئەوا ئەم بۆچوونە بەهێز بوو کە کوشتن و بریندار کردنی لە فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپەدا بە دروست دەزانی بە ڕەزامەندی شەرعناسی بریکار یان (نوێنەری ئیمام).

ئەمە لە بواری فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە، هەروەها لە بواری تێکۆشان (جیهاد)ی سەرەتایی، سەرباری ئەوەی شەرعناسە ئیمامییەکانی شیعە خۆیان ڕزگار کردبوو لە تیۆری (خۆپارێزی و چاوەڕوانی) لە ماوەی

سەدەکانی دواییدا و لە زۆرێك لە بوارەکاندا، کەچی هەڵوێستی گشتی هەر نەرێنی بوو و هیچ پێشکەوتنێك نەهاتە کایە شایەنی باس بێت تەنها لە ساڵانی دوایی نەبێت. نەمبینی یەکێك لەبارەی ڕەوایی تێکۆشان (جیهاد) لە سەردەمی پەنهان بووندا بدوێت جگە لە سەید موحەممەد حوسەینی شیرازی نەبێت کە باوەڕی بە تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) هەبوو[١].

شیعە ئیمامییەکان هەنگاوێکی تر بەرەو پێشەوەچوون، لەسەر ڕێگای خۆ ڕزگارکردن لە تیۆری چاوەڕوانکردنی ئیمامی پەنهان (ئیمامی دوازدەم)، بۆیە حوکمی (پێنج یەك: خمس) لە ڕەوایی و ڕێپێدانەوە گوازرایەوە بۆ پێویست بوون. هەر لە زووەوە لە بۆچوونی ڕەوابوونی (پێنج یەك) هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشە کرا.

هەنگاوی یەکەم بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی ئەوەی (پێنج یەك: خمس) لە سەردەمی پەنهان بووندا پێویستە، لەگەڵ ئەوەی بۆچوونیان وابوو پێویستە ژێرخاك بکرێت یان بپارێزرێت تا کاتی دەرکەوتنی مەهدی، یاخود لە دوای مردنی یەك لە دوای یەك بە ئەوەی تر ڕاسپێررێت تا کاتی دەرکەوتنی ئیمام.

هەنگاوی دووەم بریتی بوو لەوەی دەبێت (پێنج یەك: خمس) ڕادەستی شەرعناسەکان بکرێت تا بیپارێزن تاکو کاتی دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی. پاشان ڕایانگەیاند کە خودی شەرعناسان بۆیان دروستە پارەکە بەسەر خاوەن پێداویستی و هەژارو نەدارەکاندا دابەش بکەن.

شێخ (حەسەن فەرید "١٣١٩_١٤١٧ك") هەڵسا بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێك بەسەر بەش و بابەتی (پێنج یەك: خمس)، ئەمەش کاتێك مافی

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی سێیەمی بەندی دووەمی بەشی سێیەمی ئەم کتێبە، کە لە چاپی یەکەم و چاپەکانی تردا بڵاوکراوەتەوە.

(پێنج یەك)ی لە ئیمامی مەهدی سەندەوە بە هۆی پەنهان بوونی و هەڵنەسانی بە ئەرکی ئیمامەت، هەروەها ناوبراو وتی: دەکرێت وەك فەرمان بەچاکە و ڕێگری لەخراپە یەکێك لە خەڵکی هەڵسێت بە وەرگرتنی (پێنج یەك) و دابەشی بکات، چونکە یەکێکە لەو کارانەی دەچنە بازنەی فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە بە شێوەیەکی ئاشکرا و ئیمامیش کەسێك یان پۆلێکی دیار نەکردووە کە لە کاتی پەنهان بوونی دا سەرپەرشتی کاری وەرگرتن و دابەش کردنی (پێنج یەك) بکەن[1].

---

(1) هەروەك لە (الرسالة في الخمس ٨٣_٨٦) وتویەتی:( یاساکە وا دەخوازێت کە نیوەی بەشی ئیمام (سڵاوی خوای لێبێت) پێی نەدرێت و پەکبخرێت، چونکە گومان لەوەدا نییە کە ئەو بە هۆی مافی سەرۆکایەتی و ئیمامەتەوە شایەنی وەرگرتنی ئەم ئەندازەیە بووە، بۆیە بە مردنی ئەو مافەکە دەگوازرێتەوە بۆ ئیمامی دوای ئەو نەك بۆ میراتگرەکانی، جا ئەگەر ئیمام لەبەرچاوی خەڵك ون بوو و هەڵنەسا بە ئەرکی ئیمامەت ئەوا لە ڕووکەش و لایەنی دەرەکی ئیمامەتەکەی نەماوە، مافەکەیشی بە نەمانی بابەتەکەی نامێنێت). هەروەها زیاتر وتویەتی: کێشە لە پێویستی گەیاندنی نیوەی پشکی ئیمام (سڵاوی خوای لێبێت) نییە چ بە بریکارەکەی بگەیەنرێت لەکاتی ئامادە بوونی خودی ئیمام یان لە دوای پەنهان بوونی دا ئەگەر دان بنێین بە: (ویلایەت فەقیھ) بە ڕەهایی و نوێنەرایەتی گشتی ئیمام، ئەوا شەرعناس دەسەڵاتی بەسەردا هەیە، جا ئەگەر بشڵێین شەرعناس دەسەڵاتی بەسەردا نییە بەڵکو تەنها کاری فەتوادان و دادوەرییە، ئەو کاتە پێویستە یەکێك لەو کەسانە پێی هەڵسێت کە فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە دەکات، چونکە ئەمە دەچێتە چوارچێوەی بابەتی فەرمان بەچاکە و ڕێگری بە ئاشکرا، ئیمام لە پەنهانییەکەیدا کەسێك یان بەشێکی خەڵکێکی تایبەتی دیاری نەکردووە تا بەو کارە هەڵسێت، ئەمەش کارێك نییە کە تاك تاکەی خەڵکی پێی هەڵسن، بەڵکو ئەمە یەکێکە لەو کارانەی کە دەبێت دادوەر بەڕێوەی ببات... جا ئەو شەرعناسەی مەرجەکانی تێدا کۆبوونەتەوە ئەوا پێویستە بەو کارە هەڵسێت، چونکە شەرعناسەکە لەو ئاستەدایە کە دڵنیایی دەدات بەدەستەوە لەبارەی ڕاپەڕاندنی کارەکە و دابەشکردنی (پێنج یەك) بەسەر ئەو کەسانەی مافیانە، جا بۆیە پێویستە شەرعناس بەم کارە هەڵسێت. وەك فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە، ئەگەر دەتەوێت بڵێ: شەرعناس دەسەڵاتی خەرج کردنی (پێنج یەك)ی هەیە بەو کەسانەی پێیان دەشێت، بەڵام ڕەوایی ئەم دەسەڵاتەی شەرعناسەکە لە

لەگـەڵ پێشـکەوتنی تیـۆری (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایـەت فەقیـە) پێویست بوو حوکمی نوێژی هەینی پێشبکەوێت، بگۆڕدرێت لـە حەرامـەوە بـۆ پێویست و فەرز بوون یان دروست بـوون. جـا ژمارەیـەك لـە زانایـان هەوڵیانـدا خۆیـان ڕزگـار بکـەن لـە تیـۆری (چاوەڕوانی) کـە ڕەزامەنـدی ئیمـامی پـەنهانی بەمـەرج دادەنـا بـۆ کردنـی نوێـژی هـەینی، ئـەو ژمـارە زانایانـە هەوڵیانـدا بگەڕێنەوە بۆ قورئانی پیرۆز کە بە ڕەهـایی فـەرمان دەکات بـە کردنـی نوێـژی هـەینی و هـیچ مـەرجێك دانانێـت و نایبەسـتێتەوە بـە ئیمـامی (پـارێزراو)ی پەنهان.

سـەرەڕای ئـەوەی کـوڕی ئیدریسـی حیلـی بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کـە: یەکدەنگی شیعە ئیمامییەکان لەسەر ئەوەیە نابێت نوێژی هەینی لە سـەردەمی پەنهان بووندا بکرێت. ئەوا ژمارەیەك لە زانایان هەڵسان بە پوچەڵ کردنەوەی ئەم هەڵوێستە نەرێنییەی لە بەرامبەر نوێژی هـەینی هـەبوو، لەوانەشـە زانـای لێکۆڵـەر حیلـی یەکـەم کـەس بـووە کـە هـەوڵی داوە دەربچـێت لـە تیـۆری (چاوەڕوانی) لەو بەشەی پەیوەسـتە بـە نوێـژی هەینییـەوە، لێکۆڵـەری نـاوبراو وتـی: ئەگـەر خـەڵك بتـوانن کۆببنـەوە ئـەوا واباشـە نوێـژی هـەینی ئـەنجام بدرێت[1]. بەمەش ئـەو کۆسـپەی تێکشکاند کـە بانگەشـەی بـۆ دەکـرا کـە گوایـە یەکدەنگی هەیە لەسەر قەدەغە بوونی نوێژی هەینی.

---

قورئان و سوننەتەوە سەرچاوە نەگرتووە بەڵکو لە پێویستی و فـەرمان بـە چاکە و ڕێگری لـە خراپـە سەرچـاوەی گرتـووە. واتـە: پێویسـتی ئـایینی دەسـەڵاتی شەرعناسـەکەی دەرخسـتووەو ڕەوایـی پێـداوە. لـەوەی باسمـان کـرد دەکرێـت ئـەوە دەربکـەوێت: شـەرعناس دەسـەڵاتی حـەڵاڵ کردنی پێنج یەکی هەیە ئەگەر پێویستی کرد لـەو بـوارەی کـە خەبـەرو هەواڵـەکان باسـیان لـە حەڵاڵییەکەی نەکردووەتەوە.

(1) المختصر النافع ٣٦.

لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی شەرعناسان) لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی، هەندێك لە زانایان ڕێگەیەکیان دۆزیەوە بۆ دەرچوون لە تیۆری (چاوەڕوانی)، بۆیە وتیان دروستە شەرعناسان نوێژی هەینی بەرپا بکەن بەو پێیەی بریتین لە نوێنەرانی ئیمامی مەهدی. ئەمەش ڕێگەخۆشکەربوو لەبەردەم شەرعناسان تا بڵێن نوێژی هەینی پێویست و فەرزە، بەتایبەت لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی صەفەوییەکان لە وڵاتی فارس.

شەهیدی دووەم (_٩٦٥ك) هەوڵی دا خۆی ڕزگار بکات لە گرێ و گۆڵی (ڕەزامەندی ئیمام) لە بارەی نوێژی هەینی، بەوەی ڕەزامەندی ئیمامی تەنها لەو کاتەدا کورت کردەوە کە ئیمام ئامادە بێت، بەپێچەوانەوە لە سەردەمی پەنهان بووندا ئەوا هەر لە بنەڕەتدا ڕەزامەندی ئیمام پێویست ناکات، ناوبراو لە پەیامێکیدا کە لەسەر پێویست بوونی نوێژی هەینی نوسیوویەتی ڕەخنەی لە بارودۆخی لاسایی کوێرانە و ڕووخاندنی ئایین بە گومانەکان گرت، تەنانەت هێرشێکی توندی کردە سەر ئەوانەی خەمساردی دەکەن لە بەرپاکردنی نوێژی هەینی دا، سکاڵای ئەوەشی کرد کە بەهۆی ئەو کەسانەی دەڵێن نوێژی هەینی قەدەغەیە تووشی ئێش و ئازار بووەتەوە، وتیشی: (زانایانی ئیسلام لە تێکڕای سەردەمەکان و لە سەرجەم وڵات و هەرێم و شارەکان بەشێوەیەکی گشتی یەکدەنگن لەسەر پێویست بوونی خودی نوێژی هەینی، بەڵام ڕاجیاییان هەیە سەبارەت بە مەرجەکانی... لەگەڵ ئەوەشدا هاندان و فەرمان کردن بە ئەنجامدانی نوێژی هەینی بە چەندین جۆری جەخت کردنەوە لە قورئان و سوننەتدا جەختی لەسەر کراوەتەوە کە هاوشێوەی ئەو جەختکردنەوەیە

لەسەر هیچ پەرستشێکی تر نەکراوەتەوە)[1].

بەم شێوەیە (شەهیدی دووەم) هەنگاوێکی مەزنی بەرەو پێشەوە هاوێشت لە پێناو خۆڕزگارکردن لە کۆت و بەندی تیۆری (چاوەڕوانی)، ئەمەش بە شیکردنەوەی تیۆرەکە یان بەهۆی ئەوەی نوێژی هەینی لە سەردەمی پەنهانی دا لەسەر کەسانی تر جگە لە شەرعناسانیشی پێویست کرد.

لەوەتەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئێران دامەزراوە، شیعەی ئیمامی لێرەو لەوێ بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستیان کردووە بە بەرپاکردنی نوێژی هەینی.

## گەشەسەندنی تیۆرە سیاسییەکانی شیعە لە سەردەمی پەنهان بووندا

ئەم هەوڵە بوێرانە بۆ دەرچوون لە قەیرانی: (چاوەڕوانکردنی مەهدی)، کە ئیمامییەکان تێی کەوتبوون لە دەرەنجامی بە مەرج دانانی پارێزراوی و دەق لە ئیمام دا و گریمانە کردنی بوونی ئیمامی پارێزراو و پەنهان. سەرکەوتوو بوون بە شیوەیەکی مەزن بەوەی توانیان دەرگای کۆشش (ئیجتهاد) بکەنەوەو ڕێگەیاندا سزاو سنوورەکان جێبەجێ بکرێن و فەرمان بکرێت بە چاکە و ڕێگری بکرێت لە خراپە و پێنج یەك (خمس) و زەکات بدرێت و ڕێگە بدرێت بە کردنی نوێژی هەینی یان بە پێویست بزانرێت لە (سەردەمی پەنهان بووندا)، ئەم شتانەی کە ئیمامییەکانی لە سەرەتادا چەقبەستوو کرد لە چاوەڕوان کردنی دەرکەوتنی (ئیمامی مەهدی): (تاکە حوکمڕانی شەرعی و ڕەوا کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی هەیە).

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی شەشەم بەندی دووەم بەشی سێیەمی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە.

ئـەم هەوڵانـە بەشـێوەیەکی جیـا جیـاو پلەبەنـدی بـەش بـەش و دەروازە دەروازە پـەلیان هاوێشـت، بـەڵام هـەنگاوەکان ئەوەنـدە بـەرز نەبوونـەوە کـە کێشەکان لە ڕیشەوە چارەسەر بکەن، بـەوەی لـە بنەڕەتـدا هـەر نەیکۆڵیـەوە لـە بابەتی (ئیمامەت) و (پەنهان) بوون. لەگەڵ ئەوەشدا زانایـان هەوڵیانـدا پـەرەو گەشە بەم تیۆرە سیاسیە بـدەن کـە جێگـرەوەی ئیمامـەت و ئیمـامی مەهدییـە، ئەمـەش لـە میانـەی گریمانـەکردنی نوێنەرایـەتی واقیعـی یـان ڕاسـتەقینەی ئیمامی پەنهان لە بواری سنووردارا. ئـەم تیـۆرە گریمانـەکراوە سادەیە کـە لـە سەرەتای سـەدەی پێنجـەم لـە دایکبـوو گەشـەی کـرد تـا بـووە تیـۆرێکی سیاسـی تەواوکـەر لـە کۆتـای سـەدەی چـواردەمی کۆچـی لـە ژێـر نـاوی (دەسـەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە).

## تیۆری: نوێنەرایەتی حوکمڕانی

لە کاتێکدا تیۆری (نوێنەرایەتی حوکمڕانی) بە شێوەیەکی سست و هێـدی و بە وێنەیـەکی بـەش بـەش و سـنووردار نـەش و نمـای دەکـرد، لەسـەر دەسـتی زانایانی (حیلە) و (جەبەل عامل) لە سـەدەکانی حەوتـەم و هەشـتەمی کۆچـی، ئەوا واقیعی سیاسیی شیعە پێشـدەکەوت دوور لـە بـیری ئیمـامی... لـەو کاتـەدا شۆڕشی (سەربەداریە) لە نیسابور بەرپابوو، ئەم شۆڕشە دەوڵەتێکی دامەزرانـد کـە پـەنجا سـاڵ مایـەوە، هـەر لـە سـاڵی ٧٣٨ک تـا سـاڵی ٧٨٢ک، تەنانـەت شیعەکان هەڵسان بە دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان لـە مازەنـدەران و خوزسـتان و باشوری عێراق.

پاشان بزوتنەوەیەکی نوێ لە شاری تەبرێز لەسەر دەسـتی صـەفەوییەکان

بــە ســەرکردایەتی ئیســماعیلی کــوڕی صــەفیەدینی کــوڕی حەیــدەر هەڵگیرســا، ناوبراو لە ساڵی ٩٠٧ك دەوڵەتی صەفەوییەکانی ڕاگەیاند، بـەڵام پێویسـتی بـە تیۆری سیاسی شەرعی شیعەی هەبوو. لەبـەر ئـەوەی تیـۆرە گریمـان کراوەکـەی نوێنەرایــەتی گشــتی شەرعناســان گەشــەی نــەکردبوو تــا ئاســتی دامەزرانــدنی دەوڵەت.

جــا کاتێــك صــەفەوییەکان دەســتیان بــە جوڵانــەوەی ســەربازی کــرد بــۆ دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەتی خۆیان... بینیان تیۆری چاوەڕوان کردنـی ئیمـام نــە عــەقڵ و نــە واقیــع پەســەندی ناکــات، بــەڵکو تیۆرەکــە کۆســپێکی مەزنــە لەبەردەم هیواو ئاواتەکانیان.. سەرباری ئەوەی کە صەفەوییەکان ماوەیەك بوو ڕایانگەیاندبوو کە پابەندن بە مەزهەبی دوازدە ئیمامی، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا تیۆری (ئیمامەتی خواییان) تەواو وەرنەگرت بوو و تێی نەگەیشتبوون، چونکە تیــۆری نــاوبراو پــارێزراوی و دەق بــە مــەرج دادەنێــت لــە ئیمامــدا، جــا بۆیــە صــەفەوییەکان ئــەم تیۆرەیــان گواســتەوە بــۆ تیــۆرێکی مێــژوویی، بــە کــردار تیۆرەکـەیان ڕەتکـردەوە... ئەمـەش بـەوەی ڕێگەیانـدا بـە سـەرکردەکانیان کـە پــارێزراو نــین و لەلایــەن خوداشــەوە دیــاری نــەکراون دەســت بگــرن بەســەر حوکمڕانی دا هەڵسن بـە ئـەرکی ئیمامـەتی تـەواو وەك چۆن (ئەمەوییـەکان و عەباسییەکان و عوسمانییەکان) ئەمـەیان کـرد. فـەرامۆش کـردن و بـەڕێکردنی تیۆری چاوەڕوانکردنی ئیمام لەلای صەفەوییەکان شتێکی سەخت نەبوو.

ئــەزموونی دەوڵــەتی صــەفەوی لــە قۆنــاغی یەکەمیــدا (لــە ڕۆژانــی شــا ئیسماعیلی کوڕی صەفیەدین) جیاواز بوو لەگەڵ ئەزموونە سیاسـیە کۆنـەکانی شــیعە وەك: دەوڵــەتی (بوەیهییــەکان و ســەربەدارییەکان و مەرعیشــیەکان و موشەعشـەعەکان)، ئـەزموونی ئـەم دەوڵەتانـە ئـەزموونی تـەواو سیاسـی بـوون،

واتە: بیروباوەڕی و بیری نەبوون، کەچی دەوڵەتی صەفەوییەکان هەوڵی دەدا خۆی بخاتەڕوو وەك دەوڵەتێکی بیروباوەڕی و وابەستە بە دوازدە ئیمامەکان بە شێوەیەکی ڕۆحی و غەیبی. بۆیە دەوڵەتی صەفەوییەکان گەشەیەکی کودەتائاسا بوو لە بیری سیاسی شیعەدا، بەوەی شیعەکان لە تیۆری چاوەڕوانی نەرێنیەوە گواستەوە بۆ سەر تەختی حوکم و دەسەڵات. شا ئیسماعیل گەشەی دا بە بیری سیاسی نوێ کە هەوڵی فەرامۆش کردنی بیرەی (خۆپارێزی و چاوەڕوانی) دەدا، بۆیە ڕۆژێك شای ناوبراو بانگەشەی ئەوەی کرد کە مۆڵەتی وەرگرتووە لە (خاوەنی سەردەم: مەهدی چاوەڕوانکراو) بۆ شۆڕش کردن و دەرچوون دژی میرە تورکەکان کە حوکمی ئێران دەکەن، کاتێك ڕۆژێك شای ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵە صەفەوییەکانی بۆ ڕاوکردن دەرچوو بوون لە ناوچەی تەبریز، بەلای ڕووبارێکدا ڕۆیشتن، شا داوای لەوان کرد ڕابوەستن و بە خۆی لە ڕووبارەکە پەڕیوەو چووە ناو ئەشکەوتێکەوە... کاتێك لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە شمشێرێکی بەدەستەوە بوو و بە هاوەڵەکانی ڕاگەیاند کە لە ئەشکەوتەکەدا (مەهدی خاوەن سەردەمی) بینیوەو پێی ڕاگەیاندووە: (ئێستا کاتی دەرچوونە) و گوایە مەهدی پشتی ئەوی گرتووەو سێ جار بەرزی کردۆتەوەو دواتر لەسەر زەوی داینااوەو پشتێنەکەی بە دەستی خۆی توووند کردووەو خەنجەرێکی لەبەر پشتێنەکەیدا داناوەو پاشان پێی وتوە: (برۆ من مۆڵەتم پێدای)[1].

دواتر شای ناوبراو بانگەشەی ئەوەی کرد کە لە خەونندا ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب "سڵاوی خوای لێبێت" بینیوە، گوایە ئیمامی ناوبراو شای

(1) تأريخ شاه إسماعيل ٨٨، طبع مركز تحقيقات فارس إيران و باكستان، إسلام آباد. وعالم آراي صفوي ٦٤.

هانداوە بۆ هەڵسان بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی شیعە. ئەمەش یەکێك بوو لەو هەوڵانەی شا بۆ خۆ ڕزگارکردن لە تیۆری چاوەڕوان کردنی ئیمام. بەم پێیە شا ئیسماعیل خۆی بە (نوێنەری خودا و جێگری پێغەمبەرو دوازدە ئیمامەکان و نوێنەری ئیمامی مەهدیی پەنهان) دادەنا[1].

دەرکەوتنی ئەزموونی صەفەوییەکان لە دەرەنجامی بۆشایی سیاسی بوو کە ئەو کات زاڵ ببوو بەسەر شیعەکاندا لە ژێر چەتری تیۆری چاوەڕوانی نەرێنی کەناگیر.

لەبەر ئەوەی بانگەشەکەی شا ئیسماعیل سەبارەت بە ناساندنی خۆی وەك نوێنەرو جێگری ئیمامی مەهدی مەترسیدار بوو، پێگەیەك بوو کە ململانێی لەگەڵ ڕۆڵی شەرعناسان دەکرد، ئەوا شێخی لێکۆڵەر عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی عەبدولعالی کەرکی بەرەنگاری شابووەوە، شێخی ناوبراو گەشەیدا بەو تیۆرەی کە دەڵێت: (شەرعناسان بریتین لە نوێنەری گشتی ئیمامی مەهدی) لە تیۆرێکی بەشی سنوورداری نا سیاسیەوە بۆ تیۆرێکی سیاسی پێشکەوتوو، ناوبراو بانگەشەی ئەوەشی کرد کە خۆی نوێنەری ئیمامە و تاکە کەسی خاوەنی مافی شەرعییە لە حوکمڕانیدا. توانی کاریگەری بکاتە سەر شا تەهماسبی کوڕی ئیسماعیل و پاڵی پێوەبنێت تا ملکەچ بێت بۆ ئەوەی کە شێخ وەك نوێنەری گشتی ئیمامی مەهدی بناسێنێت، مۆڵەتی لێوەرگرت بۆ بەڕێوەبردنی حوکمڕانی[2].

---

(١) راجر سيوري: إيران في العصر الصفوي ٢٦ و ٢٩.

(٢) سەید نیعمەتوڵای جەزائیری لە سەرەتای کتێبەکەیدا (شرح الغوالي اللآلي) دەڵێت: کاتێك شێخ کەرکی چووە ئەصفەهان و قەزوین لەسەردەمی حوکمڕانی دادگەر تەهماسب، ئەوا حوکمرانی ناوبراو شێخ کەرکی کردە دەسەڵاتدار و پێی وت: تۆ لەمن شایەنتری لە گرتنە دەسەتی جڵەوی

هاوپەیمانی شێخ کەرکی لەگەڵ دەوڵەتی صەفەوییەکان ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی توونـدی ژمارەیەکی زۆر لە زانایان بووەوە وەك: شەهیدی دووەم و مەقدیسی ئەردەبیلی و شێخ ئیبراهی قوتەیفی و مەلا موحەممەدئەمینی ئیستەرئابادی و مەلا موحەممەدی تاهیری قومی و شەرعناسانی تری جگە لەمانەش، ئەمەش لەبەر ئەوەی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) ئەوەنـدە گەشەی نەکردبوو تا ببێتە جێگرەوەی تیۆری (ئیمامەتی خوایی) بەڵکو هێشتان هەر سنووردارو بەشی و لاوەکی بوو، کورت هەڵهاتبوو لە فەتوادان و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەرستشەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا تیۆری (مۆڵەتدان بە حوکمڕانان) شەرعییەتی تەواوی نەدەدا بە ڕژێمی حوکمڕان، چونکە هێشتا شەرعناسان پادشا و حوکمڕانانیان هەر بە زەوتکەری مافی ئیمامەت دەناساند کە تایبەتە بەو ئیمامانەی پارێزراون و لەلایەن خوداوە دیاریکراون، شەرعناسەکان بەوانەشیانەوە کە یارمەتی دەوڵەتی صەفەوییەکان یان جێگرەوەکەی: قاچارییەکانیاندا، هەر کاریگەر بوون بە تیۆری (چاوەڕوانی ئیمام) لە چەندین ڕووەوە. بەڕاستی ئەمەش بووە هۆی هاتنە کایەی گەشە لەلایەن شەرعناسان و حوکمڕانانەوە لە فرە لایەنەکانەوە لە پێناو پێشخستن و پەرەپێدانی تیۆری سیاسی و چارەسەرکردنی گرێ و گۆڵە شەرعیە درێژخایەنەکان کە لە بیری سیاسی شیعەدا دروستبووە لە ژێر تارمایی (پەنهان بوونی ئیمام)دا.

---

حوکمڕانی، چونکە تۆ نوێنەری ئیمامی، منیش دەبمە یەکێك لە کرێکارو فەرمانبەرەکانت، فەرمان و ڕێگرییەکانت جێبەجێ دەکەم، شێخ کەرکی مۆڵەتی بە شا تەهماسبدا بە بریکار حوکمڕانی وڵات بکات بەو پێیەی نوێنەری ئیمامی مەهدییە، شا شێخی ناونا بە نوێنەری ئیمامی مەهدی و بە شێخی ئیسلامی دیاری کرد. بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی

لەگەڵ گەشەکردنی واقیعی سیاسی شیعە، هەروەها بوونی گومان لەبارەی دروستی ئەو تیۆرەی کە دەڵێت: (شەرعناسان بریتین لە نوێنەری گشتی ئیمامی مەهدی) هەندێك لە شەرعناسان دەستپێشخەرییان کرد بۆ بانگەوازی کردن بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی شارستانی کە عەقڵ پەسەندی بکات، جا سەید موحەممەد باقر سەبزواری "١٠١٨ك_١٠٨٠ك" هەڵسا بە دامەزراندنی سیستەمێکی حوکمڕانی سەربەخۆ، هەوڵیشی دا تیۆری پەنهان بوونی ئیمام و چاوەڕوان کردنی ئیمام پشتگوێ بخات کە پارێزراوی و دەق بە مەرج دادەنێن لە ئیمامدا، لەم بارەوە وتویەتی: (هیچ سەردەمێك بێ بەڵگە نابێت، بەڵام لە هەندێك کاتدا لەبەر هەندێك بەرژەوەندی و سوود بەڵگەکە لە پێش چاومان ون دەبێت، سەرباری ئەمەش جیهان لە فەرو بەرەکەت و میهرو لوتفەکانی بێ بەش نییە... ئێمە ئێستا لە خولی پەنهان بووندایین و هیچ حوکمڕانێکی دادگەرو بەهێزیش نییە تا جیهان بەڕێوە ببات، جا کاروبارەکان سەر دەکێشن بۆ ئاژاوەو گەڕە لاوژێ و ئاشوب و ژیان لەلای هەر کەسێك وای لێدێت بەرگە ناگرێت، بۆیە پێویستە خەڵکەکە ملکەچی دەسەڵاتی حوکمڕان و پاشایەك بن کە بە دادگەری حوکم دەکات و شوێن پێ و ڕێبازی ئیمام هەڵدەگرێت)[١].

## کاردانەوەی ئیمامییەکان ( خەبەرییەکان )

دامەزرانی دەوڵەتی صەفەوییەکان لە سەدەی دەیەمی کۆچی، گەشەپێدانی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی شەرعناسان) بۆ تیۆرێکی سیاسی..

---

دووەم بەندی سێیەم بەشی سێیەمی چاپەکانی پێشووی ئەم کتێبە.

(١) حمید عنایت: تفکیر نوین سیاسي إسلام ٢٣٩. من الطبعة الأولى.

ئەمە بووە هۆی ڕوودانی درزێکی قووڵ و توونـد لـە نـاو کۆمەڵگەی شیعەی دوازدە ئیمامی... ئەمەش ناسراوە بە ململانێی خەبەری _ بنەماگەرا (أصولی)، کە چەند سەدەیەك درێژەی کێشا. ململانێکە لەبارەی شتێکی لاوەکی سادە نەدەخولایەوە... بەڵکو پەیوەست بوو بە بابەتێکی بنەڕەتی کە دەچووە چوارچێوەی بابەتی شوناسی بیروباوەڕی... لە ڕاستیدا ئەمە ململانێیەك بوو لە نێوان کۆنپارێز (المحافظین) و نوێخوازەکان... لە نێوان هێڵی ئیمامی کە بە وردی پەیوەست بوو بە تیۆری (چاوەڕوانی) و هێڵی شیعەی خۆڕزگارکەر لە مەرجە سەختەکانی ئیمامەت وەك پارێزراوی و دەق و خۆ ڕزگارکردن لە تیۆری (چاوەڕوانی).

بیری ئیمامی دوو ئەرکی سەرەکی دەدایە ئیمام کە بریتین لە: یاسادانان و جێبەجێکردن و ڕابەرایەتی کردنی موسڵمانان، ئەرکی ئیمامەت کورت دەکاتەوە لەو (ئیمامە پارێزراوانەی لەلایەن خوداوە دیاری کراون) و بۆ هیچ کەسێکی بە دروست نەدەزانی کە بە هیچ کارێکی ئیمامەت هەڵبستێت... کاتێك هەندێك لە شەرعناسان ناچار بوون لە سەدەی پێنجەمی کۆچی دەرگای کۆشش (ئیجتهاد) بکەنەوە، خەبەرییەکان یان (ئیمامییە پێشینەکان) پەنابردنە بە کۆشش (ئیجتهاد)یان بە دەرچوون دانا لە هێڵ و ڕێبازی ئیمامییەکان، چونکە بنچینەیەکی سەرەکی تیۆری ئیمامەت دەڕوخێنێت کە زانستی خوایی لە حوکمەکانی ئایندا بە مەرج دادەنێت و کاری یاسادانان و فەتوادان تەنها بەکاری (ئیمامی پارێزراو لەلایەن خودا دیاری کراو) دادەنێت. کاتێك زانا پاشینەکان دانیاننا بە تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی سیاسی) ئەوا خەبەرییەکان (یان جوانتر بڵێین: ئیمامییەکان) کاری سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەت و پیادەکردنی کارەکانی بە زەوتکردنی دەسەڵات و مافی (ئیمامی

پارێزراو) دانا و ڕایانگەیاند کە ئەمە ڕووخاندنی بنچینەی دووەمی تیۆری (ئیمامەتی خواییە) کە بریتییە لە (جێبەجێکردن). ئا لێرەوە بەرهەڵستی کردنی خەبەرییەکان کۆگیر بوو لەسەر بنەمای تیۆری ئیمامەت کە یاسادانان و جێبەجێ کردن لە دەرەوەی دەسەڵاتی (ئیمامی پارێزراو) بە قەدەغە دادەنا، جا خەبەرییەکان کۆششکارەکان و شوێنکەوتووانی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی یان دەسەڵاتی شەرعناس "ویلایەت فەقیە")یان بە دەرچوو دادەنا لە بیری ئیمامی.

## تیۆری دەسەڵاتی شەرعناس (ویلایەت فەقیە)

سەدەی سێزدەمی کۆچی و بەتایبەتی لە دوای لەناوچوونی دەوڵەتی صەفەوییەکان، هەڵکشان و بووژانەوەی بنەماگەرا (ئصوڵی) بەخۆیەوە بینی، لێرە و لەوێش زانایان هەڵسان بە جێبەجێ کردنی سنوورو سزاکان و پیادەکردنی دادوەری و فەتوادان و گرتنە دەستی جڵەوی کاروباری خەڵك و سەرپەرشتی کردنی سامانی هەتیو و شێت و کەسانی گێل و کەم فام و دابەش کردنی پێنج یەك (خمس) و زەکات و پیادەکردنی کاروبارەکانی تری حکومەت.

ئەمەش وای کرد تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) لە مۆڵەت دان بە حوکمڕانان گەشە بکات بۆ ئەوەی شەرعناسان خۆیان هەڵسن بە گرتنە دەستی جڵەوی حوکمڕانی و فەرامۆش کردنی تیۆری (چاوەڕوانی) بە تەواوی... ئەمە شێخ (ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی مەهدی نەراقی "١٢٤٥ك مردووە") پاڵنا بۆ خستنەڕووی تیۆرەکە لە چوارچێوەیەکی نوێ و گشتگیرو پێشکەوتووتردا، لە ژێر ناونیشانی: (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە)

نەك لە ژێر ناونیشانە كۆنەكە: (نوێنەرایەتی گشتی) كە لەسەر تیۆری (پەنهان بوون و چاوەڕوانی) وەستاوە، ئەمەش دوای ئەوەی شێخ نراقی سەیری واقیعی هەڵسانی شەرعناسانی كرد بە دامەزراندنی حكومەتی نامەركەزی لە وڵاتانی بەرفراوانی شیعەدا، كە ئەمەش هەموو پاساوێك ڕەتدەكاتەوە بۆ بەردەوام بوونی تیۆری (چاوەڕوانی) یان ئەو بۆچوونە سنووردارە هەڵاوێردراوەی كە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵسانی شەرعناسان بە گرتنەئەستۆی هەندێك لایەنی لاوەكی ژیان، جا نراقی لە كتێبەكەیدا (عوائد الأيـم في بيان قواعد الأحكام) تاوتوێی كێشەی ئیمامەت یان دەسەڵات و دەسەڵاتی گشتی و پێویستی هەبوونی لە (سەردەمی پەنهانیدا) بە هەمان ئەو بنچینە و بنەما فەلسەفیانەی كە ئیمامەتی ئیمامە پارێزراوەكان پێویست دەكەن[1].

تیۆرەكەی شێخ نراقی لە دوو بەش پێك دێت كە بریتین لە: یەكەم: پێویستی ئیمامەت لە سەردەمی پەنهانیدا. دووەم: كورت هەڵهێنانی ئیمامەت لە شەرعناساندا... بەبێ لەبەرچاوگرتنی تاوتوێ كردنی بەشی دووەمی تیۆرەكە، ئەوا بەشی یەكەمی تیۆرەكە تیۆری (پەنهان بوون) و سوودی ئیمام وەك ئیمامی پەنهان ڕەت دەكاتەوە، پێشی وایە دەبێت ئیمامەت هەر بەردەوام بێت... جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە زۆر پێویستە ئەو ئیمامە هەبێت كە بەڵگە و زانا و فێركارو ڕێنیشاندەرو بانگخوازە بۆ سەر ڕێگەی ڕاستی خودا بە شێوەیەكی ئاشكراو زیندوو كە لەگەڵ ئوممەت كارلێك بكات[2].

جا لەبەر ئەوەی تیۆری (ئیمامەت) یان (بوونی ئیمامی دوازدەمی پەنهان)

---

(1) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی سێیەم بەندی سێیەم بەشی سێیەمی چاپی یەكەم و چاپەكانی تری ئەم كتێبە.

(2) النراقي: عوائد الأيام ١٥/٤٢٢ و ٤٢٥ و ١٣٧.

دەستەوەسان بوو و نەیتوانی وەڵامی پێویستی بەردەوامی ئوممەت بە ئیمام بداتەوە، ئەوا شێخ نراقی بە ناچاری بە مەرج گرتنی پارێزراوی و دەق و ڕەچەڵەکی عەلەوی لە ئیمام دا فەرامۆش دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ئەو بەڵگانە دێنێتەوە لەبارەی پێویستی ئیمامەت کە زانا کەلامییە ئیمامییەکانی سەرەتا دەیانهێنایەوە لە ناویشیاندا فەرموودەکەی فوزەیلی کوڕی شازان لە ئیمامی ڕیزاوە، کە لەبارەی پێویستی ئیمامەت و پارێزراوی دەدوێت، جا نراقی بەشی یەکەمی فەرموودەکە وەردەگرێت و (پارێزراوی) ڕەت دەکاتەوەو تەنها مەرجی شەرعناسی و دادگەری بە مەرج دادەنێت.

جا نراقی زۆر پشت دەبەستێت بە بەڵگە عەقڵی و ڕوونکردنەوە گشتییەکان کە بڕیار دەدەن لەسەر پێویستی دامەزراندنی دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی، پشت نابەستێت بە پێویستی: نوێنەرایەتی گشتی ئیمامی مەهدی.. لەبەر ئەوەی هەڵسانی شەرعناسان بە کارەکانی ئیمامەت _ ئەگەر بە نوێنەرایەتیش بێت _ ئەوا تێکدەگیرێت لەگەڵ بە مەرج دانانی پارێزراوی و دەق لە ئیمام دا، بەتایبەت لەگەڵ لاچوونی بارودۆخی خۆپارێزی و ترس کە لەم بارودۆخە ئیمام ناچار دەکات خۆی بشارێتەوە.

ئا لێرەوە دەتوانرێت تیۆری نراقی لەبارەی (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) بە گەشەکردنێکی ڕیشەیی لە بیری سیاسی شیعەدا بەرچاو بگیرێت بەوەی هەوڵی خۆ ڕزگارکردن دەدات لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) زیاتر لە خۆ ڕزگار کردن لە تیۆری (چاوەڕوانی)... جا ئەگەر تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) لەو کاتەوە دووچاری مشتومڕی توونـد بووبێتەوە لەلایەن هەندێك لە زانا و لێکۆڵەران، ئەوا سەرکەوتوو بوو لە خستنەڕووی بابەتی (ئیمامەت) لە سەر تەختی توێژینەوەدا، دوای ئەمە

زانایان هاتن تاوتوێی ئەم بابەتەیان کرد لە ژێر ڕۆشنایی پێویستی زۆرو بەردەوام بە ئیمامەت و ڕابەرایەتی گشتی لە (سەردەمی پەنهان بوونی ئیمام کە ئەرکەکانی ئیمامەت ڕاناپەڕێنێت). هەروەك شێخ ڕەزا هەمەدانی "_١٣١٠ك" بەم کارە هەڵسا و تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە)ی ناونا بە: (جێگرەوایەتی لە بەڕێوەبردندا: قائمقامیەت) و لە کتێبی (مصباح الفقیە) بۆچوونی وایە: (پلەو پۆستی سەرۆك و دەسەڵات بۆ شەرعناس جێگیرو چەسپاوە، شەرعناس لە سەردەمی پەنهان بووندا وەك ئەو حوکمڕانانەن کە لەلایەن حوکمڕانی باڵاوە دیاریکراون بۆ ئەوەی خەڵکی بۆیان بگەڕێنەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن سەبارەت بەو شتانەی پێویستە بۆ لای ڕابەرو سەرۆك بگرێنرێنەوە)[1]. هەروەك شێخ موحەممەد حەسەن نائینی لە تیۆرەکەیدا (مەشروتیەت) ئەمەی کردووە لەسەر بنەمای ئەستەم بوونی کۆبوونەوەی ئوممەت لە دەوری ئیمام مەهدی چاوەڕوانکراوی پەنهان و نەبوونی ئیمامە پارێزراوەکان، هەروەها پێویستی ئوممەت بە بوونی سەرکردایەتی مەرجدار بە ئەنجومەنێك کە لە ناو ئوممەت هەڵبژێردرا بێت.

سەبارەت بە خومەینی ئەوا ڕێگەی خۆش کرد بۆ تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) بە دووان لەسەر پێویستی ئیمامەت لە سەردەمی پەنهان بووندا: وتی: (ئەو شتەی بەڵگەی ئیمامە هەمان بەڵگەیە لەسەر پێویستی بوونی حکومەت لە دوای پەنهان بوونی ئیمامی حوکمڕان "سڵاوی خوای لێبێت"). هەروەها وتی: (... سەبارەت بە دەسەڵات "ویلایەت" و

---

(١) الهمداني: مصباح الفقيه ١٦١.

حکومەت لە سەردەمی پەنهان بووندا، ئەگەرچی دەسەڵات "ویلایەت" و حکومەت بۆ کەسێك بەتایبەت نەبێت ئەوا بەپێی عەقڵ و نەقڵ پێویستە بەشێوەیەکی تر هەر بمێننەوە، هەروەك پێشتر خرایەڕوو کە ناکرێت ئەمە فەراموٚش بکرێت، چونکە کۆمەڵگای ئیسلامی پێویستی پێ هەیە... هۆکارەکەش لە سەردەمی پەنهان بووندا هاتۆتەجێ، پێویستی بوونی سیستەم و پاراستنی ئیسلام زانراوەو ناکرێت کەسی ژیر نکۆڵی لێبکات)[1].

## بزوتنەوەی دیموکراسی ئیسلامی[2]

لە کاتێکدا شەرعناسە ئیمامییەکان لە نیوەی کۆتایی سەدەی دوازدەمی کۆچی (سەدەی نۆزدەی زایینی) مشتومڕو گفتوگۆیان بوو لەبارەی (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) و سنوورە سیاسییەکانی، هەندێکیان دەیانچەسپاند وەك شێخ (نراقی) و هەندێکی تریان ڕەتیان دەکردەوە وەك شێخ (مورتەزای ئەنصاری)، ئەوا شا قاچارییەکان دەسەڵاتی خۆیان تۆکمەتر دەکرد و حوکمڕانی خۆیان بێ سنوور فراوان دەکرد، ئەمەش ڕێگەی دا بە شا ناصرەدین (١٨٤٨ز_١٨٩٦ز) بە واژوو کردنی ڕێکەوتنامەیەکی ستەمکارانە بۆ قۆرغ کردنی کرین و فرۆشتنی توتن لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانی داگیرکەر کە خەریك بوو دەسەڵاتی بەریتانیا زاڵ بکات بەسەر دەوڵەتی ئێران. ئەمەش زانای گەورەی ئەو کات (میرزا موحەممەد حەسەنی شیرازی)ی

---

(١) الخميني: كتاب البيع ٤٦١ و ٤٦٢ و ٤٦٦.

(٢) ئەم ناونیشانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دانەر کەم و زۆر کاریگەرە بە بیری دیموکراسیەت، من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە دیموکراسیەت نە تەواوکەر نە جێگرەوەی ئیسلام و بەرنامەی خوایی نییە، بەڵکو بەرنامەیەکی دەستکردە وەك تێکڕای ئەو بەرنامانەی تر کە زادە و بەرهەمی بیری مرۆڤن. (وەرگێڕ).

ناچارکرد کە ئەو کات لە شاری سامەڕا لە وڵاتی عێراق دادەنیشت، بۆ دەرکردنی فەتوای قەدەغە (حەرام) کردنی توتن بە تێکڕای وێنەکان چ چاندن یان کڕین و فرۆشتنی، تەنانەت کێشانیشی، لە ساڵی ١٣٠٩ك/١٨٩١م. ئەم فەتوایەی ناوبراو کاریگەرییەکی گەورەی دروستکرد لەسەر خەڵکی ئێران، خەڵکەکە بە وردی و تەواو ملکەچ بوون بۆ فەتواکە، ئەمەش شا ناصرەدینی ناچار کرد تا ئەم ڕێکەوتنە لەگەڵ کۆمپانیا بەریتانییەکە هەڵوەشێنێتەوە.

ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە کێشەی شەرعیەتی ڕژێمی خۆ سەپێنی پادشایەتی لە ئێران کردەوە، هەندێك لەو زانایانەی بەشداربوون لە پەکخستنی بزوتنەوەی توتن چوونە ناو بزوتنەوەیەکی نوێی بەردەوامەوە لە پێناو پێشخستن و چاکسازی کردن لە سیستەمی سیاسی ئێران و دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی، هەروەها دیاری کردنی دەسەڵاتە ڕەهاکانی پاشا بەو ئەنجومەنەی لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە، داوایان کرد پادشا حوکم بکات بە شێوەیەکی دەستووری (مەرجدار) بە پەرلەمانەوە. شێخ (ئاخوند کازمی خوراسانی) لە سەرووی ئەم پۆلە زانایانەوە بوو.

ڕەوت و تەوژمی دیموکراسی ئیسلامی دوای جەنگێکی درێژ توانی سەربکەوێت و یەکەم ئەنجومەنی پەرلەمانی لە ئێران لە ساڵی ١٩٠٦ز دابمەزرێنێت. ئەمەش گەشەیەکی دروستکرد لە بیری سیاسی شیعەدا کە هێشتا _ لە ڕووی جەماوەرییەوە _ نەگەیشتبووە قۆناغی (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە). وای لێهات دەستووری ساڵی ١٩٠٦ز بووە بنەڕەتی سیستەم و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە لە ساڵی ١٩٧٦ز دامەزرا، شای گۆڕی بۆ سەرۆك کۆمار، جا بە پشت بەستن بە تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) دەسەڵاتی مەزنتری دایە شەرعناس.

کەسانێك بانگەشەیان دەکرد بۆ گۆڕینی ڕژێمی پادشایی بۆ ڕژێمی کۆماریی، وەك: سەید جەمالی ئەصفەهانی کە لە میانەی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ز دژ بە موزەفەرەدین ڕایگەیاند: نزیکترین سیستەمی حوکمڕانی لە ئیسلامەوە بریتییە لە سیستەمی کۆماری، چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزیشی بۆ پشتگرتنی بۆچوونەکەی هێنایەوە(١).

بیری سیاسیی شیعە لەم قۆناغەدا واقیعی بوو و هەوڵی بەرەو باشتر چوونی دەدا لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بابەتی دەسەڵاتدا، دوای ئەوەی بیرەی ناوبراو تیۆری (ئیمامەتی خوایی) نمونەیی پشتگوێخست کە هیچ بوونێکی دەرەکی نەبوو، هەروەها کۆرپە و هاوپێچەکەی تیۆری پێشوو کە تیۆری (چاوەڕوانکردنی ئیمامی پەنهانە) ڕەتکردەوە، بەمە بیری شیعە کە بنەمای دامەزرانی دەوڵەتی پەسەند کرد لە (سەردەمی پەنهانی)دا هەر لە سەردەمی صەفەوییەکان... بیرەکە لەم قۆناغەدا هەنگاوی هاوێشت تا تیۆری دەسەڵات و دەوڵەت گەشە پێبدات و زانایان و نوێنەرانی گەل بەشدار پێبکات لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. ئەم بیرەیە خۆی خستەڕوو بە پێنووسی یەکێك لە نەوەکانی ئەویش شێخ موحەممەد حوسەین نائینی بوو لە کتێبەکەیدا (تنبیە الأمة و تنزیە الملة) کە بە چڵەپۆپی بیری سیاسیی شیعە دادەنرێت لە سەرەتای سەدەی بیستەم.

جا شێخ نائینی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی بنەڕەتی حوکمەتی ئیسلامی لەسەر شوراوە دادەمەزرێت، دەسەڵات یەکێکە لە مافەکانی سەرجەم خەڵك، ئاماژەشی بەوەدا کە ئوممەت ناتوانێ لە دەوری ئیمامی مەهدی

---

(١) طلاب مجذوب: إيران من الثورة الدستورية إلى الثورة الإسلامية ٨٠.

چاوەڕوانکراوی پەنهان کۆببێتەوەو و ئیمامی پارێزراویش بوونیان نییە، ئەمەش دەرگا والا دەکات لەبەردەم دەستگرتن بە سیستەمی دیموکراسی یان شوراوە[1].

ئینجا (حوکمی دەستووری پادشایی) کە شەرعناسەکانی شیعە لە ئێران دایانمەزراند گەلەك بەرگەی نەگرت، هەر خێرا شا ڕیزا پەهلەوی هەڵسا بە کودەتایەکی سەربازی، خۆی وەك شای ئێرانی دانا بێ ئەوەی شورا بکات بە شەرعناس و زانا گەورەکان، بەڵکو هەڵمەتێکی بەربڵاوی دەسپێکرد دژی پیاوانی ئایینی، ئەمەش وای کرد شەرعناسە گەورەکان بە توندی بەرەنگاری شا ببنەوە.

لە ساڵی ١٩٦٣ز خومەینی ڕابەرایەتی ڕاپەڕینێکی کرد دژی (موحەممەد ڕیزای پەهلەوی)، بەڵام ڕاپەڕینەکە کۆتایی هات بە ڕاگواستن و دەرکردنی ئیمامی خومەینی بۆ وڵاتی عێراق... ئا لەوێدا ئیمامی ناوبراو وانەکانی بە قوتابیەکانی دەوتەوەو گەشەی بە تیۆری سیاسی نوێ دەدا کە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی ئەو تیۆرەی دەڵێت: (شەرعناسان بریتین لە نوێنەری گشتی ئیمامی مەهدی) و تیۆری: (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) بۆ ئەوەی بیری سیاسیی شیعە بگوازێتەوە لە قۆناغی مۆڵەتدانی شەرعناسان بە پادشاکان بۆ حوکمڕانی کردن بە ناو و بریکارێتی ئەوان بۆ قۆناغێکی نوێ کە بریتییە لە حوکمڕانی ڕاستەوخۆی و پیادەکردنی ئەرکەکانی ئیمامەت بە شێوەیەکی تەواو. ئەم وانانە ئەو بنەما بیرییانەیان پێکهێنا کە شۆڕشی ئیسلامی لەسەری هەڵگیرسا و کۆتایی هات بە پێکهێنانی

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دەروازەی شەشەم بەندی سێیەم بەشی سێیەمی چاپی یەکەم و چاپەکانی تری ئەم کتێبە.

(کۆماری ئیسلامی ئێران) لە ساڵی ١٩٧٩.

## خومەینی ڕەخنە لە تیۆری چاوەڕوانی دەگرێت

ئیمامی خومەینی لە سەرەتادا تیۆری (چاوەڕوانی ئیمامی مەهدی) ڕەتکردەوە، کە تیۆری ناوبراو تا کاتێکی نزیك لە ئێستا زاڵ بوو بەسەر بیری سیاسی شیعە، بەڵام خومەینی بە ڕەهایی ڕەتی کردەوەو بە بەڵگەی عەقڵ ئەو فەرموودانەی پوچەڵ کردەوە کە کاری سیاسی قەدەغە دەکەن لە کاتی (پەنهان بوون)دا، تەنانەت گوێشی بەو فەرموودانە نەدا، بەڵکو نووسیویەتی: (بەڵگە نەویستە... کە پێویستی جێبەجێ کردنی حوکم و یاساکان تایبەت نەبوو بە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵکو پێویست بوونێکی بەردەوامە... باوەڕ بوون بەوەی ئیسلام بۆ کاتێکی دیاریکراو یان بۆ شوێنێکی دیاریکراو هاتووە پێچەوانەی پێویستییەکانی بیروباوەڕی ئیسلامییە، لەبەر ئەوەی جێبەجێ کردنی حوکمەکان لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) تا هەتایە لە پێداویستییەکانی ژیانە، بۆیە بوونی حوکمەت کە دەسەڵاتی جێبەجێکارو بەرێوبەری هەبێت پێویستە، ئەگەر وا نەبێت ئەوا بەرەڵایی و بێ سەروبەری و ئاژاوە زاڵ دەبێت... جا بۆیە شەرع و عەقڵ واپێویست دەکات: ئەو شتەی لە سەردەمی پێغەمبەری خودا (ﷺ)و میری باوەڕداران "سڵاوی خوای لێبێت" پێویست بووە لە بوونی حکومەتدا تا ئەمڕۆش ئەو پێویستییە هەر ماوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە ئەم پرسیارەتان ئاراستە دەکەم: ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ بەسەر پەنهان بوونی گەورەی ئیمامی مەهدییمان تێپەڕبووە، ئایا لەو ماوە درێژەدا دەکرێت حوکمەکانی ئیسلام کاریان پێ نەکرێت و خەڵکی چیان

بویت ئەوە بکەن؟.. ئایا ئەمە گەڕەلاوژێ و ئاژاوە نانێتەوە؟ ئایا خودا تەمەنی شەریعەتی بە دوو ساڵ دیاریکردووە؟ ئایا پێویستە ئیسلام لە دوای پەنهان بوونی بچوکەوە هەموو شتێك لە دەستبدات؟!؟). خومەینی زیاتر دەڵێت: (پەسەند کردنی ئەم بۆچوونە زۆر خراپترە لەلای من لەوەی بڵێن ئیسلام هەڵوەشێنراوەتەوە، کەسێك باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەبێت ناتوانێت بڵێت: پێویست نییە بەرگری لە وڵات و خاکی ئیسلام بکرێت، یان پێویستە زەکات و پێنج یەك "خمس" و جگە لەمانەش نەدرێن، یاخود بڵێت یاسای تاوانەکان لە ئیسلامدا پەکبخرێت و خوێنبایی و سزاکان جێبەجێ نەکرێن، جا کەواتە هەر کەسێك پشتی ئەو بۆچوونە بگرێت کە بانگەشەی ئەوە دەکات پێکهێنانی حکومەتی ئیسلامی پێویست نییە، ئەوا ئەو کەسە نکوڵی دەکات لە پێویستی جێبەجێ کرانی ئیسلام، بانگەشەش دەکات بۆ پەکخستنی حوکمەکانی، دواتر نکوڵی دەکات لە گشتگیری و نەمری ئیسلامی یەکتاناس). ئیمامی خومەینی ئەو کەسانەی دوواند کە پابەند بوون بە تیۆری (چاوەڕوانی) و پێیان دەڵێت: (نەڵێن هەڵناسین بەجێ بەجێکردنی سزاو سنوورەکان و بەرگری کردن لە کون و کەلەبەرو سنووری وڵات و کۆکردنەوەی مافی هەژاران تا ئیمامی مەهدی بەلگە دەرنەکەوێت دەی کەواتە بۆچی نوێژیش فەرامۆش ناکەن لە دەرەنجامی چاوەڕێ کردنی مەهدی؟!).

دواتر گەواهی هێناوەتەوە لەسەر پێویستی ئیمامەت لە سەردەمی پەنهان بووندا، لەو بارەوە وتویەتی: (خودی ئەو شتەی بەلگەیە لەسەر ئیمامەت بەهەمان شێوە بەلگەیە لەسەر پێویستی هەبوونی حکومەت دوای پەنهان

بوونی ئیمامی مەهدی "سڵاوی خوای لێبێت")[١].

دوای ئـــەوەی ئیمـــامی خومـــەینی ئـــەوەی چەســـپاند کـــە پێویســـتی بارودۆخەکە وا دەخوازێت بەردەوام ئیمامەت لە سەردەمی (پەنهان بوون)یشدا هەبێت و ناشبێت بە پاساوی چاوەڕوانی مەهدی پەکبخرێت، بە بەڵگەی عـەقڵ و نەقڵ، لە دەرەنجامدا گەیشتە پێویستی دامەزراندنی دەوڵەت بە سـەرۆکایەتی کەسێك کە تایبەتمەندییەکانی ئیمامەتی تێدا بێت لە زانست و دادگەری.

ئیمـامی خومـەینی دوواوە لـەبارەی ڕووی لێچوونی شـەرعناس و ئیمـامی پـارێزراو و وتویـەتی: (شەرعناسـی دادگـەر هـەموو ئـەو شـتانەی هەیـە کـە پێغەمبەرو ئیمامـەکان "سڵاوی خوایـان لێبێـت" هـەیانبووە کـە پەیوەسـتە بـە حکومـــەت و سیاســـیەتەوە، ناچـــێتە عەقڵـــەوە جیاوازیـــان هـــەبێت، چـــونکە حوکمڕان _ هەر کەسێك بێت _ئەو کەسـەیە کـە حوکمـەکانی شـەریعەت ڕایـی دەکات و سزاو سنوورەکانی خـوایی جێبـەجێ دەکـات و داهاتـەکان و سـەرجەم سـامانەکانی تـر وەردەگرێـت، بـەو شـێوەیە خـەرجی دەکـات کـە بەرژەوەنـدی موسڵمانانی تێدایە... لەگـەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییـەکان ئـەو فەرمانـە بـە خـەڵکی دەکـەن کـە لـە دەسـەڵاتی حوکمڕاندایـە و لەسـەر خـەڵکیش پێویسـتە جێبـــەجێی بکـــات... جـــا دەســـەڵاتی شـــەرعناس "ویلایـــەت فەقیـــە" _ دوای ئەندێشە کردنی لایەنەکانی بابەتەکە _ تەنها شتێکی تیۆرییـە و پێویسـتی بـە بەڵگـە هێنانـەوەیـە، لەگـەڵ ئـەوەی گێڕانـەوەکان بـە واتـای فـراوان ئاماژەیـان پێداوە)[١].

ئیمامی خومەینی شەرعناسانی وەك ڕاسپێراوی پێغەمبەر (ﷺ) ناساندن

---

(١) الخميني: الحكومة الإسلامية ٢٥_٢٦.

لە دوای ئیمامەکان و کاتی پەنهان بوونیان، هەمان ئـەرکی ئیمامـەکانی (سڵاوی خوایان لێبێت) بە ئەرکی شەرعناسانی داناوە[1].

ئیمامی خومـەینی لـە دەرەنجامی هەنـدێك گێڕانـەوەدا بـاوەڕی وابـوو کـە (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیه) دەسەڵات و ویلایەتێکی ئایینی خواییە، لەم بارەوە دەڵێت: (خـوای گـەورە پێغەمبـەری (ﷺ)کـردە گـەورەو حـوکمرانی سـەرجەم موسـڵمانان، لـە دوای ئـەو ئیمـام گـەورە و حوکمرانـە، خـودی ئـەو ویلایەت و گەورەیی و حوکمڕانیەتە لەلایەن شەرعناسەوە هەیـە)[2]. خومـەینی دەشڵێت: (ئەگەر شـەرعناسێکی زاناو دادگـەر هەڵسا بـە پێکهێنـانی حکومـەتێك و لـە میانەیـدا بەهـەمان شـێوەی پێغەمبـەر (ﷺ) کاروبـاری کۆمەڵگـە ڕایـی دەکات، پێویستە لەسەر خەڵك گوێڕایـەڵ و فەرمانبـەردار بـن، ئـەم شەرعناسـە حوکمڕانە لە کاروباری کارگێڕی و چاودێری و سیاسەت و بەڕێوەبردنی خـەڵك هەمان ئەو مافانەی هەیە کە پێغەمبەر (ﷺ)و میری باوەڕداران "سڵاوی خوای لێبێت" هەیانبووە تـەنها ئـەو تایبەتمەنـدی و پلەوپایـە تایبەتیانـە نـەبێت کـە پێغەمبـەرو ئیمـام هەیانــە... خــوای گــەورە پێکهێنــانی حکومــەتی کــرداری ئیسلامی پێویست کردووە لە سەردەمی پەنهانیدا وەك چۆن پێغەمبـەر (ﷺ)و مـیری بـاوەڕداران "سـڵاوی خـوای لێبێـت" ڕاسپارد بـۆ گرتنـە دەسـتی جڵـەوی حوکمڕانی دادوەری و یەکلاکردنەوەی کێشەکان و دانانی بەرپرسی دەڤـەرەکان و فەرمانبــەران و کۆکردنــەوەی داهاتــەکان و ئــاوەدان کردنــەوەی وڵاتــان، دەرەنجامی دیاریکردنی کەسی حوکمڕان ئێستا مەرجدارە بـەوەی کـە زانسـت و

---

(1) الخميني: كتاب البيع ٤٦٧.
(2) الخميني: الحكومة الإسلامية ٧٥.
(3) الخميني: الحكومة الإسلامية ٥١_٥٢.

دادگەری لە خۆیدا کۆکردبێتەوە)[1].

خومەینی مافی دامەزراندنی دەوڵەتی لە (سەردەمی پەنهان بوون)دا تەنها لە شەرعناساندا کورتی کردۆتەوەو لەم بارەیەوە دەڵێت: (تەنها شەرعناسە دادگەرەکان شیاوی ئەوەن حوکمەکانی ئیسلام جێبەجێ بکەن و دامەزراوەکان جێگیر بکەن و سزاو سنوورەکانی خودا جێبەجێ بکەن و بەرگری کردن لە کون و کەلەبەرو سنوورەکانی خاکی موسڵمانان بکەن، پێغەمبەران هەر چییەکیان پێ ڕاسپێررا بێت ئەوا بە شەرعناسانیان ڕاسپاردووە، کەواتە شەرعناسان بە ئەمیندار دابنێن لەو شتەدا پێغەمبەران ئەوانیان بە ئەمیندار داناوە)[2].

## دەسەڵات (ویلایەت)ی ڕەها

بە لەبەرچاوگرتنی باوەڕی خومەینی بەوەی (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) لە خواوە سەرچاوەی گرتووە، لە دوای دە ساڵ لە دامەزراندنی (کۆماری ئیسلامی ئێران) تیۆری (دەسەڵاتی ڕەهای شەرعناس: ویلایەتی فەقیهی ڕەها)ی ڕاگەیاند کە هیچ سنوورێکی بۆ نییە، لە پەیامێکی خومەینیدا کە ئاراستەی سەرۆك کۆمار کرابوو هاتبوو: (ئەو حکومەتەی کە بریتییە لەو دەسەڵاتەی لە خواوە بە پێغەمبەری بەڕێزی (ﷺ) ڕاسپێرابوو ئەوا لە پێشترە لە هەموو حوکمە لاوەکییە خواییەکان... جا ئەگەر دەسەڵاتی حکومەت لە چوارچێوەی حوکمە لاوەکییە خواییەکاندا کورت بووبایەوە ئەوا

---

(1) الخميني: كتاب البيع ٤٩.

(2) الخميني: الحكومة الإسلامية ٧٠ و ٧٦.

پێویست بوو پێشنیاری حکومەتی خوایی و دەسەڵاتی ڕەها کە بە پێغەمبەر (ﷺ) درابوو ڕەتبکرێتەوەو ئەو کاتەش هیچ مانایەکی نەدەبوو... پێویستە ئەوە ڕوون بکەمەوە: حکومەت بەشێکە لە دەسەڵاتی ڕەهای پێغەمبەری خودا (ﷺ)، هەروەها یەکێکە لە حوکمە سەرەتاییەکانی ئیسلام، کە لە پێشتریشە لە هەموو حوکمە لاوەکییەکانی تر تەنانەت لە پێشترە لە نوێژو ڕۆژوو و حەج... حوکمڕان لە دەسەڵاتی دا هەیە لە کاتی پێویستدا مزگەوتەکان پەکبخات، ئەو مزگەوتە بروخێنێت کە وەك مزگەوتی "زیرار"ی لێدێت ئەگەر بۆی دەرکەوت ناتوانێت شتەکە چارەسەر بکات بێ تێکدانی مزگەوتەکە. حکومەت تاك لایەنە دەتوانێت ئەو ڕێکەوتنانەی لەگەڵ گەل بەستویەتی ڕەت بکاتەوە ئەگەر بۆی دەرکەوت کە ڕێکەوتنەکان دژی بەرژەوەندی وڵات و ئیسلامن. دەتوانێت بەرەنگاری هەر کارێکی پەرستش و نا پەرستشی ببێتەوە ئەگەر زیان بگەیەنێت بە بەرژەوەندییەکانی ئیسلام، مادەم وایە. حکومەت دەتوانێت لەو بارودۆخە ناجێگیرەی کە دژە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتی ئیسلامی _ ئەگەر حکومەت وای بۆ دەرکەوت _ حەج کردن بەشێوەیەکی کاتی قەدەغە بکات، هەر چەندە حەج کردن یەکێکە لە فەرزە گرنگ و خواییەکان)[1].

ئەم پەیامە گەشەسەندنێکی مەزن بوو لە تیۆری: (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) بە ئاراستەی گشتگیری و ڕەهایی، هەنگاوێکی گەورە بوو بە ڕووی فراوان کردنی دەسەڵات، لە میانەی قسەکردن لەسەر ئەوەی شەرعناس هاوشێوەی ئەو دەسەڵاتانەی هەیە کە پێغەمبەری ڕێزدارو ئیمامە پارێزراوەکانە هەیانە. جا ئیمامی خومەینی لە میانی کۆکردنەوەی تیۆری

---

(١) صحيفة كيهان: العدد رقم ١٣٢٢٣ المؤرخ ١٦ جمادي الأولى ١٤٠٨ك.

(نوێنەرایـەتی گشـتی) و تیـۆری (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایـەت فەقیـە) و پەرپێـدانیان گەیشـتە ئـەم دەرەنجامـە بـە شـێوەیەك كـە دوو تیۆرەكـەی كـردە یەك.

دووان لەسەر ئەوەی: (شەرعناسان بریتین لە نوێنەری گشتی مەهدی) لـە ماوەی (پەنهان بوونی گەورەدا) لقێكە بـۆ چەسپاندنی (نوێنەرایـەتی تایبـەت) كـە (چوار نوێنەرەكـە) بانگەشـەیان كـرد لـە مـاوەی (پـەنهان بـوونی بچوكدا). دانـنان بەم نوێنەرایەتییە دەبێتە هۆی دانـنان بە بوون و لەدایكبوونی (ئیمـامی دوازدەم موحەممەدی كوڕی حەسـەنی عەسكەری) و ڕوودانـی دووجـار پـەنهان بوونی ناوبراو، جا ئەگەر نـەمانتوانی جـەخت بكەینـەوەو دڵنیـابین لـە بـوونی ئـەم (ئیمامـە) ئـەوا پـێش هـەموو شـتێك و بـە پلەیـەك تیـۆری نـاوبراو لەناودەچێت و تەفرو تونا دەبێت.

بـە لەبەرچـاوگرتنی نارۆشـنی لیسـت و مەلـەفی بابـەتی جێگـری ئیمـامی عەسكەری، ئـەو سـەرگەردانییەی وەك گـەردەلوول شـیعە دوازدە ئیمامییـەكانی شـلەقاند، هـەروەها ئـەو گومانـەی دەوری بانگەشـەی نوێنەرایـەتی تایبـەتی ئیمامی پەنهانی دابوو، ئـەوا تیۆری نوێنەرایـەتی گشـتی لـە سـەرەتای (پـەنهان بـوونی گـەورەدا) لـەلای شـیعە ئیمامییـەكان ناسـراو نـەبوو، كـە دەڵـێن گوایـە نوێنەرایــەتی گشــتی لــە دوای مردنــی (نوێنــەری چــوارەم: عــەلی كــوڕی موحەممەدی صومەیری) دەستی پێكرد. بەڵكو شیعەكانی سـەرەتا (لـە سـەدەی چوارەمی كۆچی) پێیان وابوو نوێنەرایەتی گشتی كە یەكسانە بە ئیمامەت یـان (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایـەت فەقیـە) تـەواو دژە لەگـەڵ تیـۆری ئیمامـەت، چونكە هەر دوو مەرجی پارێزراوی و دەق پەكدەخات، هـەروەها لەبـەر ئـەوەی تیۆری گوماندارن كە هەندێك لە زانایـان دواتـر هـەڵیانهێنجاوەو بـە تێپـەڕینی

مێژوو گەشەیان پێداوەو پێشتریش هەر بوونی نەبووە. جا (صمیری) لە ساڵی ٣٢٩ك مرد و بە سەری لێوەکانیشی لەبارەی (نوێنەرایەتی گشتی) نە دووا، ئەگەر نوێنەرایەتی گشتی هیچ نرخ و بەهایەکی هەبووبا لە واقیعدا ئەوا (ئیمامی مەهدی) _ ئەگەر واشدابنێین کە هەیە _ لەسەری دەدوا لە جیاتی ئەوەی شیعەکان بەرەڵا بکات و لەناو زەریای تاریکی سەرگەردانی دا چەند سەدەیەك بمێننەوە.

ئا لێرەوە بوو کە شێخ صدوق تیۆری نوێنەرایەتی گشتی نەدەناسی، هەرگیز ئاماژەشی پێنەداوە سەرباری ئەوەی هەڵساوە بە گێڕانەوەی: ڕێنووسی ئیسحاقی کوڕی یەعقوب لە عومرییەوە ئەویش لە مەهدی: (سەبارەت بەو ڕووداوانەی پێش دێن و ڕوودەدەن ئەوا بگەڕێنەوە بۆ لای ئەوانەی فەرموودەکانمان دەگێڕنەوە، چونکە ئەوان بەلگەی منن بەسەر ئێوە، منیش بەلگەی خوام). ئەمەش یان لەبەر ئەوەبووە کە صدوق گومانی هەبووە لە دروستی (ڕێنووسەکە) کە لە کەسێکی نەناسراوەوە ئیسحاقی کوڕی یەعقوب دەگێڕێتەوە یاخود لەبەر ئەوە بووە کە ئاماژەی نەکردووە بە (نوێنەرایەتی گشتی) بەتایبەت کە گێڕانەوەکە باس لە گەڕانەوە دەکات بۆ گێڕەڕەوەکان لە کاتی ئامادەبوونی (نوێنەرایەتی تایبەت) و لە ڕۆژانی (نوێنەری دووەم: عومری). جا ئەگەر نوێنەرایەتی تایبەت پەیوەست بێت _ بەپێی گریمانەکە _ بە ئیمامی مەهدییەوەو سنووردار و نا سیاسی بێت، ئەوا چۆن دەکرێت واتایەکی گەورەترو فراوانتر لە ڕێنووسەکە وەربگیرێت؟.

یەکەم کەس کە دوا لەبارەی ڕاسپێررانی شەرعناسان لەلایەن ئیمامەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی سزاو سنوورەکان شێخ موفید بوو، ناوبراو بە دوو سەدو پەنجا ساڵ دوای پەنهان بوون هات، ئەمەش زیاتر گریمانەیەك بوو

لەلای گەڵاڵە ببوو و کەمتر وتەیەکی دڵنیاکەرەوە بوو، جا ناوبراو لەم هەوڵەیدا پەلی هاویشت بۆ هەڵهێنجانی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) لە فەرموودەکانی ڕابردوودا (پەسەندکراوەکەی عومەری کوڕی حەنزەڵە و گێڕانەوە ناودارەکەی باوکی خەدیجە و ڕێنووسەکەی ئیسحاقی کوڕی یەعقوب) کە ڕێگە دەدەن بەوانەی فەرموودەکانی ئالوبەیت دەگێڕنەوە کاری دادگەری ئەنجام بدەن بێ ئەوەی بۆ مۆڵەت و ڕەزامەندی تایبەتی ئیمامەکان بگەڕێنەوە.

گەشەسەندنە مەزنەکەی سیاسی کە لە مێژووی شیعەدا هاتە کایە لە سەردەمی صەفەوییەکان لە سەدەی دەیەمدا، کە شیعەکانی لە قۆناغی (خۆپاریزی و چاوەڕوانی) گواستەوە بۆ قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەت (لەسەردەمی پەنهان بووندا) ئەمەش دوای ئەوە شا ئیسماعیلی صەفەوی خۆی وەك نوێنەری ئیمامی مەهدی ڕایگەیاند... ئەم گەشەسەندنە مشتومڕێکی فراوانی نایەوە لەناو ڕیزەکانی شەرعناساندا و دەرگایەکی فراوانی کردەوە لەبەردەم داننان بە تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) و پشتگرتنی بە هێزەوە، دواتر گەشە بە تیۆری نوێنەرایەتی گشتی درا لەسەر دەستی نراقی لە ناوەڕاستی سەدەی سێزدەمی کۆچی بە ئاراستەی حوکم کردنی ڕاستەوخۆی شەرعناسان.

ئیمامی خومەینی لە داننان بە تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی دەبەست بەو گێڕانەوە گشتیانەی کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتوون بۆ نمونە: (شەرعناسان میراتگری پێغەمبەران و قەڵای ئوممەت و خەلیفە و جێگری پێغەمبەرن) جا خومەینی لەم فەرموودەیەدا واتای میراتگری خەلافەتی سیاسی و دەسەڵاتی ڕەهای لێ

هەڵهێنجا، هەروەك چۆن پێغەمبەری مەزن (ﷺ)و ئیمامەکان بە پێی تیۆری ئیمامییەکان ئەم شتانەیان هەبوو، خومەینی وتی: (وەك چۆن پێغەمبەری مەزن ئیمامەکانی "سڵاوی خوایان لێبێت" کردە خەلیفە و جێنشین و حوکمڕانی تێکڕای خەڵك، بەهەمان شێوەش شەرعناسانی وەك جێنشین و خەلیفەی لاوەکی دانا... لە دەرەنجامی ئەوەی خستمانەڕوو ئەوە دەچەسپێت کە شەرعناسان هەمان ئەو دەسەڵاتەیان پێدراوە لەلایەن ئیمامە پارێزراوەکان "سڵاوی خوایان لێبێت" کە خودی ئیمامەکانی هەیانە ئەویش لەو لایەنەدا بووە کە حوکمڕانی ئوممەت بوونە)[1]. بۆیە خومەینی شەرعناسەکانی بە مەزنتر داناوە لە (نوێنەرەکانی ئیمامی مەهدی پەنهان) و وتویەتی: شەرعناسان لە دوای ئیمامەکان و پەنهان بوونی ئیمامەکان ڕاسپێرراوی پێغەمبەرن (ﷺ)، ئەرکدارن بە جێبەجێ کردنی سەرجەم ئەو ئەرکانەی ئیمامەکان پێی ئەرکدار بوونە[2]. جا _ بەم پێیە _ گەورایەتی و دەسەڵاتی شەرعناسان لەلایەن خوداوە بەسەر خەڵکیدا دانراوە وەك چۆن دەسەڵات و گەورەیی پێغەمبەرو ئیمامەکانی ئالوبەیت لەلایەن خوداوە بەسەر خەڵکیدا دانراوە، کەواتە دەسەڵاتێکی ئایینی خواییە[3].

ئیمامی خومەینی ئەو بەڵگە (عەقڵی و نەقڵی)یانەی ڕەتکردەوە کە زانا کەلامییە ئیمامییەکانی پێشوو خستوویانەتەڕوو و دەشیخەنەڕوو کە پارێزراوی و دەق و ڕەچەڵەکی عەلەوی حوسەینی بە مەرج دادەنێن لە ئیمامدا، جا خومەینی عەقڵی بەکارهێنا لە ڕەتکردنەوەی تیۆری چاوەڕوانی

(١) الخميني: كتاب البيع ٤٨٥.
(٢) الخميني: الحكومة الإسلامية ٦٢ و ٧٥ و ٧٦.
(٣) الخميني: الحكومة الإسلامية ٥١_٥٢.

نەرێنی هۆشبەرو سرکەر، کە دامەزراندنی دەوڵەت لە سەردەمی پەنهان بووندا قەدەغە دەکات مەگەر لە سەر دەستی ئیمام بێت، جا خومەینی بە عەقڵ ئەو فەرمووده (موتەواتیر)انەی بە لاواز دانا کە ئیمامییەکان پێشتر لەسەری کۆك بوون، ئەو فەرموودانە دەیانوت: (هەر ئاڵایەك بەر لە ئاڵای مەهدی بەرز بکرێتەوە، ئەوا ئاڵای گومڕاییە و خاوەنەکەشی تاغوتە و جگە لە خوا دەپەرسترێت). جا خومەینی لە پێشەکی یەکەمی ئیمامییەکانەوە هەنگاوی هاوێشتووە کە بریتییە لە: (پێویستی هەبوونی ئیمام لەسەر زەوی) تا (پێویستی بوونی ئیمامەت لەم سەردەمەدا) بچەسپێنێت.

بە هەر حاڵ تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) کە مافی بەکارهێنانی دەسەڵات تەنها بە (شەرعناسان) دەدات جێگای مشتومڕێکی مەزنە لە نێوان زانایانی شیعەدا. هەندێك لە زانا لێکۆڵەرەکان تیۆری ناوبراویان ڕەتکردەوە وەك شێخ مورتەزای ئەنصارى "١٢١٦ك _ ١٢٨١ك"، ناوبراو لە کتێبەکەیدا (المكاسب) تاوتوێی بەڵگەکانی ئەو کەسانەی کردووە کە هەڵگری بۆچوونی نوێنەرایەتی گشتیین، نکوڵی کردووە لەوەی گێڕانەوە گشتییەکان کە دەستی پێوەدەگرن ئاماژە بکەن بە بابەتی نوێنەرایەتی گشتی، بەڵکو ئاماژە و مانای گێڕانەوەکانی دیاری کردووە بەوەی ئاماژە تەنها بە فەتوادان و دادوەری دەدات، شێخ ئەنصاری گومانیشی هەبوو لە دروستی و ئاماژەی گێڕانەوەکان و وتویەتی: (لە ویژدانەوەیە کە بڵێین دوای سەیر کردنی ناوکۆ "سیاق"ی گێڕانەوەکان یان سەرەتا یان کۆتایی گێڕانەوەکان وا دەخوازێت کە دان بنێین بەوەی گێڕانەوەکان باسی ڕوونکردنەوەی پیشەی شەرعناسان دەکەن لە ڕووی حوکمە شەرعییەکانەوە، باسیش لەوە ناکەن کە شەرعناسەکان وەك پێغەمبەران یان ئیمامەکانن "سڵاوی خوایان لێبێت"

لەوەی لە خودی باوەڕداران بۆیان لە پێشترن... هەروەها بەڵگە بەرپاکردن لەسەر پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ شەرعناس وەك هاوشێوەی گوێڕایەڵ بوون بۆ ئیمام _ تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە بە بەڵگە هەڵاوێرراوە _ ئەوا لەت لەت کردنی دار گوێنو _ قتاد _ بەدوای خۆیدا دێنێت)[1].

هەروەك سەید باوکی قاسمی خوئی تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە)ی ڕەت کردەوە کە لەسەر تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) دامەزراوە، ناوبراو وتویەتی: (ئەو بەڵگانەی هێنراونەتەوە لەسەر دەسەڵاتی ڕەها لە "سەردەمی پەنهان بووندا" شیاوی پشت پێبەستن نین، ئا لێرەوە وتمان تەنها دەسەڵات لە دوو ڕووەوە چەسپاوە ئەویش فەتوادان و دادگاییە... ئەو گێڕانەوانەی بە بەڵگە دەهێنرێنەوە لەسەر دەسەڵات _ ویلایەت _ی ڕەها لە ڕووی زنجیرەو سەنەد و واتاوە کەم و کورت و کرچ و کاڵن)[1].

پێدانی دەسەڵاتە ڕەهاکانی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەو گەورەیی و دەسەڵات (ویلایەت)ە گشتییەی بەسەر دەروون و سامانەکاندا هەیەتی بە شەرعناسی دادگەر کە کەسێکی نا پارێزراوە و دەکرێت دووچاری هەڵە و لادان ببێتەوە، نەك هەر ئەوەش بەڵکو زیادەڕەوی کردن لەمەدا بە ڕێگەدان بە شەرعناس تا یاسا لاوەکییەکانی (شەریعەت) پەکبخات _ هەروەك ئیمامی خومەینی و هەندێك لە پشتیوانانی لە ئێران ئەمە دەڵێن _ ئەمە هەموو ئەو جیاوازییانە ڕەتدەکاتەوە کە هەن لە نێوان پێغەمبەری پارێزراو کە پەیوەستە بە ئاسمانەکانەوە لەگەڵ مرۆڤێکی ئاسایی شەرعناس کە دەکرێت دووچاری نەزانی و هەواو ئارەزووبازی و لادان ببێتەوە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی بیری

---

(1) الأنصاری: المکاسب ۱۷۳.

کۆنی ئیمامییەکان کە ڕەتی دەکردەوە پێویستی گوێڕایەڵ بوون بۆ حوکمڕانان وەك ئەو گوێڕایەڵ بوونە بێت کە بۆ خودا و پێغەمبەر پێویستە، لە ترسی ئەوەی حوکمڕانان فەرمان بە تاوان بکەن و بەمەش بکەونە ناو تێکگیرانەوە لە نێوان گوێڕایەڵ کردنی حوکمڕانان و گوێڕایەڵی کردنی خوا... ئا لێرەوە بیری ئیمامی پارێزراو بوونی بە مەرج دانا لە (ئیمام)دا _ ئیمام بەڕەهایی _ دواتر وتیان دەق لە ئیمامدا پێویستە، پاشان ئیمامەتیان کورت هەڵهێنا لە ئالوبەیت و ڕەچەڵەکی و عەلی و حوسەین تا ڕۆژی دوایی. جا ئەگەر ئەو دەسەڵاتە ڕەها و فراوانانەی پێغەمبەرمان (ﷺ)دایە شەرعناس و لەسەر خەڵکیشمان پێویست کرد کە گوێڕایەڵ بن بۆی کەچی پارێزراویش نییە، جا چ جیاوازییەك دەمێنێتەوە لە نێوان شەرعناس و پێغەمبەر؟... تەنانەت بۆچی پارێزراوی و دەقمان لە ئیمامەتدا بە پێویست زانی و بەمەش پێچەوانەی سەرجەم موسڵمانان جوڵاینەوەو ناڕەزاییمان دەربڕی لە بەرامبەر دیاریکرانی ئەبوبەکر لەلایەن هاوەڵانەوە لە کاتێکدا زۆر شەرعناسترو زاناتر بوو لە شەرعناسە هاوچەرخەکان؟.

جا مادەم شەرعناس مرۆڤێکی پارێزراو نییە ئەوا وەك کەسانی تر دەکرێت دووچاری هەواو هەوەس و حەزی سەرکردایەتی و بەرچاوتەنگی (حەسوودی) و سنوور شکاندن و یاخی بوون ببێتەوە، بەڵکو زیاتر لە کەسانی تر دەکرێت دووچاری شتی مەترسیدارتر ببێتەوەو ببێتە تاکڕەو و دیکتاتۆرێك لە میانەی کۆکردنەوەی هێزو سامان و ئایین لە ناو چنگی دا، هەر ئەمەشە وامان لێدەکات دەسەڵاتەکانی ئەو زیاتر لە هی کەسانی تر پەرت و

---

() الخوئي: التنقيح في شرح العروة الوثقى/كتاب الإجتهاد والتقليد.

دابـەش بکـەین، نـەك وەك پێغەمبـەر یـان (ئیمامـە پارێزراوەکـان)ی دابنـێین، چونکە لەو کاتەدا دەبێتە سێبەری خودا لەسەر زەوی، دەسـەڵاتێکی ڕەها پیـادە دەکـات بەسـەر ئوممەتـدا هـەروەك چـۆن پاپاکـان لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا ئەمەیان دەکرد.

## ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی سیاسی ئوممەت

گەشەسەندنی تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیـە) کـە کـۆگیرە لەسەر تیۆری (ئیمامەتی خوایی) کاریگەرییەکی مەزنی هەبوو لەسەر سروشـت و نـەش و نمـای تیـۆری (نوێنەرایـەتی گشـتی ئیمـامی مەهـدی) لـە لایەنێکـەوە ئەویش لایەنی دەسەڵاتە، نەك لایـەنی ئوممـەت، بـەم گەشەسـەندنە وای لێهات شەرعناس هەمان دەسەڵاتەکانی ئیمامی پـارێزراو و پێغەمبـەری مـەزنی (ﷺ) پێدرا، تەنانەت وای لێهات شەرعناس بە نوێنەری (ئیمـامی مەهـدی) دادەنـرا و لەلایـەن ئـەوەوە دیـاری دەکـرا وەك چـۆن (ئیمـامی پـارێزراو) لەلایـەن خـوداوە دیاری دەکرا، دواتر پلەو پێگەیەکی پیرۆز بـە شـەرعناس درا کـە ئوممـەت مـاف ئـەوەی نییـە ڕووبـەڕووی ببێتـەوەو ڕەخنـەی لـێ بگرێـت یـان سەرپێچـی فەرمانـەکانی بکـات یـاخود گوێڕایـەڵی نـەکات یـان فـەرمان و حوکمەکـەی هەڵبوەشێنێتەوە.

ئـا لێـرەوە فـەتوا و بۆچـوونە کۆششـکاریی (ئیجتهادی)یـە گومانـدارەکانی زانایان شێوەیەکی ئایینی پرۆزیان وەرگرت، بەمەش بەسەر خەڵکی تـردا جگـە لـە کۆششـکاراندا سـەپێنرا کـە (لاسـایی: تەقلیـد)ی شەرعناسـان بکـەن و گوێڕایەڵیان بن چ لە یاسادانان یان جێبەجێ کـردن یـاخود دادوەری، بەهـەموو

شێوە سەرپێچی کردنیان قەدەغەکرا.

جا لەبەر ئەوەی (ئیمامە پارێزراوەکان) _ بەپێی تیۆری ئیمامەتی خوایی _ لەلایەن خوداوە دیاریکراون، ئەوا ئوممەت هیچ ڕۆڵێکی نییە لە دیاریکردنیان لە ڕێگەی شوراوە، تەنانەت مافی ئەوەشی نییە تاوتوێ یان ڕووبەڕووی بڕیارەکانیان ببنەوە، بەڵکو تاکە ڕۆڵی ئوممەت کە وێنەکراوە بریتییە لە گوێڕایەڵی و ملکەچ بوون، جا شوێنکەوتووانی قوتابخانەی (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) بۆچوونیان وابوو کە شەرعناس نوێنەری (ئیمامی مەهدییە) و لەلایەن ئەویشەوە دیاری کراوە بۆیە پێویستە لەسەر ئوممەت گوێڕایەڵی بێت و ملکەچی بنوێنێت، لە دوای ئەمە هیچ مافێکیان بە شیاوی ئوممەت نەبینی لە پیادەکردنی شورا یان ڕەخنەگرتن یاخود ڕووبەڕوو بوونەوە یان توانای لەسەر کار لادانی شەرعناس یاخود دیاری کردنی دەسەڵاتەکانی و ماوەی سەرۆکایەتییەکەی.

ئیمامی خومەینی لە پەیامە ناودارەکەی بۆ سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران سەید عەلی خامنەئی لە ساڵی (١٤٠٨ك/١٩٨٨ز) ئاماژەی بەوەداوە کە شەرعناس توانای هەیە یەکلایەنە ڕێکەوتنامەکانی نێوان حکومەت و ئوممەت هەڵبوەشێنێتەوە، ئەگەر وا بۆی دەرکەوت ڕێکەوتنامەکە دژی بەرژەوەندی ئیسلام یان وڵاتە، دەسەڵاتی بە حوکمڕان دا بەرژەوەندی گشتی دیاری بکات نەك ئوممەت.

ئەو گەشەسەندنە درێژە پلەبەندە کە زیاتر لە هەزار ساڵی خایاند کاریگەری خۆی هەبوو لە سەر سروشتی تیۆری (دەسەڵاتی شەرعناس: ویلایەت فەقیە) لە ڕووی کامڵ نەبوون و گشتگیر نەبوون لە توێژینەوەدا، کورت هەڵهاتنی تیۆرەکە لە بواری سیاسیدا و فەرامۆش کردنی ڕۆڵی سیاسی

ئوممەت.

لــە ڕاســتیدا... بنــەڕەتی کێشــەی ئــەم بابەتــە گرنگــە دەگەڕێتــەوە بــۆ ئاوێتەکردنی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) کە هـەڵهێنجراوە لـە هەنـدێك بەڵگـە و گێڕانەوەی لاواز لەگەڵ تیـۆری (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایـەت فەقیـە) کـە پشـت دەبەسـتێت بـە عـەقڵ و پێویسـتی پێکهێنـانی حکومـەت لـە (سـەردەمی پــەنهان بــوون)دا دوور لــە بــە مەرجــدانانی پــارێزراوی و دەقــی خــوایی و ڕەچــەڵەکی عەلــەوی حوســەینی، جــا تێکــەڵ کردنــی ئــەم دوو تیــۆرە یــان پەرەپێدانی تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی) بۆ ئاستی دامەزراندنی دەوڵەت سەری کێشـا بـۆ ئـەوەی پلـەو پێگـەی شـەرعناس وەك هـی ئیمـامی پـارێزراو یـان پێغەمبـەری مـەزنی لێبێـت و دەسـەڵاتی ڕەهـای پێبـدرێت، هـیچ جیاوازییـەك نەمێنێت لە نێوان پارێزراو و نا پارێزراو، سەرباری ئەوەی کەسی نـا پـارێزراو دەکرێت دووچاری نـەزانی و هەڵـە و لادان ببێتـەوە، تەنانـەت ئەمـە تـەواو دژە لەگەڵ بنەڕەتی فەلسەفەی کۆنی ئیمامییەکان کە پارێزراوی بە مـەرج دادەنـێن لە ئیمامدا.

## شورا... خۆڕێبەری ئوممەت

بـەبێ لـە بەرچـاوگرتنی تـاوتوێ کردنـی تێروتەسـەلی لایەنـەکانی تیـۆری (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایـەت فەقیـە)، ئـەوا تیـۆری نـاوبراو شۆڕشـێکی ڕیشەییە بەسـەر تیـۆری ئیمامەتـدا، ئەمـەش لـە بـەر ئـەوەی پـارێزراوی و دەق ڕەچـەڵەکی عەلـەوی حوسـەینی بـە مـەرج دانانێـت لـە ئیمامـدا، بـەڵکو تـەنها شەرعناسـی و دادگـەری بـە مـەرج دادەنێـت، تیـۆری (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایەت فەقیە) ئەگەرچی بانگەشەی نوێنەرایەتی گشتی مەهدی دەکات ئـەوا هـەر شۆڕشێکیشـە بەسـەر تیـۆری (چـاوەڕوانی مەهـدی)، ئەمـەش وایکـرد

شـیعەکان هەسـتنەوە سـەرپێ لـە سـەردەمی هاوچـەرخدا، دەسـت بکـەن بـە دامەزراندنی (کۆماری ئیسلامی) لە ئێران.

جا ئەگەر بـیری ئیمامی کۆن شورای ڕەتکردبێتـەوە، ئـەوا بەپێچەوانەوە بـیری سیاسـی هاوچـەرخی شـیعە لەسـەر شـورا وەسـتاوە، تەنانـەت سیسـتەمی دیموکراسی هاوچەرخیش پەسەند دەکات. ئەمـە واتـای گۆڕانـە ڕیشەییەکەیە، کە بەکردار تیۆری (ئیمامەتی خوایی) پشتگوێ خستووە کە بریتییـە لـە گرێـی ڕاجیایی نێوان شیعەکان و موسڵمانان.

ئەگەر بیری سیاسی ئیمامی پێشتر تیـۆری (شـورای) پەسـەند بکردبـا یـان بـاوەڕی بـە تیـۆری (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایـەت فەقیـە) هـەبووبا، ئـەوا پێویستی بەوە نەدەبوو گریمانەی ئەوە بکات کە (ئیمامی عەسکەری) منداڵێکی هەیـە، سـەرباری نـەبوونی بەڵگـەی زانسـتی بـۆ چەسـپاندنی ئـەم بانگەشـەیە. تەنانـەت پێویسـتی بـەوەش نـەدەبوو پـەنا بباتـە بـەر داننـان بـە تیـۆری (چاوەڕوانی) دواتر گریمانـە کردنـی (نوێنەرایـەتی واقیعـی) یـان (نوێنەرایـەتی گشـتی) بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی قەدەغـەکردنی دامەزرانـدنی دەوڵـەت لـە (سەردەمی پـەنهان بـوون)دا. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـیری سیاسـی هاوچـەرخی شیعە بـاوەڕی بـە تیـۆری (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایـەت فەقیـە) هێنـا بۆیـە لەسەریشی پێویستە لەسـەر شـوراو مـافی خـۆ ڕێبـەری ئوممـەت دایبمـەزرێنێت، نـەك لەسـەر گریمانـەی کـە دەڵێـت (شەرعناسـان بـریتین لـە نوێنـەری گشـتی ئیمامی مەهدی). بەڵکو ئەمڕۆ لەسـەر ئـەو بـیری سیاسـیی شـیعە پێویسـتە کـە چاو بخشێنێتەوە بە تیۆری بوونی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسـکەری کـە لقێکە لە تیۆری (ئیمامەتی خوایی) و پێویستی هەربوونی (ئیمامی پـارێزراو و دیـاریکراو لەلایـەن خـوداوە). ئەگـەر بڵـێین دەکرێـت دەوڵـەتێکی ئیسـلامی

دابمەزرێت لەژێر سەرکرایەتی شەرعناسی دادگەر یان باوەڕداری دادگەر، ئەو کاتە پێویست بەوە ناکات گریمانە بوونی (ئیمامی پارێزراو) بکرێت کە لەگەڵ ئوممەت کارلێك ناکات.

ئەگەر دانیش نەنێین بە گریمانەی بوونی ئیمامی پەنهان، ئەوا پێویستیمان بەوەش نابێت گریمانەی (نوێنەرایەتی تایبەتی یان گشتی بکەین)... دواتر زیاتر لە ڕۆڵە شوراکارییە سروشتییەکەی شەرعناس دەسەڵاتی زیاتری پێنادەین، لە فەتواو بڕیارو حوکمدان ئەوەندە پیرۆزی ناکەین بیبەینە ئاستی کەسایەتی پێغەمبەری مەزن موحەممەد (ﷺ) یان ئاستی (ئیمامە پارێزراوەکان).

ئەگەر ڕزگامان بوو لە تیۆری (نوێنەرایەتی گشتی)، دوای دەرکەوتنی لاوازی و نا دروستییەکەی بەهۆی نەبوونی (ئەو کەسەی جێگەی دەگیرێ و نوێنەرایەتی دەکرێ: ئیمامی مەهدی) و نە چەسپانی لە دایکبوونی ناوبراو، ئەوا دەتوانین دەوڵەت لەسەر بنەڕەت و بنچینەی (شورا) و خۆ ڕێبەری ئوممەت دابمەزرێنین، بەو واتایەی ئیمام لەلایەن ئوممەتەوە هەڵبـژێردرێت و لە کانگای ویستی ئەوەوە سەرچاوە بگرێت، نوێنەری ئەو بێت، هەروەها پابەند بێت بەو سنوور و دەسەڵاتانەی ئومەت پێی دەدات و بۆی دیاری دەکات. لەبەر ئەوەی بەڵگە عەقڵییەکان مافی هەڵبژاردنی حوکمڕان دەدەن بە ئوممەت تا بە نوێنەرایەتی ئەو حوکم بکات، هەروەك مافی ئەوەش بە ئوممەت دەدات کە دەسەڵاتی بەسەر ئیمامدا هەبێت و چاودێری و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات و ئەو دەسەڵاتانەی پێبدات بەو ئەندازە و چۆنیەتیەی کە خۆی دەیەوێت، لەبەر ئەوەی کانیاو و سەرچاوەی دەسەڵات لە کاتی نەبوونی دەقی شەرعی و ئەو ئیمامەی لەلایەن خوداوە دیاریکراوە ئوممەتی ئیسلامە. لەبەر ئەوەی بەڵگە

عەقڵییەکان دەسەڵاتی ڕەها ناداتە حوکمڕانی ئاسایی (نا پارێزراو) کە دەکرێت هەڵە بکات و ڕاستیش بکات و لابدات و ڕاستیش بڕوات، وەك ئەو دەسەڵاتەی دەداتە پێغەمبەر کە پەیوەستە بەخواوە لە ڕێی سروشەوە یان هەرگیز حوکمڕانی ئاسایی یەکسان ناکات بە (ئیمامی پارێزراو).

بۆیە باوەڕمان وایە، لەو قۆناغە گەشە بیرییە سیاسییەی شیعەدا، هەروەها لە پێناو دووبارە ڕاستکردنەوەی بیری سیاسیی شیعە و دامەزراندنی پەیوەندی زیاتر دیموکراسی لە نێوان ئوممەت و ئیمام، ئەوا زۆر پێویستە توێژینەوە بکرێت لەسەر بابەتی هەبوون و لە دایکبوونی ئیمامی دوازدەم موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری و دووبارە چاوخشاندنەوە بە بەڵگە فەلسەفی و نەقلی و مێژووییەکان کە لەبارەی ناوبراوەوە دەدوێن... هەروەها دووبارە چاو بخشێنرێتەوە بە تیۆری ئیمامەتی خوایی کە بنیاتنراوە لەسەر پارێزراوی و دەق و کورت هەڵهێنانی مافی حوکمڕانی لە ڕەچەڵەکی عەلەوی حوسەینی.

بەتایبەت ئەگەر زانیمان تیۆری ئیمامەت تیۆری سیاسی ئالوبەیت نەبووە، بەڵکو دەستکردی ئەو زانا کەلامییانە بووە کە هاتوونەتە ناو ڕیزەکانی شیعە لە سەدەی دووەمی کۆچی، ئەو زانا کەلامییانە دەترسان ئەم تیۆرە بە ئاشکرا بدەنە پاڵ ئیمامەکان لە ترسی ئەوەی ڕەتی بکەنەوە، بۆیە ئەم بیرۆکە و تیۆرەیان بە بانگەشەی خۆپارێزی دەشاردەوە، جا تیۆری سیاسی ئالوبەیت لەسەر شوراو مافی ئوممەت لە هەڵبژاردنی ئیمامدا وەستاوە، هەرگیز کەسێکیشیان نەناسیوە بەناوی ئیمام مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری چونکە هەر بە سادەیی کەسایەتییەکی گریمانەکراوی خەیاڵی بوو کە هیچ ڕاستییەکی بۆ نییە. لە دوای کۆچی دوایی ئیمام حەسەنی

عەسکەری هەڵبەستراوە.

ئەگەر شیعە بە کردار خۆیان ڕزگار کردبێت لە تیۆری ئیمامەت و گریمانەی بوونی ئیمامی دوازدەم، ئەمەش دوای قۆناغێکی درێژ لە سەرگەردانی و ئێش و ئازارو مەینەتی کە هەزار ساڵ بەردەوام بوو، گەڕانەوە بۆ تیۆری ڕەسەنی ئالوبەیت: کە شوراە، پێویستە بەیەکجاری خۆیان ڕزگار بکەن لە هەموو پاشماوەو پاشکۆکانی تیۆری (ئیمامەت)ی نمونەیی خەیاڵی. یەکێك لە گرنگترین ئەم پاشماوانە: ئەو هەڵوێستە نەرێنیەیە کە هەیانە لە بەرامبەر هەر دوو شێخە ڕێزدارو خەلیفە ڕێڕۆشنکەرەوەکان ئەبوبەکرو عومەر (ڕەزای خوایان لێبێت). ئەو هەڵوێستە کە بنیاتنراوە لەسەر ئەوەی گوایە هەروو خەلیفەکە خەلافەتیان لە ئیمامی عەلی (سڵاوی خوای لێبێت) داگیر کردووە، بەپێی تیۆری (دەقی خوایی) و دیاریکرانی عەلی لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ)وەك خەلیفە و جێنشین لە دوای خۆی، چونکە ئەم هەڵوێستە بووەتە هۆی دروست بوونی شڵەژان و چاندنی تۆی دوژمناکاری لە نێوان ئیمامییەکان و سەرجەم موسڵمانان.

ئەمەی کە دەخرێتەڕوو خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ دروست بوونی تیۆری ئیمامەت و بابەتە هاوپێچەکەی: کە گریمانەیە کە دەڵێت: ئیمامی عەسکەری منداڵێکی هەیە، خوێندنەوەیەکە سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان بیرو گوفتارو ڕەفتاری ئالوبەیت لەگەڵ تیۆری زانا کەلامییە ئیمامییەکان و ئەو گریمانانەیان کە دژو پێچەوانەی عەقڵ و قورئانی پیرۆزن.

# کۆتایی

لــەوەی پێشــتر خســتمانەڕوو بــە پــوختی و بــە کــورتی ئــەوەمان دەستدەکەوێت: شیعەکانی حیزبی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبیان (سڵاوی خـوای لێبێـت) پێکـدەهێنا لـە بەرامبـەر حیزبـی معاوییـە و ئەمەوییـەکان، شیعەکان لە سەدەی یەکەمی کۆچی تیۆری ئیمامەتی خواییان نەدەناسی کە لەسەر پارێزراوی (العصمة) دەق (النص) دامەزرابوو، تەنها باوەڕیان وابوو کە ئالوبەیت لە پێشترو شیاوترن لە ئەمەوییەکان کە جڵەوی حوکمڕانی بگرنە دەست. کاتێك لە سەدەی دووەمی کۆچی ڕاجیایی کەوتە ناو ئالوبەیت لە نێـــوان: (عەبباســـیەکان، تاڵیبییـــەکان، کیســـانیەکان، حەســـەنییەکان، حوسەینییەکان، ئیسماعیلییەکان و موسەوییەکان)، لەم نێوانەدا تاقمێك لە شیعە دروست بوو کە لە ئیمامەتدا باوەڕی بە هێڵێکی تایبەت هەبوو: کە بریتی بوو لە: هێڵی عەلەوی و حوسەینی موسەوی، پێی وابوو ئیمامەت لەم هێڵەدا تا ڕۆژی دوایی بەردەوام دەبێت. بەڵام ئەم تیۆرە بە ڕێگایەکی داخراو گەیشت، لەگەڵ ماڵئاوایی کردنی ئیمام حەسەنی عەسکەری لە ساڵی ٢٦٠ك، بێ ئەوەی هیچ منداڵێکی لە پاش بەجێ بمێنێت، ئەمەش ڕێگەی خۆش کرد لـە بـەردەم تاقمـەکانی تـری شـیعە وەك: زەیدییـەکان و شـیعەکان، کـە لـە جەنگەکانیان بەردەوام بـن دژی خەلیفـەکانی عەبباسـی، لـە کۆتاییشـدا دوو تاقمی ناوبراو سەرکەوتوو بوون لە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان لە: (وڵاتی یەمەن، تەبرستان، ئەفریقیا و حیجاز)، تەنانەت زۆری نەمابوو لە ناوەڕاستی

سەدەی پێنجەمی کۆچی زاڵ بێت بەسەر دەوڵەتی عەبباسیدا لە شاری بەغداد.

زۆری نـــەمابوو مێـــژوو باســـی تـــاقمی موســـەوی بپێچـــێتەوە، ئەگـــەر دەسپێشخەرییەکەی هەنـدێك لـە کەڵە پیـاوە ڕاگرەکـانی نـەبووبا، کـە پـەنایان بـردە بـەر داهێنـان و هەڵبەسـتنی چیرۆکی ئـەوەی گوایـە ئیمـام (حەسـەنی عەسکەری) مندالێکی پەنهان و شاراوەی هەیـە، هـەروەها لـە سـەدەی چـوارەمی کۆچی کاریان کرد لەسەر پێکهێنان و دارشتنی تیـۆری دوازدە ئیمامی، ئەمـەش بوە هۆی مانەوەی ئەم تیۆرە لە گوێچکەکانی هەنـدێك لـە شـیعەکان، زیـاتر لـە هەزارساڵ تـاقمی ئیمـامی چاوەڕوانی دەرکـەوتنی ئـەو ئیمامـەیان کـرد، تـاقمی نـــاوبراو لـــە دەرەنجـامی چـاوەڕوان کردنـــی ئـــەو ئیمامـــە هـــیچ بەرهـــەمێکی نەدوریەوە تەنها دوورکەوتنەوەو کەنارگرتن و پەڕاوێز بـوون و ونبـون نـەبێت لە شانۆی ژیاندا.

هـەمان ئـەم شـیعە دوازدە ئیماميیانـە لـە کۆتاییـدا ناچـاربوون شۆڕشـێك بەرپا بکەن دژ بە تیۆری چاوەڕێ کردنی ئیمام، کە دەست و پێـی ئـەوانی کـۆت و بەند کرد بوو لە ئاست چالاکی سیاسی دا، بۆیە هەڵسان بە دارشتنی تیۆرێکی نـوێ کـە بـریتی بـوو لـە: (گریمانـەی ئـەوەی شەرعناسـان نوێنەرایـەتی گشـتی ئیمامی مەهدی پەنهان پێکدێنن)، دواتر ئـەم تیۆرەیـان گەشـەپێدا بـۆ (تیـۆری ویلایەت فەقیە). لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە بە تەواوی شیعەی دوازدە ئیمـامی ڕزگار کرد لە دەست تیـۆری ئیمامـەتی نمونـەیی خـوایی کـە پێـی وایـە دەبێت ئیمـــام پـــارێزراو بێـــت و دەقـــی لەســـەر هاتبێـــت، ســـەرباری ئەمـــەش تیـــۆری (دەسـەڵاتی شـەرعناس: ویلایـەت فەقیـە) لـە گوێچـکەکانی شیعەکاندا هـەر وا مایـــەوە کـــە درێـــژکراوەی تیـــۆری ئیمامـــەتی خواییـــە، هەنـــدێك هێڵـــی ناســـك بەیەکـەوە دەیـان بەسـتێتەوە، وەك: بـاوەڕ بـوون بـەوەی شەڕعناسـان لەلایـەن

ئیمامەوە دەستنیشان و دیاریکراون، شەرعناسان بریتین لە نوێنەرایەتی گشتی ئیمام. ئەمەش وای کرد کە جۆرێك لە پیرۆزی و بەرزی بدرێتە گەورە شەرعناسەکان کە لە سەرووی ئاستی گەلەوە بێت، ئەم پیرۆزیی پێدانەش بووە هۆی ئەوە کە چاودێری و پێداچوونەوەو ڕەخنە بەهیچ شێوەیەك نەیانگرێتەوە. ئەمەش هەندێك کات سەری کێشا بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆریەت لێرەو لەوێ بەناوی ئایین.

بەڵام کاروانی بیری سیاسیی شیعە لەم خاڵەدا نەوەستاو چەق بەستوو نەبوو، بەڵکو شەرعناسان لە هەوڵ و تەقەلاکانیاندا بەردەوام بوون لە پێناو پێشکەش کردنی بیرێکی سیاسی باشتر و دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی ئازادو دادگەرتر، بەم پێیە زۆرێك لە شەڕعناسان (گریمانەی نوێنەرایەتی گشتیان) ڕەت کردەوە، هەروەها تیۆری (ویلایەتی گشتی و ڕەهای شەڕعناسانیان) ڕەتکردەوە، دانیان نا بە بنەمای شورا و خودڕێبەری ئوممەت، تەنانەت شەرعناسان دوو دڵ نەبوون لە ڕاگەیانی پشتیگری بۆ سیستەمی دیموکراسی لەسەر بنچینەی ئیسلامی. (هەروەك ئەمڕۆ ئەمە لە عێڕاقدا بەدی دەکرێت).

سەرجەم ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییانە لە بیری سیاسی شیعەدا، وامان لێدەکات چاو بخشێنینەوە بەو ناونانەی کە ماوەتەوەو بڵاوە: (ئیمامییەکان) و بەراورد کردنی ئەوەی کە تا چەند ئەم ناوە لەگەڵ واقیعی شیعەدا دەگونجێت، بەڵکو دەکرێت بڵێین شیعە ئیمامییەکان بریتین لە (جەعفەرییەکان) بەو پێیەی شوێن فیقهی ئیمام (جەعفەری صادق "سڵاوی خوای لێبێت") کەوتوون، بەڵام ناشکرێت وەسفیان بکەین بە (ئیمامییەکان) یان (دوازدە ئیمامییەکان). چونکە هەروەك کەمێك پێش ئێستا وتمان ئەمە ناوێکە

بەکارهاتووە بۆ کۆمەڵێکی بچوکی شیعەکان لە سەدەی یەکەم، لە کاتێکدا هیچ یەکێك لە شیعەکانی سەدەی یەکەم ئەم ناوەی نەدەناسی. لە واقیعشیدا زۆربەی شیعە هاوچەرخەکان هیچ زانیارییەکیان نییە لەبارەی تیۆری ئیمامەت، تەنها خۆشویستنی ئالوبەیت (سڵاوی خوایان لێبێت) نەبێت، خۆشویستنی ناوبراوان خاڵی هاوبەشی سەرجەم موسڵمانانە، هەروەك دروستیش نییە بە (ڕەتکەرەوەکان: ڕافیزەکان) ناویان بنێین، هەروەك هەندێك لە سەلەفییەکان ئەم ناوەیان لێ دەنێن.

دروست نییە شیعەکان تۆمەتبار یان سزا بدەین لەسەر ئەو وتانەی کە زیادەڕۆچووەکان کردوویانە و دەشیکەن، هەروەك چۆن دروست نییە نەتەوەو کۆمەڵ و گەلان داداگایی بکرێن لەسەر وتەی هەندێك لە زیادەڕۆچووەکانیان.

هەڵەیەکی گەلەك مەزنە ئەگەر وا وێنا بکرێت کە ڕاجیایی نێوان شیعە و سوننە ڕاجیاییەکی بیروباوەڕییە و تا ڕۆژی دوایی کۆتایی نایەت، بەم پاساوەش دەست بگیرێت بە چەند بۆچوونێکی ڕیزپەرو دەگمەن کە هەندێك لە زیاد ڕۆچووان دەری دەبڕن بەپێی تێپەڕبوونی کاروانی مێژوو، جا ئەمڕۆ ڕاجیاییەکە لە چوارچێوەو بازنەیەکی سیاسیی دا دەخولێتەوە، کەواتە بابەتێکی لاوەکی کۆششکاریی (ئیجتهادییە)، ئەم ڕاجیاییە ئەمڕۆ کۆتایی هاتووە، تەنها چەند پاشماوەو خەیاڵ و خاشاکێکی ڕووکاری ماوە.

ئەگەر لێرەدا گرێ و گۆڵێك هەبێت کە ڕوونی و تۆکمەیی پەیوەندی شیعە و ئەوانی تر لێڵ و نا ڕۆشن بکات، ئەوا خۆی دەبینێتەوە لە هەڵوێستی نەرێنی شیعە لە بەرامبەر هەر دوو شێخ: ئەبو بەکرو عومەرو سەرجەم هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت)، کە ئیمامییەکان پێیان وایە هەر دوو شێخەکە (ئەبو بەکر و عومەر) خەلافەتیان لە ئیمامی عەلی سەندووەو دەستیان

بەسەردا گرتووە، کەچی پێغەمبەر بە دەق ئیمامی عەلی وەك خەلیفە لە دوای خۆی دەستنیشان کرد.

دوای ڕوون بوونەوەی بیرەی ئالوبەیت کە لەسەر شوراەوە بنیاتنرابوو، هەروەها دەستبەردار بوونی شیعە لە بیرەی ئیمامییەت دوای گەیشتنی بە ڕێگەیەکی داخراو لە سەدەی سێیەمی کۆچی، بەمەش پوکایەوە، دواتر دەستبەردار بوونیان لە تیۆری چاوەڕوان کردنی ئیمامی پەنهان موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری کە چەسپا بوونی ناوبراو تەنها گریمانەیەکی خەیاڵییە و هیچ پەیوەندییەکی نییە بە ئالوبەیتەوە، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە پاشماوە مێژووییەکان فڕێبدەین، هەڵوێست ڕاست بکەینەوەو بە چاوی ئەرێنی سەیری هەر دوو شێخی بەڕێز (ئەبو بەکر و عومەر) و سەرجەم هاوەڵە ڕێزدارەکان بکەین، کە پەیوەندییەکی باش و سۆزداریان هەبوو لەگەڵ ئالوبەیتدا.

ئەمە دەستەبەرکەری بەهێز بوونی پەیوەندی شیعەیە لەگەڵ موسڵمانان، هۆکاری نەهێشتنی ڕق و کینەیە دژ بەیەکتری.

خۆم بە ناچار دەبینم کە ئەمە دووبارە بکەمەوە: سەرجەم شیعەکان لە کۆن و نوێدا باوەڕیان بە تیۆری ئیمامەت نەبووەو پابەند نەبوونە بە سەرتاپای تیۆرەکە، دواتر سەرجەم شیعەکان بەوێنەکی بڕاوەو بەردەوام هەڵوێستی نەرێنیان نەبووەو ناشیان بێت لە دژی هەر دوو شێخەکە (ئەبو بەکر و عومەر[١]). هەر بۆیەش دەبێت تێڕوانینی ئەوانی تر بۆ شیعەکان واقیعی و ورد بێت و جیاوازی بکرێت لە نێوان تاقمە جیا جیاکانیان. پێویستە

---

١) وەرگێڕ.

موسڵمانان تێبینی ئەو گەشەسەندنە ڕیشەییە مەزنانە بکەن کە لە ناو ڕیزەکانی شیعەدا بەشێوەیەگی گشتی ڕوویداوە.

لەوانەیە گرنگترین وانە کە موسڵمانان لە گەشەسەندنی دیموکراسی لەلایەن شیعە وەری بگرن بریتی بێت لە پێویست بوونی خۆ ڕزگار کردن لە بیری تاکڕەوی و دیکتاتۆری، کە شەرعناسە دەست و پێوەندەکانی حوکمڕانان لە ژێر چەترو سێبەری دەوڵەتی عەبباسی برەویان پێدەدا، تەنانەت ئەمڕۆش وەك كۆسپ و لەمپەرێکی گەورەیە لە بەردەم بەرەو پێشچوونی کاروانی ئوممەتی ئیسلامی لە پێناو دامەزراندنی سسیستەمێکی سیاسی یەکگرتوو و ئازاد و دادگەر.

ئەگەر تێکڕای موسڵمانان گەیشتنە بیرەی شوراو ئازادی و دادگەری، دەست گرتن بەسەر دەسەڵات بە زەبری هێزیان ڕەت کردەوە، ئا لەو کاتەدا دەتوانن لەسەر ڕێگەی هەڵسانەوە هەنگاو بنێن، سەر لە نوێ ژیارو شارستانیەتی خۆیان دابڕێژنەوەو لاپەڕەی ململانێ لەسەر دەسەڵات هەڵبدەنەوەو ئوممەتە پارچە بووەکەیان یەك بخەنەوە.

# سەرچاوەکان


- القرآن الكريم

_ الإمام علي: نهج البلاغة.

_ إبن أبي الحديد: شرح نهج البلاغة.

_ النوبختي: فرق الشيعة.

_ الأشعري القمي، سعد بن عبدالله: المقالات والفرق.

_ الحميري: قرب الإسناد.

_ الخصيبي: الهداية الكبرى.

_ الصدوق، علي بن بابويه: الإمامة والتبصرة من الحيرة.

_ الصفار القمي، أبو جعفر محمد بن الحسن بن فروخ (٢٩٠ك ماڵئاوایی کردووه): بصائر الدرجات. نشر مكتبة آية الله المرعشي النجفي، ساڵی ١٤٠٤هـ، قم، إيران.

_ البرقي: المحاسن.

_ العياشي: التفسير.

_ تفسير فرات بن إبراهيم الكوفي.

_ الكليني: الكافي، والروضة.

_ كتاب السليم بن قيس الهلالي.

_ النعماني، محمد بن أبي زينب: الغيبة.

_ الصدوق، محمد بن علي: إكمال الدين، والأمالي، وعيون أخبار الرضا، والهداية، وعلل الشرائع والخصال.

_ الخزاز: كفاية الأثر في النص على الأئمة الإثني عشر.

_ الطبري: دلائل الإمامة.

_ الطبري: تأريخ الرسل والملوك.
_ إبن قتيبة: الإمامة والسياسة.
_ المسعودي: مروج الذهب.
_ إبن الأثير: الكامل في التفسير.
_ إبن عساكر: التهذيب.
_ إبن كثير: البداية والنهاية.
_ تأريخ اليعقوبي.
_ الأصفهاني: مقاتل الطالبيين.
_ المسعودي التنبيه والإشراف.
_ البلاذري: أنساب الأشراف،
_ الحموي، ياقوت: معجم البلدان.
_ اللإسفراييني: الفرق بين الفرق.
_ الشهرستاني: الملل والنحل.
_ الحافظ بن أبي بكر بن أبي الدنيا: مقتل الإمام أمير المؤمنين، تحقيق مصطفى القزويني، مركز الدراسات والبحوث العلمية، بيروت.
_ الشيخ الأقدم إبن أبي الثلج البغدادي: تأريخ مواليد الأئمة و وفياتهم.
_ المفيد: المقتعة، والأمالي، أوائل المقالات والإختصاص، المسائل الجارودية، والإفصاح في إمامة علي بن أبي طالب، وشرح عقائد الصدوق، والنكت الإعتقادية، وعدة رسائل، والرسائل العشر، مختصر من الكلام على الزيدية، والفصول المختارة من العيون والمحاسن، والمسائل الجارودية في تعيين الخلافة والإمامة في ولد الحسين بن علي، والثقلان.
_ الشريف الرضى: خصائص الأئمة.
_ المرتضى: تثبيت دلائل النبوة، والشافي.

_ الطوسي: الغيبة، والنهاية، والمبسوط، الفهرست، ومسائل كلامية/ المسائل العشر، وتلخيص الشافي.

_ النجاشي: الرجال.

_ الكشي: معرفة الرجال.

_ الكراجكي: البرهان على صحة طول عمر صاحب الزمان، والإستنصار في النص على الأئمة الأطهار، المطبعة العلوية في نجف، ١٣٤٦ هـ، وكنز الفوائد.

_ الطبرسي: الإحتجاج.

_ القطب الراوندي: الخرايج والجرائح.

_ النيسابوري: روضة الواعظين.

_ الديلمي: أعلام الدين في صفات المؤمنين.

_ إبن إدريس الحلي: المختصر النافع.

_ إبراهيم القطيفي: السراج الوهاج لدفع عجاج قاطعة اللجاج.

_ المقدس الأردبيلي: تعليقات على خراجية المحقق الثاني.

_ المجلسي: بحار الأنوار.

_ النجفي: محمد حسن: جواهر الكلام.

_ نعمة الله الجزائري: شرح غوالي اللآلي.

_ إبن بطريق الحلي: رسالة نهج العلوم.

_ الأردبيلي الحائري، محمد بن علي: جامع الرواة.

_ العلامة الحلي، الحسن بن المطهر: الباب الحادي عشر، والخلاصة، ونهج الحق و كشف الصدق، ومناهج الكرامة في إثبات الإمامة، وكشف المراد.

_ الحر العاملي: إثبات الهداية.

_ النور الطبرسي: خاتمةت لمستدرك وسائل الشيعة.

_ النراقي، أحمد: عوائد الأيام.

_ الهمداني: مصباح الفقيه.

_ الأنصاري: المرتضى: المكاسب.

_ الخميني: كتاب البيع، والحكومة الإسلامية.

_ الفريد، حسن: رسالة في الخمس.

_ الخوئي: التنقيح في شرح عروة الوثقى/ كتاب الإجتهاد والتقليد، ومعجم الرجال.

_ العطاردي: مسند الرضا.

_ القرشي، باقر شريف: حياة الإمام موسى بن جعفر، وحياة الإمام الحسن العسكري.

_ الجزائري، نعمة الله: الأنوار النعمانية.

_ شبر: حق اليقين.

_ الأصفهاني، محمد تقي الموسوي: مكيال المكارم في فوائد الدعاء للقائم.

_ الكاشاني: الصحيفة المهدية.

_ الحسيني، هاشم معروف: بين التصوف والتشيع.

_ الزين، محمد حسن: الشيعة في التأريخ.

_ الأميني: الغدير.

_ الصدر، محمد صادق: الشيعة الإمامية.

_ الصدر، محمد: الغيبة الصغرى.

_ صحيفة كيهان، العدد رقم ١٣٢٢٣ المؤرخ ١٦ جمادى الأولى ١٤٠٨هـ.

_ طلاب مجذوب: إيران من الثورة الدستورية إلى الثورة الإسلامية.

_ تأريخ الشاه إسماعيل، طبع مركز تحقيقات فارس إيران و باكستان، إسلام آباد.

_ راجر سيوري: إيران في العصر الصفوي.

_ التنكابني: قصص العلماء.

_ حميد عنايت: تفكير نوين سياسي إسلام.

_ حسين عطوان: الشورى في العصر الأموي.

_ كاشف الغطا، محمد حسين: أصل الشيعة و أصولها.

# نـــاوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٧ | پێشەکی وەرگێڕ |
| ٩ | پێشەکی چاپی شەشەم |
| ١٥ | پێشەکی چاپی پێنجەم |
| ٢٢ | پوختەی بەشی یەکەم: تیۆری ئیمامەتی خوایی ئالوبەیت |
| ٢١ | شورا تیۆری سیاسیی ئالوبەیتە |
| ٣٠ | لە شوراوە بۆ... حوکمی و پشتاو پشت |
| ٣٣ | بەراییەکانی بیری ئیمامی |
| ٣٢ | فەلسەفەی پارێزراوی |
| ٣٥ | کورتهەڵهێنانی ئیمامەت لە ڕەچەڵەکی حوسەیندا |
| ٣٧ | جێگرتنەوە و پشتاوپشتی ستوونی |
| ٣٨ | بەردەوامبوونی ئیمامەت تا ڕۆژی دوایی |
| ٤٠ | نهێنی بوونی تیۆری ئیمامەت |
| ٤٤ | تیۆری ئیمامەت لە بەردەم ڕووبەڕوو بوونەوەدا |
| ٤٤ | ڕەخنە گرتن لە تیۆری پارێزراوی |
| ٤٨ | قەیرانی گۆڕانی ویستی خوا (البداء) |
| ٥١ | بەڵگەی غەیب زانین و دەرئاساکان |
| ٥٤ | قەیرانی منداڵێتی |
| ٥٨ | جارێکی تر... قەیرانی گۆڕانی ویستی خوا (البداء) |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٦٠ | گەشەسەندنی تیۆری دوازدە ئیمامی |
| ٦٠ | لەدایکبوونی تیۆری دوازدە ئیمامی |
| ٦٨ | بەشی دووەم: (ئیمام مەهدی موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) ڕاستییەکی مێژووییە؟... یاخود گریمانەیەکی فەلسەفییە؟ |
| ٦٨ | کۆچی دوایی کردنی ئیمامی عەسکەری |
| ٧٠ | جەعفەری کوڕی عەلی بانگەشەی ئیمامەتی کرد |
| ٧٣ | ئەوانەی پێیان وایە ئیمامەت پچڕاوە |
| ٧٣ | پاشگەزبوونەوە لە ئیمامەتی عەسکەری |
| ٧٥ | موحەممەدییەکان و نەفیسییەکان |
| ٧٦ | ئەوانەی پێیان وابوو حەسەنی عەسکەری مەهدییە |
| ٧٧ | سەرگەردان و وێڵبووەکان |
| ٧٩ | کۆرپەلەگەڕاکان |
| ٨٠ | ئەوانەی دەڵێن پێشتر منداڵێکی هەبووە |
| ٧٥ | سەردەمی سەرگەردانی و وێڵی |
| ٨٥ | بەندی یەکەم: بەڵگەکانی بوونی ئیمامی مەهدی (موحەمەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) |
| ٨٥ | دەروازەی یەکەم: بەڵگە هێنانەوەی فەلسەفی |
| ٨٥ | باسی یەکەم: سەرەتا عەقڵ... |
| ٩٣ | باسی دووەم: هەنگاوی نەقڵی بە ڕێگەی عەقڵدا |
| ١٠٤ | دەروازەی دووەم: بەڵگەی نەقڵی لەسەر ئەوەی عەسکەری کوڕێکی |


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | هەیە |
| ١٠٤ | کەرتی یەکەم: قورئانی پیرۆز |
| ١٠٩ | کەرتی دووەم: فەرموودەکان |
| ١١٩ | دەروازەی سێیەم: بەڵگەی مێژوویی لەسەر لە دایکبوونی (ئیمامی دوازدەم) |
| ١١٩ | باسی یەکەم: لەدایکبوونی کوڕی حەسەنی عەسکەری |
| ١١٩ | دایکی منداڵەکە |
| ١٢١ | مێژووی لەدایکبوونەکە |
| ١٢٢ | چۆنیەتی لەدایکبوونەکە |
| ١٢٧ | گێڕانەوەی (تووسی) سەبارەت بە لەدایکبوونەکە |
| ١٣١ | نهێنیبوونی لەدایکبوونەکە |
| ١٣٣ | بینرانی مەهدی لە ماوەی ژیانی باوکیدا |
| ١٣٧ | بینرانی مەهدی لە کاتی کۆچی دوایی باوکی |
| ١٤١ | هەوڵی دەستبەسەرکردنی مەهدی |
| ١٤٣ | باسی دووەم: شایەتی و گەواهی (چوار نوێنەرەکە) |
| ١٥٣ | باسی سێیەم: پەیامەکانی مەهدی |
| ١٥٦ | دەروازەی چوارەم: بەڵگەی دەرئاسا لەسەر بوونی (مەهدی) |
| ١٦١ | دەروازەی پێنجەم: بەڵگەی یەکدەنگی |
| ١٦٢ | دەروازەی شەشەم: |
| ١٦٢ | باسی یەکەم: پەنهان بوون بۆچی؟ |
| ١٧٠ | باسی دووەم: شوێنی پەنهان بوونەکە لە کوێیە؟ |
| ١٧١ | باسی سێیەم: ماوەی پەنهان بوونەکە چەندە؟ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| باسی چوارەم: چۆنیەتی دڵنیابوون لە شوناسی مەهدی | ١٧٢ |
| باسی پێنجەم: دیاردە و نیشانەکانی دەرکەوتن | ١٧٤ |
| بەندی دووەم: تاوتوێ کردنی تیۆرەکە (دوازدە ئیمامی) | ١٧٦ |
| دەروازەی یەکەم: | ١٧٦ |
| باسی یەکەم: ناڕۆشنی شوناسی مەهدی لەلایەن ئالوبەیت | ١٧٦ |
| باسی دووەم: دیاردەی مەهدیبوون لە مێژووی ئیسلامیدا | ١٨٨ |
| مەهدیبوونی (ئیمامی عەلی) | ١٨٩ |
| مەهدیبوونی (موحەممەدی کوڕی حەنەفیە) | ١٩١ |
| مەهدیبوونی (باوکی هاشم) | ١٩١ |
| مەهدیبوونی (تەییاڕ) | ١٩٢ |
| کورتهەڵهێنانی مەهدیبوون لە ماڵی (فاتیمە) دا | ١٩٢ |
| مەهدیبوونی (خاوەن دەروونی پاك) | ١٩٣ |
| مەهدیبوونی (باقر) | ١٩٥ |
| مەهدیبوونی (صادق) | ١٩٤ |
| مەهدیبوونی (ئیسماعیل) | ١٩٥ |
| مەهدیبوونی (دیباج) | ١٩٦ |
| مەهدیبوونی (موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای ئەفتەح) | ١٩٧ |
| مەهدیبوونی (کازم) | ١٩٨ |
| مەهدیبوونی (موحەممەدی کوڕی قاسم) | ١٩٩ |
| مەهدیبوونی (یەحیای کوڕی عومەر) | ٢٠٠ |
| مەهدیبوونی (موحەممەدی کوڕی عەلی هادی و عەسکەر) | ٢٠١ |
| مەهدیبوونی ئیمامی نەناسراو و نامۆ | ٢٠٣ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| دەروازەی دووەم: هۆكارە فەلسەفییەكانی دروست بوونی گریمانەی بوونی (ئیمامی دوازدەم) | ٢٠٦ |
| دەروازەی سێیەم: ڕەخنەگرتن لە بەڵگەی نەقڵی | ٢٢٠ |
| بەڵگەی (دوازدە ئیمامی) | ٢٢٦ |
| موفید كتێبەكەی (سەلیم) بە لاواز دادەنێت | ٢٣٤ |
| واتاكە لەكوێدایە؟ | ٢٣٧ |
| پێویستە ئیمامێكی زیندووی دیار هەبێت و بناسرێت! | ٢٣٨ |
| دەروازەی چوارەم: ڕەخنەگرتن لە بەڵگەی مێژوویی | ٢٤٠ |
| باسی یەكەم: تێكگیرانی گێڕانەوەكان | ٢٤٠ |
| گێڕانەوەكەی حەكیمە | ٢٤٨ |
| گێڕانەوەی باوكی ئەدیانی بەصرِی | ٢٥٢ |
| باسی دووەم: هەڵسەنگاندنی زنجیرە (سەنەد)ی گێڕانەوە مێژووییەكان | ٢٦٢ |
| گێڕانەوەی (حەكیمە) | ٢٦٦ |
| پیاوێك لە خەڵكی فارس | ٢٦٩ |
| یەعقوبی كوڕی مەنقوش | ٢٧١ |
| عوسمانی كوڕی سەعیدی عومری | ٢٧٢ |
| باوكی ئەدیانی بەصرِ | ٢٧٣ |
| سەعدی كوڕی عەبدوڵای قومی | ٢٧٤ |
| باسی سێیەم: پشكنین و لێكۆڵینەوە لە گەواهی و شایەتی (چوار نوێنەرەكە) | ٢٧٥ |
| باسی چوارەم: پشكنین و لێكۆڵینەوە لە پەیامەكانی (مەهدی) | ٢٩١ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| کێشەی ناسینی ڕێنووسەکە | ٢٩٥ |
| دەروازەی پێنجەم: ڕاستی چیرۆکی دەرئاساکان و غەیب زانینەکە چییە؟ | ٢٩٨ |
| دەروازەی شەشەم: پوچەڵی بانگەشی بوونی یەکدەنگی | ٣٠١ |
| بەندی سێیەم: گریمانەی مەهدیبوونی ئیمامی دوازدەم چۆن دروست بوو | ٣٠٦ |
| دەروازەی یەکەم: تێکگیرانی (پەنهان بوون) لەگەڵ فەلسەفەی ئیمامەت | ٣٠٦ |
| دەروازەی دووەم: بارودۆخی سیاسی لە ماوەی (پەنهان بوون) و دواتردا | ٣١٧ |
| کەرتی یەکەم: ڕژێمی عەبباسی | ٣١٧ |
| کەرتی دووەم: بارودۆخی ئۆپۆزسیۆن (بەرهەڵستکاران) | ٣٢٣ |
| شۆڕشەکانی عەلەوی لە دوای (پەنهان بوون)دا | ٣٢٤ |
| شۆڕشەکانی ئیسماعلییەکان لە وڵاتی یەمەن و باکوری کیشوەری ئەفریقیا | ٣٢٦ |
| سۆز و هەواداری خەلیفەکانی عەباسی بۆ عەلەوییەکان | ٣٢٨ |
| دەروازەی سێیەم: چی لە نیشانەکانی دەرکەوتندایە؟ | ٣٣١ |
| دەروازەی چوارەم: ڕۆڵی زیادەڕۆچووە باتینییەکان لە دروستکردنی گریمانەی (مەهدیبوون) | ٣٣٤ |
| پەیوەندی نێوان زیادەڕۆچوون و مەهدیبوون لە ئەزموونەکانی پێشوودا | ٣٣٥ |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣٣٥ | ڕاڤە و شرۆڤەی شاراوەگەرا (باتینی) |
| ٣٥٠ | دەروازەی پێنجەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دامەزراندن و برەوپێدانی گریمانەی مەهدیبوون |
| ٣٦٠ | پوختەی بەشی سێیەم: گەشەسەندنی بیری سیاسیی شیعە لە سەردەمی پەنهان بوونی ئیمام دا |
| ٣٦٠ | تیۆری خۆپارێزی (توقیە) و چاوەڕوانی |
| ٣٨٢ | گەشەسەندنی تیۆرە سیاسییەکانی شیعە لە سەردەمی پەنهان بووندا |
| ٢٨٣ | تیۆری نوێنەرایەتی حوکمڕانی |
| ٣٨٨ | کاردانەوەی ئیمامییەکان (خەبەرییەکان) |
| ٣٩٠ | تیۆری دەسەڵاتی شەرعناس (ویلایەت فەقیە) |
| ٣٩٤ | بزوتنەوەی دیموکراسی ئیسلامی |
| ٣٩٨ | خومەینی ڕەخنە لە تیۆری چاوەڕوانی دەگرێت |
| ٤٠٢ | دەسەڵات (ویلایەت)ی ڕەها |
| ٣٧٩ | ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی سیاسی ئوممەت |
| ٤١٣ | شورا... خۆڕێبەری ئوممەت |
| ٤١٨ | کۆتایی |
| ٤٢٤ | سەرچاوەکان |
| ٤٢٩ | ناوەڕۆک |



KARWAN
کاروان
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن